# کورد و کوردستان
# له رۆژگاری خیلافەی ئیسلامی

## (١٦_ ٦٥٦ك/٦٣٧_ ١٢٥٨ز)

# کـــورد و کـــوردســـتان
# لە رۆژگاری خیلافەی ئیســلامی

**(١٦_ ٦٥٦ك/٦٣٧_ ١٢٥٨ز)**

**د. زرار صدیق تۆفیق**

# خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- **کورد و کوردستان لە رۆژگاری خیلافەی ئیسلامی (١٦- ٦٥٦ك/٦٣٧- ١٢٥٨ز)**
- پ.د.زرار صدیق تۆفیق
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران رواندزی
- بەرگ: هۆگر سدیق
- نرخ: (٨٠٠٠) دینار
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: ماد (تاران)
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (D/٢٥٧٩/٢٠)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی پێدراوە

**زنجیرەی کتێب (١٠٥٢)**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com



**مافی چاپکردنەوەی بۆ نوسەر پارێزراوە**

هەرچی کاردانەوە و بزاڤ و شۆڕش و چالاکیی چەکداریی کورد هەیە، رەوا بـێت یان ناڕەوا
لە لایەن دەسەڵاتداران و دەستوپەیوەندیانەوە بە چەتەیی و رێگری و ئاژاوەگێڕی هەژمار کراوە، ئەم هەڵوێستەش لە سەرچاوە ئایینی و مێژوویی و ئەدەبـیەکان دا بە روونی رەنگی داوەتەوە...

ئەم کتێبە پێشکەشە بە گیانی پاکی سەرجەم ئەو چەتە و رێگر و ئاژاوەگێڕانەی کوردستان.

## پێشەکی:

ئەم کتێبە لە مێژووی سیاسیی کورد و کوردستان دەکۆڵێتەوە لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامی کە لە فەتحکردنی کوردستانەوە دەست پێدەکات و بە داگیرکردنی بەغدا و لەناوچوونی خیلافەی عەباسی کۆتاهی دێت(١٦-٦٥٦ک/٦٣٧-١٢٥٨ز).

ئەم ڕۆژگارە کە پتر لە شەش سەدە دەخاهێنێت، وەك سەردەمەکانی دیکەی مێژووی کورد، گرنگی و بایەخی خۆی هەیە و قۆناغێکی ئەو مێژووەیە و پڕە لە ڕووداو و گۆڕانکاریی هەمەلایانە، فەتحی ئیسلامی و بڵاوبوونەوەی ئیسلام و زمانی عەرەبی بە شار و دێهاتی کوردستان و بوونی بە پارچەیەك لە جیهانی بەرفراوانی ئیسلام، خۆی لەخۆیدا خاڵی وەرچەرخانی هەرەمەزنە لە مێژووی جڤاکی کوردەواری، دەرکەوتنی تورکە سەلجوقی و ئەتابەگەکان و لەناوبردنی میرنشینەکانی کوردستان لە سەدەکانی٥-٦ك/١١-١٢ز، کاریگەریی قووڵ و چارەنووسسازی لە مێژووی کورد دا بەجێ هێشت.

دەرکەوتنی ئەیوبییەکان و پایەداربوونیان بۆ ماوەی سەدەیەك، خاڵێکی پرشنگدار و پڕبایەخە لە مێژووی کوردی سەدەکانی ناڤین، شاڵاوەکانی مەغۆلیش، زیانی گیانی و ماڵیی زۆری لێکەوتەوە و بووە مایەی ئاوارەبوون و پەراگەندەبوونی دەیان خێڵ و ماڵباتی کورد و وێرانبوونی چەندین دێهات و بازێڕی کوردستان.

لەمێژەوە لەمەڕ دیرۆکی کوردستانی ڕۆژگاری خیلافە و سەدەکانی ناوەڕاست، دەیان کتێب و ڤەکۆڵین و گوتار لە لایەن خودی کورد و ڕۆژهەڵاتناسان و کەسانی دیەوە بڵاو کراونەتەوە، لە پاش ڕاپەڕینەوە گەلێك پویتە و بایەخ بە مێژووی ناوەڕاست و قۆناغەکانی دیکەی مێژووی کورد و کوردستان درا و لە زانکۆکانی هەرێم دەیان نامەی زانکۆیی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەربارەی میرنشینە کوردەکان و شار و هەرێمەکانی کوردستان و بابەتی دیی پەیوەندیدار بە مێژووی کوردەوە ئامادە کران، ئەم نامانە بە چاك و خراپیانەوە کەم یاخود زۆر ڕۆڵیان هەبووە لە ساخکردنەوەی مێژووی کورد، کەچی تا ئێستا- جگە لە خولاصەکەی محەمەد ئەمین زەکی ساڵی ١٩٣١- پوختەی ئەم مێژووە بە زمانی کوردی لە دووتۆی پەرتووکێکدا کۆ نەکراوەتەوە و لێی نەکۆڵراوەتەوە، خوێندکارانی بەشەکانی مێژوو و خوێنەران و مێژوودۆستانی کورد

حەقیانە گلەیی و گازندە بکەن لەوەی  کە سەرچاوەیەکی سەربەخۆ و تایبەت نیە بە زمانی کوردی پشتی پێ ببەستن  و کەڵکی لێوەرگرن، هەرچەند ئەم کارە بۆ رۆشنبیریی نەتەوەیی و کتێبخانەی کوردی گەلێك گرنگ و سوودبەخشە و پێویستی بە هەوڵ و ماندوبوونی هەموو ڤەکۆڵەران و مێژوونوسانە، بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە هەوڵێکی بەراییە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە و ئاواتەخوازین ئامانج و مەبەستی پێکابێت.

لێکۆڵینەوە لە مێژووی کوردی رۆژگاری خیلافەی ئیسلامی، کە سەرووی شەش سەدە دەگرێتەوە و گەلێك  رووداو و بەسەرهات و گۆڕانکاریی جۆراوجۆر دەگرێتە خۆی، وەك پەیدابوون و لەناوچوونی دەیان قەوارەی سیاسی و سەرهەڵدانی ژمارەیەك بزاڤ و رەوتی ئاینی- سیاسی و چەندین هێرش و لەشکرکێشیی هێزە بیانیەکان و کاریگەریی دەرئەنجامەکانی، کارێکی ئاسان نیە و ناکرێت لە خەوش و کەموکورتی بەدەر بێت، نەخاسمە ئەگەر کارێکی تاکەکەسی بێت و دانانی نزیکی ساڵ و نیوێکی(٢٨/٤/٢٠٠٩- ٦/١٠/٢٠١٠)خایاندبێت.

لە نوسینی ئەم کتێبەدا، وێڕای سەرچاوە بنەڕەتیە دێرینەکان، سوود لە بەرهەمی ڤەکۆڵەرانی هاوچەرخ وەرگیراوە و پشت بە دید و بۆچوونەکانیان بەستراوە، بە تایبەت سەرنج و لێکدانەوەکانی کوردناس ڤ. ڤ. مینۆرسکی(١٨٧٧- ١٩٦٦) لە کتێبی (تاریخ قفقاز-وەگێراوی فارسی) و ئەحمەدی کیسرەوی(١٨٩٠- ١٩٤٥) لە کتێبی (شهریاران گُمنام) سەبارەت بە سەربوردەی شەدادییەکان و رەوادییەکان، ئاماژەش بە بۆچوونی چەواشە و نادروستیان دراوە دەربارەی نەژادی رەوادییەکان، لە توێژەرانی خۆمانیش، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کەڵك لە ماستەرنامە و دکتۆرانامەکەی دکتۆر حوسامەدین نەقشبەندی (الکُرد في الدينور وشهرزور) و(آذربيجان في العصر السلجوقي) وەرگیراوە کە دەربارەی مێژووی سێ لە میرنشینەکانی کوردن و پشت بە لێکدانەوە و بۆچوونەکانی بەستراوە، ئەم دوو نامەیە لە نایابترین و زانستیترین ئەو کارانەن کە لە دیرۆکی ئیسلامیی کوردیان کۆڵیوەتەوە، کتێبە دوو بەرگیە ناوازەکەی سەیدا عبدالرقيب يوسف :(الدولة الدوستكية في كُردستان الوسطى) ژێدەری سەرەکیمان بوو بۆ ئاشنابوون بە دیرۆك و شارستانیەتی دەوڵەتی دۆستەکی- مەروانی و کتێبی(أربيل في العهد الأتابكي) یش کە لە بنەڕەتدا ماستەرنامەی دکتۆر موحسن محەمەد حوسێنە، رۆشنایی تەواوی

خستووەتە سەر هەولێری دەورانی ئەتابەگی و بۆ ئەو بابەتە سوودبەخش بوو، ئەوەش بلێین کە کەڵکم لە نوسینەکانی دیی خۆم وەرگرتووە و بەشی سێهەم وەرگێڕانێکی چڕ و پوختەکراوی ماستەرنامەکەمە.

لێرەدا پێویستە ئەوە روون بکرێتەوە کە راستەوخۆ چوومەتە ناو کرۆکی بابەتەکە و بە پێویست نەزانراوە دەربارەی کوردستانی سەردەمانی پێش ئیسلام بدوێم، لەبەر نەبوونی زانیاریی پێویست و چونکە چوارچێوەی ئیش وپسپۆڕییم رۆژگاری خیلافەی ئیسلامییە نەك سەردەمانی پێشتر. لە نوسینی ئەو ناوە عەرەبیە لێکدراوانەش کەوا ئەستەمە بە کوردیی دروست بنوسرێن، لە وێنەی (صلاح الدين، حسام الدولة، الملك العادل، أبو الهيجاء، ابن الأثير)، وەك خۆیان نوسراون.

لە کۆتاهیدا سوپاسی خوێندکارانی کۆلیجی ئادابی زانکۆی دهۆك: رێباز کەریم قادر، دیار لەتیف ئەرگوشی، شرام مەحمود هەورامی، هەژار خودادادا، کاروان عبد العزيز بێسفکی دەکەم  کە لە پاکنوسکردنی بڕگە بە بڕگەی کتێبەکە یارمەتیان دام، هەروەها سوپاسی هێژایان هیمداد ئەرگوشی و هێرش کەمال رێکانی دەکەم  کە لە دیزایینی ئەم چاپەی کتێبەکە هاریکارم بوون.

لەم چاپەدا، جارێکی دی بە سەرتاپێی کتێبەکەدا چوومەتەوە و هەڵەچنم  کردۆتەوە و لە شوێنی پێتڤی دا، پەیڤ و رستە و دێڕ و بڕگەکانم گۆڕیوە یان جێگۆڕکێم پێ کردوون و هیی زیادە و لاوەکیم لابردووە و گەلێك سەرچاوە و بڕگەی نوێم لێ زیاد کردووە و دەستکاریی بنەڕەتیی بەشی یەکەم و چەند بابەتێکی بەشەکانی دییم کردووە و بۆچوونم دەربارەی گابانی کورد(جابان الكُردي) و ناوی چەند میر و هۆزێکی کورد راست کردۆتەوە و بە گشتی بابەتەکانی دووتۆی کتێبەکەم دەوڵەمەندتر و پوختەتر کردووە.

دهۆك- کوردستان  ٢٠٢٠/٧/٢٨

# بەشی یەکەم

# کوردستان لە ڕۆژگاری فتوحاتی ئیسلامی و شوێنی لە سیستەمی کارگێڕیی خیلافەی ئیسلامی

## ١-١- کوردستان له بەردەم فتوحاتی ئیسلامی:

### أ- گەهیشتنی عەرەبە فاتحەکان بە کوردستان:

ئەو دەمەی ئیسلام دەرکەوت و پرۆسەی فەتحکردنی وڵاتان دەستی پێکرد، زۆربەی وڵاتی کورد- کوردستان پارچەیەك بوو لە دەوڵەتی ساسانی و ناوچە شاخەویەکانی ناوجەرگەی وڵاتیش بە دەست میرانی کوردەوە بوون و سەربەخۆ بەڕێوەیان دەبردن، لە فەتحکردنی شارەزور و قەڵاکانی هەکاری دا، تەنها باسی بەرگریی کورد و قەڵای و بارەگای کوردان کراوە و ئاماژە بە هەبوونی سوپای ساسانی و بیزەنتی نەدراوە.

هەواڵزان و مێژوونوسی بەبڕشت و پڕپەرهەم: مەدائینی(م:٢٢٥ك/٨٤٠ز)[1]، کتێبی (القلاع والأکراد)ی دانابوو کە وەك لە ناوونیشانەکەیەوە روونە، تەرخانی کردبوو بۆ باسکردنی ئەو قەڵایانەی وا بە دەست کوردەوە بوونە و چۆنیەتی فەتحکردنیان، مخابن ئەم کتێبە ناوازەیەی مێژووی کورد وەك زۆربەی هەرەزۆری بەرهەمەکانی مەدائینی لەناو چووە و هیچ هەواڵێکی نیە[2].

لە سەردەمی دووهەم خەلیفەی راشیدی عومەر(عمر بن الخطاب:١٣-٢٣ك/٦٣٤-٦٤٤ز)، جەنگاوەرانی خێڵە عەرەبەکان، بە بیانووی جیهاد سنوری نیوچە دورگەی عەرەبی یان بەزاند و بە رۆژهەڵات و رۆژئاوادا پەلیان هاوێشت و بە هەموو گۆشە و کەنارێك دا بڵاوبوونەوە و لە تەوەرەی عێراقەوە گەهیشتنە کوردستان[3].

هاتنی فاتحە عەرەبەکان و دەستبەسەراگرتنی تێکڕای شار و بازێڕە کوردنشینەکان لە ماوەی کەمتر لە دە ساڵ، بە رواڵەت لە پێناو گەیاندن و پەخشکردنی پەیامی ئیسلام و ئاشناکردنی کورد بوو بە ئایینی نوێ و خیتام، کەچی ئاخافتن و داننانی خودی خۆیان بە راشکاوی دەری دەخەن کە گەیاندن و خستنەڕووی ئەم پیامە، هەرگیز لەلایان

---

(١) ناوی (ابو الحسن علي بن محمد بن عبدالله المدائني) یە و مەولای کابرایەکی قورەیشی بوو، نزیکەی دووسەد کتێب و نامیلکەی داناوە.

(٢) ابن الندیم، الفهرست، ص١٥٠.

(٣) لە تەوەری دووەمی ئەم بەشە لە سنور و جوگرافیای کوردستان دەدوێین.

**ئەولەویەت نەبووە، بەڵکو ئەولەویەتیان بۆ دەستکەوت(الغنیمة) و خڕکردنەوە و کەڵەکەکردنی"ما أفاء الله عًلیهم"بوو[(١)]، کە عورفی خێڵەکیی عەرەب و دواتریش شەرع حەلاڵی کردبوو(أُحِلَّتْ لَكُمُ الْغَنَائِمُ) و (أَحَلَّ الله لَنَا الْغَنَائِمَ)[(٢)] و هەر لە رۆژگاری پێغەمبەرەوە(ص) لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنیی، ناڕەزایی و دڵڕەنجان دەکەوتە نێوان هەڤاڵانیەوە[(٣)]و لەسەر تالانیەکانی شەڕی نەهاوەند (فتح الفتوح)یش، هەڤڕکی و گرژی کەوتە نێوان بەصرابیەکان و کوفەییەکان و کابرایەکی (بنو تمیم) لە هێزی بەصرابیەکان گوتیە عەمماری کوڕی یاسر کە سەرکردایەتیی هێزی کوفەییەکانی دەکرد:"ئەی گوێبڕاو دەتهەوێت هاوپشکی تالانیەکانمان بیت"[(٤)]. لە شیعر و گفتوگۆ و دەمەقاڵەی نێوان خۆیان و مشتومڕیان لەگەڵ کاربەدەستانی ساسانییش، خەمی سەرخستن و پایەدار کردنی ئیسلام لە گۆڕێ دا نیە و خەمی یەکەم و خەون و ئاواتی گەورە هەر دەستخستنی موڵك و سامانی وڵاتە فەتحکراوەکانە[(٥)] و بەردەوام دەستەواژەی" فَتَحَ الله علینا"[(٦)] و**

---

**(١) زانای شیعی (ابو النضر محمد بن مسعود العیاشي:ت:٣٢٠ھ/٩٣٢م) کتێبی(قسم الغنیمة والفيء)ی دەربارەی چۆنیەتی دابەشکردنی دەستکەوت دانابوو.**

**(٢) البخاري، صحیح البخاري (القاهرة:١٩٨٧)، ١٠٤/٤– ١٠٥ و بڕوانە: أبن حجر العسقلاني، فتح الباري شرح صحیح البخاري، دار المعرفة (بیروت:١٣٧٩ھ)، ٢٢٠/٦–٢٢٤.**

**(٣) سورة الأنفال: (١)، سورة التوبة: (٢٥)، القاضي ابو یوسف، کتاب الخراج، ص٣٥.**

**(٤) الجوزجاني، سنن سعید بن منصور الجوزجاني، ٢٨٥/٢، البیهقي، سنن البیهقي الکبرى، ٥٥/٩. لای(الطبراني، المعجم الکبیر، ط٢(القاهرة:١٩٩٤)، ٣٢١/٨) هاتووە(أیها العبد الأجدع).**

**(٥) الطبري، تأریخ الرسل والملوك (تأریخ الطبري)، ١٨٤/٤–١٨٥. لە سەروبەندی شەڕی قادسیە، موغیرەی کوڕی شوعبە لە بەرسڤی پرسیارێکی رۆستەم گوتی :" كُنَّا قَومًا في شَقاءٍ وضَلالة، فَبعثَ اللّٰهُ فینا نَبیًا فَهدانا اللّٰهُ بِهِ ورَزقنا على یَدَیه" و لە شەڕەکەی نەهاوەندا، دەمێك (ذي الجناحین) پێی گوت:"إِنَّكُم مَعشَر العَرَب لَمَّا أصابَكُم مِن الجُوعِ والجَهدِ جئتم إِلَینَا، ..."، هاتەدەنگ و گوتی: "إِنَّا مَعشر العرَبِ كُنَّا أذلَّة، یَطَؤُنَا النَّاسُ لا نَطَؤُهُم... وَإِنَّهُ- النبي- وعدنا فِیما وعدنا أنْ سَنَملِكُ مَا هاهُنَا ونغلب علیهِ"، کتاب الخراج، ص٤٠، ٤٣.**

**(٦) تەنها لە باسی شەڕی نەهاوەند دا، حەوت جار"فتح الله علینا" و"فتح الله على..."هاتووە. تأریخ الطبري، ٥١٩/٢–٥٢٨.**

"ما أفاءه الله عَلينا"یان لەزار دەهاتەدەر کە ئاماژەیە بۆ هەر دوو ئایەتی شەش و حەوتی سورەتی(الحشر)[1].

صەحابی و شاعیر(أبو مفزر الأسود بن قطبة) کە لە فاتحانی عێراق و بەشداربووانی شەڕی جەلەولا بوو، لە بەرسڤی ئاخافتنی نێردەی خەسرەو پەروێز- کیسرا:"تێرتان نەخوارد دەك خودا زگتێرتان نەکات"، گوتی: لەگەڵتانە پێك ناهێین تا هەنگوینی ئەربدین(؟) بە ترنجی (کوثی)[2] -کوساوە نەخۆین[3]، خەلیفە عومەریش جەختی لەسەر پێشڕەوی و فراوانخوازی دەکرد و ڕەزامەند بوو پاداشتی مادیی سەرکردە مەیدانیەکان بداتەوە و پشکی شێریان هەبێت لە سامان و داهاتی ناوچە فەتحکراوەکان و بە

---

(١) کتاب الخراج، ص٤٠، ٨٠– ٨١، ١٥٤– ١٦١، البلاذري، فتوح البلدان، ص٢٦٥، ٤٣٩، تأريخ الطبري، ٥٢٥/٢، ٦١٥/٣، ٣١/٤، ٨٦، ١٢٧، ١٥٤، ١٧٥،...هتد، لە کۆبوونەوەیەکی شەوانە لە کوفە ساڵی٣٣ك/٦٥٤ز، (سعید بن العاص) گوتی:"إِنما هذا السَّواد بُستانٌ لِقُريش"، (مالك الأشتَرُ) دەنگی هەڵبڕی و ڕەدیدایەوە:"أتَزعُم أنَّ السَّوادَ الَّذِي أفاءَهُ اللَّهُ عَلينا بِأسيافِنا بُستانٌ لَكَ ولقَومِك!"، تأريخ الطبري، ٣٢٣/٤، ابن الأثير، الكامل في التأريخ، ١١٦/٣. سەوواد واتا ڕەشەخاکی عێراق.

(٢) دوو شوێن بەم ناوە هەبوون، یەکێکی لە نزیك کوفەیە و ئەوەی دی لە ڕەشەخاکی عێرافە، یاقوت الحموي، معجم البلدان، ١٥٨/٤.

(٣) تاريخ الطبري، ٤٥٩/٢، أبن حجر العسقلاني، الإصابة في تمييز الصحابة، ٣٤١/١. ئەمەو دەیان نموونەی دی، (الأسود بن قطبة) لە شیعرێکیش دا دەڵێت:

ألا بلغا عنا الخليفة أننا ... غلبنا على نصف السواد الأكاسرا.

.......................... ..........................

ألا بلِّغا عنِّي العريب رسالة فقد قسِّمت فينا فيوء الأعاجم

ودرِّت علينا جزية القوم بالِّذي فككنا به عنهم ولاة المعاصم.

الدارقطني، المؤتلف والمختلف، ٢١٣٩/٤، الإصابة في تمييز الصحابة، ٣٤١/١. یەکێکی دی دەڵێت:

لقينا بكوثى شهريار نقوده عشيِّة كوثى والأسنّة جائره

وليس بها إلا النساء وفلّهم عشيِّة رحنا والعناهيج حاضره

أتيناهم في عقر كوثى بجمعنا كأنّ لنا عينا على القوم ناظره.

معجم البلدان، ١٥٨/٤.

سیاسەت هانی  جەریری کوڕی عەبدوڵای دا و گفتی پێدابوو چارەکی دەستکەوتەکانی جەلەولا بۆ خۆی ببات[(١)].

ئەوان شەڕێکیان دەکرد لە هەردوو حاڵەتی ئەنجامەکەی دا قازانجیان دەکرد و پاداشت دەدرانەوە، ئەگەر سەربکەوتنایە بە دەستکەوت- نەك بڵاوکردنەوەی ئیسلام- و ئەگەر شەهید بوونایە بە بەهەشت[(٢)]، کە لە شەڕی جەلەولا دەستێکی صەحابی(زَيد بن صُوحان العبدِي) پەڕێنرا، بە پشتبەستن بە پێشبینیەکی پێغەمبەر(ص) گوتیان پێش خۆی دەستی گەهیشتە بەهەشت[(٣)]، فتوحاتی ئیسلامی وەك هەموو پەلهاوێشتن و فراوانخوازیە لەشکریەکانی مێژوو، هۆکار و پاڵنەری هەمەجۆری خۆی هەبوو و دەرەنجامی کۆمەڵێك فاکتەر بوو و لە سەروویانەوە فاکتەری ئابوری، هۆزە عەرەبەکانی بیابانی قەفرا و وشکوبرینگ ژیانێکی پڕ لە چەرمەسەری و کولەمەرگی یان دەگوزەراند [(٤)] و فتوحات دەلیڤەیەك بوو و لە قاتوقڕی و نەبوونی دەربازی کردن و دەرگای وڵاتان ئاوەدان و پڕ خێروبێری بۆ واڵا کردن[(٥)].

---

(١) ابن سعد، الطبقات الكبرى، ٨٢٦/١، فتوح البلدان، ص٢٦٧–٢٦٨.

(٢) الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٧٩–٨٠. ماوەردی و زۆربەی موفەسیرەکان وای بۆدەچن مەبەست  لە ئایەتی ﴿وَمَنْ يُرِدْ ثَوَابَ الدُّنْيَا نُؤْتِهِ مِنْهَا﴾ (سورة آل عمران:(١٤٥)) دەستکەوتی غەزا و جیهادە.

(٣) ابن سعد، الطبقات الكبرى، ١٢٣/٦، أبو نعيم الأصفهاني، معرفة الصحابة، ١٢٠٢/٣.

(٤) سەبارەت بە رەوشی ئابوریی نیوچە دورگەی عەرەب و پاڵنەرە ئابوریەکانی پشت فتوحات، بگەڕێوە بۆ: د. عدي سالم الجبوري، دوافع الفتوحات الإسلامية في العصرين الراشدي والأموي، دار ومكتبة الحامد(عمان:٢٠١٢)، ص٩٩–١٦٧.

(٥) سەلمانی فارسی لە رۆژانی فتوحات دا، دەمێك لە دیجلە پەڕیەوە و گەهیشتە زێییەکی دی و تەلیسە گەنم و جۆی کەڵەکەکراوی بینی و  گەهیشتە جەلەولا،  بە عەرەبێکی(بنو عبس)ی یاوەری گوت:"...إنَّ الذي فَتح هذا لَكُم وَخَوَّلَكُمُوهُ ورزقكُمُوهُ كان يملك خزائنه ومحمد(ص)حَيٌّ، وكانوا يُمسون ويُصبحون وما فِيهِم قَفيزُ حِنطَةٍ, ثُمَّ ذكر جَلُولاء وما فَتَحَ اللَّهُ عَلَى المُسلِمِينَ فِيهَا  ...وما فيهم دينار ولا درهم "، إبن أبي شيبة، مصنف إبن أبي شيبة، ١٢٢/٧، أحمد بن حنبل، الزهد، ص٩١. هەروەها بڕوانە ناساندنی شنگار لە: معجم البلدان، ٧٨/٣.

هەرچی لەشکرکێشی و شاڵاوهێنانی فاتحەکانیشە بۆ سەر کوردستان، ئەوا پاساوی بۆ هێنراوەتەوە و وا لێکدراوەتەوە کە گوایە بۆ شەڕ و کوشتار و داگیرکاری نەبووە، بەڵکو تەنها بۆ لابردنی بەربەست و لەمپەری بەردەم پرۆسەی بڵاوکردنەوەی ئیسلام بووە و سەرەنجام زۆربەی شار و ناوچەکانیی بە ئاشتی و ڕێککەوتن فەتح کران[(١)].

دەڵێین ئەمە کاتێك ڕاست دەبوو و ڕەت نەدەکرایەوە، ئەگەر پاش چەسپاندنی ئیسلام و جێبەجێکردنی دروشم و روکنەکانی و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە حیجاز و عەرەبستان، فەقیه و هەڤاڵانی دینداری وەك(ابوأيوب الأنصاري) و(عبدالله بن عباس) و (ابوسعيد الخدري)...هتد، هاوشانی جەنگاوەران بهاتنایە و فێری زمانی کوردی بوونایە و بە زمانێکی نەرم ونیان و لە ژێر ڕۆشنایی ئایەتی﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾[(٢)] گفتوگۆ و دانوستاندیان دەگەڵ کورد بکردایە و پوختەی ناوەڕۆك و روکەنەکانی ئیسلامیان بۆ روون و شی بکردنایەتەوە.

شەڕکەرێکی ڕەقەکاری بەدەویی لەخۆباهی لە بەرەبەیانی تەمەنی ئیسلامدا، کە هێشتا تەنها زمانی غەزو و غارەت و شیر و رم و تۆڵەسەندنەوەی دەزانی[(٣)] و گۆشکراوی ژینگەیەك بوو کە شەڕ و فەتح تیایدا هاوتەریبی ڕفاندن- سەبیکردن و غەنیمە و

---

(١) دەیان نوسەرو ڕۆشنبیری کورد ئەم تێگەهیشتن و بۆچوونەیان هەیە و تا دێت ژمارەیان هەڵدەکشێت، بۆ نموونە بڕوانە: فرست مرعي، الفتح الإسلامي لكُردستان، دار الزمان (دمشق:٢٠١١)، علي حمه رشيد عبدالغفور، دخول وإنتشار الإسلام في المناطق الكردية في عصر الخلفاء الراشدين، رسالة ماجستير، كلية الآداب (جامعة المنصورة:٢٠١٤)، أحمد ميرزا ميرزا، إنتشار الإسلام في كوردستان، مكتب التفسير(أربيل:٢٠١٦)، و وەرگێڕدراوی کوردی: بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی شیکارییە، وەرگێڕانی بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، نوسینگەی تەفسیر(هەولێر:٢٠١٦)، زەبری شمشێر لە ئیسلامدا، گفتوگۆ لەگەڵ پێنج لە هەڵگرانی دکتۆرا لە مێژووی ئیسلامی، ئامادەکردنی یوسف صابر مەولود، چاپخانەی ڕۆژهەڵات(هەولێر:٢٠١٥)، سەلام ناوخۆش، کوردستانی ساسانی و کوردستانی ڕۆمی، نوسینگەی تەفسیر(هەولێر:٢٠١٧)...هتد.

(٢) شەڕی کەربەلاء و قڕکردنی ئالی بەیت ئەم ڕاستییەیان بەتەواوی سەلماند.

(٣) سورة النحل: (١٢٥).

راوەڕووت بوو[1] و خۆیشی بە قووڵی و دروستی لە ئیسلام نەگەهیشتبوو، کەنگی دەستی ئەوەی دەدا و کەنگی لە خۆی دەگرت و دەلیڤەی ئەوەی هەبوو لە کورد و میللەتانی بەزیوی دی بپارێتەوە تا ببنە موسڵمان و هێمنانە پەیامەکەی بگەهێنێت. سەرەڕای ئەوەی کە لە تێکڕای ئەو دەقانەی سەبارەت بە فەتحکردنی کوردستان هاتوون، بچووکترین ئاماژە بەرچاو ناکەوێت کە سەرکردەیەکەك یان شەڕکەرێکی فاتح، کوردی دواندبێت و باسی ئایەتێکی قورئان یان فەرموودەیەکی بۆ کردبن یان جەوهەر و ناسنامەی ئیسلامی بۆ روون کردبنەوە تا لە رێگایەوە بەو ئایینە نوێیە ئاشنا و هۆگریان بکات کە گوایە لە پێناوی سەرخستن و بڵاوکردنەوەی دا سەدان فەرسەنگ رێگای بڕیوە.

سەبارەت بە داواکردن و بانگخوازییش بۆ ئیسلام، وا دیارە جاروبار وەك بژاردەیەك خراوەتە پێش کورد و خەڵکانی دی[2]، سلێمانی کوڕی رەبیعەی باهلی داوای لە کوردانی بلاشجان کرد لە ئەرمینیا ببنە موسڵمان، ئەوانیش رەتیان کردەوە و جەنگان، ئەویش بە سەریاندا زاڵبوو و جزیەی بەسەردا سەپاندن و کەمێکیانیش رازیبوون صەدەقە بدەن[3].

ئێمەمانان چۆن دەتوانین بڕوا بەوە بکەین کە فەتحکردنی کوردستان ئاشتیانەو بێ خوێنڕشتن بووە و تەنها وتەنها بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی ئیسلام بووە، لە دەمێکدا هێشتا قورئان کۆ نەکرابووەوە و هەر چەند ئایەتێکی لەکن کەسێك بوو و هەر بیریش لە نوسینەوەی و کۆکردنەوەی گفتار و کردار و فەرمایشتەکانی پێغەمبەر(ص)نەکرابۆوە و ئیسلام وەك رێگایەك بۆ خوداپەرستی و بەرنامەیەك بۆ رێکخستی ژیانی مرۆڤ،لە حیجازیش نەچەسپیبوو و رەگی دانەکوتابوو و تەنها بەناو گەهیشتبووە زۆربەی

---

(١) فتوح البلدان، ص٢٧٢، تاريخ الطبري، ٣٢٣/٤. عەرەب هەردەم دەیانگوت: (رجع سالماً غانماً).

سەبارەت بەم بابەتە بگەڕێوە بۆ: إيمان حسن مجيسر الساعدي و هاشم داخل حسين الدراجي، سبي النساء من الجاهلية حتى نهاية عصر النبوة، مجلة كلية التربية، جامعة واسط، العدد(٣٢) (الكوت:آب٢٠١٨)، ص٣٠١-٣٢٢.

(٢) تأريخ الطبري، ١٨٤/٤.

(٣) فتوح البلدان، ص٢٠٦، ابن الفقيه، مختصر كتاب البلدان، ص٢٦٨، قدامة بن جعفر، الخراج وصناعة الكتابة، ص٣٢٨.

عەرەبستان و پاش مردنی پێغەمبەر زۆربەی هۆزە عەرەبەکان لە ئیسلام هەڵگەڕانەوەو شەڕی هەڵگەڕاوەکان (حروب الردة) دستی پێکرد و نیمچە دورگەی عەرەبیی تەنیەوە و هەزاران کەس و سەدان صەحابیی تێدا کوژران، دواتریش دوو خەلیفە بەدووی یەکدا شەهید کران و کێشە و ململانێ سەری هەڵدا لەسەر شوێنگرتنەوەیان.

بۆ بڕوا نەکەین کە ئامانجی بنەڕەتی و پلە یەکی عەرەب لە فەتحکردن، دەستکەوتی دنیایی و مادی بوو و ببینین خەلیفە عومەر لەبری بڕیاری ناردنی خەڵکانی فەقیە و شەرعزان بۆ بەرەکانی شەڕەکانی کوردستان و هەرێمەکانی رۆژهەڵات و راسپاردنیان بە ناساندن و بڵاوکردنەوەی ئیسلام، بڕیار دەدات و فرمان بە والی کوفە دەکات، نووسەر و ژمێریار(السائب بن الأقرع) بنێرێت بۆ مەیدانی شەڕی نەهاوەند تا ئەگەر موسڵمانان سەرکەوتن، سەرخاك و ژێرخاك بپشکنێت و ببێتە سەرپەرشتی دابەشکردن(قاسم) و (صاحب الأقباض)ی دەستکەوت و تالانیەکانی شەڕ و پێنجیەك جودا بکاتەوە[1].

## ب- شەڕی جەلەولا و دەستپێکی فەتحی کوردستان:

زانیاریی بەردەست دەربارەی پرۆسەی فەتحکردنی کوردستان ناتەواوە و لە چەند هەواڵێکی راگوزەر تێپەڕ ناکات و ئەوەی هەشە وەك هەمووان دەزانن گوزارشت لە دیتن و گۆشەنیگای زاڵبووەکان دەکات، هەندێك جاریش پتر لە بەسەرهاتێك هاتووە لەبارەی فەتحکردنی یەك شوێن و زانیاریی لێکجیاواز هەن لە مەڕ رێڕەو و ئاڕاستەی پێشڕەویی و ساڵی فەتحکردن و ئایا پاش شەڕ و کوشتار بووە یان بە رێککەوتن و لێکتێگەیشتن.

مێژوونووسی شارەزا و پسپۆڕ لە پرسی پرۆسەی فەتحی ئیسلامی، بەلازوری (البلاذري:م ٢٧٩ك/٨٩٢ز) شاگردێکی چالاکی مەدائینی بوو، گەلێك زانیاری و هەواڵی پڕپایەخ و فرە زانیاریی بەدەستەوە داوە و بە مەبەستی دەستخستنی دەنگوباسی وورد

---

(١) لە ناوەڕۆکی فرمانەکە هاتووە: "إلحق بهذا الجيش فكن فيهم فإن فتح الله عليهم، فاقسم على المسلمين فيئهم وخذ خمس الله وخمس رسوله وإن هذا الجيش أصيب، فاذهب في سواد الأرض فبطن الأرض خير من ظهرها"، تأريخ الطبري، ٥١٩/٢، ٥٢٥، ٥٢٨، فتوح البلدان، ص٣٠٢، الدينوري، الأخبار الطوال، ص١٢٨–١٢٩، الذهبي، تأريخ الإسلام، ٢٢٧/٣، ١٢١/٥، الإصابة في تمييز الصحابة، ١٥/٣.

و دروست به هەرێم و وڵاتاندا گەڕاوە و هاتۆتە کوردستانیش و لە زاری ئیسحاقی کوڕی سلێمانی شارەزوری و ئەبورجائی حلوانی و خەڵکی دەڤەری بابەگێش- دەڤەری بارزان و مێرگەسورەوە هەواڵ و دەنگوباسی دەگمەن و بەهاداری وەرگرتووە و دەکرێت لەم بارەیەوە بە ژێدەرێکی سەرەکی دابنرێت.

هەروەها هەردوو مێژوونوس(خليفة بن خياط:م٢٤٠ك/٨٥٥ز) و(اليعقوبي:م پاش ٢٩٣ك/٩٠٦ز) چەند کورتە هەواڵی بەهاداریان هێناوەتەوە کە مێژوونوسانی دی پشتگوێیان خستووە و (الطبري:م٣١٠ك/٩٢٣ز)یش لای خۆیەوە دەیان هەواڵ و بەسەرهاتی تۆمارکردووە و زانیاری و وردەکاریی زۆری بەدەستەوە داوە.

مێژوونوسی ناودار(ابن الأثيرم:٦٣٠ك/١٢٣٣ز) بە نوسینەکانی بەلازوری و تەبەری دا چۆتەوەو لێکی داون و ئاخافتن و ریوایەتە درێژەکانی تەبەریی پوخت و کورت کردۆتەوە.

لە درێژەی شەڕ و لێکدانەکانی نێوان دەوڵەتی ساسانی و عەرەبە موسڵمانەکان و شکستی سوپای ساسانی لە شەڕەکانی قادسیە و مەدائین و کوژرانی رۆستەمی سەرلەشکریان، ساڵی ١٦ك/٦٣٧ز پاشماوەی سوپای ساسانی پاشەکشێی کرد و بۆ پشوودان و خۆڕێکخستنەوە لە شارەدێی جەلەولا گیرسایەوە، لێرە بەدواوە دەڤەرە کوردنشینەکانی سەرسنوری عێراق بوونە گۆڕەپانی شەڕ، دوای ئەوەی میهرانی رازی و خۆرزادی برای رۆستەم سەنگەریان لە هێرشبەران گرت و بە هێزێکی گەورەوە کە لە هەرێمەکانی ئازەربیجان و چییاکان و فارس و دەربەندەوە هێنرابوون، بڕیاری بەرەنگارییان دا و رابوون بە خۆسازدان و خۆقایمکردن و هەڵکۆڵینی خەندەك بە دەوری جەلەولا دا و ئاسنبەندکردنی چواردەوری، نەخاسمە پاش ئەوەی ئاگادارکرانەوە کە شاه یەزدەگەردی سێهەمی دوا شاهی ساسانی بە هاواریانەوە هاتووە و بە لەشکرێکەوە گەهیشتۆتە حلوان و هێزێکی بۆ هیمدادییان ناردووە، پەیتا پەیتاش هێزی پشتیوان لە کوردستانەوە دەگەهیشتن، خانەقینیش کرا بە چەپەری پشتەوەی شەڕ و شوێنی پاراستنی ماڵ و منداڵ و کەلوپەلی لەشکریی.

سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص هەواڵی ئەم گردبوونەوە و خۆسازدانەوەیەی بۆ خەلیفە عومەر نارد، خەلیفەش بەرسڤی دایەوە و فرمانی پێدا هاشمی کوڕی عوتبە بە هێزێکەوە بنێرێتە سەریان و فەرماندەیی هێزەکە بە قەعقاعی کوڕی عەمر بسپێرێت،

**ئەویش دوای ئەوەی دەستکەوت و تالآنیەکانی مەدائینی بەسەر دوازدە هەزار جەنگاوەردا دابەشکرد بەرەو جەلەولا کەوتەڕێ.**

**پاش هەشتا ڕۆژ لە شەڕ و کوشتار و هێرش و دژە هێرش، لە دوا هەیڤەکانی ساڵی ١٦ك/٦٣٧ز یان دەستپێکی ساڵی١٧ك/٦٣٨ز، شەڕی جەلەولا [١] بە بەرژەوەندیی عەرەبە فاتحەکان کۆتا هات و شاهی ساسانی ڕووەو شارەکانی قوم و ڕەی هەڵهات[٢].**

**لە ئاکامی ئەم شەڕانەدا دەهان هەزار کەس هاتنەکوشتن و بە ڕێنمایی عومەر هەر عەرەبێك یەکێکی بکوشتایە، پاتاڵ و کەلوپەلەکەی بۆخۆی دەبوو و پێنجیەکی دەدا[٣]، هەواڵزانانی عەرەب زیادەڕۆییان کردووە و زیانی گیانیی سوپای دوژمنیان بە سەد هەزار کوژراو خەملآندووە و گوایە لاشەکانیان شوێنەکەی داپۆشیوە بۆیە ناونرا جەلەولا[٤].**

**ئەمە وێڕای تالآنکردن و زەوتکردنی موڵك و ماڵ و بەروبوومی رووەکی و ئاژەڵی خەڵکی مەدەنی کە پێشتر هەرگیز سامانی تالآنکراوی وا زۆروزەبەندیان چنگ نەکەوتبوو و بەهای بە**

---

**(١) أبوالربيع سليمان بن سالم بن موسى الكلاعي(م: ٦٣٤ك/١٢٣٦ز) کتێبی (الإكتفاء في وقعة جلولاء)ی دانابووکە وا دیارە لەناوچووە، البقاعي، إبراهيم بن عمر بن حسن الرباط (ت: ٨٨٥هـ/١٤٨٠م)، نظم الدرر في تناسب الآيات والسور، دار الكتب العلمية (بيروت:١٩٩٥)، ٣/٣٠٠.**

**(٢) تأريخ خليفة بن خياط، ص١٢٧، البلاذري، فتوح البلدان، ص ٢٦٤– ٢٦٥، الدينوري، الأخبار الطوال، ص١٢٢–١٢٣، تأريخ اليعقوبي، ٢/١٠٤، تأريخ الطبري، ٤/٢٤–٢٧. یەعقوبی مێژووی شەڕی جەلەولا بۆ ساڵی١٩ك/٦٤٠ز دوادەخات.**

**(٣) سنن سعيد بن منصور الجوزجاني، ٢/٣٨١.**

**(٤) جەلەولا بەر لە ئیسلامیش هەبووو تەسوجێك واتا دێهستانێك- گوندەوارێك بوو لە ئوستانی شاد قوباد یان ئوستانی خەسرەو شاد هورمز(ابن خردادبه، المسالك والممالك، ط١(لايدن:١٨٨٩)، ص٦، ٢٣٥)، هەواڵزانان و زمانەوانانی عەرەب وا راهاتبوون هەمووشەیەکی ناعەرەبییش وەك وشەیەکی عەرەبی لێکبدەنەوە و ئاواش ناوی جەلەولایان شیکردەوە و وایان داناوە لە رەگی(تجلل)وە دارێژراوە بە واتای داپۆشی، چونکە لە شەڕی جەلەولا بە هەزاران کەس کوژران، شارەزای مێژووی فتوحات(سيف بن عمر التميمي:م٢٠٠ك/٨١٦ز) دەڵێت:" قتل الله، عزوجل، من الفرس يوم جلولاء مائة ألف، فجلّلت القتلى المجال ما بين يديه وما خلفه، فسميت جلولاء لما جلّلها من قتلاهم، فهي جلولاء"، ياقوت الحموي، معجم البلدان، ٢/٧٠–٧١.**

دەیان ملیۆن درهەم خەملێنراوە، هەر سوارەیەك(فارس)نۆ هەزار درهەم و نۆ دەواری بەرزەی بەرکەوت، صەحابی عەبدوڵای کوڕی عومەر(إبن عمر:م٧٣ك/٦٩٣ز) باهی چل هەزار درهەم کەلوپەلی هەڕاجکراوی کڕیەوە و لە مەدینە بە چوارصەد هەزار درهەم فرۆشتیەوە[١] و پۆشاکێکی زێڕپەندیشی لە شانی هەڤاڵێکی کردەوە و زەوتی کرد[٢]، سەرەڕای گرتن و رفاندن و بەکۆیلەکردنی هەزاران ژن و پیاو و گەنج و کچ وەك دەستکەوتی جەنگ[٣]، پێنجیەکی کە بریتی بوو لە پۆشاك و کەلوپەلی زێڕین و زیوین[٤]و یاقوت و زەبەرجد و گەوهەر و بایی نزیکەی شەش ملیۆن درهەم بوون، رەوانەی مەدینە کرا و ئەوەندە زۆربوو، بنمیچی هیچ ژوورێك نایگرتە خۆی و ناچار لە داڵانی مزگەوتی نەبەوی رۆیان کرد و(عبدالرحمن  بن عوف) و (عبدالله بن أرقم) تا سپێدە بەدیاریەوە ئێشکیان گرت، عومەر ساتێك زێڕ و گەوهەر و یاقوتی کەڵەکەکراوی دیت، گریا و گوتی خودا ئەمە ببەخشێتە هەر قەومێك ئەوا ئێرەیی بەیەکتر دەبەن و کەربیان لەیەکدی دەبێتەوە...[٥].

## ج- گرتنی حلوان و ماسبدان و شارەزور و گەرمیان:

پاش گرتنی جەلەولا، فاتحەکان درێژەیان بە لەشکرکێشی دا، جەریری کوڕی عەبدوڵا  کە بۆ بەرگەگرتن لە دژە هێرش بە دووهەزار کەسەوە لە جەلەولا مابۆوە و پاشان نزیکەی سێ هەزار شەڕکەری دیی بۆ نێردرا، چووە سەر حلوان و خانەقین و شەڕی پاشماوەی سوپای ساسانی کرد و ژمارەیەکی لێکوشتن و لە ناویاندا میهرانی رازی، بەدواییدا شارەکانی بەندنیجین(مەندەلی)و قەصری شیرین و گشت ناوچەکە

---

(١) مصنف إبن أبي شيبة، ٥٥٦/٦، البلاذري، أنساب الأشراف، ٢١/١٠، ٣١٠. باوکی هەشتا هەزار درهەمی پێدایەوە و پاشماوەکەی ناردەوە تا بەسەر جەنگاوەران دا دابەش بکرێت.

(٢) مصنف إبن أبي شيبة، ٥٥٧/٦.

(٣) سەبارەت بە رێوشوێنی دابەشکردنی دەستکەوتەکان(الغنائم)، بگەڕێوە بۆ: ابويوسف، الخراج، ص٢٨، الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٢٠٠–٢٢٠.

(٤) مصنف إبن أبي شيبة، ٤٦٧/٦،٥٥٦–٧٥٥، احمد بن حنبل، الزهد، ص٢٢٣.

(٥) تأريخ الطبري، ٣٠/٤، مسكويه، تجارب الأمم، ٢٣٣/١، ابن الجوزي، المنتظم، ٢١٢/٤–٢١٤.

داگیرکران، به فرمانی خەلیفە عومەر هێزێکی دی شالاّوی بردەسەر ناوچەی سیروان و بە شەڕ ماسبدان- ماهسەبتانی ناوەندی سیروانییان گرت و خەڵکەکە بەرەو ناوچە شاخاویەکان هەڵهاتن[1].

لە ریوایەتێکی دی هاتووە جەریری کوڕی عەبدولاّ حلوانی بە ئاشتی گرت دوای ئەوەی شاه یەزدەگەرد بێ بەرگری شارەکەی بەجێهێشت و کشایەوە بۆ ئەصفەهان، ئەوەبوو خەڵکەکە رازیبوون باجی سەرانە(الجزية) بدەن، ئەویش پەیمانی پێدان کە ئازاری کەس نەدەن و سەروماڵیان تالاّن نەکەن و سەرپشك بکرێن لە نێوان مانەوە یان دەرچوون لە شارەکە، هەر لەم ماوەیەدا مەندەلی و قەصری شیرین و هەموو ناوچەکە فەتحکران.

دوای قایمکردنی حلوان و خۆسازدان و سەنگەرکردن لە دژەهێرش، هاشمی کوڕی عوتبە رووەو کرماشان و دینەوەر کەوتەڕێ و کرماشانی گرت و دەگەڵ خەڵکەکە لە سەر هەمان رێکەوتنی حلوان پێکهاتن، وەلێ نەشیا دینەوەر بگرێت و کشایەوە[2].

پاشان حلوان کرایە بارەگای والیی و مۆڵگای سوپای موسڵمانان و خاڵی سازدان و لەشکەرکێشی بۆ ناوچەکانی دەوروبەر، لەوێوە درێژە بە پێشڕەوی درا و بازێڕ و قەلاّ و گوندەکانی شارەزور و گەرمیان راستەوخۆ کرانە ئامانج، بەلاّم بە درێژایی شەش ساڵ (١٧- ٢٢ك/٦٣٨- ٦٤٣ز) نەکارین شارەزور بگرن، لەو ماوەیەدا عەزرەی کوڕی قەیس نەیتوانی پەی بە قەلاّ قایمەکانی شارەزور ببات و داگیریان بکات.

هاوکات سەعدی کوڕی ئەبـی وەقاص فەرماندەی گشتیی بەرەی عێراق، فرمانی بە هاشمی کوڕی عوتبەدا رووبکاتە دەڤەری گەرمیان، ئەویش بە یاوەری سەرکردەیەکی دی بۆ ماوەیەك بەسەر داقوق و خانیجار و سەرپاکی دەڤەری گەرمیان تا سنوری شارەزور زاڵبوو، وا دیارە ئەم هەوڵەش سەری نەگرتووە و گرتنی یەکجارەکیی گەرمیان دواکەوت تا دەوروبەری ساڵی٢٠ك/٦٤١ز[3].

---

(١) المنتظم، ٢١٦/٤، ابن الأثير، الكامل، ٤٨٤/٢.

(٢) فتوح البلدان، ص٢٩٩، معجم البلدان، ١٧٣/٢.

(٣) فتوح البلدان، ص٣٢٨.

له هەواڵێکی دیدا هاتووە کە خەلیفە عومەر عوتبەی کوڕی فەرقەدی راسپارد بەرەو موصلّ و نەینەوا پێشڕەوی بکات، ئەویش ساڵی٢٠ك/٦٤١ز موصلّ و دەڤەری گەرمیانی گرت[1]. دوای دوو ساڵێك رووەو شارەزور هەڵکشا، هەواڵزان سلێمانی شارەزوری لە زاری پیرەمێردانی شارەزورەوە بۆ ئیسحاقی کوڕی گێڕاویەتەوە و ئەویش بە بەلازوریی راگەیاندووە کە هاوڵاتیانی دارائاباد و سامەغان لە ئاست شالاوی عەرەبە فاتحەکان رێگای ئاشتیان گرتەبەر و پەیمانیان بە عوتبەدا سەرانە و موڵکانە بدەن بە مەرجێك ئەوانیش رانەبن بە کاری کوشتن و بڕین و تالانکردن دەرهەقیان و رێگا نەگرن لەو کەسانەی دەیانەوێت وڵات جێبهێڵن.

کەچی لە گێڕانەوەیەکی دیدا کە دەماودەم لە بەسالاچووانی شارەزورەوە باسکراوە و وێنەی تەواوی روداوەکە دەخاتەڕوو، دەردەکەوێت عوتبە دەستپێك هەوڵی داوە بازێڕ و قەلای شارەزور- نیم ئەز راه- داگیربکات بەوپێیەی ناوەند و پایتەختی وڵات و بارەگای دەسەلات بووە، لێرە کوردەکان خۆیان بە دەستەوەنەدا و بەرگرییان کرد و ژمارەییێکیان لیٚ هاتە کوشتن[2]

پاشان بەناچاری خۆیان بەدەستەوەدا و بە دانی سەرانە و موڵکانە رازی بوون، بەو مەرجەی هاوشێوەی خەڵکی حلوان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەن[3]. بێگومان کەوتنی

---

(١) فتوح البلدان، ص٢٦٥.

(٢) دەگێڕنەوە دووپشکی شارەزورکاری خۆی بە موسڵمانان کرد و ژمارەیەکی لێکوشتن و لەو رۆژەوە بە نموونە دەهێنرایەوە و دووپشکی شارەزور بەناووبانگ بوو، شاعیر(ابن الرومي :م٢٨٣هـ/٨٩٦م)دەڵێت:

وإن سكوتَها عندي لبُشرى    وإن غِناءها عندي لمَنْعى

فــقــرِّطْها بعقرب شهْرُزورِ    إذا غنتْ وطوِّقها بأفعى.

و وا هاتووە کە دەمێك خەسرەو نەوشێروانی ساسانی گەمارۆی نەصیبینی دا، لـە گونـدی تەیرانشـاهی شارەزورەوە دووپشکیان برد و دەیانکردە ناو گۆزەوە و بـە عـەڕادە- مەنجـەنیق هـەڵیان دەدایـە نـاو گەمارۆدراوان و بەم رێگایە شارەکەیان گرت. الثعالبي (ت: ٤٢٩هـ/١٠٣٧م)، ثمار القلوب في المضاف والمنسوب، دار المعارف( القاهرة:بلا)، ص٤٢٩–٤٣٠.

(٣) البلاذري، أنساب الأشراف، ٣٢٤/١٣، فتوح البلدان، ص٣٢٩، الكامل، ٣١/٣.

ناوەند دەبـێتە ئەگەری ئەوەی گرتنی شار و قەڵاکانی دی ساناهی بـێت و هەربۆیە دارائاباد و سامەغان بەبێ شەڕ داگیرکران.

### د- شەڕی نەهاوەند(فتح الفتوح) و گرتنی هەرێمی چییا:

ئەنجامی شەڕەکەی جەلەولا و ئەو دەستکەوتە لە ژمارەنەهاتووەی کە بەدوایدا هات، پاڵی بە عەرەبەکانەوە نا لە هێرش و پەلاماردان سارد نەبنەوە و هەندەی بۆیان بلوێت پێشڕەوی بکەن و دەست لە فراوانخوازی هەڵنەگرن. یەزدەگەردیش پاش شکستی جەلەولا بە سێ ساڵێك، سەرلەنوێ هێزەکانی خۆی رێکخستەوە و بانگەوازی بۆ هەرێمەکان کرد و دەیان هەزار شەڕکەری خڕکردەوە و لە شاری قومەوە بەرەو نەهاوەند بەڕێی کردن.

والیی کوفە عەمماری کوڕی یاسر لە نوسراوێکدا بەوردی خەلیفە عومەری لە ئامادەکاریی شاهی ساسانی ئاگادار کردەوە، ئەویش ئەم پێشهاتەی بەهەند وەرگرت و نوێژی جەماعەت و بانگەوازی جیهادی راگەیاند و کەوتەخۆ، سەرەتا بەنیازبوو بەخۆی بهـێت بۆ بەرەکانی شەڕ و راستەوخۆ سەرپەرشتیی شاڵاوی سەر نەهاوەند بکات، وەلێ عەلیی کوڕی ئەبو طالب لەم بـیرۆکەیە پاشگەزی کردەوە، پاشان فرمانی دا جەنگاوەران لە بەصرا و کوفە و هەموو بەرەکانەوە پەلکێش بکرێن و رەوانەی نەهاوەند بکرێن و نوعمان(النُعمان بن مُقرن المزني)ی کردە فەرماندەی گشتیی هێزەکان و بە یاوەری و پشتیوانیی چەند سەرکردەیەکی دی. دەگێڕنەوە رۆژێك نوعمان لە مزگەوتی مەدینە لە تەنیشت عومەرەوە نوێژی دەکرد، عومەر پێی گوت بەتەمامە بتکەمە بەرپرسی هێرشی سەر نەهاوەند، ئەویش وەڵامی دایەوە: وەك باجگرێك نا وەك غازییەك بەڵێ، عومەریش گوتی تۆ غازییت[1]، ئەم هەڤپەیڤینە ئەو راستیە ساخ دەکاتەوە کە پێشتر کەسانی دیکە بۆ باج خڕکردنەوە نەك بۆ جیهاد نێردرابوون.

لە قۆڵی بەصراوەش(ابوموسی الأشعري) بە لەشکرێکەوە لە نەهاوەند ئامادەبوو، پاش شەڕ و کوشتارێکی دەستەویەخەی خوێناوی لە گوندێکی نزیك نەهاوەند، عەرەبە فاتحەکان

---

(١) "أما جابياً فلا ولكن غازياً"، فتوح البلدان، ص٣٠٠-٣٠١،

سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوەیان بەدەست هێنا و دەستکەوتێکی زۆریان چنگ کەوت و شار و بازێرەکانی چیبیا پێکڕا فەتح کران.

لە شەڕی نەهاوەند دا، عەرەبێکی زۆر بەکوشت چوون کە ژمارەیەکیان صەحابی بوون، لەوانە سەرلەشکر(النُعمان بن مُقرن) و سەرکردە(عَمرو بن معد يكُرب)[1] و(الأغلب الراجز العجلي) و(أسير بن عروة) و (عوف بن أبي حيّة البجلي) و(ابو كريم الهمداني)[2]، (عمرو بن عبدالله الحملي)یش لووتی بەرکەوت و پەڕێنرا و لەوەوە پێی دەگوترا لووتبڕاو(الأجدع)[3]، عومەر موژدەی سەرکەوتن و هەواڵی کوژرانی نوعمانی لەسەر مینبەر راگەیاند و دەستی نا بە سەریەوە و گریا[4].

وەك زانراوە دەیان شوێن لە کوردستانی باشور هەن بە ناوی صەحابی- ئەصحابەوە، وەك ئەصحابە سپی، ئەصحابە درێژ، ئەصحابە لەك، دۆڵی ئەصحابان، دۆڵی شەهیدان، پەنجە عەلی...هتد، چەند دێ و گۆڕ و گۆڕستانیش هەن دەگەڕێنرێنەوە بۆ صەحابی و تابعی و پیاوچاکان، وەك عەبابەیلێ(ابو عبيدة بن الجراح)ی نزیك هەڵەبجە و عەکاشەی سەر رێگای کامیاران- مەریوان و وەکاشەی دەشتی ساڵەیی نێوان کەرکوك و پردێ کە دەگەڕێنرێنەوە بۆ(عكاشة بن محصن)، نازانرێت ئەمانە چ پەیوەندیەکیان بە صەحابییەکانی فەتحی کوردستانەوە هەیە، بەڵام گومان لەوەدا نیە کە زۆربەی هەرە زۆریان هیچ بنەمایەکیان نیە و هەردوو صەحابیی ناوبراو نەهاتوونەتە کوردستان. هەروەها زیاد لە گۆڕ و مەزارێك هەن دەگەڕێنرێنەوە بۆ تابعی و پیاوچاك وەیسی قەرەنی(أويس بن عامر

(١) ژمارەیەك گوند لە کوردستان هەن بە ناوی عومەرمەندان(عمر بن معدان)کە وا باوە دەگەڕێنەوە بۆ (عمرو بن معد يكرب) و بە ناوی ئەوەوە ناوزەد کراون، بۆ یەکەم جار لە دەفتەری تەحریری ولایەتی ئەربیل–هەولێر– ساڵی١٥٤٢ز، باسی تائیفەی عومەر مەندان کراوە.

(٢) الدارقطني، المؤتلف والمختلف، ١٩٦٢/٤، إبن الأثير، أسد الغابة في معرفة الصحابة، ٢٦١/١، ٢٦١/٤، ٣٢٣/٥، ابن حجر العسقلاني، الإصابة في معرفة الصحابة، ٢٣٧/١، ٢٤٩، ٥٧٢/٤، ١٢٨/٥.

(٣) الإصابة في معرفة الصحابة، ١١٥/٥.

(٤) فتوح البلدان، ص٣٠١، أسد الغابة، ٣٢٣/٥.

القرني:م٣٧ك/٦٥٨ز)، هەرچەند ئەمیش نەهاتووەتە کوردستان و ئەوەی زانراوە دووانیان سەدان ساڵە ناسراون[(١)].

هەواڵەکان بە دورودرێژی لەمەڕ وردەکاریی روداوەکانی ئەم شەڕە ئاخەفتوون و زیانی گیانیی ساسانیەکانیان بە دەیان هەزار داناوە، وەلێ سەبارەت بە مێژووی شەڕەکە بەسەر سێ ساڵدا دابەش دەبن:١٩ك/٦٤٠ز، ٢٠ك/٦٤١ز، ٢١ك/٦٤٢ز، هەرچەند پتر بەلای ساڵی ٢١ك/٦٤٢ز دەیشکێننەوە و لەبەر گرنگی و بایەخی ئەم شەڕە ناونرا (فتح الفتوح)، چونکە دەروازەی قەڵەمڕەوی ساسانی بەڕوویان دا واڵابوو و یەزدەگەرد هەرگیز نەیتوانی بۆجارێکی دی بەرسینگی شاڵاو و هەڵمەتی موسڵمانان بگرێت.

ئەوەبوو دینەوەر دوای پێنج رۆژ گەمارۆ فەتحکرا، ئەمجا ماسبدان- ماهسەبتان، سیروان، میهرەجانکدك، سێمەڕە- الصیمرة و سەرلەبەری ئاوەدانی و دێهاتی هەرێمی چیبیا چ بە شەڕ و چ بە رێکەوتن و پێکهاتن فەتحکران، بەو مەرجەی دانیشتوانی ئەم شارانە سەرانەو موڵکانەی زەوی بدەن و فاتحەکان دەست لە کوشتن و بڕین و رەشبگیری هەڵبگرن و لە هەمووان خۆشببن، لە هەواڵێکدا هاتووە کە دینەوەر و ماسبدان هەڵگەڕانەوە و ساڵی٢٢ك/٦٤٣ز دووبارە بە شەڕ گیرانەوە[(٢)]. ئەو دوو هەواڵەش هەن کە(ابو موسی الأشعري) بەدەم رێگای چوونی بۆ نەهاوەند ماسبدانی گرتووە و(الصائب بن الأقرع) لە ئەهوازەوە هات و ولایەتی میهرەجانکدکی گرت[(٣)].

شایەنی باسە لە دەستپێکەوە تا سەرەتای سەردەمی ئومەوی، هەرچی دەستکەوت و داهاتی ئوستانی نەهاوەند هەبوو بۆ خەڵکی کوفە تەرخان کرابوو و هی ئوستانی دینەوەریش بۆ خەڵکی بەصرا، چونکە نەهاوەند فەتحکراوی کوفەییەکان و دینەوەریش

---

(١) بڕوانە: نصوح أفندي مطراقي زاده، رحلة مطراقي زاده، ترجمة: صبحي ناظم توفيق، المجمع الثقافي (أبو ظبي:٢٠٠٣)، ص٧٣، ١٤٨.

(٢) تأريخ خليفة بن خياط، ص١٤٨، فتوح البلدان، ص٣٠٠–٣٠٥، الدينوري، الأخبار الطوال، ص ١٢٦– ١٢٩، تأريخ الطبري، ٤/١١٤–١٣٦.

(٣) فتوح البلدان، ص٣٠٤، الكامل، ٣/١٣.

فەتحكراوی بەصراییەكان بوو، بەلأم كوفەییەكان بە پشكی خۆیان قایل نەبوون و بە كەمیان دەزانی، بۆیە خواستیان دینەوەریان لەبری نەهاوەند بدرێتیّ، لەو رۆژەوە دینەوەر بە(ماه الكوفة) و نەهاوەند بە(ماه البصرة)ناسرا و هەردووكیان بە(الماهین) ناودەبران[1].

شارەزور و چییاكان، هەرچەند داگیركران و بە روالّەت كەوتنە ژێر قەلّەمڕەوی خیلافەی ئیسلامییەوە، بەلأم بۆ دەیان سالّی دی عەرەب نەشیان هێز و حوكمی خۆیان بە تەواوەتی بچەسپێنن، بەتایبەت دوای ئەوەی خیلافە دووچاری زنجیرەیەك كێشە و قەیرانی ناوخۆیی بووە و شەڕی خوێناویی خۆبەخۆیی لێكەوتەوە و هەزاران موسلّمانی كردە سوتەمەنی، وا دیارە كوردەكان سوودیان لەم دۆخە ئالۆزە وەرگرتووە و كاریان بۆ گرتنەوەی ناوچەكانیان كردووە، لە ماوەی ململانێی نێوان خەلیفە عەلی و معاویەدا، كورد شارەزوری گرتەوە، بەلأم زانیاریمان لەسەر ئەم بزاڤە تەنها كورتە هەوالّێكە، ئەوەبوو هێزێكی خەلیفە عەلی لە دەسكەرەوە رووی كردە شارەزور و كەوتە شوێن كوردان و بۆ ناو كێوەكان دووری خستنەوە، لە دینەوەریش كوردان بە بزاڤێك رابوون، لێرەش بەتوندی سەركوت كران و بەگوێرەی هەوالّێك ژمارەیەكی زۆریان لیّ هاتەكوشتن[2].

لە كۆتاهی ئەم بابەتە دەمەوێت بلّێم كە دوو هاوڕیّ و هاوپیشەمان بیّ رەچاوكردنی بێلایەنی، لە فەتحكردنی كوردستان دوواون و شەڕە خوێناویەكانی جەلەولا و نەهاوەند یان بە"سەركەوتن" و "سەركەوتنێكی گەورە" و "سەركەوتنی لوتكە" ژماردووە و یەكەمیان سوپای كورد و فارسی لە شەڕی جەلەولا بە(الحشود المعادیة) داناوە[3]، خۆزگە هاوكات لەتەك ئەم بابەتەی من، ئەوەی ئەوانیش دەخوێندرایەوە و خوێنەری هۆشیار و چاوكراوە بەراوردی دەكردن و راستی و رەوانیی ئەم پرسە هەستیارەی لەكن خۆیا دەبوو.

---

(١) فتوح البلدان، ص٣٠٣، تأريخ الطبري، ٤/١٦٠- ١٦١. بگەڕێوە بۆ بابەتی یەكەم: گەهیشتنی عەرەبە فاتحەكان بە كوردستان

(٢) أنساب الأشراف، ٢/٤٩٧، ٥/٥٣٥.

(٣) بڕوانە: فرست مرعي، الفتح الإسلامي لكُردستان، ص ١١٢، ١٢٤، ١٨٧، أحمد میرزا میرزا, إنتشار الإسلام في كوردستان، وەرگێڕدراوی كوردی: بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە كوردستان، ل١٧-١٨.

## ﻫ ـ گرتنی لوڕستان و خوزستان(الأهواز):

لەمیانەی فەتحکردنی لوڕستان و خوزستان دا، عەرەبە فاتحەکان رووبەڕووی بەرگریەکی توند و کەموێنەی دانیشتوان بوونەوە، کوردەکانی بـیرود وئیزە ـ ئیدج[1]پتر لە هەر شوێنێکی دیی کوردستان جەنگان و بەرگرییان کرد و ئیدج پاش شەڕێکی سەخت داگیر کرا[2] و گرتنی یەکجاریی خوزستان دواکەوت بۆ ساڵی ٢٣ك/٦٤٤ز و هەوڵەکانی پێشتر شکستیان هێنا و ئامانجیان نەپێکا.

ساڵی١٧ك/٦٣٨ز و لەسەر خواستی ئەبوموسا(ابوموسى الأشعري)، خلیفە عومەر فەرمانی دا بەشێك لە هێزە مۆڵخواردووەکانی کوفە و جەلەولا بجولێن و پەیوەندیی بە هێزەکانی بەصراوە بکەن، پاش زنجیرە شەڕێکی خوێناوی شوشتەر و چەند شوێنێکی دی داگیر کران و دوو صەحابیی فەرماندەش کوژران:(البراء بن مالك)[3] و (مجزأة بن ثور)، بەپێی ئاخافتنی هەواڵزانان نزیکەی هەزار کەس لە دوژمن کوژران و شەشسەدی دیش بەدیل گیران، ئەبوموسا ئەوانیشی ریز کرد و یەك یەك ملی پەڕاندن[4]، لە بەرەیەکی دیکەی شەڕەکانی خوزستاندا، صەحابی(شريح بن عامر) کوژرا و صەحابی(عون بن جعفر بن أبي طالب) لە توشتەر بە جوانەمەرگی سەری نایەوە[5].

هەر بە بڕیاری عومەر، صەحابی(الجارود العبدي) ساڵی٢٢ك/٦٤٣ز رەوانەی هەرێمی فارس کرا و رۆژێکیان لە یاوەرانی دابڕا و لە ئاسۆگایەك دا کەوتە داوی کوردانەوە و کوژرا و شوێنەکە ناونرا(عقبة الجارود)[6].

لە درێژەی شەڕەکانی خوزستان، عەرەبە فاتحەکان ساڵی ٢٣ك/٦٤٤ز گەهیشتنە بـیرود، خەڵکانێکی زۆر لە کورد و خەڵکی هەرێمی فارس بە هاوارەوە هاتن و خۆیان بۆ

---

(١) لە دەقە عەرەبیەکاندا ناوی ئەم دوو شارۆچکەیە بە(بيروذ و إيذج)هاتووە.

(٢) فتوح البلدان، ص٣٧٥.

(٣) برای(أنس بن مالك) بوو.

(٤) تأريخ خليفة، ص١٢٦–١٢٧، الأخبار الطوال، ص١٢٤.

(٥) ابن حجر العسقلاني، الإصابة في تمييز الصحابة، ٢٧٢/٣، ٦١٩/٤.

(٦) فتوح البلدان، ص٣٨١، إبن الأثير، أسد الغابة في معرفة الصحابة، ٤٩٨/١.

بەرگری ساز و ئامادەکرد[1]، لە مانگی رەمەزان و لە جێگایەکی نێوان روباری تیرا و شەڕێکی خوێناوی بەرپابوو، ئەبوموسا بڕیاری دابوو هەر کەسێك بچێتە جیهاد دەبێت رۆژووی بشکێنێت، لێرەش فەرماندە(المهاجر بن زیاد)کوژرا، (الربیع بن زیاد)ی برای کوژراو، پاشوەخت ناوچەکەی گرت وتالآنی کرد و خەڵکەکەی دەستبەسەر کرد و کردنیە دەستکەوتی جەنگ، ئەبوموسا کەنیزەیەك و شەش خولامی بۆ خۆی گلدایەوە و پێنجیەکی نارد بۆ خەلیفە[3].

هەر لەمیانەی ئەم پێشڕەوی و پەلهاوێشتنە، سەلەمەی کوڕی قەیس بە فرمانی راستەوخۆی خەلیفە عومەر، ساڵی٢٣ك/٦٤٤ز هاتە کوردستان و لە شوێنێك تووشی دوژمنە کوردەکان"عدواً من الأكراد المُشركين"هات، بەگوێرەی راسپاردەی خەلیفە، داوای لێکردن ببنە موسڵمان یان سەرانە بدەن، کوردەکان هەردوو پێشنیارەکەیان رەتکردەوە، ئەویش شەڕی لەگەڵ کردن و ژمارەیەکی لێکوشتن و ژنان و کچانیانی دەستگیرکرد و هەرچی ماڵ و کەلوپەلیان هەبوو بە دەستکەوت گرت[4]، لەنێو کەلوپەلی تالآنکراو دا، خشڵێکی دەگمەن و ناوازە و بەهاداری لەناو پریاسکەیەك(سفط) دۆزیەوە و وەك دیارییەکی گرانبەها لەگەڵ مزگێنیی سەرکەوتن بە نێردەیەك دا بۆ خەلیفە عومەری نارد و کاتێك پارچە(فصوص)ی کەسك و زەرد و سوری خشڵەکەی بینی کە بەهای هەریەکێکیان بیست هەزار درهەم بوو، راپەڕیە سەرپێ و هەردوو دەستی خستەسەر کەمەری و گوتی:"دیارە خودا هێشتا زگی عومەری تێر نەکردووە". خەلیفە عومەر لەم کارەی عەرەبە فاتحەکان پەست و توڕە بوو و خشڵەکەی بۆ گەڕاندنەوە تا بەسەریان دا دابەش بکرێت[5].

---

(١)"إجتمع ببيروذ جمع عظيم من الأكراد وغيرهم". تأريخ الطبري، ١٨/٤.

(٢) ئەم دوو شوینە (نهر تیرا و مناذر) پێکەوە ناویان دێت و دەکەونە نزیك ئەهوازەوە.

(٣) فتوح البلدان، ص٣٧٠–٣٧١، تأريخ الطبري، ١٨٤/٤–١٨٥.

(٤) (سلمة بن قيس الأشجعي) بەخۆی گێڕاویەتەوە :" فَقَاتَلْنَاهُمْ فَنَصَرَنَا اللّهُ عَلَيْهِمْ، فَقَتَلْنَا الْمُقَاتِلَةَ، وَسَبَيْنَا الذُّرِّيَّةَ، وَجَمَعْنَا الرِّثَّةَ"، تأريخ الطبري، ١٨٧/٤–١٨٨.

(٥) تەبەری لە ژێر ناونیشانی"ذكر خبر سلمة بن قيس الأشجعي والأكراد" بە درێژی باسی ئەم رووداوە دەکات . تأريخ الطبري، ١٨٧/٤ـ١٨٩، الكامل، ٣٩/٣.

خەڵکی ئیدج و کوردانی ناوچەکە[1] بەردەوام بوون لە بەرگری و خۆیان بەدەستەوە نەدا و لە سێهەمساڵی خیلافەتی عوسمانی کوڕی عەففان(٢٤ـ٣٥ك/٦٤٥ـ٦٥٦ز) لە دەسەڵاتی ئیسلامی هەڵگەڕانەوە، (ابوموسی الأشعري) والیی بەصرا جاڕی جیهادی دا، هەر بەهۆی ئەم هەڵگەڕانەوەیە خەڵکی بەصرا لە والیی ناوبراو توڕەبوون و خەلیفەیان ناچارکرد لە پۆستەکەی لای بەرێت[2].

و- گرتنی داسن و هەکاری و هەولێر:

هەردوو دەڤەری داسن و هەکاری- بەهدینان و شەمزینان- هاوسنوری موصڵی ناوەندی هەرێمی جەزیرە بوون، بۆیە راستەوخۆ و هەر ساڵی٢٠ك/٦٤١ز هاتنەگرتن.

تەنها کورتە هەواڵێك لەمەڕ فەتحکردنی قەڵا و شارۆچکە و گوندەکانی دەڤەری داسن و هەکاری و هەولێر هاتووە و دەری دەخات کە بە دەست میرانی کوردەوە بووە و هێزی نیزامیی وەهای تێدا جێگیر نەکرابوو، عوتبەی کوڕی فەرقەد گوندەواری المرج- مێرگ[3] و خاکی باهەدرا[4] و باعەدرا و المغلة(؟)[5] و داسن و هەموو بارەگای کوردانی گرت، ئەم شاڵاوە قەڵا و گوندەواری حەززەی نزیك هەولێر و بابەگێش و چیای سلق(السلق)[6] یشی گرتەوە[7].

---

(١) لە (تأريخ ابن خلدون، دار الفكر (بيروت:١٩٨٨)، ٥٧٧/٢) و چاپەکانی دیدا، (أهل إيذج والأكراد) بە هەڵە کراوە بە(أهل آمد والأكراد).

(٢) تأريخ الطبري، ٢٦٥/٤، الكامل ٨١/٣.

(٣) واتا ناوچەکانی بەردەڕەش و گۆرانەتی لە دەڤەری ئاکرێ.

(٤) واتا دەشتی سێمێل تا دهۆك.

(٥) لە رووداوەکانی ساڵی ٢٨٢ك/٨٩٥ز ناوی ئەم شوێنە هاتووە و نزیك زێی گەورە بوو. الكامل، ١٤٨/٦.

(٦) چیای سلق دەکەوتە باکور و رۆژهەڵاتی هەولێرەوە.

(٧) البلاذري، فتوح البلدان، ص٣٢٧– ٣٢٨، ابن الفقيه، مختصر البلدان، ص١٢٣–١٢٤، الكامل، ٤٨٣/٢– ٤٨٤.

له زاری خەڵکی بابەگێشەوە هاتووە کە ئەو دەمەی موسڵمانەکان گەهیشتنە ناوچەکە، خەڵکی گوندێك کە رەنگە رەزان یان رێزان بێت(؟)، جەژنیان بوو و لە قەڵاکەیان هاتبوونە خوارەوە و خەریکی ئاهەنگگێڕان بوون، لە ناکاو دایان بەسەریاندا و قەڵاکەیان داگیر کرد[1].

## ز- گرتنی هەرێمی جەزیرە:

زۆربەی شار و بازێڕەکانی هەرێمی جەزیرە بە رێککەوتن و بەشێوەیەکی ئاشتیانە و بەبێ شەڕ و بەرگری خۆیان دا بەدەستەوە، بەڵام بۆچوونەکان لەسەر مێژووی گەهیشتنی عەرەبە موسڵمانەکان بە خاکی جزیرە، بەسەر ساڵەکانی(١٧ك/٦٣٨ز، ١٨ك/٦٣٩ز، ١٩ك/٦٤٠ز) دابەش دەبن، سەرچاوەکان لەوەش یەکناگرنەوە داخۆ عەبیاز (عیاض بن غنم) لە تەوەری عێراق- کوفەوە یان لە تەوەری شامەوە هێرشی هێناوە و دەستی بەسەر هەرێمی جەزیرەدا گرتووە.

راستتر ئەوەیە عەبیاز لە تەوەری شامەوە و بە فرمانی ئەبوعوبـەیدە (أبوعبـیدةبن الجراح) و بە یاوەری چەند سەرکردەیەکی دی لە شامەوە بەرەو جەزیرە هەڵکشاوە و لە باشورەوە شار بە شار و ناوچە بە ناوچەی گرتووە، دەمێك ئەبوعوبـەیدە بە پەتای لاپەشەی عەمواس ساڵی١٨ك/٦٣٩ز مرد، عەبیاز بە پێنج هەزار جەنگاوەرەوە سەرگەرمی پرۆسەی فەتحکردن بوو[2] و لە ساڵانی(١٨-٢٠ك/٦٣٩-٦٤١ز) شیبیا بە ساناهی و بێ شەڕ و لێکدانی قورس شار و بازێڕەکانی سنجار- شنگار[3]، نەصیبـین، میافارقین، ماردین، تورعابدین، قردا- جەزیرەی بوتان، بازبدی- گوندی بازفتێ، ئامەد، بەدلیس، ئەرزن، خەلات، دەڤەری زۆزان تا قوولایی خاکی ئەرمینیا بگرێت، پاش ئەوەی دانیشتوانی هەر یەك لەم شوێنانە دوای سوکە بەرگریەك خۆیان رادەست کرد و رازی بوون ساڵانە باجی سەرانە بدەنە عەرەبەکان بەو مەرجەی ئەوانیش موڵك و ماڵ و سامانیان بپارێزن و کاری کوشتن و

---

(١) فتوح البلدان، ص٣٢٨.

(٢) تأريخ خليفة بن خياط، ص١٣٠-١٣١، فتوح البلدان، ص١٧٦-١٧٧، تأريخ اليعقوبـي، ٢/١٠٣-١٠٤.

(٣) حەمزەی ئەسپەهانی(م:٣٦٠ك/٩٧٠ز) دەڵێت سنجار بەعەرەبیکراوی سنکار- سنگارە، معجم البلدان، ٣/٧٨.

بڕین و تالآنی ئەنجام نەدەن، بەگوێرەی دوو هەواڵ، شار و ئاوەدانیەکانی جەزیرە بە ئاشتی و پێکهاتن کەوتنە دەست فاتحەکان، کەچی خاکەکەی بە شەڕ[١].

بەم شێوەیە لە ماوەیەکی کورتدا سەرپاکی هەرێمی جەزیرە کەوتە ژێر رکێفی خیلافەی ئیسلامییەوە و بۆیە دەگوترا "شوێنپێیەك لە خاکی جەزیرە نەما بە دەستی عەییاز و لە سەردەمی خەلیفە عومەر فەتح نەکرابێت". شێخێکی خەڵکی جەزیرە گێڕاویەتەوە کە هەر شارێك بە رێککەوتن بگیرایە ئەماننامەیەکی بۆ دەنوسرا[٢].

لە راستیدا رێژەیەکی بڵند لە دانیشتوانی جەزیرە و لەوانەش کورد، نەصرانی-مەسیحی بوون و بەتریکیان[٣] هەبوو، ئەوەبوو هەردوو بەتریکی زۆزان و خەلات چوونە کن عەییاز و لەگەڵیدا رێك کەوتن[٤].

بەگوێرەی بەندەکانی رێککەوتنامەکان، موسڵمانان باجیان دانابوو لەسەر هەرچی سامان و کەلوپەل و بەروبووم هەیە، تەنانەت پشکی خۆیان لە زەیت و سرکە و هەنگوین و خواردەمەنیش دەسەند، پاشان باری سەرشانیان سوککرا و دەبوو سالآنە دەوڵەمەندەکان چل و هەشت درهەم و چینی ناوەند بیست و چوار درهەم و کەسانی هەژار و دەستکورتیش دوازدە درهەم باجی سەرانە بدەن، وێڕای ئەوەی لە ئەستۆی هەر یەکێك بوو سەرباری سەرانە، سالآنە ربەیەك گەنم و دوو قست - پشك زەیت و دوو پشك سرکە بدات[٥].

خەلیفە عومەر حیسابی جیای بۆ عەجەمی جەزیرە و عەرەبەکەی کرد و هەریەکەو والیی سەربەخۆی بۆ دانان، کە عەییاز ساڵی ٢٠ك/٦٤١ز مرد، حەبیبی کوڕی مەسلەمە دانرا بە والیی عەجەمی جەزیرە و فەرمانی پێدرا درێژە بەشەڕی فەتح بدات و(الولید بن عقبة) کرا بە والیی عەرەبی جەزیرە[٦].

---

(١) تأريخ خليفة بن خياط، ص١٣٠-١٣١، فتوح البلدان، ص١٧٩.

(٢) تأريخ خليفة بن خياط، ص١٣١.

(٣) بەتریك پەیڤێکی لێکدراوی گریکییە بە واتای باوکی رێبەر(الأب الرئيس).

(٤) فتوح البلدان، ص١٧٩-١٨٠.

(٥) القاضي أبو يوسف، الخراج، ص١٣٥، فتوح البلدان، ص١٨٢.

(٦) ابن شداد، الأعلاق الخطيرة، ٣/١٠.

### ح- گرتنی هەرێمی ئازەربیجان:

دەربارەی فەتحکردنی ئازەربیجان، دەنگوباس و بەسەرهاتی جۆربەجۆری پڕ زانیاری لەبەردەست دان، هەواڵزانان زانیاریی جیاواز دەگێڕنەوە چ دەربارەی مێژوو و چۆنیەتی فەتحکردن و چ دەربارەی ناوی فەرماندە بەشداربووەکان و بەرەکانی هێرشبردنە سەر هەرێمەکە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئازەربیجان هەرێمێکی بەرفرەیە و دەیان شار و بازێڕ و قەڵا دەگرێتەخۆ کە ماوەیەکی درێژی دەخواست داگیربکرێن و بە چەند قۆناغێك ئەوجا سەرپاکی هەرێمەکە کەوتە ژێر رکێفی موسڵمانەوە و خەڵکەکەی هەمیشە لە والییەکان هەڵدەگەڕانەوە و دووبارە سەرکوت دەکرانەوە و ساڵانە لەشکرکێشییان دەکرایە سەر و پرۆسەی فەتحکردنیش تا سەردەمی خەلیفە عوسمان نەبڕایەوە.

لە راستی دا ئازەربیجان لە دوو بەرەوە کەوتەبەر شالاوی لەشکری ئیسلامی، تەوەری نەهاوەند و چیاکان لە باشورەوە بە سەرکردایەتی حوزەیفە(حذيفة بن اليمان) و تەوەری موصڵ و شارەزور بە سەرکردایەتی عوتبەی کوڕی فەرقەد، کەچی هەواڵزانانی دی دەڵێن(المغيرة بن شعبة) ساڵی٢٠ك/٦٤١ز یان ٢٢ك/٦٤٣ز راستەوخۆ لە کوفەوە هێرشی بردە سەر ئازەربیجان و دوای ماوەیەك دانیشتوانەکی هەڵگەڕانەوە[1]، وێڕای چەند ریوایەتێکی دی[2].

دەکرێت بێژین ئەم دەنگوباس و بەسەرهاتانە تەواوکەری یەکدین و کورتی و ناتەواویی یەکدی پڕدەکەنەوە، بەشەکانی خواروو و رۆژهەڵاتی ئازەربیجان لە تەوەری نەهاوەند و ناوچەکانی رۆژئاواوی گۆلی ئورمێ و شارەکانی سەلماس و ئورمێ کە زیادتر کوردنشین بوون لە تەوەری موصڵ و شارەزورەوە کەوتنەبەر هێرشی عوتبە و داگیر کران، ئەمەش لە ساڵانی(٢١-٢٢ك/٦٤٢-٦٤٣ز)یەوە تا سەردەمی خەلیفە عوسمان درێژەی کێشا.

---

(١) فتوح البلدان، ص٣٢١-٣٢٤، تأريخ اليعقوبي، ١٠٨/٢، تأريخ الطبري، ١٥٣/٤-١٥٤.

(٢) حوکمی هەڵگەڕانەوە و دەستبەردان لە ئیسلام وەرگرتنی سەرانە(جزية) نیە، بەڵکو کوشتنی پیاوان و سەبیکردنی ژنان و منداڵانە، القاضي ابو يوسف، الخراج، ص١٤٢.

به گوێرەی ریوایەتێکی لاواز، عوتبە ساڵی١٨ك/٦٣٩ز گەهیشتۆتە ئازەربیجان و بە نوسراوێك خەڵکەکەی دڵنیاکردووە کە موسڵمانان دەستدرێژی ناکەنە سەر گیان و موڵکیان[١].

دوای شەڕە مەزنەکەی نەهاوەند، زۆربەی جەنگاوەران بە دەستکەوت و تاڵانییەکی گرانبەهاوە گەڕانەوە شوێنی خۆیان و تەنها کوفەییەکان لە خزمەت حوزەیفە مانەوە، لەم کاتەدا خەلیفە عومەر فرماننامەیەکی نارد سەبارەت بە راسپاردنی حوزەیفە بە هێرشبردنە سەر ئازەربایجان، ئەویش بە سوپایەکەوە بەرەو مەبەست کەوتەڕێ و رووبەڕووی بەرهەنگاریی لەشکری ساسانی بووەوە، پاش شەڕێکی گەرم لەگەڵ مەرزەبان- والیی ئازەربیجان لەسەر چەند خاڵێك رێککەوتن و ئاگربەستیان راگەیاند:

- خەڵکی ئازەربیجان ساڵانە هەشتسەد هەزار درهەمی عەیار هەشت وەك سەرانە بدەن.

- موسڵمانان رانەبن بە کوشتن و رفاندنی خەڵکی و ئاگرخانەکانی زەردەشتی کاول نەکەن و نەچن بەگژ کوردانی بلاشجان و سەبلان و ساترودان[٢] و زیانیان پێ نەگەهێنن و رێگا لە دانیشتوانی شیز- شاری پیرۆزی زەردەشتیان- نەگرن لە سەما و هەڵپەڕکێ(الزفن) و ئاهەنگێڕان لە کاتی جەژن و رێوڕەسمە ئایینیەکاندا[٣].

پاش ماوەیەك بە بڕیاری عومەر، حوزەیفە لابردرا و عوتبەی کوڕی فەرقەد ئەم ئەرکەی گرتە ئەستۆ، ئەمیش لە شارەزورەوە کەوتەڕێ و لەبان چیای سلقەوە چووە سەر ئورمێ و خوی و سەلماس و حُور(؟)و داگیری کردن[٤].

دواتر عوتبەیش لەکار خرا و خەڵکی ئازەربیجانیش دوای کوژرانی خەلیفە عومەر پێگیرییان بە پێکهاتنکە ناکرد، هەرچەندە شەش هەزار جەنگاوەر لە مۆڵگا و سەربازگاکان جێگیرکرابوون، خەڵکەکە بە هۆی بەرزیی رێژەی سەرانەی سەپێندراو، نەدەشیان ساڵانە سەدان هەزار درهەم دابین بکەن و لە دەسەڵات هەڵدەگەڕانەوە، بۆیە (الولید بن عقبة) دوای

---

(١) تأريخ الطبري، ٤/١٥٥، ابن الجوزي، المنتظم، ٤/٢٥٣.

(٢) ئەم کوردانە مەڕدار و رەوەند بوون.

(٣) فتوح البلدان، ص٣٢١.

(٤) فتوح البلدان، ص٣٢٢–٣٢٧.

ئەویش (سعید بن العاص) والیی ئەرمینیا بە فرمانی خەلیفە عوسمان ماوە ماوە بە سوپایەکی چەند هەزاریەوە هەڵیان دەکوتایە سەر هەرێمەکە و سەرانەکەیان لیّ وەردەگرتنەوە و خاڵی یەکەمی ئاگربەستەکەیان بەسەر دەسەپاندنەوە، وەك هێرشەکانی ساڵانی (٢٤ك/٦٤٥ز، ٢٦ك/٦٤٧ز، ٢٨ك/٦٤٩ز، ٢٩ك/٦٥٠ز)[1].

**ط- ئەنجام و دەستکەوتی فەتحی کوردستان:**

بە بڕانەوەی پڕۆسەی فەتحکردنی شار و بازێڕە کوردنشینەکان، نیشتمانی کورد- کوردستان- کەوتە ژێر رکێفی عەرەبە موسڵمانەکانەوە و کرا بە پارچەیەك لە قەڵەمڕەوی خیلافەی ئیسلامی و لەلایەن بەرپرسانی خیلافەوە لە والی و نوێنەر و باجگر بەڕێوە دەبرا، تا کۆتاهی خیلافەتی عوسمان ئەمانە والیی شار و ناوچە کوردنشینەکان بوون:

- حکیم بن سلامة الحزامي- موصلّ(بە شارەزور و هەکاری و جەزیرەوە).
- الأشعث بن قيس الكندي- ئازەربیجان.
- عتيبة بن النهاس العجلي- حلوان.
- مالك بن حبيب اليربوعي - ماە(دینەوەر و نەهاوەند).
- حبيش بن دلجة القيني- ماهسەبتان[2].

شار و ئاوەدانییە کوردنشینەکان یان پاش شەڕ و کوشتار گیران(شارەزور و هەرێمی، چییا) یان بە رێککەوتن و سەرانەدان فەتح کران(ئازەربیجان و جەزیرە) و لە هەردوو حاڵەتەکەدا، کورد نەخاسمە کوردانی رەوەندی و رەشماڵنشین نەبوونە موسڵمان و لەسەر بیروباوەڕ و ئایینی دێرینی خۆیان مانەوە و ئەم رەوشە بە گۆڕانێکی کەم و هێدیەوە دوو سەدەیەکی کێشا[3]، هاوتەریب لە ژێر سایە و هەژموونی دەسەڵاتی سیاسی و لەشکری و کارگێڕی و قەزائی عەرەبیی ئیسلامی دا، فیقە و کەلتور و زانستی ئیسلامی و زمان و

---

(١) بڕوانە: تأريخ خليفة بن خياط، ص١٦٦، فتوح البلدان، ص٣٢٣، تأريخ الطبري، ٢٤٦/٤، الذهبي، تأريخ الإسلام، ٣١٥/٣، ٣٢٤، ٣٢٦.

(٢) تأريخ الطبري، ٦٩٣/٢.

(٣) بگەڕێوە بۆ بەشی سێهەم، تەوەری پێنجەم(٣-٥).

ئەدەبیات و رۆشنبـیریی عەرەبی وردە وردە بڵاووبونەوە و شوێنپێی خۆیان کردەوە، گەلی کوردیش بە گشت چین و توێژەکانیەوە، ملیان بۆ ئەمری واقیع دا و بەرە بەرە دەستبەرداری بـیروباوڕی خۆیان بوون و بڕوایان بە ئایینی نوێ هێنا، بە ئاخافتنێکی دی، کورد نە لە ترسی نێزە و شمشێر و نە بە ئاشتی و خۆویستانە بوونە موسڵمان، بەڵکو لە ئاکامی پڕۆسەیەکی درێژخایەن دا و بە راهاتن و خۆگونجاندن بوونە موسڵمان.

کورد بە موسڵمانبوونەوە نەوەستا و سەدەیەکی نەبرد لەخۆی گۆڕا و بە یەکجاری رادەستی بیروڕا و لێکدانەوەی قوتابخانەی مێژوویی عەرەبی ئیسلامی بوون و تەواو بڕوایان بەو ئەفسانە و حیکایەتە پڕوپوچانە هێنا کە پاش پایەداربوونی عەرەب و ئیسلام، دەربارەی نەژاد و رەگوڕیشەی نەتەوە و میللەتان هەڵبەستران و رەواجیان پێدرا و خوێندەواران و شارەزایانی کورد، ئەوانەی بە گوتەی ئاخافتنی مەسعودی (م:٣٤٦ك /٩٥٧ز)"مِمَن لَهُم الدراية"، شانازییان بەوەوە دەکرد کە بە رەچەڵەك عەرەبی قەحتانی یان عەدنانیین و نەوەی کەسایەتییە وەهمیەکانی نێو مێژووی دارماڵ لە خورافاتی عەرەبن[١]، ئەم لاف و گەزافە تا سەدەیەك لەمەوبەریش بازاڕی گەرم بوو و لای روناکبیرانی کورد وەك راستییەکی رەهای لێهاتبوو، هەر ئەم گەوجاندن و چەواشەکاریەش بوو، نەمر محەمەد ئەمین زەکی(١٨٨٠ـ١٩٤٨)ی زۆر سەغڵەت کرد و هانی دا بڕیار بدات بکەوێتە سۆراخی"ئەم مەعمەعەیە"و مێژووی کورد و کوردستان بنوسێتەوە[٢].

هەر لەمیانەی پێکدادان و شەڕە خوێناویەکانی جەلەولا و نەهاوەند و خوزستان، فاتحەکان کە دەستیان لە هیچ ناپاراست[٣]، بە هەزاران کەسیان لە هەردوو رەگەز بەدیل

---

(١) المسعودي، التنبيه والأشراف، ص٧٨، مروج الذهب، ٢/ ١٠٨، ديوان حكيم قطران تبريزى، ص٣٣، العماد الأصفهاني، خريدة القصر وجريدة العصر، قسم شعراء الشام، ٥٤٢/٢. و بڕوانە بەشی چوارەم، بابەتی میرنشینی رەوادی، برگەی(ب).

(٢) خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان(بەغدا:١٩٣١)، ل١.

(٣) الدينوري، الأخبار الطوال، ص١٢٥، ابن الجوزي، المنتظم في تاريخ الملوك و الأمم ، ٢٧٥/٤. عەرەبەکان هەندە سادە و ندیوبدی بوون ، لە مەدائین بۆ یەکەم جار تۆوی رووەکی کافوریان دیت و بردیان و وایان زانی

گرت و به دەستكەوتى شەڕ هەژمار كران، ئەمە وێڕای تاڵانكردنى موڵك و ماڵ و خشڵ و كەلوپەلى ناوازە و گرانبەهاى دانیشتووانى دەڤەرە فەتحكراوەكان كە نرخیان بە دەیان ملیۆن درهەم خەمڵێنراوە[1].

قەعقاعى كوڕى عەمر پاش ئەوەى بازێڕەكانى جەلەولا و حلوان و خانەقین و قەصرى شرینى گرت و گشت ناوچەكەى كۆنترۆڵ كرد، كچانى پاكیزە و ژنانى ئازادى دەستبەسەر كرد كە دەبوو لەگەڵ سەرجەم دەستكەوتەكان دا دابەش بكرێن[2]و پێشتر هەرگیز دەستكەوتى وا چەور و مەزنیان بەرچاو نەكەوتبوو، پاشان ناردنى بۆ هاشمى كوڕى عوتبە و ئەویش دابەشى كردن بەسەر جەنگاوەران دا، ئەوانیش كردیانن بە كەنیزە- جارییەى خۆیان[3]و بە فرمانى عومەر، سەعدى كوڕى ئەبى وەقاص(نضلة بن معاوية الأنصاري)ى لە قادسیەوە ناردە حلوان، ئەویش بە سێسەد سوارەوە هات و كەوتە كێوماڵى دێهاتەكانى دەوروپشتى حلوان و ئامانجى پێكا و گەلێك دەستكەوت و سەبایەى چنگ كەوت و خڕى كردنەوە و خستنیەڕێ و وەك مێگەل دەیهاژووتن تا دەمى نوێژى عەصر هات، ئەوجا لایى دانە بان بەرزاییەك و بەخۆى رابوو و بانگى(الله أكبر الله أكبر)ى دا[4].

ئەم هەواڵانە راستن و ناكرێت هاشا و نكوڵییان لێ بكرێت و ئەو زانیاریە كەمانەى وا لابەلا و بە رێككەوت لەدور ئەم مژارە هاتوون، پشتڕاستى دەكەنەوە و چەخت دەكەنەوە

---

خوێیەودەیانكرد بە گۆشتەوە و دەیانخستە نێو مەنجەڵەوە، القاضي أبو يوسف، الخراج، ص٤٠، فتوح البلدان، ص٢٦٣.

(١) بۆ پتر پێزانین بگەڕێوە بۆ: الجوزجاني، سنن سعيد بن منصور الجوزجاني، ٢٨٨/٢، ابن إبي شيبة، مصنف ابن أبي شيبة، ٤٦٧/٦، ٤٨٩، ٥٢٠، ٥٥٦–٥٥٧، ١١٢/٧، تأريخ خليفة بن خياط، ص١٣٧، ابن أبي حاتم، تفسير القرآن العظيم، تحقيق: أسعد محمد الطيب(السعودية: ١٤١٩هـ)، ٦٠٧/٢.

(٢) الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٢١١.

(٣) "وأصاب القعقاع سبايا فأرسلهن إلى هاشم، فقسمهن، فأتخذن فولّدن في المسلمين "، تأريخ الطبري، ٢٨/٤، الكامل، ٤٨١/٢.

(٤) البيهقي، دلائل النبوة، ٤٢٥/٥.

**که ژمارەی کچانی پاکیزەی دیلکراو و رفێندراو(السبي) [1]ی شەڕی جەلەولا کەم نەبوو[2] و پاش ئەوەی پێنجەیەکیان لێ جوداکرایەوە و بە(الأسود بن قطبة) دا بۆ خەلیفە عومەر رەوانە کران[3]، بەسەر جەنگاوەران و هەڤاڵانی دڵسۆز دا دابەشکران[4]، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص پێشتر پێنج کەنیزەی لە پشکی پێنجەیەك فرۆشتبوو، عومەر بەمەی زانی و لێپێچینەوەی لەگەڵ کرد ولێی پرسی چیت لێکردوون؟، ئەویش گوتی ترسام موسڵمانان ئاڵودە(إفتتان) بن پێیانەوە و فرۆشتمن و پارەکەیم لە موسڵمانان خەرجکرد[5].**

**دیارە پێنج شەش لەم کەنیزانە چارەنووسیان دیارە و دەناسرێنەوە، لەوانە دایکی شاعیر(أعشى همدان:م٨٣ك/٧٠٢ز)[6] و دایکی تابعیی ناودار(عامر الشُعبي)[7] کە بەخۆی**

---

**(١) السَّبْيُ والسِّباءُ: دیلکردن، گرتن و بەکۆیلەکردنی ژنانی خەڵکانی دوژمن لە دەمی شەڕدا، ژنی دیلکراو بە(السبي) ناو دەبران چونکە ژنان دڵی پیاوان دیل و کۆت دەکەن. ابن منظور، لسان العرب، دار المعارف(القاهرة: بلا)، ٣/١٩٣٢-١٩٣٣. لە کتێبی (فتوح البلدان) دا دەیان جار باسی سەبیکردن کراوە. بۆ پتر پێزانین بگەڕێوە بۆ: شادى إبراهيم عبدالقادر، السبي في صدر الإسلام، رسالة ماجستير، جامعة النجاح الوطنية (نابلس:٢٠١٠).**

**(٢) بەڵێ ژمارەیان کەم نەبوو، بەڵام هەندە زۆریش نەبوو وەك کەسانی ناشەرەزا و ناپسپۆر لەخۆیانەوە ژمارەیان بە چل هەزار دەیخەملێنن، دیارە ئەمانەیش هاوشێوەی خوێندەوار و نوسەرە ئیسلامییەکان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی راستبێژی و پەیڕەوکردنی میتۆدی زانستی دەدوێن و دەنوسن و مەبەستی راستەقینەی هەردوو لایان ئاشکراکردنی راستی و حەقیقەتی شتەکان نیە، بەڵکو مەرام و ئامانجی دیکەیان هەیە.**

**(٣) الدارقطني، المؤتلف والمختلف، ٢١٣٩/٤، إبن حجر، الإصابة في تمييز الصحابة، ٣٤٠/١.**

**(٤) فتوح البلدان، ص٢٦٣.**

**(٥) البلاذري، أنساب الأشراف، ٢١/١٠.**

**(٦) (المختار بن أبي عبيد الثقفي) دەیگوت جوبرائیل هاوشێوەی ئایەتەکانی قورئان وەحیم بۆ دەهێنێت و بە قسەی سەجعدار هەڕەشەی لە نەیارانیی وەك (كثير بن شهاب) و شاعیر(أعشى همدان) دەکرد و توانجی لێ دەدان و دەرهەق (أعشى) دەیگوت: "ورب البلد الأمين. وحرمة طور سينين. لأقتلن الشاعر الهجين. أعشى الناعطيين. وسوء برق البارقين. ابن الأمة جلولاء خانقين"، أنساب الأشراف، ٤٠٣/٦. (أعشى همدان) لە تیرەی (الناعطيين)ی هۆزی هەمدان بوو و ژنبەژنێی لەگەڵ (عامر الشُعبي)کردبوو و خوشکی یەکدیان خواستبوو.**

**(٧) ناوی تەواوی: ابوعمرو عامر بن شراحيل بن عبد ذي كبار الشُعبي الحميري(ت:١٠٤ك/٧٢٣ز).**

دەیگوت ئەمن لەدایکبووی ساڵی جەلەولام[1] و ژنێکی(عُمران بن الفضیل)[2]، کچێکی نازداری خێر لەخۆنەدیوو و بەدبەختیش بووبووە پشکی صەحابی عەبدوڵای کوڕی عومەر کە بەخۆی گوتوویەتی کەنیزەیەکی شەڕی جەلەولای وەبەر کەوتووە و هەندە جوان و گەردن زیویین بووە، خۆی پێڕانەگیراوە و پڕی داوەتێ و بە بەرچاوی خەڵکییەوە کەوتۆتە ماچکردنی[3].

خەلیفە عومەر بەخوێشی پشکی لە کچە بەکەنیزەکراوەکانی جەلەولا هەبوو و لەسەر خواستی خۆی، ئەبوموسا(أبوموسى الأشعري) یەکێکی بۆ پەیداکرت و خواستی و دیارە جوان و پڕ بەدڵی بووە و خۆشی ویستووە، پاشان بە تەماع و ئومێدی ئەوەی حوکمی ئایەتی﴿لَنْ تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّى تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ﴾[4] بیگرێتەوە، ئازادی کرد[5].

دوای گرتنی نەهاوەند و لە گەرمەی فەتحکردنی شار و باژێڕەکانی خوزستانیش، گەلێك ژن و کچی پاکیزە بەرکەوتن و دووچاری هەمان چارەنووس بوون[6] و صەحابییەك بەخۆی گێڕاویەتیەوە کە چییان لە ژنان کردووە[7] و بۆ زانینی ناسکی و نازداریی جەستەیان و دڵنیابوون لە پاکیزەییان، هاوشێوەی جانبازی چاوبرسیی مەڕ و ماڵات، سەرتاپێی

(١) تأريخ خليفة بن خياط، ص١٦٦، المقدسي، البدء والتأريخ، ١٧٨/٥، ابن خلكان، وفيات الأعيان، ١٢/٣-١٥. دایکی(عامر الشعبي)پێشتر پشکی کابرایەکی هۆزی عەبس (بنو عبس)بوو، دوای مردنی بە ماوەیەکی کەم ئەوجا کەوتەدەست باوکی عامر، تأريخ الطبري، ٢٨/٤.

(٢) تأريخ خليفة بن خياط، ص١٦٦.

(٣) ابن إبي شيبة، الكتاب المصنف في الأحاديث والآثار (مصنف ابن أبي شيبة)، ٥١٦/٣، أحمد بن حنبل، العلل ومعرفة الرجال، ٢٦٠/٢، الحربي (ت:٢٨٥هـ/٨٩٨م)، غريب الحديث، ١١١٢/٣.

(٤) سورة آل عمران، الآية(٩٢).

(٥) مجاهد بن جبر التابعي، تفسير مجاهد، ٢٥٥/١، تفسير الطبري، ٣٤٧/٣ و دەیان تەفسیری دی، ئازادکردن لێرە بە مانای ئەوە ناهێت کە گەڕاندرابێتەوە بۆ کەسوکاری، بەڵکو ئەوە دەگەهێنێت کە لە کەنیزەیەکی کۆیلەوە کردی بە هاوژینێکی شەرعی و ئازاد.

(٦) مصنف أبن أبي شيبة، ٥٥٨/٦، تأريخ الطبري، ١٨٣/٤-١٨٥.

(٧) الإصابة في تمييز الصحابة، ٢٠٨/٣.

لەشولاریان دەپشكنین، ئەبوموساش وەك خۆی گێڕاویەتیەوە سزای ئەو كڕیارەی دەدا كە لە دامێن و عەورەتی كەنیزەكانی دەڕوانی[1].

لە رووداوێكدا ئەو راستیەمان بۆ دەسەلمێت و دەچەسپێت كە فاتحەكان پاكیزەییان لەكن گرنگ بووە و پتر كچانیان كردۆتە ئامانج و ئەوەندە ئارەزوویان لە ژنی بەتەمەن و منداڵدار نەبووە، ئەگەر ژنی مێردداریشیان چنگ بكەوتایە، ئەوا یەكسەر بە سەبیكردنی شووكردنەكەی بەتاڵ دەبووەوە[2]، خەڵكییش بە ژن و پیاوەوە لە نیاز و مەرامیان تێگەهیشتوون، تەنانەت كچی ماڵە هەژارێكیش بەمەی دەزانی و كاتێك بە زاروكێكەوە بەرچنگیان كەوت، پێی گوتن ئەوە كوڕمە و ئەوانیش ئازادیان كرد، دواتر دەركەوت زاروكەكە كوڕی دیهكان[3] ـ كوێخادێیەك بووە و ئەو دایەنی بووە نەك دایكی[4].

دیارە رێژەی ئەم كچە بەكەنیزەكراوانە هەندە زۆربوو و هەندە تەعدا و ستەم و بێدادییان دەرهەق ئەنجام درا، تا ئەو ئاستەی خەلیفە عومەر بهێنێتەگۆ و دوعا بكات :"اللهم إني أعوذ بك من أولاد سبايا الجلوليات"[5]، دەبێت ئەوەش بێژین كە عومەر لە زێدەگافی و كردەوەی دزێو و رەفتاری نابەجێی عەرەبە فاتحەكان رازی نەبووە و نیگەرانیی خۆی دەربڕیوە و جاروباریش سەركۆنەی دەكردن و فرمانی پێدەدان ئازادیان بكەن[6].

ئەو كچ و ژنە دیلانەی وا لەبەر عەرەبە فاتحاكەن دەمانەوە، لە بەرەكانی شەڕی فتوحاتەوە دەهێنرانە مەككە و دەخرانە بازاڕەوە و سەودا و مامەڵەیان پێوەدەكرا و فەقیهی تابعی عەتتاء[7] لای پەسند نەبوو ئەوەی كڕیاریان نەبێت لێیان بڕوانێت[1] و چۆنیەتی

---

(١)... عَنْ أَبِي مُوسَى أَنَّهُ خَطَبَهُمْ فَقَالَ: " لَا أَعْلَمُ رَجُلًا اشْتَرَى جَارِيَةً فَنَظَرَ إِلَى مَا دُونَ الْجَارِيَةِ، وَإِلَى مَا فَوْقَ الرُّكْبَةِ إلا عَاقَبْتُهُ"، مصنف ابن أبي شيبة، ٢٩٠/٤.

(٢) الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٢١٤.

(٣) دیهكان بەعەرەبی كراوە و بووە بە(دهقان)، واتا خاوەندی دێ، موڵكدار، كوێخادێ.

(٤) سنن سعيد بن منصور الجوزجاني، ٨٩/١.

(٥) الدينوري، الأخبار الطوال، ص١٢٢.

(٦) أنساب الأشراف، ٣١٠/١٠، فتوح البلدان، ص٣٧٠–٣٧١.

(٧) ناوی تەواوی: ابو محمد عطاء بن أبی رباح أسلم بن صفوان الجمحي(٢٧–١١٤ك/٦٤٧–٧٣٢ز).

سەرەدەری لەگەڵ کەنیزە بووە پرسێکی شەرعی و فەقیهەکان پتر لەبارەی حەڵامی و حەرامی جووتبوون لەگەڵیان دوواون[2].

## ٢.١ـ کوردستان لە سیستەمی کارگێڕیی ئیسلامی:

بێگومان سیستەمی دابەشکردنی دەوڵەتی ئیسلامی بەسەر چەند هەرێمێك دا و هەرێمەکانیش بەسەر چەند کورە- پارێزگایەك دا، زێدەتر لە ڕۆژگاری سەروەری و بەهێزیی خیلافەی ئیسلامی و باڵادەستیی دەسەڵاتی ناوەندی پەیڕەو دەکرا، ئەمەش لە پێناو ئاسانکاری و دروست ڕاپەڕاندنی ئەرك و فرمانەکان. بۆ هەر یەکەیەکی کارگێڕی والی و باجگر و قازی و پۆستەبەر و فەرماندەی لەشکری دادەنران و لە پێناو گورجکردنی کاروباری دارایی و ڕێگری لە گەندەڵی فەرمانبەران و خۆدزینەوەی هاوڵاتیان لە باجدان و کۆکردنەوەی باج و خەراج و داهاتەکان، دەوڵەت لە هەر

---

(١) مصنف ابن أبي شيبة، ٢٨٩/٤.

(٢) أبو يوسف، الخراج (حكم من وَقَع من نسَاء الْمُشْرِكين فِي السَّبي)، ص٢٢٥، الأحكام السلطانية، ص٢١١–٢١٤. هەر لە ئاکامی پرۆسەی فەتحکردنی وڵاتان و کۆکردنەوەی باجی سەرانە و سامانی بەرەکانی جەنگ، خەلیفەکان و گەورە هەڤاڵان و ئەوانەی (العشرة المبشرة) بوونە ملیۆنێرو خاوەند کۆشك و تەلار و عەقارات و سەدان و هەزاران سەر ئەسپ و هوشتر و مەڕو کۆیلە و بەندە و کەنیزە، خەلیفە عوسمان لە ڕۆژی شەهیدکردنی دا سەد و پەنجا هەزار دینار و ملیۆنێك درهەم و بایی سەد هەزار دینار موڵکی هەبوو، وێڕای ئەسپ و هوشترێکی زۆر، زوبێری کوڕی عەووام پەنجا هەزار دینار و هەزار ئەسپ و هەزار بەندە و کەنیزەی لەپاش بەجێما، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف سەد ئەسپ و هەزار هوشتر و دە هەزار سەر پەزی هەبوو، چواریەکی هەشتیەکی(ربع ثمن=٣٢/١)ی سامانی لەپاش بەجێماوی هەشتا و چوار هەزار دینار بوو، داهاتی ڕۆژانەی تەلحەی کوڕی عەبدوڵا تەنها لە عێراق هەزار دیناربوو، بە هەمان شێوە:(سعد بن أبي وقاص) و(زيد بن ثابت) و(المقداد بن الأسود) و(يُعلى بن مُنية)...هتد سامانێکی زۆریان کۆکردەوە. المسعودي، مروج الذهب، ٣٣٢/١ـ٣٣٣، لەو هەواڵانەی وا (إبن سعد:م٢٣٠ك/٨٤٥ز) بە سەنەدەوە دەیان هێنێتەوە، ماڵ و سامانی ئەم هەڤاڵانە گەلێك زۆرتر بووە. الطبقات الكبرى، ٧٦/٣، ١١٠، ١٣٦، ٢٢٢.

یەکێکیان دا بەرپرسی دارایی و خەمڵێنەر و باجگر و نوسەری دادەنا، لە سەردەمی لاوازی و بێدەسەڵاتیی خەلیفەکان و دواتر گرتنی بەغدای پایتەخت لە لایەن بوەیهییەکان- ساڵی٣٣٤ك/٩٤٦ز و پاشان لە لایەن تورکە سەلجوقییەکانەوە- ساڵی٤٤٧ك/١٠٥٥ز و سەرهەڵدانی چەندین دەوڵەت و میرنشین و فەرمانڕەوایی لە رۆژهەڵات و رۆژئاوای جیهانی ئیسلامی و جیابوونەوەی چەندین هەرێم و ولایەت لە جەستەی خیلافەی عەباسی، سیستەمی کارگێڕی بەها و سوودی خۆی لەدەست دا و تەنها وەك روخسار مایەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی سنوری نێوان هەرێمەکان بە جێگیری نامانەوە و بەهۆی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتەوە بەردەوام دەستکاری دەکران(١).

وڵاتی کورد- کوردستان لە رووی بەڕێوەبردنەوە بەسەر ئەم هەرێمانە دابەشدەکرا:

أ- هەرێمی چیا- کوێستان و شارەزور(إقليم الجبال).

ب- هەرێمەکانی ئازەربیجان و ئەرمینیا وئاران(إقليم الرحاب).

ج- هەرێمی جەزیرە(إقليم الجزيرة).

د- هەرێمی خوزستان(الأهواز).

## أ- هەرێمی چییا- کوێستان و شارەزور:

هەرێمی چیا (إقليم الجبال، بلد الجبل)، وەرگێڕاوی دەقاودەقی کوهستان- کوێستانە که لە سەردەمی ساسانی ناوی فەرمیی ناوچە شاخاوییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو، بەهۆی ئەوەوە کە زۆرینەی رووبەرەکەی لە کێوی بڵند و سەخت پێکدەهات، بە وڵاتی پەهلەوییەکانیش دەناسرا و بنەچەی ئەم ناوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی پێش ئیسلام،لە سەردەمی سەلجوقییەوە- سەدەی ٥ك/١١ز- لەتەك هەرێمی چییا، بە عێراقی عەجەمییش ناودەبرا تا لە عێراقی عەرەبی جیا بکرێتەوە، ناوە کۆن و رەسەنەکەشی لە بەکارهێنان نەکەوتبوو و لە سەرچاوە عەرەبیەکاندا بە

---

(١) ابن شداد، الأعلاق الخطيرة، ٣/٧.

شێوەی قُهستان- قوهستان نوسراوە، یاقوتی حەمەوی (م:٦٢٦ك/١٢٢٩ز) دەڵێت لە زۆربەی وڵاتانی عەجەمیدا چەند شوێن هەین بە قوهستان دەناسرێن[(١)].

هەرچەند سنوری جوگرافیی چییا لای جوگرافیوانان روون نییە و هەریەکە بە شێوەیەك دەستنیشانی دەکات و هەندێکیان بەرفرەهی دەکەن و هەندێکی دییان بەرتەسکی دەکەنەوە و جیاوازی ناکەن لە نێوان چییاکان وەك یەکەیەکی رێڤەبەری و هەرێمە شاخاوییەکانی دیی هاوسنوری، (ابن الفقیە:م٣٤٠ك/٩٥١ز) دەڵێت شارەکانی قەزوێن، قومس، ئەصفەهان، رەی،... خراونەتە پاڵ چییا، بەڵام سەر بەو هەرێمە نین[(٢)]، کەچی (المقدسي:م٣٨٧ك/٩٩٧ز) ژمارەیەك شاری دیی خستۆتە سەر چییا[(٣)].

لەگەڵ هەبوونی ناکۆکیش، دەکرێت بێژین چیا-الجبال- ئەو هەرێمە چیاییە بووکە لە وڵاتی دەیلەم و هەرێمی ئازەربایجانەوە شۆڕدەبوەوە تا سنوری هەرێمی خوزستان،لە رۆژهەڵاتیشەوە هاوسنوری وڵاتی فارس و ئەصفەهان و بیابانی خوراسان بوو، لە رۆژئاواوەش هاوسنوری عێراق و جەزیرە بوو[(٤)].

شار و بازێڕەکانی: کرمانشاهان- کرماشان، دینەوەر(ماه الکوفة)، نەهاوەند(ماه البصرة) ، سیسەر، شاپورخواست، ماسبدان، میهرەگانکدك لە ناوەندە ئاوەدان و ناودارەکانی هەرێمی چییا بوون و کورد زۆربەی دانیشتوانەکانی پێکدەهێنا.

حلوان لە سەردەمی ساسانیەوە بە شادفەیروز دەناسرا و ناوەندی کورە-ئوستانێکی هەرێمی رەشەخاك- عێراق بوو و لە چەند یەکەیەکی رێڤەبەری پێکدەهات: فەیروزقوباد، الجبل- چییا، تامرا، ئەرپیل- هەولێر، خانەقین، پاشان لە عێراق دابڕێندرا و بەهۆی نزیکی و هاوئاووهەواییەوە لکێنرا بە هەریمی چییاوە[(٥)]، هەرچەند

---

(١) معجم البلدان، ١٠٣/٤، ابن خلکان، وفیات الأعیان، ٧٩/٤.

(٢) مختصر کتاب البلدان، ص١٩٣.

(٣) أحسن التقاسیم، ص٢٩٥.

(٤) بڕوانە: الإصطخري، مسالك الممالك، ص١١٥، صورة الأرض، ص٣٠٤، معجم البلدان، ٢٦/٢، القزویني، آثار البلاد، ص٣٤١.

(٥) ابن خرداذبة، المسالك والممالك، ص١٨، قدامة بن جعفر، الخراج، ص١٧٣.

تا کۆتایی سەدەی٣ك/٩ز لەرووی داراییەوە هەر سەربە عێراق بوو، باج و داهاتی رەوانەی بەغدا دەکرا[١].

بەشی خوارووی هەرێمی چییا بە وڵاتی لوڕ- لوڕستان دەناسرا، لەبەر ئەوەی زێد و نشینگەی دەیان هۆز و خێڵ و تیرەی لوڕی بوو کە بە کۆدەنگی دیرۆکنوسان و جوگرافیوانانی سەردەمی عەباسی بە نەتەوە کورد بوون، لە سەردەمی مەغولیەوە لە سەرچاوە فارسیەکاندا لوڕ بە نەتەوەیەکی سەربەخو دادەنرێت، (الحازمي:م٥٨٤ك /١١٨٨ز) کە خەڵکی هەمەدانە، بۆچوونێکی ناوەندگیری هەیە و دەڵێت: لوڕ وەچەیەکن لەوێنەی کوردان[٢].

لوڕستان دەکەوتە باکوری خوزستان و رۆژئاوای ولایەتی ئەصفەهان، سەرەتا سەر بە خوزستان بوو پاشان لێی دابڕێنرا و خرایە پاڵ چییا[٣].

شارەزور- شهرزور، ناوێکی جوگرافی دێرینە و دەرکەوتنی دەزڤڕێت بۆ سەردەمانی پێش ئیسلام، لە ژێدەرە سریانی و کەنەسییەکاندا چەند جاران ناوبراوە و ئەو ناوچانەی پێدەناسرا کە هەنوکە پارێزگای سلێمانی دەگرتەوە[٤].

شارەزور لە مێژوودا پتر وەك دەڤەرێك دەناسرا نەك ناوەندێکی ئاوەدانی و لە ژمارەیەك بازێڕ و شارەدێ و گوند پێکدەهات، هەرچەند خودی یەکێك لەو شارۆچکانە هەر بە شارەزور ناودەبرا، گەڕۆك(الخزرجي:م٣٩٠ك/١٠٠٠ز)[٥] کە بە خۆی پاش ساڵی ٣٤١ك/٩٥٢ز چۆتە شارەزور دەڵێت بریتیە لە چەند شارۆچکە و گوندێك[٦].

---

(١) البلدان، ص٤٠.

(٢) كتاب الأماكن، ص٨٠٠.

(٣) بڕوانە : الإصطخري، مسالك الممالك، ص٦٥، صورة الأرض، ص٢٣٢، معجم البلدان، ١٧٧/٤، ٤٤٣.

(٤) بۆ پتر پێزانین دەربارەی قەلاَ و شارۆچکەکانی شارەزور و دیاریکردنی شوێنەواری بازێڕی شارەزور، بگەڕێوە بۆ: حسام الدين النقشبندي، الكُرد في الدينور وشهرزور، ص٤٨– ٨٤.

(٥) گەڕیدەی ناسراو و شاعیر:(ابودلف مسعر بن مهلهل الخزرجي الينبوعي).

(٦) الرسالة الثانية، ص١٠.

له ڕۆژگاری فتوحاتی ئیسلامی و سەدەکانی دواتر، تەنها ناوی سێ بازێڕی شارەزور هاتووە: شارەزور، داراباد، صامەغان- سامەگان(؟)[1] و سەرەتا سەربە موصڵ بوو، پاشان لە دوا ساڵەکانی سەردەمی خەلیفە(هارون الرشید) دابڕێنڕا و کرایە ولایەتێکی سەربەخۆ و والیی تایبەتی بۆ دادەنرا کە مووچەی شەشسەد درهەم بوو[2].

لە سەدەکانی دواییدا، ناوی چەند قەڵا و بازێڕێکی دیی شارەزور هاتوون لەوانە: نیم ئەزڕا واتا نیوەی ڕێگا چونکە دەکەوتە ناوەڕاستی ڕێگای نێوان مەدائینی پایتەختی ساسانیەکان و شیزی ناوندی پیرۆزی ئایینی زەردەشتی، نیم ئەزڕا ناوەندی وڵات بوو بۆیە بە شارەزوریش دەناسرا، قیینا(؟)[3]، بـیر- بـیارە، قسنان، تیرانشاه، دەیلەمستان ، دزدان[4].

ب- هەرێمی جەزیرە:

هەرێمی جەزیرە ئەو ناوچانەی دەگرتەوە کەوا دەکەونە نێوان دیجلە و فوراتەوە و ئەم دوو ڕوبارە دەبوونە سنوری سروشتیی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای هەرێمەکە، هەرچەندە هەندێك شار و دەڤەر هەبوون دەکەوتنە ڕۆژهەڵاتی دیجلەوە یان ڕۆژئاوای فوراتەوە کەچی لە ڕووی ڕێڤەبەریەوە هەر دەخرانە سەر هەرێمی جەزیرە[5].

جەزیرە لە باشورەوە دادەکشا تا قەڵای تکریت لە کەناری دیجلە و بازێڕی هیت لە کەناری فورات و هێڵی نێوان تکریت- هیت دەبووە سنوری نێوان جەزیرە و عێراق،

---

(١) تأريخ الطبري، ٥/٥٦٨.

(٢) فتوح البلدان، ص٣٢٩، الخراج وصناعة الكتابة، ص١٧٥.

(٣) قِنا- بِكَسْرِ القاف وتَشْدِيْدِ النون-: ناحية من شهرزور، الحازمي، الأماكن، ص٧٥٧.

(٤) الرسالة الثانية، ص١٠-١١، معجم البلدان، ٣/١٦٥.

(٥) ابن شداد، الأعلاق الخطيرة، ٣/٤-٥.

هەرچی لە باکوریشەوەیە ئەوا هاوسنوری ئەرمینیا و وڵاتی رووم بوو و موصڵ ناوەند و پایتەختی بوو[١].

گەڕۆکێك جەزیرەی بە هەرێمی ئاقور- ئاسور ناوبردووە و لەسەر بنەمای خێڵەکی دابەشی کردووە بەسەر (دیار ربـیعة ودیار مضر ودیار بکر)دا، واتا بەناوی ئەو خێڵە عەرەبانەی کەوا لە سەردەمانی پێش ئیسلامەوە جەزیرەیان کردبووە هەواری خۆیان[٢]، ئەم دابەشکردنە هەرچەند تا سەدەکانی دوایی لە سەرچاوە جوگرافیەکاندا یاداشت دەکرا، بەڵام لە واقیعدا هەبوونێکی کاریگەری نەبوو، هەروەها ولایەتی موصڵ بە هۆی ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانەوە لە هەرێمی جەزیرە جیا کرایەوە و وەك هەرێمێکی سەربەخۆی لێهات[٣].

کورد لە مێژەوە پێکهاتەیەکی رەسەن و بنەڕەتیی دانیشتوانی جەزیرە پێکدەهێنێت و مێژوویەکی دێرینی لەو هەرێمە هەیە، ناوچەکانی باکور و رۆژهەڵاتی جەزیرە لە هەموو قۆناغە مێژوویەکاندا بەشێوەیەکی گشتی کوردنشین بوون کە شار و بازێڕەکانی: سعرد[٤]، میافارقین، حوصنکێفا، شنگار، بۆتان، نەصیبـین، ئەرزنی دەگرتەوە، جەزیرەی بۆتان تا ناوەڕاستی سەدەی ٣ك/٩ز بە(جزيرة الأكراد) دەناسرا، تا کابرایەکی(ابن عمر) ناوی عەرەب هات و هەندێك خانووی تیادا ئاوا کرد و ئیدی بە(جزيرة ابن عمر) ناوی جێگیربوو[٥].

چییاکانی تەنیشت موصڵ لە رۆژهەڵاتەوە بە داسن دەناسران، دەڤەرە سەخت و شاخاویەکانی رۆژهەڵاتی داسن و چاوگەکانی زێی مەزن و روباری خابور بە هەکاری دەناسران کە هەنوکە بەهدینان و شەمزینان دەگرێتەوە، ئەم دوو دەڤەرە شاخاوییە لەپاڵ وڵاتی هەولێردا هەرچەند ناکەوتنە نێوان دیجلە و فوراتەوە کەچی سەر بە

---

(١) صورة الأرض، ص١٨٩، ١٩٤، مختصر البلدان، ص١٢٣، معجم البلدان، ٥٤/٢.

(٢) المقدسي، أحسن التقاسيم، ص١٢١–١٢٢.

(٣) الأعلاق الخطيرة، ٥/٣–٧.

(٤) القاضي عياض، كتاب الغنية، ص١١٤–١١٥.

(٥) ابن خلكان، وفيات الأعيان، ٣٤٩/٣، الأعلاق الخطيرة، ٧/٣.

موصڵ بوون و موصڵیش سەردەمانێك ناوەندی هەرێمی جەزیرە بوو و لە رێگای والیی موصڵەوە نوێنەر و جێگریان بۆ دادەنرا.

لە سێ سەدەی یەکەمی کۆچیدا، دەیان گوند و ئاوەدانی و شارەدێی کوردنشینی جەزیرە ناوبانگیان هەبوو وەك: مەعلەتایا[1]، باعەدرا، بانهەدرا، داسن، باجلێ، بابەغێش، حەسەنیە- زاخۆ، حەززەی نزیك هەولێر، ئەردەمشت کە سەربە موصڵ بوون[2]. لە سەدەکانی دواییدا، ژمارەیەکی دی شار و شارۆچکە و قەلا ناووبانگیان پەیدا کرد وەك: ئەربیل- هەولێر، ئاکرێ، خوفتیان-هاودیان، هرور، ئامێدی.

باجرمێ- گەرمیان ناوێکی جوگرافی دێرینە و لە نوسراوە سریانی و عەرەبیەکاندا بە باجرمێ، بێتجرمێ، باجرمق هاتووە کە هەر لە وشەی گەرمی کوردیەوە داتاشراوەو پێشگری(با-بیت)ی خراوەتە سەر کە نیشانەی شوێنە لە زمانی ئارامی دا بە واتای ولاتی گەرم-گەرمیان.

گەرمیان دەڤەرێکی سەرسنوریی نێوان هەرێمی جەزیرە و عیراق بوو و داقوق و خنیاساپور و خانیجار[3]و کەرخینی- کەرکوکی دەگرتەوە، زۆربەی کات وەك ولایەتێکی سەربەخۆ وابوو، هەرچەند لە رووی کارگێڕییەوە سەرەتا سەر بە جەزیرە بوو، پاشان لە ئەنجامی هەڵستانەوە و بەهێزبوونی خیلافەی عەباسی- سەدەی٦ك/١٢ز- خرایەسەر عێراق[4].

---

(١) گوندی مەعلەتا- ماڵتا کە دەکەوێتە رۆژئاوای دهۆکەوە و ئێستا بووەتە گەڕەکێکی شار.

(٢) المسالك والممالك، ص٨٥، مختصر کتاب البلدان، ص١٢٥.

(٣) خانیجار: لەمیانەی رووداوەکانا وا دیارە دەکەوتە نێوان خورماتوو و کفریەوە و بە(خان القیر) لێکدراوەتەوە، کەچی خانیجار لە کانی هەنجیرەوەش نزیکە، یاقوتی حەمەوی دەڵێت ناوێکی عەجەمییە واتا ناعەرەبیە (معجم البلدان، ٢/٢١١)، لە راستیش دا هەروایە، خانی– هانی تا ئێستاش بە زاری هەورامی بە واتای کانی دێت، صدخانیە لە هەرێمی چیبیا کە لە یاداشتی گەڕۆکە موسڵمانەکان تۆمارکراوە بە(مئة عین) واتا سەد کانی وەرگێڕدراوە، جار- ژار رەنگە هەر کورتکراوە و سواندنی هەژیر یان جیر– قیر بێت.

(٤) المسالك والممالك، ص٨٥، نزهة القلوب، ص٨١.

**ج- هەرێمەکانی ئازەربـیجان و ئەرمینیا و ئاران:**

گەڕۆك و جوگرافیوانان زانیاری ورد و بۆچوونی روون نادەن بەدەستەوە لەمەڕ سنور و چوارچێوەی ئازەربـیجان و ئەرمینیا و ئاران و هەرێمە دوورە دەست و سەرسنورییەکان دی و ئالۆزی و ناکۆکی بە نوسینەکانیانەوە دیارە، ئەوەی راستی بێت ئاستەنگە بتوانرێت خاڵە جیاکەرەوەکانی نێوان ئەم سێ هەرێمە و سنوری دەرەوەیان لەگەڵ هەرێمەکانی دیدا دیاری بکرێت، چونکە سەرتاپا نەکەوتبوونە ژێر رکێفی دەوڵەتی ئیسلامییەوە و ناکرێت بە تەواوەتی بە پارچەیەك لە جیهانی ئیسلامی بژمێردرێن، زۆربەی دانیشتوانەکەشی لە میللەتانی ناموسڵمان بوون و بەردەوام لە نێوان بنەماڵە دەسەلاتدارە موسڵمانەکان لە عەرەب و کورد و تورك و نەصرانیەکان لە ئەرمەن و گورج و ئەبخاز و ئالانی دەستاو دەستیان پێدەکرا.

(إبن حوقل:م٣٦٧ك/٩٧٨ز) هەرسێکیانی پێکەوە داناوە، چونکە وەك خۆی دەڵێت هەندەی ئەو بـینیویەتی و خوێندویەتیەوە، هەرگاڤ لە ژێر دەسەلاتی یەك تاکەکەس بوونە[1]. گەڕۆکێکی دی داندەنێت بەوەدا کە ناوێکی گشتگیری بەرچاونەکەوتووە گوزارشت لە هەموو پارچەکانی هەر سێ هەرێمەکە بکات بۆیە بە هەرێمی(الرحاب) ناوزەدی کردوون[2].

ئازەربـیجان بە گوێرەی ئاخافتنێك لە زنجانەوە تا بەردەعەی دەگرتەوە، لە بەردەعەوەش تا باب الأبواب- دەربەند ئەرمینیا بوو، کەچی بەردەعە لە بۆچوونی دیدا ناوەندی هەرێمی ئالان- ئاران بوو کە دەکەوتە باکوری ئازەربـیجانەوە، هەرچی ئەرمینیا بوو دەکەوتە رۆژئاوای ئالان و هاوسنوری هەرێمی جەزیرە بوو[3].

ئەوەی پەیوەندیی بە کوردستانەوە هەیە، ئەوەیە کە ناوچەکانی خواروو و رۆژئاوای گۆلی ئورمێ کە دەبـێتە هاوسنوری چیاکان لە باشورەوە و هاوسنوری چیاکانی هەکاری لە رۆژئاواوە بە پارچەیەك لە نیشتمانی کورد دادەنرێت، کە

---

(١) ابن حوقل ، صورة الأرض، ص٢٨٥.

(٢) المقدسي، أحسن التقاسيم، ص٢٨٧.

(٣) مختصر البلدان، ص٢٦٢-٢٦٣، صورة الأرض، ص٢٩٠-٢٩٢.

شارەکانی ئورمیە، سەلماس، شنو، نەریزی دەگرتەخۆ، هەروەها کوردانی ناوچەکە بازێری(قندرية؟)یان ئاوا کرد، سەرچاوە جوگرافیەکان لەمبارەیەوە ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە کورد زۆرترین ڕێژەی دانیشتوانی ئەم ناوچانەی پێکدەهێنا و پتر لە تیرەکانی هۆزی مەزنی هەدبانی بوون[1].

سەرەڕای ئەوەی کە ناوچەکانی چوار دەورەی دەریاچەی وان- خەلاتی سەر بە ئەرمینیا ئەرمەننشین و کوردنشین بوون و لە پاش زۆرینەی ئەرمەن، کورد بەشێکی دانیشتوانی گوندەوار و بازێڕەکانی خیلات- خەلات، بەدلیس، وان، وەستان[2]، بەرگیری یان پێکدەهێنا، وێڕای دەیان قەڵا و دێهاتی دەڤەری زۆزان کە بە دەست میرانی کوردەوە بوون و لە سەرچاوە عەرەبیەکانیش هەر بە زۆزان دەناسرا[3].

د- هەرێمی خوزستان(الأهواز):

خۆزستان هەرێمێکی بچووکە و دەکەوێتە باشوری هەرێمی چییا و رۆژهەڵاتی عێراقەوە، لە باشورەوەش هاوسنوری هەرێمی فارسە و تا کەناری دەریای فارس- کەنداو درێژدەبێتەوە.

هەر لە رۆژگاری فتوحاتەوە، کورد رێژەیەکی بەرچاوی دانیشتوانی خۆزستان پێکدەهێنا و پتر لە بەشەکانی باکور و رۆژهەڵاتی هەرێمەکە دەژیان، هەرچەند لە سەدەکانی دواییدا ژمارەیان رووی لە کەمی کرد، کوردەکانی بیرود و ئیدج وەك باسکرا لە عەرەبە فاتحەکان هاتنەدەست و سەرکردەیەکیان لێکوشتن، وڵاتی لوڕیش- لوڕستان سەر بە هەرێمی خۆزستان بوو، پاشان خرایە پاڵ هەرێمی چییا، ناوچەکانی

---

(١) أحسن التقاسيم، ص٢٨٩، صورة الأرض، ص٢٨٩، قزويني، نزهة القلوب، ص١٣٣.

(٢) وەستان بە "بازێڕێکی کوردان" ناسێنراوە، بگەڕێوە بۆ: صفيّ الدين عبد المؤمن بن عبد الحق البغدادي(ت:٧٣٩هـ/١٣٣٨م)، مراصد الإطلاع على أسماء الأمكنة والبقاع، دار الجيل(بيروت:١٤١٢هـ)، ص١٤٣٧.

(٣) فتوح البلدان، ص١٨٠، المسعودي، التنبيه والأشراف، ص٥٤، صورة الأرض، ص٢٢٩، ٢٩٧، الكامل، ٦٢٧/٨، ٦٧١/٩.

بـیرود، گوندیساپور، ئیدج، رامهورمزپتر کوردنشین بوون و له هۆز و خێڵەکانی لوڕ پێکدەهاتن[1].

### ٣.١ـ دەرکەوتنی پەیڤی کوردستان و دانانی هەرێمی کوردستان:

تا ئێستا ساخ نەبۆتەوە کەنگی پەیڤی کوردستان بۆ یەکەم جار دەرکەوت و بوو بە ناوێکی باو و بڵاو و نازانرێت یەکەم کتێب یان نووسراو کامەیە ئەم پەیڤەی تێدا هاتبـێت، لە راستیدا کارێکی ئاستەنگە بۆچوونێکی رەها و رەوان لەمەڕ ئەم پرسە بخرێتەڕوو، وەلێ ئەوەی بۆتە راستیەك و هیچ گومانێکی لەسەر نەماوە ئەوەیە کە لە ناوەڕاستی سەدەی٧ك/١٣ز بەملاوە کوردستان وەك ناوێکی کارگێری بەردەوام و بێ دابڕان لە زۆرینەی سەرچاوە جوگرافی و مێژووییەکان- نەخاسمە فارسیەکان- بەرچاو دەکەوێت و بەشێوەیەکی فەرمی پارچەیەك لە نیشتمانی کوردی پێ دەناسرێت.

هەرچەندە وشەی کوردستان بە فۆڕمە کوردیە-ئێرانیەکەی وەك ناوێکی کارگێری و جوگرافی لە نوسراوە بـیانیەکاندا درەنگ دەرکەوت و هاتە ئاراوە و تا سەدەی٥ك/١١ز دواکەوت، ئەوا هەر لە مێژەوە و لە سەردەمانی پێش ئیسلامەوە لە لایەن خەڵکانی دیەوە هەست بەوە دەکرا کە دەڤەرێکی جوگرافی بوونی هەیە و زێد و نیشتمانی کوردانە و تایبەتە بەوان و زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی پێکدەهێنن و لەبریی کوردستان بە چەند ووشە و چەمك و دەستەواژەیەك گوزارشتیان لێکردووە، هەریەکە بە زمانی خۆی و بە شێوەیەك خەڵکە هاوزمانەکەیان لە مەبەستیان بگات کە لە نووسراوە سریانی و کەنەسیەکان و لە ژێدەرە ئیسلامییەکان ئاماژەیان پێدراوە و کوردستانیان پێ ناوزە دکراوە، لە چەشنی ماڵی کوردان، چییاکانی کوردان، شوێنی کوردان، خاکی کوردان، دەڤەری کوردان، کە هەموویان مەبەست و واتای کوردستان دەگەهێنن.

---

(١) تأريخ الطبري، ١٨٦/٤، ٢٦٥، صورة الأرض، ص٢٢٥.

## أ- نیشتمانی کورد(بلاد الکُرد- بلاد الأکراد):

له چەند سەرچاوەیەکدا بە (بلاد الکُرد- بلاد الأکراد) گوزارشت له کوردستان کراوه، له هەواڵێکدا هاتووه که فەقیهی مالکی (عبدالوهاب بن نصر:م٤٢٢ك/١٠٣١ز) چۆته گوندی ئەسعرد- سێرت له وڵاتی کورد له نزیك کێوی جودی[١].

مێژوونوسێکی دی له روداوەکانی ساڵی٥١١ك/١١١٧ز ناوی وڵاتی کوردانی هێناوه[٢]، له ناساندنی رووەکێکیشدا هاتووه که باشترین جۆری رەنگ سورەکەیەتی که له وڵاتی کوردانەوه دەهێنرێت[٣]، ئەمەو وێڕای چەند دەقێکی دی[٤].

ئەم وڵاته (بلاد الکُرد) له کتێبی جوگرافیای زوهری (الزُهري: سەدەی٦ك/١٢ز) زیاتر ناسێنراوه و سنور و توخیبی تاڕادەیەك روون و دیاره و وا دەردەکەوێت له سەردەمی خەلیفه(المأمون:١٩٨-٢١٨ك/٨١٤-٨٣٣ز)ەوه ئەم دەستەواژەیه لەئارادا بووه و هاوکات لەتەك (جبال الأکراد)دا کوردستانی پێ هاتۆتەناسین[٥].

بەگوێرەی ئەم کتێبه وڵاتی کوردان دەکەوته رۆژئاوای ئەرمینیا له بازنەی دەڤەری سێهەم(الصقع الثالث) و بازێرێك که ناوی بە دروستی روونوس نەکراوه بارەگای

---

(١) القاضي عیاض، کتاب الغنیة، ص١١٤-١١٥.

(٢) العظیمي، تأریخ العظیمي، ص٣٦٨.

(٣) ابن البـیطار، جامع مفردات الأدویة، ٢/٢١٣.

(٤) بڕوانه: ابن عربشاه(م:٨٥٤ك/١٤٥٠ز)، عجائب المقدور، ص٣٠٠، السـخاوي (م :٩٠٢ك/١٤٩٧ز)، التحفة اللطیفة في تأریخ المدینة الشریفة، ٢/٤٦٨، الضوء اللامع، ٨/١٩٤، تأریخ ابن خلدون، ٤/٣٣٣، ٣٥٨، ٤/٦٠٥...هتد.

(٥) زوهری له دەستپێکی پەرتووکەکەیدا رایدەگەیەنێت: "أما بعد حمدالله تعالى، فأني نسخت هذه الجغرافیة من نسخة نسخت من جغرافیة الفزاري أبي عبدالله محمد بن إبراهیم الفزاري المتوفى قبل سنة(٢١٦هـ/٨٣١م) التي نسخت من جغرافیة أمیر المؤمنین عبدالله المأمون بن هارون الرشید التي إجتمع علیها وعلى عملها سبعون رجلاً من فلاسفة العراق، فوضعوها على صفة الأرض..."، کتاب الجغرافیة، ص١.

موڵکی کوردان بوو[(١)]. له شوێنێکی دیدا له ناساندنی دەریا دەیلەم- واتا دەریای خەزەر- دەریای قەزوین، ناوی وڵاتی کوردی هێناوه[(٢)].

### ب- چیاکانی کوردان (جبال الأكراد):

لەبەر ئەوەی کوردستان وڵاتێکی شاخاوییە و چەند زنجیرە چیایەکی بڵند و درێژ دەگرێتەخۆ، له سەردەمانی پێش ئیسلامەوه ناوی کورد به چیاوه لکاوه، دوای پرۆسەی فەتحی ئیسلامیش، کوردستان یەکەم وڵاتی شاخاوی بوو لەبەرەی رۆژهەڵاتەوه که عەرەبه موسوڵمانەکان پێیاننایه ناویەوه، لەبەر ئەم هۆیه و لەژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی ساسانی و وەك وەرگێڕانێك بۆ ناوی(قوهستان- کوێستان)، نیشتمانی کورد لای عەرەبەکان پتر به(جبال الأكراد)دەناسرا.

شاعیر بەشاری کوڕی بورد(م:١٦٧ك/٧٨٤ز) له شیعرێکدا دەڵێت:

جونَ الرُبى مثل جبال الكُرد مُنَبعقِ القصف هزيم الرعد

له شیعرێکی دیدا هاتووه:"جبالٌ بها الأكراد صمٌّ صخورُها"، هەروەها له دابەشکردنی گۆی زەوی بەسەر هەرێمەکاندا، کوردستان کەوتۆته هەرێمی چوارەم سەربه بورجی گا و به(الأكراد الجبليون) ناوزەد کراوه[(٣)]. مێژوونوسان و جوگرافیاوان و گەڕۆکانی موسوڵمانیش بەهەمان چەشن کوردستانیان به(جبال الأكراد- جبل الكُرد) وەصف کردووه[(٤)].

---

(١) "وكذلك ممايلي هذه المدينة(أرمينية) لناحية المغرب مدينة جاجل (رجاجل– رجاجير) (؟) و هي من بلاد الكُرد وهي دار ملكهم"، كتاب الجغرافية، ص١٣٣.

(٢) كتاب الجغرافية، ص١٣٣.

(٣) معجم البلدان، ٢٣/١، ٤٩٢/٢.

(٤) بڕوانه: كورالجبل– دار الأكراد، اليعقوبي، كتاب البلدان، ص٩–١٠. جبال الأكراد، ابن عساكر(م :٥٧١ك/١١٧٥ز)، تأريخ دمشق، ٢١٦/٢٣، ابن العديم (م:٦٦٠ك/١٢٦٢ز)، بغية الطلب، ٥٦١/١. جبل الكُرد(الشريف الادريسي (م :٥٦٠ك/١١٦٥ز)، نزهة المشتاق، ٣٥٣/١.

دوای دەرکەوتنی ناوی کوردستانیش و تا سەردەمی مەملوکی و سەدەکانی دواتر، سەرچاوە مەملوکییەکان هەر(جبال الأكراد)یان بەکار دەهێنا، بۆ نموونە لە ناساندنی شێخ خدری میهرانی(م:٦٧٦ك/١٢٧٧ز) دا هاتووە کە لە گوندی محەمەدییەی(جبال الأكراد) هاتۆتە دنیاوە[١] و بە بڕیاری غازان خانی مەغۆلی(٦٩٥-٧٠٣ك/١٢٩٦-١٣٠٣ز) لە ناوەڕاستی مانگی ڕەمەزانی ساڵی٧٠٠ك/١٣٠٠ز و لە جێگایەکی(جبال الأكراد)، پەیامێك بۆ دەسەڵاتدارانی مەملوکی نوسرا[٢]. ئەمەو لە چەند بابەت و پرسی دیدا ئاماژە بۆ(جبال الأكراد) کراوە کە هەموویان مەبەست کوردستانە[٣].

لەپاڵ ئەم دوو ناوە، چەند دەستەواژەیەك بەرچاو دەکەون کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ مەبەست لێیان هەر کوردستانە، وەك: (ناحية الأكراد) و (أرض الأكراد) و (موضع الكُرد)[٤]، جاری واش هەیە مەبەست لە(الأكراد) کوردستانە[٥].

## ج- دەرکەوتنی پەیڤی کوردستان:

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا ئاستەمە بزانرێت کەنگی پەیڤی کوردستان دەرکەوت، وەلێ لە ماستەرنامەکەم دا(ساڵی ١٩٩٤) گوتوومە بەکارهێنانی ناوی کوردستان لە مێژەوە لە سەرزاری خەڵکی کورد و لە ناوخۆی کوردستان باوبووە، پێش ئەوەی بکەوێتە بەرگوێی کەسانی بیانی و لە کتێب و نوسینە ناکوردییەکاندا یاداشت بکرێت و ناوی کوردستان بەقەد ناوی کورد کۆن و دێرینە.

---

(١) العمري، مسالك الأبصار، ٢٦٧/٨.

(٢) النويري، نهاية الأرب، ٢٦٦/٣١.

(٣) بڕوانە: مسالك الأبصار، ٢٥٩/٣، ابن حجر العسقلاني، الدرر الكامنة في أعيان المئة الثامنة، ١٤١/٦، القلقشندي، صبح الأعشى، ٣٧٣/٤.

(٤) بڕوانە: (البكري: م٤٨٧ك/١٠٩٤ز)، المسالك والممالك، ٢٦١/١، (السلفي: م٥٧٦ك/١١٨٠ز)، معجم السفر، ١٦١/١، (الكاشغري:م٤٦٦ك/١٠٧٣ز)، ديوان لغات الترك(لە نەخشەکەی دا).

(٥) ابو شامة، الذيل على الروضتين، ص٣١٢، اليونيني، ذيل مرآة الزمان، ٣٥٠/١.

**ئەوەی تا ئێستا زانراوە کۆنترین دەق لەم بارەیەوە بریتییە لە دەقێکی مێژوونوسی ئەرمەنی مادتیوس ئورهایتس- مەتی ڕەهاوی(م:٥٤٣ك/١١٤٨ز)، کە دانیشتووی ئۆرفە- روهایە و پتر لە جارێك ناوی کوردستانی هێناوە، لەمیانەی گێڕانەوەی روداوەکانی روها ساڵی ٤٢٢ك/١٠٣٠-١٠٣١ز لە زاری سەرکردەیەکی کوردەوە دەگێڕێتەوە "کوردستان لە دۆزێکی ئالۆزدایە"[(١)].**

**دواتر لە شیعرێکی فارسیی شاعیری ئێرانی حەکیم جەنتی بـیا دا کە محەمەد عوفی (م:٦٣٠ك/١٢٣٣ز) بە نموونەی بەرهەمی شاعیر هێناوەتەوە، ئاماژە بە کوردستان دراوە[(٢)]:**

**چو آرد لب دلبر پیاله کند لعلش پر أز شکر پیاله**

**........................ ......................**

**تو گوئی أز صراحی کُردستانی بجامی آب پر آذر پیاله**

**زهی أز عکس رخسارت گرفته فروغ لاله و أحمد پیاله[(٣)].**

**سەبارەت بە شاعیر جەننەتی بـیا، دەکرێت بڵێین لە نیوەی دووەمی سەدەی٦ك/١٢ز و سەرەتای سەدەی ٧ك/١٣ز لە وڵاتی پشت رووبار (بلاد ماوراء النهر) ژیاوە، محەمەدی عوفی لە دەروازەی یازدەهەمی پەرتوکەکەیدا و لە ژێر ناونیشانی: "شعراء آل سلجوق بعد أز عهد معزی و سنجری (ماوراء النهر)"، جەننەتی بـیای ناساندووە، واتا ئەم شاعیرانەی لە پاش سەردەمی سوڵتان سەنجەری سەلجوقی(٥١١-٥٥٢ك/١١١٧-١١٥٧ز) ژیاون.**

---

**(1)Bibliotheque Historique Armenienne,Chronique de Matthieu D'Edesse(962-1156), par M. Edouard Dulaurier(Paris:1852), p47.**

**أرشاك بولاديان، الأكراد في حقبة الخلافة العباسية، ص١٣٣.**

**(٢) برادەری بەڕێز د.موسا محەمەد خدر بە سوپاسەوە لە هەبوونی ئەم شیعرە ئاگاداری کردمەوە و دەقەکەی بۆ ناردم و جەنابی پێشتر لە دکتۆرانامەکەیدا بلاوی کردۆتەوە و د. حەیدەر لەشکری هەردوو دەقەکەی(القاضي عياض) و(الزهري)ی بۆ ناردم.**

**(٣) لباب الألباب، ٢/٣٩٥.**

ئەمە لە سەرچاوە ئەرمەنی و فارسیەکان، کەچی لە سەرچاوە عەرەبیەکاندا، ئەوەندەی من ئاگاداربم، نوەیری (النويري:م٧٣٣ك/١٣٣٣ز) یەکەم میژوونوسە ناوی کوردستانی هێنابێت، ئەمەیش لە رووداوێکی ساڵی٧٢٨ك/١٣٢٨ز دا[١]، دواتر(الغياثي:م پاش ٨٩١ك/١٤٨٦ز) چەند جارێك ناوی کوردستانی هێناوە[٢]، بەڵام ئەمە بە رێککەوت بووە و مێژوونوسانی مەملوکی و بگرە عێراقیەکانیش دەگمەن نەبێت ناوی کوردستانیان بەکار نەهێناوە.

## د- دانانی هەرێمی کوردستان:

لە دوا ساڵەکانی سەردەمی عەباسی و رۆژگاری شاڵاوەکانی مەغولدا و لە ئەنجامی ئەو ئاڵوگۆڕە رێڤەبەری و کارگێڕیانەی وا ئەنجامدران، دەستکاریی هەرێمی بەرفراوانی چیبیا کرا و بەسەر دوو پارچەدا دابەشکرا، لە بەشی رۆژئاوای هەرێمەکە بە شارەزوریشەوە کە کورد زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی پێکدەهێنا، هەرێمێکی سەربەخۆ پێکهێنرا و ناونرا کوردستان، قەڵای وەهار- بەهار لە باکوری هەمەدان کرایە (دار الملك)- ناوەندی هەرێمەکە کە شازدە شار و بازێر و گەورەدێی دەگرتەخۆ:

"ئالانی، ئەلیشتەر، بەهار، خوفتیان، دەربەندی تاج خاتون، دربەندی زەنگی، دزبیل، دینەوەر، سوڵتانئاوای چەمچەماڵ لەدامێنی چیای بێستون، شارەزور، کرمانشاهان، کەرەند و خوشان، کەنگاوەر، ماهیدەشت، هەرسین، وەستام".

یەکەم والیی کوردستانیش کورد نەبوو، بەڵکو سلێمانشاهی کوڕی پەرچەمی ئەیوائی تورکمانی(م:٦٥٦ك/١٢٥٨ز) بوو[٣].

دانانی ئەم هەرێمە، هیچ پەیوەندییەکی بە سەلجوقییەکان و سوڵتان سەنجەری سەلجوقییەوە نیە و قەزوێنی(م:٧٥٠ك/١٣٤٩ز) باسی ئەمەی نەکردووە و ئەم شێواندنە بە هۆی هەڵەشەییەکی رۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی گی لسترنج (١٨٥٤-١٩٣٣)

---

(١) نهاية الأرب في فنون الأدب، ١٩٢/٣٣.

(٢) التأريخ الغياثي، ص١٨٣، ٣١١.

(٣) نزهة القلوب، ص١٦٢-١٦٤.

له خوێندنەوەی ئاخافتنی قەزوێنی یەوە هاتەکایەوە، کاتێك سلێمان ئەیەوە- سلێمانشاهی ئەیوائیی یەکەم والیی هەرێمی کوردستان- نیوەی دووەمی سەدەی٧ ك /١٣ز- لای بوو بە سلێمان ئەبەوە (سليمان أبوه)ی برازای سوڵتان سەنجەر - نیوەی دووەمی سەدەی٦ك/١٢ز[١].

له نوسینەکانی هەمەدانی(م:٧١٨ك/١٣١٨ز) و گەڕۆکی ئیتاڵی مارکۆ پۆلۆ (م:٧٢٣ك/١٣٢٣ز) و وەصاف(م:٧٢٨ك/١٣٢٨ز) باسی ولایەتی کوردستان کراوە.

روون نیە، چ ساڵێك و بە بڕیاری کێ هەرێمی کوردستان دانراوە و مێژوونوسان خۆیان لەم بابەتە نەداوە، وەلێ دەزانین که قەڵای وەهار- بەهاری ناوەندی هەرێمی کوردستان لە پێش ساڵی ٦٤٢ك/١٢٤٤ز یەوە بارەگای سلێمانشاهی ئەیوائی بوو[٢] و لە رووداوەکانی ساڵی٦٥٥ك/١٢٥٧ز ناوی ولایەتی کوردستان براوە[٣]، واتا دانانی ئەم هەرێمە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی بەر لە داگیرکرتنی بەغدا و لەناوچوونی خیلافەی عەباسی[٤].

## ٤-١ کورد لە دەرەوەی کوردستان:

له سەردەمانی پێش ئیسلامەوە، دەیان خێڵ و تیرە و بنەماڵەی رەوەند و نیمچە رەوەندی کورد لە دەشت و زۆزانە کانی ئەرمینیا و ئاران-ئالان بڵاوبوونەوە و رێژەیەکی بەرچاوی دانیشتوانیان پێکدەهێنا، بەوپێیەی ئەو دەمانە سنوری سیاسی نێوان دەوڵەتان و میللەتان نەدەبووە رێگر و لەمپەر لە بەردەم هاموشۆی کوردە کۆچەرەکان و رایەڵەیان بە دووی پاوەند و لەوەڕگا و زۆزان دا، لە سەردەمانی فتوحاتی ئیسلامی و لە سەدەکانی دواتردا، کورد لە ناوچەگەلێکی ئەرمینیا و ئاران

---

(١) بلدان الخلافة الشرقية، الترجمة العربية، مطبعة الرابطة(بغداد:١٩٥٤)، ص٢٢٧–٢٢٨.

(٢) مؤلف مجهول، كتاب الحوادث، ص٢٣٠، قزوينى، تأريخ گزيده، ص٥٥٦.

(٣) همدانى، جامع التواريخ، ص٦٩٧–٧٠١، تأريخ گزيده، ص٥٨٩.

(٤) پێشت– ساڵی ٢٠٠٠– لە نامەی دکتۆراکەم:(كُردستان في العهد الجلائري، ص٢٣٧) بە مەزەندە ساڵی(٦٦٠ك/١٢٦٢ز)م دانابوو کە بێگومان هەڵەیە.

بوونیان هەبوو[1] و ڕووبارێکی هەرێمەکە ناوی (نهر الأكراد)بوو[2]، دەروازەیەکی شاری بەردەعەش ناوی دەروازەی کوردان(باب الأكراد) بوو و کوردانی دوبیل- دوێن لە ئەرمینیا کاروباری ئەو مزگەوتەیان هەڵدەسوڕاند کە لەبان تەپۆڵکەیەك دەنێو شارەکە ئاوا کرابوو، ماڵباتی ئەیوبی لە بنەچەدا خەڵکی گوندی ئەجندانەقانی نزیك دەروازەی دوێن بوون و سەرجەم
دانیشتوانی گوندەکە لە کوردە ڕەوادییەکان بوون[3].

هەروەها دەیان خێڵ و تیرەی کورد لە هەرێمی فارس- ئوستانی شیراز دەژیان و شوێنی نیشتەجێبوونیان بە زۆم دەناسرا، زۆم- زۆمە پەیڤێکی کوردیە بە واتای هەواری هاوینەی خێڵ و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش بەکاردێت، گەڕۆك و جوگرافیوانان زانیاری گرنگیان لەمەڕ زۆمەکانی کوردی هەرێمی فارس بەدەستەوە داوە و ناوی بنەماڵەکانیان و ژیانی ناوخۆییان و ژمارەیان یاداشت کردووە:

- زۆمی رمیجان یان زۆمی جیلەوەیە.
- زۆمی لوالجان.
- زۆمی مازنجان یان زوومی شەهریار.
- زۆمی کاریان.
- زۆمی دیوان.

(إبن حوقل) ناوی سی و سێ خێڵی کوردی هەرێمی فارسی ژماردووە و بەزیادەڕەویەوە ژمارەی ماڵە دەوارنشینەکانی خەملاندووە[4].

---

(١) فتوح البلدان، ص٢٠٦، مختصر كتاب البلدان، ص٢٦٨، قدامة بن جعفر، الخراج وصناعة الكتابة، ص٣٢٨.

(٢) فتوح البلدان، ص٢٠٣.

(٣) بڕوانە: الأخبار الطوال، ص٣٦٩، صورة الأرض، ص٢٩١، أحسن التقاسيم، ص٢٨٩، وفيات الأعيان، ١٣٩/٧، مؤلف مجهول، فصول من تأريخ الباب وشروان، ص١٢، ٢٤–٢٥.

(٤) بڕوانە: صورة الأرض، ص٢٣٦، ٢٤٠–٢٤١، أحسن التقاسيم، ص٣٣٢، ٣٣٩، معجم البلدان ٤٢٣/٢.

ئەگەر دەقە مێژووییەکان بکرێنە بەڵگە، ئەوا دەکرێت بـێژین هەبوونی کورد لە وڵاتی شام و بەشداریکردنیان لە مێژووی ئەو وڵاتە بەلای کەمەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەدەی٤ك/١٠ز، بـێگومان کۆچکردن و جێگیربوونی کورد لە دیمەشق و حەلەب و ناوچەکانی باکوری شام، هۆکار و پاڵنەری جۆربەجۆری هەبوو، لەوانەش نەبوونی سنور و پەرژین لە نێوان هەرێمەکان دا و رووکردنە کەنارەکانی شام بۆ بەشداریی لە جیهاد دژی روومە بـیزەنتییەکان، سەرباری هۆکاری بازرگانی و زانستی.

بەپێی ئاخافتنی مەسعودی، لایەنی کەم لە نیوەی یەکەمی سەدەی چوارەمی کۆچی/دەهەمی زایینیەوە، رێژەیەك لە کورد لە وڵاتی شام نیشتەجێ بوون لە هۆزی دونبوڵی و هۆزی دی[1].

لەمیانەی هەندێك دەقی مێژووییەوە، روون دەبـێتەوە کە گەلێك دەستەی رەوەندی کورد، لە شوێنە جۆربەجۆرەکانی وڵاتی شام جێگیر بوون و بۆ دابـینکردنی بژێویی خۆیان، لە ریزی سوپای میر و سەرکردە و دەسەڵاتداران دا خزمەتیان دەکرد، یان وەك دەستەیەکی سەربەخۆ لە قەڵایەك یان شارێك گیرسابوونەوە بەو پێیەی ئەو دەمانە چەکداری و جەنگ سەرچاوەیەکی مسۆگەر و بنەڕەتیی داهات بوو.

لە سەدەی پێنجەمی کۆچی/یازدەهەمی زایینیەوە، بە هۆی گوشار و هێرشەکانی تورکە سەلجوقییەکانەوە، ژمارەی کوردی ئاوارە لە شام بەرێژەیەکی سەرەنجڕاکێش رووی لە زیادبوون کرد و لە ناوچەگەلێك گردبوونەوە و نیمچە دەسەڵاتێکیان پێکەوەنا تا ئەو رادەیەیی ناوچەکە بە ناویانەوە بناسرێت وەك (شوف الأكراد)ی سەر بە بەعلەبگ کە زێدی باب و باپیرانی شێخ عەدیی کوڕی مسافری هەکاری (م:١١٦٢/٥٥٧ز) بوو[2].

هەروەها لەبان چیای جەلیل کە لای رۆژئاواوە دەڕوانێتە شاری حمص، میرێك بورجێکی دروستکرد و کۆمەڵێك کوردی بە خێزانەکانیانەوە تێدا جێگیرکرد و موچەی بۆ بڕینەوە تا ببنە سوپەرێك لە بەردەم فەڕەنجەکان، دواتر ئەوانیش بڵندتر و

---

(١) مروج الذهب، ١٠١/٢.

(٢) ابن المستوفي، تأريخ أربل، ١١٦/٢.

قایمتریان کرد و تا وەك قەڵایەکی پتەو و لەگرتن نەهاتووی لێهات و بە(حصن الأكراد) ناسرا، پاشان کوردەکان قەڵاکەیان فرۆشتە خاچهەڵگرەکان و گەڕانەوە کوردستان[1]، هەر لەم ماوەیەدا نزیکەی سەد ماڵە کوردێك[2] لە چیای سماقی نزیك حەلەبەوە کۆچیان کرد بۆ لوڕستانی گەورە[3].

سەرەڕای شام، کورد گەهیشتنە قاهیرەیش، لە نیوەی دووەمی سەدەی٤ك /١٠ز یەوە وەك تیپێکی سوپاهیی سەربەخۆ لە سوپای فاتمی رێکخرابوون و لە کەژاوەکاندا جێگای تایبەت بەخۆیان هەبوو[4]و لە سەرچاوەکاندا چەردەیەك لە هەواڵ و دەنگوباسی کوردانی قاهیرە و مصر هاتووە[5].

---

(١) معجم البلدان، ٢/١٥٢.

(٢) لە دانەی چاپکراوی شەرەفنامە (ص١٢٦) ، نوسراوە چوارسەد بنەماڵە، لە راستیدا سەد بنەماڵەیە وەك لە دەستنوسێکی دیکەی شەرەفنامە هاتووە، شەرەفخانیش ئەم زانیاریەی وەك خۆی لە مێژووی گوزیدەوە وەرگرتووە.

(٣) قزوینی، تأریخ گزیدە، ص٥٣٩.

(٤) ابن الطویر، نزهة المقلتین، ص١٦٦.

(٥) بڕوانە: القاضي الرشید، الذخائر والتحف، ص١١٠، القلانسي، ذیل تأریخ دمشق، ص١٠٩، سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ص١٨٢، ٢٠١.

# بەشی دووەم

# کورد و کوردستان لە سەردەمی ئومەوی

# (٤١_١٣٢ك/٦٦١_٧٤٩ز)

## ١٢ـ كورد و كێشە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی ئومەوی:

ئومەوییەکان لە نەوەی ئومەییەی کوڕی عەبد شەمس، بۆ نزیکەی نەوەت ساڵ (٤١ـ ١٣٢ك/٦٦١ـ٧٤٩ز) خیلافەیان گرتەدەست و حوکمی جیهانی ئیسلامییان کرد، معاویەی کوڕی ئەبوسفیان کە دەبێتە ئامۆزازای خەلیفە عوسمان، هەموو شێوازێکی گرتەبەر بۆ رکابەرایەتی و دژایەتیکردنی خەلیفە عەلی و حەسەنی کوڕی، سەرئەنجام هەر چۆنێك بێت بە زیرەکی و زۆرزانی خۆی توانی دەسەڵات بگرێتەدەست و دۆستان و نەیارانی ناچار بکات بەیعەتی بدەنێ و لە کۆتاهیەکانی ساڵی٤٠ك/بەهاری٦٦١ز- یان لە مانگەکانی سەرەتای ساڵی٤١ك/پاییزی٦٦١ز- خۆی بە خەلیفەی موسڵمانان رابگەیەنێت و حەسەنیش دەستبەرداری پۆستی خیلافە بوو[١].

خیلافەی ئومەوی لە هەموو روویەکەوە عەرەبی بوو، والی و بەرپرسانی هەموویان لە پیاوانی هۆزە عەرەبەکان بوون، تەنانەت نەیاران و بەرهەڵستکارانیان لە شیعە و خەوارج و بزاڤە چەکداریەکانی دی هەر لە خۆیان بوون، بە ئاخافتەکی دی هۆز و بنەماڵە عەرەبەکان دروستکەر و بزوێنەری مێژووی ئیسلامی و ئاڕاستەکەری رووداوەکانی بوون، سەرچاوەکانیش هەر جەخت لەسەر ئەم راستیە دەکەن و تەنها کێشە و ململانێی نێوان دەسەڵاتدارانی ئومەوی و هەڤڕکەکانیان یاداشت دەکەن، ڤەکۆڵەرانی هاوچەرخ و رۆژهەڵاتناسانیش هاودەنگن لەسەر ناونانی ئەم دەوڵەتە بە دەوڵەتی عەرەبیی ئومەوی[٢].

بە درێژایی ئەم سەردەمە، لە چوار پێنج ئاماژەی راگوزاری و لاوەکی بەولاوە، هیچ هەواڵ و دەنگوباسێك سەبارەت بە کورد بەرچاو ناکەوێت، ئەوەندە هەیە ئەم ئاماژانە باهی ئەوە دەکەن بڵێین کورد هێشتا نەبووبوونە هۆگر و لایەنگری دەوڵەت و پتر نزیك و هاوسۆزی رکابەرانی دەسەڵات بوون.

---

(١) بڕوانە: تأريخ خليفة، ص٢٤٣، تأريخ اليعقوبي، ١٤٩/٢-١٥٠، تأريخ الطبري، ١٦١/٥-١٦٣.

(٢) بڕوانە: يوليوس فلهاوزن، تأريخ الدولة العربية من ظهور الإسلام الى نهاية الدولة الأموية، ترجمة محمد عبدالهادي ابوريدة، المركز القومي للترجمة(القاهرة:٢٠٠٩).

لەو دەمانەی خودی خەلیفەی ئومەوی و والی و فەرماندە باڵاکان، سەرقاڵی کپکردنی دەنگی نەیاران و لەناوبردنی بزاڤە چەکداریەکان بوون، دەسەڵاتیان لە چییاکانی کوردستان کز و لاواز بوو، کوردیش ناوبەناو بە بزاڤ و جموجۆڵ رادەبوون، ئەم کارانە بە چ پاڵنەر و هۆکارێك بووبێت، لە سەرچاوەکاندا هەر بە کردەوەی تێکدان و ئاژاوەگێڕی و وێرانکاری لەقەڵەم دراون.

خەلیفە(عبدالملك بن مروان:٦٥ـ ٨٦ك/٦٨٤ـ ٧٠٥ز) زۆربەی سەردەمی خیلافەتیی لە جەنگ و کوشتاری دوژمنەکانی بردەسەر، ساڵ نەبوو کەسێکی لێ رانەپەڕێت و ئاستەنگ و کێشەی بۆ نەنێتەوە، کوردانی بەرزاییەکانی حلوان خەریکبوونی لەشکری ئومەوییان بە شەڕی ناوخۆوە بەهەلزانی و حلوانیان خستەژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، کاتێك(المختار الثقفي) ساڵی ٦٦ك/٦٨٥ز یاخیبوو و چەند ناوچەیەکی عێراق و جەزیرە و چییای گرت، هەڵستا بە ناردنی والی و نوێنەرانی بۆ هەرێم و ولایەتەکان و فرمانی بە (سعد بن حذيفة) دا بچێتە حلوان و شەڕی کوردان بکات[1]، وەلێ نەشیا حلوان بگرێتەوە کە تا پاش ساڵی٧٧ك/٦٩٦ز بە دەست کوردی ناوچەکە مایەوە، لەم ساڵەدا (مطرف بن المغيرة) لە دەوڵەت هەڵگەڕایەوە و چووە رێزی خەوارج و پابەندیی خۆی بۆ خەلیفە و حەجاج (الحجاج بن يوسف الثقفي) والیی عێراق و سەرجەم رۆژهەلات هەڵوەشاندەوە و رووی کردە حلوان و شەڕی کوردانی کرد و ژمارەیەکی لێ کوشتن[2].

کوردانی هەرێمی چییا هاوکات لەگەڵ بزاڤی(عبدالرحمن بن الأشعث: ٨٣ـ٨٥ك /٧٠٢ـ٧٠٤ز) بە بزاڤێك رابوون، حەجاج هێزێکی ناردەسەریان و ژمارەیەکی لێ کوشتن و چیدی سەبارەت بەم بزاڤە نازانرێت[3].

کوردانی هەرێمی فارسیش پشتیوانییان لە (إبن الأشعث) کرد، کاتێك پاشەکشێی کرد بۆ شاپور-سابور لە دەوری کۆبونەوە و داکۆکیان لێکرد و بەرەنگاری ئەو سوپایە بوونەوە کە حەجاج بۆ راونانی ناردبووی و سەرلەشکرەکەیان بریندار کرد و ناچاریان

(١) تأريخ الطبري، ٣٤/٦، مسكويه، تجارب الأمم، ١٠٦/٢، ابن الأثير، الكامل، ٦٥١/٣.

(٢) البلاذري، أنساب الأشراف، ٤٠١/٧، تأريخ الطبري، ٢٩٠/٦، الكامل، ١٠٨/٤.

(٣) فتوح البلدان، ص٣١٩.

کرد بکشێتەوە، بۆیە حەجاج ئەمجارە(محمد بن القاسم الثقفي)ی خزمی بە والیی فارس دامەزراند و فرمانی پێکرد بچێت کوردەکان بکوژێت[1].

وا دیارە ئەم هەوڵەش سەری نەگرتووە و کوردانی شاپور سووربوون لە دژایەتیکردنی حەجاج، ئەم خۆگریەیان حەجاج یان ناچارکرد بۆ خۆی پەلاماریان بدات و شاپوریان لەدەست دەربهێنێت و ساڵی٩٠ك/٧٠٩ز رووی کردە بازێری روستقباد بە مەبەستی لەناوبردنی ئەو کوردانەی وا دەستیان بەسەر هەرێمی فارسدا گرتبوو، کەچی تا دوا ساڵەکانی سەردەمی ئومەوی کوردانی فارس هەر باڵادەست بوون بەسەر شاپور دا[2].

خەلیفە (عبدالملك) و حەجاج بە ئاگر و ئاسن بەرسڤی رکابەر و نەیارانیان دەدایەوە و سیاسەتی کوشتن و بڕینیان دەرحەق پیادە دەکردن، کەچی نەکارین چۆك بە کوردان دابدەن، ئەوان پشتیان بە سەختی و توشی چییاکان دەبەست. مێژوونوسێك بەم چەشنە ئەم راستیەمان بۆ دەگێڕێتەوە:"ئەو دەمانەی خەڵکی سەرقاڵی ئاژاوە و گۆبەند بوون و(عبدالملك بن مروان) خەریکی لەناوبردنی بزاڤەکانی عەبدوڵای کوڕی زوبێر و(الأزارقة)[3] و(إبن الأشعث) و کەسانی دی بوو، مەترسیی رووم و کورد و پاشماوەی فارس توندبوو، گەلێك شار و هەرێمیان بۆ خۆیان گەڕاندەوە و شامیەکانیان- واتا لایەنگرانی ئومەوی- وەدەرنا، خەلیفە کە دەستبەتاڵ بوو، کۆششی کرد و هەندێکی لێسەندنەوە، پاش خۆی وەلیدی کوڕی بە هێرش و پەلامار شارەکانی رووم و خوراسانی گرتەوە و لە نەیارانی پاك کردنەوە و هیچ دەسەڵات و سەروەری فارسەکان- مەبەستی پاشماوەی ساسانیەکانە- نەما تەنها کوردەکان نەبێت کە لە شوێنێکی تووش و قایم بوون"[4].

---

(١) "وأمره بقتل الأكراد" تأريخ خليفة، ص٣٧٥، أنساب الأشراف، ٣٤٦/٧، تأريخ الطبري، ٣٦٨/٦، الكامل، ١٤٧/٤-١٤٨.

(٢) تأريخ الطبري، ٤٤٨/٦، ٣٧٢/٧، الكامل، ١٩٩/٤، ٥٤٢.

(٣) دەستەیەك بوون لە شورات- خەواریج بە ناوی رێبەرەکەیانەوە(نافع بن الأزرق :م٦٥ك/٦٨٥ز ) ناوزەد کراون.

(٤) روى أنه لمّا اشتغل الناس بالفتن واشتغل عبدالملك بن مروان بعبدالله بن الزبير وبالازارقة وابن الاشعث وغيرهم، اشتد امر الروم والأكراد وبقايا فارس فارتجعوا بلداناً كثيرةً ونفوا أهل الشام عنها، فجاهد عبدالملك لما

خەلیفە هیشام(١٠٥_١٢٥ك/٧٢٤_٧٤٣ز)، یوسفی کوڕی عەبدوڵای بە والیی عێراق و خوراسان دانا، ئەویش عەبدوڵای کوڕی تارقی عەنبەریی کردە بەرپرسی کاروباری کوردەکانی پسا و دارەبجەرد لە هەرێمی فارس، کەچی هەر بە دەستی ئەوان بەکوشت چوو[١].

## ٢_٢_ چالاکیی خەوارج لە دەڤەرە کوردنشینەکان:

خەوارج (الخوارج) یان شورات(الشراة)، سەرەتا بەو کۆمەڵە جەنگاوەرە توندڕەوانە دەگوترا کە لایەنگر و هاوسۆزی خەلیفە عەلی بوون و لە سەروبەندی کێشە و ناکۆکیی نێوان خەلیفە عەلی و معاویە دا، رێککەوتن و ناوبژیيان رەت کردەوە و لە ریزی سوپای خەلیفە عەلی چوونە دەرەوە و تەکفیری هەردوو لایان کرد و ئالای (لاحکم إلا لله)یان بڵند کردەوە، دواتر بوونە حیزبێکی ئیسلامیی بەهێز و خەباتی چەکدارییان هەڵبژارد و هەزاران چەکدار و شاسوارییان لەخۆ کۆکردەوە و بوونە مەترسیەکی راستەقینە لەسەر حوکمی ئومەوی، هەرچەند پاش ماوەیەکی کورت دووبەرەکیان تێکەوت و بەسەر چەند گروپێکدا کەرت بوون و تەکفیری یەکدیان دەکرد و کەوتنە وێزەی یەکدی[٢].

ئەوان پێیان وابوو، خەلیفەی موسڵمانان دەبێت بە راوێژ و شورا بهێتە هەڵبژاردن و میللەتانی موسڵمان هەموو یەکسانن لە رووی ئەرك و مافەکانەوە و هەقی هەر موسڵمانێکە با کۆیلەیەکی رەشپێستیش بێت خۆی بۆ پۆستی خەلیفە بەربژێر بکات و مەرج نیە عەرەب بێت و بەڵکو مەرج و پێویستە خوداناس و راستگۆ و دەستپاك و ئیماندار بێت و بە دڵی راوێژکاران(أهل الشوری) بێت[٣].

---

خلا ذرعه فاخرجهم عن بعضها وبقى الاكثر فبعث الوليد رحمه الله البعوث فارتجع مداين الروم وأقحم عليهم في غيرها ثمّ ارتجع مداين خراسان وأقحم عليهم حتّى استقصى البلاد ولم يبق من سلطان الفرس إلاّ الأكراد لإمتناع حالهم. مؤلف مجهول، أخبار مجموعة في فتح الأندلس (القاهرة:١٩٨١)، ص١.

(١) أنساب الأشراف، ٩/١١٤.

(٢) تأريخ اليعقوبي، ٢/١٣١-١٣٢، تأريخ الطبري، ٥/٧٢-٧٦، المسعودي، مروج الذهب، ٣/١٣٨.

(٣) الشهرستاني، الملل والنحل، ١/١٧٥، الحميري، الحور العين، ص٢٠٠-٢٠١.

بەڵگەی روون  نیە سەبارەت بە بڵاوبونەوەی هزر و بیروباوڕی خەوارج لەناو کورد لەم سەردەمەدا، دوای ئەوەش لەو دەمانە، هێشتا ئیسلام بەناخی مرۆڤی کورددا رۆنەچووبوو، کوردانی تازە موسڵمانیش ئەوەندە ئاشنایەتیان لەگەڵ ئاییني نوێ پەیدا نەکردبوو و چەمك و ناوەڕۆکیان فەراهەم نەکردبوو تا ئاینزا و بیروباوڕی ئەم ئاینە لێکبدەنەوە و راست و ناڕاستیان لێکجودا بکەنەوە، بەڵام ئەوەندە هەیە چیيا و پێدەشتەکانی شارەزور و جەزیرە و لوڕستان بوونە گۆڕەپانێکی ئاواڵای شەڕ و بەرەنگاربوونەوەی نێوان جەنگاوەرانی خەوارج و سوپای ئومەوی، شاسوارانی خەوارج هەر کاتێك ئابلوقە و تەنگاو بکرانایە، پەنایان دەبردە بەر دەڤەرە چۆل و لاڕێیەکان کە لەشکری دەوڵەت بە زەحمەت دەستی پێڕادەگەیشت.

کورد ئەگەر هاریکاریی گروپەکانی خەوارجیشیان کردبێت، ئەوا هۆکار و پاڵنەرەکەی پتر ئابوری بوو نەك ئاییني و مەزهەبی، لێرە مەبەست لە هۆکاری ئابوری خۆ دەربازکردنە لە دانی موڵکانە و سەرانە بە دەوڵەتی ئیسلامی کە بەهۆی شەڕ و کوشتارە ناوخۆییەکانەوە، هەردەم پێویستی بە مسۆگەرکردنی سەرچاوەی دارایی هەبوو، باجی موڵکانە و سەرانەش چاووگی بنەڕەتیی داهاتی دەوڵەت بوون، رونترین نموونەش بەشداریی کوردی لوڕستانە لە بزاڤی خورەیتی کوڕی راشد(الخُريت بن الراشد)- ساڵی٣٨ك/٦٥٨ز- کە لە خەلیفە عەلی زویر بوو و بە سەدان چەکداری هۆزەکەیەوە رووی کردە لوڕستان و خوزستان و مەوالیەکی زۆری لە خەڵکی رامهورمز و کوردی لوڕستان لە دەور گردبووەوە لەوانەی وا موڵکانەیان نادا، خورەیت بۆ پێشگرتن لە سوپای دەوڵەت، لایەنگرانی لە قەڵایەکی سەختی چیياکانی رامهورمز دامەزراند، عەرەبەکان لە دەستەڕاست و خەڵکی رامهورمز و کورد و ئەو کەسانەی وا دانی موڵکانەیان رەتدەکردەوە لە دەستەچەپ دەجەنگان، هەواڵزانان لایەنگرانی خورەیتیان بە علوج و رێبڕ وەصفکردووە و دەگێڕنەوە کە لەشکری ئومەوی لەم شەڕانە دا نزیکەی سێسەد علوج و کوردیان کوشتووە[١].

(١) تأريخ الطبري، ٥/١٢٢– ١٢٣، الكامل، ٣/٣١٧– ٣١٨.

هەڵهاتنی خەوارج بۆ شارەزور و دەڤەرە کوردنشینەکانی دی، لەبەر ئەوەش بوو کە دانیشتوانەکەی هاریکار و پشتیوانی دەسەلاتدارانی ئومەوی نەبوون و دالدەی نەیارانی ئەوانیان دەدا و دوریش بوون لە دیمەشقی پایتەخت، رێبەرانی خەوارج، هەرزوو درکیان بەوەکرد کە ئەگەر بیانەوێت درێژە بە خەباتی چەکداری بدەن، پێتڤیە لەسەریان ناوچە شاخاویە دورەدەستەکان بکەنە پێگای خۆیان، پێشەواکەیان(عبد الله بن وهب الراسبي) کە لە شەڕە خوێناویەکەی نەهرەوان کوژرا، وای بەچاك دەزانی لە کوفە دەربکەون و رووبکەنە چیاکان و لە ماڵەکەی خۆی ئەم بیرۆکەیەی بە هەڤالانی راگەیاند و بە کردەوەش پەیڕەوی ئەم بیرۆکەیەی کرد[1].

لە راستیدا سروشتی بزاڤی خەوارج وای دەخواست لە شوێنێکدا مۆڵ نەخۆن و لایان پەسند و گونجاو نەبوو بارەگای جێگیریان هەبێت و خۆیان لە بەرەنگاربوونەوەی راستەوخۆی لەشکری ئومەوی دەپاراست و بەردەوام جێگۆڕکێیان دەکرد.

(أبو مريم السعدي) لە رێبەرانی پێشەنگی خەوارج بوو، ساڵی٣٨ك/٦٥٩ز لە خەلیفە عەلی جیابووەوە و هەڵهات بۆ شارەزور و بە سەدان مەوالی لە دەوری گردبوونەوە و تەنانەت بەخۆیەوە تەنها شەش عەرەب لە بزاڤەکەی هەبوون[2].

فەروەی کوڕی نەوفەل لە دەستەی یەکەمی رێبەرانی خەوارج بوو، شەڕی خەلیفە عەلیی بە رەوا نەدەزانی و لە (الراسبي) جیابووەوە و بە پێنجسەد سوارەوە پەنای بردە بەر مەندەلی و حلوان و لە شارەزور گۆشەگیر بوو و باج و خەراجی ئەو ناوانەی خڕ کردەوە و بەسەر هەڤالانی بەشاندییەوە و ژمارەی لایەنگرانی لەو ماوەیەدا خۆی لە هەزار و پێنجسەد کەس دەدا، وەلێ دوای کوژرانی خەلیفە عەلی گەڕایەوە کوفە و بە فیتی معاویە و بە دەستی خەڵکی کوفە کوژرا، بەگوێرەی هەواڵێکی دی هەر لە شارەزور کوژراوە[3].

---

(١) تأريخ الطبري، ٧٤/٥، الكامل، ٢٨٨/٥.

(٢) الكامل، ٣٢٢/٣.

(٣) البلاذري، أنساب الأشراف، ١٦٣/٥، الدينوري، الأخبار الطوال، ص١٩٣-١٩٤، تأريخ اليعقوبي، ١٥١/٢، الكامل، ٣٥٧/٣-٣٥٩.

زیادی  کوڕی خوراش، ساڵی ٥٢ك/٦٧٢ز بە سێسەد کەسەوە لە ڕەشەخاکی عێراق دەرکەوت و هەڵهات بۆ وڵاتی ماە- دینەوەر و نەهاوەند- و ئەوەندەی نەبرد والیی بەصرا لەشکرێکی ناردە سەری و لەناوی برد[1].

صالحی کوڕی مسرح پیاوێکی خوداناس و دیندار بوو، خەڵکیی کۆ دەکردەوە و قورئانی بۆ دەخوێندنەوە، لە ئاکامی جەور و ستەمکاریی ئومەوییەکان، داوای لە لایەنگرانی کرد بهێنەدەنگ و ساڵی٧٦ك/٦٩٥ز بە سەد و بیست کەسێکەوە لە خاکی موصلّ و دارا و جەزیرە دەرکەوت و بووە یەکێك لە بزاڤە بەهێزەکانی خەوارج لە جەزیرە و شارەزور.

صالح لە هەمان ساڵ لە شەڕی سوپای ئومەوی کوژرا و شەبیبی کوڕی یەزید جێگای گرتەوە، ئەمیش گوند و کێو و پێدەشتەکانی جەزیرە و شارەزور و داقوق و خانەقین و موصڵی کردە گۆڕەپانی چالاکیەکانی و تێکەڵیی کوردانی دەکرد[2] و توانی (مطرف بن المغیرة) کە والیی مەدائن بوو، بۆ لای خۆی راکێشی و بیهێنێتە ناو ریزەکانی خەوارجەوە، ئەویش لە مەدائین دەرکەوت و خۆی گەیاندە حلوان و هەمەدان[3].

لە دوا ساڵەکانی سەردەمی ئومەوی، بە هۆی دووبەرەکی و ناتەبایی سەرانی دەوڵەت و ئەو قەیرانە سیاسیەی وا دوچاری دەسەلآت هاتبوو، خەوارج زیندووبوونەوە و سەرلەنوێ خۆیان رێکخستەوە و لە جاران توندتر بە زنجیرەیەك بزاڤ و جموجۆڵی لەشکری هەڵستان.

ساڵی١٢٦ك/٧٤٤ز سەعیدی کوڕی بوجدل- بوهدل لە شارۆچکەی کفرتوسای سەر بە موصڵ سەری هەڵدا و بۆ خۆپاراستن لە کاردانەوەی دەوڵەت، بەرەو جەزیرەی بۆتان

---

(١) الکامل، ٣/٤٣٠.

(٢) أنساب الأشراف، ٨/١٧. دایکی شەبیب لە سەبایەی وڵاتی رووم بوو.

(٣) تأریخ خلیفة بن خیاط، ص٣٥١-٣٥٢، تأریخ الیعقوبي، ٢/١٩٢.

هەڵکشا و دواتر چووە دەڤەری مێرگی باشوری موصڵ و لەوێوە گەمارۆی موصڵی دا، ئەمجا رووی کردە شارەزور و ژمارەی لایەنگرانی گەهیشتە چوار هەزار[(١)].

سەعیدی کوڕی بوجدل پاش ساڵێك بە پەتای لاڕەشە لە شارەزور مرد، لایەنگرانی بەیعەتیان دا بە زوحاکی کوڕی قەیس، ئەویش شارەزوری کردە بارەگای خۆی و مەکۆی بزاڤەکەی لە هەر چوار لاوە هەوادارانی خەوارج لە باسکی(الصفرية) رژانە شارەزورەوە تا بوونە چوار هەزار کەس، ئەوەندەی لە دەوری ئەم کۆبوونەوە پێشتر لە دەوری کەس و بزاڤی دی کۆنەبووبۆوە، ئەم بزاڤە دوو سێ ساڵێك درێژەی کێشا[(٢)].

دوای کوژرانی زوحاك و سەرکردەیەکی دی بە ناوی(الخيبري)لەدووی یەك لە ساڵانی (١٢٨ـ١٢٩ك/٧٤٦ـ٧٤٧ز)، خەوارج رابوون بە هەڵبژاردنی(شيبان بن عبد العزيز) تا ببێتە رێبەریان و بەیعەتیان پێدا، ئەمیش لەژێر گوشاری لەشکری ئومەوی لە موصڵ و جەزیرەوە رای کرد بۆ شارەزور و بۆ رێبزری و خۆبەدوورگرتن لە گورزی دەوڵەت لە هیچ شوێنێك ئۆقرەی نەدەگرت و لە نێوان دینەوەر و نەهاوەند و ماسەبەتان و شارەزور رایەڵەی دەکرد، هاوکات والیی عیراق مەنصوری کوڕی جەمهور دەستی گرت بەسەر حلوان و دینەوەر و نەهاوەند و سەرجەم هەرێمی چیبیا و لەوێوە کۆمەك و هاریکاریی بۆ شەیبان دەنارد[(٣)].

هەر لەم ماوەیەدا(بسطام بن الليث) کە لە خەواریجی(البيهسية)بوو، لە هەرێمی ئازەربیجان دەرکەوت و والیی ئومەوییی کوشت و رووی کردە قردا- جەزیرەی بۆتان و بەدەم شەڕەوە چووە نەصیبین و ئەمجا چووە شارەزور و گەمارۆی والیی ئومەویی دا[(٤)].

لە سەرەتای ساڵی١٢٧ك/٧٤٥ز عەبدوڵای کوڕی معاويه لە دەوڵەتی ئومەوی هەڵگەڕایەوە و لە کوفەوە چووە مەدائین و خەڵکی بەیعەتیان پێدا و هەندێك لە

---

(١) تأريخ خليفة بن خياط، ص٥٦٣.

(٢) تأريخ اليعقوبي، ٢/٢٣٥–٢٣٦، تأريخ الطبري، ٣١٨/٧.

(٣) تأريخ خليفة، ص٥٨٠، تأريخ الطبري، ٣٤٦/٧، ٣٥٢.

(٤) تأريخ خليفة، ص٥٨٦.

کوفیەکانیش پشتگیریان لێکرد، ئەویش دەستی گرت بەسەر حلوان و دینەوەر و نەهاوەند و هەمەدان[1].

## ٣.٢ـ کورد و بانگەشەی عەباسی:

بانگەشەی عەباسی لە دەوروبەری ساڵی١٠٠ك/٧١٨ـ٧١٩ز سەری هەڵدا و مەکۆ و بارەگای یەکەمی گوندی(الحُميمة)[2] بوو لە وڵاتی شام، ڕێبەرانی بانگەشەکە دەیانویست لە ڕێگای ڕێکخستنی نهێنییەوە خۆیان سازبدەن و بەرهەڤی بکەن بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێك دژبە بنەماڵەی ئومەوی، ئەوان بەو پێیەی نەوەی هاشمی قورەشین و پسمامی پێغەمبەرن، خۆیان بە شاهیستە و موستەحەق دەزانی ببنە جێگرەوەی پێغەمبەر و خەلیفەی موسڵمانان و دروشمی (الرضا من آل محمد)یان بڵند کردەوە و هەڵسوڕاو و بانگخوازانیان بە دەڤەر و هەرێمەکاندا بڵاو کردەوە و سەرەتا لە هەرێمی خوراسانەوە دەستیان پێکرد، ئەم بانگخوازانە بە شێوەیەکی نەپەنی و بە پۆشاکی بازرگانان و حاجیانەوە ناوچە بە ناوچەو بازێڕ بە بازێڕ و گوند بە گوند دەگەڕان بە مەبەستی هاندانی هۆزە عەرەبە ناڕازیەکان و میللەتانی مەوالی دژ بە ئومەوییەکان و خستنەڕووی رەفتاری نابەجێ و هەڵسوکەوتی ستەمکارانەی خەلیفەکانی ئومەوی و دەرچوونیان لە ڕێبازی دروستی پێغەمبەر(ص)و هەڤاڵانی، لەپاڵ ڕاگەیاندن و ڕوونکردنەوەی پەیڕەو و بەرنامە و ئامانجی بانگەشەکە و گرنگی و پێویستیی بەیعەتدان بە ڕێبەری یەکەمیان ئیمام محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی عەبدوڵای کوڕی عەباس (م:١٢٥ك/٧٤٣ز) و دوای ئەویش بە کوڕە گەورەکەی (إبراهيم الإمام:م١٣١ك/٧٤٩ز)، بەم شێوەیە لە کار و کۆشش بەردەوام بوون تا جەماوەرێکی بێ شومار لە خێڵە عەرەبەکان و مەوالی چوونە ریزیانەوە و قەناعەتیان بە دروشم و بەرنامەکەیان هێنا، دوای پتر لە سی ساڵ خەبات و

---

(١) تأريخ الطبري، ٧/٣٠٢-٣٠٣.

(٢) ئەم گوندە ئێستا دەکەوێتە پارێزگای مەعانەوە لە باشوری ئوردون.

تێکۆشین، شییان ساڵی١٣٢ك/٧٤٩ز دەوڵەتی ئومەوی بڕوخێنن و خیلافەی عەباسی دابمەزرێنن[(١)].

زانیاریی ئەوتۆ بەردەست نیە دەربارەی بزاڤ و جموجۆڵی بانگخوازانی عەباسی لە کوردستان، لەبەر ئەوەی ئەوان چالاکی و هاتنوچوونیان بە رەنگێکی تەواو نەپەنی بوو، وەلێ ئەبوموسلمی خوراسانی بە کۆڵەکەیەکی سەرەکی بانگەشەی عەباسی دادەنرێت و هەر لە سەرەتاوە پەیوەندیی بە ئیمام محەمەدی کوڕی عەلییەوە کرد و بەیعەتی پێدا، ئەویش هەر زوو قەناعەتی بە دڵسۆزی و لێوەشاوەیی هێنا و ئومێدی سەرکەوتنی بانگەشەکەی تێدا بەدی کرد.

ئەبوموسلم رۆڵێکی هەرەمەزن و چارەنووسسازی گێڕا لە پێشخستن و گەشەکردنی بانگەشەی عەباسی و دواتریش سەرخستنی، بەتایبەت پاش مردنی ئیمام محەمەدی کوڕی عەلی و دەستبەکاربوونی ئیبراهیمی کوڕی، تەنانەت بە خودانی بانگەشە(صاحب الدعوة) ناوبرا[(٢)] و پاش سەرکەوتنی عەباسیەکان کرا بە والیی خوراسان و چییاکان و(مالك بن الهيثم)ی لایەنگریشی کرا بە والیی شارەزور[(٣)].

بوختان و ئاخفتنی ناڕەوا کەم نین دەرهەق بنەچە و نەژادی ئەبوموسلم کە لە لایەن هەواڵزانان و هەوادارانی عەباسییەوە هەڵبەستراون، دوای ئەوەی ساڵی١٣٧ك/٧٥٤ز بە پیلان و فرمانی خەلیفە (ابو جعفر المنصور:١٣٦_١٥٨ك/٧٥٤_٧٧٥ز) هاتەکوشتن و خرایە ریزی دوژمنانی دین و دەوڵەتەوە، لەمبارەیەوە دەنگوباسی بێ بنەمای جۆربەجۆر هەن و دەڵێن عەرەبە یاخود فارسە، قەزوێنی دەڵێت نەوەی شیدوشی

---

(١) بۆ پتر پێزانین دەربارەی بانگەشەی عەباسی بڕوانە: مؤلف مجهول، أخبار الدولة العباسية، دار الطليعة (بيروت: ١٩٧١)، الدينوري، الأخبار الطوال، ص٣١٠– ٣١٥، فاروق عمر فوزي، طبيعة الدعوة العباسية (بغداد، ٢٠٠٢).

(٢) الأخبار الطوال، ص٣١٠–٣١٥، تأريخ اليعقوبي، ٢/٢٣٢–٢٣٨.

(٣) إبن الأثير، الكامل، ٤/٦١٠، ٦٢٨.

هاوچەرخی کەیخەسەرەوە[1]، هەواڵی وەهاش هەڵبەستراوە کە کردوویەتی بە کۆیلە یان کوڕی کەنیزەیەك و کەس نازانێ کێ باوکیەتی[2].

بەڵام پتر قەناعەت وایە کورد بێت و دانەری مێژووی سیستان راشکاوانە بە کوردی دادەنێت[3] و شاعیر(أبو دُلامة:م١٦١ك/٧٧٨ز) [4] لەمیانەی ستایشکردنی خەلیفە، توانج لە ئەبوموسلم دەگرێت و دەڵێت باب و باپیرانت کوردانی غەدارن:

أبا مجرم ماغيرالله نعمة

على عبده حتى يغيّرها العبدُ

أفي دولة المنصور حاولت غدره

إلا إن أهل الغدر آباؤك الكُرد[5].

لە لایەکی دیەوە لەشکری عەباسی لە خوراسانەوە بە ئاڕاستەی عێراق بەڕێ کەوت و بەردەوامی بە پێشڕەوی دا و یەك بە یەك شار و شارۆچکەکانیان لە لەشکری ئومەوی پاك کردەوە، (قُحطبة بن شبيب) گەهیشتە هەرێمی چیا و لە ماوەیەکی کورتدا هەمەدان و نەهاوەند و کرماشان و حلوان و خانەقینی گرت[6].

پاشان رابوو بە ناردنی پەیامبەران بۆ سەرکردە و والیانی دەوڵەتی ئومەوی تا ریزییان بەجێ بهێلن و پەیوەندی بکەن و بە سوپای عەباسییەوە، لەم چوارچێوەیەدا نامەیەکی نارد بۆ ئیسحاقی کوڕی موسلم والیی هەردوو هەرێمی ئەرمینیا و ئازەربیجان و نامەبەرەکە کوردێك بوو کە نامەکەی لە دووتۆی سەرپێچەکەیدا شاردبۆوە، وەلێ لە بازێڕی هیتی کەناری فورات کەوتە داوی پیاوانی دەوڵەتی ئومەوییەوە، دوای پشکنینی

(١) تأريخ گزيده، ص٢٨٢.

(٢) المسعودي، مروج الذهب، ٣/٢٣٩.

(٣) تأريخ سيستان، ص٧٢.

(٤) زند بن الجون الأسدي: کوڕی کۆیلەیەکی ڕەشتپێستی حەبەشی و مەولای هۆزی (بنو أسد)بوو.

(٥) مؤلف مجهول، أخبار الدولة العباسية، ص٢٥٦، ابن خلكان، وفيات الأعيان، ٣/١٥٥.

(٦) أخبار الدولة العباسية، ص٣٥٥–٣٥٦، الأخبار الطوال، ص٣٣٤.

نامەکیان بـینیەوە و بە کۆت و بەندەوە ناردیان بۆ خەلیفە مروان، ئەویش ئیسحاقی لەم هەڵسوکەوتەی عەباسیەکان ئاگادار کردەوە[1].

دوای یەکلابوونەوەی هەڵوێست لە هەرێمی چییا، سوپای عەباسی رووەو شارەزور ملینا، دوو فەرماندەی سەربازی بە ناوەکانی (عبدالملك بن يزيد) و (مالك بن طريف) بە چوار هەزار شەڕکەرەوە لە شوێنێکی شارەزور مۆڵیاندا و لە دوا ڕۆژەکانی ساڵی ١٣١ك/٧٤٩ز شەڕی لەشکری ئومەوی یان کرد و عوسمانی کوڕی سفیان پێشەوای لەشکری ئومەوی و ژمارەیەك لە لایەنگرانی هاتنە کوشتن و پاشماوەی لەشکرەکەیان تالآن کرا[2].

گومانی تێدانیە کوردانی چییاکان و شارەزور پشتگیری بانگەشەی عەباسییان کرد و پەیوەندیان بە سوپای عەباسییەوە کرد و تا ئەو رادەیەی ژمارەیی گەهیشتە نزیکەی پێنج هەزار کەسێك، سوپای عەباسی تا سەرەتای ساڵی پاشتر لە شارەزور مایەوە و خەلیفەی ئومەوییش کە بەم پێشڕەویەی زانی لە حەڕانەوە بە هێزێکی خەڵکی شام و جەزیرەوە کشاو لە کەناری زێی مەزن سەنگەری گرت[3].

جێگای ئاماژەیە شارەزورییەکان پشکدارییان لە شەڕی یەکلاکەرەوەی سەر زێی سەروو(معركة الزاب) کرد کە لە نێوان هەردوو لا لە مانگی (جمادی الآخرة)ی ساڵی ١٣٢ك/کانونی دووەمی٧٥٠ز هەڵگیرسا، بەڵگەی ئەم راستیەش ئەوەیە کە لە کاتی بەرەنگاربوونەوەدا، خەلیفە مەروان هەڤاڵان و لایەنگرانی تێگەیاند و هانی دان شەڕی سوپای عەباسی بکەن کە بریتین لە کۆمەڵێك لە خەڵکی شارەزور و کەسانی شارەزا و هۆشیاری خەڵکی خوراسانیان لەگەڵ نیە[4].

---

(١) أخبار الدولة العباسية، ص٣٥٥–٣٥٦، فائزة محمد عزت، الكُرد في إقليم الجزيرة وشهرزور، ص١٧٥–١٧٦.

(٢) تأريخ اليعقوبـي، ٢/٢٣٩، تأريخ الموصل، ص١٠٧، الكامل، ٤/٥٦٦–٥٦٧.

(٣) الكامل، ٤/٥٦٧.

(٤) تأريخ الموصل، ص١٢٨، الكُرد في إقليم الجزيرة وشهرزور، ص١٧٧–١٧٨.

له سوپای ئومەوییش وێڕای هۆزە عەرەبەکان، میللەتانی مەوالیش هەبوون و زۆربەی جەنگاوەرانی ئومەوی لە شەڕی زاب دا کە بەپێی ئاخاوتنی سەرچاوەکان ژمارەیان خۆی لە سەد و بیست هەزار کەس دەدا خەڵکی جەزیرە و شام بوون و خەلیفە مەروان مەوالیی هەبوون لە میللەتانی ناعەرەب[1].

### ٢-٤- نیشتەجێبوونی عەرەب لە کوردستان:

یەکێکی دی لە دەرهاوێشتە و ئەنجامەکانی فەتحکردنی کوردستان و هەرێم و وڵاتانی دی و دواتریش زاڵبوون و پایەدابوونی رەهای عەرەب، ئەوەبوو کە خەڵکێکی زۆر لە خێڵ و تیرە و بنەماڵەی عەرەب بە تاك و بە کۆمەڵ، نەخاسمە لەوانەی بە شەڕکەر و جەنگاوەر و موجاهید دادەنران، بە شار و بازێڕ و گوند و چیبیا و دەشت و هەرد و کەژی کوردستاندا بڵاوبوونەوە و ئاکەنجی بوون، پاڵنەر و پاساوی ئەم دیاردەیە بەر لە هەموو شتێك ئەوەبوو کە ئەوان بێ دوودڵی و ڕاڕایی، شوێنە داگیرکراوەکانیان بە موڵکی رەوا و شەرعیی خۆیان دەزانی و دەخرانە نێو دەستکەوتەکانی جەنگەوە، بەتایبەت ئەو شار و دەڤەرانەی وا بە شەڕ و کوشتار و بە نوکی رم داگیر دەکران و خەڵکەکەی دەکوژران یان شاربەدەر دەکران[2] و هەر بنەماڵەیەك دەڤەرێکی ناوازەی بۆ خۆی پاوەند دەکرد و پاشماوەی خەڵکی ناوچەکەیان دەکردە سەپانی خۆیان و ئێشکگری گوندەکانیان[3].

ئەو زەویوزارانەی وا زەوت دەکران و بەناو دەهێنران، پتر خاکی بەپیت و بەپێز بوون و لە بەراو و رەز و باخ و بێستان پێکدەهاتن، موڵکدارانی عەرەب دانیشتوانە رەسەنەکانیان بە پاڵە و رەنجبەر و پاسەوان دەگرت و بە بێگاری کاریان پێ دەکردن، لە زاری بەشداربوویەکی شەڕەکانی جەلەولا و چیپاکانەوە دەماودەم هاتووە کە کاری

---

(١) المسعودي، مروج الذهب، ٣/٢٤٩.

(٢) فتوح البلدان، ص٢٧٢، تاريخ الطبري، ٤/٣٢٣.

(٣) لە ریوایەتێك دا هاتووە: "إن العرب لما نزلت آذربـيجان نزعت إليها عشائرها من المصرين (الكوفة والبصرة) والشام وغلب كل قوم على ما أمكنهم وأبتاع بعضهم من العجم الأرضين وألجئت إليهم القرى للخفارة، فصار أهلها مزارعين لهم". فتوح البلدان، ص٣٢٤-٣٢٥، ٣٠٨.

سەرملی جوتیارانی ناوچە فەتحکراوەکان، سەرەڕای جوتکاری و کێڵانی زەوی، چاوەدێریی بازاڕ و پرد و ڕێگاوبانەکان بوو، دەبوو سەرانەش بدەنە دەوڵەتی ئیسلامی، ئەرکی دێهکانەکان- کوێخاکانیش خڕکردنەوەی سەرانە و بنیاتنان بوو، هەردوو لایانیش دەبوو ڕێبەدێهی و میوانداریی کاروانی و ڕێبوارانی موهاجیرەکان بکەن[1].

فەقیە و شەرعزانانیش ئەحکام و یاسا و ڕێسای بەگەڕخستن و بەناوهێنانی ئەم موڵك و زەویوزارانەیان داڕشت و بە پشتبەستن بە شەرع، بە دەستکەوتێکی حەڵاڵ و ڕەوایان ژمارد.

سەبارەت بە زەویە فەتحکراوەکان، هەر یەك لە ئیمام (أبو حنيفة النعمان:م ١٥٠ك /٧٦٧ز) و(سفيان الثوري:م١٦٢ك/٧٧٩ز) و (القاضي أبو يوسف:م١٨٢ك /٧٩٨ز) وایدەبینن ئەو زەوی و خاکانەی بە شەڕ کەوتوونەتە دەست موسڵمانان، ئەگەر ئیمام لە وەختی خۆیدا دابەشی کردبێت بەسەر ئەوانەی دەستیان بەسەردا گرتووە، ئەوا دەبنە زەوی دەیەکی(الأراضي العُشرية)، واتا خاوەندە نوێیەکانی- عەرەبەکان دەیەك دەدنە دەوڵەت و خاوەندە ڕەسەنەکانیشی دەبنە سەپان و کۆیلەی زەوی(الرقيق) و ئەگەر ئیمام دابەشی نەکردبێت و نەیگەڕاندبێتەوە بۆ موسڵمانان، ئەوا دەبنە(الأراضي الخراجية) و خەڵکەکەیشی کە بە علوج ناو دەبران[2]، دەبوو سەرانە و موڵکانە بدەنە دەوڵەت بێ ئەوەی بکرێنە کۆیلە[3] و بۆ ناسینەوە و لێکجیاکردنەوەیان، سەرەتا زەویانە- موڵکانەکەیان لێ دەسێندرا، ئەمجا ملیان خەتم و داخ دەکرا و تەوقیان دەخرایە گەردن[4]، وەك ئەوەی لە خانەقین کردیان[5]، تەنها صەحابی عوسمانی کوڕی

---

(١) تأريخ الطبري، ٣٢/٤.

(٢) القاضي ابويوسف، الخراج، ص٣٥-٣٦، تأريخ الطبري، ٥٠٩/٣، ١٢٢/٥-١٢٣، ٦١٣، الكامل، ٣١٧/٣-٣١٨. علوج كۆی علج- عەلەج: کەسی کەتە، دەبەنگ و ڕەقەکار، کافرانی نا عەرەب، بە کەرەکێوی یش دەگوترا.

(٣) الخراج، ص٣٤-٣٨، ٨١، فتوح البلدان، ص٤٣٣.

(٤) مصنف ابن أبي شيبة، ٤٦٩/٦.

(٥) فتوح البلدان، ص٢٧٢.

حونەیف(م: پاش٤١ك/٦٦١ز باجگری رەشەخاکی عێراق لە سەردەمی عومەر، ملی پێنجسەد و پەنجا هەزار علوجی داخکرد[١].

نیشتەجێکردنی عەرەب بۆ ئەوەش بوو پرۆسەی فەتحکردن رانەوەستێت و درێژە بە سەپاندنی دەسەلآت بدرێت، دەولەتی ئیسلامی دەیتوانی لەم رێگایەوە و بەم شێوازە پێی خۆی قایمتر بکات و حوکمی بچەسپێنێت.

فەرماندە گشتیەکان و سەرتیپە مەیدانیەکان، هەر شار و گوندەوارێکیان بگرتایە، هەلدەستان بە بەرنامە چ مولکی بەپیت و کێلگە و رەزوباخ هەیە بە خزم و کەسوکار و لایەنگرانیان دەبەخشی، خەلیفەکانیش ئەم کارەیان لەکن پەسند بوو و پشتگیرییان لێ دەکرد، بۆ نموونە کاتێك خەلیفە عوسمان، معاویەی کوڕی ئەبوسفیانی ئامۆزازای کرد بە والی شام و جەزیرە، رێگای پێدا هۆزە عەرەبەکان لە شوێنە چەپ و لاتەریکەکان نیشتەجێ بکات تا زەویوزارە بێ خودانەکان، واتا ئەوانەی خودانەکانیان کوژرا بوون یان هەلهاتبوون بەناو بهێنن، ئەویش چەند تیرەیەکی لە هۆزەکانی(تمیم) و(قیس) و(الأسد) لە چەند شوێنێك نیشتەجێ کرد[٢]و عەرەب بە زۆری لە جەزیرەی بۆتان بلآوبوونەوە[٣]، لەوانە بنەمالەیەکی هۆزی (تمیم) کە لە گوندی بازبدای بەرانبەر بۆتان (باقردا) جێگیر بوو[٤].

جەریری کوڕی عەبدولآ پاش گرتنی حلوان، بنەمالەی خۆیی و خزمەکانی تێدا نیشتەجێ کرد و تا سەدەی٣ك/٩ز نەوەکانی لەوێ مابوون[٥]و لە گەرمەی هێرشکردنە سەر نەهاوەند، عەرەبەکان گەهیشتنە قەلآیەك وداگیریان کرد و(النُسیر بن ثور) کرا بە بەرپرسی و خەلکێکی عەرەبی تێدا جێگیرکرا لە هەردوو هۆزی (عجل) و (حنیفة) و

---

(١) الخراج، ص٤٨، ١٤١، فتوح البلدان، ص٢٧٠.

(٢) فتوح البلدان، ص١٨٢، ياقوت الحموي، معجم البلدان، ١٩٥/٤.

(٣) تأريخ خليفة بن خياط، ص٥٨٦.

(٤) معجم البلدان، ٢٥٦/١.

(٥) فتوح البلدان، ص299.

قەڵاکەش ناونرا (قلعة نُسير)[1]، عەبییازیش ژمارەیەك عەرەبی لە شنگار جێگیر کرد[2]، دواتر عەرەب لە زەبیدی یەمەنەوە هاتنە شنگار و نیشتەجێ بوون و خالدی زەبیدی و شاعیرێکی(بنو النمر) بە شیعر توانجیان لە یەکدی دەدا[3]، (هرثمة بن عرفجة)ش نەخشەی شاری موصڵی کێشا و زەویی بەسەر هۆزە عەرەبەکاندا بەشاندەوە[4].

(کثير بن شهاب) هەواداری ئومەوییەکان بوو و ماوەیەك کرا بە والیی ماسبدان و میهرەگانکدەك و حلوان و نەهاوەند و دینەوەر و زەوی و عەقاراتی بۆ دابین کرا و کۆشکێکی لە نزیك دینەوەر بنیادنا، کەچی کوڕ و نەوەکانی لە موڵکدارانی ماسبدان بوون، بنەماڵەی(الخشارمة الأسدي) بنەماڵەیەکی دیکەی دانیشتووی ماسبدان-ماهسەبەتان بوو، خەشرەمی کوڕی مالکی باپیرەیان لە کۆتاهی سەردەمی ئومەوی دا لە کوفەوە گواستبوویەوە بۆ ماسبدان، (عثمان الأودي) و (مرة الرديني العجلي) زەوی و عەقاراتیان هەبوو لە ئازەربیجان و چییا و لەسەر دەستخستنی لەوەڕگاکانی سیسەر و سەدخانی-سەدکانی، کێشە و هەرا کەوتە نێوانیانەوە[5]، زەیدی کوڕی عومران موڵك و زەویوزاری هەبوو لە لێواری زێی مەزن[6].

لە سەدەی ٣ك/٩ز عەرەب یەکێك بوو لە پێکهاتەی دانیشتوانی شارەکانی حلوان، سیروان، سێمەرە، کرماشان، دینەوەر[7] و هۆزی گەورەی شەیبان بە چڕی لە شارەزور و ناوچەگەلێکی دیی کوردستان بڵاوبوونەوە[8]، هەر لە شارەزور یەزیدی کوڕی عەبدوڵا

---

(١) معجم البلدان، ٣٨٨/٤.

(٢) فتوح البلدان، ص١٨٢.

(٣) معجم البلدان، ٧٨/٣.

(٤) فتوح البلدان، ص٣٢٧.

(٥) فتوح البلدان، ص٢٩٩، ٣٠٥–٣٠٧، معجم البلدان، ٦١/٤.

(٦) معجم البلدان، ٤٦٢/٢.

(٧) اليعقوبي، البلدان، ص٣٩–٤٠.

(٨) الهمداني، صفة جزيرة العرب، ص٢٤٧.

موڵك و سامان و گەنجینەی هەبوو[1] و هۆزی عەننزە لە دەشتەكانی نێوان هەردوو زێ بڵاوبوونەوە[2].

ئازەربـیجان هەرێمێكی ئاوەدان و پڕ جموجۆڵ بوو، دەیان شار و بازێڕ و شارۆچكە و هەزاران گوند و ئاوایی دەگرتەخۆ، هەموو مەرج و پێتڤیەكانی چاندن و وەرزێڕی و ئاژەڵداریی تێدا دەستەبەر بوو، لە كەشی لەبار و ئاووهەوای گونجاو و خاكی بەپێز و زێ و كانیاوی زۆر، لەبەر ئەم راستیە و لەبەر ئەوەش فاتحەكان بۆ دەیان ساڵ نەشیان رەوشی هەرێمەكە بە بەرژەوەندی خۆیان ئارام بكەنەوە و تەناهی بۆ بزڤرێننەوە، پتر لە هەرێمەكانی دی بووە جێگای چاوتێبڕینی كەسایەتی و سەردارە عەرەبەكان، هەر لە سەرەتای هەژموون و باڵادەستیی عەرەبەوە تا ناوەڕاستی سەدەی ٣ك/٩ز، دەیانماڵبات و تیرە وخێڵ لە هۆزەكانی:(الأزد) و (همدان) و (كندة) و (طَي) و (الأود) و (تميم)[3]، كۆمەڵ كۆمەڵ و دەستە دەستە لە كوفە و بەصرا و شامەوە بارگە و بنەیان هەڵدەگرت و روویان دەكردە ئازەربـیجان[4].

(الأشعث بن قيس الكندي) والیی ئازەربـیجان لە سەردەمی خەلیفە عەلی(٣٥-٤٠ك/٦٥٥-٦٦٠ز) و یەكێك لە سەركردە فاتحەكان، كۆمەڵێك لە ئەندامانی هۆزەكەی خۆی: كیندە نیشتەجێ كرد بۆ كۆكردنەوەی باج و سەرانە و موڵكانە[5]، نەریز یەكێك لەو شارۆچكە كوردنشینانە بوو كە كەسایەتیە عەرەبەكان چاویان تێبڕیبوو، (مُرّ بن عمرو الطائي) كردیە نشینگەی خۆی و كوڕەكەی(علي بن مُرّ) كۆشك و بازاڕی تیا بنیات

(١) بڕوانە: ابن طاووس، فرج المهموم في تأريخ علماء النجوم(قم:١٣٦٣ش)، ص٢٤٣.

(٢) الكامل، ٦٢٥/٥.

(٣) تأريخ اليعقوبي، ٢٥٩/٢، بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی نیشتەجێبوونی هۆز و بنەماڵە عەرەبەكان لە ئازەربیجان، بڕوانە: النقشبندي، آذربيجان في العصر السلجوقي، ص٧١-٩٥.

(٤) فتوح البلدان، ص٣٢٢-٣٢٦.

(٥) فتوح البلدان، ص٣٢٦.

نا، شنۆ- ئەشنەویە و چەند شارێکی دیی ئازەربـیجان موڵکی(بنو الرديني)ی عەرەب بوو و هەر بە ناوی ئەوانەوە دەناسرا[1].

پرۆسەی دەستبەسەراگرتن، هەڵەت و زۆزان و کێو و زورگەکانیشی گرتەوە، ناوچە شاخاویەکانی سێگۆشەی نێوان شارەزور و هەولێر و ئازەربـیجان ناونرا(السلق) بە واتای کانیاو و بەراو، چونکە ئاو و بەراوی بنەماڵەی (الحسن بن الصباح) بوو لە هۆزی هەمدان، دواتر بووە موڵکی(معاوية الأودي)[2]و دوای خۆی پشتاوپشت بۆ کوڕ و نەوەکانی مایەوە و هەر بە ناوی خۆیانەوە ناونرا و ناسرا[3]، تەنانەت کێوی سەرکەشی جودی یش لە چنگی عەرەب دەرباز نەبوو و بووە دەستکەوتی خێڵ و تیرەکانی هۆزی رەبیعە[4].

(إدريس بن معقل العجلي) لە سەردەمی ئومەوییەوە بە خێڵەکەیەوە لە هەرێمی چیيا نیشتەجێ بوو و ناوچەکانی نێوان ئەصفەهان و هەمەدانی پاوان کرد و دەڵێن ئەبوموسلمی خوراسانی غولام و مەولای ئەم بووە، پاش خۆی عیسای کوڕیی شاری کەرەجی ئاوەدان کردەوە، قاسمی کوڕی عیسا ناودار بە(أبو دلف العجلي: م٢٢٦ك /٨٤١ز) پرۆژەکەی باوکیی تەواو کرد و خزم و کەس و خێڵەکەی تێدا نیشتەجێ کرد و شارەکە ناونرا (كرج أبـي دلف) و بەخۆیشی کەسایەتیەکی ناوداری ناوچەکە و دەمڕاست و نوێنەری خیلافەی عەباسی بوو،بە جوامێری و شاسواری و نانبدەیی ناوبانگی دەکردبوو و ئەدیبان و شاعیران دەبوونە میوانی و قەصیدەیان بە سوارچاکی و بەرچاوتێریی هەڵدەدا، بەشێك لە ناوودەنگی لەوەوە هاتووە کە لە شەڕێکدا دەگەڵ کوردانی ناوچەکە، بە گورزێك دوو سوارەی کوردی پێکاوە و گوایە سەری رمەکەی جەستەی یەکێکیانی سمیوە و بەر دووەمیان کەوتووە و هەردووکیانی کوشتووە، لە

---

(١) فتوح البلدان، ص٣٢٢، الخزرجي، الرسالة الثانية، ص١٠.

(٢) فتوح البلدان، ص٣٢٢، معجم البلدان، ٥٩/٣.

(٣) معجم البلدان، ٤٦٢/٢.

(٤) الهمداني، صفة جزيرة العرب، ص٢٤٧.

دەیان دەق دا، ئەم دەستڕاستیەی ئەبودولەف بە نموونەی سوارچاکی و ئازایی پیشاندراوە، شاعیر(بكر بن النطاح:م١٩٢ك/٨٠٨ز) بەم بۆنەیەوە دەڵێت:

قــــالـــوا:وينظم فارسَيْنِ بطعنة ... يـــوم الهياج ولا نــراه كـــليلا
لا تعجبوا فَلَوَ أنَّ طول قناته... ميل إذا نَظَمَ الفوارس ميلا[1].

جەزیرەی بۆتان لە كۆنترین جێگای نیشتەجێبوونی كوردە و لە نوسراوە سریانیەكاندا بە(باقردی) یان (بيث قردو) دەناسرا كە لە عەرەبی دا دەبێت بە(بيت الكُرد) بە واتای نیشتمانی كوردان. لە سەرەتای سەردەمی ئیسلامی بە گراڤی كوردان- دورگەی كوردان (جزيرة الأكراد) دەناسرا، تا كابرایەك بە ناوی (عبدالعزيز بن عمر) لە ناوەڕاستی سەدەی ٣ك/٩ز هاتە جەزیرە و هەندێك خانووی لێ بنیاتنا و لەو ڕۆژەوە بە(جزيرة إبن عمر) ناسرا.

خەلیفەكانیش پشكی خۆیان لەم"خوانە بێ خودانە"هەبوو، كەسایەتیە ساماندار و دەستڕۆیشتوەكانی بنەماڵەی ئومەوی، هەریەكەو دەستی بەسەر پارچەیەكدا دەگرت و ئاوەدانی دەكردەوە و كۆشك و تەلاری لەناو ئاوا دەكرد، خەلیفەكانی ئومەوی زەویزاری بەرفراوانیان لە ئازەربیجان هەبوو و دوای لەناوچوونیان بووە دەستكەوتی عەباسیەكان، مێرگەكانی سیسەر پاوەند و لەوەڕگای مەڕ و ماڵاتی خەلیفە (المهدي: ١٥٨-١٦٩ك/٧٧٥-٧٨٥ز) بوو[2]،خەلیفە(هارون الرشيد:١٧٠-١٩٣ك/٧٨٦-٨٠٩ز) كۆشكێی لە گوندی بازبدای بەرانبەر جەزیرەی بۆتان(باقردا) بنیادنا و شاعیرێك بەم بۆنەیەوە دەڵێت:

بِقردَى وبَازَبْدَى مَصيفٌ ومَرْبَعٌ وعَذْبٌ يُحاكِي السلسبيلَ بَرودُ
وبَغدادُ، ما بَغدادُ، أمّا تُرابُها فَخُرْءٌ، وأما حَرّها فَشَديدُ[3].

---

(١) مروج الذهب، ٤٧٤/٣-٤٧٥، إبن خلكان، وفيات الأعيان، ٧٣/٤-٧٤، الصفدي، تحفة ذوي الألباب، ص٢٢٣-٢٢٦.

(٢) فتوح البلدان، ص٣٠٧، ٣٢٥-٣٢٦، مختصر كتاب البلدان، ص٢٦٢.

(٣) تأريخ الطبري، ٦٢٥/٤، الكامل، ١٧٤/٥، معجم البلدان، ٢٥٦/١.

لە ژێر روشنایی ئەم راستیانە، هیچ سەیر نییە ئەگەر چەندین بازێڕ و گوند و ئاوەدانی و کۆشك لە کوردستان بە ناوی ئەو کەسایەتیە عەرەبانەوە ناونرابن کەوا بەخۆیان بنیادیان نابوو یان بوو بە موڵکیان:( قصر كثير، قصر عمرو، قصر يزيد، مرج أبي عُبيدة، قرية أبا أيوب، قلعة ماذران، قنطرة النُعمان[1]، سن سميرة[2]، الزُبيدية[3]، كرج أبي دلف، جزيرة إبن عمر)[4].

هەر لە ئەنجامی پرۆسەی گرتنی شار و ناوچە کوردنشینەکان و ئەو شەڕ و هەرا و هەڤڕکییانەی بەدویدا هاتن، چەند کیژێکی کورد بەرکەوتن و بوونە قوربانیی جەنگ و بە نەریتی خێڵەکیی عەرەب وەك دەستکەوتی بەهاداری بەرەکانی شەڕ هەژمار کران، وەلێ تەنها ناوی ئەوانەیان هاتووە کە بوونە پشکی توێژی دەسەڵاتدار و فەرماندە لەشکرییەکان و ناسراوترینیان کچە کوردێکی بەدبەختە کە ناوی ریا- رزیا بووە و وا دیارە لەبەر جوانی و نازکی بە(لبابة)ش ناسراوە و روون نییە لە کام دەڤەری کوردستانەوە رفێنراوە و نازانرێت بە چ رەنگێك کەوتۆتە چنگ عارەبان.

ئەم کچە ستەمدیدەیە یەکەم جار کەوتبووە چنگ (إبراهيم بن مالك الأشتر النخعي) گەورە فەرماندەی لەشکری(مصعب بن الزبير)ی دوژمن و بەرهەڵستکاری سەرسەختی ئومەوییەکان، لە شەڕێکی نێوانیاندا ئیبراهیم کوژرا و ئەویش بووە نێچیری محەمەدی کوڕی مەروان، محەمەد لەم کەنیزە کوردە دوو کوڕی بوو: مەروان و عبدالعزيز، مەروان

---

(١) بە ناوی(النعمان بن مقرن)ەوە ناونراوە.

(٢) عەرەبە فاتحەکان بەدەم رێگای چوونیان لە کرماشانەوە بەرەو دینەوەر و نەهاوەند، تووشی کێوێکی کێل کێلی بەرزبوون کە دەیروانی بەسەر چیاکانی چواردەورەی دا و یەکێکیان گوتی دەڵێی ددانی سەمیرەیە، سەمیرەش ژنێك بوو لە هۆزی(ضبة) و یاوەریان بوو و ددانی شاش و ناڕێك بوون، لەو رۆژەوە کێوەکە بە(سن سميرة) ناسرا.

(٣) بە ناوی زوبێدەی هاوژینی خەلیفە(هارون الرشيد)ەوە ناونراوە.

(٤) ابن خرداذبة، المسالك والممالك، ص٣٢، ابن رستة، الأعلاق النفيسة، ص١٥١، اليعقوبي، كتاب البلدان، ص٤٠، الإصطخري، مسالك الممالك، ص١١٥، ابن حوقل، صورة الأرض، ص٣٠٦، معجم البلدان، ٤٦٩/٢، ٦١/٤.

بووه دوا خەلیفەی ئومەوی(١٢٧_١٣٢ك/٧٤٤_٧٤٩ز)، دەنگۆی ئەوەش هەبوو گوایە محەمەدی کوڕی مەروان ئەو کەنیزە کوردەی بە زگپڕی رفاندووە و مەروانی لە زگدا بووە[١]، بۆیە لایەنگرانی عەباسییەکان خەلیفە مەروانیان بە(إبن أمّة النخع) ناودەبرد[٢].

بەکەنیزەکردنی کچان تا سەردەمانی پاشتر بەردەوام بوو، کچێکی دیی کورد کەنیزەی دووەم خەلیفەی عەباسی (ابوجعفر المنصور) بوو و لەم ژنە کوردەی کوڕێکی هەبوو بە ناوی جەعفەر کە بە کوڕی ژنە کوردەکە(ابن الكُردية) ناودەبرا و جاروبار دەنگوباسی لە رووداوەکان بەرچاو دەکەوێت[٣]و سەرئەنجام بە نەخۆشی لە زیندانی خەلیفە(هارون الرشيد)ی برازای مرد[٤].

یەحیای کوڕی خالد کابرایەك بوو لە دارودەستەی خەلیفە هارون و بە (إبن الكُردية) ناودەبرا و رەنگە دایکی ئەمیش کچە کوردێکی رفێنراو بووبێت[٥]، کەنیزەی واش هەبوون وەك سەماکار و سترانبێژ بۆ گەرمکردنی کۆڕی شەڤبێریی بەرپرسان و ساماندارا بەکار دەهێنران، وەك ئەو کچە کوردە سترانبێژەی کەنیزەی کابرایەك بوو بە ناوی محەمەدی کوڕی رجا_ سەدەی٣ك/٩ز[٦].

---

(١) لە هەواڵێکی دیدا کەنیزەی خودی مەصعەب بوو. بڕوانە: أنساب الأشراف، ٣٣٨/٦، تأريخ اليعقوبي، ٢٣٥/٢، تأريخ الطبري، ٤٤٢/٧، المقدسي، البدء والتأريخ، ٥٤/٦، تأريخ القضاعي، ص١١٧، ابن دحية، النبراس في تأريخ خلفاء بني العباس، ص٢١.

(٢) الكامل، ٥٨٨/٤.

(٣) تأريخ الطبري، ١٠٢/٨.

(٤) ابن حبيب، أسماء المغتالين، ص٢٢٢.

(٥) أبو الفرج الاصفهاني، مقاتل الطالبيين، ص٤١٠–٤١١.

(٦) الشابشتي، الديارات، ص١١.

## ٥ـ٢ مەوالیانی کورد و زانستەکانی فەرمووده:

لە ئاکامی پرۆسەی فەتحی ئیسلامی و بوونی دەڤەرە کوردنشینەکان بە پارچەیەك لە دەولەتی ئیسلامی، زۆری میللەتی کورد بەرەبەرە بوونە شوێنکەفتە(موالي)ی کەسایەتیە عەرەبەکان لە بەرپرسان و دەسەلاتداران و ساماندارن.

دەنگوباس لەمەڕ ئەم مژارە ناتەواوە و نازانرێت تا چ رادەیەك دیاردەی موالات کوردی گرتۆتەوە و لێرەش بە هەمان شێوە تەنها ئەو مەوالیە کوردانە دەناسین کە چوونە بەصرا و کوفە و واسط و دواتریش بەغدا و تێکەڵ بە جڤاکی ئیسلامی بوون و ئاشنای زمانی عەرەبی و فیقهی ئیسلامی بوون و خۆیان بە خوێندن و گێڕانەوەی فەرموودەوە خەریك کرد، بەمەش لە ریزبەندی ئیسنادی فەرموودەگەلێك ناویان نوسرایەوە و ناسنامە و چەمکێك لە سەرگوزشتەی ژیانیان کەوتەناوەوە، بەو پێیەی لە چێکردنی دیرۆکی ئیسلامی دا بەرهەڤییان هەبووە و خزمەتی زانستە ئیسلامییەکانیان کردووە، ئەمانە ئەگەر لە کوردستان مابوونایەتەوە، هەرگیز ژیاننامەیان یاداشت ناکرا.

### أ- (جابان الكُردي) صەحابی نیە، مەولایەکی تابعی یە:

جابان کە زۆر نزیکە ناوی رەسەن و دروستی گابان- گاوان بێت، تەنها بەگوێرەی ئەو دوو سێ فەرموودەیەی کە ئەبوبەصیر مەیموونی کوڕی لێی گێڕاویەتیەوە بە صەحابی دانراوە و گوایە ماوەیەك هاونشین و هەڤالّی نزیکی پێغەمبەر(ص)بووە.

محەمەد ئەمین زەکی یەکەم کەسە لای خۆمان، باسی ئەوەی کردبێت کە جابان هەڤاڵـصەحابیە و ئەویش لە تەفسیری (روح المعاني)ی مەحمود شوکری ئالوسی (م:١٨٥٤ز) وەری گرتووە[(١)]. لەوە بەدواوە دەیان کەس- بەخۆشمەوە- لە کتێب و

---

(١) خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، ل ١٢٣، محەمەد ئەمین زەکی و گەلێك نوسەری دی، جاوانی کورد یان بە صەحابی داناوە و پێشتریش چەند سەرچاوەیەکی سەردەمی ئیسلامی هەر وایان ژماردووە و منیش لە چاپەکانی پێشووی ئەم کتێبە بۆچوونم وابوو و بۆ دەیان ساڵ ئەم بابەتەم بۆ خوێندکارانی پشکی مێژوو باس کردووە، پاشان بۆم دەرکەوت ئەم بابەتە گومانێکی زۆر هەڵدەگرێت و پێتڤیی بە پێداچوونەوە هەیە.

لێکۆڵینەوە و دیدار و وانەگوتنەوە و راگەیاندن دا، ئەمەیان دووبارە کردۆتەوە و زانیاری پتریان لەبارەوە هێناوەتەوە، بێئەوەی کەسێکیان دووڤچوون و پشکنینی بۆ ئەم بابەتە کردبێت و بیٚ سێودوو بە مەبەست یان بیٚ مەبەست وەریان گرتووە، وەلیٚ ئەگەر خوێنەر بە چاوێکی رەخنەگرانە لەو هەواڵ و دەنگوباسانە وورد بێتەوە کە سەبارەت بە جابان هاتوون، بیٚ بنەمایی و هەڵبەستراوییان بۆ روون دەبێتەوە.

جاوان نە لە روداو و پێشهاتەکانی سەردەمانی پێغەمبەرایەتی و خیلافەی راشدی دەنگ و رەنگی هەیە و نە لە سەرچاوە رەسەن و بنەڕتیەکانی فەرمودە، واتا لە شەش ئیصحاحەکە و سونەن و مەسنەدەکان[1] و ئەوانەی وا لە سیٚ سەدەی یەکەمی کۆچی دانراون، بوونی هەیە و شوێنەواری دیارە، راستە دەیان و سەدان هەڤاڵ- صەحابی ناو و دەنگوباسیان لە رووداوەکان نەهاتووە، بەڵام جابان- ئەگەر هەڤاڵ بووایە- بە هۆی ئەوەوەی جیاوازە لە جەماوەری هەڤاڵان و عەرەب نیە، دەبوو هاوشانی سەلمانی فارسی و صوهەیبی روومی و فەیروزی دەیلەمی، ئەم جیاوازیە هاریکار بووایە بۆ ناوهێنانی و تایبەتمەندیی عەرەب نەبوونی بخرایەتەڕوو.

وەك ئاشکرایە کەسانێك هەن ئایدۆلۆژیانە مێژووی کورد دەنوسنەوە و بایەخدانیان بە بەم مێژووە تەنیا بە مەبەستی خستنەگەڕیەتی بۆ خزمەتکردن ئەو ئایدۆلۆژیایە و پاڵپشتکردنێتی بە مێژوویەکی چەواشە، بیٚ گوێدانە بێلایەنی و رەچاوکردنی میتۆدی زانستی و رامان و رەخنەگرتن لە هەواڵە زارەکیەکان و خوێندنەوەیەیان بە چاوێکی گومان و رەخنەوە، ئەم نوسەرانە بەبیٚ بەڵگە دەڵێن جابانی کورد نوێنەر و دەمڕاستی کوردان بووە و لەسەر راسپاردەی نەتەوەی کورد نوێنەرایەتی کردوون و چۆتە خزمەت پێغەمبەر(ص) و لەسەر دەستیی بووە بە موسڵمان. ئەمانە تا هاتووە وەك دەڵێن بۆیان شێلاوە و لە خۆڕاوە و بە ویست و میزاجی خۆیان جابانیان کردووە بە جەنگاوەرێکی موجاهید و گوایە لە فەتحکردنی کوردستانا ئامادە و پشکدار بووە و بۆتە چاوساخ و

---

(١) (الإصحاح الستة والسنن والمسانيد).

ڕێبەدێهی سوپای موسڵمانان، بگرە لە دەڤەری مەرگە لە دژی زۆر و ستەمی فارسەکان هاتۆتەدەنگ و جەنگاوە[1].

لەمەش زیاتر، هەڵگرانی بڕوانامەی بڵندی وا هەن، گەرەکیانە خۆڵ بکەنە چاوی خەڵکی و دەڵێن بەر لەدایکبوونی محەمەد(ص) و دەرکەوتنی ئیسلام، کورد خۆبەخۆ پێشبینیی دەرکەوتنی پایەمبەری خیتام و گەهیشتنی دوا پەیامی خوداییان بە کوردستان دەکرد و خۆیان سازدەدا تا بچن بەپیریەوە و ئارەزوومەندانە و بێ هیچ بەربەست و بەرگرییەك بە سینگفراوانییەوە قبوڵیان کرد.

ئەوەی راستی بێت جابان لە یاران و هەڤاڵان نەبووە، بەڵکو مەولای عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی العاص(م:٦٥ك/٦٨٤_٦٨٥ز)بووە و لە زاری ئەوەوە فەرموودەی بۆ مەیموونی کوڕی گێڕاوەتەوە[2] و دووریش نیە بە هەوڵی ئەو بووبێتە موسڵمان، مەیموونی کوڕی جابان تاکە کەسێکە بابیی بە هەڤاڵی پێغەمبەر(ص) ناساندبێت و تەنها دوو سێ کەسی وەك (سالم بن أبي الجعد) و(نُبيط بن شُريط)یش فەرموودەیان لە زاردەڤی ئەوەوە بۆ شاگردان و گوێگرانیان گێڕاوەتەوە، ئەویش لە زاری عەبدوڵای کوڕی عەمری سەییدیەوە نەك راستەوخۆ لە پێغەمبەرەوە، بەڵکو ئەمەش لە گومان بەدەر نیە، ئیمامی بوخاری(م: ٢٥٦ك/٨٧٠ز) دەڵێت: نەزانراوە کە جابان گوێی لە عەبدوڵای

---

(١) ئاشکرایە ئەم تەرزە نووسینانە بە دەیان و سەدانن، تەنها بۆ نموونە بڕوانە: دحام إبراهيم الهسنياني، سيرة الصحابي جابان الكُردي وإبنه ميمون، مكتب التفسير(أربيل :٢٠١٨)، حەسەن مەحمود حەمە کەریم, کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا, کتێبخانەی گەشە, چ٧, (سلێمانی:٢٠١٨)، ل١٧٨–١٨٢، سەلام ناوخۆش، کوردستانی ساسانی و کوردستانی رۆمی، ل٦٠–٦٥،...هتد.

(٢) لەوانە فەرموودەی: "لا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ أَرْبَعَةٌ: مُدْمِنُ خَمْرٍ، وَلا عَاقٌّ لِوَالِدَيْهِ، وَلا مَنَّانٌ، وَلا وَلَدُ زِنْيَةٍ " کە بەربڵاوە و لە زۆربەی سەرچاوەکان پشتڕاست کراوەتەوە و بە چەند شێوەیەك داڕێژراوە، کەچی بەلای کەسانێکی شارەزاوە ئیسنادەکەی لاوازە و عیللەتی لاوازیەکەی جابانە کە تەنها (سالم بن أبي الجعد) لێی گێڕاویەتەوە.

کوڕی عەمر گرتبێت و سالمیش لە جابان و نبیط..." [1].

مەیموون بۆ ڕەواندنەوەی گومانی مالکی کوڕی دیناری بەصری(م:١٣٠ك/٧٤٧ز) و بۆ ئەوەی کەسانی دی نەیدەن بە ڕوویەوە کە ئەگەر بابی هەڤاڵە، ئەدی کوانی فەرموودەکانی؟ پاساوێکی داڕشتووە و گوتوویەتی جاوانی بابم مرۆڤێکی ڕاستگۆ و دەستپاك و باوڕدار بوو و هەرگاڤ پێی دەگوتین: ناوێرم فەرموودەکان بگێڕمەوە، نەبادا لێیان زیاد و کەم بکەم [2]، مەیموون بەمەندەوە نەوەستاوە، بگرە باوکی وا پیشانداوە کە هەندە هۆگر و هەڤاڵی نزیکی پێغەمبەر(ص) بووە تا ئەو ڕادەیەی جارێك و دووان و سیان و دەجار گوێبیستی فەرموودەیەکی بووە [3].

پرسیار لێرە ئەوەیە کەسێك هەندە لە پێغەمبەرەوە نزیك بووبێت و هەندە بۆ ماوەیەکی درێژ هاوڕێیەتی و یاوەریی کردبێت تا ئەو ڕادەیەی دە جار گوێی لە فەرموودەیەکی بووبێت، دەبێت وەك سێبەر بەدوویەوە بووبێت تا ئەم دەلیڤەی بیستن و بیستنەوەیەی بۆ ڕێك بکەوێت و دەبێت ئەو دەمە چەندی خایاندبێت تا پێویست بکات پێغەمبەر(ص)ئەو فەرموودەیە دووپات و دەپات بکاتەوە و جابانیش هەر دە جارەکە گوێبیستی بووبێت؟، دیارە لەکن پێغەمبەریش بووە دەمێك فەرموویەتی:"مَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ" [4].

ئەمە لە کاتێکدا هیچ کەس لە هەڤاڵانی پێغەمبەر هەستیان بەم هاوڕێیەتی و نزیکایەتیەی نەکردبێت!، سەرەڕای ئەمە، ئەو فەرموودیەی کە ئەو بە گوتەی مەیموونی

---

(١) التأريخ الكبير، ٢/٢٥٧..

(٢) "حدثنا محمد بن علي... قال سمعت ميموناً الكُردي وهو عند مالك بن دينار، فقال له مالك بن دينار ما للشيخ لايحدث عن أبـيه، فإن أباك قد ادرك النبـي(ص) وسمع منه، قال كان أبـي لايحدثنا عن النبـي(ص) مخافة ان يزيد أو ينقص"، الطبراني، المعجم الأوسط، ٦/٢١٠، أبو نعيم الأصبهاني، معرفة الصحابة، ٦/٣٠٧٣.

(٣) "أيما رجل تزوج إمراة بما قل من المهر أو كثر ليس في نفسه ان يؤدي إليها حقها خدعها فمات ولم يؤد اليها لقي الله يوم القيامة وهو زان وأيما رجل استدان ديناً لايريد أن يؤدي إلى صاحبه حقه خدعه حتى اخذ ماله فمات ولم يؤده لقي الله وهو سارق"، المعجم الأوسط، ٢/٢٣٧.

(٤) المعجم الأوسط، ٦/٢١٠، معرفة الصحابة، ٦/٣٠٧٣.

کورپی راستەوخۆ دە جار لە زاری پێغەمبەرەوە بیستویەتی و بۆی گێڕاویەتیەوە، بۆچی یەکێکی دی لەو دەیان هەزار هەڤاڵە بۆ یەکجاریش نەیان بیستووە تا بیگێڕنەوە؟.

دەکرێت بڵێین جابانی کورد لەنێو زانایان دا هەندە دیار و ناسراو نەبوو[1]، هەرچەند لە سەرچاوەگەلێکی تایبەت بە ژیاننامەی هەڤاڵان ناوی هاتووە[2]، بەڵام هەموویان لە کتێبی(معرفة الصحابة)ی (ابن مندة الأصفهاني:م٣٩٥ك/١٠٠٥ز)یەوە وەریان گرتووە، ئەویش هەندە کارامە و باوڕپێکراو نیە و تانە و رەخنەی ئاڕاستە کراوە و تاکە بەڵگەی دانانی جابان بە صەحابی لای ناوبراو، ئەو پرسیارەی مالکی کوڕی دینارە کە لە مەیموونی کوڕی جابانی کردووە لەوەی کە باوکت هەڤاڵ بووە، ئەدی بۆچی فەرموودە ناگێڕێتەوە؟.

لە کۆتاهی دا دەڵێین، نازانرێت ئەم تابعی یە کوردە، خەڵکی کام دەڤەری کوردستانە و کەنگی و چۆن بووە بە موسڵمان و کەنگی و لە کوێندەر مردووە و ژێدەرەکان لەم بارەیەوە هیچیان نەگوتووە[3].

## ب- ئەبوبەصیر مەیموونی کوڕی جابان:

مەیموون لە ناودارترین تابعیی کوردە و گومان لە هەبوونی نیە و لە جابان- گاوانی بابـی ناسراوتر و دیارترە و سەرەڕای ئەوەوەی چ دەربارەی بوون و مردنی نازانرێت، لە بەصراش ژیاوە و دۆست و هاونشینی موسلمی کوڕی یەسار(م:١٠٠ك/٧١٩ز) ومالکی کوڕی دینار بووە و دەستێکی باڵای هەبووە لە وەرگرتن و لەبەرکردنی فەرموودە و

---

(١) بڕوانە: الذهبي, ميزان الإعتدال في نقد الرجال، ٢/١٠٠، ٧/١١.

(٢) وەك: ابو نعيم الأصفهاني، معرفة الصحابة، ٦/ ٣٠٣١، إبن الأثير، أسد الغابة في معرفة الصحابة، ١/٤٨٤، ٦/٣٠٤، إبن حجر العسقلاني (ت: ٨٥٢هـ/١٤٤٨م) الإصابة في تمييز الصحابة، دار الكتب العلمية (بيروت: ١٤١٥هـ)، ١/٥٤٠. لەمەی دوایی(الكُردي) بووە بە(الصردي).

(٣) گۆڕ و گڵکۆی پیاوچاکی مەزن وناوداری کـورد شـێخ جـاکیر– جـایگیر(م:٥٩١ك /١١٩٤ز) کـە تیرۆریستانی داعش لە رۆژی ٢٧–١٠–٢٠١٤ تەقاندیانەوە، بەدوور نەزانراوە کە گۆڕی جابانی کورد بێت(!). بڕوانە: الهسنياني، سيرة الصحابي جابان، ص١٠٣–١٠٤.

گێڕانەوەیان بۆ قوتابی و شاگردانی[1]، پتر لە زاردەڤی بابی و (أبوعثمان النهدي: م١٠٠ك/٧١٩ز) فەرموودەی دەگێڕایەوە[2]و چەند زانایەکی زانستی فەرموودە پەسندیان کردووە[3]و بە"شێخ"و"صالح"ناساندوویانە[4], بەڵام زۆربەی زانایان بەگەندی ناکەن و تانەی لێدەن و راستگۆیی رەت دەکەنەوە و دەڵێن "نەناسراوە"[5]و"پشتی پێ نابەسترێت"و"حوجە نیە"و"چ نیە"و ئیسنادی فەرموودی "الْجَرَادُ مِنْ صَيْدِ الْبَحْرِ" کە ئەو گێڕاویەتیەوە، لاوازە[6].

ج- مەهدیی کوڕی مەیموونی کورد:

مەولای بنەماڵەی(المعولي الأزدي) و دانیشتووی بەصرا بوو، باوکیشی مەولای(يزيد بن المهلب بن أبـي صفرة:م١٠٢ك/٧٢١ز)بوو.

مەهدیی کورد، لەتەك جابان و مەیموونی کوڕی، ناودارترین کەسایەتی زانستیی کوردە لە سێسەد ساڵی یەکەمی رۆژگاری ئیسلامی و زانایەکی شارەزا و هەڵکەوتووی زانستەکانی فەرموودە بوو، لەسەر دەستی کەڵە زانایانی وەك حەسەنی بەصری (م:١١٠ك/٧٢٨ز)و محەمەدی کوڕی سیرین(م: ١١٠ك/٧٢٨ز)[7]و نزیکەی بـیست شێخ و مامۆستای دی خوێندوویەتی و فێربووە و خۆی پێگەیاندووە و فەرموودەی بۆ شاگردان و هاوچەرخانی گوێزاوەتەوە و زیاتر لە چل فێرخواز و شاگردی هەبووە.

---

(١) دیارترینیان: (ديلم بن غزوان) و (الفضيل بن عميرة) و (حماد بن زيد:م١٧٩ك/٧٩٥ز)، کە زۆرترین فەرموودەیان لە زاریەوە گێڕاوەتەوە.

(٢) ابن ماكولا، الإكمال في رفع الإرتياب، ٣١٩/١.

(٣) لەوانە: العجلي الكوفي (ت: ٢٦١هـ/٨٧٥م)، معرفة الثقات، مكتبة الدار(المدينة المنورة :١٩٨٥)، ٣٠٦/٢، ابن حبان(م٣٥٤ك/٩٦٥ز)، الثقاة، ٤٧١/٧، و بڕوانە: الذهبـي، ميزان الإعتدال، ٥٧٦/٦.

(٤) الرازي، الجرح والتعديل، ٥٤٦/٢.

(٥) سنن البيهقي الكبرى، ٢٠٧/٥.

(٦) الرازي، الجرح والتعديل، ٢٣٨/٨، ميزان الإعتدال، ٥٧٦/٦.

(٧) سیرینی باوکی لە دیلکراوەکانی شەڕی(عين التمر) و پشکی مالکی کوڕی ئەنەس بوو.

لەوانەی لە زاری ئەوەوە فەرموودەیان گێڕاوەتەوە، ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەلە(م:٢٤١ك/٨٥٦ز) کە بەڕاشکاوی ستایشی دەکرد و دەیگوت:"راستگۆیە، راستگۆیە"و "مەهدی لای من لە مامۆستا راستگۆکانی دی خۆشەویسترە و لەنێو دڵم لە هەموان شیرنترە".

هەواڵەکان کۆکن سەربارەت بەوەی کە مەهدی مەولایەکی کوردی راستگۆ و دەستپاك بووە، وەلێ ناکۆکن لەمەڕ ساڵی مردنی، هەندێکیان دەڵێن لە سەردەمی خەلیفە(المهدي) مردووە، کەچی هەندێکی دییان مێژووی مردنیان پاشخستووە بۆ ساڵانی١٧١- ١٧٢ك/٧٨٧-٧٨٨ز[1].

د- چەند مەولایێکی دی:

(أبوحفص عمرو بن إبراهيم:م پاش ٢٢٠ك/٨٣٦ز)ی مەولای(بنو هاشم)، یەکێکی دیکەیە لەو مەولا کوردانەی بایەخیان بە گێڕانەوەی فەرموودە داوە، وەلێ ئەم بە پێچەوانەی زانا کوردەکانی دییەوە بە چەواشەکار ناوی دەرکردبوو و گوایە فەرموودەی هەڵدەبەست و دەیدایە پاڵ کەڵە فەرموودەناسان، نەخاسمە دەرهەق خۆشویستنی (أبوبكر الصديق)[2].

(أبوسعيد- ابو سهل عمرو بن الواسطي) ناسراو بە (ابن الكُردي) فەرموودەناسێکی ناودار و مەولای بنەماڵەی زوبـێری کوڕی عەووام یاخود مەولای پیاوێکی هۆزی(الأزد) بوو، ئەبوداود و نەسائی(م :٣٠٣ك/٩١٥ز) و(ابن حبان) متمانەیان پێ هەبوو و بە راستگۆیان دادەنا و بەگەندیان دەکرد[3].

---

(١) ابن سعد، الطبقات الكبرى، ٢٨٠/٧، تأريخ خليفة بن خياط، ص٧١١، ابن ماكولا، الإكمال، ٣٥١/٢، المزي، تهذيب الكمال، ١٣٧/١٠-١٣٨، الذهبي، تأريخ الإسلام، ٧٥٢/٤.

(٢) بڕوانە: الطبقات الكبرى، ٢٨٠/٧، تأريخ خليفة بن خياط، ص٧١١، المزي، تهذيب الكمال، ١٣٧/١٠-١٣٨، الذهبي، تأريخ الإسلام، ٤٢٩/٩.

(٣) تأريخ الإسلام، ١٨٦/٨، ابن حجر، تهذيب التهذيب، ٢٠/٨.

یەکێکی دی لە شارەزایانی کورد (أحمد بن عبدالله بن الحكم:م٢٤٧ك/٨٦٢ز)، کە ئەویش مەولای(بنو هاشم) و نیشتەجێی بەصرا بوو، پیاوێکی راستگۆ و کارامە و جێگای بڕوای زانایان بوو، بوخاری و موسلم (م:٢٦١ك/٨٧٥ز) و ترمذی(م:٢٩٥:ك/٩٠٨ز) و نەسائی بەگەندیان کردووە و فەرموودەیان لێ گێڕاویانەتەوە، نەسائی باوڕی بە سەرڕاستیی هەبوو و(إبن حبان) دەیگوت ئاخافتەکانی راست و دروستن[1].

جابری کورد، زانایەکی دیە لە زانستەکانی قورئان و فەرموودەدا، هەردەم بە(جابر بن الكُردي) ناوی دێت و نیشتەجێی واست(واسط) بوو، بە گوتەی سەرچاوەیەك کوڕی مەیموونی کوردە[2]، شارەزایەکی هەڵکەوتوو و بەتوانای زانستی فەرموودە و لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی قورئان بوو، لە ئیسنادەکاندا دەیان جار ئاماژەی پێ دراوە، ئەحمەدی کوڕی عوبەیدی شەهرەزوری(م:٢٩٨ك/٩١١ز)، مەولایەکی دانیشتووی بەغدا بوو، فەرموودەی وەردەگرت و دەیگێڕایەوە، لەوانە فەرموودەی:"زينوا القرآن بأصواتكم"[3].

وێڕای ئەمانە، مەوالیی دیکەی کورد هەبوون، ناویان لە ئیسناد و هەواڵکان هاتووە و وەلێ رۆڵیان لاوەکییە و ژیاننامە و سەربوردەیان نادیارە[4].

لە ئاستی خوێندەواری و روناکبیریشدا، نۆبەرەی بەشداریی مەوالیانی کورد لەم سەردەمەدا دەرکەوت، یونسی کوڕی سلێمانی کوڕی کوردی کوڕی شەهریار ناودار بە

---

(١) صحيح ابن حبان، ١١/١٥٠، تهذيب الكمال، ٣٦٥/١، تأريخ الإسلام، ٥١/١٨.

(٢) ابن ماكولا، الإكمال، ١٤٣/٧.

(٣) صحيح ابن حبان، ٢٨٠/١٢، ٦٣/١٣، سنن الدارقطني، ٢٧١/١، ١٠٨/٢، ١٩٩/٣، تفسير الطبري، ١٠٨/٣، ٢٠٩/١١، ١٣٧/٢٦، ٢٨٦/٣٠، تأريخ بغداد، ٢٦٠/٤-٢٦١، ٧٦/٦، ٢١٦، ١٣/٩.

(٤)وەك (يحيى بن الكُردي) و(أبوعمرو ناصح الكُردي) کە مەولای کابرایەك بوو بەناوی(عبدالله بن إبراهيم) و (روح الكُردي) و (محمد بن محمد بن داود الكُردي) و (محمد بن المظفر الشهرزوري)، مسند أحمد بن حنبل، ٣٨٥/٥، الرازي، الجرح والتعديل، ١٣٨/٨، ميزان الإعتدال، ٦/٧، تأريخ بغداد، ٢٤٨/٥، ٢١٦/١١، ١٥٥/١٤.

**(یونس الكاتب:م١٣٥ك/٧٥٢ز)، بەهرەمەند و ئاوازدانەرێكی شارەزا و ناوداری سەردەمی ئومەوی بوو و بە پێشەنگی نوسەرانی كتێبی موزیكی دادەنرا و یەكەم نوسەرە لەبارەی هونەرەكانی موزیكەوە نوسراوی هەبێت، لەوانە(كتاب النغم) و(كتاب القیان)[1].**

**(١) ابن الندیم، الفهرست، ص٢٠٧.**

# بەشی سێهەم

# کورد و کوردستان لە سەردەمی عەباسیی یەکەم و دووەم (١٣٢_٣٣٤ك/٧٤٩_٩٤٦ز)

## پێشەکی:

بانگەشەی عەباسی سەرئەنجام سەرکەوتنی بەدەست هێنا و بنەماڵەی عەباسیی-هاشمی جێگای بنەماڵەی ئومەوییان گرتەوە و خیلافەیان دامەزراند، خەلیفەی دووهەم (ابوجعفر المنصور) ساڵی١٤٥ك/٧٦٢ز شاری بەغدای بنیادنا و کردیە پایتەخت و بەمەش عێراق بووە ناوەندی نوێی خیلافەی ئیسلامی.

سەردەمی عەباسیی یەکەم(١٣٢-٢٣٢ك/٧٤٩-٨٤٦ز) سەردەمی زێڕینی خیلافە بوو و بە قۆناغی نەشونماکردن و پێگەهیشتن یان قۆناغی لاوێتی رادەبووری، خەلیفەکان (المنصور، المهدي، الرشيد، المأمون، المعتصم، الواثق) کەسانی بەهێز و کارامە بوون و شایەنی ئەو پۆستە بوون و بەخۆیان تاکە فەرمانڕەوا و سەرچاوەی بڕیار بوون، خیلافە شکۆ و هەیبەتی خۆی هەبوو.

لەگەڵ ئەم راستیەشدا، هەر لە سەرەتاوە گیرۆدەی گەلێك ئاستەنگ و تەنگوچەڵەمە بوون و نەشییان بەسەر ئاریشەی سیستەمی پشتاوپشتیی پۆستی خیلافە زاڵ بن و ئەم پرسە ئاڵۆزە بە چارەسەرنەکراوی مایەوە و هەر بە میراتگری بەڕێوە دەچوو و پەیوەست کرا بە کوانووی بنەماڵەی دەسەلأتدارەوە، ئەمەش بووە پاڵنەرێکی سەربار بۆ سەرهەڵدانەوەی بزاڤەکانی شیعە و خەوارج لە جاران بەگوڕتر و لە ئاستێکی بەرفراوانتر، رێبەرانی هەردوو لایان ئامادە نەبوون حوکمی عەباسی بە رەوا و شەرعی بناسن و لەم روانگەیەوە درێژەیان بە خەباتی سیاسی و چالاکیی چەکداری دا و زنجیرەیەك بزاڤیان ئەنجامدا، لە لایەکی دیەوە میللەتانی ناعەرەب واتا مەوالی پاش چەند ساڵێکی کەم لە دامەزراندنی خیلافەی نوێ، بزاڤ و شۆڕش و سەرهەڵدانیان بەرپا کرد کە دیارتریان شۆڕشی بابەکی خورەمیە(٢٠١-٢٢٣ك/٨١٧-٨٣٨ز).

بە مردنی خەلیفە(المعتصم:٢١٨-٢٢٧ك/٨٣٣-٨٤٢ز)، خیلافەی عەباسی بەرەبەرە رووەو لاوازی و نابووتی داشکا و کار بەوە گەهیشت خەلیفە بەها و شکۆی ئەوتۆی نەماو بالأدەستی و سەرفەرازیی پوکانەوە و بڕیار و فرمانەکانی هەندە بڕیان ناکرد و دەسەلأتی بەسەر کەسدا ناشکا و تەنها وەك هێما قوتکرابۆوە و ئەو سەرکردە تورکانەی کەوا خەلیفەی ناوبراو لە ناوچە تورکنشینەکانی رۆژهەلأتەوە هێنابوونی و پشتی

پێدەبەستن بۆ شەڕی نەیارانی، بە بەرژەوەندی و ئارەزووی خۆیان گەمەیان بە دامودەزگاکانی خیلافە دەکرد و کەنگی گەرەکیان بوایە خەلیفەیان لەکار دەخست و یەکێکی دییان لەجێگای دادەنیشاند و بۆخویان سەرپشك بوون لە فەرمانڕەوایی و بەرێوەبردندا و بە بەرژەوەندی خۆیان کاروبارەکانیان هەڵدەسوراند و ئەم رەوشەش بە شێوەیەکی زەق تا ساڵی٣٣٤ك/٩٤٦ز- بێجگە لە سەردەمی خەلیفە(المعتضد:٢٧٩-٢٨٩ك/٨٩٢-٩٠٢ز)- درێژەی کێشا و کارێکی وایکرد کە دەسەڵاتی ناوەندی لە ئەوپەڕی سستی و خامۆشی دابێت بەسەر هەرێم و ولایەتەکاندا لەوانەش کوردستان و سەردار و سەرۆکهۆزە کوردەکان بە وێنەی عەرەبەکان لەم دۆزە سودمەند بوون و نیمچە سەربەخۆییەکیان دەستەبەرکرد کە وەك لە دەقێکدا هاتووە"الأعراب والأكراد عائثون"[1]. ئەم ماوەیە(٢٣٢-٣٣٤ك/٨٤٧-٩٤٦ز) بە سەردەمی باڵادەستیی تورکان دەناسرێت.

دەکرێت مێژووی کورد لەم سەردەمەدا بەسەر شەش تەوەردا دابەشبکەین:

١- بزاڤ و چالاکیی چەکداری.

٢- رۆڵ و بەشداریی لە بزاڤە ئاینیە- سیاسیە بەرهەڵستەکان.

٣- کەسایەتیە کوردەکان لە دامودەزگاکانی خیلافە.

٤- دەستپێکی رابوونی سیاسیی کورد.

٥- کورد لە زەرادەشتیەوە بۆ ئیسلام.

٦- صوفیگەریی کوردی و بەئیسلامکردنی کورد.

---

(١) ابن دحية، النبراس في تأريخ خلفاء بني العباس، ص٩٠-٩١.

## ١٣ـ بزاڤ و چالاكيی چەكداری:

له ماوەی ئەم دووسەت ساڵه و له ئاكامی هۆكار و پاڵنەری جۆربەجۆردا، هۆز و كەسايەتيه كوردەكان به زنجيرەيەك چالاكی و جموجۆڵی سەربازی رابوون دژ به كاربەدەستان و دامودەزگاكانی دەوڵەت، له بزاڤ و هەڵگەڕانەوە و ياخيبوون و باجنەدان و رێبڕی و داڵدەدانی نەياران و بەرهەڵستكارانی دەسەلآتی ناوەندی.

جێگای داخه سەرچاوەكان گەلێك به كورتی و له پەراوێزی ئاخافتن دەربارەی پرس و بابەتی ديدا، سەرەقەڵەمانه ئاماژەيان بەم جولانەوەيانه داوە، بێئەوەی پاڵنەرو پاساوەكانی روون بكەنەوە، بۆيه ناكرێت هۆكاری راستەقينەی زۆربەيان بزانرێت. وەلێ ئەوەی پێويسته لێرەدا هەڵوەستەی لەسەر بكرێت ئەوەيه كه هەرچی جوله و بزافت و هەڵسوكەوتی كورد هەيه دژ به دەسەلآتداران و بەرپرسان، رەوا بووبێت يان ناڕەوا، له ئەنجامی زۆرداری و بێدادی و زەبروزەنگی لەشكرييان و باجگران و كارگێڕانی دەولەتەوە سەری هەڵدابێت يان تەنها كردەوەيەكی لاساری و ئاژاوەگێڕی و رێگريی كوردان بووبێت، ئەوا لەو راستيه ناگۆڕێت كه دەوڵەتی ئيسلامی ئەم چەشنه كارانەی هەردەم به ياخيبوون و هەڵگەڕانەوە له شەرعيەت دادەنا و بێ سێودوو به چ شێوازێك بوايه هەوڵی دەدا دايان بمركێنێتەوە و لەناويان ببات، نوسەرانی دەرباريش وەك هەڵوێستی نەگۆڕيان هەڤبەر به نەيارانی دەسەلآت و بێ گوێدانه بێلايەنی و راستبێژی، سڵيان لەوە ناكردەوە، هەرچی كاری تێكدان و وێرانكاری و ئاشوبنانەوە هەيه ببيخەنه پاڵ كورد و به گێرەشێوێن و تالآنكەر ناوزەديان بكەن[١].

ئەم كار و چالاكيه چەكداريانەی كورد دژ به دەوڵەت، پاساوێكی بنەڕەتی بوو بۆ ئەوەی كورد له ديدی چڤاكی ئيسلامی و چينی دەسەلآتدارانەوە خەوشدار بكرێت و به چاوێكی دوژمنكارانه و سووك تەماشا بكرێت و ئەم هەڵوێسته نەرێنيەش دواتر له

---

(١) هەر بۆ نموونه بڕوانه: فتوح البلدان، ص٣١٧، تأريخ الطبري، ٥٥/٨، ١٤٠/٩، الكامل، ٤٧٥/٥، ٣٢٠/٦، ٦٢٧/٨.

ئەدەبـیاتی عەرەبـی ئیسلامی دا بە زەقی رەنگی دایەوە، بەو پێیەی ئەدەب ئاوێنەی واقیعە.

لە ژێدەرە مێژووییەکان، یاداشتی گەڕۆکەکان، بەرهەمە ئەدەبی و مەعریفیەکان، چیرۆك و داستان و بەسەرهاتەکان، دیوانی شاعیران، تەنانەت لە سەرچاوە فیقهیەکان و ئەوانەی دەربارەی فەرموودەکان و شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی قورئان نوسراون، دەیان جار کورد بە رێگر، نەزان، دەشتەکی، تالاَنکەر و وێرانکەر ناوبراوە و بە دەیان پەند و قسەی نەستەق و سەرگوزەشتە و چیرۆك، گوزارشت لە لاساری و رێگریی کوردان کراوە[1].

لە سەرەتای سەردەمی عەباسی و لە ساڵی١٤٨ك/٧٦٥ز، کوردەکان دایان بەسەر وڵاتی موصلّ دا، وەلێ روون نیە ئەم بزاڤە چۆن و لەپای چی بووە و کام رەخی موصلّی گرتۆتەوە؟ ئەم کوردانە کێن و لە چ هۆز و خێڵێکن؟سەرچاوەکان تەنها بە بڵاوبوونەوەی کوردان (إنتشار الأكراد) گوزارشتیان لێکردووە.

خەلیفە (المنصور) کەسایەتیی ناودار خالیدی کوڕی بەرمەکی کردە والی موصلّ تا رابـبێت بە لەناوبردنی ئەم بزاڤە و گرتنەوەی موصلّ، ئەویش کارەکەی ئەنجامدا و" ئاژاوەگێڕانی تێکشکاند "[2].

### أ- بزاڤی جەعفەری کوڕی میرخۆشی داسنی:

کوردانی داسنی نیشتەجێی ناوچە شاخاویەکانی رۆژهەلاَتی موصلّ، بزاڤێکی چەکداریی مەزنیان بەرپاکرد کە بەهێزترین و ناودارترین کاردانەوەی کورد بوو دژی دەسەلاَتداریی ئیسلامی، وەلێ مخابن ئەو مێژوونوسانەی کە نزیك بوون لە سەردەمی

---

(١) بڕوانە کتێبێکم بە ناوونیشانی: کۆمەڵگای کوردەواری لە سەدەکانی ناوەڕاست، ناوەندی ئاوێر(هەولێر: ٢٠١٤)، ل٢٤–٤٧.

(٢) تأريخ الطبري، ٨/٥٥، الأزدي، تأريخ الموصل، ص٢٠٧–٢٠٨، الكامل، ٥/٥٠، ابن العديم، بغية الطلب، ٣٠٢٣/٧.

بزاڤەکە[1] سەرپێیانە لێی دواون و بەسەرهاتی ئەم رووداوە گرنگەیان پشتگوێ خستووە و توخنی نیشاندانی ئەو هەلومەرجە نەکەوتوون کە جەعفەری داسنی تیا دەرکەوتووە، کەچی(ابن الأثیر) لە سەرچاوەیەکی نادیارەوە زانیاریی وردی گواستۆتەوە.

جەعفەری کوڕی میرخۆشی داسنی ساڵی٢٢٤ك/٨٣٩ز لە مانغیس-مانگێش و چیای داسن دەرکەوت و لە دەسەڵاتدارانی عەباسی هەڵگەڕایەوە و ژمارەیەکی بەرچاو لە کورد لە دەوری خڕبوونەوە تا بووە خودان هێزێکی مەزن[2]، مەسعودی دەڵێت لە ناوچەکانی نێوان موصڵ و ئەرمینیا و ئازەربیجان دەرکەوت و رێبوارانی دەترساند و دەستی لە کاری کوشتن ناپاراست[3].

خەلیفە(المعتصم) درکی بە مەترسی و هەڕەشەی جموجۆڵی کوردان کرد و بۆ بەرگەگرتن لێی رابوو بە دانانی(عبدالله بن السید الأزدي) بە والیی موصل و راسپاردنی بە سەرکوتکردنی جەعفەری داسنی، ئەویش رووی کردە چییاکانی داسن و شییا جەعفەر و هەڤالانی لە مانگێش دەرپەڕێنێت، ئەوانیش پەنایان بردە بەر کێوە بڵندەکان و لە رێڕەوێکی قایم و بەرتەنگدا سەنگەریان گرت، والیی موصڵیش بێترس پێشڕەویی کرد و رووەو قوولایی کێوەکان هەڵکشا تا کەوتە داوی شۆڕشگێڕانەوە و لە ئاکامدا خۆی و ژمارەیەك لە یاوەرانی هاتنەکوشتن و ژمارەیەکی دییش بەدیل گیران کە یەکێکیان مامی خۆی بوو، پاشتر جەعفەر لە ملی ئەو و یەکێکی دیی دا[4].

خەلیفە رژد بوو لەسەر خامۆشکردنی بزاڤی کوردان، ئەمجارەیان سەرکردەی تورکی شەڕانگێز ئیتاخی بۆ ئەم ئەرکە دەستنیشان کرد، ئەویش ساڵی٢٢٥ك/٨٤٠ز یان ساڵی دواتر بە لەشکرێکەوە رووی کردە چییاکانی داسن و رووبەڕووبونەوەیەکی قورس و خوێناوی هەڵگیرسا، شەڕ و کوشتار درێژەی کێشا و لە ئەنجامدا ژمارەیەك لە

---

(١) وەك: (الدینوري: م٢٨٢ك/٨٩٥ز) و(الطبري:م٣١٠ك/٩٢٣ز) و(الأزدي: م٣٣٤ك/ ٩٤٦ز).

(٢) تأريخ الموصل، ص٤٣١، ابن دحیة، النبراس في تأريخ خلفاء بني العباس، ص٧٣.

(٣) التنبـیه والأشراف، ص٣٥٥.

(٤) الكامل، ٥/٤٧٥.

کوردەکان هاتنەکوشتن، وەلیٚ جەعفەری داسنی پێی نەنگبوو بکەوێتە چنگی تورکان و خۆی دەرمانخوارد کرد[1].

بەم شێوەیە گەورەترین بزاڤی کوردان خامۆشکرا کە لە چوارچێوەی جیهانی ئیسلامی دەنگی دابووەوە و دامرکاندنەوە و لەناوبردنی بە یەکێك لە هەشت سەرکەوتن و دەستکەوتەکانی خەلیفە(المعتصم) هەژمار کرا[2].

ئیتاخ بەمەوە رانەوەستا، بەڵکو هەڵستا بە تالاَنکردنی سەر و سامانی کوردان و دەستبەسەرکردن و دیلکردنی ژمارەیەکی زۆر لە ژن و زاروك و بەرێکردنیان بۆ تکریت، لەمەش زیاتر لاشەی جەعفەر بردرا بۆ سامەڕا و لەویٚ لەتەك لاشەی بابەکی خورەمی و مازیاری کوڕی قارنەوە هەڵواسرا[3].

هەرچەندە بزاڤەکەی جەعفەری داسنی بە ئاگر و ئاسن سەرکوت کرا و بەشێوەیەکی تراژیدی بەکۆتا هات و زیانێکی کوشندە بەر کوردان کەوت، بەلاَم بزاڤـ و چەلەنگییان نەبڕایەوە و بەرهەڵستکردنی دەسەلاَتی والی و بەرپرسانی عەباسی درێژەی هەبوو، سەرچاوە سریانیەکان باسی موسای کورد دەکەن کە هاوکات داسنییەکاندا، ئەویش لە جەزیرەی بۆتان بە بزاڤێك رابووە و مێژوونوسێکی سریانی بە سەرۆکی کوردان لە کوردستان ناوی دەبات[4].

کاریگەریی بزاڤەکەی جەعفەری داسنی و ئەو کارەسات و ماڵوێرانیەی وا بەدوویدا هات، شوێنەوارێکی سەخت و قووڵی لە ناخی کوردان بەجیٚ هێشت کە تا سەردەمی ئەیوبیش لەیادیان نەکردبوو و بە رەشبینیەوە لێیان دەڕوانی[5].

---

(١) الكامل، ٥/٤٧٦.

(٢) تأريخ الطبري، ٩/١٨، التنبيه والأشراف، ص٣٥٥، النبراس، ص٧٣.

(٣) الأخبار الطوال، ص٣٦٧.

(٤) تأريخ ميخائيل السرياني، ٣/٦٤، ٧٧، ابن العبري، تأريخ الزمان، ص٣٤–٣٥.

(٥) العماد الأصفهاني، البستان الجامع، ص١٧٩.

ب- بزاڤی کوردانی چیاکان ساڵی ٢٣١ك/٨٤٦ز:

کوردانی هەرێمی چیا و فارس و ئەصفەهان بە بزاڤێکی بەربڵاو رابوون، تەبەری کە تاکە سەرچاوەی هەواڵی ئەم بزاڤەیە بە کورتی ئاماژەی پێداوە و هۆکارەکەی دەستنیشان نەکردووە و تەنها دەڵێت لەم ساڵەدا وەصیفی تورکی لە چیاکانەوە گەڕایەوە، دوای ئەوەی بزاڤ و جموجۆڵی کوردانی لەناو برد و نزیکەی پێنجسەد کوردی لە بەشداربووانی بزاڤەکە کە هەندێکیان مندالّ بوون بە دەست و گەردن بەستراوی لەگەڵ خۆی هێنابوو، خەلیفە(الواثق:٢٢٧-٢٣٢ك/٨٤٢-٨٤٧ز)یش لە پاداشتی ئەم کارەیدا، رێزی لە وەصیف نا و حەفتا و پێنج هەزار دینار و شمشێرێك و پۆشاکی گرانبەهای پێبەخشی[1].

شایەنی باسە ئەم شۆڕش و بزاڤە بەدووی یەکانەی کورد، کاریگەریی نەرێنیی بەجێهێشت لەسەر وزە و توانای سوپایی خیلافەی عەباسی تا ئەو رادەیەی خەلیفە (الواثق) بە هۆی خەریکبوون بە رووبەڕوبونەوەی ئەم شۆڕش و بزاڤانە و بەرەکانی دیی ناوخۆییەوە لە وزەیدا نەبێت درێژە بە هەڵوێستی باوکی بدات لە هێرشبردنە سەر بیزەنتیەکان و درێژەدان بە جەنگ لەگەڵیاندا[2].

ج- بزاڤەکانی نیوەی دووەمی سەدەی٣ك/٩ز:

لەم ماوەیەدا، میر و سەردارانی کورد لە شارەزور و چیاکانی داسن و هەکاری و ناوچەکانی دیی کوردستان، زنجیرەیەك بزاڤی و چالاکی چەکداریان ئەنجامدا، کە هەمووی نیشانە و بەڵگەی ئەوەن کە کورد هێشتا لە ریزی نەیارانی حکومەتی ناوەندی و سەرکردە تورکەکانن و کەنگی و لە هەر شوێنێك دەلیڤەیان بۆ رێبکەوێت هەڤڕکی و نەیاری خۆیان دەردەبڕن.

لە سەردەمی خەلیفە(المعتمد) و لە ئەنجامی لاوازی و بێدەسەڵاتیی خەلیفە و زاڵبوونی توێژی سەربازیی تورك بەسەر کاروبارەکانی خیلافەدا و بەهێزبوونی

---

(١) تأريخ الطبري، ٩/١٤٠-١٤١، الكامل، ٥/٥٠٩.

(٢) ڤازيليف، العرب والروم، ص١٩٣.

چالاكیەكانی خەوارج و دەركەوتنی حەمدانییەكان لە هەرێمی جەزیرە و موصلْ، سەرداره كوردەكان لە خیلافە هەڵگەڕانەوە و بوونە هاوپەیمانیان، كاتێك(المعتضد) شوێنی خەلیفەی مامی گرتەوە، بەخۆی سەرپەرشتیی چەند شالاوێكی كرد بۆ سەر ناوچەكانی موصلْ بە مەبەستی لەناوبردنی نەیارانی خیلافە لە خەوارج و حەمدانییەكان و كورد، كاتێك ئەمانە بە دەرچوونی خەلیفەیان زانی، یەكیانگرت و پەیمانیان دا یەكدلْ و یەكدەست بجەنگن، سەرەنجام لە ماوەی (٢٨١-٢٨٢ك/٨٩٤-٨٩٥ز) سوپای خەلیفە گورزێكی كوشندەی لە كورد و عەرەبە حەمدانییەكان دا و خودی حەمدانی كوڕی حەمدون بەدیل گیرا، هەر بۆیەش سەرۆكە كوردەكان بەدووی یەكدا خۆیان رادەستی سەركردەكانی لەشكر كرد و داخوازیی لێبوردنیان كرد[١].

میر شەدادی خودانی قەڵای حەسەنیە- زاخۆش كە بە گوتەی تەبەری، دە هەزار جەنگاوەری هەبوو، كەوتە بەر پەلامار و خەلیفە پاش ئەوەی قەڵای ماردینی بارەگای سەرەكی حەمدانییەكانی لەچنگ دەرهێنان، رووی كردە قەڵای حەسەنیە، میر شەدادیش خۆی سازدا بۆ بەرگریكردن و بەرپەچدانەوە، وەلێ نەشیا خۆی رابگرێت و دەستبەسەر كرا و قەڵاكەش كاولكرا[٢].

هەروەها جەعفەری كورد، قەڵای ئەردەمشتی- كواشێی[٣] هەڵكەوتوو لە زنجیرە شاخی نێوان دهۆك و زاخۆی كردبووە بارەگا و بەچەشنی میر شەداد، هاوپەیمانی حەمدانییەكان و هارونی شاری بوو و لە خیلافە هەڵگەڕابووەوە، بۆیە ئەمیش كەوتە بەر پەلامار و خەلیفە بەخۆی دوای گرتن و وێرانكردنی قەڵای حەسەنیە، سەركەوتە ئەردەمشت و گەمارۆی جەعفەری دا و قەڵاكەی وێران كرد، بەڵام جەعفەر خۆی

---

(١) "تحالفوا إنهم يقتلون على دمٍ واحد"، تأريخ الطبري، ٣٧/١٠-٤٠، مسكويه، تجارب الأمم، ٣٦٤/٤-٣٦٦، ابن شداد، الأعلاق الخطيرة، ٥٤٦/٣.

(٢) تأريخ الطبري، ٤٠/١٠، الأعلاق الخطيرة، ٥٤٧/٣.

(٣) لە دەستپێكی دەركەوتنی حەمدانییەكانەوە، قەڵایەیەكی نادار هەبوو دەكەوتە نێوان هەردوو گوندی كواشێ و ئەردەمشتەوە، سەرەتا زیاتر بە ئەردەمشت و دوواتر بە كواشێ ناوی دەهات و نابێت وا لێكبدرێتەوە كە دوو قەڵا بوون. معجم البلدان، ١٢٣/١.

بەدەستەوە نەدا و پەیوەندیی کرد بە بزاڤی هارونی شاری یەوە تا لە گەرمەی شەڕ و لێکدانەکانی نێوان خەوارج و سوپای عەباسی لە شارۆچکەی مەعلەتایا ـ مالَتا کوژرا(١).

خەلیفەی عەباسی بەوەندە رانەوەستا و گەرەکیبوو سەرکێشیی کوردان لە هەر کوێیەك بێت، بنەبڕی بکات و دەسەلاَتی ناوەندیی بەسەردا بسەپێنێت، بۆ ئەم مەبەستە چووە سەر شارەزور و ماوەیەك گەمارۆیدا و چەند کردی بۆی نەکرا کۆلَ بە شارەزورییەکان بدات و زەفەریان پێ ببات، چونکە لە شوێنێکی سەخت و لەگرتنەهاتوو سەنگەریان گرتبوو و هەموویان چاونەترس و شەڕکەر و پڕچەك بوون(٢).

ئەمجا سوپایەکی رەوانەی هەرێمی چییا کرد بە مەبەستی لەناوبردنی جموجۆلَی کوڕانی(عبدالعزیز بن أبي دلف العجلي) و کوردەکان کە دەستیان بەسەر دینەوەر دا گرتبوو، لە هەواڵێکدا هاتووە خەلیفە بەخۆی چووەتە دینەوەر و بزاڤی کوردانی خامۆش کردووە(٣).

سالَی٢٩٠ك/٩٠٣ز ئەبوسەعیدی خەوارزمی نێوانی لەگەلَ خیلافە تێکچوو و رووەو موصلَ هەلَهات، پاشان بەرپرسێکی خیلافەی لە قەلاَی تکریت کوشت خۆی گەیاندە شارەزور ، دەسەلاَتدارێکی ناوچەکە بە ناوی(ابن ابـي الربـیع الکُردي) دالَدەیدا و هەردوو لا پێکهاتن لەسەر یاخیبوون، روون نیە ئەم کارەیان تا کەنگی بەردەوام بووە، بەلاَم وا دیارە خەلیفە (المکتفي: ٢٨٩ـ٢٩٥ك/٩٠٢ـ٩٠٨ز) پاشتر توانیویەتی کۆتایی بە یاخیبوونەکە بـێنێت و نازانرێت چارەنوسی(ابن أبـي الربـیع)بە چی گەهیشتووە(٤).

لە دەستپێکی سالَی ٢٩٣ك/٩٠٦ز دا، محەمەدی کوڕی بـیلالی هەدبانی لە دەڤەری خازر و کوردە حەمیدییەکانی ئاکرێ و شوش و کوردانی کێوی داسن بە هاوئاهەنگی دەگەلَ یەکدی بزاڤێکیان راگەیاند، بەهۆی ئەوەوەی کە خیلافە عەبدولاَی کوڕی حەمدانی ناسراو بە(ابو الهیجاء الحمداني:م٣١٧ك/٩٢٩ز) سەرداری هۆزی(بنوتغلب)ی

---

(١) معجم البلدان، ١٢٣/١، الکامل، ١٤٩/٦.

(٢) مؤلف مجهول، العیون والحدائق، ٤٧٤/٤.

(٣) مؤلف ناشناختە، مجمل التواریخ والقصص، ص٣٦٧.

(٤) تأریخ الطبري، ٩٨/١٠، الکامل، ١٩٣/٦.

کرد به والیی موصڵ و راستەوخۆ پاش دەستبەکاربوونی، ئەم بزاڤانە وەك ناڕەزاییەك بەرامبەر بەم کارەی خەلیفە بەرپابوون.

لە تێکهەڵچوونێکدا لە کەناری زێی خازر، هەدبانییەکان سەرکەوتن بەسەر والیی موصڵ داو خزمێکی کوژرا بە ناوی (سیما الحمداني)، ئەوییش دڵنیابوو لەوەی ناتوانێت بە تەنها ئەم بزاڤانە بنەبڕبکات و داوای لە خیلافە کرد پشیوانیی بکەن و هێزی بۆ بنێرن، کەچی گەهیشتنی هێزەکە لە بەغداوە ساڵێك دواکەوت[1].

محەمەدی کوڕی بیلالی هەدبانی بۆ خۆپاراستن لە هێرشی لەشکری بەغدا بە پێنج هەزار ماڵباتەوە کشایەوە بۆ شارەزور و لە چییای سلق- لە نێوان شارەزور و هەولێر و ئازەربیجان- خۆی قایمکرد.

سووربوونی والیی موصڵ لەسەر لەناوبردنی بزاڤەکە و گەهیشتنی هاریکاریی سەربازی بە بەردەوامی لە بەغداوە و گەمارۆدانی هەدبانییەکان لە چییای قەندیل و سلق و فشاری کەشی سارد و بەفراویی شاخەکان، تەواو شپرزەی کردن و کارێکی وایان کرد کۆمەڵێکیان بە ناچاری ئاوەدیوی هەرێمی ئازەربیجان بن، محەمەدی کوڕی بیلالیش دوای دە رۆژ خۆگرتن خۆی رادەست کرد ولە موصڵ دەستبەسەر کرا و پاشماوەی هەدبانییەکانیش لە گوندی حەززەی نزیك هەولێر نیشتەجێ کران و تەنها بکوژی (سیما الحمداني) هاتەکوشتن.

پاش لەناوبردنی بزاڤی هەدبانییەکان، حەمیدییەکان و داسنییەکان ناچاربوون خۆیان بدەن بەدەستەوە و (أبوالهیجاء)یش لێیان خۆشبوو[2].

بە ماوەیەکی کورت پاش لەناوبردنی ئەم بزاڤە سێقۆڵیە، بزاڤێکی دیی سنووردار لە وڵاتی موصڵ سەری هەڵدا، سەرچاوەکان گەلێك بە کورتی ئاماژەیان بەم بزاڤە داوە و روونیان نەکردۆتەوە هۆکارەکەی چی بووە و لە کام دەڤەری موصڵ دەرکەوتووە و تەنها دەڵێن ساڵی٢٩٥ك/٩٠٨ز کوردێك دای بەسەر دەوروبەری موصڵدا و پاشان

---

(١) الکامل، ٢٠١/٩.

(٢) الکامل، ٢٠١/٦-٢٠٢.

سەرکردە حەسەنی کوڕی ئەحمەد[1] رابوو بە لەناوبردنی ئەم بزاڤە و تالانکردنی ماڵ و سامانی کوردەکان، پێشەوای بزاڤەکەش کشایەوە بۆ نێو کێوەکان و دەربازبوو[2]. دەکرێت ئەم بزاڤە بە کاردانەوەیەك دابنێین لە بەرامبەر لەناوبردنی بزاڤی هۆزە کوردەکان و بڵاوەپێکردنی هۆزی هەدبانی.

لە هەمان ساڵ، نزیکەی دە هەزار کورد لە دەوری سەرکردەی عەباسیی هەڵگەڕاوە (عبدالله بن إبراهيم المسمعي) کۆبوونەوە و لە گوندێکی ئەصفەهان گرتبوونەوە و یاخیبوونیان لە خیلافە راگەیاند، پاش ماوەیەك ناوبراو لەگەڵ خیلافە پێکهاتەوە و خیلافە لێی خۆشبوو و خەڵاتی کرد[3].

### د- بزاڤەکانی سەردەمی خەلیفە(المُقتدر:٢٩٥-٣٢٠ك/٩٠٨-٩٣٢ز):

خەلیفە (المقتدر) تەواو بە پێچەوانەی ناوەکەیی و هەردوو خەلیفەی پێش خۆیەوە، کەسایەتیەکی نەشیاو و بـێدەسەڵات بوو، ئەو دەمەی پۆستی خیلافەی پێ سپێردرا هەرزەکارێکی سێزدە ساڵان بوو و کاروبار و بەڕێوەبردنی دەوڵەت کەوتەدەست سەرکردە سەربازیە تورکەکان و داروودەستەی دەرباری خەلیفە و خیلافە جارێکی دی دووچاری لاوازی و نوشستی هاتەوە[4].

دیارە بـێدەسەڵاتیی خەلیفە و کزیی دەسەڵاتی ناوەندی راستەوخۆ دەبـێتە مایەی ئەوەی کاروباری هەرێمەکان فەرامۆش بکرێت و گەندەڵی دارایی و رێڤەبەری تەشەنە بکات و گشت جومگەکانی دەوڵەت بگرێتەوە، ئەم دیاردەیەش شارەزور و هەرێمەکانی دیی کوردستانی گرتەوە، مەنصوری کوڕی موسلم کە کرابووە بەرپرسی دارایی و کارگێڕیی شارەزور، بەهۆی گەندەڵی و کەمتەرخەمیەوە خۆی و نوسەرەکەی ساڵی

---

(١) يان(الحر بن موسى)، صلة تأريخ الطبري، ص٢٥.

(٢) تأريخ الطبري، ١٠/١٣٧، القرطبـي، صلة تأريخ الطبري، ص٢٥، الكامل، ٢/٢١٧.

(٣) تأريخ الطبري، ١٠/٣٧، صلة تأريخ الطبري، ص٢٥.

(٤) فاروق عمر، الخلافة العباسية، ٢/٥٧-٥٨.

٢٧٩ك/٨٩٣ز دەستبەسەر و بەند كران و تا مردنی لە مانگی شەعبانی٢٨٢ك /ئۆكتۆبەری٨٩٥ز لە بەندیخانە مایەوە[(١)].

ئەم دۆخە لە بزاڤ و یاخیبوونی هۆزە كوردەكان رەنگی دایەوە، شارەزورییەكان بۆ ماوەی بیست ساڵ(٢٩٧-٣١٧ك/٩١٠-٩٢٩ز) یاخی بوون و باج و خەراجیان رەوانەی بەغدا ناكرد، خیلافە بەیناوبەین هەوڵی دەدا دامودەزگای دارایی دەوڵەت بۆ شارەزور بگەڕێنێتەوە، ساڵی٣٠٧ك/٩١٩ز (بني بن نفیس)ی راسپارد تا كۆتاهی بە سەرپێچی و یاخیبوونی كوردان بهێنێت، وەلێ هیچی بەهیچ نەكرد و نەیتوانی ئەركەكەی بە ئەنجام بگەهێنێت، هەرچەند گەمارۆی دان و لە بەغداوەش هاریكاری و پشتیوانی سەربازیشی بۆ رەوانە كرا[(٢)].

یاخیبوون و باجنەدانی شارەزورییەكان تا ساڵی٣١٧ك/٩٢٩ز درێژەی كێشا، تا هارونی خاڵۆزای خەلیفە[(٣)] توانی بچێتە ناو شارەزورەوە و خەڵكەكەی ملكەچكرد باجی نەدراوی كەڵەكەبووی ئەو بیست ساڵە بدەن و هەردوو لا رێك كەوتن لەسەر دانی سی هەزار دینار و دووسەد هەزار درهەم[(٤)].

ساڵی٣٠٥ك/٩١٨ز كوردێك لە دارودەستەی عەلانی كورد، (عثمان العنزي) والیی رێگای خوراسانی كوشت، دواتر كوردەی بكوژ دەسگیر كرا و بە شێوازێكی نامرۆڤانە كوژرا[(٥)].

هەر لەم سەردەمەدا چەند چالاكی و بزاڤێكی دیی كوردان سەریان هەڵدا، كوردە مارانیەكان كە تیرەیەكن لە هۆزی مەزنی هەدبانی، ساڵی٣٠٩ك/٩٢١ز بزاڤێكیان بەرپاكرد، خەلیفەش(محمد بن نصر الحاجب)ی دەستنیشان كرد و كردی بە بەرپرسی

---

(١) تأريخ الطبري، ١٠/٢٨، ٤٢، الكامل في التأريخ، ١٣٥/٦.

(٢) الكامل، ٢٩٣/٦.

(٣) ئەم هارونە خاڵۆزای خەلیفە (المقتدر) بوو، بۆیە بە(هارون بن غریب الخال) ناودەبرا.

(٤) الهمذاني، تكملة تأريخ الطبري، ص٢٦٤.

(٥) "فضرب وثقل بالحديد حتى مات"، صلة تأريخ الطبري، ص٦٤.

لەشکریی موصڵ، ئەویش یەکسەر بزاڤی مارانیەکانی سەرکوت کرد و زیادتر لە هەشتا کەسی لێ دەستبەسەر کردن و رەوانەی بەغدای کردن و لەوێ تەشهیر کران[1].

هەر لە شارەزور و رێگای خوراسان، کوردانی گەلاڵی ساڵی٣١٤ك/٩٢٦ز لە عەبدوڵای حەمدانی والیی موصڵ هەڵگەڕانەوە و هۆزە عەرەبەکانیش لە تکریت و دەوروبەری موصڵ بەهەمان کار رابوون[2]. ئەو دەمانە والیی موصڵ بەخۆی لە بەغدا بوو و فرمانی بە(ناصرالدولة) حەسەنی کوڕی دا جموجۆڵی یاخیبووان لەناو ببات، ئەویش سەرەتا رووی کردە تکریت و سزای عەرەبەکانی دا، ئەمجا لەگەڵ باوکی هاتنە شارەزور و چوون بەگژ کوردە گەلاڵیەکاندا و دواتر هۆزەکانی دیی شارەزور دایانەپاڵ گەلاڵیەکان و رووبەڕووی (ناصر الدولة)بوونەوە، بەڵام لە ئاکامدا ئەم چالاکیەش خامۆشکرا[3].

ساڵی٣٢٩ك/٩٤١ز میری میرانی بەغدا بوجکمی تورکی بە دەستی کوردان کوژرا[4]، ئەمە و وێڕای چەند بزاڤێکی دی[5].

## ٢.٣ـ بەشداریی لە بزاڤە ئایینیەـ سیاسیە بەرهەڵستەکان:

بە درێژایی دووسەد ساڵی یەکەمی سەردەمی عەباسی، دەیان جار ناو و دەنگوباسی جموجۆڵی هۆز و کەسایەتیە کوردەکان لە ژێدەر و سەرچاوە مێژوویەکان تۆمارکراوە و لایەنێك لە لایەنەکانی ژیان و سەربوردە و هەڵوێستیان و رەوش و هەلومەرجی وڵاتەکەیان روون کراوەتەوە، بە لێوردبوونەوە لێیان دەگەینە ئەو قەناعەتەی بەدڵنیاییەوە بـێژین کە کورد ئەو دەمانە هێشتا بە تەواوەتی ئاوێتە و تێکەڵی ژیانی

---

(١) الکامل، ٢٩٨/٦.

(٢) الکامل، ٣٢٠/٦.

(٣) الکامل، ٣٢٠/٦.

(٤) الصولي، أخبار الراضي بالله، ص١٩٦–١٩٧، المسعودي، مروج الذهب، ٣١٥/٤، التنوخي، الفرج بعد الشدة، ٤٠/٤.

(٥) بۆ زانیاریی زۆرتر دەربارەی ئەم بزاڤانە، بڕوانە کتێبەکەم: الكُرد في العصر العباسي، دار موكرياني للطباعة والنشر(أربيل:٢٠١٨)، ص١٢٣–١٥٩.

سیاسی و جڤاکی ئیسلامیی نەبووبوو، بەڵکو پتر هەوادار و هاریکار و پشتیوانی هێز و بزاڤـ و رەوتە نەیارەکانی دەوڵەتی ناوەندی بوو، ئەمە سەرباری راگەیاندن و ئەنجامدانی زنجیرەیەك چالاکیی سەربازی دژ بە والیی و باجگران و بەرپرسانی دەوڵەت لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان.

### أ- لە بزاڤەکانی خەوارج:

بزاڤەکانی خەوارج بە لەناوچوونی دەوڵەتی ئومەوی نەبڕایەوە، بەڵکو پتر گەشەیان کرد و مەترسیی زیاتریان خستەسەر خیلافە و هزر و بەرنامەی سیاسیی خەوارج وێڕای عەرەب گەهیشتە مەوالییش، ئەوان خیلافەی عەباسیشیان بە ناشەرعی و ناڕەوا دەزانی و هەر بەو چاوە لێیان دەڕوانی کە پێشتر خیلافەی ئومەوییان پێ دەبـینی، توندوتیژیی جێگران و والیان و زۆرداری و بـێدادیی باجگران و بەرپرسانی دارایی و کارگێڕیی خیلافە، بوونە مایەی ئەوەی کە خەڵکی لە زۆربەی هەرێمەکان و بەتایبەت لە جەزیرە و ئازەربـیجان بدەنە پاڵ بزاڤەکانی خەوارج و دژایەتی دەوڵەت بکەن[1]. دەکرێت بڵێین ئەو ناوچە و هەرێمانەی کە مەزهەبـی خەوارج بە ئاستێکی فراوان تێیدا بڵاوبووەوە، هەندێکیان کوردنشین بوون لەوانە: ئازەربـیجان، کەرخجدانی نزیك خانەقین لە وڵاتی گەرمیان، گوندی حەززەی نزیك هەولێر، شارەزور[2].

پێدەشت و هەردەکانی شارەزور هاوشێوەی سەردەمی ئومەوی، لە پێشەوەی ناوچەکانی کوردستان بوون لە رووی داڵدەدانی رێبەرانی خەوارج، لە راستیدا شارەزور بە درێژایی مێژوو پەناگەی نەیاران و ناحەزانی دەوڵەتانی ناوەندی بوو و دەرەتانی ئەو کەسانەبوو کەلە دەسەڵات یاخی و قاچاخ بوون، هەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە هۆز و خێڵی کورد لە شارەزور و ناوچەکانی دەوروبەری موصڵ و باکور و رۆژهەڵاتی هەرێمی جەزیرە لەپاڵ هەبوونی چەند هۆزێکی عەرەب، هۆکارێکی دی بوون کە ئەم ناوچانە ببنە مەیدانی چالاکی و رایەڵەی سوارچاکانی خەوارج، وەك زانراوە سەرۆك هۆزەکان

(١) فاروق عمر، الخلافة العباسية، ٢/٤٦.

(٢) ابن النديم، الفهرست، ص٢٣٦.

هەرگاڤـ ئارەزوویان دەکرد گوێڕایەڵی دەسەڵاتی ناوەندی نەبن و ئەمیش بە بەرژەوەندی سەرانی خەوارج دەشکایەوە.

سەرباری هەرێمی جەزیرە، هزر و بـیروباوڕی خەوارج لە چییاکان و ئازەربـیجانیش بە چڕی بڵاوبوەوە، مەسعودی کە بەخۆی سەردانی کوردستانی کردووە و لە نزیکەوە ئاگاداری هۆزە کوردەکان بووە، دەڵێت: کوردی وا هەن هاوڕا و هاودیدی خەوارجن و دان نانێن بە رەوایی خیلافەتی عوسمان و عەلی[1]، بەڵکو(الشراة)ی بە هۆزێکی کوردی نیشتەجێی ئازەربـیجان داناوە، چونکە ناوچەکانی دەوروبەری گۆلی ورمێ کرابوونە گۆڕەپانی رایەڵە و جموجۆڵی خەوارج و مەڵبەندی خۆحەشاردانیان، تەنانەت لە سەدەی ٤ك/١٠ز دا بە گۆل یان دەریاچەی شوراتەکان دەناسرا[2].

لە راستیدا هەرێمی ئازەربـیجان، ئەو دەمانە مۆڵگەیەکی ئاوەدانی خەوارج بوو، بۆیە کاتێك دەستەیەك لە شاسوارانی بزاڤی هارونی شاری لە ژێر گوشار و تەنگپێهەڵچنینی سوپای خیلافە دا، ساڵی٢٨٢ك/٨٩٥ز لە ناوچەکانی موصلێ کشانەوە و هەڵهاتن و روویان کردە ئەو هەرێمە، یەکێك لەو شاسوارانە ئیبراهیم شادکۆ-شادلۆیەی کورد بوو کە هاتە ناوچەکانی شنۆ و ئورمیە و کۆڵی نەدا لە بڵاوکردنەوەی بـیروباوڕی خەوارج و سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەهۆی ئەوەی کە کوردانی ناوچەکە پێشوازی و پشتیوانییان لێکرد و سەردارێکی کورد کچێکی خۆیی دایێ[3].

---

(١) مروج الذهب، ١٠١/٢.

(٢) الإصطخري، مسالك الممالك، ص١٠٨.

(٣) عەبدولڕەزاق ئەصفەهانی لە گەشتەکەیدا ساڵانی١٨١٤– ١٨١٥، باسی مەزاری شێخ ئیبراهیم دەکات لە نزیك شنۆ کە ساڵانە لە رۆژی شەشەمی مانگی(ذي الحجة)دا، ژن و پیاو و گەورە بچووك بە کورد و ئەرمەنەوە سەردانی دەکەن ویادی دەکەنەوە و ئاهەنگ دەگێڕن و بە گوێرەی گێڕانەوەیەك شێخ ئیبراهیم لە موصڵەوە هاتووەتە شنۆ و لەوێ کوژراوە، بە دووری نازانین ئەم شێخ ئیبراهیمە هەمان ئیبراهیم شادکۆی کورد بێت. گەشتنامەی ئەسفەهانی بۆ شنۆ و ورمێ و رەواندوز، وەرگێڕانی لە فارسیەوە زاهیر محەمەد رەشید، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی (سلێمانی:٢٠٠٩)، ل٢٣–٢٦.

ئیبراهیم شادكۆ لەو ژنەی كوڕێكی بوو بە ناوی دەیسەم كە پاشان لە ساڵی٣١٥ ك/٩٢٧ز بووە خاوەندی پانتایەكی فراوانی هەرێمی ئازەربـیجان و بۆ ماوەی دەیان ساڵ فەرمانڕەوایی كرد، مسكەوەییە(م:٤٢١ك/١٠٣٠ز) دەڵێت: دەیسەم خۆی و باوكی لەسەر ئاینزای خەوارج بوون[1].

بەگوێرەی ئاماژەی مەسعودی ئەو شاسوارانەی خەوارج كەوا پەراگەندەی ئازەربـیجان بوون هەموو كوردبوون و هەر ئەمانە بوون كە بە هۆزی(الشراة)ی ناوی بردوون و دەڵێت: دەیسەمی ناسراو بە(ابن شادكویه) دەستبەرداری بـیروباوڕی خەوارج بوو و بووەوە بە موسڵمان[2].

لە لایەكی دیكەوە، هاوشێوەی سەردەمی ئومەوی، گەلێك سەركردەی خەوارج دوای ئەوەی دەركەوتنی خۆیان رادەگەیاند، پەنایان دەبردە بەر شارەزور و هەرێمی جەزیرە و درێژەیان بە خەباتی چەكداری دەدا، لەوانەش(الفضل الشيباني) كە ساڵی١٧٧ك /٧٩٣ز لە دەوروبەری موصڵ دەركەوت و چووە سەر نەصیبـین و دارا و ئامەد و میافارقین و ئەرزن و ماوەیەك لە شاری خەلات مایەوە و دوایی بە دووسەد كەسەوە گەڕایەوە بۆ نەصیبـین تا لە شەڕێكدا لە كەناری زێی مەزن لەگەڵ سوپای عەباسیدا هاتەكوشتن[3].

بە كوژرانی ئەم رێبەرەیان، چالاكی و جموجۆڵی خەوارج لە هەرێمی جەزیرە دانەمركایەوە، بەڵكو پتر برەویسەند و ناوبەناو لێرە ولەوێ سەری هەڵدەدایەوە، ئەوەی جێگای سەرنجە، سەركێشانی ئەم بزاڤانە لە هۆزە عەرەبەكان بوون و لەو ناوچانە سەریان هەڵدەدا كە هەوار و نشینگەی (شيبان، الأزد، تغلب) و هۆزەكانی دی بوون، بەڵام پاش ماوەیەكی كەم یەكسەر جێگۆڕكێیان دەكرد و رووەو ناوچە شاخاویەكان هەڵدەكشان، وەك بزاڤی(الوليد بن طريف الشاري) كە بۆ ماوەی دوو ساڵان(١٧٨ـ ١٧٩ك/٧٩٤ـ٧٩٥ز) بەردەوام بوو، ئەمیش وەك سیاسەتی نەگۆڕی سەرانی خەوارج،

---

(١) تجارب الأمم، ٢٥٠/٥، الكامل، ١٤٩/٦، ٤٦٩.

(٢) مروج الذهب، ١٠٠/٣.

(٣) الأزدي، تأريخ الموصل، ص٢٧٢، الكامل، ١٨٤/٥.

خۆی لە بەرەنگاربوونەوەی راستەوخۆی سوپای عەباسی دەپاراست کە لە موصڵ ناوەندی هەرێمی جەزیرە جێگیر کرابوو و لە نێوان ناوچەکانی ئامەد و میافارقین و ئەرزن و خەلات هاتوچۆی دەکرد و پارە و باجی لە خەڵکی شارەکان وەردەگرت، پاشان گەڕایەوە هەرێمی چییا و لە شاری حلوان کەوتە بەر گورزی لەشکری عەباسی و توشی تێکشکان بوو و ناچار رووی کردە نەصیبین و لەوێوەش بۆ هیت و لە ئەنجامدا هاتەکوشتن و بزاڤەکەی خامۆشکرا، خەلیفە هارون لە مانگی رەمەزانی ئەو ساڵە چووە عومرە تا سوپاسی خودا بکات کە ئەم بەڵایەی لەکۆڵ کردەوە[١].

ساڵێکی نەبرد، بزاڤێکی دی دەرکەوت بەسەرکردایەتی(جراشة بن شيبان الأزدي) کە دەکرێت هەر بە درێژەپێدەری بزاڤەکەی وەلیدی شاری دابنرێت، چونکە دوای کوژرانی، کۆمەڵێك لە لایەنگرانی لە دەوری ئەم کۆبوونەوە، ئەم پتر هەرێمی چییای کردبووە مەڵبەندی چالاکیەکانی و سەرەتا چووە مەندەلی و بۆ ماوەی دوو ساڵ(١٨٠-١٨١ك/٧٩٦-٧٩٧ز)لە نێوان دینەوەر و حلوان و شارەزور و کەنگاوەر و نەهاوەند و کرماشان رایەڵەی دەکرد و چەند جارێك بەسەر سەرکردە و والیەکانی عەباسی سەرکەوت و باج و پارەی لە خەڵکی ئەو شارانە وەردەگرت تا لە نزیك هیت بەکوشت چوو[٢].

پاش دوو سێ ساڵێك، (أبوعمرو الشاري) لە شارەزور دەرکەوت و وادیارە بزاڤەکەی بچووك و سنوردار بووە و پاش دەرچوونی بۆ ماوەیەکی کەم لەناو برا[٣].

(ابوالعمود الثعلبـي) ساڵی ٢٤٨ك/٨٦٢ز بزاڤێکی بەرپاکرد و دەستی گرت بەسەر بەوازیج و دەوروبەری موصڵ دا و کورد لەم بزاڤە بەشداریی کرد و لەگەڵ هۆزی رەبـیعە لە دەوری کۆبوونەوە، وەلێ ئەم بزاڤەش کورتخایەن بوو و کوتوپڕ لەناوبرا و

(١) بڕوانە: تأريخ خليفة، ص٧٢١، تأريخ الطبري، ٨/٢٥٦، ٢٦١، تأريخ الموصل، ص٢٨١.

(٢) بڕوانە: تأريخ خليفة، ص٧٢٤–٧٢٦، تأريخ اليعقوبـي، ٢/٢٨٨، تأريخ الطبري، ٨/٢٦٦.

(٣) تأريخ الطبري، ٨/٢٧٢، تأريخ الموصل، ص٢٩٩.

چارەنوسی سەرکێشەکەی روون نیە، تەبەری دەڵێت کوژرا، کەچی مەسعودی دەڵێت بەدیل گیرا و رەوانەی سامەڕا کرا و پاشان ئازاد کرا[1].

- بزاڤی مساوری شاری(٢٥٢-٢٨٣ك/٨٦٦-٨٩٦ز):

لە نیوەی دووەمی سەدەی ٣ك/٩ز و لەو دەمەی خیلافەی عەباسی لەوپەڕی بێوزەیی‌و دەستەپاچەیی دا بوو، هەرێمی جەزیرە و ناوچەکانی موصڵ و شارەزور بوونە مەیدانی یەکێك لە بەهێزترین و درێژترین بزاڤی خەوارج کە لە ماوەی سی ساڵدا زیانێکی گیانی و ماڵیی گەورەی بە خیلافە گەیاند و بۆ دەیان ساڵ چەندین شار و بازێڕ و ناوچەی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە.

سەرکردەی ئەم بزاڤە(مساور بن عبدالحميد الشاري) یە کە هەواڵەکان ناکۆکن دەربارەی نەژادی و پتر لەوە دەچێت کە مەولای هۆزی بجيلە و ديهقان- کوێخادێیەکی دەڤەری بەوازيجی سەر روباری دیجلە بێت لە خوارووی موصڵ[2].

مساور بێهێزی خیلافە و رەوشی نالەباری هەرێمی جەزیرەی قۆزتەوە و بڕیاری هەڵگەڕانەوەی لە خیلافە دا، ئەوەی لەم بزاڤە پەیوەندیی بە کوردەوە هەیە ئەوەیە کە هەر لە سەرەتاوە رێژەیەکی بەرچاوی لایەنگران و هەوادارانی کورد بوون، بەگوێرەی ئاخافتنی سەرچاوەیەکی سریانی زۆربەی لایەنگرەکانی لە هۆزی کوردی یەعقوبی بوون[3].

هەروەها مەڵبەندی جموجۆڵ و چالاکیەکانیشی پتر هەر ناوچە کوردنشینەکان بوون لە شنگار و حلوان و شارەزور و کەرخجدان و هەولێر..هتد.

خەلیفە(المعتز:٢٥٢-٢٥٥ك/٨٦٦-٨٦٩ز) و سەرکردە دەسەڵاتدارەکان بەردەوام سوپای پڕچەکیان دەنارده سەر مساور بۆ ئەوەی بکارن نوشستی پێبهێنن، بەڵکو ئەو لە زۆربەی بەرەنگاربوونەوەکاندا سەرکەوتووانە دەرباز دەبوو و گورزی کوشندەی

---

(١) تأريخ الطبري، ٢٥٨/٩، مروج الذهب، ٥٣/٤.

(٢) تأريخ اليعقوبي، ٣٥٣/٢، تأريخ الطبري، ٣٧٥/٩، التنبيه والأشراف، ص٣٤٤.

(٣) تأريخ إيليا برشنايا، ص١٧١-١٧٢.

دەسرەواندە سوپای عەباسی، خەلیفە (المعتمد)یش درێژەی بەم هەڵوێستەدا و بۆی نەکرا مساور لاواز بکات، ساڵی٢٦٠ك/٨٧٤ز یەکێك لە کوردەکانی سەر بە مساور، کەسایەتیەکی هۆزی رەبیعەی کوشت و کەلەسەریی برد بۆ مساور[1].

مساور وەصیەتی کردبوو پاش خۆی محەمەدی کوڕی خۆرزادی شارەزوری جێگای بگرێتەوە و سەرۆکایەتیی بزاڤەکە بگرێتە ئەستۆ، کاتێك مساور کوتوپڕ لە ساڵی ٢٦٣ك/٨٧٧ز لە بەوازیج مرد، لایەنگرانی بانگهێشتی محەمەدیان کرد تا بێت و ببێتە پێشەوایان، بەڵام ئەو داواکاریەکەی رەت کردەوە و لە شارەزور مایەوە، ئەندامانی بزاڤەکە ناچار ئەیوبی کوڕی حەییانیان بە سەرۆك هەڵبژارد، پاش ماوەیەك محەمەدی کوڕی خۆرزاد پاشگەزبووەوە و داوای کرد بیکەنە پێشەوایان، ئەمەش بووە مایەی تێکچوونی شیرازەی بزاڤەکە و دووکەرت بوو، لە چەند شەڕ و لێکدانێکی خویناوی دا چەند رێبەرێکیان بەکوشت چوون تا(هارون بن عبدالله الشاري) سەرکردایەتی گرتە دەست و محەمەدی کوڕی خۆرزادیش بە نائومێدی گەڕایەوە شارەزور و بێهودە خەریکی رێکخستنەوەی لایەنگرانی بوو، چەند ساڵێك بەم شێوەیە مایەوە و لە هەوڵی ئەوەدابوو هارون لەناو ببات و بەخۆی جڵەوی بزاڤەکە بگرێتە دەست و خۆی سازدا بۆ رووبەڕووبوونەوە، لە شەڕێکدا لە گوندی شەمرەخ[2] ساڵی٢٦٧ك/٨٨١ز، بەسەر هارون دا سەرکەوت و دووسەد کەسێکی لێکوشتن، ئەویش پەنای بردە بەر هۆزی تەغلوب و داوای هاریکاریی لێکردن و ئەوانیش بەدەنگیەوە هاتن و کارێکی وایان کرد بشێت خۆی ساز بداتەوە، دواتر هارون شیا زۆربەی لایەنگرانی محەمەدی کوڕی خۆرزاد بهێنێتە ریزی خۆیەوە و تەنها پیاوانی هۆزەکەی لەگەڵ مانەوە[3].

---

(١) تأريخ الطبري، ٩/٤٩٠، ٥٠٨، ٥١٢، الكامل، ٥/٦٨٧.

(٢) ئەم گوندە تا ئێستاش بەناو ماوە و دەکەوێتە نزیك مانگێش لە پارێزگای دهۆك. بۆ زێدەتر زانیاری بڕوانە: وەصفی حەسەن (ڕێنی)، ژگوندێت کەڤنار ل دەڤەرا بەهدینان : گوندێ شەمرەخ، گوڤارا نیژەن، ژ (٥) (دهۆك: زڤستانا ٢٠١٥)، ل٢٨-٢٩.

(٣) الكامل، ٦/٢٨-٢٩، ٦٨.

محەمەدی کوڕی خۆرزاد پیاوێکی ئایینی بوو پتر لەوەی سەرکردەیەکی سیاسی بـێت و ژیانی بە گۆشەگیری و خوداپەرستی دەگوزەراند و پۆشاکی خوریینی ئەستور و زبری دەپۆشی و هەر بۆیەش لایەنگرانی لێی تەکینەوە و سەرئەنجام بە دەستی کوردە گەلاڵیەکانی شارەزور کوژرا، هارونیش بووە تاکە سەرکردەی بزاڤەکە و درێژەیدا بە هەڤڕکی و دژایەتیی خیلافەی عەباسی و هاوپەیمانی لەگەڵ (حمدان التغلُبـي) گرێدا و چەند میرێکی دیی کوردی وەك جەعفەری خاوەندی قەڵای ئەردەمشت و شەدادی خاوەندی قەڵای حەسەنیە- زاخۆ و ئیبراهیمی شادکۆیەی هێنایە ناو بزاڤەکەیەوە و بە مزگەوتی شار پێشنوێژیی خەڵکەکەی کرد[1]، شاعیر(ابن المعتز:م٢٩٦ك/٩٠٩ز) لەبارەیەوە دەڵێت:

يلعن عثمان ويبرأ من علي  والله ذو الجلال منه قد بري
خليفة الأكراد والأعـراب  وقائـــد الفُجار والخُرابِ
يدعــونه أميـر مـؤمنينا  بل كافـراً أمير كافـرينا.

خەلیفە(المعتضد) هەر لەگەڵ دەستبەکاربوونی، لێبڕاوانە لە کۆششی ئەوە دابوو هاوپەیمانیی نێوان خەوارج و کورد و حەمدانییەکان نابووت بکات و سەروەری و هەیبەتی خیلافە بۆ ولایەتی موصڵ بگەڕێنێتەوە و ساڵی ٢٨٢ك/٨٩٥ز هەوڵەکانی سەری گرت و گورزێکی کوشندەی گەیاندە هارونی شاری و ساڵێك دواتر خودی هارون بەدیل گیرا، پاشان لەخاچدرا[2] و ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی کوژران و دەستەرسەر کران و ژمارەیەکی دییش هەڵهاتن بۆ ئازەربـیجان و تیایاندا- وەك گوتمان- ئیبراهیم شادکۆیەی باوکی دەیسەم[3].

هاوکات لەگەڵ ئەم بزاڤەدا، کوردە یەعقوبـیەکانیش بە بزاڤێك رابوون و بە(اليعقوبـية الشراة) ناو براون و بزاڤەکەیان پازدە ساڵێکی خایاند، لە راستیدا لقێك بوون لە بزاڤەکەی مساور و هەندێکیان تا مردنی مساور هاوکاری بوون.

---

(١) تأريخ الطبري، ٩/١٠، الكامل، ١٠٩/٦.

(٢) لە کاتی لەخاچدانی، پڕ بە دەم هاواری کرد:(لا حكم إلا لله ولو كره المشركون).

(٣) تأريخ الطبري، ٤٣/١٠-٤٤، تأريخ ايليا برشنايا، ص١٧٧، الكامل، ١٤٨/٦-١٥١.

سالّی دەرکەوتنی ئەم بزاڤە نەزانراوە، ئەوەندە هەیە سەرکردە مەسروری بەلەخی سالّی٢٥٨ك/٨٧٢ز چووە سەریان و ژمارەیەکی لێکوشتن، پاش هەشت سالّێك سەرکردەی تورکی ئیسحاقی کوڕی کنداج هێرشی کردە سەریان و مالّ و سامانی تالاّن کردن، بەلاّم ئەم هێرشانە نەبوونە هۆی لەناوبردنی، بەلّکو لایەنی کەم تا سالّی ٢٧٣ك/٨٨٦ز هەر بەردەوام بوو و لەم سالّەدا کوردە یەعقوبیـیەکان زیانێکی قورسیان بەو لەشکرە عەباسیە گەیاند کە لە موصلّەوە بۆ باج وەرگرتن هاتبوونە ناوچەی مێرگ و سوق الأحد ـدەڤەری مرێبا و قەسرۆك ـو نزیکەی هەشتسەد(؟) کەسیان لێکوشتن و لەمە بەدواوە، ناو و دەنگوباسیان نامێنێت[1].

ب- لە بزاڤە شیعیەکان:

بە چەند سالّێکی کەم پاش دامەزراندنی دەولّەتی عەباسی، بەرهەلّستی و ناڕەزایی شیعەی عەلەوی لە چەند بزاڤێکی چەکداری و رێکخراوێکی نهێنی خۆی نواند، وەلێ هەرێمە کوردنشینەکان راستەوخۆ نەبوونە مەیدان و پایەگای بەرهەلّستکارانی شیعەو بانگەشەی هێزە شیعیەکان سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان لەناو کورددا بەدەست نەهێنا، سەرەڕای ئەم راستیە، لێرەو لەوێ کوردی شیعە هەبوون[2]، بەلّکو تێکەلّ بە جیهانی شیعەگەری و پەیوەست بە بلّندترین پایەکانی دەبوون[3]، فازۆ- فادۆی کورد(فازویە الكُردي)[4] یەکێك بوو لە یاوەران و کەسە هەرە نزیکەکانی ئیمام حەسەنی عەسکەری

(١) تأريخ الطبري، ٤٩٠/٩، ٥٥١، الكامل، ٦٨٧/٥، ٤٨/٦، ١١٢–١١٣.

(٢) التنوخي، الفرج بعد الشدة، ٢٢٩/٤.

(٣) لە بەشی یەکەمی کتێبی: کاکەیی– ئەهلی هەق و شەبەك، ئەکادیمیای کوردی (هەولێر:٢٠٢٠) بە درێژی سەبارەت بە تێکەلّیی گروپ و بالّە شیعیەکان بە کوردەوە ئاخەفتووم.

(٤) هەرکوردێك لە هەوالّەکان دا ناوی بە برگەی(ویە)ی فارسی و دەیلەمی کۆتاهی هاتبێت وەك: فازویە، شادکویە، بادویە( التنوخي، الفرج بعد الشدة، ١٨٤/٢–١٨٦)، شیروە– شیرویە (بڕوانە میرنشینی مەروانی)، جکویە و شکویە، حسنویە (بڕوانە پێشەکیی میرنشینی حەسەنۆیی)، ئێمە دلّنیاین کە نـاوی دروسـت و کوردییان بە(ۆ) کۆتاهی هاتووە: فادۆ، شادکۆ، بادۆ، شێرۆ...هتد و هەر ئاوەها نووسیومانە.

(م:٢٦٠ك/٨٧٤ز)، ئەم کوردە گومناوە، زانیاریەکی وای لەبارەوە نەهاتووە[١]، دەنێو ئەو کەسانەش کە گوایە ئیمامی زەمان محەمەدی مەهدی(صاحب الزمان)یان دیتووە، دەینوەرییێك و شارەزورییێك هەن[٢].

بانگەشەکارانی ئیسماعیلی کە خوازیاری رابەرایەتی(الإمامة)بوون بۆ ئیسماعیل (م:١٤٥ك/٧٦٢ز)ی کوڕی جەعفەری صادق و محەمەدی کوڕی ئیسماعیل، خۆیان خزاندە نێو ناوچە کوردنشینەکان و ژمارەیەك کوردیان پەلکێشکرد و بە هزر و ئامانجی بانگەشەی ئیسماعیلی ئاشنایان کردن، بەپێی ئاخافتنی ئەسفراییني (م:٤٢٩ك /١٠٣٧ز) کوردانی هەرێمی چیبیا و دانیشتوانی چیایەك بە ناوی بدین(؟) لە ئازەربیجان لە پێشەنگی ئەو میللەت و لایەنانە بوون کە لەسەر دەستی بانگەشەکارە پێشەواکان بڕوایان بە هزر و بەرنامەی شیعەی ئیسماعیلی هێنا[٣].

سەربیاری بانگەشەی ئیسماعیلی، کورد لە بزاڤی قەرامیتەش بەشدار بووە، کە بزاڤێکی چەکداریی توندڕەوی شیعییە و بە شەڕ دەیانویست دید و ئایدیایان بسەپێنن، هەندێك پێیانوایە بالّی سەربازیی ئیسماعیلیەن و بۆ یەکەم جار سالّی٢٧٨ك/٨٩١ز لە دەڤەری کوفە دەرکەوتن و بە ناوی یەکەم رابەریانەوە: حەمدانی کوڕی قرمت ناوزەد کران و لە بیابانی کوفە و نیمچە دورگەی عەرەب و بەحرێن چالاك بوون و ئەو ناوچانەیان بۆ ماوەی دەیان سالّ خستەژێر رکێفی خۆیانەوە.

بەلّگە بەدەستەوە نیە کە قەرامیتە توخنی هەرێمە کوردنشینەکان کەوتبن، کەچی جەعفەری کوڕی حەمیدی کورد(جعفر بن حميد الكُردي) فەرماندەیەکی مەیدانییان بوو، چ زانیاری و هەوالّێك سەبارەت بە چۆنیەتی پەیوەندیکردنی ئەم کوردە بە لەشکری قەرامیتەوە لە سەرچاوەکان بەرچاو ناکەوێت، تەنها لە میانەی ئەو نامەیەدا درك بە هەبوونی دەکرێت کە لەلایەن سەرکردەی ناوداری قرمتی زکرەوەیەی کوڕی میهرەوەیەی ناودار بە(صاحب الشامة)ەوە ئاڕاستەی کراوە، ناوەڕۆکی نامەکە دەری

---

(١) الجوهري، السقيفة وفدك، ٢/٣٣٠، ٣٤٧.

(٢) الأربلي، كشف الغمة في معرفة الأئمة، ٣/٢٨٥-٢٨٦.

(٣) الفرق بـين الفرق، ص٢٦٦.

دەخات کە جەعفەری کورد فەرماندەیەکی گەورەی لەشکری قرمتی بووە لە وڵاتی شام و نازانرێت هەتا کەنگی لە ریزی قەرامیتە ماوەتەوە و چارەنوسی بەچی گەیشتووە[1].

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو راستیە بدەین کە نوسەرە دەمارگیر و کورتبینە سوننیەکان بە زمانێکی گەلێك زبر و ناشرین گوزارشت لە سەرنج و روانینەکانیان دەکەن دەرهەق بە سەرجەم بزاڤ و بانگەشە و لایەنە هەڤڕك و نەیارەکانی خیلافەی سوننی عەباسی و لە چوارچێوەی بەکەمزانین و بەسوك تەماشاکردنی کورد بەوە تاوانباری دەکەن کە هەرگاڤ بوونەتە لایەنگر و شوێنکەوتەی بانگەشە و بزاڤە لادەر و چەواشەکانی چەشنی ئیسماعیلی و قەرامیتە تا پاساوی هەڵوێستی دوژمنکارانە و رەتکردنەوەی کورد بهێننەوە،(ابن الجوزي:م ٥٩٧ك/١٢٠٠ز) دەڵێت: شوێنکەوتە و هاوسۆزانی قەرامیتە کەسان و میللەتانی نەزان و گەمژە و ساویلکەن، ئەوانەی فریان بە زانیاری و هۆشمەندیەوە نیە، وەك خەڵکی نەخوێندەوار و کوردان و پێخواسانی عەجەم و گەمژە هەرزەکارەکان[2]، هەر بە هەمان مەبەست ئەسفرایینی دەڵێت:خەڵکی رەشۆکی لە نەبەت و کوردان و نەوەکانی مەجوس ئەوانەی وا کوێراییان بە زانست و روانین دادێت، گوێبیست و لایەنگری باتنی- ئیسماعیلی بوون[3].

نابێت ئێمە لەم تاوانبارکردنە وا تێبگەین کە کوردان بە ئاستێکی بەرز پەیوەندییان بە ئیسماعیلی و قەرامیتەوە کردووە، بەڵکوئەوان پتر مەبەستیان توانجدانە لە کورد.

لە سەدەکانی دواتردا(٦-٧ك/١٢-١٣ز)، مەزهەبی شیعەیی دوازدە ئیمامی بە شێوەیەکی سنوردار و لەسەر ئاستی تاکەکەسی یان تاکە هۆز و بنەماڵە لە کوردستان بڵاّبووەوە و زیاتر ناوچەکانی هاوسنوری ناوچە شیعەنشینەکانی عێراقی گرتەوە، کوردە گاوانیەکان لە دەرەنجامی نیشتەجێبونیان لە شار و دێهاتەکانی خواروو و رۆژهەڵاتی بەغدا و بەهۆی تێکەڵبوون و ژنخوازیەوە لەگەڵ هۆز و بنەماڵە عەرەبەکانی ناوچەکە، بوونە شیعەی دوازدە ئیمامی، بەڵکو چەند ئەندامێکی بنەماڵەی وەرامیی گاوانی،

---

(١) تأريخ الطبري، ١٠/١٠٥.

(٢) المنتظم، ١٢/٢٩٧-٢٩٨.

(٣) الفرق بين الفرق، ص٢٨٥.

نکۆڵیان له کوردبوونی خۆیان دەکرد و نەژادییان دەگەڕاندەوە بۆ(مالك بن الأشتر النخعي)، پشتیوان و هەڤاڵی دڵسۆزی ئیمام عەلی، شێخ وەرامی کوڕی ئەبوفیراسی گاوانی(م: ٦٠٥ك/١٢٠٨ز) له (الجاواني الكُردي) یەوە کرا بە (المالكي النخعي)[1] و له کتێبی(تنبيه الخواطر ونزهة النواظر) که دەربارەی زوهد و خوداناسی و پەند و ئامۆژگاریه، بە روونی کاریگەریی ئەدەبیاتی شیعەی پێوە دیارە و مجيرالدين جەعفەری برایی(م:٦٢٧ك/١٢٣٠ز) شێخێکی توندڕەوی شیعەبوو[2]، شاعیر عەبدوڵای کوڕی داودی بەشنەوی(م:٤٦٥ك/١٠٧٢ز) شاعیرێکی شیعیی ناسراو و پایەبڵندە و خاوەند قەصیدەیەکی جوانە لەمەڕ بەسەرهاتی غەدیر کە لەکن شیعە بە جەژن هەژمار دەکرێت، هەروەها شاعیری کورد ئەبوعەلی حەسەنی کوڕی مەحمودی سنجاری ناسراو بە(الجكاك: ٥٢١_٦٠٤ك/١١٢٧_١٢٠٧ز)و محەمەدی کوڕی ئیبراهیم ناسراو بە(ابن الكُردي) شیعە بوون[3].

بهاءالدين عەلیی کوڕی عیسای کوردی هەولێری(٦٢٥_٦٩٢ك/١٢٢٨_١٢٩٣ز)، شاعیرو کەسایەتیەکی ناوداری عێراق و بیرمەندێکی شیعیی میانڕەو بوو و کتێبی (كشف الغمة بمعرفة الأئمة)ی داناوە، فخرالدين عیسای باوکیشی ماوەیەك هاریکاری والیی هەولێر بوو[4].

له بەسەرهاتێکدا ئەو راستیە خۆیادەبێت کە تا سەردەمی مەغۆلییش- سەدەی ٧ك/١٣ز- بڵاوبوونەوەی شیعەگەری دەنێو کورد دا سنوردار بووە و نەبووە بە دیاردە و خەڵکانی دی ئەم راستییەیان زانیووە، له جڤاتێکدا له خوێندنگای موستەنصریە له بەغدا کە بهاء الدين عەلیی کوردی شیعە و کۆمەڵێك کەسایەتیی ناوداری تێدا ئامادە

(١) بنەماڵەی نوری مالکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق و بنەماڵەی (كاشف الغطاء) له نەوەی شێخ وەرامی گاوانی ین.

(٢) مجمع الآداب، ٤/٥٦٥.

(٣) الكليني، الكافي، ١٦٣/٣.

(٤) الذهبي، تأريخ الإسلام، ١٦٢/٥٢–١٦٣، ئەم کتێبە له سێ بەرگدا چاپکراوە: كشف الغمة في معرفة الأئمة، دار المرتضى (بيروت:٢٠٠٦).

دەبن، بهاءالدین عەلی بە فەقیهی نابینا (نورالدين الحنبلي:م ٦٨٤ك/١٢٨٥ن)[1]ی گوت لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو: خەڵکی بەصرایت و حەنبەلییت؟ سەیرە بەصرایی حەنبەلی بن، فەقیهی نابیناش بەرسڤی دەداتەوە: شتێکی سەیرتر لێرەدا هەیە: کورد بیت و رافزی- شیعە بیت، بهاءالدین عەلیش شەرم دایگرت و بێدەنگ بوو[2].

هەروەها دانیشتوانی جەزیرەی بۆتان کە کوردی سوننە بوون، کەربیان لە شاعیر حەمەدی جەزەری(م:٦٥١ك/١٢٥٣ن) دەبۆوە و تەکفیریان دەکرد، چونکە شیعەیەکی توندڕەو بوو[3]، کەچی کوردانی دانیشتووی نەهاوەند شیعەی دوازدە ئیمامی بوون[4]. لە رۆژگاری مەغۆلی بەدواوە هۆزی زەنگەنە بوون بە شیعە، سەرانی زەنگەنە لافی ئەوە لێدەدەن کە باب و باپیرانیان لە رێوڕەسمی بەخاکسپاردنی ئیمام حوسێن دا ئامادە و بەشدار بوونە، بێگومان ئەم لاف و گەزافە هیچ راستی و بنامەیەکی مێژوویی نیە و زادەی سەردەمی صەفەویە.

### ج- لە بزاڤی بابەکی خورەمی(٢٠١-٢٢٣ك/٨١٧-٨٣٨ن):

لە سەرەتای سەدەی ٣کۆچی/٩ زایینی میللەتانی هەرێمی ئازەربـیجان لە ئازەر و ئەرمەن و کورد، بەشدارییان لە شۆڕشی بابەکی خۆڕەمی کرد، خوڕەمی ئاین و

---

(١) ناوی تەواوی (نورالدين ابوطالب عبدالرحمن بن عمر بن أبي القاسم بن علي بن عثمان البصـري الحنبلي)یە، ساڵی ٦٢٤ك/١٢٢٧ز لە گوندی عەبدلیانی بەصرا لەدایکبووە.

(٢) "عقد مرة مجلس بالمستنصرية للمظالم، وحضر فيه الأعيان، فاتفق جلوس الشيخ –نورالدين– إلى جانب بهاء الدين بن الفخرعيسى... ، فقال له ابن الفخرعيسى: من أين الشيخ؟ قال: من البصرة. قال: والمذهب؟ قال: حنبلي. قال: عجباً! بصري، حنبلي؟ فقال الشيخ: هنا أعجب من هذا: كُردي رافضي. فخجل ابن الفخرعيسى وسكت. وكان كُردياً رافضياً. والرفض في الأكراد معدوم أو نادر. الصفدي، نكث الهميان في نكت العميان، ص١٧٠، ابن رجب، ذيل طبقات الحنابلة، ١٩٨/٤.و بڕوانە: شمس الدين محمد بن علي الداودي (ت:٩٤٥هـ/١٥٣٨م)، طبقات المفسرين، دار الكتب العلمية(بيروت:١٩٨٣)، ٢٨٥/١.

(٣) تأريخ الإسلام، ٩٣/٤٨، الصفدي، الوافي بالوفيات، ١٦١/١٣-١٦٢.

(٤) قزوينی، نزهة القلوب، ص١١٩.

بیروباوڕێکی دێرینی نەتەوە ئێرانیەکانە[1] و بە پاشماوەی مەزدەکی و مەجوسی دادەنرێن و تا سەدەی ٤كۆچی/١٠زایینی لە ئازەربیجان و هەمەدان و دینەوەر هەر مابوون[2].

ئەوەی راستەوخۆ پەیوەندیدارە بە کوردەوە ئەوەیە کە هۆزە کوردەکان هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی ئەم شۆڕشەوە رۆڵێکی سەرەکی و بەرچاویان تێدا گێڕاوە، سەرەڕای ئەوەی چەند ئاماژەیەکی ناراستەوخۆ لە سەرچاوە سریانی و ئەرمەنیەکان هەن نیشاندەدەن کە خودی بابەك لەوەدەچێت کوردبێت[3]، هەرچی سەرچاوە ئیسلامییەکانیشە ئەوا ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەوە دەکەن کە خورەمییەکان هەر کورد بوون، یەعقوبی دەڵێت: خورەمییەکان سەرەتا لە دێهاتەکانی قامدان لە نێوان ئەصفەهان و ئەهواز دەرکەوتن کە دانیشتوانەکەی کورد و میللەتانی دیی عەجەمن و دانیشتوانی دێهاتی فەهمان کورد و خورەمین[4].

ساڵی٢١٨ك/٨٣٣ز بە هەزاران کەس لە دانیشتوانی هەرێمی چیبیا بوونە خورەمی و لە شاری هەمەدان کۆبونەوە، خەلیفە (المعتصم) کە ئەوەندە نەبوو پۆستی خیلافەی گرتبووە دەست، چەند جار هێزی سەربازیی رەوانە کرد بۆ لەناوبردن و بڵاوە پێکرنانیان، سەرچاوەکان ئیسلامییەکان دەڵێن نزیکەی شەست هەزاری(؟) لێکوشتن و ئەوانەی دەربازبوون رووەو وڵاتی رووم- دەوڵەتی بیزەنتی هەڵهاتن، بێئەوەی لە چارەنوسی خورەمیە هەڵهاتووەکان بدوێن[5]، وەلێ سەرچاوە بیزەنتیەکان دەگێڕنەوە کە ئەو خورەمییانەی هاتنە وڵاتی رووم، کورد بوون و هەر کوردێکیش سەرۆکایەتی

(١) بۆ پتر پێزانین دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە: د. حسین قاسم العزیز، البابکیة، الإنتفاضة ضد الخلافة العباسیة، دار المدی (دمشق: ٢٠٠٠).

(٢) ابن الندیم، الفهرست، ص٣٤٢.

(٣) بڕوانە: الكُرد في العصر العباسي، ص١١١–١١٣.

(٤) البلدان، ص٤٤، وبڕوانە: مروج الذهب، ٢٩٣/٣.

(٥) تأريخ اليعقوبـي، ٣٣١/٢، تأريخ الطبري، ٦٦٧/٨–٦٦، مسكويه، تجارب الأمم، ٣/٤.

دەکردن کە ناوی دروستی نارسیسە لای تەبەری و نەصیرە لای مەسعودی[1] ولە سەرچاوە بـیزەنتیەکان بەشێوەی نەصر هاتووە و بە کورد دانراوە و لە کاتی تەعمیدا ناوی نرا(ثیوفوب).

نارسیس یان نەصری کورد چووە پایتەختی دەوڵەتی بـیزەنتی و کچە میرێکی خزمی ماڵباتی ئیمپراتۆر ثیوفیلی کوڕی میخائیل(٢١٤-٢٢٧ك/٨٢٩-٨٤٢ز)ی خواست و خۆی و ئەو شازدە هەزار خورەمیەی یاوەری لە لایەن ئیمپراتۆرەوە لە سوپای بـیزەنتی رێکخرانەوە و رەوانەی بەرەی رۆژهەڵات کران تا درێژە بە شەڕ بدەن و هاریکاریی لەشکری بـیزەنتی بکەن لە هێرشکردنە سەر پایەگاکانی دەوڵەتی عەباسی، خورەمییەکان بە کردەوە سەلماندیان و رۆڵی گرنگ و دیاریان گێڕا لە هێرشە بەرفراوانەکەی بـیزەنتی و لە گرتنی شارەکانی زبترە[2]و سمیسات و مەڵاتیە و تاڵانکردنیان، هەروەها لە بەرگەگرتن لە هێرشی سوپای عەباسی بۆ سەر شاری عەموریە و دەربازکردنی گیانی ئیمپراتۆری بیزەنتی، دوای سەرکەوتنی سوپاکەی(المعتصم) کە بەخۆی سەرپەرشتیی دەکرد.

سەرچاوە بـیزەنتیەکان ناکۆکن لەسەر چارەنوسی ثیوفۆبی کورد، هەندێکیان دەڵێن لە کاتی گرتنی شاری عەموریە کوژراوە، هەندێکی دی دەڵێن بە فرمانی ئیمپراتۆر لە ژێرزەمینی کۆشکەکەی کوژراوە و ئیڤاندەر لوسەر لە کتێبەکەیدا نیگارێکی بڵاوکردۆتەوە کە بردنی سەری براوی ثیوفوب پیشان دەدات بۆ ئیمپراتۆر سیوفیلیۆس لە سەرەمەرگی دا[3]، ڤازیلیف(١٨٦٧- ١٩٥٣)بۆچوونی دووەمی بە ئەفسانە داناوە دەڵێت دوورە لە راستیەوە، کەچی بۆچوونی سێهەم پێیوایە لە تێکهەڵچوونەکانی پاش شەڕی عەموریە کوژراوە و ئەم بۆچوونەیان پتر لە راستیەوە نزیکە[4].

---

(١) تأريخ الطبري، ٩/٥٦، مروج الذهب، ٣/٤٧٣.

(٢) بڕوانە: ڤازیلیف، العرب والروم، ص١٤٢.

(سێ)Evander Luther, Theophobos Kurdish peope, Bizantine Empire, Theophilos, Khurramites, Abbaside Caliphate AL-Mutasim, Acu Publishing 2012..

(٤) العرب والروم، ص١٧٢.

سەرچاوە مێژووییەکان لەمەڕ ڕۆڵی خورەمییەکان لەم شەڕانەی نێوان ئیمپراتۆری بـیزەنتی و خەلیفەی عەباسی بێدەنگن و زانیاریەکی ئەوتۆیان تێدانیە، کەچی هەردوو شاعیر (ابو تمام)[1] و (البحتري)[2] لە چەند شیعرێکدا لە هاندان و ستایشکردنی خەلیفەی عەباسی و فەرماندە بەشداربووەکان، ناڕاستەوخۆ باسی خوڕەمەکانیان کردووە و بەمەش پشتڕاستی ئاخافتنی سەرچاوە بـیزەنتیەکان دەکەنەوە[3].

عیصمەتی کورد کە خاوەندی بازێری مەرەند بوو لە باکوری دەریاچەی ورمیٚ، کەسایەتیەکی دیی کوردە و بەشداریی لە بزاڤی خوڕەمی کردووە و بووە بە ئەسپەهبد- سەرلەشکر و گەورە فەرمانـدەی بابەك، بەڵام سەنگی لەم بزاڤە بزرە و ئەوەندەی دەربارە دەزانرێت کە ساڵی ٢٢٠ك/٨٣٥ز لە لایەن (محمد بن البعيث)ی دۆست و زاوایەوە کە موڵکدارێکی عەرەب بوو، بە فێڵ بەند کرا و رادەستی خەلیفە(المعتصم) کرا، دوای ئەوەی ژمارەیەك لە هاوکارانی لە قەڵای شاهی کوژران، خەلیفەش پاش ئەوەی زانیاریی گرنگی دەربارەی بابەك و سروشتی ناوچەکەی لێوەرگرت، بەندی کرد و تا سەردەمی خەلیفە(الواثق)ی کوڕی هەر لە زیندان مابووەوە[4].

هاوکات لەگەڵ بزاڤی بابەکی خورەمی، کوردانی چییایەکان بەشدارییان لە بزاڤی مازیاری کوڕی قارن(٢٢٤_٢٢٥/٨٣٩_ ٨٤٠ز)کرد، لێرەش زانیاریمان لە تاکە هەواڵێك تێناپەڕێت، مازیار داوای لە کوردەکان کرد موڵك و سامان و بەروبوومی موڵکداران تاڵان بکەن[5].

---

(١) أبو تمام: حبـيب بن أوس الطائي(م:٢٣١ك/٨٤٦ز)

(٢) البحتري:الوليد بن عبادة(م:٢٨٤ك/٨٩٧ز).

(٣) بۆ پتر پێزانین دەربارەی ڕۆڵی کوردە خورەمییەکان بروانە کتێبەکەم: الكُرد في العصر العباسي، ص١٣٨– ١٤٦.

(٤) تأريخ اليعقوبي، ٢/٣٣٢– ٣٣٣، الكامل، ٥/٤٣٣.

(٥) مسكويه، تجارب الأمم، ٤/٥٧.

## ٣_٣_ کەسایەتیە کوردەکان لە دامودەزگاکانی خیلافە:

تا ناوەڕاستی سەدەی٣ کۆچی/٩ زایینی، هۆز و بنەماڵە دەستڕۆیشتووەکانی کورد، بە رەوەند و گۆرانەوە هێشتا هۆگری ژیانی سروشتی و ئاسایی خۆیان بوون و بە دێهات و هەرد و کێوەکانی کوردستانەوە گرێدرا بوون و بە پێچەوانەی میللەتانی دیکەی دەوروبەرەوە، هەندە تێکەڵ و ئاشنای سیاسەت و دەوڵەت و کۆمەڵگای ئیسلامی نەبووبوون، بۆیە دەگمەن کەسایەتی کورد لە دامودەزگا کارگێڕی و دارایی و لەشکری و قەزاییەکانی خیلافە هەبوون، ئەوانەی هەشن رۆڵی لاوەکییان گێڕاوە و پێزانینش دەربارەیان کەمە، گێلۆی کورد(جیلویە الكُردي)[1] سەرکردەیەکی لەشکری بوو لە سوپای خەلیفە(الأمین:١٩٣_١٩٨ك/٨٠٩_٨١٤ز) و هیچ پێزانینێك لەدور ناسنامەی نیە و تەنها هەندەی لەبارەوە دەزانرێت کە لە شەڕەکانی نێوان(الأمین والمأمون) ساڵی ١٩٦ك/٨١٢ز کوژرا[2].

خالیدی کوڕی جیلەوەیە کە رەنگە کوڕی جیلەوەیەی کورد بێت، ئەمیش بەرپرسێکی دارایی خیلافە بوو و تەنها یەکجار ناوی هاتووە[3].

وا دیارە چەند ئەندامێکی دیی ئەم ماڵباتە پلەوپایەی جۆربەجۆریان وەرگرتووە، لەوانەش محەمەدی کوڕی حەسەنی کوڕی جیلەوەیە کە ئەمیش نەوەی جیلەوەیەیە و لە سەردەمی خەلیفە المستعین(٢٤٨_ ٢٥٢ك/٨٦٢_٨٦٦ز) بەرپرسی(المعونة) بووە لە شارۆچکەی عەکبرا کە دەکەوێتە باکوری بەغداوە لە نزیك دوجەیل[4]، دووریش نیە چیای گیلەوەیە_ کوەگیلەوەیە لە لوڕستان بە ناوی ئەم بنەماڵە کوردەوە ناونرابێت.

ماڵباتی یەزدانڕۆژ یەکێکی دیکەیە لەو ماڵباتە کوردانەی لە دامودەزگاکانی خیلافەی عەباسی خزمەتیان دەکرد، عیسای کوڕی یەزدانڕۆژ دۆست و لایەنگری بەرمەکیەکان و بەرپرسی دەزگای جل نەخشاندن(دیوان الطراز) بوو، لە نسکۆی

---

(١) ئەم ناوە لە سەرچاوە عەرەبیەکانا بە(جیلویە) هاتووە و راستەکەی گێلۆ– گیلەوەیە یە.

(٢) تأریخ الیعقوبي، ٢/٣٠٩.

(٣) ابن خلكان، وفیات الأعیان، ٢/٥١٩–٥٢٠.

(٤) تأریخ الطبري، ٩/٢٨٩.

بەرمەکیەکان بەرکەوت و لە کارەکەی لابرا و دەست بەسەر هەموو سامانەکەی دا گیرا، پاشان بۆی گێڕدرایەوە، هاوکات نوسەری(الفضل بن الربـیع) بوو، جەهشیاری(م: ٣٣١ک/٩٤٣ز) دەڵێت عیسای کوڕی یەزدانرۆژ یەکەم نوسەر بوو شاش- شاشکێی لەسەرنا[١].

موسای کوڕی عیسا، وەك باوکی نوسەری(الفضل) بوو، هاوکات وەرگێڕێکی ناودار بوو و لە زمانی فارسیەوە کتێبی وەردەگێڕایە سەر عەرەبـی[٢]، کەچی عەلیی کوڕی عیسا لە داروەدەستەی یەحیای بەرمەکی بوو و بۆ ماوەیەکی درێژ و تا رۆژگاری خەلیفە (المتوکل:٢٣٢_٢٤٧ک/٨٤٧_٨٦١ز) باجگری خەراج بوو لە چەند هەرێم و ناوچەیەك[٣]، لە هەواڵێکی دیی هەمان سەردەم دا، ناوی جەعفەری کورد هاتووە کە ئەویش نزیکی بەرمەکیەکان بوو[٤].

میر عەلیی کوڕی داودی کوڕی روهزاد، کەسایەتیەکی ناوداری دەڤەری هەکاریی رۆژهەڵاتی موصڵ بوو[٥]، لە روداوەکانی نیوەی دووەمی سەدەی ٣ کۆچی/٩ زایینی چەند جارێك ناوی هاتووە، مەسعودی کۆشك و تەلارەکانی بینیوە لە لێواری خابور[٦].

خەلیفە (المعتمد) بۆ بنەبڕکردنی باری ئاڵۆز و نائارامی موصڵ و دەوروبەری و زڤڕاندنەوەی هەیبەت و سەروەریی خیلافە بۆ شارەکە، بڕیاریدا عەلیی کوڕی روهزاد(ابن رهزاد) بکاتە والیی موصڵ، بەڵام هەڵبژاردنی کوردێك با کەسایەتیەکی هەڵکەوتوو و لێوەشاوەش بـێت بۆ بەڕێوەبردنی ولایەتی موصڵ، لە لایەن کەسانێکی موصڵاویەوە بە

---

(١) الوزراء والکتاب، ص٢١٠.

(٢) ابن الندیم، الفهرست، ص٢٤٥. لە زۆربەی دەستنوس و چاپەکانی کتێبی(الفهرست) دا بە (الکردي) ناوبراوە و لە چەند دەقدا (الکردي) بووە بە (الکسروي) و لەگەڵ(الکسروي) یکی دیدا بە یەك کەس دانراون.

(٣) تأریخ الیعقوبـي، ٣٤٣/٢.

(٤) تأریخ الطبري، ٣٥٥/٩.

(٥) بڕوانە: إبن العدیم، بغیة الطلب، ٢٤٣٥/٥.

(٦) التنبـیه والأشراف، ص٥٤.

کارێکی ناپەسەند و نابەجێ ژمێردراوە، بۆیە ماوەیەکی کورت لەسەر کارەکەی مایەوە، لەمبارەیەوە شاعیرێکیان گوتوویەتی:

ماراًی الناس لهذا الدهر مذ كـــان شبـيهاً
ذلــت المـــوصل حتیأمـــر الأكـــراد فيها [١].

لە ساڵ ٣٠١ک/٩١٣ز عەلیی کوڕی خالدی کورد کرا بە والیی حلوان[٢] و لە کۆتاهی سەدەی٣ک/٩ز، بۆ جاری یەکەم و بە رادەیەکی هەستپێکراو، کوردی دەڤەری رێگای خوراسان و ناوچەکانی باکوری رۆژهەڵاتی بەغدا لە تاقمە سەربازیەکانی سەربە خیلافە خزمەتیان دەکرد[٣].

لە دەستپێکی سەدەی پاشتر، رێژە و رۆڵی لەشکریی کورد بەرەبەرە بەرزدەبێتەوە و دەنگوباسیان لە سەرچاوەکان دا روونتـر بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەت لە ریزی میلیشیاکانی گەورە میرانی تورك، ئەوانەی بوونە میری میران(أمير الأمراء) لە بەغدا وەك (إبن رائق:٣٢٤_٣٢٦ک/٩٣٦_٩٣٨ز) و بوچکم(٣٢٦_٣٢٩ک/٩٣٨_٩٤١ز)[٤].

محەمەدی کوڕی یەزداد- یەزداندادی شارەزوری(ابن یزداد)، جێگری میری میران(ابن رائق) بوو بەسەر بەصراوە، دوای لەدەستدانی بەصرا بە بەرپرسی شورتەی بەغدا دایمەزراند، ماوەیکیش جێگری بوو لە حەلەب و دیمەشق، دوای کوژرانی(إبن رائق) ساڵ ٣٣٠ک/٩٤٢ز، محەمەدی کوڕی تەفەجی ئەخشید(٣٢٣_٣٣٤ک/٩٣٥_٩٤٥ز) هێرشی کردە سەر دیمەشق، محەمەدی کوڕی یەزدادیش شارەکەی رادەست کرد، ئەخشیدیش لە شۆێنی خۆی داینایەوە و دواتر بانگهێشتی کردە مصر و کردی بە بەرپرسی شورتەی خۆیی و تا مردنی ساڵی٣٣١ک/٩٤٣ز لە پۆستەکەی مایەوە[٥].

---

(١) الكامل، ١٣٦/٦.

(٢) صلة تأريخ الطبري، ص٤٤.

(٣) تأريخ الطبري، ٨٩/١٠–٩١.

(٤) أخبار الراضي، ص٢٦٢، تكملة تأريخ الطبري، ص٢١٣.

(٥) أخبار الراضي، ص١١٩–١٢٠، الكامل، ٤٤٦/٦، ٤٨٢، الصفدي، تحفة ذوي الالباب، ص٢٩٠.

عەلانی کوڕی کەشمەرد- خۆشمەرد و ئەحمەدی برازای دوو سەرکردەن لە ماڵباتی کەشمەرد- خۆشمەردی کورد و لە روداوەکانی سالآنی(٢٩١_٣١٢ك/٩٠٤_٩٢٤ز) چەند جارێك ئاماژە بە رۆڵیان دراوە لە سوپای عەباسی و نەخاسمە لە پێکدادان و شەڕەکانی قەرامیتە، ئەحمەد ساڵێك والیی شاری رەحبە و دەڤەری رێگای فورات بوو، ساڵی ٣١٢ك/٩٢٤ز ئەحمەد و کوڕێکی و چەند سەرکردەی دیی عەباسی کەوتنە داوی قەرامیتەکان و دەستبەسەر کران، دواتر دوای بەردانی پەیوەندیی کرد بە(أبوالهیجاء الحمداني)یەوە[(١)].

کورد لە ریزی لەشکری ئەو هێز و دەوڵەتانەش خزمەتیان دەکرد کە پەلیان دەهاویشت بۆ ناوچەیەکی کوردستان، یاخود لە هەرێمەکانی دەوروبەر دەردەکەوتن، کوردێکی زۆر هەبوون لەنێو سوپای میرنشینەکانی رۆژهەلآت: سامانی، زەیاری[(٢)]، بوەیهی و حەمدانیلە موصل، دواتریش لە سوپای عەقیلی، مزیەدی لە حیللە[(٣)] و فاتمی لە مصر، شاعیر (حیص بیص:م٥٧٤ك/١١٧٨ز)، بە بۆنەی کوژرانی میر(المظفر بن أبي الهیجاء)ی کوردەوە لە شەڕێکی میری مزیەدی دا، شیوەننامەیەکی نوسیەوە[(٤)].

## ٤_٣_ دەستپێکی رابوونی سیاسیی کورد:

لە نیوەی دووەمی سەدەی٣ك/٩ز یەوە، بەرەبەرە لە ناوچە شاخاویەکانی کوردستان، ژمارەیەك سەرۆك هۆزی کورد دەرکەوتن و هەریەکەو حوکمی چەند قەلآ و شورای قایمی گرتەدەست و تا رادەیەك کاروباری ناوچەکانی ژێر دەسەلآتی

---

(١) تأريخ الطبري، ١٠/٩٦، ١٠٩، ١٣٠–١٣١، الكامل، ٦/٣١٠.

(٢) عتبی، تأریخ یمینی، ص١٨٩، ١٩٧، ٢٢٩.

(٣) بڕوانە: أبو البقاء الحلي(ق ٦هـ/١٢م)، المناقب المزيدية في أخبار الملوك الأسدية، مكتبة الرسالة الحديثة(عمان:١٩٨٤)، ص٥٢.

(٤) الأصفهاني، خريدة القصر، القسم العراقي، ٢/٣٤٢. بۆ پتر پێزانین دەربارەی رۆڵی سەربازیی کورد لە سوپای دەوڵەتان بروانە: مەهدی عوسمان هەروتی، رۆڵی سەبازیی کورد لە دەوڵەت و میرنشینە ناکوردییەکان(هەولێر: ٢٠٠٨).

هەڵدەسوڕاند و سەروەری و دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر ئەندامانی هۆزەکەی دا دەشکا و خیلافەی عەباسی بوون و کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەو ناوچانەدا نەمابوو، لەگەڵ ئەوەی ڕێزدار و سەرچاوەی دەسەڵاتی شەرعی بوو، بۆ یەکەم جار دەستەواژەی سەرۆکە کوردەکان(الرؤساء الأكراد) لە سەرچاوەکاندا بەرچاو دەکەوێت کە لە شارەزور و جەزیرە و هەکاری و ئازەربیجان و لوڕستان دەرکەوتن[1] و لە نیوەی یەکەمی سەدەی دواتر ژمارەیان زیاتر بووو هەندێکیان بەناو دەناسرێن.

لە وڵاتی شاخاویی هەکاری:

- شەدادی کورد لە قەڵای حەسەنیە - زاخۆ.
- جەعفەر لە قەڵای ئەردەمشت.

لە شارەزور و چییاکان:

- مووسای کوڕی میهران، میرێکی نەناسراوە و لە ناوەڕاستی سەدەی٣ك/٩ز و پایەدار بووە و وەك پێشتر باسکرا هاودەمی زەیدییەکانی تەبەرستان بوو[2].
- حوسێنی بەرزەکانی باوکی حەسەنۆ.
- ونداد و غانم کوڕانی ئەحمەدی عەیشانی، خاڵوانی حەسەنۆ.
- ابن ابـي الربـيع الكُردي.
- عەلانی کورد(أبو الشوك الكُردي؟).
- مسافری کوڕی سەهلان، خاوەندی نەهاوەند.

دەڤەری شارەزور هەرچەند لە سامەڕای پایتەختی ئەو کاتەی خیلافەی عەباسییەوە نزیك بوو، لە هەموو دەڤەرەکانی دیی کوردستان پتر دەسەڵاتداریێتی کوردیی تیادا دامەزرا، ئەم دەڤەرە هەر لە کۆنەوە زێدی ژمارەیەك هۆز و خێڵ و تیرەی بەهێز بوو: بەرزەکان، گەڵاڵی، عەیشانی، باپیری، سیوەیلی کە خاوەندی چەندین قەڵا و شارۆچکەی شورەدار بوون، لەوانە: سامەگان، دارائاباد، پیر، سیروان، زەڵم، قسنان، دزدان، تیرانشا.

---

(١) تأريخ الطبري، ٤٠/١٠، التنوخي، نشوار المحاضرة وأخبار المذاكرة، ٢٠٨/٣، تجارب الأمم، ٢٥٠/٥، الكامل، ١٤٨/٦، ٣٢٩.

(٢) ابن حزم، جمهرة أنساب العرب، ٦٧/١.

ئەم هۆزانە تا رادەیەکی بەرچاو سەربەخۆیی خۆیان دەستەبەر کردبوو و کاروباری سیاسی و ئابوری و دارایی ناوچەکە بەدەست خۆیانەوە بوو، والی و باجگر و کارگێڕانی خیلافە سام و دەسەلأتێکی وایان نەبوو، خەڵکی شارۆچکەی شارەزور بە گشتی ئازا و جوامێر و شەڕکەر و جەربەزە بوون[1] و هەندە گوێڕایەڵی دەوڵەتی ناوەندی نابوون، بۆ خۆپارێزی پشتیان بە قایمی و پتەویی شارۆچکەکە دەبەست، لەمبارەیەوە گەڕۆکی ناودار ئیصتخری(م. پاش٣٤٠ك/٩٥١ز) دەڵێت:"شارەزور شارێکی بچووکە، کوردەکان دەستیان بەسەردا گرتووە... نە میری تێدایە لە تەرەف سوڵتانەوە و نە باجگر..." [2]. گەڕۆکێکی دی کە لە ناوەڕاستی سەدەی ٤ك/١٠ز چۆتە شارەزور و بە چاوی خۆی بارودۆخی ناوخۆیی ناوچەکەی بینیووە، دەڵێت:"شارەزور بریتیەلە چەند شارۆچکە و دێهاتێك... شارێکی تێدایە پێی دەگوترێت (نیم ئەز را)، خەڵکەکەی یاخین لە سوڵتان... زۆربەی میرەکانیان لە خۆیانە...فێری یاخیبوونن لە خەلیفەکان"[3].

هاوکات لەگەڵ حوسێنی بەرزەکانی، برایان ونداد و غانم کوڕانی ئەحمەدی عەیشانی حوکمی پانتاییەکی بەفراوانی هەرێمی چییایان دەکرد کە لە سنوری شارەزورەوە تا دینەوەر و نەهاوەند و سامەغان و چمکێکی ئازەربیجانی دەگرتەوە و هەر یەکەیان سوپایەکی چەند هەزاری هەبوو، غانم قەڵای قسنانی کردبووە بارەگای خۆی و قەڵای غانم ئابادیشی بنیاد نابوو، وندادیش چەند قەڵایەکی بەدەستەوە بوو.

ئەم دوو بنەماڵە دەسەڵاتدارە تێکەڵاوی و ژنخوازییان لە نێواندا هەبوو، حوسێنی بەرزەکانی خوشکی غانم و وندادی خواستبوو، میرانی عەیشانی درێژەیان بە فەرمانڕەوایدا تا ونداد ساڵی٣٤٩ك/٩٦٠ز مرد و کوڕەکەی (أبو الغانم عبدالوهاب) شوێنی گرتەوە و دوای ساڵێك غانمیش مرد و کوڕەکەی ئەبودەیسم شوێنی گرتەوە[4].

لە هەرێمی جەزیرە:

---

(١) مسکویه، تجارب الأمم، ٥/٤٤٤.

(٢) المسالك والممالك، ص١١٨، ابن حوقل، صورة الأرض، ص٣١٤.

(٣) الخزرجي، الرسالة الثانية، ص١٠-١١.

(٤) الكامل، ٧/١٢٤.

- (ابن الضُحاك الكُردي)له قەڵای جەعفەری(؟)- ساڵی٣١٥ك/٩٢٧ز.
- بەشنەوییەکان لە قەڵای فەنەك.

له لوڕستان:

- محەمەدی کوڕی عوبـەیدوڵای کوڕی هەزارمێرد- ئازامەرد.
- برایان بەدر و ئەبومەنصور[١].

له ئازەربـیجان و هەکاری:

- دەیسەمی کوڕی ئیبراهیم شادکۆ- شادکویه[٢].
-جەعفەری کوڕی شکۆیە - چەکۆیە - چەکۆی هەدبانی لە سەڵماس.
- محەمەدی کوڕی حەسەنونی کورد کە گوندی محەمەدیەی کەناری زێی مەزنی بەدەستەوە بوو[٣].

له نێوان ئەم میرانەدا، دەیسەمی کوڕی ئیبراهیم شادکۆ- شادکۆیەی کورد[٤](٣١٥-٣٤٦ك/٩٢٧-٩٥٧ز) ناودارترین و بەدەسەلآتترین میری کوردە و زۆربەی شار و ناوچەکانی ئازەربـیجانی لە ژێر دەستدا بوو.

ئیبراهیم شادکۆی باوکی دەیسەم، دوای شکستی خەوارج لە ساڵی٢٨٢ك/٨٩٥ز هاوڕێ لەگەڵ دەستەیەك لە سوارەی خەوارج هەڵهات بۆ ئازەربـیجان و لەوێ کچی سەردارێکی کوردی خواست، دەیسەم بەرهەمی ئەو ژنخوازیەیە بوو[٥].

---

(١) قەزوێنی ئاماژەی بە بەدرو ئەبومەنصور داوە، مێژوونوسانی دی ئەم هەواڵەیان پشتڕاست نەکردۆتەوە، تأريخ گزيده، ص٥٣٨.

(٢) شادکویه لای(ابن حوقل) به شادلويه هاتووه و راستەکەی شادکويه – شادکۆ یە.

(٣) صورة الأرض، ص٢٦٠.

(٤) سەرچاوەکان هیچ گومانیان لەوە نەبووە کە دەیسەم کورد بووە و کوڕی ئیبراهیم شادکۆ بووە، دایکیشی کچی سەردارێکی کوردی ئازەربیجان بووە و هەردەم  بە دەیسەمی کورد(ديسم الكُردي) ناوی هاتووە، کەچی مینۆرسکی بەبێ بەڵگە دەڵێت دەیسەم لە باوکێکی عەرەب و دایکێکی کوردە.تأريخ قفقاز، ص١٦٤.

(٥) تجارب الأمم، ٥/٢٥٠.

دەیسەم کە گەورە بوو پەیوەندیی کرد بە(یوسف ابن ابي الساج)ی والی ئازەربیجانەوە و بە پلەکانی سوپادا سەرکەوت تا بووە جێگری والی، کە والیی ناوبراو ساڵی ٣١٥ك/٩٢٧ز لە شەڕی قەرامیتەکان کوژرا، دەیسەم شوێنی گرتەوە.

کاتێك سەرکردە تورك و دەیلەمەکان و عەرەبە حەمدانییەکان و فەرماندە سەربازیەکان، هەموو هەرێم و ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ئیسلامییان بۆ خۆیان پاوان کرد و تەنها بەغدا و دەوروپشتیان بۆ خەلیفە هێشتەوە، دەیسەمی کوردیش درێغی نەکرد و کۆنترۆڵی هەرێمی ئازەربیجانی کرد و بۆ ماوەی سی ساڵ درێژەی بە دەسەڵات دا و بەری بە شاڵاوەکانی دەیلەم و خەزەری گرت.

دەیسەم هەنگاوی باشی بەرەو سەربەخۆیی نا و بۆ ماوەی دەیان ساڵ و لە چەند شارێك، دراوی بە ناوی خۆیەوە لێدا و تا ئێستا سێزدە دانە لە دراوەکانی دۆزراونەتەوە[1].

بەم جۆرە دەبینین لە ماوەی(٢٥٠-٣٣٤ك/٨٦٤-٩٤٦ز) ژمارەیەك قەوارەی سیاسی ناوخۆیی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دامەزران لە شێوەی قەڵادارێتی، سەردارێتی خێڵەکی، میرنشینی بچووکی نیوچە سەربەخۆ، کە هەندێکیان هەر زوو لەناو بران و هەندێکی دییشیان بەرگەی رۆژگاریان گرت و بوونی خۆیان پاراست و بوونە بناغە بۆ میرنشینە سەربەخۆیەکانی سەردەمی بوەیهی، دەسەڵاتی دەیسەم بووە رێخۆشکەر و بەردی بناغە بۆ دەرکەوتنی میرنشینی رەوادی لە ئازەربیجان و بە هەمان شێوە میرنشینی عەیشانی بووە بەردی بناغە بۆ دەرکەوتنی میرنشینی حەسەنۆیی بەرزەکانی لە شارەزور و چییاکان[2].

---

(١) آرام تیرغیفوندیان، دراسات إستشراقية، ص٣٥٦. زانیم توێژەری روسی أ. أ. بیکوف گوتارێکی زانستیی دەربارەی دراوەکانی دەیسەم نوسیوە و ساڵی١٩٦٠ لە مۆسکۆ بڵاو کراوەتەوە، بە هاوکاریی راستەوخۆی بەڕێز ئەردەڵان لەتیف خوێنکاری دکتۆرا لە روسیا گوتارەکم پەیدا کرد و د.موصلح بۆتانی، مامۆستای خانەنشینی کۆلیژی چاندنی زانکۆی دهۆك بە سوپاسەوە بەدەنگەمەوە هات و گوتارەکەی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و وا بڕیارە لە ژمارەی داهاتووی گۆڤاری ژین، ژمارە(١١) بڵاو بکرێتەوە. بڕوانە پاشکۆی(٨).

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پەرتوکێکم بە ناونیشانی: چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەکادیمیای کوردی(هەولێر:٢٠٠٨)، ل٦-٢٣.

### ٥٣ـ کورد لە زەرادەشتیەوە بۆ ئیسلام:

راستیەکی بەڵگەنەویستە کە بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە کوردستاندا و بە موسڵمانبوونی کورد خاڵێکی وەرچەرخانی هەمەلایەن و هەرەمەزنە لە دیرۆکی کوردا و لە گشت بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی و رۆشنبیریی جڤاکی کوردەواری رەنگی دایەوە، دەسەڵات و فەرمانڕەوایی لە فارسە ساسانیەکان و میرە خۆجێهیەکانەوە گوێزرایەوە بۆ دەستی عەرەب، مزگەوت و حوجرەکان جێگای ئاگرخانە و پەرستگاکانیان گرتەوە، لە ئەنجامدانی ئەرك و رێوڕەسمە ئایینیەکان دا لە جیاتی پیر و بابا و قەشە و مووغ- مووگ [1]، مەلا و فەقێ و شێخ و صوفی رێبەریی خەڵکیان دەکرد و رێگای راستی خوداناسینیان پیشان دەدان، بەڵام ئەم وەرچەرخانە هەرگیز کوتوپڕ و دەمودەست بەرپانەبوو و لە شەو و رۆژێکدا رووی نەدا، بەڵکو سەدان ساڵی خایاند تا زۆربەی هەرەزۆری کورد ببنە موسڵمان.

بێ گومان سروشت و تۆپۆگرافیا و هەڵکەوتەی جوگرافیی کوردستان هەر لە دێرزەمانەوە، گەلێك جاران رۆڵی سەرەکی و یەکلاکەرەوەی گێڕاوە لە چێکردن و ئاڕاستەکردنی مێژووی کورددا، هەڵەت و زەنوێر و چیپا سەخت و بڵندەکانی کوردستان هەردەم پارێزەر و نیگەهبانی خۆڕسکی زمان و کەلەپور و دابونەریت و جلوبەرگی کوردەواری بوون و لەمپەر و پەرژینی بەردەم تەوژم و کاریگەرییە هەمەچەشنە بیانیەکان بوون و کارێکی وایان کرد میللەتی کورد پێگیر و گوێڕایەڵی بیروباوڕی دێرینی خۆیان بن و مۆرك و ناسنامەی خۆیان تا رادەیەکی زۆر بپارێزن.

بەڵگە و ئاماژەکان و لێدوانی گەڕۆکەکان دەیسەلمێنن کە رێژەیەك لە کورد و خەڵکی کوردستان بەلای کەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی٣ك/٩ز لەسەر ئایینی زەرادەشتی مابوونەوە.

---

(١) لە شیعرێکی سەردەمانی جاهیلی دا، ناوی هەرابدەی شارەزور هاتووە، هەربد- هەربت واتا ئەو پیاوە ئایینیەی کاروباری ئاگرخانەکان هەڵدەسوڕێنێت:

لقيناهم بجمع من علاف　　　وبالخيل الصلادمة الذكور

فلاقت فارس منا نكالا　　　وقتلنا هرابذ شهرزور

دلفنا للأعاجم من بعيد　　　بجمع كالجزيرة في السعير.تأريخ الطبري، ٣٢/٤.

دەگێڕنەوە کە قازیی ناودار شورەیح[1]، لە پرسێکی قەزائی دا، گوێی بۆ گەواهیی کۆمەڵە خەڵکێك شلکردووە کە لەوە دەچوو کورد بن و لەوە نەدەچوو موسڵمان بن[2].

تەنانەت دانیشتووانی شارۆچکەی دزدان لە شارەزور تا نائومێد نەبوون لە پاراستنی ئایینی دێرینی خۆیان نەبوون بە موسڵمان[3] و دانیشتووانی شارۆچکەی بیر- بیارە، دوای نزیکەی سەدە و نیوێك لە فەتحکردنی ناوچەکەیان، ئەمجا بوونە موسڵمان لەسەر مەزهەبی شیعەی صالحی زەیدی، گوایە ئەم کارە بە هەوڵ و کۆششی شۆڕشگێڕی شیعی زەیدی کوڕی عەلیی کوڕی حوسێنی کوڕی عەلی سەری گرتووە[4].

بەلام دەکرێت بڵێین ئەم ئاخفتنە وا نییە و دەبێت راست بکرێتەوە، چونکە زەید نەهاتۆتە شارەزور و ساڵی ١٢١ك/٧٣٩ز لە کۆفە و لە سەردەمی خەلیفە هیشام بزافێکی بەرپاکرد و دوای ساڵێك  هەر لە کۆفە کوژرا و بزافەکەی خامۆشکرا، وەلێ وا دیارە شیعە زەیدیەکان لە لایەنگران و شوێنکەوتووانی گەورە بانگخوازی زەیدی (الحسن بن صالح :م١٦٨ك/٧٨٤ز) کە بە(الصالحية) دەناسران لە غیابی دەسەلاتێکی ناوەندیی بەهێزدا دزەیان کردۆتە کوردستان و خۆیان گەیاندۆتە ناوچە شاخاویە پەرگیر و دوورەدەستەکانی شارەزور و دانیشتوانی شارۆچکەی بیر-بیارە یان کردۆتە موسڵمان لەسەر مەزهەبی خۆیان، بۆیە هیچ  سەیر نیە ئەگەر شارەزور بە وڵاتێکی پڕ لە دوژمنان لە کورد و کەسانی دی وەصف بکرێت[5].

لە راستیدا بانگخوازە زەیدیەکان لە هەرێمەکانی دەیلەم و تەبەرستان و چییاکان  کارا و چالاك بوون و لە ناوەڕاستی سەدەی٣ك/٩ز میرنشینی زەیدییان دامەزراند، هەر لەمیانەی

---

(١) القاضي ابو أُمية شُريَح بن الحارث بن قيس الكندي(م:٨٧ك/٧٠٦ز).

(٢) القاضي وكيع، أخبار القضاة، ٣١٨/٢.

(٣) الخزرجي، الرسالة الثانية، ص١٢، معجم البلدان، ١٦٥/٥.

(٤) الرسالة الثانية، ص١١.

(٥) الكامل، ٦٨/٦.

ئەم پەیوەندی و دۆستایەتیەدا، شاعیرێکی عەلەویی زەیدی لە تەبەرستانەوە هەڵهات بۆ کوردستان و هانای بۆ میر موسای کوڕی میهرانی کورد هێنا و داڵدە درا(١).

لە لایەکی دیەوە تا ناوەڕاستی سەردەمی عەباسی، لە چەند گۆشە و کەنارێکی کوردستان و نەخاسمە لە ناوچە شاخاویەکانی ناوجەرگەی وڵات، ئاگرخانەکان ئاوەدان و برەودار بوون و ئاگری پیرۆز بڵێسەی دەدا، زەردەشتیەکان بۆ بەجێهێنانی ئەرك و فرمانە ئایینیەکان لە هەموو لایەکەوە روویان تێدەکرد.

ئەو گەڕۆکەکان بە کوردستاندا گوزەریان کردووە، بە چاوی خۆیان پەرستگا و ئاگرخانەکانیان دیتووە، (إبن رستە:م٢٩٠ك/٩٠٣ز) هاتۆتە کوردستان و گوندێکی کوردنشین دەداتە ناسین بە ناوی ئاخوڕین لە نێوان حلوان و خانەقین و کرماشان و دەڵێت: ئاگرخانەیەکی لێیە لە کن زەردەشتییان مەزن و پیرۆزە و لەمپەڕ و ئەوپەڕی وڵاتانەوە سەردانی دەکەن(٢).

ئاگرخانەیەکی دیکەی دێرین و ئاوەدان هەبوو لە گوندێکی دەڤەری فراهان، لە کۆنەوە تا ساڵی٢٨٢ك/٨٩٥ز ئاگرەکەی دەسوتا، تا سەرکردەی تورکی ئەبرون(؟) بەرپرسی ولایەتی قوم بە لەشکرێکەوە دورپێچی گوندەکەی کرد و داگیری کرد و بە مەنجەنیق و عەڕادە شورای گوندەکە و ئاگرخانەکەی وێرانکرد و سەکۆکەی هەڵتەکاند و ئاگرەکەی دامرکاند(٣)، کەچی ئاگرخانەکەی شاری ئیدجی ناوەندی هەرێمی لوڕستان تا رۆژگاری خەلیفە(هارون الرشید) دەسوتا(٤)، گەڕۆکێکی دی ئاماژە بە هەبوونی زەردەشتیان دەکات لە هەرێمی چیبیا و عێراق(٥).

نیشانەیەکی دیکەی برەو و زیندوویی زەرادەشتی ئەوەیە کە کورد تا دوو سەدە و نیوێك پاش فەتحی کوردستان، پەیڤی پەتی و خۆماڵیی کوردییان بەکار دەهێنا بۆ

---

(١) ابن حزم، جمهرة أنساب العرب، ٦٧/١.

(٢) الأعلاق النفيسة، ص١٥١.

(٣) مختصر كتاب البلدان، ص٢٢٦.

(٤) معجم البلدان، ٢٢٩/١.

(٥) أحسن التقاسيم، ص١١٢، ٣٠٣.

ناونانی زاروکەکانیان کە مۆرکی زەرادەشتیی پێوە دیاربوو، ئەوەی راستی بێت زۆرینەی ئەو کەسایەتیە کوردانەی وا لە سەدەکانی(٣- ٤ك/٩- ١٠ز) دەرکەوتن و زۆربەیان لەم بەشەی ئەم کتێبە ناویان دێت، ناوی باب یان باپیریان پەیڤی کوردین و دەربڕی هەست و نەست و بیرکردنەوەی کوردن و بەڵگەی رەهان لەسەر ئەوەی کە کورد تا ئەو دەمانە نەبووبوونە موسڵمان و نەکەوتبوونە ژێر هەژموون و باندۆری عەرەب و ئیسلامەوە:

- یەزدانڕۆژ، باپیری نوسەر و وەرگێڕ موسای کوڕی عیسای کورد.

- خۆرزاد، باوکی محەمەدی کوڕی خۆرزادی شارەزوری(م:٢٦٧ك/٨٨١ز) لە رێبەرانی خەوارج.

- یەزدانداد- یەزداد، باوکی محەمەدی کوڕی یەزدادی شارەزوری(م:٣٣١ك/٩٤٣ز).

- یەزدانیار، باپیری صۆفی ئەبوبەکر حوسێنی کوڕی عەلیی ئورمەوی(م:٣٣٣ك/٩٤٥ز).

- روهزاد- رۆژزاد، باپیری میر عەلیی کوڕی داود کە ساڵی٢٧٩ك/٨٩٢ز بوو بە والیی موصڵ.

- هەروەها کەسانی دی هەبوون هەڵگری ناوی کوردیی پەتی بوون وەك:

- گێلەوەیە- گێلۆی کورد(جیلویە الكُردي)، ساڵی١٩٦ك/٨١٢ز.

- شادکۆ- شادکویە باپیری دەیسەم.

- بەهزاد، باوکی عەلیی کوڕی بەهزاد- سەدەی٣ك/٩ز[1].

- ئازامەرد و هەزارمێرد، باپیری محەمەدی کوڕی عوبەیدوڵای میری خوزستان و هەزارمێردی باپیری فاتمەی هاوژینی(ناصرالدولة)ی حەمدانی(م:٣٥٨ك/٩٦٩ز).

- نازبانو، دەڤەری بەهدینان- سەدەی٤ك/١٠ز[2].

- مەمشادی دینەوەری، سەدەی٣ك/٩ز.

- مرخوش- میرخۆش، باوکی جەعفەری داسنی، ئەمەو وێڕای چەند ناوی دی.

---

(١) التنوخي، الفرج بعد الشدة، ٤/٢٣٠.

(٢) الفرج بعد الشدة، ٢/١٠٨، ١٨٤–١٨٦.

هەر یەك لەم کەسایەتیانە لە خێزانێکی نێو ژینگەی خاوێن و کەشوهەوای بێگەردی کوردەواریی لەدایك بوونە و گۆش و پەروەردە کراون کە هێشتا کەلتوری کوردی و ئایینی زەرادەشتیی بەسەردا باو و زاڵ بوو، کەچی خودی ئەم کەسانە دەمێك دەبنە موسڵمان و دەکەونە بن کاریگەریی ئایین و رۆشنبـیریی ئیسلامی و زمانی عەرەبییەوە، راستەوخۆ ناوی عەرەبـی و ئیسلامی: (محمد، عبـيدالله، داود، عيسى، جعفر، علي، أحمد)، لە منداڵەکانیان دەنێن، خۆرزاد و یەزدانداد ناوی محەمەد و یەزدانیار و بەهزادیش ناوی عەلی یان لە کوڕەکانیان نا، ئازامەرد و هەزارمێرد و روهزادیش ناوی عوبـەیدوڵا و ئەحمەد و داودیان لە کوڕەکانیان نا.

## ٦ـ٣ـ کورد و صۆفیگەری:

صۆفیگەری پانتاییەکی بەرفرە لە دیرۆکی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست دەگرێتە خۆ، هەر لە دەستپێکی دەرکەوتنی رەوتی صۆفیگەری و دیاردەی گۆشەگیری لە چڤاکی ئیسلامیدا، زاهید و صۆفی و پیاوچاکانی کورد ئامەدەییان هەیە و رۆڵێکی باڵایان گێڕاوە لە ئامۆژگاری و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگای دەوروبەریان و لە کوردەواریدا صۆفی و پیاوچاك و دەروێش شانبەشانی مامۆستای ئایینی و شێخ و فەقێ دەرکەوتن[١].

لەبارەی سەرەتا و هۆیەکانی دەرکەوتنی بزاڤی صۆفیگەری و چاووگی پەیڤی صۆفی- تەصەوفەوە، رووانین و بۆچوونی جۆربەجۆر هەن، صۆفیەکان خۆیان حەزیان دەکرد ناویان لە وشەی(الصفاء) یاخود ئەو پەیڤانەی بۆنی خوداپەرستی و پاقژی لێدێت هاتبـێت و بنچینە و سەرەداوی رێبازەکەیان دەگەڕاندەوە بۆ سەردەمانی پێغەمبەر(ص) و پێیان خۆش نەبوو سەرەتای دەرکەوتنیان پاش بخرێت، نەبادا جیهانە تایبەتەکەیان تەحریم بکرێت و بە بـیدعە هەژمار بکرێت، لەمبارەیەوە قوشەیری (م:

---

(١) بگەڕێوە بۆ د. حەیدەر لەشکەری، لە شەریعەتەوە بۆ حەقیقەت، سەرهەڵدانی سۆفیگەری لە پانتایی کوردیدا، خانەی موکریانی(هەولێر: ٢٠١٢).

٤٦ك/١٠٧٢ز) دەڵێت: وشەی صۆفی لە فەرموودەی:"ذهب صفو الدين وبقي الكدر" ەوە وەرگیراوە، تا ئەم ناوە بەسەر صۆفیەکاندا چەسپا[(١)].

ڕۆژهەڵاتناسان رینوڵد ئەلن نیکۆلسۆن(١٨٦٨- ١٩٤٥) و لویس ماسینۆن( ١٨٨٣ - ١٩٦٢) جەخت لەوە دەکەنەوە کە ناوی صۆفی لە وشەی صوف- خوریەوە هاتووە بەو پێیەی صۆفییە پێشەنگەکان جلی زبری خورییان دەپۆشی و دەڵێن پێویستە هەموو لێکدانەوەکانی دی رەت بکرێنەوە[(٢)].

سەبارەت بە پێناسەی تەصەوف و صۆفیگەری، گەلێك پێناسە خراونەتەڕوو و هەر صۆفییەك بۆ خۆی و بەگوێرەی تێگەهشتنی لەو دیاردەیەی کەوا ئالوودەی بووە پێناسەی کردووە، نیکۆلسۆن تەنها لە سێ سەرچاوەی صۆفیگەریدا[(٣)]، حەفتا و هەشت پێناسەی لەمەڕ صۆفی و صۆفیگەری ژماردووە و دەبێژێت ئەم پێناسە جۆربەجۆرانە نیشانەی ئەوەن کە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار، چەمکی صۆفیگەری بەرەبەرە پێشکەوتووە وگۆڕاوە و هەندێکیان دەربڕی نواڕینی تەنها صۆفییەکن یان رەنگدانەوەی رەوشی تایبەتیی صۆفییەکە لە دەمێکی دیاریکراودا[(٤)].

رەوتی صۆفیگەری رەگێکی قووڵی لە ناو جڤاکی کوردەواریدا داکوتاوە و ڕۆڵێکی دیاری دیتووە لە بڵاوکردنەوەی خوداناسی و چاکەکردندا، هەر لە ئاکامی چالاکی و کۆششی رێبەرانی ئەم رەوتە، چەند رێگرێکی کورد دەستیان لە کاری رێگری هەڵگرت و نەك هەر بوونە مرۆڤێکی چاکەکار و دیندار، بگرە بوونە صۆفییەکی دیار و ناسراو.

---

(١) الرسالة القشيرية، ص٢١٦.

(٢) في التصوف الإسلامي، ص٤٨-٤٩، دائرة المعارف الإسلامية، مادة التصوف، ٢٦٥/٥.

(٣) بریتین لە: القُشيري، الرسالة القُشيرية و العطار النيشابوري(ت:٦٢٧هـ/١٢٣٠م)، تذكرة الأولياء و جامي(ت:٨٩٨هـ/١٤٩٣م)، نفحات الأنس.

(٤) في التصوف الإسلامي، ص١، ٢٨-٤١.

لەنێو دەستەی یەكەمی كەڵە صۆفییەكاندا، چەند دانەیەكیان كوردبوون وەك ئەبوتاهیری كورد[1] و شێخ محەمەدی بەشنەوی ناسراو بە مەمەك و عەكبەری كورد (عكبر الكُردي).

مخابن هیچ لەمەڕ ژیاننامەی عەكبەری كورد نازاندرێت، تەنها ئەوەندە نەبێت كە سەرەتا سەركردەی دەستەیەك ڕێگر بووە لە كوردستان و هاودەمی صۆفیی ناسراو (بُشر الحافي:م ٢٢٧ك/٨٤٢ز) بووە و بە دیداری یەكتر گەهیشتوون و سەرگوزشتەی وازهێنانی لە كاری ڕێگری و بوونی بە صۆفی بۆ بوشر گێڕاوەتەوە و هەر لە ڕێگای ئەم سەرگوزشتەیەوە ناوی كەوتووەتە نێو هەواڵ و سەرچاوەكانەوە، ئەمەیش پوختەی سەرگوزشتەكەیە كە بە خۆی گێڕاویەتەوە:

"كاتی خۆی ڕێگریم دەكرد و دەستەیەك لە ڕێگرانم لەبەردەست بوو، ڕۆژێكیان هاوەڵانم چوون بۆ ڕێگری و خۆیشم لامدایە شوێنێك بۆ پشوودان و لەبن سێبەری سێ دارخورما ڕاكشام، یەكێكیان بەری پێوە نەبوو و دووەكەی دییان خورمایان پێوەبوو، لێیان وردبوومەوە و بینیم چۆلەكەیەك لە دوو دارخورما بەردارەكەوە بەردەوام خورما دەگوازێتەوە بۆ دارە زڕەكە، سەرم سوڕما و لە دڵی خۆرمدا گوتم شتێكی سەیرە خۆ بێچوە چۆلەكە خورماخۆرنین و دەبێت نهێنیەك لەم كارەی هەبێت، بۆیە سەركەوتمە سەردارەكە و بینیم كوێرە مارێكی لێیە و چۆلەكەكە خورماكەی بۆ دێنێت و دەرخواردی دەدات، لە خۆم رامام و گریام و گۆتم: خودایە ئەم كوێرە مارەی كە پێغەمبەرەكەی تۆ فرمانی كوشتنی داوە، كەچی لەبیرت نەكردووە و ئەم چۆلەكەیەت بۆ تەرخان كردووە خواردنی بۆ بێنێت، من كە بەندەی تۆم و داندەنێم كە تۆ خودایەكی یەكتای و لە ڕێگری دا رزقی حەرامی من دەدەیت، پاشان یەكسەر شیرەكەم شكاند و خۆڵم كرد بەسەر خۆمدا و هاوارم كرد و بڕیارمدا واز لە ڕێگری بهێنم، پاشان هاوڕێیانم لێم كۆبوونەوە و سەریان سوڕما لەو ڕەوشەی كەوا تێیدام و لێیان پرسیم چیت لێهاتووە؟ پێم گوتن لەگەڵ خودای خۆمدا پێكهاتمەوە و ئەوانیش گۆتیان ئێمەیش هاوڕاتین و وەك تۆ دەكەین، ئەمجا جلوبەرگی ڕێگری و هەرچی شتێكمان هەبوو

(١) نفحات الأنس، ص٣٧١–٣٧٢.

فرێماندا و کەوتینە سۆراخی رزقی حەلاڵ و بۆ ماوەی سێ رۆژ وەك سەرخۆش و سەرسام دەگەڕاین تا لە رۆژی سێیەمدا گەهیشتینە گوندێك و بینیمان ژنێکی کوێر دەڵێت: ئەرێ توخودا عەکبەری کوردتان لە گەڵدایە؟ گوتمان بەڵێ، ئەمجا گوتی ئەوە سێ شەوە پێغمبەر(ص) لە خەوندا دەبینم و پێم دەڵێت ئەوەی کوڕەکەت بەجێی هێشتووە بیدەرە عەکبەری کورد کە بریتیبوو لە چل دەستە جلی خام ، ئێمەیش لێمان وەرگرت و هەندێکیمان پۆشی و ئەوانەی دیمان لەگەڵ خۆمان هێنا و کەوتینە رێ تا گەهیشتینە مەککە"[(١)].

شێخ حەسەنی کورد گەورە صۆفییەکی دیکەی کوردە و لە تەصەوفدا گەهیشتبووە رادەیەکی بڵند، هەرچەند لە سەرچاوەکانی صۆفیگەریدا کەمتر ناسراوە، دەربارەی پایەبەرزیی شێخ حەسەن ئەوەندە بەسە بڵێین کە شێخ و مامۆستای صۆفیی ناوداری ئێرانی بایەزیدی بەستامی (م: ٢٦١ك/٨٧٥ز)بووە، بەستامی ئەوەندە رێزی لێدەگرت وەصیەتی کردبوو کە گۆڕەکەی لە گۆڕی شێخ حەسەنی مامۆستای فراونتر نەبێت[(٢)].

ئەبوبەکر حوسێنی کوڕی عەلیی کوڕی یەزدانیار(م:٣٣٣ك/٩٤٥ز) ناودار بە (إبن یزدانیار) کەڵە صۆفییەکی ناودارە و لە کوردەکانی دەڤەری ئورمێیە و لە ریزی رێبەرانی بزاڤی صۆفیەگەری هەژمار دەکرێت و خاوەندی رێچکەیەکی تایبەت بەخۆی بوو و یەکێکە لەو صۆفیە کوردانەی گوتەی (أمسیت کردیاً وأصبحت عربیاً) خراوەتە پاڵ، سەرچاوەکان بە درێژی لە سەری راوەستاون و دید و سەرنجیان روون کردۆتەوە[(٣)]، شێخ موسای کوڕی عەبدوڵای کوردی ئورمەوی یەکێك بوو لە خەلیفەکانی[(٤)].

---

(١) ابن صصري، الدرّة المضيئة، ص٢٣١-٢٣٢، هەروەها بڕوانە: الصفوري (م:٨٩٤ك /١٤٨٩ز)، نزهة المجالس ومنتخب النفايس، ٣٩١/١-٣٩٢ و پاشکۆی(٢).

(٢) هروی، طبقات الصوفية، ص٢٠٤، نفحات الانس، ص٥٤، في التصوف الإسلامي، ص٢٣.

(٣) الرسالة القشيرية، ص٢٧، طبقات الصوفية، ص٤٣١، ابن خميس الموصلي، مناقب الأبرار ومحاسن الأخيار، ١٢١/٢-١٢٤.

(٤) ابن الفوطي، مجمع الآداب، ١٠٩/٤.

شاری دینەوەر ناوەندێکی چالاکی گردبوونەوەی صۆفییەکان بوو وبە کانگای صۆفیگەران (معدن الصوفية) ناوزەد کراوە و صۆفیەکانی دینەوەر دەکرانە نموونەی زۆری، کە ژمارەیەکیان بەخویان دینەوەرین وەك مەمشادی دینەوەری (م:٢٩٩ك /٩١٢ز) و فارسی دینەوەری و ئەبو عەباسی دینەوەری(م:پاش ٣٤٠ك/٩٥١ز) و محەمەدی کوڕی عەبدولخالقی دینەوەری و ئەبوبەکری کوڕی داودی دینەوەری(م:پاش ٣٥٠ك/٩٦١ز).

لە سەدەکانی(٥- ٦ك/١١- ١٢ز)دا، پۆلێکی دیی کەڵەصۆفی و پیاوچاکی کورد دەرکەوتن و لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی دەناسران و زیادەڕەوی نیە ئەگەر بێژین زۆربەی ڕێبەران و پێشەنگانی رەوتی صۆفیگەری هەر کورد بوون لە وێنەی پیر شەهریاری هەورامان(تاج العارفين ابو الوفاء الحلواني: م ٥٠١ك/١١٠٧ز) و ئەبوبەکری هاواری و ئەبومحەمەدی شەنبەکی ئەمانیش وەك عەکبەری کورد لە تافی خوێنگەرمی و لاوییان دا کاری ڕێگرییان دەکرد و پاشان بوونە تۆبەکار و وازیان لەم کاسبیە هێنا و ژیانی گۆشەگیری و خەڵوەتنشینیان هەڵبژارد، هەروەها بەقای کوڕی بەتۆ و ئەبوعومران محەمەدی کوڕی سەعیدی چوپی و شێخ عەدیی کوڕی مسافری هەکاری و ماجدی کورد- باوا شاسوار(م:٥٦٤ك/١١٦٨ز) و محەمەدی کوڕی رۆستەم ناسراو بە شێخ جاکیر- جایگیر(م:٥٩١ك/١١٩٥ز) و وەردانشاهی شاهنجانی و محەمەدی کوڕی عەلیی کوڕی میهرانی چۆپی وچەندانی دی[(١)].

سەربوردە و بەسەرهاتی ئەم صۆفییانە لە سەرچاوەکانی صۆفیگەری هاتووە و بە درێژی و زیادەڕەوییەوە نموونەی پێشبینی و کەشف و کەراماتیان خراوەتەڕوو[(٢)].

---

(١) بەشی دووەمی کتێبی (لەبارەی کەلتور و مێژووی کوردەوە)م تەرخان کردووە بۆ ناسینەوەی ژمارەیەك صۆفی و پیاوچاکی کورد لەوانەی تا ئێستا یاد و شوێنەواریان ماوە.

(٢) بڕوانە: ابن المستوفي، تأريخ أربل، ٢/١١٤، ٢٦٣، الشطنوفي، بهجة الأسرار، ص١٣١-١٣٣، اليونيني، ذيل مرآة الزمان، طبعة المجمع الثقافي(أبو ظبي:٢٠٠٧)، ٢/٩٦٦-٩٧٨، ٩٨٦-٩٨٩.

# بەشی چوارەم

## کوردستان لە سەردەمی بوەیهی

## (٣٣٤_٤٤٧ك/٩٤٦_١٠٥٥ز)

## (رۆژگاری میرنشینە کوردەکان)

## ١٤ـ بوەیهییەکان، دەرکەوتن و دامەزراندنی دەوڵەت:

بوەیهییەکان لە بنەماڵەیەکی رەشۆکی و دەستکورتی دەیلەم بوون[1]، دەیلەمیش نەتەوەیەکی دێرینی ئێرانین و نیشتمانیان بە وڵات-هەرێمی دەیلەم دەناسرا و دەکەوێتە لێواری باشوری رۆژئاوای دەریای خەزەر-قەزوێنەوە و هەرێمکی شاخاویی سەختە و هاوسنور و هاوکەشوهەوای هەرێمی چییاکانە.

لە دەستپێکی سەدەی ٤ك/١٠ز و لە ئاکامی بێهێزی خیلافەی عەباسی، ژمارەیەك میر و سەرکردەی سەربازیی دەستڕۆیشتوو لە هەرێمەکانی چییا و دەیلەم و ئازەربیجان دەرکەوتن، عەلی و حەسەن و ئەحمەد کوڕانی ئەبوشوجاع بوەیە وەك چەکداری سەرەڕۆ و کرێگرتە چوونە نێو لەشکری ئەم سەرکردانە، سەرەتا لە خزمەت ماکانی کوڕی کاکیی دەیلەمی بوون، پاش شکانی ماکان لەسەر دەستی مەرداویجی کوڕی زەیاری دەیلمی، رێزی ماکانیان بەجێهێشت و پەیوەندییان بە مەرداویجەوە کرد کە دەستی بەسەر هەرێمەکانی گورگان و تەبەرستان و قەزوێن و زنجان دا گرتبوو[2].

کوڕانی بوەیە هەر زوو زیرەکی و لێهاتویی خۆیان دەرخست و بوونە متمانەپێکراوی مەرداویج، ئەویش کار و بەرپرسیارەتی بۆ دابین کردن و برا گەورەکەیان عەلیی کردە والیی کەرەج، هەندەی پێنەچوو عەلی و براکانی لە بازنەی دەسەڵاتی مەرداویج دەرچوون و لە ماوەیەکی کورتدا قەوارەیەکیان پێکەوەنا، عەلی کوڕی بوەیە لە ماوەی ساڵانی(٣٢١ـ ٣٢٢ ك/٩٣٣ـ ٩٣٤ز) ئەصفەهان و ئەرجان و شیرازی گرت، هاوکات ئەحمەدی برایشی شاری کرمانی گرت[3].

مەرداویج ساڵی٣٢٣ك/٩٣٥ز بە دەستی سەربازە تورکەکانی بەردەستی کوژرا، ئەم روداوەش تەواو لە بەرژەوەندی بوەیهییەکاندا بوو و رێگای بۆ خۆشکردن زیاتر

---

(١) پاش پایەداربوونی بوەیهییەکان، مێژوونوسان کردیانن بە نەوەی شاهانی ساسانی.

(٢) بڕوانە: المسعودي، مروج الذهب، ٣٣٤/٤-٣٤٢.

(٣) تجارب الأمم، ١٥٨/٥-١٥٩، ١٦٨، الكامل، ٣٨٥/٦-٣٩٠.

دەسەڵاتی خۆیان بەرفراون بکەن و شار و ناوچەی دی بگرن و بەرەبەرە بەرەو بەغدای پایتەخت هەنگاو بنێن، ساڵی٣٢٦ك/٩٣٨ز ئەحمەدی کوڕی بوەیە خوزستانی هاوسنوری عێراقیشی گرت، دوای دووساڵ براکەی دییان حەسەن، شاری واستی گرت و دواتر هەردوو شاری ئەصفەهان و رەی گیران، ئەمە لە کاتێکدا خەلیفەی عەباسی هیچ ویست و دەسەڵاتی بەدەستەوە نەمابوو و خیلافە لە رەوشێکی گەلێك ئاڵۆز و نائارامدا بوو و کێشە و ململانێی نێوان سەرکردە تورکەکان و میری میران و دەسەڵاتداران تا دەهات قوولتر دەبوەوە و بە ئارەزوی خۆیان گەمەیان بە چارەنوسی خیلافە دەکرد، تۆزۆنی تورکی چاوی خەلیفە(المتقي:٣٢٩-٣٣٣ك/٩٤١-٩٤٥ز)ی دەرهێنا و بەلاوەی نا و کوڕێکی خەلیفە(المکتفي)ی هێنا و کردی بە خەلیفە و ناسناوی(المستکفي بالله)ی لێنرا، بوەیهییەکانیش لای خۆیانەوە بەرەبەرە لە بەغدای پایتەخت نزیك دەبوونەوە.

تۆزۆن ساڵی٣٣٤ك/٩٤٦ز مرد و ئەبوجەعفەری کوڕی شێرزاد(ابن شیرزاد)لە شوێنی کرایە میری میران و بارودۆخەکە پتر ئاڵۆزبوو و کار بەوە گەیشت کەس نەدەشیا کاروبارەکان بڕوێنێت و هێمنی بۆ بەغدای پایتەخت بگەڕێنێتەوە، هەر بۆیە ئینال کۆشەی بەرپرسی واست، پەیوەندیی بە ئەحمەدی کوڕی بوەیهەوە کرد و ملکەچی و پشتیوانی خۆی بۆ راگەیاند، ئەویش رووەو بەغدا بەڕێکەوت و خەلیفە(المستکفي) شادمانیی خۆی بە گەهیشتنی دەربڕی و رازی بوو بە ئاشتی بهێتە ناو بەغداوە و ناسناوی(معزالدولة)ی پێبەخشی و ناسناوی (عمادالدولة) و (رکن الدولة)یشی بەخشی بە عەلی و حەسەنی کوڕانی بوەیە و رەزامەندیی دەربڕی ناسناو و کونیەیان لەسەر لە دینار و درهەمی خیلافە بنەخشێنرێت، هەندەی نەبرد(المستکفي) لە خەلیافەیەتی خرا و لە جێگای(المطیع لله)دانرا[1].

---

(١) المسعودي، مروج الذهب، ٣١٧/٤، ٣٣٣، تجارب الأمم، ١٥٧/٥-١٦٢، ١٦٨-١٧٣، ٢٧٥-٢٧٦، الکامل، ٤٣٦/٦-٤٣٨، ٤٤٩-٤٥٠، ٥١٢-٥١٣، الأربلي، خلاصة الذهب المسبوك، ص٢٤٨، ٢٦٥.

لێرە بەدواوە بوەیهییەکان بوونە فەرمانڕەوای ڕاستەقینەی بەغدا و خەلیفەیان تەنها وەك هێمایەك هێشتەوە و بۆ ماوەی پتر لە سەدەیەك(٣٣٤_٤٤٧ك/٩٤٦_١٠٥٥ز) حوکمیان کرد[١].

بوەیهییەکان هەر لە سەرەتاوە، درکیان بەوە کرد کە ناتوانن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناوچە شاخاوێکانی کوردستان بەڕێوە ببەن و بە پەنابردنە بەر هێز دەسەڵاتی خۆیان بچەسپێنن، لەبەر ئەوەی کوردستان ـوەك زانراوەـ وڵاتێکی شاخاوی سەختە، چ هیچ هێزێکی بیانی بـیری لەوە نەکردۆتەوە سەرپاکی وڵاتەکە داگیر بکات، بەڵکو هەرگاڤ بەوە ڕازی دەبوون کە ساڵانە باج و خەراج لە ڕایەدارانی کورد وەربگرن، شەرەفخانی بەدلیسی(م:١٠١٠ك/١٦٠١ز) کە بە خۆی لە میرانی ڕۆژەکیی بەدلیسە و داگیرکەرانی کوردستانیش درکیان بەم ڕاستیە کردووە[٢]، خانەکانی مەغۆل بە هەموو توندوتیژییانەوە هەرچەند کردیان نەکارین کوردەکان ملکەچ و دەستەمۆ بکەن و کوردستان کۆنترۆڵ بکەن، ناچار ملیاندا و پەیڕەوی ئەم سیاسەتەیان کرد[٣].

(ركن الدولة) حەسەنی بوەیهی پتر لە براکانی شارەزای بارودۆخی تایبەتی کوردستان بوو، لە نزیکەوە ئاگاداری دۆخی میر و قەڵادارە کوردکان بوو و چاوی لە سەرەڕۆیی و زێدەگاڤیان دەپۆشی، ئەگەر پێی بگوترایە کوردەکان ڕێگایان بڕی و مەڕ و ماڵاتیان تاڵان کرد، یەکسەر بەرسڤی دەدایەوە"قەیدی ناکا کوردەکان پێویستیان بە خواردنە"، هەردەم دەیگوت"دەوڵەتەکەم پەیوەستە بە دەوڵەتی کوردانەوە"[٤].

---

(١) بۆ پتر پێزانین دەربارەی دەوڵەتی بوەیهی، بڕوانە: د.محمد حسين الزبيدي، العراق في العصر البويهي، دار النهضة العربية(القاهرة:١٩٦٩).

(٢) شرفنامه، ص٦٠. و بڕوانە: نصوح أفندي مطراقي زاده، رحلة مطراقي زاده، ص١١٤.

(٣) العمري، مسالك الأبصار ، ٣/٢٦٣–٢٦٤.

(٤) "دولتي مقرونة بدولة الأكراد"، تجارب الأمم، ٥/٣٧٧–٣٧٨.

له لایەکی دیەوە، میرانی بوەیهی ژنخوازی و خزمایەتیان لەگەڵ کوردا دەکرد[(١)] و پشتیان پێدەبەستن[(٢)]، ئەبوعیسای کورد بەپرسیێکی سەر بە(فخر الدولة: م٣٨٧ك /٩٩٧ز) بوو و له نامەیەکدا داوای لێدەکات چاوەدێریی رێگاوبانەکان بکات و رێبواران بپارێزێت و وریای دەکاتەوە کەمتەرخەمی نەکات له جێبەجێکردنی ئەرکەکانی[(٣)].

میر(مستخص الدولة)باتکینی کوڕی عەبدوڵای نەشاوری- له هۆزی نەشاویرە- له سەرەتای سەدەی٥ك/١١ز یەوە تا لەناوچوونی دەوڵەتی بوەیهی له ریزەکانی سوپادا خزمەتی دەکرد تا بووە سوپاسالار[(٤)]، ئەبو مەنصور حەسەنی کوڕی عەلیی بەشنەوی وەزیری میر(قوام الدولة)ی بوەیهی(م:٤١٩ك/١٠٢٨ز) خاوەندی کرمان بوو[(٥)].

لەبەر ئەم هۆکارە و چەند هۆکارێکی بابەتی و مێژوویی دیکە کە وەك دەرئەنجامێکی گۆڕانکاریە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی جیهانی ئیسلامی هاتنە گۆڕێ، له سەرەتای سەردەمی بوەیهییەوە ژمارەیەك میرنشینی گەورە و بەهێز له ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان دەرکەوتن و هەندێکیان شێوەیەکی پێگەیشتوو و کامڵبووی قەوارە سیاسیەکانی سەردەمی پێشتر بوون.

له لایەکی دیەوە، پاش نەمانی سەردەمانی سەروەری و بەهێزی خیلافە، دەگمەن هەرێم له رۆژهەڵات و رۆژئاوای جیهانی ئیسلامی هەبوو، قەوارەیەکی سەربەخۆ یان نیمچە سەربەخۆی تیا دانەمەزرابێت یان هۆزێکی باڵادەست دەستی بەسەردا نەگرتبێت ، سیستەمی گونجاو و لەباری حوکمکردن و بەڕێوەبردن وای دەخواست پتر له هێز و

---

(١) بەختیاری کوڕی (معزالدولة) ئەحمەد، کچی عەسکەری کورد(عسكر الكُردي)ی خواست بە صیداقی سێسەد هەزار دینار.

(٢) الصابيء، المختار من رسائل الصابيء، ص٤٨-٤٩، ابن الفوطي، مجمع الآداب، ٥٣٥/٦.

(٣) رسائل الصاحب بن عباد، ص١٨٤-١٨٦.

(٤) مجمع الاداب، ٤٨٤/٣، ٣٢٣/٤، ١٣٩/٥، ٢٠٣. بڕوانە: القبائل والزعامات القبلية الكُردية، ص٢١٥-٢١٦.

(٥) النويري، نهاية الأرب، ١٤٩/٢٦.

قەوارەیەکی سیاسی هەبێت و وەك پێداویستیەکی ئەو رەوشە نوێیەی کە جیهانی ئیسلامی پێیدا تێدەپەڕی.

میرە کوردەکان کاروباری زۆربەی ناوچەکانی کوردستانیان دەڕوواند و خاوەندی دامودەزگای لەشکری، دارایی، کارگێری خۆیان بوون و رەزامەندیی خەلیفەی عەباسی یان بەدەست هێنابوو و دراویان بەناوی خۆیانەوە دەردەچواند، پاش نەخشاندنی ناوی خەلیفەی عەباسی و میری بوەیهی لە روویەکی دراوەکە و لەخوتبەی رۆژانی هەینی دا، ناویان لە پاش ناوی خەلیفەوە دەهات و دوعایان بۆ دەکرا[1].

لەبەر رۆشنایی ئەم راستیانە دەشێین بڵێین میرنشینەکانی کوردستان لە سەردەمی بوەیهیدا تەواو پێگەیشتن و تا رادەیەکی باش خاوەند ویستی سیاسیی خۆیان بوون، بەتایبەت میرانی مەروانی کە هیچیان کەمتر نەبوو لەو میرانەی وا لە رۆژهەلاتی ئیسلامی دەرکەوتن.

بەلاّم مخابن هیچ کامێکیان خەمی زمان و فەرهەنگ و کەلتوری کوردییان نەخوارد و زیندووکردنەوە و خزمەتکردنی زمان و ئەدەب و کەلەپوری نەتەوەکەیان بە خەیاڵدا نەهات و چ نەخش و کاریگەرییێکان نەبوو لە بوژاندنەوە و پێشخستنی روناکبیری و هۆشیاریی نەتەوەیی، بەڵکو گوێیان بە پاراستن و تۆمارکردنی دیرۆکی خۆیانیش نەدا و گشت ئەم لایەنەیان بە یەکجاری فەراموش کرد[2]، ماڵی مێژوونوسانی غەیرە کورد ئاوا بێت کە هەرچۆنێك بێت و بە چ هۆکارێك بووبێت، چمکێکی مێژووی کوردیان پاراستووە[3].

---

(١) بۆ پتر پێزانین دەربارەی پەیوەندیی کورد و بوەیهی بڕوانە: قادر محمد حسن، الإمارات الكُردية في العهد البويهي، مؤسسة موكرياني(أربيل:٢٠١١).

(٢) جگە لە میرزادە(إبن أبي الهيجاء الروادي) کە پاشتر دێینەوە سەری.

(٣) لە وێنەی: (الطبري ومسكويه والروذراوري) – فارس، (هلال الصابئ وغرس النعمة بن هـلال) – صابئة، (الفارقي وإبن الأثير وابن المستوفي) – عەرەب، (سبط ابن الجوزي والذهبي)– تورکمان...هتد.

## ٢_٤_ ڕەوادییەکان(٣٤٣-٤٦٣ك/٩٥٤-١٠٧٠ز):

### أ- دەرکەوتنی هۆزی هەدبانی:

هەدبانی، هۆزێکی دێرین و ناسراوە و بە درێژایی سەردەمی خیلافەی ئیسلامی مەزنترین و بەربلاوترین هۆزی کورد بوو و بەسەر چەند خێڵ و تیرە و ماڵباتێکدا دابەش دەبوو، هەرچەند تەنها ناوی دوو لە تیرەکانی ئاشکرایە:

- مارانی: نیشتەجێی ناوچەی مێرگ و کەناری زێی مەزن و ناوچەکانی نێوان موصڵ و هەولێر بوون[١].

- ڕەوادی کەوا دیارە کۆچەر و نیمچە کۆچەر بوون، پاشان لە ناوچەکانی ئورمێ و شنۆ وسەلماس و دوێن نیشتەجێ بوون.

لە سەرچاوەکاندا ناوی هەدبانی بە(الهذبانية) هاتووە و روون نیە بە کوردی چۆن گۆکراوە و لە چ پەیڤێکەوە داڕێژراوە و بە دوور دەزانرێت پەیوەندیی هەبێت بە (هۆزەبان)و (ئەزبەنی)یەوە بە واتای گەورەم[٢]، چۆنکە وەك ئاشکەرایە عەرەب زۆرجار لە ناوی شوێن و کەسەکانا پیت- دەنگی(د) نەك (ز) دەکەن بە(ذ)[٣]، ئەگەر وا دابنێین ناوی دروستی ئەم هۆزە هەدبانی یان هەدەبانیە وەك لە دەقێك دا هاتووە[٤] و نوسەرانی عەرەب کردوویانە بە(الهذبانية)، ئەوا هاوڕای کوردناس ڤـ.ڤـ.مینۆرسکی(١٨٧٧_١٩٦٦)

---

(١) المنذري، التكملة، ص١٥٦/٢.

(٢) توێژەرانی دی و خۆمیش لە چاپەکانی پێشتری ئەم کتێبە و لە کتێبەکانی دیم، لە نەشارەزاییەوە وامان دادەنا کە ناوی هەدبانی لە هۆزەبانی یان ئەزبەنی یەوە وەرگیراوە.

(٣) وەك چۆن (قباد، سنباد، وهسودان، همدان، رود...هتد) یان دەکرد بە (قباذ، سنباذ، وهسوذان، همذان، روذ) و (شهرزور و زنجان...هتد) یان نەکرد بە (شهرذور و ذنجان)، بۆ چارەسەری ئەم دیاردەیە و جیاکردنەوەی (ذ، ز، ش، ع...هتد) لە (د، ر، س، غ)، خاڵبەندی و (الحروف المهملة) و (الحروف المعجمة)دانرا.

(٤) مسكويه، تجارب الأمم، ٩٨/٦.

ین کە پێیوایە هەدەبانی لە حەدیابەوە وەرگیراوە کە ناوی دێرینی دەڤەری هەولێر بوو، ئەوەی پتر ئەم بۆچوونە لە راستی نزیك دەکاتەوە ئەوەیە کە ناوی شوێنێکی سەر بە حەمدانییەکانی موصڵ (سەدەی ٤ك/١٠ز) بە(هذبان)هاتووە[1].

دەکرێت پانتاییەکی بەرفراوانی هەردوو هەرێمی جەزیرە و ئازەربیجان بە نیشتیمان و هەواری خێڵ و تیرەکانی هۆزی هەدبانی دابنێین، زستانان لە دەشتی هەولێر و پێدەشتەکانی نێوان هەردوو زێ دەگیرسانەوە، وێڕای ناوچە دەشتاییەکانی شنۆ و ئورمێ و نەریز و سەڵماس، هاوینانیش رەوەندەکانی هەدبانی بەرەو زۆزان و کوێستانەکانی رۆژهەڵاتی هەولێر و ئازەربیجان هەڵدەکشان.

بۆ یەکەمجار هەدبانییەکان لە کۆتاهیەکانی سەدەی٣ك/٩ز دەرکەوتن، کاتێك ساڵی ٢٩٣ك/٩٠٦ز لە والی موصڵ عەبدوڵای کوڕی حەمدان هەڵگەڕانەوە، بەڵام دەرکەوتنی راستەقینەیان دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی پاشتر، گاڤێك چەند بنەماڵەیەکی دەسەڵاتداریان پایەدار بوون و حوکمی ژمارەیەك بازێڕ و شارۆچکەیان گرتەدەست و سەرەتا وەك نیمچە میرنشین دەرکەوتن:

- ماڵباتی أبوالهیجائی کوڕی رەواد لە ناوچەگەلێکی ئازەربیجان.
- ماڵباتی شەدادی کوڕی کورتەك- کورتۆ لە دوێن و گەنجە- جەنزە لە ئەرمینیا.
- ماڵباتی چەکۆ لە قەڵای هەولێر.
- ماڵباتی شکۆیە- چەکۆیە- چەکۆ لە سەڵماس.
- ماڵباتی (ربیب الدولة) لە ناوچەکانی نێوان ئورمێ و بارگیری لە باکوری دەریاچەی خەلات-وان، کە رەنگە هەر وەچەی ماڵباتی چەکۆ بن.

مینۆڕسکی دەڵێت:"لە ناوبڕێکی مێژوویدا لە نێوان هێرش و فراوانخوازیەکانی عەرەب و شاڵاوەکانی تورکدا-مەبەست سەلجوقییەکانە-واتا لە هەردوو سەدەی سێهەم

(١) بڕوانە: إبن ظافر الأزدي، أخبار الدول المنقطعة، مؤسسة حمادة(أربد-الأردن:١٩٩٩)، ص٥٥.

و چوارەمی کۆچی[1]/دەهەم و یازدەهەمی زایینی دوو نەتەوەی بە نەژاد ئێرانی لە باکوری رۆژئاوای وڵاتی ئێراندا دەسەڵاتیان گرتەدەست، ئەوانیش دەیلەم و کوردن"[2].

وەك پێشتر روونکرایەوە، هەر لە رۆژگاری فتوحاتی ئیسلامییەوە، گەلێك تیرە وخێڵ و ماڵباتی عەرەب لە شارەکانی تەورێز و ئورمێ و شنۆ و نەریز نیشتەجێ بوون و بۆخۆیان پاوەندیان کرد و تا سەرەتای سەدەی ٤ك/١٠ز بە دەستیان مایەوە، واتا تا ئەو دەمەی سەردارانی هۆزی هەدبانی رابوون ناوچەکانیان لە عەربەکان وەرگرتەوە، گەڕیدەیەك کە بەخۆی لەو دەمانە هاتۆتە کوردستان، راستیی پێکاوە و دەربارەی شاری نەریز دەڵێت:

"مەملەکەتی هۆزی عەرەبی (طَي) بوو، خاوەندەکەی(علي بن مُر الطائي) بوو... تا کوردانی هەدبانی شارەکەیان گرت و گوند و دێهاتەکانیان وێران کرد و پەکی کاروبارەکانیان خست و لەسەر ئەم کارە بەردەوام بوون تا دەسەڵاتی سوڵتان-مەبەستی خەلیفەیە- لاواز بوو و ترسی هێرشی والیەکانی دەوڵەت نەما، ئەمجا رابوون بە ئاوەدانکردنەوەی شوێنە وێرانکراوەکان و ناوچەکانیان گەشاندەوە و گوندەکانیان بوژاندەوە، ئەم ئاوەدانکردنەوەیە تا چیای سلق و دینەوەر و وڵاتی شارەزوری گرتەوە"[3].

گەڕیدەکی دی  کە ئەویش بەخۆی لە هەمان دەمدا سەردانی ئازەربیجانی کردووە پشتڕاستی ئەم ئاخافتنە دەکات و ئاماژە بەو ئاوەدانیە دەدات کە کوردە هەدبانییەکان لە شنۆ و ئورمێ هێنابوویانە کایەوە[4].

---

(١) لە راستیدا چوارەم و پێنجەمی کۆچی.

(٢) تأريخ قفقاز، ص٤٧.

(٣) مسعر بن مهلهل الخزرجي، الرسالة الثانية، ص١٠.

(٤) إبن حوقل، صورة الأرض، ص٢٨٩.

**ب- نەژادیماڵباتی ڕەوادی:**

**ڕەوادییەکان ماڵباتێکی ڕەسەن و بێگەردی کوردن لە هۆزی هەدبانی، بەر لە هەر بەڵگەیەك، نوسەری مێژووی دەربەند(الباب والأبواب) هاودەم و هاونیشتیمانی ڕەوادییەکان و شەدادییەکان، بەراشکاوی ڕایدەگەهێنێت کە کوردن، موننەجم باشی (م: ١١١٣ك/١٧٠١ز)[1]ئەم زانیارییەی گواستوەتەوە و مینۆڕسکی بڵاوی کردۆتەوە[2]، سەرچاوە دێرینەکانیش ئەم ڕاستیەیان سەلماندووە و کوردبوونی میرانی ڕەوادییان سەلماندووە[3].**

**هەروەها میر(ابوالهیجاء الهذباني) خودانی ئورمیێ و خوشکەزای میر وەهسودانی ڕەوادی[4]، کە بە ناوەکەیا دیارە ئەویش هەدبانی بوو، بەڵام پەیوەندیی نێوان خاڵ و خوشکەزا ناخۆش بوو و دژایەتی یەکدییان دەکرد، ئەمە لە ساتێکدا تەکان و پەلاماری**

---

(١) مێژوونوسی عوسمانی (أحمد بن لطف الله) ناوداربە موننەجم باشی، کتێبێکی گەورە و گرانبەهای بە ناوی (جامع الدول) داناوە و فەصڵێکی بۆ میرنشینی شەدادی تەرخان کردووە کە وەك خۆی ئاشکرای دەکات لە سەرچاوەیەکەوە وەریگرتووە بە ناوی (تأريخ الباب والأبواب) کە نزیکەی ساڵی٥٠٠ك/١١٠٧ز نوسراوە و نوسەرەکەی بە (فەقیە) خۆی ناساندووە. تا ئێستا کتێبی (جامع الدول) دەستنوسە و بڵاونەکراوەتەوە، مینۆڕسکی دەقی ئەو بەشەی دەربارەی شەدادیەکانە (باب في الشدادية) وەك پاشکۆ لە کتێبەکەی (لێکۆڵینەوەگەلێك لە مێژووی قەفقاس) بڵاوی کردۆتەوەو دەڵێت:" ئەم بەشەی (تأريخ الباب والأبواب) ساڵی ٤٦٨ك/١٠٧٥ز نوسراوە. لە پێش ئەو بەشەی کە سەبارەت بە شەدادیەکانە، بە کورتی باس لە میرانی ڕەوادییش کراوە"، کەچی ئەو لاپەڕانە لە وەرگێڕاوی کورتکراوەی تورکیدا کە بە ناوونیشانی (صحائف الاخبار) ساڵی١٨٨٠ز چاپکراوە لابراوە، مینۆڕسکی بە هۆی برادەرێکیەوە ئەو لاپەڕانەی دەستکەوتووە و لە کتێبەکەی بڵاوی کردۆتەوە .تأريخ قفقاز، ص٢٤٠-٢٤٣.

(٢) جامع الدول، ص٢٤٠- ٢٤٢.

(٣) القلانسي، ذيل تأريخ دمشق، ص٢٩١، ابن عساكر، تاريخ دمشق، ٢٦٤/٦، الكامل، ٥٦٦/٨، زبدة الحلب، ص٢٥٨.

(٤) ناوی دروستی ئەم میرە وەهسودانە وەك لە دەقە فارسیەکان و لە شیعرەکانی قەترانی تەورێزی و ئاحافتنی ناصری خەسروە(سفر نامە، ص٣٨-٣٩) دا هاتووە و لێرەش هاوشێوەی ناوی هۆزی(الهذبانية) لە دەقە عەرەبیەکانا ناوی شێوێنراوە و کراوە بە(وَهسوذان).

تورکە غوزەکان گەهیشتە ئازەربیجان و وەك پیشەی هەمیشەییان دەستیان کرد بە وێرانکاری و رەشەکوژی، (ابن الأثیر) لێرە دەیسەلمێنێت کە رەوادییەکان کوردن و دەڵێت کوردەکان هەستیان بە مەترسیی غوزە تورکەکان کرد و میر وەهسودان و میری خوشکەزای ناکۆکی و ناتەباهیی نێوانیان وەلانا و بڕیاریان دا بەهەڤڕا بەرپەچی غوزەکان بدەنەوە[1].

جگە لەمە، نوسەری کتێبی(حدود العالم)- ساڵی ٣٧٢ك/٩٨٢ز-، هیچ گومان ناهێلێتەوە لەوەی کە رەوادییەکان لە هۆزی هەدبانیی کوردن و خزمی بەرەبابی هەدبانییەکانی هەولێرن، ئەوەتا لە ناساندنی شارۆچکەی ئاهر لە ئازەربیجان دەڵێت:"(ابن رواد) دەستی بەسەرداگرت کە لە نەوەی(الجلندی بن کرکر) ئەویش ئەو شاهەیە کە دەگێڕنەوە هەر کەشتییەکی لە دەریا بەدی بکردایە زەوتی دەکرد"[2]، لێرە مەبەست لەو شاهە ملهوڕەیە کە لە بەسەرهاتی دیداری موسای پێغەمبەر و خدری زیندە لە قورئاندا باسکراوە[3] و بە لێکدانەوەی موفەسیرەکان گوایە ناوی (الجلندی بن کرکر) یان (هدد بن بدد) و لە هۆزی ئەزدی عوممان (أزد عُمان) بووە و شاهی دەریای عوممان بووە، بەگویرەی حەکایەتێکی کۆن، کوردانی هەدبانی خودانی هەولێر و ئازەربیجان نەوەی ئەو شاهە زۆردارەن[4]، بێ گومان هەبوونی ئەم پەیوەندییە هەڵبەستراوە لەمێژەوە فرە تەشەنەی کردبوو و وەك حەقیقەتێکی لێهاتبوو و لە سەرچاوەگەلێك دووبارە کراوەتەوە، شاعیر قەترانی تەبریزی(م:٤٦٥ك/١٠٧٣ز)، ستایشی میر وەهسودانی رەوادی دەکات و بە "چرای گەرگریان"و"شەهریار"ی دەزانێت:

---

(١) الکامل، ٧/٤١٦، ٨/١٧.

(٢) أهر: قصبة میمد ملکها ابن رواد من أولاد الجلندی بن کرکر وهو الذي ورد انه کان یأخذ کل سفینة غصبا "، مؤلف مجهول، حدود العالم، ص١٢١.

(٣) ﴿ أَمَّا السَّفِينَةُ فَكَانَتْ لِمَسَاكِينَ يَعْمَلُونَ فِي الْبَحْرِ فَأَرَدْتُ أَنْ أَعِيبَهَا وَكَانَ وَرَاءَهُمْ مَلِكٌ يَأْخُذُ كُلَّ سَفِينَةٍ غَصْبًا﴾(الکهف/٧٩).

(٤) تاریخ ابن أبي الهیجاء، ص٢١٩، لە کتێبی (لەبارەی کەلتور و مێژووی کوردەوە) بە درێژی دەربارەی ئەم بابەتە ئاخەفتووم.

**چراغ گرگریان شهریار أبو منصور**

**كه شهريار نژاد أست و شهريار پناه[(١)].**

**هەرچەند گەرگەر چەمك و واتای دیی هەیە، وەلێ من پێموایە لێرە شاعیر دەیهەوێت بلێت کە میر وەهسودان نەوەی گەرگەر(الجلندی بن کرکر) و چرا و شەهریاری گەرگەرییانە، سەیر لەوەدایە ئەفسانەی گرێدانی میرانی رەوادی و هەدبانی بەو شاهە وەهمیەی وا موفەسیرەکان هەڵیان بەستاوە، تا ئەم سەدانەی دوایی هەر لە ئارادا بوو، رەزا قولیخانی هیدایەت(١٨٠٠ـ ١٨٧١) میر وەهسودانی رەوادیی بە یەکێك لە شاهانی گەرگەری(پادشاهان کرکری)داناوە[(٢)].**

**جگە لەوەش، میرانی رەوادی سەرەتا سەربە بنەماڵەی سالاری مسافری دەیلەمی بوون و دیارە هەر کوردە هەدبانییەکان بوون بەشێکی لەشکری مسافرییان پێکدەهێنا، سەرەڕای چەند بەڵگەیەکی دی[(٣)]. کەچی رۆژهەلأتناسی نەمساوی ئیدوارد ڤۆن زامباور (م:١٩٤٩) هەردوو ماڵباتی رەوادیی کورد و سالاریی دەیلەمیی تێکەڵ کردووە و گوایە وەهسودان[(٤)] و مەملان دوو ناوی دەیلەمین[(٥)].**

**جێگای داخە، ئەحمەدی کیسرەوی(١٨٩٠ـ١٩٤٥)لەمبارەیەوە رەخنە لە زامباوەر و لە رۆژهەلأتناسی فەڕەنسی فردریك ماکلیەر(١٨٦٩ـ١٩٣٨) وەرگێڕی مێژووی ئاسوغیکی**

---

**(١) دیوان قطران تبریزی، ص٣٥٤. لە ستایشی میر ئەبولحەسەن لەشکریی شەدادییش دەڵێت:**

**نحس گردون بر بداندیشان تو پیوستەشد**

**سعد پیوستە همی بر شهرهای گرگری. دیوان قطران تبریزی، ص٣٦٦.**

**(٢) مجمع الفصحاء، ١٧٧٢/١، پەراوێزی(١).**

**(٣) بگەڕێوە بۆ: النقشبندي، آذربیجان، ص٩٥–٩٧.**

**(٤) شاعیر(المتنبي:م ٣٥٤ك/٩٦٥ز) لە دوو قەصیدەدا، ستایشی میر(عضد الدولة) فەناخەسرەوی بوەیهی دەکات بە بۆنەی گەهیشتنی هەواڵی سەرکەوتنی بەسەر(وهسوذان الكُردي)دا، (دیوان المتنبي، ١٠٨٥/٢ـ١٠٨٧، ١١٠٠ـ١١٠٣). دیارە ئەم میرە کورد نیە و لە نەزانیەوە کراوە بە کورد، بەڵکو دەیلەمە و خاوەندی قەڵای تارم(الطرم) بوو.**

**(٥) معجم الأنساب والأسرات الحاكمة، ص٢٧٥، ٢٨٦.**

ئەرمەنی بۆ زمانی فەڕەنسی دەگرێت، چونکە(ابوالهیجاء) ناوێکی کە ئاسوغیك لێی دواوە بە کورد داناوە، ئەو کە مێژووی دەربەندی نەدیتبوو وای بۆ دەچێت کە ڕەوادییەکان بە نەژاد عەرەبن و نەوەی (الرواد بن مثنى الأزدي) ین، ئەو عەرەبەی وا لە سەروەختی ولایەتی (یزید بن حاتم المهلبي:م١٧٠ك/٧٨٧ز) بەسەر ئازەربیجانەوە، دەگەڵ دەیان بنەماڵە و تیرەی دیکەی عەرەبی یەمانی لە بەصراوە هێنرانە ئازەربیجان و هەرێمەکەیان بەسەردا دابەش کرا و لە تەبرێزەوە تا چیای بود(البذ) بووە پشکی (الرواد الأزدي)و دوای خۆی کوڕەکانی بوونە موڵکدار و پایەداری ناوچەکە[١].

کیسرەوی درێژە بە ئاخافتن دەدات و دەڵێت پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان بنەماڵەی ڕەوادیی عەرەب و کوردە ڕەوادییەکان ئەوانەی وا شەدادیەکانیان تێدا دەرکەوت[٢]و پشت بە شیعرێکی قەترانی تەبریزی دەبەستێت کە میرانی ڕەوادییی بردوونەتەوە سەر عەرەب:

گر نسب دارد عرب را فخر دارد بر عجم
گر سخن گوید عجم را فخر باشد بر عرب[٣].

و دەڵێت (ابن الأثیر)یش بە عەرەبی ئەزدیی داناون[٤]، هەرچەند مێژوونوسی ناوبراو نەك شتی وای نەگوتووە بەڵکو بە کوردی ڕەوادیی داناون[٥]، مینۆڕسکی یش کە بەخۆی ئەو دەقەی مێژووی دەربەندی بڵاوکردۆتەوە وا جەخت لەسەر کوردبوونی ڕەوادییەکان دەکات، کەوتووەتە ژێر بۆچوونی نادروستی کیسرەوی و پشتگیریی دەکات و دەڵێت ماڵباتی میرانی ڕەوادیی بە نەژاد عەرەبی ئەزدین و نەوەی (الرواد الأزدي)ین[٦]و لە

---

(١) البلاذري، فتوح البلدان، ص٣٢٦، تأريخ اليعقوبي، ٢/٢٥٩.

(٢) شهرياران گُمنام، ص١٣٦-١٣٨، ١٥٥-١٥٦.

(٣) ديوان حكيم قطران تبريزى، ص٣٣.

(٤) شهرياران گُمنام، ص١٣٦.

(٥) الكامل، ٨/٥٦٦.

(٦) ئەگەرکوردە ڕەوادییەکان نەوەی میرە عەرەبەکانی ئازەربیجان و ئەرمینیا بوونایە ئەوا مێژوونوسان ئاماژەیان پێدەدا، وەك چۆن دەڵێن میرانی شێروان و دەربەند(شێروانشاه) نەوەی (یزید بن مزید الشيباني:

ئاکامی تێکەڵبوون و ژنخوازیەوە بوونەتە کورد[1]، نەك ئەمەندە بگرە گومان لە راستیی ئەو دوو دەقەی (إبن الأثیر)دەکات کە میرانی شەدادیی کورد دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆزی رەوادی[2] و دەڵێت دەبێت بە هۆی هەڵەی روونوسکردنەوە بووبێت و شەدادی بە هەڵە کراوە بە رەوادی(؟)[3].

سەبارەت بە شیعرەکەی قەترانی تەبریزی، وەك هەموو دەزانین گەڕاندەوی بنەچەی کورد بۆ عەرەب لەو دەمانە دیاردەیەکی باو بوو و وەك حەقیقەتێك چەسپی، شاعیری کورد ئەبوعەبدوڵا حوسینی بەژنەوی(م:٤٦٥ك/١٠٧٢ز) میرانی بەشنەوی و هەموو کوردی گەڕاندۆتەوە بۆ عەرەب[4]، سەرانی کورد بە خۆیانیش ئەو لێکدانەوەیان بە راست و دروست دەزانی[5] و بێ گومان قەترانی تەبریزی هەر لەم چواچێوەیەوە ئەم شیعرەی گوتووە و ناڵێت لە عەرەبی ئەزدین، قەزوێنی کە نزیکەی سێسەد ساڵ

---

م١٨٥ك/٨٠١ز)ین کە والیی خەلیفە (هارون الرشید) بوو بەسەر ئەرمینیاوە، بڕوانە: مؤلف مجهول، فصول من تأريخ الباب والشيروان، ص١-١٦.

(١) تأريخ قفقاز، ص٤٨.

(٢) الكامل، ٤٠٨/٨، ٤٥٧.

(٣) تأريخ قفقاز، ص٤٨. لە نوسراوێك دا کە لەم دواییانە دۆزراوەتەوە، وەزارەتی فەرهەنگی دەوڵەتی شاهانشاهی لە ئێران، داوای لە مینۆڕسکی و رەشیدی یاسمی و محەمەدی مەردۆخ کردووە، لەپێناو سەپاندنی روحیەتی ئێرانیبوون لای میللەتی کورد و لە دژی کتێبەکەی محەمەد ئەمین زەکی، مێژووی کورد بنوسنەوە، لەوانەیە ئەم داواکاریە کاریگەریی هەبوو بێت بەسەر را و بۆچوونەکانی مینۆڕسکی لەسەر مێژووی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشگەزبوونەی لە دانانی گۆران- هەورامی بە کورد و لە گەڕاندنەوەی کورد بۆ میدییەکان.

(٤) ئەوەتا دەڵێت: مفاخر الكُرد في جدودي ونخوة العرب في إنتسابي

لە شیعرێکی دی دەڵێت:

إنْ يَعرف الناس رسم الذُلِّ في جهةٍ فالذّلُ عند بني مهران مجهـــــولُ

نَحْنُ الذؤابة من كُـرد بن صَعْصَعَةٍ من نسل قيس لنا في المحتد الطول.

العماد الأصفهاني، خريدة القصر، قسم شعراء الشام، ٥٤٢/٢، الصفدي، الوافي بالوفيات، ٦/١٢-٧.

(٥) المسعودي، مروج الذهب، ١٠٨/٢.

پاش ڕەوادییەکان ژیاوە، تەنها مێژوونوسێکە میر وەهسودانی کوڕی محەمەدی بردۆتەوە سەر هۆزی ئەزد[(١)]، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی گوایە نەوەی عەرەبە ئەزدیەکانی ئازەربیجانن -سەدەی٣ك/٩ز-، بەڵکو بە پاساوی ئەوەی گوایە نەوەی شاه (الجلندی بن کرکر)ی لەمەڕ بەسەرهاتی موسا و خدری زیندەن کە وا بڵاو و چەسپاوە وەك باسکرا، لە هۆزی ئەزدی عوممان بووە.

ج- دامەزراندنی میرنشین و میری دامەزرێنەر:

دیارە سەرچاوە ئیسلامییەکان هەواڵ و روداوەکانی ئازەربـیجان و ئەرمینیایان پشتگوێ خستووە بە تایبەت دوای ئەوەی دەسەڵاتی خیلافەی عەباسی و باڵادەستی بنەماڵە عەرەبەکان لەو هەرێمانە بڕانەوە و برەوی ئەوتۆیان نەما. هەروەها (ابن أبي الهیجاء الروادي) لە ماڵباتی فەرمانڕەوای ڕەوادی، مێژووی ئازەربـیجان و سەرگوزشتەی بنەماڵەکەی نوسیبوو و کە بە(تأریخ آذربـیجان) ناوی هاتووە، وەلێ مخابن ئەم مێژووە لەناو چووە و هیچ سۆراخێکی نیە[(٢)].

لەناو میرانی ڕەوادی دا، میرێك نیە بەو چەشنە ناوی هاتبـێت، وەلێ میر(ابو الهیجاء الروادي) و میر (ابو علي بن ابو الهیجاء) لە کەسایەتییە دیارەکانی میافارقین و لە راوێژکاران و پیاوماقوڵانی میرانی مەروانی بوون و دەبێت پاش لەناوچوونی ڕەوادییەکان پەنایان بردبێتە بەر میافارقین و کچێکی (ابو الهیجاء) لای یەکێك لە ئامۆزاکانی میری مەروانی بوو[(٣)] و لەو باوڕەدام (ابو علي بن ابوالهیجاء)ە دانەری مێژووی ئازەربـیجان و بە(إبن ابـي الهیجاء الروادي) ناسراوە و ناوبراوە و دیارە بە ئومێد و هیوای بەرزڕاگرتن و یادکردنەوەی سەروەریی لەدەستدراوی باب و باپیرانی مێژووی ئازەربـیجانی نوسیوەتەوە. هەروەها (إبن المثنی:م٥٨٠ك/١١٨٤ز) کتێبێکی دانابوو

---

(١) نزهة القلوب، ص١٢٢.

(٢) الصفدي، الوافي بالوفیات، ٤٨/١.

(٣) الفارقي، تأریخ میافارقین(إستانبول: ٢٠١٤)، ص٥١٩، ٥٤١.

دەربارەی مێژووی ئازەربـیجان[1] و یەکێکی دی لەسەر مێژووی مەراغە[2]، دوور نیە ئەم دوو ناوونیشانە هی یەك کتێب بن، (إبن الفوطي:م٧٢٣ك/١٣٢٣ز) چەند بەرگێکی مێژووی ئازەربیجانی دیتبـوو کە تا روداوەکانی ساڵی١٥٤١ك/١١٤٦ز ی لەخۆ دەگرت [3].

ئەگەر ئەم مێژووانە مابوونایە ئەوا دەکرا گەلێك لایەنی شاراوەی رەوادییەکان روونتر بکرایەتەوە، بەڵام ئەو دەقە کەم و کورتانەی وا لە بەردەستدان، ئەوە دەسەلمێنن کە لە ساڵانی ناوەڕاستی سەدەی ٤ك/١٠ز هەدبانییەکان بەردی بناغەی نیمچە میرنشینێکیان داناوە کە لە سەدەکانی دوایی دا گەشەی کرد و بووە یەکێك لە هێزە ناوخۆییەکانی کوردستان.

زانیاری لەمەڕ چۆنیەتی دامەزراندن و ناسنامەی میری دامەزرێنەر کەمە و ئەوەی هەشە جۆرە ئاڵۆزیەکی تێدایە و دەگەڵ یەکدی تاڕادەیەك ناکۆکن، (إبن حوقل) لەمیانەی ناساندنی ئازەربـیجان، دووجار ناوی میر(أبو الهیجاء)ی هێناوە و دەڵێت: "ئاهر و وەرزقان[4] لە دەڤەرەکانی لە أبوالهیجاء إبن الرواد"، پاشان دەڵێت:ابوالهیجائی کوڕی رەواد-بێ ئەلف و لام- ساڵی٣٤٤ك/٩٥٥ز پەنجا هەزار دینار و دیاریی وەك باجی ئەو دەڤەرانەی بە دەستێوەیەتی دەدات بە مەرزەبانی کوڕی محەمەدی مسافری دەیلەمی(٣٣٠-٣٤٦ك/٩٤١-٩٥٧ز)[5].

لە هەواڵێکی دیدا کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی٣٤٩ك/٩٦٠ز دەردەکەوێت کە حوسینی کوڕی محەمەدی کوڕی رەواد، یەکێکە لە فەرمانڕەوایانی ئازەربـیجان و سەر بە مەرزەبانی کوڕی محەمەدی مسافریە[6].

---

(١) ئەدیب و نوسەر: (فخر الدین أبو الفضل إسماعیل بن المثنّی التبریزي الواعظ)، مجمع الآداب، ٢/٥٦٣-٥٦٤.

(٢) الوافي بالوفیات، ٤٨/١.

(٣) مجمع الآداب، ١٤٩/٥.

(٤) ئەم دوو شارۆچکەیە هەرماون و ئاوەدانن و دەکەونە باکوری رۆژهەڵاتی تەورێزەوە.

(٥) صورة الأرض، ص٢٨٩، ٣٠٣، النقشبندي، آذربیجان، ص١١٢.

(٦) تجارب الأمم، ٣٢٧/٥.

دەکرێت بە دڵنیاییەوە بـێژین ابوالهیجائی کوڕی رەواد و حوسینی کوڕی محەمەدی کوڕی رەواد هەریەك مین، چونکە دیاردەیەکی باوبوو کە هەرکەسایەتیەك بە ناوی باپیری یان باپیرەگەورەیەوە ناوبرێت[1].

ابوالهیجائی رەوادی لە سەرچاوە ئەرمەنیەکاندا وەك خاوەندی هیر و زاراواند ناوی هاتووە، کیسرەوی پێی وایە هیر شاری خوی یە و زاراوانديش دەکەوێتە ناوچەی سەلماسەوە[2].

کەچی بەگوێرەی نوسەری مێژووی دەربەند، محەمەدی کوڕی حوسێن یەکەم میری رەوادیە و سەرەتا تەنها ناوچەیەکی ئەرمینیای بەدەستەوەبوو، پاشان دوای زیندانیکردنی سالار مەرزەبانی مسافری لە نێوان ساڵانی(٣٣٧-٣٤٢ك/٩٤٨-٩٥٣ز) چەند شوێنێکی هەرێمی ئازەربیجانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، ئەمجا ساڵی ٣٤٥ك/٩٥٦ز شاری تەبەرێزی گرت و دیواربەندی کرد و کاروبارەکانی رێکخست و دوای پێنج ساڵ کردیە بارەگای خۆی و بەرەبەرە ناوچەکانی دەوروبەریشی خستەسەر[3].

مینۆرسکی و ئەحمەدی کیسرەوی بە پشتبەستن بە ئاخافتنی مێژوونوسی ئەرمەنی ئاسۆغیك پێیان وایە میر ابوالهیجاء حوسێن تا ساڵی٣٧٨ك/٩٨٨ز فەرمانڕەوا بووە و لەم ساڵە مردووە، وەلێ نەقشبەندی بە پشبەستن بە ئاخافتنی نوسەری مێژووی دەربەند پێیوایە کە پێش ساڵی ٣٧٣ك/٩٨٣ز مردووە، چونکە لەم ساڵەدا کوڕەکەی (ابو الهیجاء) محەمەد-مەملان[4] جێگای گرتۆتەوە[1].

---

(١) شهريان گُمنام، ص١٦٨، آذربيجان، ص١١٢-١١٤.

(٢) شهرياران گُمنام، ص١٦٨.

(٣) جامع الدول، ص٢٤١.

(٤) کیسرەوی لەمیانەی سووربوونی لەسەر رەتکردنەوەی کوردبوونی رەوادییەکان، دەڵێت وەهسودان و مەملان دوو ناوی دەیلەمین (شهرياران گمنام، ص١٨٢)و مینۆرسکی دەڵێت وەهسودان و مەملان و ئەحمەدیل ناوی ئێرانین (تأريخ قفقاز، ص١٦٥)، راستە یەکەمیان ناوێکی دەیلەمیە، هەرچەند وەهسودان، وەهشودان، وەسوان لەناو هەدبانییەکان باو بوو(تأريخ أربل، ١/٧٢، ٣٣٢)، وەلێ مەم، مەمێ، مەملان-مەمێ ئالان ناوێکی کوردیە و نووسەری مێژووی دەربەند وەك باسکرا دەڵێت مەملان شێوەی کوردیی ناوی محەمەدە، لە راستیدا

میر محەمەد- مەملانی کوڕی حوسێن کە ناوی لە سەرچاوەکاندا بە هەردوو شێوەکە هاتووە، ئەمیش هەر بە(أبو الهيجاء)ناودەبرا و توانیی سنوری خۆی بەرفراوان بکات و پاشماوەی مسافریەکان لەناو ببات و میر مەرزەبانی کوڕی ئیسماعیل دەسگیر بکات و بیخاتە زیندانەوە، تا وای لێهات تەواو دەستکراوە بێت و وەك گوزاشتێك لەم سەربەخۆیی و سەروەریە، رابوو دروای بە ناوی خۆیەوە لێدا و بۆ خۆشبەتی لێکۆڵەران، درهەمێکی بە یادگار ماوەتەوە[٢].

لە لایەکی دیەوە سەرچاوە ئەرمەنیەکان باسی هێرش و فراوانخوازیەکانی دەکەن بۆ سەر ئەرمینیا[٣]، تا لە ساڵی٣٩١ك/١٠٠١ز مرد و کوڕەکەی ئەبونەصر حوسین جێگای گرتەوە، ئەمیش تا ساڵی٤١٦ك/١٠٢٥ز میرایەتی کرد، تاکە سەرچاوەی ئەم زانیاریانەش مێژووی دەربەندە[٤].

## د- وەهسودانی کوڕی مەملان (٤١٦-٤٥٠ك/١٠٢٥-١٠٥٨ز):

ئەبومەنصور وەهسودانی کوڕی مەملانی کوڕی حوسێن، ناودارترین میری رەوادیە و دەنگوباسی لە سەرچاوە ئیسلامییەکانیش هاتووە و بە خاوەندی ئازەربیجان ناوبراوە، ئەو زۆربەی هەرێمی ئازەربیجان خستە سەر میرنشینەکە و بە رەزامەندیی خەلیفە( القائم بأمرالله:٤٢٢-٤٦٧ك/١٠٣١-١٠٧٤ز) بە فەرمانڕەوای تەورێز دانرا[٥] و کردیە پایەختی خۆی و لەلایەن دەسەڵاتدارانی بوەیهی و خەلیفەی عەباسییەوە بە فەرمی

---

مەملان ناوێکی بەکوردیکراوە و لە ناو کورد دا بۆ ناونان بەکارهاتووە و فەقێیەکمان هەیە لە هۆزی دونبوڵی بە ناوی (ابوالحسن رضوان بن إبراهيم بن مملان الكُردي:م ٥٤٣ك/١١٤٨ز)، السلفي، معجم السفر، ١٩٦/١، سەرەڕای (الحاجب مملان) لە دیوانی خیلافە لە بەغدا، ابن شاهنشاه، مضمار الحقائق، ص٢٠٦، ٢٠٩.

(١) شهریاران گمنام، ص١٦٤، تأريخ ققفقاز، ص١٧٤، ٢٤١، آذربيجان في العصر السلجوقي، ص١١٥.

(٢) Tim Wilkes, Islamic Coins and Their Values (London :2015) ,Volume 1, page 174.

(٣) بڕوانە: آذربيجان في العصر السلجوقي، ص١٢٠-١٢٤.

(٤) منجم باشي، جامع الدول، ص٢٤٢.

(٥) قزوینی، نزهة القلوب، ص١٢٢.

داننرا بە دەسەڵاتیدا و خوتبەشی بە ناو دەخوێندرایەوە و خۆی هەر بە مەولای دڵسۆزی خەلیفەی عەباسی دەزانی و لە فرمانی دەرناچوو و هەر لەسەر خواستی خەلیفە بوو دەگەڵ میر(أبوالهیجاء الهذباني)ی خوشکەزای پێکهاتەوە، گەڕیدە ناصری خوسرەو (م:٤٨١ك/١٠٨٨ز)سەردانی تەورێزی پایتەختی کردووە و دەڵێت ناوی میر وەهسودان لە خوتبەدا بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: (الأمیر الأجل سیف الدولة وشرف الملة أبو منصور وهسوذان بن محمد مولى أمیر المؤمنین)[١]، شاعیر قەترانی تەبریزیش بە(أمیر أجل) ناوی دەبات[٢].

وەهسودان وەك هەر میرێکی پایەدار و سەربەخۆ، خودانی دامودەزگای قەزائی و کاگێڕی و دارایی بوو و کارگێڕان و نوسەران و فەرمانبەران کاروباری میرنشینەکەیان رادەپەڕاند، بەڵام وەك نەقشبەندی دەڵێت لەمڕووە پێزانین یەکجار کەمە[٣]، وەلێ خۆشبەختانە شیاین نوسەرێکی بناسینەوە، ئەویش(أبو المظفر إبراهیم بن أحمد اللیث الأزدي)یە کە تا ساڵی٤٣٢ك/١٠٤٠ز نوسەری تایبەتی میر وەهسودان بووە و سەرپەرشتیی کاروباری دارایی و رێڤەبەریی میرنشینەکەی کردووە، لەمەش گرنگتر چیی بەدەم رێگای چوونی لە کوردستانەوە بۆ دیمەشق بینیوە و کێی لە زانایان و ئەدیبان چاوپێ کەوتووە، لە نامیلکەیەکدا وەك بیرەوەری یاداشتی کردووە، (ابن عساکر: م٥٧١ك/١١٧٥ز) نامیلکەکەی خوێندووەتەوە و بەگەندی دەکات، مخابن هیچ لەبارەی ئەم نامیلکەیەوە نازانرێت[٤].

### هـ- هەدبانییەکانی ئورمێ:

لەتەك میرنشینی رەوادی دا، ماڵباتی فەرمانڕەوای دیی هەدبانی هەبوون، لەوانەش ماڵباتی(ربیب الدولة الهذباني).

---

(١) سفرنامە، ص٣٠.

(٢) دیوان حکیم قطران تبریزی، ص١٤.

(٣) آذربیجان في العصر السلجوقي، ص٣٦١.

(٤) تأریخ دمشق، ٦/٢٦٤.

زانیاری دەربارەی ئەم لقەی هەدبانییەکان یەکجار کەمە و لە دوو سێ دەقی راگوزاری تێناپەڕێت، هەرچەند گومان لەوەدا نیە کە (ربیب الدولة) میرێکی دەستڕۆیشتوو و جێگای رازەمەندی و متمانەی خیلافەی عەباسی و شایەنی وەرگرتنی ئەم ناسناوە بووە و لەو ئاستەی دەسەلات بووە ببێتە زاوای میرانی رەوادی، ابو الهیجائی کوڕیشی پەرەی بە دەسەلات دا و زیاتر لە باوانی ناسرا و وەك میرێکی کاریگەری ناوچەکەی لێهات و دراوی بە ناوی خۆیەوە نەخشاند و دراوێکی دۆزراوەتەوە [1] و دەکرێت بڵێین ناوچەیەکی بەرفراوانی بەدەستەوە بوو کە لە ئورمێیەوە هەڵدەکشا تا قەلای بارگیری لە باکوری دەریاچەی وان لە ئەرمینیا.

بـیزەنتیەکان ناتەباهی نێوان میرانی هەدبانییان قۆزتەوە و بەدەنگ خواستی وەهسودانەوە چوون و ساڵی٤٢٥ك/١٠٣٤ز قەلای بارگیری یان داگیر کرد، هەواڵی ئەم دەستدرێژیە گەهێنرایە بەغدا و بووە مایەی دڵگرانی و ناڕەزایی خەلیفە(القائم)و یەکسەر داوای لە وەهسودان کرد دەگەڵ میری خوشکەزای پێکبـهێنەوە و خۆیان بۆ گرتنەوەی قەلای لەدەستدراو سازبدەن، ئەوانیش پێکهاتنەوە و لەشکرێکیان ئامادەکرد بۆ گرتنەوەی قەلاکە و خۆبەخشانیش بەشدارییان کرد و گەمارۆی قەلاکەیان دا، بەلام نەشییان مەبەست بپێکن و بـیزەنتیەکان قەلاکەیان قایمتر کردبوو [2].

پێدەچێت پاش(ابو الهیجاء)، جستانی برایی شوێنی گرتبێتەوە کە هیچ هەواڵێکی لەمەڕ نەهاتووە و شتێکی وای لەبارەوە نازانین تەنها هەندە نەبێت کە ئەمیش هاوتای میرە ناودارەکانی کوردستان، سەربەخۆ و پایەدار بووە و ناوی خۆی لەسەر دراوەکانی نەخشاندووە [3].

---

(١)Tim Wilkes, Islamic Coins and Their Values (London :2015) ,Volume 1, page 174.

(٢) الکامل، ٨/١٧.

(٣)Islamic Coins ,Volume 1, page 174.

**و- هێرشی تورکە غوزەکان بۆ سەر ئازەربیجان:**

لە نیوەی یەکەمی سەدەی ٥ك/١١ز، ئازەربیجان و هەرێمەکانی دیی رۆژهەڵاتی ئیسلامی توشی زنجیرەیەك هێرشی بەربڵاوی غوزە تورکەکان بوون[1] کە ساڵی ٤٢٩ك/١٠٣٧ز گەهیشتنە ئازەربیجان، میر وەهسودان بۆ هێورکردنەوەی غوزەکان و خۆپاراستنی وڵاتەکەی لە وێرانکارییان رێگای دانوستاندنی گرتەبەر و ژنێکی لێخواستن، لە راستیدا لە دۆزێکی باش نەبوو بشێت بەرەنگاری تەوژمی غوز بکات، چونکە وەك باسکرا نێوانی لەگەڵ میر أبو الهیجائی خوشکەزای لەوپەڕی ناخۆشیدا بوو.

بەڵام ئەم کارە نەبووە مایەی دەستبەرداریی غوز لە کردەوەی کوشتن و بڕین، ئەوەبوو شاری مەراغەیان وێران کرد و مزگەوتی گەورەی شاریان سوتاند و ژمارەیەکی زۆریان لە خەڵکی شارەکە و لە کوردانی هەدبانی کوشت، شەپۆلی هێرشەکانی غوز – ژمارەیان لەسەروی سی هەزار کەسەوە بوو- قەناعەتی بە میرانی هەدبانی هێنا ئەگەر یەکریز و تەبا نەبن هەرگیز لەم کارەساتە رزگاریان نابێت، ئەوەبوو خاڵ و خوارزا کە دیتیان توشی چ مەینەتیەك هاتوون، ئاشتبوونەوە و رێك کەوتن، هاوڵاتیانیش بەدەنگیانەوە چوون و پێکەوە لە غوز هاتنەدەست و تەنگیان پێهەڵچنین و تۆڵەیان لێکردنەوە و پەرتەوازەیان کردن، کۆمەڵێکیان پەلاماری ئەرمینیایان دا و کەوتنە کوشتن و تاڵانکردن و گەڕانەوە ئەورمیە، کوردانی سەر بە (ابو الهیجاء) ئەمجارەش لێیان هاتنەدەست و تێکهەڵچوون و ژمارەیەك لە هەردوولا بەکوشت چوون[2].

میر وەهسودان ئەمجارە بە شێوازێکی دی رەفتاری لەگەڵ غوز کرد و ساڵی ٤٣٢ك/١٠٤٠ز ژمارەیەکی زۆری لێ بانگهێشت کردنە خوانێك لە تەورێز و لەگەڵ ئامادەبوونیان، گەلێکی لێکوشتن و سی لە سەرکردەکانیانی دەستگیر کرد، غوزەکانی ئورمیە کە بەم کارەیان زانی یەکسەر لە شارەکە دەرکەوتن و روویان کردە کێوەکانی هەکاری[3].

---

(١) بۆ زیاتر پێزانین بڕوانە: آذربیجان في العصر السلجوقي، ص١٢٦-١٣٨.

(٢) الکامل، ٧/٤١٥-٤١٦.

(٣) الکامل، ٧/٤١٧-٤١٨، آذربیجان، ص١٣١-١٣٦.

شاعیری قەترانی تەبریزی کە دەیان قەصیدەی لە ستایش و پیاهەڵدانی وەهسودان و مەملانی کوڕی و میرانی دیی ڕەوادی داناوە، لە قەصیدەیەکدا باسی شەڕێکی دەکات دەگەڵ غوز و سەرکەوتنی بەسەریاندا[1].

میر وەهسودان تا ساڵی ٤٥٠ك/١٠٥٨ز لەسەر حوکم مایەوە و مەملانی کوڕی-مەملانی دووەم[2] بە ڕازەمەندیی سوڵتان توغرلبەگ(٤٢٩-٤٥٥ك/١٠٣٧-١٠٦٣ن)ی سەلجوقی شوێنی گرتەوە[3].

لە دەستپێکی سەردەمی سەلجوقی دا، (المؤتمن ابو الغنائم مسافر بن دهسوزان الکُردي) میرێکی خاوەند دیوەخان و ناسناوی میرایەتی و مرۆڤێکی خوێندەوار و ئەدەبدۆست بوو، شیعریشی دادەنا و هاونشینی کۆڕی ڕۆشنبیران و لانەوازان بوو و دیداری دەگەڵ سازدەدان و هاودەم و دۆستی شاعیر و نوژدار (ابن شبل: م٤٧٣ك /١٠٨٠ن)[4] بوو و ئەم دوو بەیتەی بۆ گوتووە:

یُعني البخیل بجمع المال مدته     وللحوادث والوراث ما یدع
کدودة القز ما تبنیه یهلکها     وغیرها بالذي تبنیه ینتفع[5].

ئەم میرە نەناسراوە دوور نیە هەر کوڕی میر وەهسودانی ڕەوادی بێت.

---

(١) دیوان حکیم قطران تبریزی، ص٩، ١٤-١٨، ٢٢-٢٨، ٣١-٣٣....

(٢) لە بەشی داهاتوو لەمەڕ دەرکەوتنی سەلجوقییەکان و لەناوچوونی میرنشینەکانی کوردستان دەدوێین.

(٣) الکامل، ١٩١/٨، جامع الدول، ص٢٤٢.

(٤) ناوی تەواوی: ابوعلي محمد بن الحسین بن عبدالله البغدادي.

(٥) ابن الفوطي، مجمع الآداب، ٥٧٦/٦.

## ٣_٤ شەدادییەکان (٣٤٠_٤٦٨ك/٩٥١_١٠٧٥ز) لە گەنجە و دوێن:

### أ_ محەمەدی کوڕی شەدادی ڕەوادی:

شەدادییەکان بنەماڵەیەکی کوردی هەدبانیین، بۆ پتر لە دوو سەدە و نیو فەرمانڕەوایی ناوچەگەلێکی سەر بە ئەرمینیا و ئالان- ئاڕانیان کردووە کە دەکەوتنە نێوان هەردوو ڕوباری کوڕ و ئاراسەوە و نەخش و کاریگەریی قوولیان بەجێهێشتووە لە مێژووی قەفقاسیای سەدەکانی ناوەڕاست و ئەڵقەیەکی بزری ئەو مێژووە پێکدەهێنن.

بایەخ و گرنگیی شەدادییەکان وەك مینۆڕسکی دەڵێت لەوەدایە کە ڕاستەوخۆ تێکەڵی و پەیوەندییان بە چالاکی و شەڕوشۆڕ و ئەو ئاشتی و ڕێککەوتنانەوە هەبووە کە لەگەڵ دەرهاوسێ مەسیحیەکان لە ئەرمەن و گورج و ئالان و رووس لە ئارادابووە[1].

مێژوونوسانی سەردەمی عەباسی دیرۆك و سەربوردەی شەدادییەکانی پشتگوێ خستووە و بە چەند کورتە هەواڵێك گوزارشتی لە سەروەرییەکانی ئەم بنەماڵە کوردە کردووە، بەڵام خۆشبەختانە وەك باسکرا مێژوونوسی عوسمانی موننەجم باشی لە کتێبی (جامع الدول)، پوختەی مێژووی شەدادییەکانی (باب في الشدادية) لە سەرچاوەیەکی ناوچەیی و هاوچەرخی میرانی شەدادی کە ساڵی٤٦٨ك/١٠٧٥ز نوسراوەتەوە، وەرگرتووە و مینۆڕسکی بە لێکۆڵینەوەی زانستی و لێدوانی وردەوە لە کتێبی (لێکۆڵینەوەگەلێك لە مێژووی قەفقاسیا) بڵاوی کردۆتەوە[2].

ڕەنگە یەکێك لە کێشەکانی ئاخافتن لەمەڕ شەدادییەکان لەوە دابێت کە کتێبی ناوبراو تاکە سەرچاوەی سەرەکی مێژووی میرنشینەکەیە و وا پێدەچێت نوسەرەکەی کورد بێت، بێگومان هەواڵەکانی نێو سەرچاوە ئەرمەنیەکانیش بە زەقی لایەنگرییان پێوە دیارە و نەبوونی سەرچاوەی دی کە گوزارشت لە دیدی هێزە ئیسلامییەکان بکات وا دەکات هەڵوەستە لەسەر ئەم هەواڵانە بکرێت.

---

(١) تأريخ قفقاز، ص٣.

(٢) تأريخ قفقاز، ص١١-٣٣.

به هەرحاڵ موننەجم باشی بە پشتبەستن بەو سەرچاوەیە، لە پێشەکی ئەو فەسڵەی بۆ شەدادییەکانی تەرخان کردووە دەنوسێت:

"بنەماڵەی شەداد فەرمانڕەوای ئاڕان- ئالان و پارچەیەك لە ئەرمینیا لە دە میر پێکدێن و وابزانم کوردن و بارەگای دەسەلاتیان بازێڕی دوبیل- دوێنە و پاشان جەنزە- گەنجەو سەرەتای دەرکەوتنیان ساڵی ٣٤٠ك/٩٥١ز یە و لەناوچوونیان ساڵی ٤٦٨ك/١٠٧٥ز یە و ماوەی میرایەتییان سەد و بیست و هەشت ساڵە"[١].

محەمەدی کوڕی شەدادی کوڕی قرطق- کورتەك بنیادنەری میرنشینەکەیە و میرانی شەدادی هەموو کوڕ و کوڕەزا و وەچەی ئەون و بۆیە بە بنەماڵەی شەدادی ناودارن.

چۆنیەتی جێگیربوونی محەمەدی کوڕی شەداد و هۆزەکەی لە دوێن و گەنجەی ئەرمینیا بە لێڵی ماونەتەوە، وەلێ هیچ گومانێك لە ئارادانییە کە کوردێکی ڕەوادییە و دوو لە نەوەکانی گەڕێندراونەتەوە سەر خێڵی ڕەوادی[٢].

مینۆڕسکی لەخۆیەوە و بەبێ بەڵگە وەك باسکرا، خزمایەتی شەدادییەکان بە ڕەوادییەکانەوە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت شەدادییەکان کوردی ڕەوادی - ڕەوەندین، وەلێ ڕەوادییەکان عەرەبن و دەربارەی ئەو دوو دەقەی کە میرانی شەدادیی بردۆتەوە سەر ڕەوادییەکان دەڵێت هەڵەی نوسەر یان ناسخی دەقەکانە کە ڕەوادی و شەدادیی تێکەڵ کردووە(؟)[٣].

ئەوەش بە دوور نازانین کە جۆرە نزیکایەتیەك هەبێت لە نێوان شەدادی باوکی محەمەد و میر شەدادی خاوەندی قەڵای حەسەنیە- زاخۆ کە بە گوتەی مێژوونوسێکی هاودەمی نزیکەی دە هەزار جەنگاوەری هەبوو و کەوتە بەر شاڵاوە بەرفراوانەکەی خەلیفە (المعتضد)و قەڵاکەی کاولکرا[٤].

---

(١) جامع الدول، ص١١.

(٢) الكامل، ٤٠٨/٨، ٤٥٧.

(٣) تأريخ ققفاز، ص٤٨.

(٤) تأريخ الطبري، ٤٠/١٠.

محەمەدی کوڕی شەداد لەو سەردار و سەرۆکهۆزە پایەدارانەی ئازەربیجان بوو کە سوودیان لە بەندکردنی مەرزەبانی کوڕی محەمەدی مسافری دەیلەمی وەرگرت کە لە نێوان سالآنی (٣٣٧-٣٤٢ك/٩٤٨- ٩٥٣ز) لای بوەیهییەکان بەند کرابوو و هەریەکە و دەڤەرێکی بۆخۆی دابڕی و ئەم سالّی ٣٤٠ك/٩٥١ز دەستی گرت بەسەر شاری دوبیل- دوێن دا و دانیشتوانەکەشی پێشوازیان لەم هەنگاوەی کرد و بەرەزامەندی خۆیان رادەستیان کرد تا بیان پارێزێت لە مەترسی و گێچەڵی شەڕانگێزانی دەیلەم.

مسافرییەکان خۆیان بە فەرمانڕەوای راستەقینەی وڵات دەزانی و ئەم کارەی میری شەدادییان بە دەستتێوەردان و زێدەگاڤی دانا بۆ سەر سەروەرییان، ئیبراهیمی کوڕی مەرزەبان کە جێگری باوکی بەندکراوی بوو، کاتێك بەم هەنگاوەی میری شەدادیی زانی، فەرمانی دا بە یەکێك لە لایەنگرە مەسیحیەکانی هێرش بکاتە سەر دوێن و دوورپێچی بکات و میری شەدادی دەرپەڕێنێت، ئەویش بە سوپایەکی پێکهاتوو لە ئەرمەن و لەگز و میللەتانی دیی مەسیحیەوە رووی کردە دوێن، میری شەدادییش دەستپێشخەریی کرد و بە پشتیوانی پیاوانی هۆزەکەیەوە لە شار بۆیان دەرکەوت و تێکی شکاندن و سەرکەوتووانە کشایەوە دوێن[1].

میری شەدادی دەیزانی هێزە مەسیحیەکانی ناوچەکە لە ئەرمەن و لەگز و رووس و گورج و ئالانی لە قۆڵێك و مسافرییەکان لە قۆڵێکی دیەوە هێندەی بۆیان بلوێت کار بۆ نابووتکردنی دەسەڵاتی دەکەن و بە هەر شێوازێك بێت دەخوازن دوێنی لەبن دەست دەربهێنن، بۆیە دوای سەرکەوتنی بەسەر ئەرمەن و لەگزەکاندا لەسەر داوای خۆی و هاریکاری و پشکدارییی خەڵکی دوێن قەڵایەکی قایم و پتەوی لە تەنیشت شار ئاواکرد و کردیە ماڵ و پایەگای خۆی و خزم و لایەنگرانی و لە کاتی تەنگانەدا و بۆ خۆپاراستن لە پەلاماری کتوپڕی نەیارانی بەکاریدەهێنا.

ئیبراهیمی کوڕی مەرزەبان ئەم کردەوەیەی میر محەمەدی بە رێگاخۆشکردن بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆ لێکدایەوە و بۆ جارێکی دی لەشکرێکی لە دەیلەم و کورد و تارمییەکان-خەڵکی قەڵای تارم - کۆکردەوە و رەوانەی دوێنی کردن، میری

---

(١) جامع الدول، ص١٥.

شەدادییش بەرگری لە خۆکرد، کەچی خەڵکی دوێن بەرگەیان نەگرت و پشتیان بەردا، ئەویش ناچار کشایەوە و خۆی لە قەڵاکە قایمکرد، پاش ماوەیەك خەڵکی دوێن لە ستەمی دەیلەمییەکان جاڕست بوون و داوایان لە میری شەدادیی کرد بگەڕێتەوە دوێن و پشتیوانی و گوێڕایەڵیی خۆیان بۆ نوێکردەوە، ئەویش گەڕایەوە دوێن و کاروبارەکانی رێکخستەوە دەستبەکار بوو[1].

مەترسیی هێرش و لەشکرکێشی بۆ سەر دوێن دوماهی نەهات، ئەم جارەیان بووە ئامانجی هێرشی ئەرمەن و لەگز بە سەرکێشیی خاوەندی جرزان لە ئەرمینیا، میری شەدادی لەم بەرەیەش بە سەرفەرازی هاتە دەرەوە و هەڕەشەی میللەتە مەسیحیەکانی ئەرمینیا و ئالانی رەواندەوە.

میر محەمەدی شەدادی کەسایەتیەکی چەلەنگ و چاونەترس بوو و بە پشتبەستن بە دڵسۆزی و لەخۆبوردەیی خزمان و پیاوانی هۆزەکەی لەوانەش برازاکەی شەرەفۆنی کوڕی عیسا شییا بەرسنگی هێرش و پەلاماری نەیارانی بگرێت و پێی خۆی لە دوێن قایم بکات و بەرنامەڕێژی بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی بنەماڵەکەی بکات.

مەرزەبانی مسافری ساڵی٣٤٢ك/٩٥٣ز لە زیندان ئازادکرا و بەو نیازەی سەرجەم ئەو ناوچانە بگێڕێتەوە کە لە کاتی بەندیدا لە دەستدرابوون کەوتەخۆ، ئەوەبوو بە راسپاردەی ئەو کۆمەڵێ دەیلەم گەمارۆی دوێنیان دا و بە هاوئاهەنگی و ئاسانکاری دەیلەمیەکانی ناو قەڵای دوێن گوشارێکی توندیان خستە سەر میری شەدادی و هەراسانیان کرد و ناچاریان کرد پەنا بباتە بەر قەڵاکەی خۆی، لەوێوەش بە خزموکەس و دارودەستە و کەلوپەلەوە دوێنی بەجێهێشت و پەنای بردە بەر خاوەندی شاری ئیسفرجان و داڵدەدرا، پاشان بەخۆی چووە لای بیزەنتییەکان و داوای کۆمەك و هاریکاری لێکردن تا بشێت دوێن بزڤڕێنێتەوە، بەڵام داواکاریەکەی پشتگوێخرا و بە نادڵی گەڕایەوە ئیسفرجان و ساڵی٣٤٤ك/٩٥٥ز بە دەربەدەری سەری نایەوە[2].

---

(١) جامع الدول، ص١٦.

(٢) جامع الدول، ص١٨-١٩.

کورد هەر لە سەرەتای ئاشنابوونی  بە عەرەب و ئیسلامەوە، ناوی محەمەد یان دەکرد بە مەم- مەمێ، بۆیە محەمەدی کوڕی شەدادیش بە مەمێ و بنەماڵەکەشی بە مەمان-مەمێیان ناودەبران و میر فەزڵونی کوڕی محەمەد لە لایەن دۆستێکیەوە بە فەزڵونی کوڕی مامان- مەمان ناوبراوە[1]، مێژوونوسی ئەرمەنی ڤارتان- سەدەی٧ك/١٣ز- یش هەر بە مەم ناوی هێناوە، وەلێ وایزانیوە مەم  واتای دایکە و دەڵێت  لەشکری و مەرزەبان و فەزڵون کوڕانی محەمەدی شەدادی  هەرسێکیان  بە یاوەریی دایکیان(!) لە ئێرانەوە هاتوون و چوونەتە خزمەتی گریگور خاوەندی دەڤەری ڤاریسۆس، پاشان دایکیان(!)لە خزمەتی گریگۆر بەجێهێشتووە و دەستیان گرتووە بەسەر قەڵای شمێران؟و بەشێك لە خاکی ئازۆ دا، پاشان بە نامەی دۆستایەتیەوە میری گەنجەیان فریودا  و بە فێڵ و تەڵەکە کوشتیان و دەستیانگرت بەسەر شارەکەدا و فەرمانڕەوای خۆیان تێدا دامەزراند، ئەحمەدی کیسرەوی گومانی لە راستی ئەم ئاخافتنە هەیە و رەخنەی لێ دەگرێت و دەڵێت  بە مەبەستی شکاندن و لەکەدارکردنی سێ کەسی موسڵمان هەڵبەستراوە[2].

### ب-شەدادییەکان دوای مردنی میری دامەزرێنەر:

دوای مردنی میر محەمەد هەرسێ کوڕەکەی: لەشکری و فەزلێ - فەزڵون و مەرزەبان  و ئەندامانی هۆزەکەی پەرتەوازە بوون، کوڕە گەورەکەی لەشکری جێگای گرتەوە و کاروباری هۆزەکەی گرتەدەست و مەرزەبانیش پەیوەندیی کرد بە خاوەندی (دير الزور) لە شام، فەزڵونیش پەنای بردە بەر(نجا السيفي) بەندەی (سيف الدولة)ی حەمدانی(٣٣٣-٣٥٦ك/٩٤٥-٩٦٧ز) میری حەلەب و دە ساڵێك  لە لای مایەوە تا نێوانی (نجا السيفي) و(سيف الدولة) تێکچوو، خاوەندی مێژووی دەربەند دەڵێت فەزڵون تا ساڵی٣٥٦ك/٩٦٧ز لەکن (نجا السيفي)مایەوە، بەڵام لە راستیدا ناوبراو  لە میری حەمدانی  هەڵگەڕایەوە و

---

(١)  کيكاوس بن اسکندر بن قابوس، قابوسنامە(کتاب النصيحة)، الترجمة العربية (القاهرة :١٩٥٨)، ص١٩٤.

(٢) شهرياران گمنام، ص٢٦٦، آرام تيرغيفونديان، دراسات إستشراقية، ص٢٥٤.

دەستی گرت بەسەر میافارقین و خەلات و موش و مەنازگەرد دا، پاشان ساڵی ٣٥٤ك /٩٦٥ز بە دەستی حەمدانییەکان لە میافارقین لەناو بردرا[١].

بە هەرحاڵ دوای کوژرانی (نجا السیفي) فەزلۆن گەڕایەوە لای براکانی و لەگەڵ دارودەستەو لایەنگرانی رووی کردە گەنجە کە لەلایەن والییەکانی سەر بە مسافرییەکانەوە بەڕێوە دەبرا و لە دەروازەی شار جێگیر بوو، بەپێی گێڕانەوەی مێژووی دەربەند، فەزلۆن بە ئازایەتی و لێهاتوویی خۆی وگوێڕایەڵی لایەنگرانیەوە توانییان پارێزگاری لە گەنجە بکەن و هێمنی و تەناهی بۆ بگەڕێننەوە و هەڕەشە و مەترسیی لەسەر نەهێڵن، بۆیە خەڵکی شار داوایان لێکرد ئەرك و کاروباری شارەکەیان بگرێتە دەست، پاشان لەسەر داخوازی و سوربوونی فەزلۆن، لەشکری و پاشماوەی شەدادییەکان کۆچیان کرد بۆ گەنجە و هەردوو برا بە هاوکاری و یارمەتی کەسایەتیەکی دەسترۆیشتوی گەنجە والیی شارەکەیان دەستبەسەرکرد و بەم شێوەیە لە دەورووبەری ساڵی٣٦٠ك/٩٧١ز دەسەڵاتیان لە گەنجە گرتەدەست و لەشکری بوو بە میر.

هەوڵەکانی ئیبراهیمی کوڕی مەرزەبانی مسافری(٣٤٩_٣٥٥ك/٩٦٠_٩٦٦ز) لە پێناو گرتنەوەی گەنجە و لەباربردنی دەسەڵاتی شەدادییەکان سەریان نەگرت و ناچار لە گەڵیاندا پێکهاتەوە وگەڕایەوە ئەردەبیل[٢].

لەشکری رەوشی ئاڵۆزی مسافرییەکانی لەدەست نەدا و ناوچەکەی لە پاشماوەی دەیلەمیەکان پاککردەوە و بۆ جارێکی دی سەروەری بۆ شەدادییەکان گەڕاندەوە، ئەمجارەیان لە گەنجە بەردی بناغەی قەوارەیەکی سیاسی دانا و لە ماوەیەکی کورتدا سنوری قەڵەمڕەوی بەرفرەکرد.

لەشکری درکی بە ئازایەتی و خۆشمێریی فەزلۆنی برای کردبوو و دەیزانی رابوونەوەی بنەماڵەکەیان هەر لە سۆنگەی جەربەزەیی و بوێریی ئەوەوە بووە و شایەنی ئەوەیە ببێتە جێگری و بەرژەوەندیی شەدادییەکانیش وا دەخوازێت، کەچی کاتێك لەشکری لە ساڵی ٣٦٨ك/٩٧٨ز مرد، براکەی دیکەی: مەرزەبان کرایە جێنشینی چونکە جێگای رەزامەندی

(١) الكامل، ١٥/٧.

(٢) جامع الدول، ص١٩_٢٢.

دایکیان بوو و داروده‌سته و که‌سانی ده‌رباریش هه‌ر ئه‌ویان لا په‌سندتر بوو، ئه‌م کاره‌ش بوو به مایه‌ی دووبه‌ره‌کی نێوان ماڵباتی فه‌رمانڕه‌وا و ئه‌مانیش به ده‌ستوری زۆربه‌ی ده‌وڵه‌ت و میرنشینه‌کانی جیهانی ئیسلامی له دیارده‌ی دووبه‌ره‌کی و خۆکوژی به‌ده‌رنه‌بوون و ئه‌م په‌تا کوشنده‌یه ئه‌مانیشی گرته‌وه، فه‌زڵون به‌دکرداری و بێئه‌زمونیی مه‌رزه‌بانی برای کردبووه به‌هانه و چاوه‌ڕێی ده‌رفه‌تێکی ده‌کرد تا له‌ناوی ببات، له ڕۆژێکی ساڵی٣٧٥ك/٩٨٥ز و له کاتێکدا مه‌رزه‌بان سه‌رقاڵی نێچیرڤانی بوو، فه‌زڵون فرسه‌تی لێ هێنا و بێ سڵه‌مینه‌وه کوشتی.

### ج- میر فه‌زڵونی کوڕی محه‌مه‌د(٣٧٥-٤٢٢ك/٩٨٥-١٠٣١ز):

میر (أبو المظفر) فه‌زڵون دوای ئه‌م که‌تنه‌ی، ده‌موده‌ست گه‌ڕایه‌وه گه‌نجه و بێ ئه‌وه‌ی که‌س به‌م کرده‌وه‌یه‌ی بزانێت، شێروینی برازای ده‌ستگیر کرد و ده‌روازه‌کانی شاری داخست و میرایه‌تیی خۆی راگه‌یاند.

فه‌زڵون هه‌رچه‌ند نامیهره‌بانی نواند و به ناڕه‌وایی و به نوکی نێزه‌که‌ی ده‌سه‌ڵاتی گرته ده‌ست، به‌ڵام هه‌ر زوو زیره‌کی و لێوه‌شایی خۆی سه‌لماند و ستونه‌کانی میرنشینه‌که‌ی پته‌و کرد و سنوره‌که‌ی فراوان کرد و کردی به هێزێکی هه‌رێمیی کاریگه‌ر و به کرده‌وه سه‌لماندی که شایسته و هه‌ژیی ئه‌وه‌یه ببێته میر و ڕێبه‌ری شه‌دادییان و ده‌کرێت به دامه‌زرێنه‌ری راسته‌قینه‌ی میرنشینی شه‌دادی دابنرێت و به‌رده‌وام به ناوی جیهاده‌وه شاڵاوی ده‌برده به‌ر ئه‌رمه‌نه‌کان و گورجه‌کان و تالانی ده‌کردن.

له سۆنگه‌ی جموجۆڵ و تێکۆشانی بێوچانی له که‌وشه‌ن و خاڵه سنوریه‌کاندا، وه‌ك موجاهید و غازییێك ناوی له دنیای ئیسلام ده‌رکرد و یه‌که‌م میری ناسراوی شه‌دادیه لای مێژوونوسانی موسڵمان و به خاوه‌ندی ئه‌رمینیا و ئالان ده‌ناسرا(١).

ساڵی٣٨٣ك/٩٩٣ز به‌رده‌عه و به‌یله‌قانی خسته ژێر قه‌ڵه‌مڕه‌وی خۆیه‌وه که له گه‌وره‌ترین و ناودارترین شاره‌کانی هه‌رێمی ئاڕان بوو و ساڵی٤١٨ك/١٠٢٧ز به‌رپه‌چی هێرشی به‌رباڵوی شاهی ئه‌بخازیای دایه‌وه و له وڵات وه‌ده‌ری نان(١).

---

(١) الفارقي، تأريخ ميافارقين، ص٤٨١، ٥٠١.

جێگای ئاماژەیە سەرچاوە ئەرمەنیەکان زانیاری و دەنگوباسی گرنگ و دەگمەن لەخۆ دەگرن لە مەڕ میرانی شەدادی بەتایبەت فەزڵۆن و شاوور- شاپوری کوڕی، مێژوونوسی ئەرمەنی ڤارتان بە چاوێکی نەیارانە دەڕوانێتە فەزڵۆن و وەك میرێکی موسڵمان لە کردەوە ناشایستەکانی دەرهەق ئەرمەن دەدوێت و دەڵێت فەزڵۆن سێسەد هەزار درهەم وەك باج لە ئەرمەنەکان وەردەگرێت(٢).

هەڵکەوتەی جوگرافی قەڵەمڕەوی شەدادییەکان و دەرهاوسێیەتیان لەگەڵ هێز و دەوڵەتە نائیسلامییەکان لە رووس و ئەرمەن و گورج و لەگز و ئەبخاز، وای لە میری شەدادی دەخواست پەیوەندی دۆستانە دابمەزرێنێت لەگەڵ هێز و دەوڵەتە موسڵمانەکان، لەوانەش هەردوو میرنشینی مەروانی و رەوادی، سەبارەت پەیوەندیی لەگەڵ میرنشینی مەروانی لە سەردەمی فەزڵۆن، هەرچەند زانیاری پێویست لەبەردەست نیە وتەنها ئەوەندە ئاشکرایە کە خزمایەتی و ژنخوازی لەنێوان هەردوولا لە ئارادابوو، میر ئەحمەدی کوڕی مەروان(٤٠١-٤٥٣ك/١٠١٠-١٠٦١ز) کچێکی میر فەزڵۆنی خواستبوو(٣)، هەر لەم چوارچێوەیەدا میرێکی شەدادی بە ناوی داودی کوڕی لەشکریی کورتەکی لە پیاوانی دەرباری مەروانییەکان بوو، کە بە ناوەکەیەوە دیارە کوڕی میر لەشکریی کوڕی فەزڵۆنە(٤).

هەرچی پەیوەندییشە لەگەڵ میرانی رەوادی، ئەوا هەرچەندە پسمامی یەکترن، بەڵام هێشتا وەك پێویست نەبوو، شاعیری دەرباری رەوادی قەترانی تەبریزی لە شیعرێکدا لە ستایشی میر مەملانی رەوادی ئاماژە بە هاوپەیمانیی دەدات دەگەڵ میر فەزڵۆن لە شەڕی ئەرمەن وگورجدا و دەڵێت:

---

(١) جامع الدول، ص٢٤.

(٢) شهریاران گمنام، ص٢٦٩، تأريخ ققفاز، ص٥٤.

(٣) فارقی بە هەڵەدا چووە و میر فەزڵۆنی کردووە بە فەزڵۆنی کوڕی مەنوچەهر. تأريخ ميافارقين، ص٤٨١، ٥٠١.

(٤) داود بن الشكري- لشكري-القرطقي، تأريخ ميافارقين، ص٤٨١، ٥١٩.

لشكر فضلون همانجاگر فكنده در قضا

شاه خصمان رافكند و خصم ياران رافكند[1].

شەڕ و پێكدادانی بەردەوامی میر فەزڵون لەگەڵ ئەرمەن و خەزەر و گورجەكاندا كە مۆركی جیهادیان پێوە لكابوو، ناوبانگێكی باشیان بە میری شەدادی بەخشی، هەواڵ و دەنگدانەوەی چالاكیەكانی دەماودەم دەگەهیشتنە بەغدا و خەلیفەی عەباسی گوێبیستی دەبوون، بەتایبەت هەواڵی ئەو جەنگە خوێناوییەی كە ساڵی٤٢١ك/١٠٢٩ز بەرپابوو، سەرەتا میری شەدادی پەلاماری وڵاتی(الكرج)[2]ـگورجستانی دا و دەستكەوت و تاڵانێكی زۆری لێگرتن، كەچی لە رێگای كشانەوەیدا كەوتە بۆسەی گورجیەكان و كوتوپڕ گەمارۆیاندا و كەوتنە كوشتن و بڕین و تاڵانكردن و هەزاران جەنگاوەر و خۆبەخشیان كوشت و دیلكرد و هەرچی دەستكەوت و تاڵانی هەبوو گەڕاندیانەوەو ئۆردووی فەزڵونیشیان بەتاراج برد[3].

شایەنی ئاماژەیە مێژوونوس جوانشێر دەڵێت باگارات شاهی گورجستان و ئەبخاز هاواری بۆ گاگیكی شاهی ئەرمینیا برد تا فریای بكەوێت و بە هیمدادیەوە بێت، ئەویش بە لەشكرێكەوە فریای باگارات كەوت و لە گەنجە زیانێكی گەورەیان گەیاندە فەزڵون و تاڵانیەكی زۆریان چنگكەوت[4].

فەزڵون خۆی بە میرێكی تەواو سەربەخۆ دەزانی و وەك گوزارشتێك لەم راستییە دراوی تایبەتی لێداوە و ناوی خۆی لە سەر نەخشاندووە بێ ئەوەی ناوی دەسەڵاتدارێكی لە خۆ باڵاتری لەسەر نەخشاندبێت و دانی پێدا نابێت، لە دراوێكدا ناو و ناسناوی بەم شێوەیە هاتووە:(الأمير السيد المنصور فضل بن محمد بن شدادان)، هەروەها پردێكی گەورەی

(١) شهرياران گمنام، ص٢٧٣.

(٢) لە دەقە عەرەبییەكان بە(الخزر) هاتووە و كیسرەوی و مینوڕسكی خەزەر(الخزر)یان بە جورز(الجرز) خوێندۆتەوە كە مەبەست هەر گورجە(الكرج).

(٣) ابن الجوزي، المنتظم، ١٥/٢٠٧-٢٠٨، ابن الأثير، الكامل، ٧/٤٣٥.

(٤) شهرياران گمنام، ص٢٧٣.

لەسەر روباری ئاراس بنیاتنا و مینۆرسکی دەڵێت شەدادییەکان سێ قەڵایان لەسەر کەناری هەردوو روباری ئاراس و کورِ ئاوا کردووە[1].

میر فەزلۆن پاش نزیکەی نیو سەدە فەرمانڕەوایی، ساڵی٤٢٢ك/١٠٣١ز مرد و (أبوالفضل) موسای کوڕی جێگای گرتەوە و ئەمیش بۆ ماوەی سێ ساڵان حوکمی کرد، تەنها ئەوەندە لە بارەیەوە دەزانرێت کە بەرگەی لەشکرکێشیەکی روسەکانی گرت لە نزیك شاری باکۆ و تێکیشکاندن و لە سنوری خۆی دەری پەڕاندن و ساڵی٤٢٥ك/١٠٣٤ز لە لایەن لەشکریی کوڕیەوە کوژرا[2].

## د-لەشکریی کوڕی مووسا (٤٢٥-٤٤١ك/١٠٣٤-١٠٤٩ز):

نوسەری مێژووی دەربەند سەرپێیانە لەمەڕ لەشکریی دووەم دەدوێت و بەچەند دێرێك باس لە سەردەمی دەکات و دەڵێت بەدکار بوو و رۆژگاری حوکمی ئاڵۆز و پڕئاشوب بوو و خەڵکی هەرگیز نەحەسانەوە، دیارە ئەم هەڵوێستەیشی لە سۆنگەی ئەوەوەیە کە لەشکریی باوکی خۆی کوشتووە و دواتریش کەنیزەیەکیی خواستۆتەوە[3].

ئەمە لە کاتێکدا قەترانی تەبەریزی پازدە شازدە قەصیدەی لە ستایشکردن و پیاهەڵدانیی داناوە و یەکەم قەصیدەی دیوانەکەی لەمەڕ ئەوە[4]، لە قەصیدەیەکیان ئەو راستیە دەدرکێنێت کە میر لەشکری، لەسەر رێچکە و سیاسەتی میر فەزلۆنی باپیری رۆیشتووە و درێژەی بە جیهاد داوە دژی ئەرمەن و گورج و خەزەر و بگرە تۆڵەی باپیری و میر مەملانی رەوادیی لێکردونەتەوە و گورزی کوشندەی تێ سرەواندوون و دەڵێت:

بآفتاب بر آورد أفسر إسلام
به زير خاك فرو برد رايت كفران
خدايگان بزمانى ز كافران بستند

---

(١) تأريخ قفقاز، ص٤٩.

(٢) جامع الدول، ص٢٤-٢٥.

(٣) جامع الدول، ص٢٥.

(٤) ديوان حكيم قطران، ص١-٢.

بتيغ كينه فضلون و كينه مملان[1].

لەمەش گرنگتر لەشكری بە چەشنی فەزڵون دراوی لێداوە و چەند نمونەیەكی تا هەنوكە ماونەتەوە و ناو وناسناوی خۆی (الأميرالأجل علي بن موسى اللشكري) لەسەر نوسراوە، یەكێكیان مێژووی٤٣١ك/١٠٣٩ز پێوەیە[2].

بەپێی مێژووی دەربەند، لەشكریی دووەم پاش پازدە ساڵ میرایەتی لە ساڵی٤٤١ك/١٠٤٩ز مردووە و نەوشیروانی كوڕی جێگای گرتۆتەوە، راستیەكەی ئەوەیە غوزە توركەكان ساڵی٤٣٩ك/١٠٤٧ز بە سەركردایەتی قتلمش- باوكی سلێمانی كوڕی قتلمش- گەهیشتنە گەنجە و بۆ ماوەی ساڵ و نیوێك گەمارۆیاندا و لەو ماوەیەدا لەشكری مرد و نەوشیروانی كوڕ و جێنشینی بە دیلی كەوتە دەستی توركان تا شاووری[3] كوڕی فەزڵون لە شەمكورەوە هات و گەمارۆی شكاند و گەنجەی گرت و نەوشیروانی برازای لە دیلی ئازاد كرد[4].

## هـ- شاووری كوڕی فەزڵون(٤٤١-٤٥٩ك/١٠٤٩-١٠٦٧ز):

شاوور(أبوالاسوار) هاوچەشنی باوكی میرێكی بەتوانا و هەڵكەوتوو بوو، هێزی شەدادییەكانی گەڕاندەوە دۆخی جارانیان و وزەی بەبەر میرنشینی شەدادی هێنایەوە و ژیاندیەوە، بێوچان لە شەڕ و تێكهەڵچوون بوو لە دژی گورج و ئەرمەن و ئالانی و رووم و لەگزیدا[5]، ئەمانە بەیناوبەین هێرشیان دەهێنا و خاكی شەدادییان دەخستە مەترسیەوە، لە مێژووی دەربەند دا بە غازی و میری موجاهیدان ناوبراوە و مادتیوس ئورهایتس (متى الرهاوي) بە میری مەزنی ئێرانییان وەصفی دەكات[6]، میرێكی هاودەم و هاوخەباتیشی

(١) ديوان حكيم قطران، ص٣٣٩-٣٤١، شهرياران گمنام، ص٢٧٣.

(٢) تأريخ قفقاز، ص٦٥.

(٣) شاوور- شاپور لە چەند شێوە زارێكی زمانی كوردیدا دەنگی (ب) دەگۆڕدرێت بۆ (و)، وەك بەهرام- وەرام، بەهار- وەهار، شاپور- شابور- شاوور.

(٤) تأريخ العظيمي، ص٣٣٨-٣٣٩، الحسيني، زبدة التواريخ، ص٥٧.

(٥) مؤلف مجهول، فصول من تأريخ الباب، ص١١.

(٦) تأريخ قفقاز، ص٥٩.

دەڵێت: "شاوور پیاوێکی سەنگین و هۆشمەند و شاهێکی مەزن و شکۆمەند و دادپەروەر و ئازا و زمانڕەوان و دووربین بوو، مەرجەکانی میرایەتیی تێدا هەبوو"[١].

میر شاوور ئەو پایەگا و قەڵایانەی لە ئەنجامی هێرشەکانی غوز و فراوانخوازیی هێزە مەسیحیەکان و بـێدەسەلاتی نەوشێروان لەدەست درابوون، هەموو گەڕاندەوە و یەك بەیەك تۆژەنی کردنەوە و نەوشیروان و داروەدەستەکەی دەستبەسەر کرد، هەروەها وەك باب و باپیرانی دراوی بە ناوی خۆیەوە لێداوە و لە دراوێکدا بە (الأمیر الجلیل شاور بن الفضل شداد) ناوی هاتووە[٢].

لە لایەکی دیەوە میر شاوور لە رۆژگاری فەزلۆنی باوکیەوە و لە ساڵی ٤١٣ك/١٠٢٢ز یەوە فەرمانڕەوا و جێگری دوین بووە و سەرچاوە ئەرمەنیەکان پتر لەو دەدوێن و دەگمەن ناوی میر لەشکری دێنن[٣].

لە ساڵی ٤٤٥ك/١٠٥٣ز بە شەڕ جورزیەکانی لە قەڵای بسرە- نسرە دەرپەڕاند و بە جەنگاوەر و چەك و تفاق قایمی کرد و پێداویستیەکانی بەرگری بۆ دابـین کرد، ئەبونەصر ئەسکەندەری کوڕیشی رەوانەی دوێن کرد و کردیە جێگری خۆی. هەروەها ساڵی ٤٥٥ك/١٠٦٣ز شاری گەنجەی دیواربەند کرد و شورایەکی پتەوی بنیاتنا و دەرگای ئاسنینی بۆ دانا و بە دەوری شوراکەشدا کەندێکی قووڵی هەڵکەند، نەبادا لەپڕ ببـێتە ئامانجی نەیارانی لە هێزە مەسیحیەکان و ناوی بەم شێوەیە لەسەر دەرگاکە هەڵکۆڵراوە:

"مولانا الأمیر السید الأجل شاور بن فضل أدام الله سُلطانه..."[٤].

ئەم شەڕ و هێرشانەی میر شاوور و میرەکانی دیکەی شەدادی، مۆرکی غەزا و جیهادی هەڵگرتبوو، بۆیە میران و دەسەڵاتدارانی ناوچەکەش بەشدارییان تێدا دەکرد[١]، هەروەها سەرچاوەکان ئاماژە دەدەن بە هێرشێکی بۆ سەر وڵاتی شێروان لە سەرەتای ساڵی ٤٥٦ك /١٠٦٤ز و بەشداریی لە شاڵاوی سەلجوقییەکان بۆ سەر ئەرمینیا[٢].

---

(١) کیکاوس بن أسکندر، قابوسنامه(کتاب النصیحة)، الترجمة العربیة، ص٧٢.

(٢) تأریخ قفقاز، ص٦٦.

(٣) شهریاران گمنام، ص٢٨٥-٢٨٦.

(٤) جامع الدول، ص٢٧-٢٨، ألکساندر خاچادوریان، دیوان النقوش العربیة في أرمینیة، ص١١٧.

له بەرانبەردا، هەر وەختێك ئەرمەن بەسەر میری شەدادی سەربكەوتنایە یان شارێكیان لەدەست دەربهێنایە، ئەوا لایان دەبووە ڕۆژی خۆشیی سەركەوتن و ئاهەنگیان دەگێڕا و گەورە پیاوانی ئاینیش بەشدار دەبوون[3] .

شاوور لە مانگی(ذي القعدة)ی ساڵی٤٥٩ك/ئەیلولی١٠٦٧ز لە گەنجە مرد و لە مزگەوتی گەورەی شار هاتە ڤەشارتن و پێنج كوڕ و كچێكی لەدوا بەجێما و كوڕە گەورەكەی فەزڵ-فضل(٤٥٩-٤٦٦ك/١٠٦٧-١٠٧٣ز) بۆ كێشە و ئاریشە جێگای گرتەوە و هەمووان پەسندیان كرد[4]، ئەویش درێژەی بە شەڕی جیهاد دا[5].

## ٤٤- هەدبانییەكانی هەولێر(٣٨٧-٥٢٢ك/٩٩٧ - ١١٢٨ز):

### أ- ابوالهیجاء موسەكی كوڕی چەكۆ و سەرەتای دەسەڵات:

سەرباری هەردوو بنەماڵەی شەدادی و ڕەوادی و هەدبانییەكانی ئورمیّ، بنەماڵەیەكی دیكەی هەدبانی لە قەڵای هەولێر و پێدەشتەكانی دەوروبەری، دەسەڵاتێكی خۆجێهیی دامەزراند كە هەرچەند درەنگتر دەركەوت و بۆ دوا چارەكی سەدەی چوارەمی كۆچی /دەهەمی زایینی دواكەوت، وەلیّ لە رووی قەبارە و هێز و شیانەوە، هیچی لەوانەی دی كەمتر نەبوو.

أبو الهیجاء موسەكی كوڕی چەكۆ- چەكۆیە، یەكەم میری ناسراوی هەدبانییەكانی هەولێرەو بە دوری نازانین میری دامەزرێنەرییش بێت، ئەو دوو سێ ئاماژە كورتەی وا لەبارەیەوە هاتوون، باهی ئەوە هەن بیسەلمێنن كە دەسەڵاتدارێكی ناوخۆیی پایەبەرز و خاوەندی هێزی چەكدار بووە و خزمایەتی دەگەڵ عەرەبە عەقیلییەكان كردووە و

---

(١) قابوسنامه(كتاب النصيحة)، ص٧٣.

(٢) فصول من تأريخ الباب، ص١١، آرام تيرغيفونديان، دراسات إستشراقية، ص٢٥٥.

(٣) تأريخ متى الرهاوي، ص٢٣٨.

(٤) جامع الدول، ص٣٠-٣١.

(٥) فصول من تأريخ الباب، ص١١.

خوشکێکی خۆی داوە بە میر(المقلد بن المسيب:٣٨٦-٣٩١ك/٩٩٦-١٠٠١ز) میری موصلٚ[١].

لە هەمان دەمدا، سەرکردیەك بە ناوی جوبرائیلی کوڕی محەمەد بە هاریکاری و کۆمەکی میر موسەك توانی ساڵی٣٨٧ك/٩٩٧ز بازێڕی داقوق بگرێت[٢].

دیارە میر موسەك پەیوەندیی لەگەڵ خەلیفە و دەسەڵاتدارانی بەغدا خۆشبووە و بە چەکدارە کوردەکانیەوە سەردانی بەغدای پایتەختی کردووە و سەرنجی خەڵکییان راکێشاوە، بە دووریش نازانرێت خەلیفە دانی نابێت بە دەسەڵاتی[٣].

زانیاریی دیمان دەست نەکەوت سەبارەت بەم میرەی هەولێر و نازانرێت تا کەنگی میر بووە و کێ جێگای گرتووەتەوە و بەسەرهاتی نیو سەدەی مێژووی هەدبانییەکان (٣٨٧-٤٣٧ك/٩٩٧-١٠٤٥ز) بە لێڵی ماوەتەوە.

لە هەواڵێکدا هاتووە کە(أبو الهيج الكُردي) لە موریدانی پیاوچاك ئەبوعەلیی قومسانی (م:٣٨٧ك/٩٩٧ز) بووە[٤] و بەتەما بووە زیارەتی شێخەکەی بکات و بۆی نەلواوە و دەمێك زانیویەتی نەخۆشە، کەوتووەتە رێ بۆ خزمەتی و بەدەم رێگاوە هەواڵی مردنیی پێگەهیشتووە[٥]، ئەم کەسە کە هاوکونیە و هاودەمی میر أبو الهيجاء موسەکی هەدبانییە، رەنگە مەبەست هەر ئەو بێت، (أبو الهيج)یش کونیەیەکی میرایەتیە نەك ئایینی و زانستی.

---

(١) إبن خلكان، وفيات الأعيان، ٥/٢٦٤.

(٢) الكامل، ٧/٢٢٨.

(٣) الآبي، نثر الدر في المحاضرات، ٧/٢٠٠. ئەم (ابو الهيجاء)ی لەم هەواڵە هاتووە دەکرێت بە (ابو الهيجاء الحمداني:م٣١٧ك/٩٢٩ز)یش دابندرێت کە نزیکەی سەدەیك زووتر ژیاوە و هاموشۆی بەغدای دەکرد و بەشێکی هێزەکەی لە کوردانی خاڵوانی پێکدەهات.

(٤) ناوی تەواوی: الزاهد أَبُوعَلِيّ أحمد بْن مُحَمَّد بْن عَلِيّ بْن مَرْدُئن القومساني النَّهاوَنْدي.

(٥) الذهبي، تأريخ الإسلام، ٢٧/١٣٤.

دوای نیو سەدە بێدەنگی، سەرچاوەکان دەگەڕێنەوە و دەری دەخەن کە خاوەندی هەولێر لە ساڵی٤٣٧ك/١٠٤٥ز میر شرف الدین عیسای کوڕی موسای هەدبانیی برازای میر موسەکە.

هەدبانییەکانی هەولێر، هاوشێوەی هەموو بەرەبابە پایەدارەکانی ئەو رۆژگارە، گیرۆدەی تەنگەژەی ناوخۆیی بوونەوە و دیاردەی براکوژی و خۆخۆری بەرۆکی ئەمانیشی گرت کە دوورنیە دوای مردنی موسەکی کوڕی چەکۆ سەری هەڵدابێت و ئەم دیاردەیە گەلێك جاران دوای مردنی میری کاربەدەست نوێ دەبووەوە و میراتگرانی لە کوڕ و برا و برازا و ئامۆزا، لەسەر میرات و جێنشینی دەبووە هەرایان و دەکەوتنە وێزەی یەکدی و درێغییان ناکرد لە کوشتوبڕی رکابەر و نەیارانیان.

ئەوەبوو کوڕ و برازاکانی میر موسەك کەوتنە رکابەرایەتی و دژایەتی یەکدی، سالاری کوڕی موسای کوڕی چەکۆ ناچار هاواری بردە بەر پورزاکانی- عەقیلیەکان لە موصلْ، دواتر-ساڵی٤٣٧ك/١٠٤٥ز- دوو لە برازایانی میر شرف الدین عیسا، هەلیان لە هاتنەخوارەوەی میری مامیان بۆ راووشکار وەرگرت و خشتبارانیان کرد و کوشتیان و قەڵایان داگیرکرد، میر(قرواش بن المقلد العقیلي:٣٩١- ٤٤٢ك/١٠٠١- ١٠٥٠ز) کە لە رەوشی ئاڵۆزی خاڵوانی ئاگادار بۆوە، هاتە هەولێر و قەڵا و بارگای میرایەتیی هەدبانیی گرت و سالاری خاڵۆزا و پەناهەندەیی لەگەڵ خۆی هێنا و لە پۆستی میرایەتی داینیشاند و زیاد لە دوو ملیۆن درهەمی بە دەستکەوت گرت و دابەشی کرد، ساڵێکی برد و نەبرد کێشە و ململانێ سەری هەڵدایەوە و ئەمجارەیان ئەبولحەسەن عەلیی کوڕی موسەك هەڵگەڕایەوە و قەڵای هەولێری لە دەست میر سالاری پسمامی دەرهێنا، ئەمیش ئەوەندە پایەدار نەبوو و ساڵی٤٤٠ك/١٠٤٨ز ئەبوعەلی حەسەنی برای پەنای بردە بەر میر ئەبولحەسەنی کوڕی عیسکانی حەمیدیی دەرهاوسێی و بە هاریکاری و پشتیوانی راستەوخۆی ئەوەوە دەستی گرت بەسەر قەڵای هەولێردا و خۆی بە میری هەدبانی راگەیاند[1].

---

(١) الکامل، ٨/٩٢، ١٠٧-١٠٨، تأریخ أبن أبي الهیجاء، ص١٩١.

میر ئەبوعەلی حەسەن لەچاو برا و ئامۆزاکانی، کەسایەتیەکی شیاو و لێهاتوو بوو و پێگای سیاسیی هەولێر و پایەداریی بنەماڵەی هەدبانیی پتر چەسپاند، ئەو دۆست و هاوپەیمانی حەمیدییەکانی ئاکرێ بوو و هەرچەند سەر بە میری عەقیلی بوون، ساڵی٤٥٦ك/١٠٦٤ز هەردووکیان چوونە بەغدا و خەلیفەی عەباسی پێشوازیی لێکردن و دانینا بە دەسەڵاتیان و خەڵات و پۆشاکی میرایەتیی پێ بەخشین[١].

دوای ئەم خەڵاتکردنە، دووبارە هەدبانییەکانی هەولێر لەسەر شانۆی رووداوەکان گوم دەبنەوە و بۆ دەیان ساڵی دی دەنگوباسێکی ئەوتۆیان لە سەرچاوەکان بەدی ناکرێت و ئاشکرا نیە میر ئەبوعەلی حەسەن تا کەنگی فەرمانڕەوای هەولێر بووە، وەلێ ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە لە سەردەمی سوڵتان مەلیکشاهی سەلجوقی(٤٦٥-٤٨٥ك /١٠٧٢-١٠٩٢ز) کوڕەکەی أبو الهیجاء حوسێن خودانی هەولێر بووە.

## ب-میر أبو الهیجائی دووەم حوسێن (؟-٥١٩ك/١١٢٥ز):

کوڕەزای میر أبو الهیجاء موسەکی یەکەمە و ناوی تەواوی (أبوالهیجاء الحسین بن أبوعلي الحسن بن ابو الهیجاء موسك بن جکو الهذباني)یە و دیارترین و ناسراوترین میری هەدبانییە و بە خودانی هەولێر(صاحب أربل) ناودەبرا، ناسناوە فەخریەکانی نیشانە و گەواهین لەسەر کەسایەتی و شکۆداری و پایەبڵندیی[٢].

لە دەمی باڵادەستی و بەهێزیی تورکە سەلجوقییەکان دا، میر أبو الهیجاء و زۆربەی میران و سەردارانی کورد، خاوەند ویست و ئیرادەی خۆیان نەبوون و نەدەشیان بە ئازادی و سەربەخۆیی بجولێنەوە و هەڵسوکەوت بکەن و پاشکۆی سوڵتانەکان بوون، أبو الهیجاء ماوەیەك لە خزمەت مەلیکشاه مایەوە[٣].

---

(١) سبط ابن جوزي، مرآة الزمان، ص١٠٤، ١١٠.

(٢) (عزالدین شهاب الدولة ممهد الإسلام تاج الملوك)، تأریخ أبن أبي الهیجاء، ص٢١٨. و(الصاحب عزالدین ممهد الدولة)، تأریخ أربل، ٢/٢٠٦.

(٣) أسامة بن منقذ، کتاب الإعتبار، ص١٦٥.

دوای مردنی مەلیکشاه ساڵی٤٨٥ك/١٠٩٢ز و پارچەپارچەبوونی دەوڵەتی سەلجوقی، میری هەولێر زیاتر دەستی کرایەوە و سەرفراز بوو و گەڕایەوە هەولێر و وەك کاربەدەستێکی ناوچەیی نەخش و ئامادەیی لە رووداوەکان هەبوو.

ئەو لەو میر و سەرکردە کورد و تورکمانانە بوو کە لەسەر خواستی سوڵتان محەمەدی کوڕی مەلیکشاه(٤٩٨- ٥١١ك/١١٠٥-١١١٧ز)، ساڵی٥٠٥ك/١١١١ز گردبوونەوەو بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی خاچهەڵگرەکان بەرەو روها و حەڕان کەوتنەڕێ[1].

هەدبانییەکان لە رۆژگاری أبو الهیجاء دا، بوونە هێزێکی ناوچەیی سەنگدار و خاوەند دامودەزگای لەشکری و دارایی و قەزائی، باپیری(ابن المستوفي: م٦٣٧ك/١٢٣٩ز) لە موصڵەوە هات و کرا بە رێڤەبەری دیوانی کاروباری دارایی(الإستیفاء)[2]و ئەبوبەکر محەمەد(م:پاش٥١٤ك/١١٢٠ز) خەتیبی هەولێر بوو و محەمەدی کوڕی عەلیی کوڕی جامع(إبن جامع)، باپیرەگەورەی بنەماڵەی(بنو المحتسب)، کرا بە موحتەسیبی[3].

هەولێریش لە قەڵایەکی سست و خامۆشەوە هێدی هێدی پێشکەوت و گەشەی سەند و بووە بازێڕێکی ئاوەدان و ناوەندێکی زانستی و بازرگانی بەبزاڤت لەسەر رێگای بازرگانی موصڵ- مەراغە- تەورێز، زانایان و فێرخوازان و گەشتیاران و رێبواران لە هەموو لایەکەوە سەردانیان دەکرد و بۆ ماوەیەك تێدا دەگیرسانەوە، (إبن المستوفي) ژیاننامەی کۆمەڵێك لەو کەسایەتیە زانستی و رۆشنبـیرییانەی تۆمارکردووە کە لە سەردەمی أبو الهیجاء دا سەریان لە هەولێر داوە و بە نوسین و دانان و لێدوان، یادگاریی نوسراویان بەجێ هێشتووە و بزاڤێکی زانستی و روناکبـیری ئەو پارچەیەی کوردستانی گرتەوە و دەیان فەقێ و شاگرد و فێرخوازی کورد لە شنۆ و وڵاتی کەرخینی-کەرکوك و دەڤەری زەرزارییەوە کۆچیان کرد بۆ هەولێر و لە مزگەوت و خانە زانستیەکانی

(١) تأريخ متى الرهاوي، ص١٧٣-١٧٤، الكامل، ٥٤٣/٨.

(٢) إبن الشعار، قلائد الجمان، ٤٠/٦.

(٣) تأريخ أربل، ٨٣/٢، ٣٧٠-٣٧١.

شارەکەدا، ئاستی زانستی و خوێندەواریی خۆیان پێشخست و هەندێکیان وەك فەقیه و فەرموودەناسی شارەزا دەرکەوتن[1].

## ج- مردنی أبوالهیجاء و لەناوچوونی دەسەڵاتی هەدبانییەکان:

زانیاریی جیاواز و تا ڕادەیەك هەڤدژ هەن سەبارەت بە مردنی أبو الهیجاء و لەناوچوونی دەسەڵاتی هەدبانییەکان، بە گوتەی(العظیمي:م ٥٥٦ك/١١٦١ز) بە هۆی لافاو و مانگگیرانەوە لە وڵاتی کوردان ساڵی٥١١ك/١١١٧ز قەڵای هەولێر داڕوخا و سەری میرەکەشی تیاچوو[2]، دیارە ئەگەر مەبەست لەم میرە أبو الهیجاء بێت، ئەوا ڕاست نیە.

هەروەها قازی ئەبوبەکری شارەزوری(م:٥٣٨ك/١١٤٣ز)[3]لە دوا لاپەڕەی کتێبێکدا ئەو ڕاستیەی درکاندووە کە ئامادەی جڤاتی میر أبو الهیجاء بووە، بێئەوەی ڕۆژەکەی دیاری بکات و دواتر لە ڕۆژی(٢٣)ی شەعبانی ساڵی٥٢٥ك/٢١-٧-١١٣١ز دەقی فرمانێکی میری هەولێری دەرهەق مافی کابرایەکی نەصرانیی نوسیوەتەوە[4].

بەپێی هەواڵێکی دی، خاوەندی هەولێر تا سەرەتای ساڵی٥٢١ك/١١٢٧ز لە ریزی سوپای خەلیفەی عەباسی دەجەنگا[5]، وەلێ ناوی ئەم میرە بە(ابو الهیجاء الكُردي) هاتووە و میری لەمەڕ هەولێر زۆرتر ناوی بە(ابو الهیجاء الهذباني) دێت و رەنگە مەبەست میر(ابو الهیجاء الهكاري) خودانی قەڵاکانی هەکاری یان میرێکی دی بێت و لە ناشارەزاییەوە وا زانراوە ابو الهیجائی هەدبانی بووە.

هەواڵی ڕاست و رەوانی ئەم مژارە ئەوەیە کە مێژوونوس(إبن أبـي الهیجاء: م٧٠٠ك /١٣٠٠ز)- کە بە خۆی لە میرزادە هەدبانییەکانی هەولێرە- بە مانگ و ڕۆژ دیاری

(١) تأريخ أربل، ٢/٧٠-٧١، ٢٠٦، ٣٣٢-٣٣٣، ٣٧٠.

(٢) تأريخ العظيمي، ص٣٦٨.

(٣) قاضي الخافقين أبوبكر محمد بن القاسم بن المظفر بن علي الشهرزوري الموصلي(٤٥٤-٥٣٨ك/١٠٦٢-١١٤٣ز).

(٤) تأريخ أربل، ٢/٢٠٦.

(٥) الكامل، ٨/٦٥٢-٦٥٥.

کردووه و دەڵێت: ڕۆژی شەممە ڕێککەوتی١٦-٦-٥١٩ك بەرانبەر٢٠-٧-١١٢٥ز لە ڕودواێکیشدا خۆیا دەبێت کە هەولێر تا ساڵی٥١٧ك/١١٢٣ز بە دەست ابو الهیجائی هەدبانییەوە بووە و لێی زەوت کراوە و خوێشی دواتر و پێش ساڵی ٥٢٠ك/١١٢٦ز مردووە، بۆیە لەم ساڵەدا داوا کراوە هەولێر بگەڕێنرێتەوە بۆ هەردوو کوڕەکەی: فەزڵ و ئەبوعەلی[٢].

لەمیانەی باسکردنی هەواڵی گرتنی هەولێریش لە لایەن عمادالدین زەنگییەوە، دەردەکەوێت ئەو دەمە ابو الهیجاء نەماوە و هەولێر بە میرات بۆ کوڕەکانی ماوەتەوە و دواتر کەوتووەتە دەست سەلجوقییەکان و بۆتە پشکی مەسعودی کوڕی مەلیکشای سەلجوقی بەر لەوەی ببێتە سوڵتان[٣].

ئەوەش دەزانین کە مەسعودی سەلجوقی بە خاووخێزانەوە هاتووەتە هەولێر و ماوەیەك ماوەتەوە و کوڕێکی بە منداڵی لە هەولێر مردووە و لە گۆڕستانی گوندی کەفەر عەززە- کەفەر عوزێل- سۆربەش عوزێر نێژراوە[٤].

بە هەرحاڵ دوای مردنی أبو الهیجاء، کوڕەکەی شهاب الدین ئەبوعەلی حەسەن جێگای گرتەوە، بەڵام ئەوەندەی نەبرد هەولێر کەوتە بەر هێرشی سەلجوقییەکان و داگیر کرا.

## ٥_٤_ حەسەنۆییەکان لە چیبیا و شارەزور(٣٤٨_٤٠٦ك/٩٥٩_١٠١٥ز):

### أ- حەسەنۆی بەرزەکانی و چەسپاندنی دەسەڵات:

بەرزەکان لەپاڵ شادنجان و گۆران و لوڕ، لە هۆزە دێرین و ناسراوەکانی هەرێمی چیبیا و شارەزور بوون، وەك هۆزە گەورەکانی دیکەی کوردستان لە سەدەی٤ك/١٠ز بووە هێزێکی ناوخۆیی کاریگەر، حوسێنی بەرزەکانی وەك سەردارێکی ناوچەیی

---

(١) تأریخ ابن ابـي الهیجاء، ص٢١٩.

(٢) الکامل، ٨/٦٥٢.

(٣) ابن واصل، مفرج الکروب، ١/٩٧.

(٤) تأریخ أربل، ٢/٣٧٣.

دەسەڵاتدار لە سەرەتای سەردەمی بوەیهی دەرکەوت، هەرچەند تەنها یەکجار بە رێککەوت ئاماژە بە هەبوونی دراوە[1].

سەرچاوەکان باس لە مردنی حوسێنی بەرزەکانی ناکەن، بەڵام وا دیارە حەسەنۆی کوڕی ساڵی٣٤٨ك/٩٥٩ز بووەتە جێنشینی و سنوری دەسەڵاتی باوکی فراوان کردووە، نەخاسمە پاش مردنی هەردوو خاڵی: ونداد و غانم و رابوونی پیاوانی هۆزی شادنجان بە رادەستکردنی (ابوالغنائم عبدالوهاب)ی کوڕی ونداد[2]. بۆیە حەسەنۆ بە میری دامەزرێنەر دادەنرێت و میرنشینەکەش بە ناویەوە ناونراوە.

ناوی راستەقینە و کوردیی(حسنویە)، حەسەنۆیە و لە سەرچاوەکاندا بە شێوە فارسیەکەی هاتووە، (ۆ) پاشگرێکی کوردی- ئێرانی یە و بۆ گازکردن و بچووککردنەوە دەخرایە پاش ناوی کەسایەتی و لەبن کاریگەریی زمانی عەرەبی، لە فارسی بوو بە (ویە)[3]، بە هەمان رێسا ناوی شادکۆی باپیری دەیسەم و ناوی چەکۆی باپیرە گەورەی هەدبانییەکانی هەولێر بە(شادکویە) و (جکویە - شکویە) هاتووە. لای کورد و لە ناوخۆی کوردستان، میر حەسەنویە بە(حسنو- حەسەنۆ) و بەدری کوڕیشی بە (بدر حسنو- بەدری حەسەنۆ) ناو دەبران وەك لای مێژوونوسێکی خەڵکی ئەسەدئاباد هاتووە[4]، زیندووترین نموونەش بۆ ئەم جیاوازیە زمانەوانیە، ناوی شاری شنۆی کوردستانە کە بە فارسی بووەتە(أشنویە).

حەسەنۆی بەرزەکانی بۆ پتر پتەوکردنی دەسەڵاتی، قەڵای سەرماجی بنیادنا و کردیە بارەگا و تا دەهات خۆی بەهێزتر دەکرد، بەرنامەی وابوو میرە کوردە هاوسێکانی

---

(١) البـيروني، الجماهر في الجواهر، ص١٤٦، قادر محمد حسن، الإمارات الكُردية، ص٤٤.

(٢) (ابن كثير) لە کورتکردنەوەی ئەم هەواڵەی (ابن الأثير)دا بەهەڵەدا چووە و واتاکەی گۆڕیوە و دەڵێت حەسەنویە پەنجا ساڵ میرایەتی کردووە. البداية والنهاية (بيروت:١٩٨٧)، ٣١٥/١١.

(٣) وەك: سيبويه، زنجويه، نفطويه، خالويه، فضلويه، مسكويه...هتد. زمانەوانانی عەرەب بەخۆیان دەڵێن (ويه) بەعەرەبیکردنی(و- ۆ)یە کە لە کوردی دا وەك خۆی(ۆ) ماوەتەوە.

(٤) مؤلف ناشناختە، مجمل التواريخ والقصص، ص٣٩٤، ٣٩٨. پاشان ساخکەرەوەی کتێبەکە (یە)ی بۆ زیاد کردووە.

بندەست بكات و قەلآ و مومتەلەكاتيان زەوت بكات، ساڵی ٣٥٩ك/٩٧٠ز لە ئاكامی ئەم سیاسەتەی شەڕ و ئاڵۆزی كەوتە نێوانی حەسەنۆ و میر سەهلانی كوڕی مسافری خاوەندی نەهاوەند، لە لایەكی دیەوە دەیویست سود لە هەڤڕكیی ناوخۆیی میرانی بوەیهی وەربگرێت و هێندەی پێی بكرێت سنوری دەسەلآتی بەرفراوان بكات و قەلآ و بازێڕی دی لە ناوچەكە بگرێت، هاوكات بە رواڵەت خۆی بە لایەنگری(ركن الدولة)ی بوەیهی دادەنا و لە شەڕی دژ بە سامانییەكان(٢٦١-٣٨٩ك/٨٧٥-٩٩٩ز) خۆی بە پشتیوان و لایەنگریی پیشان دەدا، ئەویش لە ئاكامی خەریكبوونی بە كێشە و گرفتی دیكەوە نەدەپرژایە سەر حەسەنۆ.

بۆ رێگرتن لە زێدەگاڤیەكانی میری بەرزەكان و پشتگرتنی سەهلانی كوڕی مسافر، میری بوەیهی سوپایەكی بە سەرۆكایەتی وەزیر(ابوالفضل ابن العمید:م:٣٥٩ك/٩٧٠ز) ناردە سەر سەرماج، كەچی وەزیر نەخۆش كەوت و پێش ئەوەی بگاتە قەڵەمڕەوی حەسەنۆ لە هەمەدان مرد و ئەبولفەتحی كوڕی لە شوێنی دانرا، پاشان كێشەكە بە ئاشتی و رێككەوتن چارەسەر كرا و حەسەنۆ دوای راوێژی لەگەڵ سەركردە و راوێژكارانی، بە پێشنیاری ئەبولفەتح رازی بوو كە دەبوو پەنجا هەزار دینار باج و دیاری و ئەسپ و هێستر بداتە بوەیهییەكان كە بەهایان دەگەهیشتە سەد هەزار دینار، لە بەرانبەردا حەقی ئەوەی هەبێت باج و خەراجی چییاكان بۆ خۆی وەربگرێت[1].

بوەیهییەكان هەرچەند رازی بوون بەوەی میر و كوێخا و سەردارە كوردەكان ناوچەكانی ژێر دەسەلآتیان و كاروباری هۆزەكانیان و سەرجەم خەڵكی ناوچەكە بەڕێوە ببەن، بەلآم هەرگیز دەرفەتیان نەدەدا سنوری دیاریكراو ببەزێنن و زیاد لە پێویست خۆیان بەهێز و پڕچەك بكەن، نەبادا ببنە مایەی مەترسی بۆ سەر دەسەلآتیان و لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتە، شەڕی حەسەنۆیان دەكرد و تاوانی ئەوەیان بۆ هەڵدەبەستا كە گوایە رێگری دەكات و كوێخادێ و موڵكداران دەچەوسێنێتەوە و باج و موڵكانەیان بەسەر دا دەسەپێنێت، حەسەنۆیش لە ئاست ئەم هەڵوێستەی بوەیهی دەستەوەستان

(١) تجارب الأمم، ٥/٣٧٤، الكامل، ٧/٥٣-٥٤.

نەبوو و کاری بۆ ئەوە دەکرد دووبەرەکیی نێوان ئەندامانی بنەماڵەی بوەیهی پەرە بستێنێت و درزی قوولی تیٚ بکەوێت.

مسکەوەیە(م:٤٢١ك/١٠٣٠ز) وەك کاربەدەستێك، لە نزیکەوە ئاگاداری رووداوەکان بوو و لە هێرشەکەی ساڵی٣٥٩ك/٩٧٠ز بەشدار بوو، دەگێڕێتەوە کە حەسەنۆ هانی بەختیاری کوڕی (معزالدولة)ی دەدا یاخی ببێت و پێی دەگوت: پشتیوانییت دەکەم و خۆم و بنەماڵەکەم و کوردەکانی ژێر فرمانم ئامادەین هاریکارییت بکەن، ئەوەش ئاشکرا دەکات کە حەسەنۆ حەزی دەکرد یەکڕیزی بوەیهییەکان لەبەین بچێت و ناتەباییان تیٚ بکەوێت، چونکە سەروەری و پایەداری ئەو لە ناکۆکی و ناتەبایی بوەیهییەکانەوە سەرچاوەی دەگرت(١).

حەسەنۆ بەردەوام بوو لە دژایەتیی دەسەڵاتدارانی بوەیهی تا ساڵی٣٦٩ك/٩٧٩ز لە قەڵای سەرماج مرد،(عضدالدولة) کە بە چەشنی باوکی خۆشیی بە حەسەنۆ نەدەهات و هەرگاڤ لە بیانویەك دەگەڕا تا چیاکان داگیر بکات و هۆزی بەرزەکان کەنارگیر بکات، ساتێك بە مردنی حەسەنۆی زانی ئاواتەخواز بوو بە مردنی"ئەو شەیتانەی بووبووە سەبەبکاری کێشەی نێوان خۆی و براکانی لەناو بچێت"(٢).

ب- میر بەدری کوڕی حەسەنۆ(٣٦٩-٤٠٥ك/٩٨٠-١٠١٤ز):

دوای مردنی حەسەنۆ، ناکۆکی و دوبەرەکی کەوتە نێوان حەوت کوڕەکەیەوە: (أبوالعلاء، عبدالرزاق، ابوالنجم بدر، عاصم، أبوعدنان، بەختیار، عبدالملك)، ئەمە لە کاتێکدا (عضدالدولة) بە نیازی داگیرکردنی قەڵاکانی حەسەنۆ و چەند کارێکی دی چووبووە چیاکان، (عبدالرزاق وابوالعلاء وابوعدنان) لە ترسی میری بوەیهی دایانە پاڵ فخرالدولة (م :٣٨٧ك/٩٩٧ز)ی برای و خۆیان گەیاندە خزمەتی لە هەمەدان، سێی دییشیان: (عاصم وعبدالملك وأبوالنجم بەدر) پەیوەندییان کرد بە (عضدالدولة)وە،

---

(١) تجارب الأمم، ٤٢٦/٥.

(٢) تجارب الأمم، ٤٥٣/٥.

بەختیاریش لە قەڵای سەرماج بوو، سەرەتا پەیمانی بە میری بوەیهی دا گوێڕایەڵی بکا و پارە و سامانی بۆ بنێرێت، کەچی پاشان لێی هەڵگەڕایەوە[1].

مردنی حەسەنۆ، هەلێکی زێڕینی بۆ میری بوەیهی رەخساند کە نەیدەویست لە دەستی بدات، بەڵکو بە باشترین شێوە کردیە پاساوێك تا هەرچی قەڵا و سامان و گەنجینە هەیە تالآن بکات و هەر زوو دینەوەر و نەهاوەندی داگیر کرد، پاشان قەڵای سەرماجی تالآن کرد و بە ئارەزووی خۆی گەمەی بە چارەنووسی کوڕەکانی دەکرد.

لە ئاخافتنی رودراوری(م:٤٨٨ك/١٠٩٥ز)یەوە دەردەکەوێت کە(عضد الدولة)چەند لە میر حەسەنۆ و کوڕەکانی بەداخ بووە و چ رق و کینێکی لێ هەڵگرتوون[2].

لە دوا رۆژەکانی ساڵی٣٦٩ك/ تەمموزی٩٨٠ز بە نەخۆشی لە کرماشان بارگەی خست و کوڕانی حەسەنۆ بە زەلیلی لە خزمەتی ئامادە بوون و دەمودەست دەستەسەر کران، هێزەکەی کە کوردیشیان تێدابوو، چواردەوری ئۆردوی بوەیهی و شاری کرماشانیان تەنیەوە نەبادا کوڕانی حەسەنۆ دەرفەتی دەربازبوونیان بۆ هەڵبکەوێت و تا میری بوەیهی چی ئارەزوو بکات و بخوازێت دەرحەقیان بیکات، دەستبەجێ (بختیار و عبد الرزاق و ابوالعلاء و ابوعدنان) و یاوەرانیان لە سەردارانی کورد دەستگیر کران و یەکە یەکە لەملیان درا و چ کەلوپەلێکیان هەبوو تالآن کرا.

پاشان بانگی(عبدالملك وعاصم وابوالنجم) بەدری کرد و بە پێچەوانەی هەڵوێستی بەرامبەر کوڕانی دیی حەسەنۆ، گەلێك رێزی لە بەدر نا و خەڵاتی کرد و نیشانە و جلوبەرگی میریی پێشکەشکرد و لەژێر سەرپەرشتی و چاودێریی (مؤيد الدولة)ی برایدا

---

(١) تجارب الأمم، ٤٥٣/٥–٤٥٤، النقشبندي، الکُرد في الدينور، ص١٤١-١٤٢.

(٢) (عضد الدولة) بە پێچەوانەی باوك و مامەکانیەوە، هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە خۆشیی بە چارەی کوردان ناهات و (المتنبي) ستایشی دەکات بە بۆنەی شەڕ و کوشتاری لە دژی کورد لە دەشتی ئەرزن:

وقتل الکُرد عن القتالِ حتى اتقت بالفَر والإجفالِ
فهالك وطائع و جالِ فاقتنص الفرسانَ بالعوالي
والعتق المحدثة الصقالِ سار لصيد الوحشِ في الجبالِ. ديوان المتنبي، ص١١٠٩.

کردی بە سەرداری هۆزی بەرزەکان، هەروەها ڕێزینا لە دوو براکەیی دیی و دیاری و خەڵاتی پێشکەشکردن، ئەمجا ناردی قەڵای سەرماج بگرن تا هەرچی پارە و گەنجینە هەیە بە تالآنی ببەن، دواتر بەهۆی ناڕازیبوونی (عاصم و عبدالملك) لەو پلەوپایەی کەوا بە بەدر بەخشرابوو و یاخیبوونیان لە (عضدالدولة)، ئەوانیش دووچاری سزادان و کوشتن هاتن[1].

بەدری کوڕی حەسەنۆ بە گەورەترین و ناسراوترین میری حەسەنۆیەکان دادەنرێت و بۆ ماوەیەکی درێژ کە پتر لە سی ساڵی خایاند فەرمانڕەوایی کرد، لەو ماوەیەدا میرنشینەکەو سەرپاکی چیاکان تا ڕادەیەك هێمنی و ئارامی بەخۆیەوە دیت و بوژانەوەیەکی ئابوری بەرچاو سەریهەڵدا.

ئەو بە پێچەوانەی باوکیەوە، خۆی نەخستە نێو ریزی نەیارانی بوەیهییەکان و بە هیچ شێوەیەك دژایەتی بەرژەوەندیەکانیی نەدەکردن، بەڵکو وەك قەرداریەك ساڵانە هەزاران دیناری دەدا بۆ بەدەل حەجی(عضدالدولة) و هەموو توانا و دەرامەتی بندەستی و هێزی سەربازیی خستبووەگەڕ بۆ داکۆکی لە سەروەری دەوڵەتی بوەیهی و راستەوخۆ بەشداریی شەڕەکانی دەکردن[2].

لە هەمان کاتدا، ئامادەبوو ئەو یاخیبوون و بزاڤانە لەناو ببات کە دژی بوەیهییەکان سەری هەڵدا با لەناو هۆزی بەرزەکانیش بوایە، ساڵی٣٧٣ك/٩٨٣ز دڵسۆزانە هاریکاریی (فخرالدولة)ی کرد تا کێشەی هەڵگەڕانەوەی محەمەدی کوڕی غانمی بەرزەکانی چارەسەر بکات[3].

لە رووی سەربازیشەوە بە کردەوە سەلماندی کە میرێکی بەهێز و تواناداره و لە ووزەیدا هەیە داکۆکی لە سەروەری خۆی بکات، ساڵی٣٧٧ك/٩٨٧ز بەرپەچی هێزێکی

---

(١) ذيل تجارب الأمم، ٦/١١، الكُرد في الدينور، ص١٤٤.

(٢) ذيل تجارب الأمم، ٦/١٥-١٦.

(٣) الكامل، ٧/١٤٨.

سەر بە(شرف الدولة) شێرزیلی کوڕی(عضدالدولة) و هەڤڕکی(فخرالدولة)ی دایەوە و تێکی شکاند کە بە نیازی داگیرکردنی هەرێمی چییا هاتبووە کرماشان(١).

میر بەدر نەیدەویست ئەزموونی تاڵی باوکی دووبارە بکاتەوە و وڵات توشی لەشکرکێشی و داگیرکردن و وێرانکاری بکات و باش دەیزانی هیچ بەرژەوەندیەکی لە دژایەتیکردنی بوەیهییەکان نیە و ئەو پەیوەندیە دۆستانەیەی پاراست کە لەگەڵ (فخر الدولة) هەیبوو و لە کاتی پێویستی و تەنگانەدا دەچوو بەهانایەوە(٢)، هەر لە ئەنجامی دۆستایەتییان، میری بوەیهی کچێکی میر بەدری بۆ(مجدالدولة) رۆستەمی کوڕی خواست(٣).

ج-سیاسەتی ناوخۆیی میر بەدر:

میر بەدر لە بری خۆخەریککردن بە ململانێی بوەیهییەکانەوە، بایەخیدا بە کاروباری ناوخۆیی و چەسپاندنی تەناهی و دادپەروەری و پێشگرتن لە ڕێبڕی و لاساریی رەوەندە کوردەکان، سەرچاوەکان دوپاتی دەکەنەوە کە لە سەردەمی ئەودا دیاردەی ڕێگری و روتاندنەوەی ڕێبواران و کاروانیان تا رادەیەکی بەرچاو لەبەین برا و بە نموونەوە ئاماژەیان بە سیاسەتی دووربـینانەی میر بەدر داوە بۆ چارەسەرکردن و لەناوبردنی ئەم دیاردە دزێوەی کە بە کوردانەوە لکابوو(٤).

لە لایەکی دیەوە ڕێژەیەکی بڵندی لە سامان و داهاتی تەرخانکرد بوو بۆ بواری چاکەکاری و دینداری و خێرخوازی و ئاواکردنی مزگەوت و خان و بازاڕ و پرد، حەفتانە دەیان هەزار درهەمی لە هەژاران و بێوەژنان و دەستکورتان دەمەزاخت(٥)و ساڵانە

---

(١) ذيل تجارب الأمم، ٦/١٧٢-١٧٣.

(٢) عتبـى، ترجمة تأريخ يمينى، ص٨١، ٢٢٧.

(٣) مجمل التواريخ والقصص، ص٣٩٦، الكُرد في الدينور، ص١٤٨.

(٤) ذيل تجارب الأمم، ٦/١٧٢-١٧٥، المنتظم، ١٥/١٠٤-١٠٥.

(٥) مەزاختن: صەڕفین، خەرجکردن، مەلا مەحمودی بایەزیدی، تحفة الخلان في زمانێ کوردان، ساغکردنەوە ولێکۆڵینەوەی هێمن عومەر خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی سۆران، چاپخانەی هیڤی(هەولێر:٢٠١٩)، ل١١٠.

سەدان هەزار درهەم و دیناری دەنارد تا بەسەر زانایان و پیاوچاکان و بێدەرەتانان و لانەوازان دابەش بکرێت لە شوێنە پیرۆزەکانی مەککە و مەدینە و بەغدا و کوفە و دەیان هەزار دیناری دەنارد بۆ هۆزە کۆچەریەکانی نیمچە دورگەی عەرەب تا دەست لە راوەڕووت و تالآنکردنی حاجیان و کاروانیان هەڵ بگرن، بە درێژایی ئەو رێگا سەرەکیەی کە لە خوراسانەوە دەهات و بە کرماشان و حلوان دا بەرەو بەغداد و حیجاز دەچوو، پارەی دەدایە پینەدۆزان و ناڵبەندان تا پێداویستیی رێبواران دابین بکەن، نۆ هەزار دیناری دەدایە نۆبەدار و زێرەڤانیی رێگای چوون و گەڕانەوەی حاجیان و وەك دەگێڕنەوە هەزاران مزگەوت و خانی بنیات نابوو[1].

لە رووی ئاواکاری و بیناسازیشدا، بە رەنگێکی بەرفراوان بایەخی بە بواری ئاوەدانکردنەوە دەدا و لە پێناو کاراکردنی چالاکیی بازرگانی و هاندانی چاندن و وەرزێری، ساڵانە دەیان هەزار دیناری خەرج دەکرد لە بنیاتنانی پرد و بەردەباز و خان و بازاڕ و دامەزراوەی خزمەتگوزاری و خێرخوازی و نۆژەنکردنەوەیان، سەرچاوەکان دەگێڕنەوە لە هەر شوێنێك زێیەك یان جۆگەیەکی بدیتایە گوندێکی تیادا ئاوەدان دەکردەوە[2].

شایەنی ئاماژەیە پاشماوەی هەندێك لەو قەنتەرە و پردانە تا رۆژگاری ئەمڕۆش هەر ماون و نیشانەی زیندووی دەستڕەنگینی میر بەدرن، وەك قەنتەرەی پولی کەلهور-پردی کەلهوڕ کە ساڵی٣٧٣ك/٩٨٣ز دروستکراوە و قەنتەرەیەکی دی لەبان زێی کاشکان لە ئەلیشتەر کە دروستکردنی دە ساڵی خایاندووە(٣٨٩-٣٩٩ك/٩٩٩-١٠٠٩ز)[3].

---

(١) ابن الجوزي، المنتظم، ١٠٥/١٥، سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ص١٠٢-١٠٣.

(٢) بڕوانە: تأريخ هلال الصابئ، ٦٨/٧، ذيل تجارب الأمم، ١٧٤/٦، المنتظم، ١٠٥/١٥، مرآة الزمان، ص١٠٣.

(٣) بڕوانە: الكُرد في الدينور، ص٣٢٥-٣٣٢.

هەروەها بازاڕێکی گشتی و مەزنیشی ئاوا کرد کە لە چوار کەنارەوە هەمە چەشنە خواردن و کەلوپەلی پێویستی بۆ هاوردە دەکرا و خەڵکانی هەژار و نەدار لێی سوودمەند دەبوون[١].

میر بەدر بەم کارە خێرخوازیانەی ناووبانگێکی باشی پەیداکرد و وەك کەسایەتیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دیار تەماشا دەکرا، بۆ دەربڕینی پێزانین دەرهەق جوامێری و خێرومەندیی ئەم میرە کوردە، خەلیفە(القادر بالله: ٣٨١-٤٢٢ك/٩٩١-١٠٣١ز) دانینا بە دەسەڵاتی و ساڵی٣٨٨ك/٩٩٨ز لە دیوانی خیلافەوە بڕیاری بەخشینی ناسناوی(أبو النجم ناصر الدين والدولة)و چەند ئیمتیازێکی میرایەتیی بۆ دەرکرد[٢].

لە بەرانبەردا، میر بەدر ڕێزی لە خەلیفەی عەباسی دەگرت و بە تاکە هێمای شەرعیەتی دادەنا و لەسەر دراو و لە خوتبەدا ناوی دەهێنا و خۆی بە مەولای ئەو(مولى أمير المؤمنين) دەناساند[٣].

لەگەڵ ئەوەی دانی بە خیلافەی عەباسی و دەسەڵاتی بوەیهی دەنا، خۆیشی بە فەرمانڕەوا دەزانی و وەك دەربڕینێك، دینار و درهەمی بە ناوی خۆیەوە دەردەچواند پاش ناوهێنانی ناوی خەلیفە و میری بوەیهی، خۆشبەختانە دوو دانە لە دراوەکانی نەفەوتاون و لە مۆزەخانەکان دا پارێزراون، یەکێکیان دینارێکی زێڕینە و ساڵی٣٩٧ك /١٠٠٧ز لە شاپورخواست و ئەوەی دیکەشیان درهەمێکی زیوینە و لە هەمان شوێندا لەقالب دراوە و لە هەردووکیان دا لەپاڵ ناوی خۆی ناوی خەلیفە(القادر بالله) و ناوی (مجدالدولة)ی بوەیهی نەخشێندراوە[٤].

---

(١) رودراوەری سەرجەم ئەم کارانەی بە(الأفعال الرشيدة) و (الآثار الحميدة) ژماردووە.ذيل تجارب الأمم، ٦/١٧٣-١٧٤.

(٢) الكامل، ٧/٢٣٤، مرآة الزمان، ص١٠١.

(٣) تا ساڵی ٢٠٠٣، کورسیەکی میر بەدر لە مۆزەخانەی عێراقی لە بەغدا بەشی پاشماوە دارینەکان(قسم الآثار الخشبية) مابوو، ناو و ناسناوی میر بەدری لەسەر هەڵکۆڵرابوو"عز ونصر وتأييد للأمير ابوالنجم بدر بن حسنويه مولى أميرالمؤمنين"و نازانم تا ئێستا ماوە یان فەوتاوە.

(٤) الكُرد في الدينور، ص٣٠٦-٣٠٩.

له کاتێکدا ناتەباهی و دووبەرەکیی ناوخۆیی بوەیهییەکان قوولتر دەبوەوە و بە پاکتاوکردنی یەکدیەوە خەریك بوون، میر بەدر تا دەهات پایەدار و باڵادەست و دەوڵەمەند دەبوو و وەك پیاوێکی خێرخواز و چاکەکار ناوی دەرکرد[1] و سنوری دەسەڵاتی بەرە بەرە رۆژئاوای هەرێمی چیپای تەنیەوە و له شارەزورەوە دادەکشا تا خوزستان و وێڕای شارەزور، شارەکانی دینەوەر، نەهاوەند، شاپورخواست، برۆجەرد، ئەسەدئاباد و دەیان قەڵا و شورای لەخۆ دەگرت و پیاوانی هۆزەکانی: عەیشانی، بەرزەکان، شادنجان، گاوان، گۆران، لوڕ له لەشکری حەسەنۆیی خزمەتیان دەکرد، میران و سەردارانی هەرێمەکە له وێنەی وەرامی کوڕی محەمەدی گاوانی، خۆشینی کوڕی مەسعود[2]، هیندیی کوڕی سوعدا، دولەڤ کوڕی مالە(؟)، ئەبوعیسا شادی، دۆست و لایەنگری بوون و بە فەرمانڕەوای باڵای چیپایان دەناسی.

میر بەدر له دوا ساڵەکانی میرایەتی دا دووچاری چەند ئاریشە و گرفتێکی ناوخۆیی هات کە رەنگدانەوە و کاریگەری نەرێنی بەجێهێشت لەسەر ژیانی خۆی و چارەنووسی میرایەتیەکەی و بوونە هۆکارێکی سەرەکی لەناوچوونی، دوای ئەوەی ژمارەیەك سەرۆکهۆز له ناوچەکە دەرکەوتن کە بە ئاشکرا رکابەرایەتیان دەکرد و دیارتریان ئەبولفەتح محەمەدی کوڕی عەننازی سەردار و میری هۆزی شادنجان بوو، کە خۆی لەو بە کەمتر نەدەزانی و دەستڕۆیشتووی حلوان و چیایەکانی دەوروبەری بوو و وەك له دەقێکدا هاتووە دوژمنی یەکدی بوون، هەرچەند یەکێك له ژنەکانی میر بەدر شادنجانی بوو، سەرچاوەکان هۆی دوژمنایەتیی نێوان ئەم دوو ماڵباتە دراوسێیەیان ئاشکرا نەکردووە، بەڵام گومان لەوەدا نیە کە هەر لەسەر کێشەی خێڵەکی و زەویوزار و پاوەندخوازی بووە[3].

---

(١) عتبی، تأريخ يمينی، ص٣٥٨.

(٢) ناوی ئەم میرە کوردە له سەرچاوە عەرەبیەکاندا شێوێندراوە بۆ (الحسين بن مسعود) ، الكامل، ٣١٢/٧، له کتێبی (مرآة الزمان، ص١٠٣) کونیەی (ابوالوضاح)ی بۆ دانراوە، وەلێ ناوە راستەقینەکەی خۆشینە کە پەیڤێکی کوردییە و له سەرچاوەیەکی ناوخۆیی هاتووە. مؤلف ناشناختە، مجمل التواريخ والقصص، ص٤٠١.

(٣) الكُرد في الدينور، ص١٥٨.

بوەیهییەکانیش دەستیان هەبوو لە قوولکردنەوەی ناکۆکیەکە، نەخاسمە دوای ئەوەی (بهاءالدولة) وەك هەنگاوێکی کردەکی بۆ پەراوێزخستنی میری بەرزەکان و گوێنەدان بە پلەوپایەی، ساڵی٣٩٧ك/١٠٠٧ز محەمەدی کوڕی عەننازی بە پارێزگاری ولایەتی ڕێگای خوراسان دامەزراند، ئەم هەنگاوەش میر بەدری وروژاند و یەکسەر هێزێکی کۆکردەوەو گەمارۆی خستە سەر بەغدا، لە قۆڵێکی دیەوە هێزەکانی بەدر هێرشیان کردە سەر حلوان و کرماشان و میری عەننازییان جێهەڵکەن و دەربەدەر کرد و ناچاریان کرد دادی خۆی بگەهێنێتە بەغدا[1].

## د- ناکۆکیی ناوخۆیی و کوژرانی میر بەدر:

کێشە و دوژمنداریی بەرزەکان-شادنجانی لە خودی ماڵباتی دەسەڵاتداری بەرزەکان ڕەنگی دایەوە و ساردی کەوتە نێوان میر بەدر و هیلالی کوڕیەوە کە خوشکەزای شادنجانیەکان بوو، گوایە هیلال هەر لە زاروکییەوە پشتگوێ و فەرامۆش کرابوو و لەگەڵ دایکی لە گوندێکدا لە دوو فەرسەنگی شاپورخواست لاتەریك و پەراوێز خرابوو، ئەویش ڕۆژ بەڕۆژ پتر هەستی بە کەنارگیری و نائومێدی و بێبەشکردنی لە سامان و دەسەڵاتی ماڵەباوانی دەکرد، دیارە ناحەزانیش ڕۆڵیان هەبوو لە پتر تێکدانی نێوان باب و کوڕ و خۆشکردنی ئاگری کێشەکە، بۆ بەرژەوەندی خۆیان و لاوازکردنی میر بەدر، گاڵی هیلالی کوڕیان دەدایەوە[2].

میر بەدر بۆ دڵدانەوەی هیلالی کوڕی و ئاشتکردنەوەی، سامەغان و دە دێهاتی بۆ دابڕی کە داهاتی ساڵانەی دووسەد هەزار درهەم بوو، کەچی دوڕدۆنگیی هیلال بەم پێنگاڤەی باوکی نەڕەویەوە و خۆی بە شایەنی زیاتر لەو داهاتە دەزانی و لە ڕاستیدا ئەم بڕە دراوە بەشی خەرجیەکانی هیلالی دەستبڵاوی ناکرد کە جوامێرانە بەسەر

---

(١) الکامل، ٢٧١/٧.

(٢) تأریخ هلال الصابئ، ٦٨/٧.

سەربازان و لایەنگرانی دەبەشاندەوە تا پشتگیری لێبکەن، ئەوە بوو چوو بە گژ(ابن ماضي)ی جێگری باوکی لە شارەزور و کوشتی و سەروەت و سامانیی تالآن کرد[1].

ناکۆکی و رکابەری نێوان باوك و کوڕ پەرەی سەند و شەڕ و لێکدانی کوشندە و زیانبەخشی لێهاتەکایەوە و هیلال بە پشتیوانی خێڵە کوردەکانەوە لە باوکی یاخی بوو و لە نەهاوەند و دینەوەر شەڕی یەکدیان کرد، لە کۆتاهی ساڵی٤٠٠ك/١٠١٠ز لە دەروازەی دینەوەر شەڕ لە نێوانیان هەڵگیرسا و میر بەدر شکستی خوارد و دەستبەسەر کرا، ناچار داوای یارمەتیی لە محەمەدی کوڕی عەننازی کۆنە دوژمنی و ئەبوعیسا شادی و (بهاءالدولة) و (شمس الدولة)ی بوەیهی کرد و گاڵی دانەوە پەلاماری قەڵەمڕەوی هیلال بدەن و داوای لە کوردانی گۆرانیش کرد بەفریای کەون[2].

شەڕ و دوبەرەکیی نێوماڵی بەرزەکان و گیرانی میر بەدر لەلایەن هیلالی کوڕییەوە و دەرکەوتەکانی، لە ناوچەکە دەنگی دایەوە و کاردانەوەی جۆراوجۆری لێکەوتەوە و قسە و باسی زۆری دەربارە گوترا، هەبوون رەخنەیان لە هیلال دەگرت و سەرکۆنەیان دەکرد، هەشبوون دەستخۆشییان لێدەکرد و پاساویان بۆ دەهێنایەوە، لە ئاست گازندە و توانجی خەڵکیدا و بۆ رواندنەوەی تۆمەت، (علي بن نصر الكاتب) لەسەر داخوازیی هیلال داخۆیانییەکی نووسی[3]، تیایدا بە وردی هۆکارەکانی ئەم کارەی هیلالی دیاری کردووە و یەکەیەکە هەڵە و کار و رەفتارە ناپەسندەکانی بەدری ژماردووە و پاساوی بۆ گیرانەکەی هێناوەتەوە[4].

ئەم شەڕە خۆبەخۆییە کە تا ساڵی پاشتر درێژەی کێشا، زیانی گیانی و ماڵیی زۆری لێکەوتەوە و سەروەری و پاشەڕۆژی ماڵباتی حەسەنۆی خستە مەترسیەوە و

---

(١) مرآة الزمان، ص٥٩-٦٠، الكُرد في الدينور، ص١٧٢.

(٢) مجمل التواريخ، ص٣٩٨-٣٩٩، الكامل، ٧/٢٨٥-٢٨٧.

(٣) کاتی خۆی دکتۆر حسام الدين نەقشبەندیم لە هەبوونی ئەم پەیامەی هیلال ئاگادار کردەوە و دەقەکەیم بۆ رەوانەکرد، ئەویش وەك پاشکۆ لە چاپی کوردیی نامەی ماستەرەکەی بڵاوی کردەوە، شارەزور و لوڕستانی باکوور لە سەدەکانی ناوەڕاستدا (سلێمانی: ٢٠٠٨)، ل٥٤٣-٥٤٥.

(٤) ابن حمدون، التذكرة الحمدونية، ٦/٣٦٨-٣٧٠.

کۆڵەگەکانی میرنشینی لەقکرد، ئەبوعیسا شادیی سەرداری هۆزی گۆران و دیارترین هاوکار و نوێنەر و نوسەری میر بەدر، بە دەستی هیلال بەکوشت چوو، هیلال بەخۆیشی چارەنووسی زیندانی(بهاءالدولة) بوو، شارەزوریش کەوتە دەست بوەیهییەکان و محەمەدی کوڕی عەننازیش حلوانی گەڕاندەوە، گەنجینەی دارماڵی میرنشینیش بەتاڵان برا و هەرچی زێڕ و زیو و دراو و خشڵ و گەوهەر و کەلوپەل و چەك و پۆشاکی کەڵەکەکراو هەبوو کە بەهایان بە سەدان هەزار دینار دەخەملێنرا کەوتە دەست بوەیهییەکان، هەر لە ئاکامی ئەم دۆخەدا کاروانی ئاوەدانکردنەوە و بنیادنان راوەستا و چالاکیی چاندن و بازرگانی پەکخرا[1].

پێویستە ئاماژە بۆ ئەو راستیەش بکرێت کە میر بەدر لە دوا ساڵەکانی حوکمیدا توشی جۆرە غرور و لەخۆباییبونێك هات، دوای ئەوەی بووە فەرمانڕەوایەکی پایەبەرز و دەستڕۆیشتوی شەرعی و بێباکانە هەڵسوکەوتی دەکرد و تاکڕەوانە دەجولایەوە و گوێبیستی راوێژ و ئامۆژگاریی پیاوە دڵسۆز و نزیکەکانی نەدەبوو، بەڵکو زویر و دڵشکاوی کردن، ئەوەتا دڵی میرخۆشینی کوڕی مەسعودی خودانی قەڵای کۆسجەد و دۆست و لایەنگری لەخۆ رەنجاند و ناچاری کرد پشتی هیلال بگرێت و هاریکاریی بکات[2].

هەروەها رۆڵی لە پەشێوی و تەنگەژەی ناوخۆییدا کەم نەبوو و ستەمی دەرهەق داورودەستە و سەرانی بەرزەکان دەکرد و دەیچەوساندنەوە، بۆیە بازنەی ناڕەزایی، خودی پیاوانی بەرزەکانیشی گرتەوە و لە بەدکرداریی ئەودا پشتی هیلالیان دەگرت، تەنانەت ئەو بەرزەکانیانەی لە دەوری مابووبوونەوە لە ساتێکی ناسکدا و لە شەڕەکەی دەروازەی دینەوەردا، پشتیان بەردا و چوونە ریزی هیلالەوە و بگرە هێندە لێی بەداخ بوون، بەتەما بوون بە دیلی بیکوژن و لە دەوری هیلال گردبوونەوە و بە راشکاوی تکایان لێکرد باوکی لەناو ببات[3].

---

(١) الكامل، ٢٨٧/٧، مرآة الزمان، ص٦٠-٦٤.

(٢) مرآة الزمان، ص١٠٣.

(٣) مرآة الزمان، ص٦٠-٦١.

به بەندکردن و دورخستنەوەی هیلال، کێشە و ئاڵۆزیە ناوخۆییەکان نەڕەوینەوە و ئەمجارە تاهیری کوڕی هیلال ساڵی٤٠٤ك/١٠١٣ز لە بەدری باپیری هەڵگەڕایەوە و هەڵهات بۆ شارەزور، بەوپێیەی موڵکی باوکێتی و ئەم جێگری بووە و ناوچەکەی لە نوێنەرانی بوەیهی سەندەوە، ئەم کارەشی بووە مایەی توڕەیی بەدر و یەکسەر هێزێکی ناردە سەری[1]، جەنگ و ئاشوبی خۆبەخۆی کوردانی بەرزەکان هەرا و نائارامی لێکەوتەوە و دەنگدانەوەی گەهیشتە بەغدا و دەسەڵاتدارانی هێنایە دەنگ و هێزێکی دەیلم و تورك رەوانەی شارەزور کران[2].

میر بەدر پەندی لە هەڵە و بەدکرداریی خۆی وەرنەگرت و سەرلەنوێ خۆی رێکخستەوە و ئەمجارەیان بە تەمابوو تۆڵە لەو کەسانە بکاتەوە کە هاوسۆز و پشتیوانی هیلال بوون و بە هێزێکی کوردانی گۆرانەوە گەمارۆی میر خۆشینی کوڕی مەسعودی دا لە قەڵای کۆسجەد-گوشخد لە کەناری زێی سپیدڕوو، گەمارۆ درێژەی خەیاند و وەرزی زستانی بەسەردا هات، پیاوانی گۆران شەکەت و بێزار بوون و سوێندیان خوارد بەدر بکوژن، ئەویش سوربوو لەسەر مانەوە و گوێی بە ئامۆژگاری و هۆشیارکردنەوەی یەکێك لە سەرکردەکانی بە ناوی دولەفی کوڕی مالە(؟)نەدا لەمەڕ نیازی گۆرانەکان، تا شەست کەسێکیان بەخشتەوە پڕیان دایەو کوشتیان، مێژوونوسێك دەڵێت کەس بەقەد گۆرانەکان لە بەدرەوە نزیك نەبوون و هیچ کەس گومانی ئەم کارەی لێ ناکردن[3].

لێرەش سیاسەتی دوفاقیی بوەیهییەکان لە ئاست کورد بەزەقی ئاشکرابوو، (شمس الدولة)ی هاوپەیمانی بەدر خۆی بە دۆستی دڵسۆز و خەمخۆری میری بەرزەکان پیشان دەدا و هەر بە"مولاي و ربـيبي ناصر الدين والدولة ابو النجم بدر مولى أميرالمؤمنين" ناوی دەبرد، کەچی هیچ کاردانەوەیەکی نەنواندو هەڵوێستی لە بکوژانی بەدر وەرنەگرت، بەڵکو رێخۆشکەریی بۆ کردن تا پەیوەندیی پێوە بکەن و بچنە خزمەتی لە هەمەدان، هەروەها تاهیری نەوەی بەدریشی دەستەسەر کرد و لە زیندان قایمی کرد و

---

(١) مؤلف ناشناختە، مجمل التواريخ، ص٤٠٠، الكامل، ٣١١/٧.

(٢) ابن الفوطي، مجمع الآداب، ٢٠٣/٥.

(٣) مجمل التواريخ، ص٤٠١.

ناوچەکانی میرنشینی داگیرکرد، تا ئەوەندە دەوڵەمەند و لەخۆبایی بوو چوو بە گژ (مجد الدولة)ی برایدا[1].

## هـ- کوژرانی هیلال و تاهیری کوڕی هیلال (٤٠٥-٤٠٦ك/١٠١٤-١٠١٥ز):

لەو ڕۆژەوەوی ماڵباتی حەسەنۆ گیرۆدەی ئاریشە و کێشەی ناوخۆیی بوون و بە دژایەتی یەکدیەوە خەریك بوون و ڕۆژگاری زێڕینی میرنشین ئاوا بوو، دەسەڵاتدارانی بوەیهی بە بەرژەوەندی خۆیان هیلال و تاهیریان دەبزواند، (سلطان الدولة)دڵگران بوو بەوەی قەڵەمڕەوی حەسەنۆ کەوتۆتە دەست(شمس الدولة)ی نەیاری و دەیویست بەهەر شێوازێك بـێت ناوچەکەی لێوەربگرێتەوە و لە داهاتەکەی بـێبەشی بکات، بۆیە یەکسەر هیلالی ئازاد کرد و پارە و چەك و کەلوپەلی جەنگی و پۆشاکی بۆ دابـین کرد و هێزکی لە تورك و دەیلەم بۆ سازدا و بە میری شەرعیی بەرزەکان و میراتگری باوکی ناساندی و نیشانە و خەڵاتی میرایەتی و ناسناوی(قطب المعالي)ی پێبەخشی و کچێکی(شرف الدولة)ی مامی لێ مارە کرد و ڕێژەی ئەو پارە و باجانەشی دەستنیشان کرد کە پێویست بوو ساڵانە وەك باج ڕەوانەی بکات، لە بەغداش وەزیر(فخرالملك)[2]پێشوازیی لێکرد و خەڵاتی بەسەر خۆی و هاوکارانی بەخشاندەوە[3].

میری بوەیهی ئامانجی لە بەردان و دانیشاندنی هیلال ئەوەبوو بـیکات بەگژ نەیارانی دا، هەر بە هاندان و ڕەزامەندیی ئەو و بە ئامانجی وەرگرتنی دەسەڵات و تۆڵەسەندنەوە لە گۆرانەکان و(شمس الدولة)ی هاوپەیمانیان، هیلال لە بەغداوە گەڕایەوە کوردستان و حلوان و کرماشان و دینەوەری گرتەوە، ئەمجا ڕووی کردە هەمەدان، (شمس الدولة)یش پێشی پێگرت و لە شەڕێکدا هیلالی بەدیل گرت و لای خۆی گلیدایەوە، بۆ شەوەکەی

---

(١) مجمل التواريخ، ص٤٠١، المنتظم، ١٠١/١٥، الكامل، ٣١٢/٧-٣١٤، مرآة الزمان، ص١٠٤-١٠٥.

(٢) ناوی تەواوی: أبو غالب محمد بن علي بن خلف(م:٤٠٧ك/١٠١٦ز):

(٣) الكامل، ٣١٣/٧، مرآة الزمان، ص١٠٤-١٠٥، ابن الفوطي، معجم الآداب،٣/٤٥٠.

دەیلەمیەکان لە تۆڵەی کوژراوەکانی شەڕەکەی نەهاوەند- ساڵی٤٠٠ک/١٠٠٩ز- پڕیان دایە هیلال و کوشتیان، ئەمەش لە ڕۆژی شەشی(ذي الحجة)ی٤٠٥ک/٢٨-٥-١٠١٥ز بوو[١].

بە هەمان شێواز ساڵی٤٠٦ک/١٠١٥ز، (شمس الدولة)، تاهیری کوڕی هیلالی لە زیندان ئازاد کرد و بەڵێنی گوێڕایەڵی لێ وەرگرت و شارەزوری بۆ گەڕاندەوە، ئەوەندەی نەبرد بە فیتی بوەیهییەکان، برینی نێوان هەردوو بنەماڵەی حەسەنۆیی بەرزەکان و عەننازیی شادنجان کولایەوە و تاهیر و فارسی کوڕی محەمەدی شادنجانی بەربوونە گیانی یەکدی، لە دوو لێکداندا میری شادنجان تێکشکا و کشایەوە حلوان و سوعدای برای هاتەکوشتن. بۆ تۆڵەسەندنەوە، شێوازی دیبلۆماسیی گرتەبەر و خۆی وا نیشاندا لەگەڵ تاهیر ئاشتبوونەتەوە و هیچی لە دڵ هەڵنەگرتووە و خوشکێکیشی پێدا، تا لە دەرفەتێکدا پڕی دایە سەری و کوشتی و شارەزوریشی گرت و دای بە موهەلهەلی برای[٢].

بە کوژرانی تاهیر دەسەڵاتی حەسەنۆییەکان بە یەکجاری لەناو چوو، تەنها قەڵای سەرماجیان بۆ مایەوە و شارەزور و چییاکانیش کەوتنە دەست بوەیهییەکان و عەننازییەکان، بەرزەکانیش وەك هۆز شوێنبزر دەبێت و ناو و هەواڵی لە سەرچاوەکاندا ناهێت، وەلێ وجاخی حەسەنۆ تا سەدەکانی دوای هەرمابوو، قەڵای سەرماج تا ساڵی ٤٣٩ک/١٠٤٧ز موڵکی بەدری کوڕی تاهیر بوو و ساڵی٤٣٧ک/١٠٤٥ز ئیبراهیم ئینالی زڕبرای توغرلبەگ حلوانیشی بۆ خستە سەر[٣].

هەروەها بنەماڵەی صۆفیەکانی سوهرەوەرد، شیخ عەبدولقاهری سوهرەوەردی (م:٥٦٣ک/١١٦٨ز) و شێخ شهاب الدینی سوهرەوەردی(م:٦٣٢ک/١٢٣٤ز) وئەوانی دی بەگوێرەی دوو سەرچاوە کوردن و لەوەچەی میر حەسەنۆی بەرزەکانن، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی هەواڵەکان وەك دیاردەیەکی باو دەیان بەنەوە سەر خەلیفە(أبوبكر الصديق)،

(١) مرآة الزمان، ص١٠٤-١٠٥، معجم الآداب، ٣/٤٥٠.

(٢) الكامل، ٧/٣٢٢.

(٣) الكامل، ٨/٩٤، ٩٩.

بەلاّم (إبن مشق)[1] شێخ عەبدولقاهری بە کورد داناوە[2]و(القادسي؟)[3] دەڵێت عەبدولقاهر بەکری نیە واتا نەوەی ئەبوبەکر نیە، بەڵکو نەوەی میر حەسەنۆی کوردە[4].

## ٦٤ـ عەننازیەکان لە حلوان و شارەزور(٣٣٠ـ٥٠٣ك/٩٤٢ـ١١١٠ز):

### أـ هۆزی شادنجان و(ابوالشوك الكُردي):

شادنجان- شادنگان لە هۆزە گەورە و ناسراوەکانی چییاکانە و ناوچەکانی نێوان حلوان و کرماشان، نیشتمانی دێرینی شادنجان و گۆران(الجورقان)بوو، گۆران پتر بنەجێ و گوندنشین بوون و بە کاروباری جوتیاری و رەزەوانی و پەزداریەوە خەریك بوون، کەچی چەکداری و رێبڕی ژێدەرێکی بنەڕەتیی داهاتی رەوەندانی شادنجان بوو کە شاخەوانی چوست و چالاك و جەنگاوەری جەربەزە و چاونەترس بوون، بەردەوام لەسەر شاڕێی بەغداد- خوراسان کە بە رێگای مەزنی خۆراسان دەناسرا و بە ناوجەرگەی زێد و قەلّمڕەویان تێدەپەڕی، پێشیان بە کاروانی بازرگانان و رێبواران دەگرت و دەیان رووتاندنەوە، وەك ئەو رێگریانەی لە ساڵانی٣٢٧ك/٩٣٩ز و٣٢٩ك/٩٤١ز ئەنجامیاندا، بۆیە ئاساییە ئەگەر یەکەم ناوهێنانی شادنجان لە سەرچاوەکان لە ئاکامی کردەوەیەکی رێگرییانەوە بێت[5].

---

(١) ناوی تەواوی: أبوبکر محمد بن المبارك بن محمد بن محمد بن حسين البغدادي، ناسراو بە (ابن مشق:٥٣٣- ٦٠٥ك/١١٣٨-١٢٠٨ز)، کتێبی(الوفيات)ی داناوە کە وا دیارە لەناوچووە و(الذهبي:م٧٤٨ك/١٣٤٧ز) زانیاریی زۆری لێ وەرگرتووە.

(٢) الذهبي، تأريخ الإسلام، ١٦٧/٣٩.

(٣) لە چاپی پەرتوکی (قلائد الجواهر) هاتووە (محمد القابسي) کە لەوانەیە هەر (ابوعبدالله محمد بن أحمد القادسي :م٦٣٢ك/١٢٣٤ز) نوسەری مێژووی (الفاخر في ذكر أيام الإمام الناصر) بێت، و (القادسي) شێوێنرابێت بۆ(القابسي) وەك چۆن(حسنويه) کراوە بە(حشويه).

(٤) التادفي، قلائد الجواهر، ص١٠٠.

(٥) الصولي، أخبار الراضي بالله، ص١٩٢.

دەبێت هەر لەبەر ڕێگری و سەرکێشیی پیاوانی شادنجان بووبێت، خیلافەی عەباسی وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، کوردێکی بە ناوی عەلیی کوڕی خالید ساڵی ٣٠١ك/٩١٤ز کردە والیی حلوان(١).

ئەوەی سەبارەت بە ناوی هەدبانی(الهذبانية) گوتمان، بەسەر ناوی شادنجان (الشاذنجان) یش جێبەجێ دەبێت و ناوی ئەم هۆزەش لە کۆنترین دوو ناوهێنانی دا بە شادنجان هاتووە و پاشان کراوە بە(الشاذنجان)، دووریش نیە شادنگان بێت نەك شادنجان(٢).

لە ڕۆژگاری لاوازیی خیلافە و دەستەوەستانیی خەلیفە و پشتگوێخستنی کاروباری هەرێمەکان، (أبو الشوك الكُردي) لە کێوەکانی حلوان دەرکەوت و بەرژەوەندیی کاربەدەستان و بازرگانانی خستە مەترسیەوە و بووە سەرچاوەی نائارامی و پەشێوی لە ولایەتی ڕێگایخوراسان و ڕەنگە تەنها لەبەر چاونەترسی و چاوقایمیی بە(أبو الشوك) گوزارشتی لێکرابێت(٣)، دەنا نە ناو و ناسنامە و نە سەرگوزشتەی ئاشکرایە و بە شاراوەیی ماوەتەوە(٤).

لە بابەتی بزاڤ و شۆڕشەکانی کورد دا، باسی ئەوە کرا کە ساڵی٣٠٥ك/٩١٧ز کوردێك لە دارودەستەی عەلانی کورد، (عثمان العنزي)ی والیی ڕێگای خۆراسانی کوشت(٥)، گومانێکی وام نیە کە نزیکایەتیەك عەلانی کورد و(أبوالشوك الكُردي) پێکەوە گرێ

---

(١) القرطبي، صلة تأريخ الطبري، ص٤٤.

(٢) أخبار الراضي بالله، ص١٩٢، المسعودي، مروج الذهب، ١٠٨/٢.

(٣) کەسایەتیی بەغدایی (محمد بن أحمد بن حماد الدباس)، ئەویش بە (ابن أبي الشوك) دەناسرا. الخطيب البغدادي، تأريخ بغداد، ٣٠٩/١-٣١٠.

(٤) التنوخي (م :٣٨٤ك/٩٩٤ز) لەمیانەی گێڕانەوەی ئەو چیرۆك و بەسەرهاتانەی لەمەڕ ڕێگریی کوردانەوە بڵاوبوونەتەوە، ناوی دوو ڕێگریٚ کوردی هێناوە (بهزاد الكُردي، إبن سباب- إبن سيار)، إبن مردانيش هەیە، نازانرێت پەیوەندیی ئەمانە بە (أبو الشوك)ەوە چیە. الفرج بعد الشدة، ٢٣٠/٤-٢٣١، آدم متز، الحضـارة الإسلامية، ٤٠٠/٢.

(٥) صلة تأريخ الطبري، ص٦٤.

دەدات و ڕەنگە هەر یەك بن و بەخۆی ناوی عەلان بووە و دەسەڵاتدارانی ناوچەکە و نەیارانی، بە(أبو الشوك)ناویان بردووە، واتا عەلان و عەنناز دەبنە باب و کوڕ.

ناووبانگی(أبو الشوك) گەهیشتبووە ئەو ئاستەی کە عەننازی کوڕ و جێگریی هەر بە ناوی ئەوەوە بناسرێت(إبن ابي الشوك الكُردي).

## ب- میر عەنناز (عناز إبن ابو الشوك الكُردي):

لە سەرچاوەکاندا تەنها بە (إبن ابو الشوك الكُردي) ناوبراوە، وەلێ لە پێشەکیی شیعرێکی شاعیر(ابن نباتة السعدي:م٤٠٥ك/١٠١٤ز) کە لە دژی محەمەدی کوڕی عەنناز گوتوویەتی، هاتووە:"وقال يذكر ابن عناز بن ابو الشوك الكُردي" دەردەکەوێت عەنناز و(إبن أبوالشوك) هەر یەکن[1].

عەننازی ناوڕۆیشتوو بە(ابن ابو الشوك)، یەکەم سەرداری ناسراوی شادنجانە و چەسپێنەری دەسەڵاتی هۆزەکەیەتی لە حلوان و چییاکانی دەوروبەری، ئاشکرایە بوەیهییەکان دوای ئەوەی بەغدایان گرت و دەسەڵاتیان گرتەدەست، دانیاننا بە فەرمانڕەوایی دا و بە پارێزگار و بەرپرسی حلوان و ڕێگای خوراسان ناساندیان تا هێمنی و ئارامیی ناوچەکە پارێزراو بێت و هاموشۆ لەم شارێیە گرنگ و زیندووە پەکی نەکەوێت، وێڕای سوودوەرگرتن لە توانای جەنگی و شارەزایی میری شادنجان، ڕووداوەکانی داهاتوو سەلماندیان کە ئەو سیاسەتەی وا بویهیەکان پەیڕەویان کرد دروست و سوودبەخش بوو و دەرەنجامی باشی لێکەوتەوە، هەم دیاردەی جەردەیی و ڕێبڕی لە شارێی خوراسان تا ڕادەیەك بنەبڕ بوو و هەم میری شادنجانی بەدەنگ داخوازیی(معز الدولة) ئەحمەدی بویهیەوە چوو و لەو تورکانە هاتەدەست کە لە(ركن الدولة) هەڵگەڕابوونەوە و ئامادە نەبوون شەڕی سامانییەکانی بۆ بکەن و پەرتەوازەی کردن، ئەوەبوو ژمارەیەکی لێکوشتن و لێ بەدیل گرتن[2].

---

(١) ديوان ابن نباتة السعدي، ص٩١.

(٢) مسكويه، تجارب الأمم، ٣٠٣/٥، الكامل، ٥٤١/٦.

عەننازی شادنجانی، کێوەکانی حلوانی خستبووە ژێر رکێفی خۆیەوە و تاکە فەرمانڕەوای دەستڕۆیشتووی ناوچەکە بوو، ساڵی ٣٤٢ک/٩٥٣ز رێگای لەو وەفدەی خیلافە گرت کە بە مەبەستی ئاشتکردنەوە و پێکهێنانەوەی میری سامانی نوحی یەکەم (٣٣١-٣٤٣ک/٩٤٣-٩٥٤ز) و (رکن الدولة) چووبوونە خوراسان و دەگەڕانەوە بەغدا و نوێنەری(معزالدولة)ی یەخسیر کرد و کاروانەکەی تالان کرد.

ئەو ئەم کارەی لەپێناو دەستکەوتی دارایی ئەنجام نەدا، بەڵکو گەرەکی بوو گوشار بخاتە سەر (معزالدولة) و ناچاری بکات مل بۆ داواکانی کەچبکات و ئەو کوردانەی کەوا بە بارمتە لەکن خۆی گلی دابوونەوە ئازاد بکات، سەرئەنجام بە ناوبژیی دەیسەمی کوڕی ئیبراهیم شادکۆیە، هەردوو لا رێککەوتن لەسەر بەردانی گیراوەکان، پاشان (سبکتکین الحاجب) بۆ لێدانی کوردانی شادنجان چووە حلوان و رێوشوێنی دەسەڵای میر عەنناز و کوردانی رێکخست و گەڕایەوە بەغدا[(١)].

پاش ئەم رووداوە، دەنگوباسی عەنناز(إبن ابو الشوك)بە یەکجاری دەبڕێتەوە و چارەنووسی بزر و نادیارە و لە ماوەی نزیکەی چل ساڵدا، تەنها ئەوە لە مێژووی ئەم هۆزە ئاشکرایە کە چوونە ژێر فەرمانی حەسەنۆی بەرزەکانی و عبدالوهابی کوڕی ونداديان دەستگیر کرد و رادەستی حەسەنۆیان کرد[(٢)].

(ابوحیان التوحیدي:م٤١٤ک/١٠٢٣ز) لە شەوێکی ساڵانی(٣٧٠-٣٧١ک/٩٨٠-٩٨١ز) بە رێککەوت ئاماژە بە کەسایەتێکی کورد دەدات و دەنوسێت:"وسرحني رسولاً إلى ... أو إلى أبـي السؤل الكُردي وإلى غيره ممن هو في الجبال"[(٣)].

دەکرێت بڵێین مەبەست لە (أبـي السؤل الكُردي) هەر میر (إبن أبوالشوك)ە ئەگەر ئەو راستیە بزانین لە هەموو مێژووی ئیسلامیدا میرێکی کورد بەو ناوە نیەو دیارە(أبوالشوك) شێوێنراوە بۆ(أبـي السؤل) و هەڵەی لەم بابەتە لە دەستنووسەکان کەم نیە[(٤)].

---

(١) تجارب الأمم، ٥/٣١٢-٣١٣، الكامل، ٦/٥٥٥، مؤلف، مجهول، العيون والحدائق، ٤/٤٧١-٤٧٢.

(٢) الكامل، ٧/١٢٤.

(٣) الإمتاع والمؤانسة، ٣/٢٢٨.

(٤) هاوڕێمان د. قادر محەمەد حەسەن بە سوپاسەوە سەرنجمی بۆ ئەم پەیوەندیە راکێشا.

### ج- محەمەدی کوڕی عەنناز (٣٨١-٤٠١ك/٩٩١-١٠١٠ز):

ئەبولفەتح محەمەد دووەم میری ناسراوی شادنجانە، سەرچاوە مێژووییەکان دەستپێکی دەرکەوتنی و پەیوەندی و خزمایەتیی لەگەڵ(ابن ابوالشوك) روون نەکردۆتەوە، بەڵام بە لێکدانەوەی هەواڵی مردنی ساڵی ٤٠١ك/١٠١٠ز دەردەکەوێت کە لە دەوروبەری ساڵی ٣٨١ك/٩٩١ز بووەتە میری شادنجان و لە پێشەکیی شیعرەکەی(ابن نباتة السعدي)دا دەردەکەوێت کە نەوەی(أبو الشوك)ە.

ئەبولفەتح دەسەڵاتی شادنجانی لە هێزێکی خێڵەکی ناوچەییەوە گواستەوە بۆ قەوارەیەکی سیاسی کاریگەر لە کوردستان و عێراق، وێڕای حلوانی بارەگا و پایتەخت شارەکانی کرماشان و دەسکەرە و بۆ ماوەیەك داقوقیشی بەدەستەوە بوو، لە رووداو و کێشەکانی ناوچەکە ئامادەبوونی هەیە و بە سەدان سوارەی شەڕکەری هەبوو لە پیاوانی هەردوو هۆزی شادنجان و گاوان و دەکرێت بە دامەزرێنەری میرنشینەکە بناسرێت[1].

بەڵام تەواو بە پێچەوانەی میر بەدری کوڕی حەسەنۆی هاوسێیەوە، ئەوەندە سەری لە کاری سیاسی و هونەری دانوستاندن دەرناچوو و دەگمەن توخنی چارەسەری ئاشتیانە دەکەوت و تەنها بە رم و شمشێر و لەشکرکێشی، کێشە و ئاریشە ناوخۆییەکان چارەسەر دەکرد و ئاڵۆزییەکان بنەبڕ دەکرد و بایەخێکی وای بە پاراستنی یەکڕیزی بنەماڵەکەی و پتەوکردنی بەرەی ناوخۆ نادا و نەشیا دڵی دژدار و سەرۆکهۆزە کوردەکان رابگرێت و لە دەوری خۆی کۆیان بکاتەوە، وەك چۆن فارسی کوڕیی نەیتوانی براکانی رازی بکات ناچاریان نەکات لێی هەڵگەڕێنەوە.

ئەوەی لە نەخشەی ناوخۆیی هەرێمی چیبیا لە سەردەمی بوەیهی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە سەرباری هەردوو ماڵباتی حەسەنۆیی بەرزەکانی و عەننازیی شادنجانی، چەند میر و خاوەند قەڵا هەبوون و هەریەکەو قەڵایەك یان بازێڕێکی بەدەستەوە بوو:

---

(١) تأريخ هلال الصابئ، ٧/٥١-٥٢، سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ص١٧.

- قەلای ماهکی لە دامێنی چییاکانی پێشکۆ و پشتکۆ بەدەست کوردی ناوچەکەوە بوو، لە دەقیکدا هاتووە کە ئەم قەلایە لە سەردەمی خەلیفە(المقتدر:٢٩٥-٣٢٠ك /٣٠٨-٩٣٢ز)ەوە بە دەست کورد و تورکمانەوەیە[1].

- مەندەلی موڵکی میر وەرام- بەهرامی کوڕی محەمەدی گاوانی (م:٤٠٣ك /١٠١٢ز) ی باپیرەگەورەی بنەماڵەی وەرامی بوو.

- خانەقین بەدەست ماڵباتی زوهمانی کوڕی هیندیەوە بوو، رەنگە ئەمانیش لە تیرەیەکی هۆزی گاوان بن.

- قەلای کۆسجەد وەك بـینیمان بەدەست میر خۆشینی کوڕی مەسعودەوە بوو.

- کرماشان و خولنجان وقەلای ئەرنبە ماوەیەك بە دەستی کوردە کوهیەکانەوە (القوهیة) بوو.

- نەهاوەند بە دەست مسافری کوڕی سەهلانەوە بوو و پاش خۆی بۆ ئەبودولەف سەهلان(م:٣٦٧ك/٩٧٧ز)ی کوڕی مایەوە[2]، کوڕ و باب دڵسۆز و گوێڕایەڵی خیلافە بوون وخەلیفە(الطائع:٣٦٣-٣٨١ك/٩٧٤-٩٩١ز)دڵسۆزی و چاکەی سەهلانی لەبەرچاو گرت و ساڵی٣٦٦ك/سەرەتای٣٧٧ز دانی بە رەوایی دەستەڵاتی نا و ناسناوی (عصمة الدولة)ی پێ بەخشی[3].

- ئیدج و ناوچەگەلێکی لوڕستان بە دەست کوردە لوڕیەکانەوە بوو (بنەماڵەی میر هەزار ئەسپ).

- قەلای بلوار موڵکی میرێکی دیی کوردەوە بوو.

ئەبولفەتح- دوای خۆیشی فارسی کوڕی-دەیویست بە چ شێوازێك بێت ئەم چەشنە قەوارانە لەناو ببات و بـیانخاتە سەر قەڵەمڕەوی خۆی، پاش ئەوەی نێوانی لەگەڵ بویهیەکان خۆشکرد و بەردەوام بەدەنگیانەوە دەچوو و دەستکەوتی سیاسی لە هاریکاریکردنیان چنگ دەکەوت، ساڵی٣٨٩ك/٩٩٩ز لەگەڵ زوهمانی کوڕی هیندی

---

(١) الكامل، ١٧٢/٩. وبڕوانە: الذهبي، تأريخ الإسلام، ٤٦/٤٠.

(٢) تجارب الأمم، ٢٠٠/٦، مجمع الآداب، ٤٠١/١-٤٠٢.

(٣) الصابيء، المختار من رسائل الصابيء، ص١٤٣-١٤٥.

خودانی خانەقین کەوتە ململانێیەوە و دوژمنداری کەوتە نێوانیانەوە، (هلال الصابئ: م٤٤٨ك/١٠٥٦ز) دەڵێت:"تا دەهات رۆژگار ئەبولفەتح محەمەدی بەهێز دەکرد و زوهمانی نابووت دەکرد"، ئەبولفەتح بە سیاسەت و تەڵەکەبازی زوهمانی هێور کردەوە و گوایە گەرەکیەتی لەگەڵی ئاشتبـێتەوە و بانگهێشتی لای خۆی کرد، زوهمان و سێ لە کوڕەکانی: دولف و مقداد و هیندیی لە قەڵای بەردان بەند کرد و خانەقینی لێ زەوت کردن، دواتر هەرسێ کوڕەکەی زوهمان کوژران و بەخۆیشی لە زیندان بە ناسۆری سەرینایەوە[1].

ئەبولفەتح لە ئاکامی ناکۆکی و هەڤڕکیی لەگەڵ میر بەدر دا دەسەڵاتی لەدەستدا و هەڵهات بۆ بەغدا و سێ ساڵێك لە دورە وڵاتی گوزەراندی، تا لە دەرئەنجامی دوبەرەکیی نێوان میر بەدر و هیلالی کوڕیدا، ساڵی ٤٠٠ك/١٠٠٩ز گەڕایەوە کوردستان و دەستی گرتەوە بەسەر حلوان و کرماشاندا و پاش ساڵێك لە حلوان مرد[2].

### د- فارسی کوڕی محەمەد (٤٠١-٤٣٧ك/١٠١٠-١٠٤٥ز):

حسام الدولة فارس بێ ئاریشەی ناوخۆیی، جێگای باوکی گرتەوە و بۆ ماوەی پتر لە سی ساڵ حوکمی کرد، لەگەڵ ئەوەی سەردەمەکەی تەناهی و ئارامی درێژخایەنی بەخۆوە نەدیت و پڕبوو لە شەڕوشۆڕ و ئاڵۆزی دەرەکی لەگەڵ دەوروبەردا و دووبەرەکیی ناوخۆیی لەگەڵ براکانی، بە مەزنترین میری عەننازی دادنرێت و حوکمی پانتایەکی پانوپۆڕی کوردستانی دەکرد بەتایبەت پاش لەناوچوونی حەسەنۆیەکان و بە میری کوردان ناودەبرا[3].

میرنشینەکە لە سەردەمی ئەودا، ئەم شار و بازێڕ و قەڵایانەی دەگرتەخۆ: حلوان، کرماشان، دینەوەر، کەنگاور، ئەسەدئاباد، ماهیدەشت، شارەزور، سامەغان، داقوق،

---

(١) تأريخ هلال الصابئ، ٧/٥-٦.

(٢) الكامل، ٧/٢٧١، ٢٨٦، ٢٩٤.

(٣) الخطيب البغدادي، تأريخ بغداد، ٢/٢٤٨.

خانیجار، خانەقین، مەندەلی، دەسکەرە، قەڵاکانی رەواندین، ماهکی، سیروان-شێروانە، سندە-سنە[1]، دژدیلەوەیە، تیرانشا، بلوار، بەردان، ئەرنبە[2].

دەسەڵاتدارانی بوەیهی لە بەغدا، بە میرایەتی فارس رازی نەبوون و رەتیان کردەوە و لەشکرێکیان ناردە سەری و بەزاندیان، ئەویش کشایەوە حلوان و پاشان لەگەڵیاندا رێککەوت، هۆکاری ئەم هەڵوێستەی بوەیهی ئاشکرانیە و لەوانەیە مردنی ئەبولفەتح یان کردبێتە پاساوی بڕانەوەی دەسەڵاتی عەننازیەکان لە حلوان و تا رێگا نەدەن کوڕ و برازاکانی بەردەوامی بە دەسەڵات بدەن[3].

ساڵی٤٢١ك/١٠٣٠ز میری شادنجان بە پاساوی ئەوەی موڵکی باوکی بووە، گەمارۆی داقوقی دا و لە عەرەبە عەقیلیەکانی سەندەوە و رادەستی موهەلهەلی برای کرد، شاری کرماشانیشی لە دەستی کوردە قوهییەکانی دەرهێنا و بەرپرسی شارەکەی دەستەسەر کرد و ساڵی٤٣٠ك/١٠٣٩ز شارۆچکەی خولنجان و قەڵای ئەڕنبەشی لەدەست دەرهێنان[4].

هاودەم لەگەڵ ئەم گەشەکردن و پەلهاوێشتنە، پێویستی بە داننانی خیلافەی عەباسی هەبوو تا دەسەڵاتی بە شەرعی بناسرێت و چیدی وەك باب و باپیرانی لە ریزی رێگران و لادەران هەژمار نەکرێت، دیارە ئەم هەوڵەی سەریگرتووە و خەلیفە(القادر بالله) بە ناسناوی(حسام الدولة) سەربڵندی کردووە، ئەویش لای خۆیەوە رێزی لە خیلافە دەنا و ناوی خەلیفەی لە خوتبە و لەسەر دراو دەهێنا، لەو تاکە دراوەی کە لە فەوتان رزگاری بووە ناوی خەلیفەی لە پێش ناوی خۆیەوە نەخشاندووە[5].

---

(١) سەندە یان سندە قەڵایەکە لە چیاکانی هەمەدان (معجم البلدان، ٣/٨٢)، بە دووری نازانین مەبەست قەڵایەکی نزیك شاری سنە بێت کە بە فارسی بە سننذج– سنندژ دەناسرێت واتا قەڵای سندە و لە کوردیدا سواوە بۆ سنە وەك چۆن بەغداد بۆتە بەغدا.

(٢) الکُرد في الدینور، ص١٩٥.

(٣) الکامل، ٧/٢٩٤.

(٤) الکامل، ٧/٤٢٦، ٨/٤٠، ٤٥.

(٥) الکُرد في الدینور، ص٣٠٩-٣١٠.

هەروەها پەیڕەوی حوکمی ناوەندگیری ناکرد و بەشداریی بە براکانی دەکرد لە بەڕێوەبردنی وڵات دا و پشکی خۆیانی بۆ دابڕی بوون، هەر لەگەڵ گرتنی شارەزور و سامەغان و دەرهێنانیان لە دەست حەسەنۆییەکان، بۆ موهەلهەلی برای دایبڕی و مەندەلی و هەردوو قەڵای دژدیلەوەیە و ماهکیی بەخشیە براکەی دیکەی سورخاب و ئەبولفەتحی کوڕیشی بە جێگری خۆی دانا لە دینەوەر، دیاردەی فرە کوێخایی ئەنجامی خراپی لێکەوتەوە و بووە مایەی گرژی و پەشێوی نێوان خۆی و براکانی کە خۆیان لەو بە کەمتر نەدەزانی و دژایەتیان دەکرد[1].

## هـ- لاوازبوونی میرنشین و تەکانی غوزە تورکەکان:

هیچ قەوارەیەکی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست بە قەد عەننازیەکان دووچاری دوبەرەکی و شەڕی خۆبەخۆ نەبووەوە و زیانی ماددی و گیانی بەخۆ نەگەیاندووە کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ بووە مایەی پوکانەوە و لەناوچوونیان، میرانی شادنجان بەردەوام هەڵیان دەکوتایە سەر یەکدی و لە تاڵانکردن و سوتاندنی موڵك و ماڵی یەکدی سڵیان نەدەکردەوە، بەتایبەت لە نێوان موهەلهەل و فارس و هەردوو کوڕەکەی: ئەبولفەتح و سوعدا کە بۆ دەیان ساڵ درێژەی کێشا و لە ئەنجامی ئەم شەڕانە دانیشتوان پتر لە جارێك دووچاری نەهامەتی و ماڵوێرانی هاتن و موڵك و ماڵ و سامانیان تاڵان کرا و گوند و رەز و باخیان هاتە سوتاندن[2].

میرانی شادنجان تێنووی خوێنی یەکدی بوون، لە رقان و بۆ ملشکاندنی یەکدی داوای هاوکاریی هێزە بیانیەکان دەکرد، لێرە کورتەی کێشە ناوخۆییەکان دەخەینەڕوو کە حەوت هەشت ساڵی خایاند(٤٣٠-٤٣٧ك/١٠٣٨-١٠٤٥ز):

کێشەی ناوخۆیی ساڵی٤٣٠ك/١٠٣٨ز تەقیەوە و ساڵ بە ساڵ پەرەی دەسەند و زیانی گیانی و ماڵی لێدەکەوتەوە و بووە هۆکارەکی سەرەکی لاوازبوون و لەناوچوونی میرنشینەکە.

---

(١) الكامل، ٣١١/٧، ٤٢٦-٤٢٧، ٤٥/٨.

(٢) الكامل، ٦٢/٨-٦٣، ٧٩.

- ئەبولفەتح جێگری باوکی بوو بەسەر دینەوەرەوە و ساڵ بە ساڵ پێگای خۆی قایمتر دەکرد و بێ رەزامەندیی باوکی هەڵی دەکوتایە سەر قەڵاَکانی ناوچەکە و داگیری دەکردن تا نۆرە هاتە سەر قەڵاَی بلوار.

- ژنی خاوەندی قەڵاَی بلوار لە ترسان هاواری بۆ موهەلهەل برد و داوای لێکرد بگاتە فریای تا قەڵاَکەی رادەست بکات.

- موهەلهەل لە سامەغانی شارەزورەوە بەدەنگیەوە هات و بەتەمابوو ئەبولفەتح غافلگیر بکات، ئەویش کە لە مەرامی مامی گەهیشت، پێشی لێگرت و هێزەکانی ئەبولفەتح تێکشکان و هەڵهاتن و بەخۆیشی بەدیل گیرا و خرایە زیندانەوە.

- (حسام الدولة)فارس بۆ دەربازکردنی ئەبولفەتحی کوڕی و سزادانی موهەلهەل لە حلوانەوە هێرشی کردە سەر شارەزور و گەمارۆیدا و سوعدای کوڕیشی نارد گەمارۆی داقوق بدات، سوعدا رووبەرووی بەرگری بووەوە، ئەمجا باوکی بەخۆی لە شارەزورەوە بەهانایەوە هات و سەرئەنجام داقوقیان گرت و چەك و تفاق و پۆشاکی کوردەکانیان بۆخۆیان برد.

- موهەلهەل لە بەرانبەر گوشاری فارسی برای دا لە کاردانەوەیەکی توندا، پەنای بردە بەر(علاءالدولة)ی کوڕی کاکەوەیە(٣٩٨-٤٣٣ك/١٠٠٨-١٠٤١ز) خاوەندی ئەصفەهان و هەمەدان و پەلکێشی کردە ناوچەکانی ئەبولفەتح و دینەوەریان گرت و تا کرمانشان هاتن و دەستیان نەپاراست لە زۆرداری و وێرانکاری دەرهەق دانیشتوان.

- سورخابی خاوەندی مەندەلی و ماهکێ لە خەریکبوونی فارسی برای بە موهەلهەلی برایانەوە دەرفەتی وەرگرت و بە هاوئاهەنگیی میر ئەبولفەتحی کوڕی وەرامی گاوانی (٤٠٣-٤٥٥ك/١٠١٢-١٠٦٣ز) پەلاماری چەند شوێنێکی حەلوانی دا.

- فارس یەك شەو لە داقوق مایەوە و بۆ بەیانیەکەی بە پەلە بەرەو حەلوان کەوتەڕێ و هاواری بۆ(جلال الدولة:٤١٦-٤٣٥ك/١٠٢٥-١٠٤٣ز)ی بوەیهی برد کۆمەکی سەربازی بۆ بنێرێت تا پێش لە دەستدرێژیی سورخاب و ئەبولفەتحی گاوانی بگرێت، ئەمجا کەوتەخۆ بۆ بەرەنگاربوونەوەی موهەلهەل و(علاءالدولة)، سەرەتا بەتەمابوو وەك پیشەی هەرجارەی خۆی لە قەڵاَی سیروان قایم بکات پاشان بە دانوستان قەناعەتی

به(علاءالدولة) هێنا چیدی پێشڕەوی نەکات و سازشی لەسەر دینەوەر کرد تا لە کۆڵی بینەوە[1].

- پاش دوو ساڵێك- ٤٣٤ك/١٠٤٢ز-، دوژمنداریی نێوان کوڕانی محەمەدی کوڕی عەنناز سەری هەڵدایەوە، فارس دەیویست ئەبولفەتحی کوڕی لە زیندانی موهەلهەل سەرفراز بکات، بەم بەهانەیەوە چووەوە شارەزور و ئاگری بەردایە بازێری شارەزور- نیم ئەز را- و دێهات و ئاوەدانیەکانی کردە سوتماك و دورپێچی قەلاًی تیرانشاهی دا، دژداری قەلاًکە(ابو القاسم بن عیاض) کەوتە ناوبژی و بەڵێنی بە فارس دا هەوڵدەدات ئەبولفەتح رزگار بکات.

- لە دژە هێرشێك دا موهەلهەل ناوچەکانی سندە-سنەی کردە ئامانج و کەوتە تالاًنکردن و سوتاندن، دانیشتوان لە هەردوو لاوە بوونە قوربانی و ماڵوێران بوون.

- حسام الدولة فارس کە زانیی هەوڵی ناوبژی سەری نەگرتووە دووبارە لە حلوانەوە پێشڕەوی کرد و دێهاتی سامەغانی تاڵان کرد و موهەلهەلیش لە دەستی هەڵهات[2].

ئەمە لە کاتێکدا چییاکان و هەرێمەکانی رۆژهەلاًتی ئیسلامی کەوتنە بەر شالاًوی بەربەلاًوی تورکە غوزەکان، تاکە سوودی هەڕەشەی ترسناکی غوزەکان ئەوەبوو میرانی عەننازیی ناچارکرد مل بۆ ئاشتبوونەوە کەچ بکەن و نەیاری و دوژمنایەتی یەکدی بەلاوە بنێن، تا هەندەی بۆیان بکرێت بەرگەی ئەم مەترسیە بگرن، ئەوەبوو حسام الدولة فارس گەڕایەوە حەلوان، بەلاًم ئەبولفەتح هەرگیز ئازادیی نەدیت و لە زینداندا مرد، موهەلهەل بۆ دڵنەوایی فارسی برای، کوڕێکی نارده کنی تا لە تۆڵەی ئەبولفەتح بـیکوژێت، وەلێ ئەو ئەم کارەی رەتکردەوە و کوڕەکەی بە رێزەوە ناردەوە.

کەچی سورخابـی برایان بە پێچەوانەوە هەڵسوکەوتی کرد و ئەم نسکۆیەی فارسی برای بە هەلزانی و مەندەلی- بەندنیجینی کە پێشتر بە دەستیەوە بوو گرتەوە و سوعدای برازای شاربەدەر کرد، لەنێو گەرمەی ئەم دۆخە ئاڵۆزەدا حسام الدولة فارس لە

---

(١) الکامل، ٨/٤٥- ٤٦، ٦٢-٦٤.

(٢) الکامل، ٨/٧٩.

قەڵای سیروان- شێروانە بە نەخۆشی مرد و ماڵباتەکەی و ئایندەی میرنشینەکەی بۆ چارەنوسێکی نادیار بەجێ هێشت[1].

میرانی عەننازی بایەخێکی ئەوتۆیان بە لایەنی کارگێڕی و دارایی نەداو سیستەمێکی بەڕێوەبردنی وایان نەبوو دەسەڵاتیان پتەو و جێگیر بکات و کاروباری ڕێڤەبەری و باجگری و زەویداری راپەڕێنێت، وێڕای پشتگوێخستنی بوارەکانی ئاوەدانکردنەوە و زانستی و رۆشنبیری، وردتر بڵێین قەوارەیەکی خاوەند مەرج و پێداویستیەکانی میرنشینی ئەو دەمانە نەبوو، نە دەسەڵاتەکی ناوەندیی بەهێز و نە پایتەختێکی هەمیشەیی و نە سنورێکی جێگیر، نەقشبەندی دەڵێت دەسەڵاتی عەننازیی شادنجانی پتر لە رێکخراوێکی خێڵەکیی نیوچە کۆچەر دەچوو کە پشتی دەبەست بە هۆزە رەشماڵنشینەکان و چەند قەڵایەك کە وەك کۆگا و گەنجینە یاخود بۆ خۆحەشاردان لە کاتی مەترسی و تەنگاویدا بەکار دەهێنران[2].

## و- موهەلهەلی کوڕی محەمەدی کوڕی عەنناز:

بە مردنی حسام الدولة فارس کێشە ناوخۆییەکان نەبڕانەوە، بەڵکو بەگوڕتر تەشەنەیان کرد، ئەوەبوو سەردارە کوردەکان پشتیان لە سوعدا کرد و دایانە پاڵ موهەلهەلی مامی، خەلیفە و بوەیهییەکانیش هەر پشتیوانیی ئەویان دەکرد و بە میری شادنجانیان دادەنا، ئەویش کرماشان و دینەوەر و ماهیدەشتی گرتەوە و خستنیە سەر شارەزور و بە شەڕ غوزەکانی سەر بە ئیبراهیم ئینالی- دایکبرای توغرلبەگ- لە ناوچەکە دوورخستەوە.

سوعدا خۆی بە هەژی و موستەحەقی جێگرتنەوەی بابی دەزانی و لە ئاست کردەوەکانی موهەلهەلی مامی هیچی لە پێش نەما، پەنابردنە بەر غوزە تورکەکان نەبێت، بە یاوەری سەرانی شادنجان خۆی گەیاندە خزمەت ئیبراهیم ئینال و داوای پشتگیری و یارمەتیی لێکرد و بەو کارەی غوزەکانی لە مامەکانی وروژاند و دەروازەی

(١) العماد الاصفهاني، زبدة النصرة، ص١٩، الكامل، ٨/٩٠-٩٢.

(٢) الكُرد في الدينور، ص١٩٩.

وڵاتی لەبەردەم واڵا کردن، ئیبراهیم ئینال کە سەرقاڵی داگیرکردن و بەتاڵانبردنی ئاوەدانیەکانی چییاکان بوو، پەرۆشی داواکاریی لەم چەشنە بوو، هەر زوو بەدەنگ سوعداوە هات و پەیمانی پێدا موڵکی باوك و پۆستی میرایەتی بۆ بگێڕێتەوە و یەکسەر کۆمەڵێك غوزی خستە بەردەست و ڕەوانەی حلوانی کردن.

لە ئەنجامی ئەم پەنابردنەی سوعدا، غوزەکان بە حلوان و مەندەلی و شارەزور بڵاوبوونەوە و زیانێکی قورسیان گەیاندە دانیشتوان و دەستیان بە هەر شوێنێك بگەیشتایە تاڵان و وێرانیان دەکرد. هەر لەمیانەی دوبەرەکیی میرانی شادنجان و دەستتێوەردانی سەلجوقییەکان، کوردە لوڕیەکان لە میر سورخاب هەڵگەڕانەوە و دەستەسەریان کرد و ڕادەستی ئیبراهیم ئینالیان کرد و ئەویش چاوێکی دەرهێنا[1].

لەگەڵ ئەوەی شار و قەڵا و دێهاتەکانی شارەزور زیاتر لە جارێك دووچاری هێرشی غوزەکان هاتن و تاڵان کران، میر موهەلهەل بەردەوام لە بەرگری و ڕایەڵەی سیاسیدا بوو و هەر لەسەر داخوازی و هاندانی ئەو بوو، خەڵکی شارەزور لە غوزەکان هاتنەدەست و ژمارەیەك لە هەردوولا هاتنە کوشتن و ناچاریان کردن ناوچەکە جێبهێڵن، پاشان موهەلهەل و کوڕێکی- لەوانەیە بەدر بێت- ناردەوە شارەزور و قەڵای تیرانشای گرتەوە و خۆیشی چووە بەغدا و خێزان و ماڵ و سامانەکەی لە دیوانی خیلافە دانا و ئەمجا گەڕایەوە شارەزور[2].

هاوکات توغرلبەگی سەلجوقی ساڵ بە ساڵ لە بەغدا نزیك دەبووەوە و مەترسی و گوشاری سەلجوقییەکان تا دەهات پەرەی دەسەند و سورخابی برای موهەلهەلیش لە زیندانی سەلجوقی بوو، لە ئاست ئەم ڕەوشە ترسناکە، میر موهەلهەل بە چەشنی میران و دەسەڵاتدارانی ناوچەکە ساڵی٤٤٢ك/١٠٥٠ز خۆی گەیاندە دەرگای توغرلبەگ و گوێڕایەڵی خۆی بۆ دووپات کردەوە و داوای لێکرد ڕێگا نەدات غوزە تورکەکان چیدی وڵات کاول بکەن و سورخابی براشی لە بەندی ئازاد بکات، ئەویش ڕێزی لێناو داواکاریەکانی پەسەندکرد و بەڵێنی پێدا دەست لە کاروباری ناوخۆی مەملەکەتەکەی

(١) الكامل، ٨/٩٧.

(٢) الكامل، ٨/١٠٠، ١٠٤.

وەرنەدات و بەدەستیەوە بـیهێڵێتەوە کە بریتی بوو لە شارەزور و سامەغان و داقوق و شێروانە و چەند شوێنێکی دی و سورخابـیشی ئازادکرد و قەڵای ماهکیی بۆ گەڕاندەوە و قەڵای راوەندینیشی بۆ سوعدا دابڕی(١).

لەم ساڵەوە شادنجانیەکان سەربەخۆییان لەدەستدا و بوونە پاشکۆی سوڵتانی سەلجوقی و وڵاتەکەیان بوو بە ولایەتێکی دەوڵەتی سەلجوقی و بە ئارەزووی خۆیان تەسەڕوفیان پێوە دەکرد، توغرلبەگ لە کاتی چوونی بۆ بەغدا داوای لە لایەنگرانی کرد لە دینەوەر و کرماشان و حلوان خۆیان ساز بدەن و خواردن و پێداویستی لەشکری ئامادە بکەن، پاش گرتنی بەغداش کرماشانی دابڕی و بەخشیە میری بوەیهی ئەبوعەلیی کوڕی ئەبوکالیجار(٢).

لەلایەکی دیەوە سوعدا سوربوو لەسەر دژایەتیکردنی موهەلهەل و هێنانی لەشکری غوز بۆ سەر وڵاتەکەی و لە کۆتایی ساڵی ٤٤٤ك/١٠٥٢ز بە لەشکرێکی غوزەوە کە توغرلبەگ بۆی سازدابوو، هێرشی کردە سەر سنورەکانی هەردوو میرنشینی عەننازی و گاوانی و تا نوعمانیە هات و هەمووی تالآن کرد و زیانی گیانی و ماڵیی زۆر بەر خەڵکی کەوت و هەواڵی پێشڕەوییان گەهیشتە بەغدا، هەر لەمیانەی ئەم لەشکرکێشیەوە رووبەڕووی موهەلهەلی مامی بووەوە و خۆی و مالکی کوڕی بەدیل گرت(٣).

لە رۆژی گرتنیەوە موهەلهەل شوێنبزر بوو و هیچ سوراخێکی نەما و هەواڵەکان هیچی لەبارەوە نادرکێنن، رەنگە هەر لەم ماوەیەدا و لە دەوروبەری ساڵی٤٤٥ك /١٠٥٣ز مردبـێت و دوور نیە سوعدا لە تۆڵەی ئەبولفەتحی برای کوشتبـێتی، سورخابـیش دوای گەڕانەوەی بۆ قەڵای ماهکیٚ، سەربوردەی نادیارە و نازانرێت چارەنووسی بە کویٚ گەهیشتووە، دیارە ئەمیش لەو ماوەیەدا مردووە(٤).

---

(١) الكامل، ٨/١٢٥.

(٢) الكامل، ٨/١٥٨–١٦١.

(٣) الكامل، ٨/١٤٠–١٤١.

(٤) النقشبندي، الكُردفي الدينور، ص٢٣٨.

ز- بەدری کوڕی موهەلهەل (٤٤٥-٤٦٧ك/١٠٥٣-١٠٧٤ز)

میرانی عەننازی هەر لە ڕۆژگاری کەوتنەوەی دوبەرەکیەوە و دواتریش هاتنی غوزەکان و توغرلبەگ، تا دەهات چوارچێوەی دەسەڵاتیان سنوربەند دەبوو و زۆربەی بازێڕ و قەڵاکانیان لەدەستدا و کەوتنە چنگ سەلجوقییەکان، تەنها داقوق و قەڵاکانی شارەزور بۆ ماوەی بیست ساڵێك بەدەست بەدری کوڕی موهەلهەل مابووەوە و ئەوەی زانراوە ساڵی٤٤٧ك/١٠٥٥ز میری شارەزور بووە[١].

بەدری کوڕی موهەلهەل لەچاو هاوشانەکانی، میرێکی زیرەك و دووربین بوو و شییا خۆی لەگەڵ سەلجوقییەکاندا بسازێنێت و پارێزگاریی لە مەملەکەتەکەی بکات، لە ڕۆژگاری باوکییەوە ناوی دێت و ئامادەیی لە کێشە ناوخۆییەکاندا هەیە و دوای گیرانی باوکیشی، وەك بەهێزترین میراتگری بنەماڵەی عەننازی دەرکەوت و توغرلبەگیش هەر بەو ناسنامە لێی دەڕوانی و دەستدرێژیی نەکردە سەر شارەزور و وەك خۆی هێشتیەوە، لە رووی سەربازیەوەش پشتیوانیی لێ دەکرد تا دەلیڤە بۆ سوعدا نەلوێت هێزەکانی خۆی ڕێك بخاتەوە و مەترسی بخاتە سەر وڵاتی شارەزور[٢].

هەر لەمیانەی ئەم دۆستایەتیەدا، بەدری کوڕی موهەلهەل هاواری بردە بەر سوڵتانی سەلجوقی و تکای لێکرد فشار بخاتە سەر سوعدا تا باوکی ئازاد بکات، بەڵام سوعدا هیچ بایەخی بە هەڕەشەی توغرلبەگ نەدا و پشتگوێی خست و لێی هەڵگەڕایەوە، بەڵکو ویستی حلوانیش بگرێتەوە کە بۆی نەچووە سەر لە ناوچەکانی رۆشنقوباد و بەردان مایەوە، پاشان لە نامەیەکدا بۆ دوا میری بوەیهی خەسرەو فەیروز(الملك الرحيم:٤٤٠-٤٤٧ك/١٠٤٨-١٠٥٥ز) گەڕانەوە و لایەنگریی خۆیی بۆ دەربڕی و تا ساڵی ٤٤٦ك /١٠٥٤ز رۆشنقوباد و قەڵای بەردانی بەدەستەوە بوو، سوعدا دوای ئەم رووداوانە هیچ هەواڵێکی لە سەرچاوەکاندا نیە و چارەنوسی ناڕۆشنە، دوور نیە ئەویش بەچەشنی مامەکانی هەر لەو ماوەیەدا مردبێت[٣].

(١) ابن الفوطي، مجمع الآداب، ٥٤٦/١.

(٢) الكامل، ١٤٠/٨، ١٤٥.

(٣) الكامل، ١٥٢/٨.

له ئاست پشتگیری و بەدەنگەوەهاتنی سوڵتانی سەلجوقی، میری عەننازی ووزە و شیانی خۆی خستە بەردەست  توغرلبەگ و لە گرتنی بەغدا و لەناوبردنی دەوڵەتی بوەیهی ساڵی ٤٤٧ك/١٠٥٥ز بەشداربوو، هەروەها خۆی و سورخابی کوڕیی ناسراو بە (إبن أبو الشوك)[١] و چەند میرێکی دیی کورد، بوونە راوێژکاری جڤاتی سەربازیی سەلجوقی و لە کۆبوونەوەو بۆنەکاندا لە بەغدا بەرهەڤ دەبوون و رێزیان لێدەگیرا و پرسوڕایان پێدەکرا، سورخابی کوڕی بەدر لە رێوڕەسمی مارەکردنی کچێکی جغرییەگ داودی سەلجوقی لە خەلیفە(القائم)  لە سەرەتای ساڵی٤٤٨ك/١٠٥٦ز ئامادە بوو[٢].

زانیاری لەمەڕ وڵاتی شارەزوری رۆژگاری میر بەدر یەکجار کەمە و پچڕپچڕە، وەلێ بایی ئەوەندە هەیە بە دڵنیاییەوە بڵێین هەتا بڵاوبوونەوە و نیشتەجێبوونی تورکمان- دواتر باسدەکرێت- سەربەخۆیی خۆی پاراست و راستەوخۆ نەکەوتە ژێر چەپۆکی سەلجوقییەکانەوە، بۆیە بە وڵاتی بەدر(بلد بدر، أعمال بدر، حلة بدر)[٣] ناودەبرێت و میر بەدریش بە دەسەڵاتدارێکی پایەدار و شکۆدار دەناسرێت و لە ریزی میرانی دەوروبەر (أمراء الأطراف) دادەنرێت[٤].

خەلیفەی عەباسییش رێزی لە بەدر دەگرت و وەك خاوەندی شارەزور دەیناسی و بە میرێکی شەرعیی دادەنا، ئەوەبوو دوای مردنی توغرلبەگ ساڵی ٤٥٥ك/١٠٦٣ز، لە دیوانی خیلافەوە بە فەرمی پەیام بۆ ئەو و بۆ گەورە میرانی دیکەی کورد و عەرەب نێردرا،  تا لە

---

(١) سێ میری عەننازی بە (ابن ابي الشوك) دەناسران، یەکەمیان میری دامەزرێنەر و باپیرە گەورەی عەننازیەکانە، دووەمیان سوعدایە، سێیەمیشیان سورخابی کوڕی بەدرە، ئەو میرەی لەو  رێوڕەسمەدا ئامادەبوو بە(ابن ابي الشوك) ناوبراوە کە دەبێت مەبەست  میر سورخاب بێت، چونکە ئەو و باوکی هەوادار و لایەنگری سەلجوقییەکان بوون و لەگەڵیانا چوونە بەغدا و سورخاب هەر یاوەری توغرلبەگ بوو(مرآة الزمان، ص٢٠٩)، هەرچی میر سوعدایە هەر ئەمبەر و ئەوبەری دەکرد و جێگای باوڕی توغرلبەگ نەبوو و دواجار پەیوەندیی کرد بە بوەیهییەکانەوە.

(٢) الکامل، ١٦٥/٨.

(٣)(حلة بدر) لە حەلە بچە– هەڵەبجەوە نزیکە.

(٤) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ص٥٩، ٨٩، ٩٧، ١٠٢–١٠٦.

بەغدا ئامادە ببن بۆ راوێژکردن سەبارەت بە دەستنیشانکردنی جێگرەوەی سەڵتەنەتی سەلجوقی و دیاری و خەڵات و نیشانەی میرایەتیشی پێ بەخشرا[1].

بە مردنی توغرلبەگ، بەدری کوڕی موهەلهەل پلەوپایەی خۆی لەدەست نەدا و لە سەردەمی ئەلب ئەرسەلانیشدا وەك کەسایەتیەکی پایەبەرزی دەوڵەتی سەلجوقی تەماشا دەکرا، هەرچەند دەنگوباسی لە سەرچاوەکان دەگمەن دەبێت و تەنها ئەوەندەی لەمەڕ دەزانرێت کە سوڵتانی سەلجوقی داوەتی کرد بۆ شاری نیشاپور، تا لە زەماوەندی مەلیکشاهی کوڕیی میوان بێت و دواتر لە مانگی شەوالی ساڵی٤٥٧ك/ ئۆکتۆبەری١٠٦٥ز گەڕایەوە کوردستان و تا مردنی لە ساڵی٤٦٧ك/١٠٧٤ز وەك لایەنگرێکی دڵسۆز و پابەندی سوڵتان مەلیکشاه مایەوە[2].

دوای مردنی بەدر وەك پێزانین و قەدرزانییەك بۆی، وەزیری سەلجوقی(نظام الملك:م٤٨٥ك/١٠٩٢ز)[3] نەصری کوڕی لە جێگای کردە میری شارەزور، کەچی نەصر لە سەرچاوەکان گومناوە و کوڕەکەی دیکەی بەدر واتا سورخاب ناوی دێت و بە خاوەندی شارەزور ناودەبرێت و نازانرێت بە چ شێوازێك و کەنگی ئەم دەستاودەستیە هاتۆتە کایەوە، ئەریَ بە شەڕ و لێکدان بووە یان بە خۆشی و پێکهاتن و بە ڕەزامەندیی سوڵتانی سەلجوقی؟.

## ح- سورخابی کوڕی بەدر(م: ٥٠٠ك/١١٠٧ز) و پاشماوەی عەننازییەکان:

ابو الفوارس سورخاب دوا میری ناسراو و دەستڕۆیشتووی بنەماڵەی عەننازیە، سەرەتای حوکمی لە وڵاتی شارەزور نادیارە، هەرچەند لە دەستپێکی سەردەمی سەلجوقییەوە دەنگوباسی بەرچاو دەکەوێت و ساڵی ٤٥٥ك/١٠٦٣ز هاوڕێ لەگەڵ توغرلبەگ گەڕایەوە بەغدا، بەڵام وەك فەرمانڕەوای شارەزور تا دوا ساڵەکانی سەدەی٥ك/١١ز هیچ هەواڵێکی تۆمار نەکراوە، بەگوێرەی ئەو زانیاریە کەمانەی وا

---

(١) الکامل، ٢٠٩/٨، مرآة الزمان، ص١٠٢-١٠٦.

(٢) مرآة الزمان، ص١٢٢، ١٧٢، تأریخ ابن ابـي الهیجاء، ص٢٠٠.

(٣) ناوی تەواوی: أبوعلي الحسن بن علي الطوسي .

لەبەردەست دان، دەردەکەوێت میرێکی بەدەسەڵات و خاوەند هێزی چەکدار بووە و لە شەڕ و ناکۆکیەکانی نێوان سوڵتانەکانی سەلجوقی بەشدار بووە[١].

یەکێك لە کارە گرنگەکانی بریتیە لە بنیاتنانی قەڵای خوفتیدەکان لە کەناری زێی بچووك لە دەشتی کۆیە، سەرچاوەکان ئاماژەیان بەم کارەی سورخاب نەداوە، بەڵام بە بەڵگەی ئەوەی پێشتر ناوی قەڵای خوفتیدەکان نەهاتووە و قەڵاکەش هەر بە خوفتیدەکانی سورخابی کوڕی بەدر ناسراوە، بە دڵنیاییەوە دەڵێین سورخاب قەڵاکەی بنیاتناوە[٢].

پێموایە چەمی سورخاوشانیش کە دەڕژێتە زێی بچووك- کۆیەوە و نزیکە لە خوفتیدەکان، یادگاریی سورخابە و بە ناوی ئەوەوە ناونراوە و سورخاب لە کوردستان بە سورخاوشاه ناوبراوە و سورخاوشاهان کورت کراوەتەوە بۆ سورخاوشان[٣].

لە سەردەمی میرایەتی سورخاب، شارەزور و داقوق و کەرکوك و زۆربەی ناوچەکانی دیی کوردستان، کەوتنە ژێر هەژموونی دەیان هۆز و تیرە و بنەماڵەی تورکمانەوە، تورکمانی سولغوری و دواتریش قەفجاقیی ئەیوائی بە شارەزوردا بڵاوبوونەوە و چوون بە گژ میر سورخاب دا و تەنانەت بۆ ماوەیەك(٤٩٣-٤٩٥ك/١١٠٠-١١٠١ز)قەڵای خوفتیدەکانیان داگیر کرد[٤].

سورخاب، دواتر سوودی لە خەریکبوونی برکیاروق و محەمەدی کوڕانی مەلیکشاه، بە دژایەتی یەکدیەوە وەرگرت و سنوری دەسەڵاتی بەرفراوان کرد و ماوەیەك کەنگاوەر و کرماشانیشی گەڕاندەوە و لە هەواڵێکدا بە خاوەندی کەنگاوەر ناوبراوە[٥] و تا دوو ساڵێك بەر لە مردنی حوصن- شورای خانیجاری بەدەستەوە مابوو[٦] و سەروەریەکانی

---

(١) الكامل، ٨/٤١٤.

(٢) معجم البلدان، ٢/٢٤١.

(٣) لەمبارەیەوە گوتارێکم لە کتێبی(لەبارەی کەلتور و مێژووی کوردەوە)بڵاوکردۆتەوە.

(٤) الكامل، ٨/٤٤٧.

(٥) الكامل، ٨/٤٠٩.

(٦) الكامل، ٨/٤٨٠.

باب و باپیرانی زیندوو کردەوە و تا لە مانگی شەوالی ساڵی٥٠٠ک/مایسی١١٠٧ز مرد، لە کورتە هەواڵێکدا، ئەوەندە دەزانرێت کە ماڵ و سامانێکی زۆری لە پاش بەجێما و ئەبومەنصوری برای لە جێگای بووە میری شارەزور[1].

لەو باوڕەدام ئەبومەنصور هەر نەصرە، ئەوەی(نظام الملك) لە شوێنی بەدری باوکی بە میری شارەزور داینا، واتا بە خۆی ناوی نەصر بووە و کونیەی ئەبومەنصور بووە. لە ڕووداوەکانی ساڵی٥٠٢ک/١١٠٩ز ناوی میر نەصری کوڕی موهەلهەلی[2] کوڕی (ابو الشوك الکُردي) هاتووە کە لە میرانی سوڵتان محەمەد بوو[3].

نابێت وا تێبگەین کە ئەم میرە نەوەی میر(ابوالشوك فارس) بێت، چونکە ناوبراو کوڕی بەناوی موهەلهەل نەبووە و مێژوونوسان زۆر جاران ناو و ناسناوی درێژی کەسایەتیەکان کورت دەکەنەوە و دەیلکێنن بە ناسناوی بنەماڵەکانیانەوە[4]، نەصر لە ڕاستیدا هەر ئەبومەنصور نەصری کوڕی بەدری کوڕی موهەلهەلی کوڕی ئەبولفەتح محەمەدی کوڕی عەنئازی کوڕی (ابوالشوك الکُردي)یە[5].

زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەبومەنصور نیە و نازانرێت تا کەنگی بە خاوەندی شارەزور ماوەتەوە و لە چ ساڵێکدا مردووە و کێ شوێنی گرتۆتەوە، دەکرێت بڵێین

---

(١) الکامل، ٤١٤/٨، ٥٠٨، الکُرد في الدینور، ص٢٤٥–٢٤٨.

(٢) لە ڕووداوەکانی سەرەتای سەدەی ٦ک/١٢ز باسوخواسی میرێك دێت بە ناوی (مهلهل الکُردي)، الأصفهاني، زبدة النصرة، ص٢٣٨، المنتظم، ٢٠٩/١٧، الکامل، ٦٢٥/٨. ئەم میرە شادنجانی نیە بەڵکو گاوانیە و ناوی تەواوی (ضیاءالدین مهلهل بن ابي العسکر الکُردي الجاواني)یە.

(٣) الکامل، ٥٢١/٨.

(٤) بۆ نموونە بەدری کوڕی موهەلهەلی کوڕی ئەبولفەتح محەمەدی کوڕی عەنئازی کوڕی (ابو الشوك الکُردي)، کورت کراوەتەوە بۆ بەدری کوڕی موهەلهەلی کوڕی( ابو الشوك الکُردي)، مرآة الزمان، ص١٧٢، تأریخ ابن ابي الهیجاء، ص٢٠٠.

(٥) بەیتی فۆلکلۆریی ناصر و ماڵماڵ (نصر و مهلهل)، یادگاریی میرانی عەنازییە، لە کتێبی (لەبارەی کەلتور و مێژووی کوردەوە) دەربارەیی ئاخەفتووم.

ئەوەندە میرایەتی نەکردووە و بە دەستوری میرەکانی دیکەی کوردستان لە ریزی سوپای سەلجوقی رێکخراوە و بەهێزەکانیەوە بەشداری شەڕەکانی کردووە[١].

قەلا و بازێڕەکانی شارەزوریش کەوتنە ژێر هەژموونی دوو بەرەبابی تورکمانی ئەیوائی: قەفجاقی و پەرچەمی[٢]، کە بە چیپیا و هەڵەت و دەشت و دێهاتەکانا بلاوبوونەوە و شکۆیەکی وایان بۆ کوردان نەهێشتەوە، بۆ تێگەهیشتن لەم راستیە، پێویست بە هێنانەوەی بەڵگە ناکات و ئەوەندە بەسە بلێین کە ناوی قەلای خوفتیدەکان لە خوفتیدەکانی سورخابەوە گۆڕدرا بۆ خوفتیدەکانی صارم الدین بلداچی کە نۆکەرێکی تورکی سەر بە ئەتابەگییەی هەولێر بوو[٣].

لە رووداوەکانی ساڵی٥١٣ك/١١١٩ز ناوی میری کورد نەصری کوڕی سەعد-سوعدی هاتووە[٤]، بەدوری نازانین ئەمیش لە میرانی عەننازی یان گاوانی بێت و لەوانەشە هەر میر نەصری کوڕی بەدر بێت، ئەگەر ئاگاداری ئەوە بین کە (ابن الجوزي) زیاتر لە جارێك لە گێڕانەوەی هەواڵەکانی لەمەڕ کورد دەکەوێتە هەڵەی زەقەوە[٥].

لە سەرەتای سەدەی٦ك/١٢زدا و لەگەڵ بڵندبوونەوەی بانگەوازی جیهاد لە دژی فەڕەنجە خاچهەڵگرەکان، دەیان و سەدان کورد لە هەموو چین و توێژەکان بە هەڵەداوان خۆیان گەیاندە کەنارەکانی شام و لە خزمەت سەرکردە و فەرماندەکاندا پشکدارییان لە شەڕی پیرۆز کرد، وا دیارە ئەندامانی هۆزی شادنجانیش ئەم هەڵوێستەیان وەرگرتووە، برایان عەنناز و بەدر کە بە ناویان دیارە لە بنەماڵەی عەننازین، دوو موجاهیدی کورد بوون لە لەشکری بنەماڵەیەکی عەرەبی خاوەندی قەلای شیزەر[٦].

---

(١) الكامل، ٥٢١/٨.

(٢) دواتر لە سەریان دەدوێین.

(٣) وفيات الأعيان، ٥٠٥/٣.

(٤) المنتظم، ١٧١/١٧.

(٥) بۆ نموونە لە رووداوەکانی ساڵی ٤٠٣ك/١٠١٢ز میر وەرامی گاوانی بە تورك داناوە و لە رودواوەکانی ساڵی ٥٢٠ك/١١٢٦ز میر (ابو الهيجاء الكُردي)ی لا بۆتە (مير ابوالفتح الجاواني) کە ساڵی ٤٥٥ك/١٠٦٣ز مردووە.

(٦) أسامة بن منقذ، كتاب الإعتبار، ص١٩٩-٢٠٠.

## ٧.٤ـ مەروانییەکان لە هەرێمی جەزیرە (٣٧٢ـ٤٧٨ك/٩٨٢ـ١٠٨٥ز):

### أـ بادی کوڕی دۆستەکی چواربوختی وجێگیرکردنی دەسەڵات:

لە دێرزەمانەوە بەرزاییەکانی هەرێمی جەزیرە و ناوچەکانی باکور و رۆژهەڵاتی دیجلەی سەروو، زێد و مەڵبەندی هۆزەکانی بوختی-بۆتانی، بەشنەوی-بەژنەوی، چۆپی و میهرانی بوون و هەرچی قەڵا و شورا و شارۆچکەی دیواربەند هەبوو، بەدەست سەردارانی ئەم هۆزانەوە بوو، وەلێ بنیادنەر و بناغەدارێژی مەزنترین قەوارەی سیاسی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست، دەوڵەتی دۆستەکی- مەروانی یەکێك نەبوو لە توێژی باڵادەست و موڵکداری ئەم هۆزانە، بەڵکو جەنگاوەرێك بوو لە چینی رەشۆکی خەڵك بە ناوی باد- پادی کوڕی دۆستەك، بەڵام هەندەی بڵـێی دلێر و چوست و چەلەنگ و لەشساخ و بەشانوشکۆ بوو[1].

بادی کوڕی دۆستەك، کەوا دیارە هەر لەبەر ئازایی و خۆشمێریی بە(أبو شجاع)و (أبو الغارات)ناسراو بوو، لە خێڵی چواربوختیی سەربە هۆزی بوختی یان حەمیدییە.

رودراوەری (الروذراوري)و ئەوانەی وا لێیان وەرگرتووە، دەڵێن باد ناوی ئەبوعەبدوڵا حوسینە و باد ناسناویەتی و نەژادیان بردۆتەوە سەر کوردانی حەمیدی[2]، و(ابن الأثیر)لە زاردەڤی حەمیدییەکانەوە زانیاری وەرگرتووە و پێیان گوتووە ئەبوشوجاع باد

---

(١) ڤەکۆڵەر و شوێنەوارناس سەیدا عبدالرقیب یوسف بە شێوازێکی زانستی و لە دوو بەرگی گەورەدا، لە مێژووی سیاسی و شارستانیی دەوڵەتی دۆستەکی–مەروانی کۆڵیوەتەوە و گەلێك زانیاریی گرنگ و پڕبایەخی لەمەڕ ئەم قەوارە سیاسیەی کورد خستۆتەڕوو (الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى، الجزء الأول، مطبعة اللواء(بغداد: ١٩٧٣)، ٣٧٠ص، الجزء الثاني، القسم الحضاري، دار آراس للطباعة والنشـر(أربيل: ٢٠٠١)، ص٣٨٤.

(٢) ذيل تجارب الأمم، ٥٣/٦، ابن شداد، الأعلاق الخطيرة، ١٢٩/٣.

لەوانەو ئەبوعەبدولا حوسین برایەتی[1]و ناوی و ناسناوی تەواوی(ابو الغارات باد بن دوستك بن عبدالله الحميدي الباخنيسي الكُردي الفارس)بووە[2].

کەچی فارقی(م :پاش ٥٧٧ك/١١٨١ز) کە بە خۆی خەڵکی میافارقینە و باب و باپیرانی لە خزمەت مەروانییەکان بوون، دیڤچوونی قووڵی سەبارەت بە هەردوو بنەماڵەی دۆستەکی و مەروانی ئەنجامداوە، هەم بادی کوڕی دۆستەك و هەم مەروانی کوڕی کەکی- زاوای باد و باوکی میرانی مەروانی- خستوونەتە پاڵ چهاربوختی- چواربوختی کە مخابن بە هەڵە لە چاپەکەدا کراوە بە(الحاربُختي)[3]، کەچی لە سەرچاوەیەکی دیدا بە دروستی هاتووە(الجهاربختية)[4].

دەکرێت ئەم دوو بۆچوونە ئاوەها لێکبدرێتەوە کە چواربوختی وەك روونە لەوە دەچێت تیرەیەکی هۆزی مەزنی بوختی بووبێت و شوێنی دەرکەوتنی ئەم بنەماڵەیە گەلێك نزیکە لە نیشتمانی بوختییەکان، ئەمە لە کاتێکدا تا هەنوکەش چواربۆتی گوندێکە لە کێوەکانی تەنیشت ئاکرێ، ئاکرێش مەڵبەند و بنکەی هۆزی حەمیدی بوو[5].

باد لە دەستپێکی بزاڤی سەربازیی خۆیدا- دەروبەری٣٦٠ك/٩٧١ز- لە کێوەکانی باحەسمێ لە دەڤەرەکانی نێوان هیزان و سێرت و مەعدەن هەڵکەوتوو لە باشور و باشوری رۆژئاوای دەریاچەی خەلات-وان، یان بەپێی هەواڵێکی دی لە ناوچەی باخونیس دەرکەوت و کۆمەڵێك شەرڤانی لە خزم وکەسی خۆی کۆکردەوە، وەك حوسێنی برایی و خوشکەزاکانی لە کوڕانی مەروانی چواربوختی و کوردە بەشنەوییەکان

---

(١) الكامل، ٧/١٥٠-١٥١.

(٢) ابن الفوطي، مجمع الآداب، ٥/٥٣٦.

(٣) لێرە مەبەست چاپی یەکەمە(دار الكتاب اللبناني:١٩٧٤)، ص٤٩، ٥٩، لە چاپی دووەمدا و لە ژێر رۆشنایی روونکردنەوەکەی من دا راست کراوەتەوە، تأريخ ميافارقين، تحقيق كريم فاروق الخولي ويوسف بالوكن، نوبهار(إستانبول: ٢٠١٤)، ص٤٤٩، ٤٥٣.

(٤) ابن العديم، بغية الطلب، ٣/١١٣٠.

(٥) بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ناوی باد و هۆزەکەی بڕوانە: عبدالرقيب يوسف، الدولة الدوستكية، ١/٣١-٤٠.

و له خاڵه سنورییەکانی ئەرمینیا و جەزیرە و بە ناوی غەزا و جیهادەوە هێرشی دەبردە سەر بارەگاکانی دەوڵەتی بـیزەنتی[1].

له ئەنجامی کەڵەمێردی و نانبدەیی باد و هەڵستانی بە هاریکاریی خەڵکی و پشکداریکردنی له شەڕی جیهاد دا، خەڵکی خۆشیانویست و پۆل پۆل پەیوەندیان پێوەدەکرد و ناوبانگی بە کوردستاندا بڵاوبووەوە و له ماوەیەکی کورتدا دەستی گرت بەسەر بازێڕەکانی ئەرگیش و هیزان و سێرت و مەعدەن دا.

دەکرێت بڵێین هێز و دەسەلاتی باد گەهیشتە ئاستێك، رایەدارانی بیزەنتیی وا لێکردووە لەگەڵیدا پێکبهێن و دانی پێدا بنێن، ئەویش ساڵانە بڕێك پارە و داهاتی وڵاتەکەی وەك باج بۆ ناردوون، له ناوەڕۆکی رێککەوتنی بوەیهی- بـیزەنتی دا[2] ناڕاستەوخۆ باسی ئەم راستیە کراوە[3].

(عضدالدولة)ی بوەیهی له ساڵانی(٣٦٦-٣٦٩ك/٩٧٦-٩٧٩ز) عێراق و چیاکان و هەکاری و جەزیرەی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە و رکابەر و دوژمنانی بەزاند و شاری موصڵی گرت، بادی کوڕی دۆستەك لەو کاربەدەستانە بوو کە چوونە پێشوازیی و لەوێ یەکسەر هەستی بە بەدنیازیی میری لەخۆباییی بوەیهی کرد، بۆیە دەسپێشخەری کرد و دەمودەست له موصڵ دەرکەوت و بەرەو بارەگاکانی کشایەوە و(عضدالدولة) نەیرژا بـیگرێت و هێزێکی نارده شوێنی و گوتی:"باد چاونەترس و رەقەکار و شەڕانیە، ناشێت کەسانی وەك ئەو رەها بهێڵدرێنەوە"[4]. ڤەکۆڵەرێك دەڵێت:"میر باد بە زیرەکی و وریایی خۆی هەستی بە نیازخراپیی میری بوەیهی کرد کە دەیویست دەستگیری بکات یان بـیکوژێت"[5].

---

(١) ذيل تجارب الأمم، ١٠٦/٧، تأريخ ميافارقين، ص٤٤٩-٤٥٠، الكامل، ١٥٠/٧-١٥١.

(٢) بۆ لێکدانەوەی بەندەکانی ئەم رێککەوتنە، بڕوانە: الدولة الدوستكية، ٦٢/١-٧١.

(٣) ذيل تجارب الأمم، ٥٢/٧.

(٤) ذيل تجارب الأمم، ٥٣/٧، الكامل، ١٥٠/٧-١٥١.

(٥) الدولة الدوستكية، ٥٤/١.

به مردنی(عضدالدولة) ساڵی٣٧٢ك/٩٨٢ز، دووبەرەکی کەوتە نێوان کوڕەکانیەوەو بە دژایەتی و رکەبەرایەتیی یەکدیەوە پلکان، ئەم پێشهاتە لە بەرژەوەندیی میر باد بوو، ئەوەبوو پتر خۆی سازدا و ساڵی٣٧٤ك/٩٨٤ز پاشماوەی حەمدانییەکانی لە میافارقین دەرکرد و لەسەر رەزامەندی خەڵکەکە شارەکەی گرت، پاشان جەزیرەی بۆتان و نەصیبـین و پانتاییەکی بەرچاوی خاکی هەرێمی جەزیرەی خستەسەر قەڵەمڕەویی خۆی و کاروباری شاری میافارقینی بە حوسینی برای سپارد و بە خۆی سەرقاڵی فراوانکردنی دەسەڵات بوو، تەنانەت ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بە وڵاتی باد(بلد باد) ناوبراوە[1].

ساڵی٣٧٢ك/٩٨٢ز خەڵکی نەصیبـین کە بـیستیان (عضدالدولة) مردووە، لە والی(ابو علي بن بشر الراعي) هەڵگەڕانەوە و کوشتیان و کوردێك دەستی گرت بە سەر شارەکەدا، پاشان بە هۆی گەهیشتنی هێز لە موصڵەوە، لە نەصیبـین دەرکەوت و خۆی گەیاندە باد[2].

(صمصام الدولة) و بەرپرسانی بوەیهی لە موصڵ، بە فراوانخوازی و پەلهاوێشتنی دەسەڵاتی باد نیگەران بوون و درکیان بە مەترسی هێزێکی نوێ کرد لە ناوچەکە کە خەریکە بەرژەوەندیان دەخاتە مەترسیەوە، لە ساڵانی(٣٧٣_٣٧٧ك/٩٨٣_٩٨٧ز) گەرەکیان بوو چ بە چەك و کوشتار و چ بە هێورکردنەوە و تەفرەدان، ئەم هێزە نوێیە ناوخۆییە لەناو ببەن و لە موصڵەوە سوپایان دەنارده سەری، یان پلان و داویان بۆ دەنایەوە، وەلێ میر باد بە گومانەوە لە راستگۆیی و نیازپاکیی بوەیهییەکانی دەڕوانی و بەردەوام جێگۆڕکێی دەکرد و لە شوێنێکی دیاریکراو گیری ناخوارد و ناوەناوە پەلاماری دەدان، بۆیە لە زۆربەی شەڕەکاندا دەرباز دەبوو و بە سەرکەوتوویی دەهاتە دەرەوە و ژمارەیەکی دەیلەم و عەرەبـی لێ دەکوشتن و لێ دەگرتن، تەنانەت لەو پیلانەش رزگاری بوو کە(سعد الحاجب) والیی موصڵ دایڕشتبوو بە مەبەستی کوشتنی

---

(١) ذيل تجارب الأمم، ٧/٤٨–٤٩، ٥٢.

(٢) ذيل تجارب الأمم، ٦/٢٦، ٥٣.

لەناو جێگادا، یەکێك لە شەڕەکان لە گوندی باجلایا[1] بەرپابوو، شاعیر ئەبوعەبدوڵا حوسینی کوڕی داودی بەشنەوی (م:٤٦٥ك/١٠٧٣ز) لە شیعرێکدا یادی ئەم شەڕەی بەرز راگرتووە:

البشنويّة أنصارٌ لدولتكم، وليس في ذا خــفاً في العجم والعرب

أنصار باذٍ بأرجيشٍ وشيعته بظاهر الموصل الحدباء في العطب

بباجلايا جلونا عنه غمته ونحن في الروع جلاؤون للكرب

سەرەنجام بوەیهییەکان پاش ئەوەی دڵنیابوون کە ناکرێت بە شەڕ و لەشکرکێشی بادی کوڕی دۆستەك لەناو بەرن رێگاچارەی ئاشتییان گرتەبەر[2]. دەبێت باد هەر لەم ماوەیەداو لە ئاکامی پەلهاوێشتن و سەرکەوتنەکانی و بە رێککەوتن ناسناوی (منجد الدولة)ی دەست خستبێت[3].

والیی موصڵ (ابو القاسم سعد الحاجب) لەگەڵ باد پێکهات لەسەر ئەوەی هەرێمی جەزیرە تا تورعابدین بۆ ئەو بـێت و هەرچی ماوەتەوەش واتا هەموو دیاربەکر و نیوەی تورعابدین بۆ باد بـێت، دەمێك والیی گۆرین ساڵی٣٧٧ك/٩٨٧ز مرد، باد ئەم رووداوەی کردە پاساوی بڕاندنەوەی ئاگربەست و بەنیازی گرتنی نەصیبـین لەبان لوتکەکانی چیای تورعابدین کە بەسەر نەصیبـیندا دەڕوانێت سەنگەری گرت و تاکتیکی جەنگی بەکارهێنا.

بادی کوڕی دۆستەك بە گەواهیی مێژوونوسانی نەیار، ئازا و چاونەترس و بەجەرگ بوو، هاوکات وریا و هەستیار و زۆرزانیش بوو، حیسابی بۆ دۆست ودوژمن دەکرد و تاکتیکی جەنگیی دەخستەگەڕ و دەیزانی ناحەزانی کەم نین و دەیانەوێت بە چ نرخێك بێت لەناوی ببەن، (سعد الحاجب) کابرایەکی کرێگرتەی راسپارد تا شەوێ باد لە شرینخەودا خەڵتانی خوێن بکات، ئەویش پێشبینیی بۆ هەر پێشهاتێك کردبوو و بۆ رێبزری لە کاتی نوستن دا شێوەی راکشانی خۆی دەگۆڕی و سەرەوخوار دەنوست، کە

(١) گوندی باجلایا– باجلێ تا هەنوکە ماوە و ئاوەدانە و لەسەر روباری خابورە.

(٢) ذيل تجارب الأمم، ٥٤/٦، الكامل، ١٥٣/٧.

(٣) مجمع الآداب، ٥٣٦/٥.

کابرا دزەی کردە ناو ڕەشماڵەکەی باد و شیربارانی کرد، وای دەزانی لە سەری دەدا، کەچی شیرەکە بە لاقی دەکەوت و لە کوشتن دەربازبوو، کاتێکیش هاتە باسکێکی دیار نەصیبین، گاگەلێکی هێنایە بان لوتکەی شاخەکان و لە نێوان چێڵەکان دا، چەکدارەکانی شیر و تیغیان دەر دەهێنا تا بدرەوشێتەوە و دوژمن وا تێبگات ئەو ئاپۆرەیە هەمووی جەنگاوەرە[1].

(شرف الدولة) پاش ئەوەی شوێنی (صمصام الدولة)ی برای گرتەوە، یەکسەر ئەبونەصر خواشادەی[2] ڕەوانەی موصڵ کرد نەوەك باد دەستپێشخەری بکات و پرپداتە موصڵ، ئەویش داوای یارمەتی و پشتیوانیی لە هۆزی عەقیلی عەرەب کرد تا بەشداریی شەڕی باد بکەن، چونکە وەك رودراوەری دەڵێت ئەسپەکانیان لەشسوك و تیژڕەون، کەچی ئەسپی کوردان سستن و چەك و تفاقیان گرانە، بۆ رازیکردنی عەرەبەکان، ناوچەکەی دابەشکرد بەسەر هەردوو هۆزی عەقیل و نومەیر دا تا هانیان بدات داکۆکی لێبکەن وپێی گوتن: ئەوە بادی دوژمنە لە بەرانبەرتانە تا دێت مەترسی زیاتر دەبێت.

ئەبونەصر خواشادە زیرەکانە سەرەدەریی لەگەڵ ڕەوشەکە کرد و دەیزانی بەم شێوازە عەرەبەکان خۆنەویساتە بەرگری لە موڵکەکانیان دەکەن و بەرەنگاری باد دەبنەوە وەك چۆن "داکۆکی لە ژن وماڵیان بکەن"، هەر دەمێکیش سوڵتانی بوەیهی کەوتەوە خۆی، ئەوا لێسەندنەوەی ناوچەکە لە عەرەبەکان ئاسانترە لەوەی لە چنگی باد دەری بهێنێت.

بادیش نەیدەویست شۆڕ ببێتەوە بۆ پێدەشتەکان و دەیزانی کورد چیایی و شاخەوانن و لە کێوەکاندا گرەوی شەڕ دەبەنەوە و لە تەختایی دەرەقەتی عەرەب ناهێن، کەچی حوسێنی برای گوێی بەم راستیە نەدا و لە شاخەکانەوە هاتە خوارەوە و

---

(١) ذیل تجارب الأمم، ٦/٥٥، ٨٨.

(٢) لای فارقی (ابو نصر خواشادە) بە هەڵە بۆتە (بهاء الدولة ابو نصر فیروز) و (ابو القاسم سعد الحاجب) ساڵی ٣٧٦ك/٩٨٦ز مردووە، جیاوازیش ناکات لە نێوان (شرف الدولة) و (بهاء الدولة)، تأریخ میافارقین، ص٤٥١.

له تێکهەڵچونێکدا کوژرا، باد بەم کۆستە، باجێکی گرانی د او گورزێکی کوشندەی بەرکەوت و براو نزیکترین هاریکار و پشتیوانی لەدەست دا و لە میافارقین بە خاکی سپارد[(١)].

ئەوەندەی نەبرد هەواڵی مردنی(شرف الدولة) گەهیشت- ساڵی٣٧٩ك/٩٨٩ز- و ئەبونەصر خواشادە گەڕایەوە موصڵ، بادیش بە کوژرانی حوسێنی برای ورەی نەڕوخا، بگرە تورعابدینی خستە سەر مەملەکەتەکەی و لە کارەساتی حوسێنی برای پەندی وەرگرت و لە باسکی شاخەکان شۆڕ نابۆوە خوارەوە و پێدەشتەکانی بۆ عەرەبی عەقیلی و نومەیری جێهێشت[(٢)]، فارقی زانیاریی جیاواز بەدەستەوە دەدات و ناڕێکی و پاشوپێشکردنی روداوەکان بە هەواڵەکانیەوە دیارە[(٣)].

بەگوێرەی هەواڵێکی دی، دوای مردنی(سعد الحاجب) بە راسپاردەی(بهاءالدولة)ی بوەیهی[(٤)]، ئەبونەصر خواشادە هاتەوە موصڵ و ئاگربەستەکەی لە گەڵ باد پاراست و جەزیرە و تورعابدینی بۆ دابڕی، پاش ماوەیەك میری بوەیهی داوای لە باد کرد سنوری نێوانیان بگەڕێننەوە بۆ دۆخی سەردەمی (سعد الحاجب)، باد ئەمەی بە سازش دانا و رەتی کردەوە، ئەویش خەلیفە(الطائع)ی لە هەڵوێستی نەرێنی باد ئاگادار کردەوە و خەلیفەش سوپایەکی بۆ رەوانە کرد و کەوتنە دووی باد، لە باسکێکی سەر چییای تۆرعابدین لەگەڵ هێزەکانی باد دا تێکهەڵ چوون و حوسێنی برای باد کوژرا[(٥)].

## ب- کوژرانی باد و گواستنەوەی دەسەلأت بۆ خوشکەزاکانی:

حەمدانییەکان، موصڵ و میافارقین و سەرلەبەری هەرێمی جەزیرەیان بە موڵکی رەوای خۆیان دەزانی و لە دەلیڤەیەك دەگەڕان تا بگەڕێنەوە موصڵ و دەسەلأت

---

(١) ذیل تجارب الأمم، ٨٨/٦-٨٩، تأريخ ميافارقين، ص٤٥٢، الكامل، ١٦٥/٧-١٦٦

(٢) ذیل تجارب الأمم، ٨٩/٦.

(٣) بە خۆیشی هەستی پێکردووە و گومانی خۆی دەربڕیوە و بە (قیل) واتا دەڵێن گوزارشتی لێکردووە.

(٤) راستیەکەی (شرف الدولة) نەك (بهاء الدولة).

(٥) تأريخ ميافارقين، ص٤٥١-٤٥٢.

وەربگرنەوە، دوای مردنی (شرف الدولة) بە ماوەیەکی کەم، کوڕانی (ناصرالدولة)ی حەمدانی لە بەغداوە کەوتنەوەخۆ و گەڕانەوە موصڵ، ئەبونەصر خواشادە چەندی کرد بۆی نەکرا حەمدانییەکان لەم هەنگاوە پاشگەز بکاتەوە، هەروەها خەڵکی موصڵیش حەزیان بە چارەی تورك و دەیلەمەکان ناهات و لە ئەبونەصر خواشادە یاخی بوون، دوای شەڕ و کوشتار، ئاڵۆزیەکە بەوە بڕێنرایەوە کە بەرپرسی بوەیهی و دارودەستەکەی لە تورك و دەیلەم بگەڕێنەوە بەغداو موصڵ رادەستی حەمدانییەکان بکەن، ئەوانیش خۆیان رێکخستەوە و هەرچەند هێزی رێکخراویان نەبوو، بەلام خەڵکی موصڵ و عەرەبی عەقیلی و سێ هەزار لە ئەندامانی بنەماڵەکیان لە دەوریان کۆبوونەوە[1].

کوڕانی(عضدالدولة)ی بوەیهیش دەیانزانی ئەوەندەی نەماوە سەرپاکی هەرێمی جەزیرەیان لەکیس بچێت و باد بۆتە مەترسیەکی راستەقینە، بۆیە حەزیان دەکرد حەمدانییەکان بگەڕێنەوە موصڵ و هەرچۆنێك بێت کوڕانی (ناصر الدولة) بۆ ئەوان چەند قات باشترە لە بادی جەربەزە و شەڕانی.

بادی کوڕی دۆستەك رژدبوو لەسەر گرتنی موصڵ و دوبارە وەدەرنانی حەمدانییەکان و دەیزانی تازە هاتونەتەوە سەرخۆ و سوپایەکی سازدراویان نیە پشتی پێبەستن، یەکسەر پەیامی بۆ خەڵکی موصڵ نارد و داوای هاریکاری و ئاسانکاریی لێکردن و هەندێکیان بەدەنگیەوە هاتن، ئەمجا بە شەش هەزار جەنگاوەری کوردەوە بەرەو موصڵ بزاوت و لە کەناری رۆژهەلاتی دیجلە جێگیر بوو.

حەمدانییەکان هیمدادیان بۆ میری عەقیلی (محمد بن المسیب:م٣٨٦ك/٩٩٦ز) برد تا بگاتە فریایان، ئەویش بە رازیبوون بەرسڤی دانەوە بەو مەرجەی جەزیرەی بۆتان و نەصیبین و بەلەدی بدەنێ، کوڕانی (ناصرالدولة) لە دۆخێکی نالەبار بوون و تەواو شلەژا بوون و بە هەموو مەرجێك قایل بوون و بێ دوودڵی مەرجەکەیان پەسندکرد، ئەبوعەبدولای حەمدانی دەمودەست بە دوو هەزار سوارەوە خۆی گەیاندە لای میری عەقیلی و هەردووکیان بە هەزاران شەڕکەری عەرەبەوە پەڕینەوە رۆژهەلاتی دیجلە و لە باد نزیك بوونەوە، ئەمە لە کاتێکدا باد ئاگای لەم دزەکردنە نەبوو و سەرقاڵی شەڕی

---

(١) ذيل تجارب الأمم، ٦/١٠٧-١٠٨، القلانسي، ذيل تأريخ دمشق، ص٨٤.

ئەبوتاهری حەمدانی بووو درەنگوەخت درکی بە مەترسی کرد و بەتەما بوو پەلە بکات و پەنابەرێتە بەر زورگ و هەڵەتەکان، نەبادا عەرەبەکان پشتی لێبگرن و بیخەنە کەوانەی گەمارۆوە و داوای لە هەڤالآنی کرد زوو پاشەکشێ بکەن و دالّدە بدەنە کێوەکان، دزەکردن و پەڕینەوەی عەرەبەکان پێشهاتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو و بووە مایەی شڵەژان و لێکترازانی ڕیزەکانی سوپای کوردان و کەس ئاگای لە کەس نەما.

لە گەرمەی شەڕدا باد گەرەکی بوو لە ئەسپەکەیەوە خۆی بهاوێژێتە سەر ئەسپێکی دی و بەردەوامی بە شەڕ بدات و خۆی هەڵدا و پێی پێڕانەگەیشت و کەوتە سەر زەوی و ئەستۆی شکا، ئەبوعەلی حەسەنی خوشکەزای بەهاواریەوە هات و بۆی نەکرا دەربازی بکات، تا عەرەبیکی عەقیلی لەنێو لاشەی کوژراوان دا بادی ناسیەوە کە هێشتا هەناسەی تێدا مابوو و یەکسەر سەری بڕی و کەلەسەری برد بۆ کوڕانی (ناصرالدولة) و لاشەکەشی نیشاندان تا تەواو دڵنیابن کە دوژمنی سەرسەختیان بەکوشت چووە، ئەوانیش پاداشتیان دایەوە و دیاریان پێبەخشی و لاشەکەیان هێنایە موصڵ و دەست و پێیان لێکردەوە و ناردیان بۆ بەغدا و لاشەکەیان لە دەرگای(دار الإمارة) هەڵواسی.

خەڵکی موصڵ لە شێواندن و هەڵواسینی لاشەی باد نیگەران بوون و گوتیان خۆ کافر نیە بەڵکو غازییە و لاشەکەیان هێنایە خوارەوە و شوشتیان و بەخاکیان سپارد[1].

باد وەك پاڵەوانێکی ئەفسانەیی و قارەمانێکی میللی لێهات و خەڵکی خۆشیان دەویست و بە کوژرانی پەست و دڵتەنگ بوون، رودراوەری رەخنە و توانج لە خەڵکی سادە و رەشۆکی دەگرێت کە چۆن کەسێکی وەك بادیان پاش کوژرانیشی هەر خۆشویستووە و سەرسوڕمانی خۆی لەم رەفتارە نەشاردۆتەوە[2].

---

(١) ذیل تجارب الأمم، ١٠٨/٦–١٠٩.

(٢) رودراوەری دەنووسێت " وظهر من محبة العامة له بعد هلاكه ماكان طريفا بل لا يستطرف من الغوغاء تناقض الأهواء ولا يستنكر للرعاع إختلاف الطباع وهم أجرأ الخلق إذا طمعوا وأخبثهم إذا قمعوا"، ذيل تجارب الأمم، ١٠٩/٦.

ج- میر ئەبوعەلی(٣٨٠-٣٨٧ك/٩٩٠-٩٩٧ز)و بنیاتنانەوەی دەسەڵات:

میر باد لە بزاڤ و رایەڵە و چالاکیەکانیدا پشتی بە سەدان چەنگاوەر و خۆبەخش دەبەست کە زیاتر لە خزم وکەس و ناسیارەکانی پێکدەهاتن لە هۆز و خێڵە کوردەکان بە تایبەت لە پیاوانی هەردوو هۆزی چواربوختی و بەشنەوی کە خوشکەزای خۆی بوون، لەوانەش ئەبوعەلی حەسەن و ئەبومەنصور سەعید و ئەبونەصر ئەحمەد کوڕانی مەروانی کوڕی کەکی چواربوختی، ئەم بنەماڵەیە دانیشتووی گوندی کرماسی نێوان سعرد و مەعدەن بوو، مەروان بەخۆی کوێخادێ و خاوەندی ئاشی ئاوایی بوو.

ئەبوعەلی حەسەن لە ئازایەتی و هۆشیاریی سیاسیدا، هیچی لە خاڵی کەمتر نەبوو، دەبێت لە ئاکامی هۆگری و یاوەریی خاڵیەوە ئەم خەسڵەتانەی سەرچاوەیان گرتبێت، ئەوەبوو لە ساتێکی ناسك و پێتڤی دا هاتەدەست و بە پێنچسەد سوارەوە خۆی دەرباز کرد و لە شاخەکان سەنگەری گرت و نەیهێشت لەدەستدانی خاڵی ببێتە مایەی ورەبەردان و کەوتنەوەی ئاڵۆزی و پشێوی لەنێو ریزەکانی لەشکردا و گازی هەڤاڵانی کرد و گردی کردنەوە و گورزێکی توندی لە حەمدانییەکان دا و گەلێکی لێ کوشتن و بلاوەی پێکردن.

پاشان رێبەرایەتی سوپاکەی کرد و کشایەوە حوصنکێفا و لەوێ خاڵۆژنی کە ئافرەتێکی دەیلەمی بوو، لە کوژرانی خاڵی ئاگادار کردەوە و هەر چۆنێك بێت قەناعەتی پێ هێنا قەلأکەی رادەست بکات و شووی پێ بکات، ئەمجا دەستوبرد دەستی گرت بەسەر میافارقین و قەلا و شوراکانی دەوروبەری و سەرلەنوێ رێکی خستنەوە و پتەو و پڕچەکی کردن، نەبادا حەمدانییەکان هەلومەرجەکە بقۆزنەوە و پەلاماری میافارقین بدەن کە هەردەم بە موڵکی خۆیانیان دادەنا[1]، سەعیدی براشی کردە بەرپرس و جێگری خۆی لە جەزیرەی بۆتان.

دەرهاوسێ نەیارەکانی مەروانییەکان، دەیانویست هەندەی بکرێت سوود لە کوژرانی میر باد وەربگرن و سەرکەوتنی لەشکری تۆمار بکەن و دەسکەوتی سیاسی دەست بخەن و بچن بەگژ میر ئەبوعەلی دا، ئەمیش دەبوو لەیەك کاتدا خۆی ساز و بەرهەڤ

(١) ذیل تجارب الأمم، ١٠٩/٧، تأریخ میافارقین، ص٤٥٢.

بكات و بەر بە گەف و پەلامارەکان بگرێت و بەرپەچیان بداتەوە و داکۆکی لە سنورەکانی بکات و بە کردەوە سەلماندی کە کەسێکی شیاو و کارامەیە و شایەنی ئەوەیە ئەم ئەرکە قورسە لە ئەستۆ بگرێت.

کوڕانی(ناصرالدولة)ی حەمدانی بە کوشتنی میر باد رانەوەستان و بەتەما بوون سەرلەبەری هەرێمی جەزیرە بخەنەوە ژێر رکێفی خۆیان و مەروانییەکان نابووت بکەن، ئەوەبوو لە دوو قۆڵەوە هەڵیان کوتایە سەر میافارقین و ئامەد و بە مەرامی ترساندن و چاوشکاندنی خەڵکی، کەلەسەری بادی کوڕی دۆستەکیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتبوو، وەلێ هەرچەند کردیان و کۆشایان نەشییان سەرکەوتن بەدەست بهێنن، بگرە تێکشکان و ئەبوعەلی چۆکی دانەدا و بەرهەڵستی کردن و ئەبوعەبدوڵای حەمدانیی بەدیل گرت، پاشان ئەوپەڕی دڵۆڤانیی دەرهەق نواند و رێزی لێناو ئازادی کرد، کەچی ئەوان رژدبوون لەسەر هەڵوێستی خۆیان و چاکە و جوامێریی میری مەروانیان لەبەرچاو نەگرت، ئەمجارەیان ئەبوتاهری حەمدانی لە ئامەدەوە هێرشی کردە سەر میافارقین، دوای ئەوەی پێشنیاری ئەبوعەبدوڵای برای بۆ رێککەوتن پشتگوێ خست، ئەمجارەشیان مایەپوچ بوون و شکستیان هێنا و ئەبوعەبدوڵا بۆ جارێکی دی بەدیل گیرا.

مێژوونوسیك پەسنی هەڵوێستی مەردانەی ئەبوعەلی دەکات دەرهەق ئەبوعەبدوڵا کە لە بەرچاوی نەگرت و سەرئەنجام خراپ لەسەری کەوت[1].

لە بەرەی باکورەوەش بیزەنتیەکان چاویان بڕیبووە کەنارەکانی دەریاچەی خەلات-وان و کوژرانی بادیان کردبووە پاساوی کۆتاهاتنی ئاگربەست[2]، ساڵی ٣٨٢ك/٩٩٢ز فرسەتیان هێنا و پەلاماری شارەکانی خەلات و مەنازگەرد و بارگیری و ئەرگیشیان دا، لێرەش میر ئەبوعەلی هاتەدەست و تێکی شکاندن و پاشەکشێی پێکردن و تەکتیکی سەربازیشی بەکار هێنا و هەڕەشەی ئەوەی لێکردن کە سبەی هەموو لەشکری موسڵمان لەکنی ئامادە دەبن و ملکەچی کردن بۆ دە ساڵی دی ئاگربەستەکە نوێ بکەنەوە[3].

---

(١) الروذراوري، ذيل تجارب الأمم، ٦/١٠٩-١١٠.

(٢) الدولة الدوستكية، ٢/١٢٨.

(٣) تأريخ ميافارقين، ص٤٥٣-٤٥٤.

هەر لەو ماوەیەدا ئەرمەنەکانیش هێرشیان هێنایە سەر مەنازگەرد و داگیریان کرد و خەڵکەکەیان ئاوارە و سەرگەردان کرد و مزگەوتی مەزنی شارەکەشیان کاول کرد، دورنیە میر ئەبوعەلی دەگەڵ ئەمانیشدا ئاگربەستی ئەنجامدابێت و پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵدا هێنابێتە ئاراوە و هەر لەو چوارچێوەیەدا کچی شاهی ئەرمەنی (السناسنة)ی خواست[1].

بەمشێوەیە ئەبوعەلی شییا مەترسی فرەلایەنی نەیارانی بڕەوێنێتەوە و پێگای خۆی توند دابکوتێت و هێمنی و تەناهی بەسەر وڵاتدا بسەپێنێت و متمانەی ئەندامانی بنەماڵەکەی و هۆزە کوردەکان مسۆگەر بکات و هەوادارانی حەمدانییەکان لە میافارقینی پایتەخت پەرتەوازە و شاربەدەر بکات، تا بووە تاکە فەرمانڕەوا و ناحەزان سڵیان لێدەکردەوە، لەلایەکی دیەوە پیرەمێردێکی دنیادیدە و بەئەزموون و کارزان لە بەڕێوەبردندا بە ناوی مەم- محەمەد کردە رازگر و راوێژکاری خۆی[2].

لە سیاسەتی دەرەوەشدا دانینا بە خیلافەی عەباسی و دەسەڵاتداریتی بوەیهی و دراوی بە ناوی خەلیفەی عەباسی و میری بوەیهییەوە لێدا، هاوکات دۆستی فاتمییەکانی مصر بوو و رێزی لێ دەگرتن[3] و هەر بە ناوبژی و کۆششی خەلیفەی فاتمی (العزیز :٣٦٥_٣٨٦ك/٩٧٥_٩٩٦ز) بوو، بۆ جاری دووەم ئەبوعەبدوڵای حەمدانیی ئازاد کرد[4].

---

(١) تأريخ ميافارقين، ص٥٠١، الدولة الدوستكية، ٢/١٢٧.

(٢) تأريخ ميافارقين، ص٤٥٤، ٤٥٦.

(٣) (ابن الأثير) دەڵێت: (ابو عبدالله الحمداني) دوای ئازادکردنی چووە مصر و فاتمییەکان کردیانە والیی حەلەب و ماوەیەك لەوناوە مایەوە تا مرد. الكامل، ٧/١٨٦، (أبوالفداء:م٧٣٢ك/١٣٣٢ز) ئەم هەواڵەی بە هەڵە کورت کردۆتەوە و واتاکەی شێواندووە و دەڵێت ئەبوعەلیی کوڕی مەروان چوو بۆ مصر و خەلیفە(العزيز) کردوویەتی بە والیی حەلەب. تأريخ أبوالفداء(بيروت: ١٩٩٧)، ١/٤٧٠. مێژوونوسانی هاوچەرخیش ئەم هەواڵە نادروستەیان وەرگرتووە. بڕوانە: الدولة الدوستكية، ٢/٢٦–٢٧.

(٤) شیرۆی کوڕی مەم ناوی بە(شروة) هاتووە(تأريخ ميافارقين، ص٤٦٣، ٤٦٧–٤٧٤، الكامل، ٧/١٧٩)، کەچی لە رووی دراوێکی بە (شروين بن محمد) هاتووە و وەك روونە کوردیش ناو کورت دەکەنەوە و شێروین دەکەنە شێرۆ نەك شروە.

میر ئەبوعەلی کە بەسەر نەیارانی دەرەکیی سەرکەوت و کەسیان نەشییان هێزی گەشەکردووی لاواز بکەن، بووە قوربانیی پیلانێکی ناوخۆیی و لە ئاکامی رێککەوتنی ژێربەژێری نێوان شێرۆی کوڕی مەم[1] و(شێخ عبدالبر) بەرپرس و پیاوماقوڵی ئامەد لە کۆتایی ساڵی٣٨٧ك/٩٩٧ز لە دەروازەی ئامەد هاتە کوشتن، کاتێك بە یاوەریی شێرۆی دەمڕاستی لە چاوەڕەوانی گەهیشتنی بووك بوون کە کچی(سعدالدولة)ی حەمدانی وو.

شێرۆی کوڕی مەم بە هۆی پلەوپایەی باوکیەوە جێگای باوڕ و متمانەی میری مەروانی بوو، کەچی ئەم خۆی بە دۆست و لایەنگری ئەبومەنصور سەعیدی برای میر ئەبوعەلی دادەنا و بە زیرەکیی خۆی توانی (شێخ عبد البر) پەلکێشی ناو پیلانەکە بکات و تێی گەیاند کەوا میری مەروانی بە مەرامی دەستەسەرکردنی ئەو هاتووەتە ئامەد و بەتەمایە بە دەردی خەڵکی میافارقینی ببات و شاربەدەری بکات[2].

لاشەی ئەبوعەلی لە شاری ئەرزن بەخاك سپێردرا و مزگەوت و گومبەت و گڵکۆی بۆ ئاوا کرا و دایك و باوکی تیادا گۆشەگیر بوون.

د- میر سەعید (ممهد الدولة:٣٨٧-٤٠١ك/٩٩٧-١٠١٠ز):

ئەبومەنصور سەعید کوڕی دووەمی مەروان و جێگری ئەبوعەلیی برای بوو بەسەر جەزیرەی بۆتانەوە، بە رەزامەندی و سەرپەرشتیی شێرۆ لە شوێنی برای کوژراوی دانرا،بەدور نازانرێت ئەمیش هەر چۆنێك بووبێت لە کەتنی کوشتنی براکەی تێوەگلابێت بە بەڵگەی ئەوەی نەك هەر شێرۆی سزا نەدا، بگرە راستەوخۆ کردیە رازگر و دەمڕاستی خۆیو قەلاَی هەتاخی وەك دیاری بۆ دابڕی و ئەرکی بەرێوەبردنی کاروبارەکانی بە ئەو و مەمی باوکی سپارد، پاشانیش دەسگیرانی برای کوژراوی خواست، فارقی دەڵێت: "میر سەعید لە وڵات جێگیر بوو و شێرۆش خاوەند راوێژ و پرسوڕا بوو، هۆگر و هەڤاڵی میر و نزیکترین و خۆشەویسترین کەسی بوو، تەنانەت

---

(١) ذيل تجارب الأمم، ١١٠/٦، الكامل، ١٤٣/٧.

(٢) تأريخ إيليا برشنايا، ص٢٠٠-٢٠١، تأريخ ميافارقين، ص٤٦٠-٤٦١.

ڕۆژێکیان میر بە شێرۆی گوت:"گیانم لە گیانت کەمترە و مەرگم وەپێش مەرگت کەوێت"[1].

میر سەعید میافارقینی پایتەختی دیواربەند کرد و دەروازە و شوراکانی نۆژەنکردەوە و کون و کەلەبەرەکانی پڕکردەوە و تەواو قایم و تۆکمەی کرد و خواجە ئەبوقاسمی ئەصفەهانی(م:٤١٥ك/١٠٢٤ز)ی بە والیی ئەرزەن هێشتەوە و میر و سەرخێڵە کوردەکان لە هەموو لایەکەوە چوونە خزمەتی و سوێندی پشتگیری و گوێڕایەڵییان بۆ خوارد، شارە کوردنشینەکانی جەزیرە هەمووی بەدەستیەوە بوو تەنها ئامەد نەبێت کە ئەویش بەدەستی (أبوطاهر إبن دمنة) زاوای- دواتر بکوژی- شێخ عبدالبر مابووەوە، ئەویش پەیمانی دابوو ملکەچ بێت و ساڵانە دووسەد هەزار درهەم وەك باج بدات و خوتبە و دراویش هەر بە ناوی میری مەروانییەوە بێت[2].

لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەشدا، دەسەڵاتی مەروانییەکان لە میرنشینێکی (إستیلاء) ەوە بوو بە میرنشینی(إستکفاء)[3]و شەرعیەتی دەستخست و میری دۆستەکی- مەروانی لە کوردێکی دەشتەکیی لادەر و یاخییەوە بوو بە فەرمانڕەوایەکی شەرعی، واتا سەرەتا خەلیفەی عەباسی بادی کوڕی دۆستەك و خوشکەزاکانی  بە یاخیبوو و زەوتکار دادەنا، میرانی بوەیهیش بەڕاشکاوی رەتیان کردەوە و بە کردەوە کاریان بۆ ریشەکێشکردنی کرد، کەچی خەلیفەی عەباسی (القادر بالله)و میرانی بوەیهی بەدەنگ داخوازیی میر سەعیدەوە هاتن و بە ئەرێنی بەرسڤیان دایەوە و دانیان نا بە شەرعیەتی دەسەڵاتی و

---

(١) تأريخ ميافارقين، ص٤٦٦–٤٦٧، مرآة الزمان، ص٧٤.

(٢) تأريخ ميافارقين، ص٤٦٢–٤٦٤، ابن شداد، الأعلاق الخطيرة، ٣/٢٥٨، ٢٧٢.

(٣) إمارة إستلاء: واتا ئەو میرنشینانەی بە شەڕ و بێ رەزامەندیی خەلیفە لە هەرێمێکی سەر بە خیلافە دادەمەزران و دژایەتی خیلافەیان دەکرد، خەلیفەش بە ناچاری دانی دەنا بە شەرعیەتیان (عقد عن إضطرار)، إمارة إستکفاء– تفويض: واتا ئەو میرنشینانەی کە خەلیفە بە ویستی خۆی و بۆ مەبەستێکی سیاسی دایدەمەزراندن(عقد عن إختيار) وەك باشتر بەرگریکردن لە هەرێمێك یاخود پێشگرتن لە هێزێکی نەیار.

تەشریف و فەرمانی ڕەزامەندییان بۆ نارد، وا دیارە هەر بەم بۆنەیەوە ناسناوی (ممهد الدولة)ی پێ بەخشراوە[1].

لە لایەکی دییەوە، پەرەی بە دۆستایەتیی دەگەڵ دەوڵەتی بیزەنتی دا و بردیە ئاستێکی بەرزەوە، کاتێك ئیمپراتۆر باسلیۆسی دووەم(٩٧٦- ١٠٢٥ز) ساڵی٣٩٠ك /١٠٠٠ز هاتە ناوچەکانی ئامەد و میافارقین، میر سەعید چوو بەپیریەوە و کۆبوونەوەیان سازدا و جۆرە هاوپەیمانیەکیان گرێدا و ئاگربەستیان نوێ کردەوە[2]. ئینتاکی(م:٤٥٨ك/١٠٦٦ز) لەمبارەیەوە زانیاریی وردتر بەدەستەوە دەدات و دەگێڕێتەوە کە میری کوردان چووە خزمەتی ئیمپراتۆری بیزەنتی و ملکەچیی خۆی بۆ دووپات کردەوە، ئەویش پێشوازیی لێکرد و بە ناسناوی (ماجسترس) و (دۆقسی ڕۆژهەڵات)[3] پاداشتی دایەوە، بە واتای فەرمانڕەوا و نوێنەری ڕۆژهەڵات[4].

ممهد الدولة سەعید هاوشێوەی ئەبوعەلیی برای کەوتە داوی شێرۆی کوڕی مەمەوە و بەکوشت چوو، پاش ئەوەی بە فیت و ڕێخۆشکەریی یەکێ لە خزمەتکارەکانی بەناوی(إبن فلیوس) هەلی لەباریان بۆ هەڵکەوت و لە قەڵای هەتاخ و لە مانگی جەمادیی یەکەمی ساڵی ٤٠١ك/ دیسەمبەری ١٠١٠ز کوشتیان، پێشتریش چەند جارێك هەوڵیان دابوو ژەهرخواردی بکەن و بۆیان نەلوابوو، شێرۆ بە ئەوەندە ڕانەوەستا و بە بەرنامە توانی زێرەڤانی دەروازەی میافارقین فریو بدات و بچێتە ناو شارەوە، پاشان دەستی گرت بەسەر گەنجینە و سامان و داهاتی میرنشیندا، بێئەوەی کەس بەم کەتنەی زانیبێت، پەیتا پەیتا خەڵکی دەناردە سەر قەڵا و بارەگاکان و تا سەرجەمیان بێجگە لە ئەرزن رادەستی کرا[5].

---

(١) تأريخ ميافارقين، ص٤٦٦.

(٢) تأريخ ميافارقين، ص٤٦٥.

(٣) دەربارەی ئەم دوو ناسناوە بگەڕێوە بۆ:الدولة الدوستكية، ٢/٤٣-٤٤.

(٤) تأريخ الإنطاكي، ص٢٤٧، الدولة الدوستكية، ٢/٤٣.

(٥) تأريخ ميافارقين، ص٤٦٧-٤٦٩، سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ص٧٤-٧٥، ابن العديم، بغية الطلب، ٣/١١٣٠، إبن خلكان، وفيات الأعيان، ١/١٧٧.

**ئەوەی جێگای سەرنج و پرسیارە ئەوەیە کە نە فارقی و نە مێژوونوسانی دی لە رۆژگاری حوکمی شێرۆ نەدوواون و تەنها وەك بکوژێکی بیانی ناساندوویانە، کەچی گومان لەوەدا نیە کە چەند مانگێك میرایەتی کردووە و دراوی لێداوە و ناو و ناسناوی میرایەتیی خۆی لەسەر نەخشاندووە(ابوشجاع شروین بن محمد)[1].**

**هـ- میر(نصرالدولة) ئەحمەد(٤٠١-٤٥٣ك/١٠١٠-١٠٦١ز):**

**ئەبونەصر ئەحمەد کوڕی سێهەمی مەروانە و لە سەردەمی میرایەتی سەعیدی برایدا دوورخرابۆوە بۆ سعرد- سێرت، بە هاریکاری و پشتیوانیی راستەوخۆی خواجە ئەبوقاسمی ئەصفەهانییەوە، شییا شێرۆ و لایەنگرانی لەناو ببات و میافارقین بگرێتەوە.**

**خواجەی ئەصفەهانی دڵسۆز و ئەمەکداری مەروانییەکان بوو و بە شێخ و پێشەوای کوردان ناوبراوە[2]، بێوچان و خۆنەویستانە توانا و وزەی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی مەروانییەکان لەو نسکۆیە هەڵسێنێتەوە، کاتێك لە رێگای سوارەیەکی کوردەوە لە کارەساتەکەی قەڵای هەتاخ ئاگادار کرایەوە، یەکسەر کەوتەخۆ و هێزێکی دووسەد سوارەی سازدا و رەوانەی لای ئەحمەد و مەروانی باوکی کرد لە سێرت و بانگهێشتی ئەرزنی کردن و پەیمانی پێدان حەقی زەوتکراویان بستێنێتەوە، پاشان هەڵستا بە کۆکردنەوەی هەرچی قازی و پیاوماقوڵ و کەسایەتی و خەڵکی ناوچەکە هەیە و ئەبونەصر ئەحمەدی بە میری شەرعی راگەیاند، ئامادەبووان یەکدەنگ بەگوێیان کرد و پابەندی و لایەنگری خۆیان بۆ دووپات کردەوە، ئەمجا پەیامی بۆ هۆز و خێڵە کوردەکان نارد و داوای کۆمەکی و هاودەنگیی لێکردن و ژمارەیەکی زۆر بەدەنگیەوە هاتن و لەدەوری گردبوونەوە و بەڵێنیاندا لە فەرمان و بڕیاری میری مەروانی دەرنەچن و هیچ مەرج و داواکارییەکی پێشوەخت نەخوازن تاوەکو شێرۆ لەناو دەبەن، دەمودەست سوپایەکی دوو هەزار سوارە سازدرا و رووەو میافارقین کەوتنەرێ بە نیازی شەڕی شێرۆ**

---

(تر)Stefan Heidemann, A New Ruler of Marvanid Emirate in 401/1010, Aram 9-10(1997-1998), p599-615..

(٢) مرآة الزمان، ص٧٥.

و(أبن فيليوس)، سەرئەنجام ماندوبوونی خواجەی ئەصفەهانی و میر ئەبونەصر ئەحمەد و هۆزە کوردەکان سەری گرت و میافارقینی پایتەخت لە دەست شێرۆ و یاوەرانی ئازادکرا و شێرۆ بە خۆی و(ابن فیلیوس) و هاوکارەکانیان کوژران، ئەم رووداو و پێشهاتانە نزیکەی سالێکیان خایاند[1].

ئەبونەصر ئەحمەد لە کۆتاهی سالی٤٠١ك/هاوینی١٠١١ز لە میافارقین دەستبەکار بوو و بەرەبەرە دۆخەکەی هێورکردەوە و سەرلەبەری ولاتی مەروانی بێجگە لە ئامەد وەرگرتەوە و بەر لە هەر کارێك خواجە ئەبوقاسمی ئەصفەهانی کردە وەزیر و راوێژکاری خۆی و رایسپارد بە سەرلەنویێ رێکخستنەوەی دامودەزگا سەربازی و رێڤەبەری و داراییەکان دوای ئەوەی لە ئاکامی کەتنی شێرۆوە تێکچووبوون و لەبەریەك هەلوەشابوونەوە[2].

میر ئەبونەصر ئەحمەد دیارترین و مەزنترین کەسایەتی سیاسیی کوردە لە کوردستانی سەدەکانی ناوەڕاست و ناوودەنگی سنور و چوارچێوەی کوردستانی بەزاند و لە ئاستی جیهانی ئیسلامی ناسراو بوو و پتر لە نیو سەدە فەرمانڕەوایی ناوچە کوردنشینەکانی جەزیرە وئەرمینیا بوو کە دەیان شار و بازێر وشارۆچکە و قەلاّ و هەزاران گوند و دێهاتی دەگرتەوە: میافارقین، حوصنکیفا، ئەرزن، سێرت، بەدلیس، جەزیرەی بۆتان، تەنزە، مەعدەن، حانی، خەلات، خاوەندی شاری ئامەدیش (أبوطاهر بن دمنة) چووە ژێر سایەیەوە و سالانە تا کوژرانی لە سالی ٤١٥ك/١٠٢٤ز باج و دراو و دیاری گرانبەهای بۆ دەنارد و خوتبەی بەناوی ئەوەوە دەخوێندەوە.

دەولەتانی جیهانی ئیسلامی، هەرزوو درکیان بە بایەخ وگرنگیی ئەم قەوارە گەشەکردووەی کورد کرد و هەریەکە هەولی دەدا بەلای خۆیدا رای بکێشێت و بیکاتە هاوپەیمانی خۆی، لە دوا هەیڤی سالی ٤٠٣ك/ حوزەیرانی١٠١٢ز بەبۆنەی تەواوکردنی

(١) (الفارقي) و (سبط ابن الجوزي) بە درێژی لەمەڕ چۆنیەتی کوژرانی (ممهدالدولة) و رۆلی خواجەی ئەصفەهانی لە گرتنەوەی میافارقین و لەناوبردنی شێرۆو داروودەستەکەی دوواون، تأریخ میافارقین، ص٤٦٩-٤٧٤، مرآة الزمان، ص٧٤-٧٨.

(٢) تأريخ ميافارقين، ص٤٧٣.

کۆشکی میریەوە لە میافارقین و پیرۆزکردنی میرایەتی، نوێنەری خەلیفەی عەباسی (القادر باللە) و نێردەی (سلطان الدولة)ی بوەیهی بە کۆمەڵێك دیاری و پۆشاکەوە گەهیشتن و بەناوی خەلیفە و میری بوەیهییەوە دانیان بە دەسەڵاتیدا نا و رەزامەندی و فەرماننامەی خەلیفەیان پێ راگەیاند دەربارەی گرتنەدەستی سەرپاکی هەرێمی دیاربەکر و ناسناوی (نصرالدولة وعمادها ذي الصرامتين) بەسەریا چەسپاند، لە نێو کەژاوەیەکی ئاپۆڕەدا، دەقی فەرماننامەی خەلیفە و ناسناوی بەخشراو خوێندرایەوە، میر ئەحمەدیش پۆشاکە میریەکەی پۆشی.

خیلافەی فاتمیی شیعی لە مصر، هاوهەڵوێستی خیلافەی عەباسیی سوننی بوو لە بەغدا و دەیخواست هەرچی چۆنێك بێت مەروانییەکان بکاتە دۆست و هەواداری خۆی، چونکە وەك ئاشکەرایە کێشە وململانێیەکی قووڵ و فرەشێواز لە نێوان هەردوو خیلافەی ئیسلامی لەئارادا بوو، ئەوەبوو بۆ ئێوارەی هەمان رۆژ نێردراوی خەلیفەی فاتمی (الحاکم بأمر اللە:٣٨٦-٤١١ك/٩٩٦-١٠٢٠ز) بە دیاری وخەلاّتەوە گەهیشت و ناسناوی (عزالدولة ومجدها ذي الصرامتين)ی بۆ هێنا بوو، هاوکات نێردراوی ئیمپراتۆری بیزەنتی بە ئەسپ و دیاریی دەگمەنەوە گەهیشت.

لە رۆژی چوارەمی جەژنی قوربانی ساڵی٤٠٣ك/١٠١٢ز و لە کەژاوەیەکی فەرمیدا، میر(نصرالدولة) ئەحمەد لەسەر تەختی میرایەتی دانیشت و پێشوازیی لە میوانەکان و کەسایەتی و ئەندامانی وەفدەکان کرد، ئەوانەی بۆ پیرۆزبایی لێکردن هاتبوون، هەردوو نێردراوی خیلافەی عەباسی و میری بوەیهی لە دەستەراستی میردا رۆنیشتن و هەردوو نێردراوی خەلیفەی فاتمی و ئیمپراتوری بیزەنتی لە دەستەچەپی دانشێنران، قورئانخوێنان و شاعیران بەرهەڤبوون و فەرمانەکان خوێندرانەوە و پۆشاك و دیارییەکان پیشان دران، میری مەروانیش لای خۆیەوە رێزی لە نێردراوەکان نا و خەڵاتی کردن[1] .

(١) تأريخ ميافارقين، ص٤٧٦–٤٧٧.

لەم ڕۆژە بەدواوە بووە میرێکی تەواو شەرعی و بە(نصرالدولة أحمد بن مروان الكُردي) دەناسرا[(١)] و هەموو لایەك بەم ناسنامەیە مامەڵە و هەڵسوکەوتیان دەگەڵ دەکرد، ئەویش دەگەڵ هەرسێ لادا: عەباسی، فاتمی، بـیزەنتی پەیوەندی و تێکەڵیی خۆش و دۆستانە بوو، هەر لەم بوارەدا بۆ پتەوکردنی پەتی پەیوەندی لە گەڵ هێز و لایەنە دەرهاوسێکانی، کچی میر فەزڵۆنی شەدادی و کچی میر قرواشی عەقیلی و کچی سەنخاریبی شاهی ئەرمەنی خواست[(٢)].

لە ڕۆژگاری میر ئەحمەد دا، هێمنی و تەناهی لەسەر سنورەکان بەرقەراربوو، گرفت و ئاستەنگی ئەوتۆ کە ئاڵۆزی و پەشێوی لێبکەوێتەوە روینادا، ئەم رەوشەیش هاریکار و ڕێخوشکەر بوون تا میری مەروانی خۆی تەرخان بکات بۆ کاروباری ناوخۆ و پێشخستنی وڵات و چەسپاندنی دادپەروەری و هاندانی چاندن و ئاوەدانکردنەوە و کاراکردنی بزاڤی بازرگانی و هەموارکردنی سیستەمی دارایی و باجگری و دەستگرتنی هەژاران و دەستکورتان، کەسایەتیەکی کارامەی کردبووە بەرپرسی ئەوقاف بە ناوی حەسەنی کوڕی محەمەد[(٣)].

### و- سیاسەتی ناوخۆیی(نصر الدولة):

ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی میرنشینی مەروانی بە شێوەیەکی گشتی گەشەکردنێکی فرەلایەن و سەرنجڕاکێشی بەخۆوە دیت، چالاکی چاندن و وەرزێری بوژایەوە و رایەڵەی بازرگانی برەویسەند، دیاردەی ڕێگری و روتاندنەوەی کاروانیان دەگمەن بوو و گەندەڵی دارایی بنەبڕ کرا و ئاستی گوزەرانی هاوڵاتیان بەرز بووەوە و بە لابردنی زیادەی سەر باج و خەراج باری سەرشانیان سوککرا، گەنجینەکان لێوالێو بوون، فارقی لەمبارەیەوە دەڵێت: "ڕۆژگاری خۆشترین ڕۆژگاربوون و دەوڵەتەکەی وەك دەوڵەتانی دی نەبوو

---

(١) تأريخ ميافارقين، ص٤٧٦-٤٧٧، بغية الطلب، ٣/١١٣٠، وفيات الأعيان، ١/١٨٨-١٧٨، الوافي بالوفيات، ٨/١٨٦-١٨٧.

(٢) تأريخ ميافارقين، ص٥٠١.

(٣) تأريخ ميافارقين، ص٤٧٨-٤٧٩.

...دەگێڕنەوە کەس لە سەروەختی ئەودا ئازاری نەچەشتووە و سزا نەدراوە، تەنها یەك کەس نەبـێت...ڕۆژگاری وەك جەژن وابوو"[١].

ئەم گەواهیدانەی فارقی ڕاستیەکە و بەدەرە لە پیاهەڵدان و زیادەڕەوی، حەریری (م:٥١٥ك/١١٢١ز) دانەری مەقامات لە نامەیەکدا بۆ دۆستێکی[٢]، سەبارەت بە دیاربەکری پاش مەروانییەکان دەنووسێت:"بَلَدٌ قُفْرٌ وجَبَلٌ وَعِر، عمي إنسانها مذ ذَهَب مروانها"[٣].

بـێگومان ئەم پێشکەوتنەش وێڕای سیاسەتی ژیرانەی (نصرالدولة)، لە پیادەکردنی سیستەمێکی کارگێڕی و دارایی دروست و لەبارەوە سەرچاوەی گرتبوو، چەند کەسایەتیەکی کارزان و شارەزا لە دوای یەك وەزارەتی مەروانیان هەڵدەسوڕاند، خواجەی ئەصفەهانی تا مردنی وەزیرێکی سەرکەوتوو و دڵسۆزبوو، پاشان(أبوالقاسم المغربـي:م٤١٨ك /١٠٢٧ز)[٤]ماوەیەك پۆستی وەزارەتی گرتە دەست و بە یەکێك لە لێهاتووترین و زۆرزانترین وەزیر دادەنرێت لە مێژووی ئیسلامیدا و پێشتر وەزیری فاتمییەکان بوو، هەروەها شاعیر و نوسەر ئەحمەدی کوڕی یوسفی مەنازی (م:٤٣٧ك /١٠٤٥ز) ساڵانێك وەزیر و نوسەری میری مەروانی بوو[٥].

(نصرالدولة) ساڵی٤٣٠ك/١٠٣٨ز لە ڕێگای قازی ئامەدەوە، بانگهێشتی (فخرالدولة ابن جهير:م٤٨٣ك/١٠٩٠ز)ی کرد[٦] و بە وەزیر دایمەزراند، ئەمیش وەزیرێکی هەژی و شارەزابوو، دەیان ساڵ سەرکەوتووانە کاروباری وەزارەتی هەڵسوڕاند[٧].

---

(١) تأريخ ميافارقين، ص٤٧٧–٤٧٨، ٥٠٠، ٥٠٥.

(٢) ابو محمد طلحة بن النعماني(م:٥٢٠ك/١١٢٦ز).

(٣) العماد الأصفهاني، خريدة القصر، القسم العراقي، ٢/٦٤.

(٤) ناوی تەواوی: أبوالقاسم الحسين بن علي بن الحسين(٣٧٠–٤١٨هـ/٩٨٠–١٠٢٧م).

(٥) ابن خلكان، وفيات الأعيان، ١/١٤٣–١٤٤، ٢/١٧٤.

(٦) ناوی تەواوی: ابو نصر فخر الدولة مؤيد الدين محمد بن محمد بن جهيرالموصلي(٣٩٨– ٤٨٣هـ/١٠٠٧–١٠٩٠م).

(٧) تأريخ ميافارقين، ص٤٩٢–٤٩٤، الكامل في التأريخ، ٨/٢٠٥–٢٠٦

(ابن خلكان:م٦٨١ك/١٢٨٢ز) دەڵێت:"یەکێك لە بەختەوەرییەکانی میری مەروانی لەوە دابوو کە دوو کەس بوونە وەزیری، هەریەکیان وەزیری خەلیفەیەك بوو، (ابوالقاسم المغربي) وەزیری خەلیفەی فاتمی و(ابن جهیر)یش وەزیری خەلیفەی عەباسی"[1].

(نصرالدولة) هەرچەند پارەیەکی یەکجار زۆری لە رابواردن و کەیف و خوشی و خواردن و خواردنەوە و بەزمورەزمی "شەوانی لەرۆژ خۆشتر"ی خۆی بەهەدەر دەدا و لەمڕووەوەلە دەسەلأتدارانی هەرەبەناوبانگی سەدەکانی ناوەڕاستە[2]، بەڵام لە رووی ئاواکاری و بیناسازی و خزمەت گەیاندن بە میللەت دەستکراوە بوو و کەمتەرخەمی نەدەنواند و هەڵمەتێکی فراوانی ئاوەدانکردنەوە و بنیادنانی هێنایە کایەوە و چەندین پرد و مزگەفت و کۆشك و گەرماو و نەخۆشخانە بنیاد نران وەك مزگەوتی مەزنی شار و منارەی مزگەفتی (الربض)- ساڵێ ٤١٤ك/١٠٢٣ز- ومزگەفتی(المحدثة)- ساڵی ٤٢٣ك /١٠٣٢ز- و نەخۆشخانەیەك و دوو گەرماو لە میافارقین و یەکێکی دی لە پێدەشتی شورجان و وەقفکردنی داهاتەکەی لەسەر شورای میافارقین و راکێشانی سێ جۆگەی ئاو و دروستکردنی سەعاتی بەنگام و دانانی لە مزگەفتی میافارقین و چەندینی دی و وەقفکردنی ژمارەیەك گوند و رەزوباخ لەسەر ئەم دامەزراوانە[3].

میافارقین بەو پێیەی پایتەخت و بارەگای میر و وەك دڵی مەملەکەت بوو، پشکی شێری لە بایەخپێدان بەرکەوت و شوراکەی چواردەوری نوژەن دەکرایەوە، شوراکە هەتا بڵێی بڵند و ئەستور بوو و بە کەڤر و گاشەبەردی سپی هەڵچنرابوو، لە هەر پەنجا باڵێکدا بورجێکی بەرز ئاوا کرابوو و هەر یەکەو چەند کڵاوڕۆژنەییێکی هەبوو، ناصری خەسرەو ساڵی ٤٣٨ك/١٠٤٦ز بە خەلات و ئەرزن و میافارقین و ئامەد دا رەتبووە و بە

---

(١) وفيات الأعيان، ١٧٨/١.

(٢) بۆ نموونە سەرچاوەکان دەڵێن ژمارەی کەنیزە و جارییەکانی بەقەد ژمارەی رۆژەکانی ساڵ بوو.

(٣) بڕوانە: ناصری خسرو، سفرنامە، ص٤١-٤٢، تأريخ ميافارقين، ص٤٨٢، ٤٨٨-٤٩١، ٤٩٨-٥٠١، ابن شداد، الأعلاق الخطيرة، ٢٧٢/٣-٢٧٤.

وردی وەصفی قەڵای میافارقین و مزگەوتی مەزنی شاری کردبوو، وەلێ پاشتر خۆی یان روونوسکاری گەشتنامەکەی، هەمووی پەڕاندووە(1).

فارقی نۆ شوێنی ژماردووە لە دەرەوەی شورای میافارقین کە بنیات نرابوون یان نوژەن کرابوونەوە و دەڵێت بیستوومە بیست شوێن بووە، سەرەڕای ژماردنی پتر لە سی دامەزراوە و ئاواکراوەی دی لە دیوی ناوەوەی شوراکە و دەنێو بازێڕی میافارقین، لە مزگەوت و بازاڕ و خان و کاروانسەرا، لە سۆنگەی ئەم گرنگی پێدانە، میافارقین گەشەی سەند و چووە ریزی شارە ئاوەدان و پڕ جموجوڵەکانەوە و خەڵکی و بازرگانان لە چوار لاوە روویان لێ دەکرد(2).

هەروەها دوو میوانخانەی لە قودس وەقف کردبوو و تەرخانی کردبوون بۆ پشوودان و مانەوەی میوانان و رێبوارانی دیاربەکر لە حاجیان و فێرخوازان و زانایان و لەمبارەیەوە وەقفنامەیەك نوسرا و لە سەر کەڤرێك ئەم دەقەی خوارەوە هەڵکۆڵراوە(3).

بووژانەوە و گەشەکردن بوارەکانی زانستی و روناکبیری و هونەری و نوژداریشی گرتەوە، میافارقین و حوصنکێفا و ئامەد و شارەکانی دی بوونە خانەخوێی کۆمەڵێك شاعیر و ئەدیبو نوسەر و فەقیە و چەندین کەڵە فەرمودناس و فەقیە و قورئانخوێن و قازی دەرکەوتن و خزمەتی زانستە ئیسلامییەکانیان دەکرد، (نصرالدولة) بەڕێزەوە پێشوازی و میواندارییی دەکردن، وەك شاعیران:

- محمد بن عبدالواحد القصار(م:٤١٢ك/١٠٢١ز) ناسراو بە(صريع الدلاء).
- ابوالحسن التهامي(م:٤١٦ك/١٠٢٥ز).

---

(١) سفر نامه، ص٤١.

(٢) تأريخ ميافارقين، ص٤٩٠–٤٩١، ٤٩٩.

(٣) "(بسم) الله الرحمن الرحيم هذا ما وقف وحبس الأمير السيد الاجل(...) الدولة وعمادها ذو الصرامير(؟) – الصرامتين–ابا نصر أحمد إبن مرو(ان) (احسن) الله ثوابه وأحسن ما به بهاتين الدارين المتلاصقتين(و)حدودهما وحقوقهما على جميع الواردين من ديار بكر على ما (ذكر) في كتاب وقفهما فمن غيره أو بدله، فعليه لعنة الله وذلك (بتأريخ) رمضان سنة خمس وأربعين وأربعماية أثابه الله". حمدان عبد الرزاق منصور، دراسة النقوش العربية في المتحف الإسلامي بالقدس، ص١١٩.

- ابن ظريف الفارقي(م:١٠٣٨/٤٣٠ز)[1].

وا دیاره شاعیر(صريع الدلاء) له جڤاتی میری مەروانی دا گوێبیستی ئەو چیرۆکە بووە کە لە مەڕ لاساری و چاوقایمی کوردان بڵاوبووبۆوە[2].

(نصرالدولة) کوڕەکانی بە نوێنەر و جێگری خۆی دانابوون بەسەر شارەکاندا، ئامەد وەك گەورەترین شاری هەرێمەکە دوای وەرگرتنەوەی، کەسانی دڵسۆز و نزیکی خۆی لەسەر دانا، سەرەتا دای بە زەنگیی کوڕی ئەوان- ساڵی٤١٨ك/١٠٢٧ز لە روها کوژرا-، ئەمجا محەمەدی کوڕە گەورەی کردە نوێنەری خۆی، کە ئەمیش بە گەنجی مرد، رادەستی سەعیدی کوڕیی کرد کە لە ژنە شەدادیەکەی: فەزلۆنیەی کچی فەزلۆنی شەدادی بوو، سلێمانی کوڕیشی تا کوژرانی لە ساڵی٤٤٧ك/١٠٥٥ز جێگری بوو لە جەزیرەی بۆتان[3].

لە سیاسەتی ناوخۆیی دا، ئازادیی دابووە میر و سەرداره کوردەکان خۆبەخۆ قەڵاو دەڤەرەکانی سەر بە هۆزکانیان بەڕیوە ببەن، میرانی بەشنەوی کە خوشکەزای بوون، دەسەڵاتداری قەڵای فەنەك و چەند قەڵایەکی دی بوون و میرانی بۆختی- بۆتانیش، قەڵاگەلێکی وڵاتی زۆزانیان بەدەستەوە بوو، هەردوو قەڵای شاتان و حوصن تالب لە نزیك حوصنکێفا بەدەست کوردە چۆپییەکانەوە بوو.

## ز- سیاسەتی دەرەکیی(نصر الدولة):

سەبارەت بە پەیوەندیی لەگەڵ خیلافەی عەباسی و بوەیهییەکان، میرانی مەروانی هەر لە سەرەتاوە و پاش کوژرانی بادی خاڵیان، رێزی خەلیفەیان دەگرت و بە هێمای دەسەڵاتی شەرعییان دادەنا و خۆیان بە لایەنگر و پشتیوانی دەژمارد، نە هێزی

---

(١) تأريخ ميافارقين، ص٤٩٠. بۆ پتر پێزانین دەربارەی شارستانیەتی دەوڵەتی دۆستەکی- مەروانی، بگەڕێوە بۆ: الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى- القسم الحضاري.

(٢) بڕوانە: الأرمنازي، أبو الفرج غيث بن علي الصوري(ت:٥٠٩هـ/١١١٥م)، المجموع من المنتخب المنشور(بيروت: ٢٠٠٢)، ص٢٩٦-٢٩٧.

(٣) سفرنامه، ص٤٠-٤٣، الكامل، ١٥٥/٨-١٥٦، ٣٨٩.

چەکداری و شییانی داراییان و نە گەف و گوشاری فاتمیەکان و نە نابووتبوونی خیلافە، کارێکی وای لێکردن پشت لە خەلیفە بکەن و لە دژی راوەستن یان لە ئاستی دا ساردی بنوێنن، بەڵکو بەدەنگ بانگەواز و داخوازییەوە دەچوون و بەردەوام لە خوتبەی رۆژانی هەینی دا، ناویان و ناوی میری بوەیهی دەهێنرا و دوعایان بۆ دەکرا و ناویان لەسەر دراوەکانی میرنشین دەنەخشێنرا، لەو دراوانەی وا دۆزراونەتەوە ناوی خەلیفەی عەباسی و میری بوەیهی بەرچاو دەکەون[١] و لایەنی کەم تا ساڵی٤٣٦ك/١٠٤٤ز لە میافارقین خوتبە بۆ بوەیهییەکان دەخوێندرایەوە[٢].

بە هەمان شێوە، لە خوتبەکاندا پێش ناوی میری مەروانی، ناوی خەلیفەی عەباسی دەبرا و دوعای بۆ دەکرا و خوتبە بەم شێوازە بۆ(نصرالدولة) دەخوێندرایەوە:

"الأميرالأعظم عز الإسلام سعدالدين(نصرالدولة) وشرف الملة أبو نصر أحمد"[٣] و لە یادگارە نوسراوەکانی سەر شورای میافارقین، میرانی مەروانی خۆیان بە مەلاوی خەلیفەی عەباسی داناوە(مولى أمير المؤمنين)[٤].

خەلیفە (القائم)، ئەم چاکە و دڵسوزییەی لەبەرچاو دەگرت و لە پەیامێکی پڕ ستایشدا، سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ(نصرالدولة) راگەیاندووە و بە"شێخ و باسکی دەوڵەتی مەنصوەری عەباسی"ی داناوە[٥].

میر (نصرالدولة) لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ هێزە بیانیەکاندا، دووربین و هۆشیار بووو ژیرانە سەرەدەریی لەگەڵ دەرهاوسێکانیدا کرد و سەرکەوتنیشی بەدەست هێنا، پەیوەندی و تێکەڵیی دەگەڵ بیزەنتیەکان نەپساند و ئارامیی خاڵە سنوریەکانی پاراست و بەردەوام هاتوچۆ و ئاڵوگۆڕی سیاسی و بارزگانی لە نێوانیاندا گەرموگوڕ بوو و دیارییان دەدا بە یەکدی، وەزیر و نوسەر ئەبونەصری مەنازی رایەڵەی نێوان

---

(١) الدولة الدوستكية، ٢/١٠٧-١١٦.

(٢) الكامل، ٨/٨٧.

(٣) سفرنامه، ص٤٢.

(٤) الدولة الدوستكية، ٢/٣٣٦-٣٣٧.

(٥) رسائل ابن الموصلايا، ص٤٢٩-٤٣٠، بڕوانە پاشکوی(٦).

میافارقین و قوستەنتینیەی پایتەختی بـیزەنتیەکانی دەکرد، لە پێناو ڕێکخستنی پەیوەندییەکان و نوێکردنەوەی ئاگربەست و ڕێککەوتن[1].

تێکهەڵچوون و گرژیەکانی سەر سنوریش کە بەیناوبەین سەریان هەڵدەدا وەك ئەوانەی ساڵانی٤٢٦_٤٢٧ك/١٠٣٥_١٠٣٦ز، کاریگەریی ئەوتۆی لێناکەوتەوە و هەردوو لا جەختیان لەسەر پابەندبوون بە ئاگربەست دەکردەوە[2]، فشاری توندی غوزە تورکەکان بۆ سەر جەزیرە و ئەرمینیا پاڵی بە میری مەروانی و ئیمپراتۆری بـیزەنتیەوە نا ئاستی پەیوەندیەکانیان پەرەپێ بدەن و لە دۆخی ئاگربەستەوە بـیکەنە جۆرە هاوسەنگەریەك و بە کردەوە هاریکاری یەکدی بکەن و بەر بە شاڵاوی بەربلاوی غوز بگرن، کە ساڵی ٤٣٤ك/١٠٤٢ز بە هەزارانیان بە سەرکێشیی بوقا و ناصعلی هەڵیان کوتایە سەر هەرێمی جەزیرە و کەوتنە تالانکردن و وێرانکردن و گەمارۆی جەزیرەی بۆتان و میافارقین و ئامەدیان دا و (نصرالدولة) یان شپرزە کرد و ناچاریان کرد داوای هاریکاری لە ئیمپراتۆر قوستەنتینی نۆهەم(٤٣٤_ ٤٤٦ك/١٠٤٢_١٠٥٤ز) بکات، ئەویش هێزێکی بەهانایەوە نارد[3].

ساڵی٤٤١ك/١٠٤٩ز ئیمپراتۆری بـیزەنتی داوای لە میری مەروانی کرد، تکا لە توغرلبەگی سەلجوقی بکات تا شاهی ئەبخاز ئازاد بکات، ئەویش بەدەنگیەوە چوو و(شیخ الإسلام مروان بن علي الطنزي)ی بەم ئەرکە راسپارد، توغرلبەگیش داخوازیی میری مەروانی ڕەت نەکردەوە و بێ بەرانبەر ئازادی کرد[4].

پاش دوو ساڵێك، میری مەروانی فیلێك و بڕێك دیاریی پێشکەش بە ئیمپراتۆری بـیزەنتی کرد[5]. هاوکات بایەخی دەدا بە توندوتۆڵکردنی خاڵە سنوریەکان و سەنگەرەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تۆکمە و پرچەك دەکرد، فیداکاران و خۆبەختکەرانی

---

(١) الكامل، ٨/٣٣٣، وفيات الأعيان، ١/١٤٣–١٤٤.

(٢) الكامل، ٨/٢٢، ٢٦–٢٧.

(٣) تأريخ العظيمي، ص٣٣٥، تأريخ ميافارقين، ص٤٩٧.

(٤) الكامل، ٨/١١٣–١١٤، ٢١٠.

(٥) تأريخ العظيمي، ص٣٤٠–٣٤١.

له كەوشەن و كەلێنەكان (الثغور)جێگیر كرد و تەنها لە ئامەد چواردە بارەگای سازدان و بەرهەڤكردنی خۆبەخشان و هەزاران موجاهیدی راهێنراو هەبوون، لە شورا و قەلاّكانی ئاكل و جەبابرە و(الحصن اليماني) ئێشكگر و پاسەوانی دانابوو، بێجگە لە هەندێك روداوی لاوەكی هێمنی و تەناهی باڵی كشاندبوو بەسەر سنورەكاندا[1].

لە بەرانبەر ئەرمەنەكانیش (السناسنة) هەمان سیاسەتی پیادەكرد، لەلایەك كچی سەنخاریبی شاهی ئەرمەن كە پێشتر هاوژینی میر ئەبوعەلیی براگەورەی بوو، خواستەوە و لە لایەكی دیەوە پارەیەكی زۆری لە دروستكردنی شورایەك مەزاخت تا وەك پەرژین و لەمپەر بێت بە رووی هێرشەكانی ئەرمەن كە قەلاّگەلێكی سەختیان بەدەستەوە بوو لە دەڤەرەكانی باكوری دەریاچەی خەلاّت و ناوبەناو دەستدرێژییان دەكردە سەر ناوچە ئیسلامییەكان[2].

سیاسەتی میری مەروانی بەو ئاڕاستەیەبوو، كە بۆ چارەسەركردنی هەموو كێشە و ناكۆكییەكانی لەگەڵ دەوروبەردا و رەواندنەوەی هەموو مەترسیە دەرەكیەكان، رێگاچارەی ئاشتی و دانوستاندن بگرێتەبەر، دەگێڕنەوە كە هەرگاڤێك هێزێكی دەرەكیی وەك توركە سەلجوقییەكان نیازی پەلاماردانی مەملەكەتەكەی هەبوایە، دەیپرسی: پێشگرتن بەو هێزە چەندی تێدەچێت؟ چەندیان دابنایە یەكسەر ئەو برە پارەیەیی بۆ دەناردن و بەم شێوەیەلەكۆل خۆی دەكردنەوە[3].

بۆیە لە كاتێكدا زۆربەی قەوارە سیاسیەكانی كوردستان كەوتنە بەر شالاّوی سەلجوقییەكان و لەناو بران، ئەم سەروەریی مەروانییەكانی پاراست.

### ح- مەروانییەكان پاش(نصر الدولة):

(نصرالدولة) پاش نیو سەدە فەرمانڕەوایی، لە دوا رۆژەكانی مانگی شەوالی ساڵی ٤٥٣ك/تۆڤەمبەری١٠٦١ز مرد و لە مزگەوتی میافارقین نێژرا، پێش مردنی دەنێو

---

(١) ابن الجوزي، المنتظم، ٧٠/١٦، تأريخ ميافارقين، ص٤٩٠–٤٩٢، ابن العديم، بغية الطلب، ١١٣١/٣.

(٢) تأريخ ميافارقين، ص٥٠٠–٥٠١، الكامل، ١٢/٨.

(٣) المنتظم، ٧٠/١٦–٧١.

کوڕەکانیدا،(نظام الدین)نەصری لەکن هەڵکەوتووتر و هەژیتر بوو و هەلیٚ بژاردبوو ببێتە میراتگری، خەلیفە(القائم)یش لە پەیامەکەیدا رازیبوونی خۆی پیشاندا بوو، لە رێوڕەسمێکی شایستەدا و بە ئامادەبوونی قازییان و زانایان و ئەندامانی ماڵباتی فەرمانڕەوا و میران و پیاوماقوڵانی دەوڵەت و خەڵکی شار، وەزیر(ابن جهیر) نەصری بە میر دانا و هەمووان بە کۆدەنگی- جگە لە سەعیدی برا گەورەی- بەگەندیان کرد[1].

میر نەصر(٤٥٣-٤٧٢ك/١٠٦١-١٠٧٩ز) مرۆڤێکی دادپەروەر و خێرخواز و چاکەکار بوو بەرامبەر رەعیەت و پەیڕەوی هەمان سیاسەتی باوکیی کرد، دەکرێت بێژین لە ئەزموونی باوکییەوە فێربوو بە چ شێوازێك سەرەدەری لەگەڵ سەلجوقییەکان دا بکات.

سەعیدی کوڕی(نصرالدولة) میرایەتی نەصری برا بچووکی پەسند نەکرد و رەتی کردەوە و کەوتە دژایەتیکردنی و گازندە و سکاڵای بردە لای توغرلبەگ و بە هێزێکی سوارەوە کە توغرلبەگ بۆی ساز کردبوو بە نیازی شەڕ هاتەوە میافارقین، تا(إبن جهیر) کەوتە نێوانیانەوە و بە پەنجا هەزار دینار و ئیقتاعات ئاشتی کردەوە[2].

میر نەصر لە سیاسەتی دەرەکیدا تا رادەیەك سەرکەوتوو بوو و بە پارە و بەرتیل وڵاتەکەی لە شەڕانگێزیی سەلجوقییەکان پاراست، سوڵتانی سەلجوقی چەندی بخواستایە بۆی دابینی دەکرد و دەمێك ئەلب ئەرسەلانی سەلجوقی خەلات و مەنازگەردی داگیر کرد و نوێنەرانی مەروانیی لیٚ دورخستەوە، میری مەروانی لەم هەلومەرجە ناسکەدا، حیکمەت و دانایی خۆی سەلماند[3].

لە بواری بیناسازیشدا شوێنپێی باوکی هەڵگرت و بایەخی بە نۆژەنکردنەوە و بڵندکردنی شورای میافارقین دا و چەند بورجێکی لەبۆ زیادکرد و شورای ئامەدیشی بڵندتر کرد و پردێکی لەسەر رووباری دیجلە بنیاتنا و میافارقینی پایتەختی بە ئاوەدانی و زیندوویی هێشتەوە[4].

---

(١) تأريخ ميافارقين، ص٥٠٥-٥٠٦، الأعلاق الخطيرة، ٣/٣٦٦-٣٦٧.

(٢) تأريخ ميافارقين، ص٥٠٦-٥٠٧، مرآة الزمان، ص١٠٠.

(٣) أسامة بن منقذ، كتاب الاعتبار، ص١٦٥-١٦٦.

(٤) تأريخ ميافارقين، ص٥١٥-٥١٦.

میر نەصر ساڵی٤٥٥ك/١٠٦٣ز لەسەر داوای خەلیفە(القائم)، وەزیر (ابن جهیر)ی بە کەژاوەیەکی پڕ لە دیاری و بەخشی و پۆشاکەوە بەرەو بەغدا بەرێکرد و لەبریی ئەو (ابوالفضل الأنباري:م٤٥٨ك/١٠٦٦ز) بە وەزیر دامەزراند کە ئەویش وەزیرێکی کارامە ولێهاتوو بوو و سەرکەوتووانە ئەرکەکانی سەرشانی رادەپەڕاند و بگرە دەستیشی هەبوو لە ئاڕاستەکردنی سیاسەتی میری مەروانی و دوای مردنی، (ابو طاهر سلامة)ی کوڕی شوێنی گرتەوە[1].

سەعید بۆ جارێکی دی- ساڵی٤٦٠ك/١٠٦٨ز- لە میر نەصری برای[2] هەڵگەڕایەوە و لە دەلیڤەیەك دەگەڕا حەقی خۆی وەربگرێتەوە و هاتنی ئەلب ئەرسەلانی بۆ ئەرمینیا بەهەل زانی و پەیوەندیی کرد بە کەژاوەی سوڵتانەوە و هێز و وزەی خۆی خستە بەردەست و بووە چاوساغی و تکای لێکرد میر نەصری برای بەند بکات و ئەو بە میری مەروانی دابنێت، سوڵتانی سەلجوقیش سوێندی بۆ خوارد داخوازییەکانی جێبەجێ بکات. بەڵام پیلانی سەعید بەسەر خۆی شکایەوە و میر نەصر بە گەرمی چوو بەپیریی ئەلب ئەرسەلان و(نظام الملك)ەوە و بە پارەی زۆر و دیاری ناوازەوە دەمکوتی کردن و لە پشتگرتنی سەعید پاشگەزی کردنەوە، ئەلب ئەرسەلان نەك هەر دەستی لە کاروباری ناوخۆی میری مەروانی وەرنەدا، بەڵکو(نظام الملك)سەعیدی بە دەستبەستراوی رادەست کردەوە، دواتر نەصر لە رێگای کەنیزەیەکەوە سەعیدی برای ژەهرخوارد کرد و ئامەدی گەڕاندەوە[3].

---

(١) تأريخ ميافارقين، ص٥٠٩، مرآة الزمان، ص٢٠٦.

(٢) (ابن الجوزي) و (ابن الأثير) بە هەڵەدا چوونە و دەڵێن سەعید ساڵی ٤٥٥ك/١٠٦٣ز مردووە، المنتظم، ٨٤/١٦، الكامل، ٢١٢/٨. (سبط ابن الجوزي) دەڵێت سەعید ساڵی ٤٦٤ك/١١٧١ز مردووە و پێشتریش لە رووداوەکانی ساڵی ٤٥٥ك/١٠٦٣ز باسی دەرمانخواردکردن و مردنی سەعید دەکات و رووداوەکانی ئەم دوو ساڵەی تێکەڵ بەیەك کردووە، مرآة الزمان، ص١٠٠، ١٥٦.

(٣) تأريخ ميافارقين، ص٥١٢، مرآة الزمان، ص١٥٨-١٥٩.

میر نەصر لە دوا مانگی ساڵی ٤٧٢ك/حوزەیرانی١٠٧٩ز مرد[١] و کوڕە گەورەکەی مەنصور(٤٧٢_٤٧٨ك/١٠٧٩_١٠٨٥ز) جێگای گرتەوە و وڵاتی مەروانی کەوتە بەر هێرشی بەربڵاوی سەلجوقی و داگیر کرا[٢].

## ٨_٤ میرنشینە بچووکەکان:

سەرباری میرنشینە گەورە و ناسراوەکان، ژمارەیەك نیوچە میرنشین و سەرداریەتی خێڵەکی هەبوون و دەیان قەڵا و گوند و دێهاتیان بەدەستەوە بوو و زیاتر لەو دەڤەرانە پەیدابوون کە بە گشتی هەم هەڵەت و شاخاوی و هەم لاچەپ و دوورەدەست بوون و بە زنجیرە چیپای بڵند پەرژین کرابوون و بە لەشکری بیانی نامۆ بوون، لە راستی لا نادەین ئەگەر بێژین هەریەك لە هۆزە دێرینەکانی کورد، جۆرێك لە دەسەڵاتی رێڤەبەریی هەبوو، سەرۆکی هۆز بەخۆی کوێخا و سەرلەشکر و فەرماندە بوو، لەشکرەکەی لە پیاوانی هۆزەکەی و هۆزە هاوپەیمانەکان پێکدەهات و لە بن سێبەری سەروەریی خەلیفەی عەباسی و دەسەڵاتداری بوەیهییەکان و دواتریش سەلجوقییەکان حوکمی خۆجێهیان دەکرد.

هەکاری، حەمیدی، گاوان(الجاوان)، بوختی_ بۆتانی، بەشنەوی، چۆپی، میهرانی، زەرزاری، گاوان(الجاوان)، قەیموری، دونبڵی، داسنی لە هۆزە مەزن و دەستڕۆیشتووەکانی کوردستان بوون، هەریەکەیان قەڵا و شورایی سەختی کردبووە بارەگای خۆی و دەشیا لە دەمی پێویستدا، هەزاران چەکدار و جەنگاوەر بە چەك و ئۆتاق و پۆشاکەوە ساز بدات، دیرۆك و کەلتوری میللەتی کورد وسروشتی کوردستان ئەم واقیعەی هێنابووە گۆڕێ[٣].

---

(١) فارقی لێرەش ئالۆزی و ناکۆکی بە هەواڵەکانیەوە بەدی دەکرێت و مێژووی رووداوەکانی زەبت نەکردووە، لای ئەو توغرلبەگ(م:٤٥٥ك/١٠٦٣ز)، ساڵی ٤٥٨ك/١٠٦٦ز مردووە و ماوەی حوکمی نظام الدین نەصری بە دوازدە ساڵ و چەند مانگێك داناوە، کەچی نۆزدە ساڵ و مانگێك حوکمی کرد. تأريخ ميافارقين، ص٥٠٩، ٥١٦.

(٢) لە بەشی داهاتوودا لەمەڕ میر مەنصور و داگیرکردنی سەلجوقی دەدوێین.

(٣) بۆ پتر پێزانین سەبارەت بە هۆز و خێڵ و سەرداریێتیە خێڵەکیەکانی کورد، بڕوانە بەرهەمێکی نوسەری ئەم کتێبە بە زمانی عەرەبی: القبائل والزعامات القبلية الكُردية في العصر الوسيط، ط٢، دار الزمان(دمشق:٢٠١٦).

دەشێین بڵێین شەش حەوت لەم هێزە خێڵەکیانە چوارچێوە و سنوری هۆزایەتیان بەزاند و تاڕادەیەکی بەرچاو پێشکەوتن و وەك قەوارەیەکی سیاسی خۆیان دەنواند، وەلێ ئاستەنگ لەوەدایە کە دەگمەن دەنگوباس و سەرگوزشتەیان  لە سەرچاوە و ژێدەرەکان تۆماکراوە و بە رێککەوت و لە پەراوێزی بابەتی دیەوە، مێژوونوسان ناویان بردوون و بەزانیاری کورت و پچڕ پچڕ گۆشەیەکی دیرۆکیان رۆشناکردۆتەوە.

لە دەمێکدا زۆربەی میرنشینە مەزنەکانی کوردستان بوونە ئامانجی هێرش و پەلاماری سەلجوقییەکان و ئەتابەگە تورکەکان و یەك یەك لەناو بران، ئەمانە سەرەتا دەربازیان بوو و هەندێکیان تا سەردەمانی هێرشەکانی مەغۆل مابوون.

## أ- نیوچە میرنشینەکانی هەکاری و داسن:

دەڤەری هەکاری لە سەدەکانی ناڤیندا، ئەو ناوچە شاخاویانەی دەگرتەوە کە دەکەوتنە باکور و باکوری رۆژهەڵاتی موصڵەوە و زێی مەزن لە وڵاتی هەولێری جیادەکردەوە، بەشی باشوری هەکاری و ئەو زنجیرە چیایانەی وا بەسەر موصڵدا دەڕوانن و ئەو دەڤەرانەی روباری زێی پێدا تێدەپەڕی بە وڵاتی داسن دەناسرا[(١)].

هەکاری لەگەڵ ئەوەی وڵاتێکی بەرین بوو، وەلێ وەك ئاشکرایە هەڵەت و شاخاوییە و ناوەندێکی شارستانیی وای تێدانەبوو کە بە شار یان بازێڕ ناوببرێت، بەڵکو دەیان بازێرۆك و قەڵا و شورای سەربازی لەخۆ دەگرت لە وێنەی مەعلەتایا، ئاکرێ(العقر)، شوش، جۆلەمێرگ، باعەزرا، بابەگێژ، هرور، ئەردەمشت- کواشێ، شەعبانیە،... چەندانی دی[(٢)].

وڵاتی هەکاری زێدی دەیان هۆز و خێڵ و تیرە و تایفەی کوردان بوو کە دیارترینیان چوارن:

- هەکاری لە قەڵاکانی ئاشب و ئامێدی و جۆلەمێرگ و هرور.
- حەمیدی لە ئاکرێ و شوش.

---

(١) صورة الأرض، ص٢٦٠، معجم البلدان، ٢/٢٨٤.

(٢) بۆ پتر پێزانین دەربارەی ئاوەدانیەکانی وڵاتی هەکاری بڕوانە: درويش يوسف هروري، بلاد هكاري(٩٤٥-١٣٣٦م) (دهوك: ٢٠٠٥)، ص٣٩-٥٩.

- میهرانی له قەڵاکانی دەڤەری حەسەنیه - زاخۆ و قەڵای جەڕاحیە - نزیك باعەزرا.
- داسنی له چیای داسنی ڕۆژهەڵاتی موصل.

هەر هۆزێك لەمانه بەسەر چەند خێڵ و تیرەیەکدا دابەش دەبوو و زیاتر له بەرەبابێکی فەرمانڕەوای هەبوو و نیوچە میرایەتیەکی دامەزراندبوو.

هۆزی حەمیدی له نیوەی یەکەمی سەدەی پێنجەمی کۆچی/یانزەهەمی زایینییەوە قەڵاکانی ئاکرێ و شوشی بەدەستەوە بوو، قەڵای ئاکرێ بارەگا و پایتەختیان بوو و بە ئاکرێی حەمیدی(عقر الحمیدية)دەناسرا(1).

میر ئەبولحەسەنی کوڕی عیسکانی کوڕی غیمی(؟) یەکەم میری ناوداری حەمیدییە و دوورنیه میری دامەزرێنەریش بێت، بە پشتبەستن بەو چەند تێکستە کەمەی لەبارەیەوە هاتوون دەشێین بێژین له نێوان ساڵانی(٤٣٥-٤٦٠ك/١٠٤٣-١٠٦٨ز) میری حەمیدییەکان بووە.

میری حەمیدی له ئاکامی ململانێ و ناکۆکی خێڵایەتی، ناحەز و نەیاری میر ئەبولحەسەنی کوڕی موسەکی هەدبانی خاوەندی هەولێر بوو و هانی ئەبوعەلی حەسەنی برای میری هەولێری دەدا له براکەی یاخیبێت و هەر بە پشتیوانی و هاریکاری ئەمەوە بوو میر ئەبوعەلیی هەدبانی سەرئەنجام دەسەڵاتی له هەولێر گرتەدەست و هەردووکیان: ئەبولحەسەنی کوڕی عیسکانی حەمیدی و ئەبوعەلی حەسەنی کوڕی موسەکی هەدبانی- وەك پێشتر باسکرا - بە یاوەری میر (مسلم العقیلي:٤٥٣-٤٧٨ك/١٠٦١-١٠٨٥ز)میری موصلێ چوونە دیوانی خیلافە له بەغدا و خەلیفە(القائم) دانینا بە میرایەتیان و خەڵاتی کردن(2).

دوای حەفتا ساڵ دابڕان، دەزانین مەڵبەندی حەمیدییەکان نەبووەتە ئامانجی هێرشەکانی تورکە سەلجوقییەکان و میرانی حەمیدی سەروەریی خۆیان پاراستووە و له سەرەتای سەدەی ٦ك/١٢ز دا، خودانی ئاکرێ و شوش میر عیسای حەمیدی بوو کە دیارە هەر له بنەماڵەی عیسکانە(3).

---

(١) معجم البلدان، ٣/٣٣٨.

(٢) الکامل، ٨/١٠٧-١٠٨، سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ص١٠٤، ١١٠.

(٣) ابن الاثیر، الباهر، ص٤٨، الکامل، ٨/٧٠٣، مفرج الکروب، ١/٥٥.

له بەشی رۆژهەلاتی ولاتی هەکاری، تیرەو خێڵەکانی کوردە هەکارییەکان لە سەدەی چوارەمی کۆچی/دەیەمی زایینییەوە، گەلێك قەلایان بەدەستەوە بوو و حەسەنی کوڕی ئیبراهیم میری هەکاری بوو(١).

(عضد الدولة) فەناخەسرەوی بوەیهی لەمیانەی هێرشەکانی بۆ سەر کوردستان و موصلّ و جەزیرە، سالّی٣٦٩ك/٩٧٩ز هێزێکی نارده سەر قەلاکانی هەکاری و گەمارۆی دان، قەلادارانی کورد بە ئاواتی ئەوەوە بوون بەفر ببارێت و سوپای بوەیهی ناچار بکات دەست لە گەمارۆدان هەڵبگرن، کەچی لە بەدبەختی ئەوان ئەو ساڵە بەفریارین دواکەوت و خۆیان رادەستی سوپای بوەیهی کرد و قەلاکانیان هاتنەگرتن و دواتر هەموویان بەدرێژایی رێگای مەعلەتایا- موصلّ بە فرمانی(عضد الدولة) هەڵواسران(٢).

بە درێژایی سەدە و نیوێك(٣٦٩-٥٢٨ك/٩٧٩-١١٣٤ز) هیچ هەواڵ و دەنگوباسێك لەمەڕ خودانی قەلاکانی هەکاری بەردەست نیە، بەلام ئاشکرایە میرانی هەکاری دەسەلات و سەربەخۆیی خۆیان نەدۆڕاند و لە بناری چییا بەرز و سەرکەشەکانی هەکاریدا کاروباری قەلاکانی ئامێدی، ئاشب، هرور دەڕواند.

میر(أبوالهیجاء بن عبدالله بن أبـي خلیل بن مزربان الهكاري) باپیری سەرکردەی مەزن مەشتوبی هەکاری(م:٥٨٨ك/١١٩٢ز)، یەکەم و دوا میری ناسراوی هەکارییە و زانیارییەکی ئەوتۆی دەربارە نیەو بە مەزندە لە سەرەتای سەدەی ٦ك/١٢ز یەوە ئاشب و جدیدە و نوشی و چەند قەلایەکی دیی بەدەستەوە بوو کە دەکەوتنە دەڤەری ئامێدییەوە.

بەشی باکوری ولاتی هەکاری بەرەو جەزیرەی بۆتان، زێد و بارەگای کوردە میهرانییەکان بوو، ئەمانیش بە چەشنی هەکارییەکانی دەرهاوسێیان سوودیان لە سروشتی شاخاوی ناوچەکەیان وەرگرتبوو و حوکمی ژمارەیەك قەلایان دەکرد، لەوانە کواشێ، شەعبانیە- کەلا شابانیا، ألقی- ئەلکێ، فەرح، رابیە، زەعفەرانیە- نزیك گەلی زاخۆ، جەڕاحیە.

---

(١) یوحنا بن کلدون، تأریخ یوسف بوسنایا، ص٦٠.

(٢) الکامل، ٧/١٢٦.

قەلاَی جەڕاحیە بارەگای لقێکی گەورەی میرنشینی میهرانی بوو، چەند کەڵە میرێکی میهرانی بە جەڕاحی ناو دەبران، یەکێکیان میر ئیبراهیمە کە مرۆڤێکی زاهید و دیندار و لە موریدانی شێخ عەدیی کوڕی مسافری هەکاری بوو[1].

ئەوەی جێگای سەرنجە لە ڕەوشی سیاسیی هەردوو هۆزی هەکاری و میهرانی، هیچیان قەوارەیەکی یەککگرتوویان نەبوو، بەڵکو هەر دوو سێ قەڵایەك بە دەست بەرەبابێکیانەوە بوون.

ئەتابەگە تورکەکان بە بیانووی ئەوەی کوردەکانی حەمیدی و هەکاری و میهرانی و بەشنەوی ڕێگری و چەتەیی دەکەن و ئازاری خەڵکی دەدەن و ئارامیی ناوچەکە تێکدەدەن، جاروبار لە موصڵەوە شاڵاویان دەهێنایە سەر ناوچەکە و دەچوون بە گژ میرە کوردەکاندا وەك ئەوەی جیوش بەگ(٥٠٩ـ٥١٤ك/١١١٥ـ١١٢٠ز) ئەنجامیدا و هۆی ڕاستەقینەی ئەم لەشکرکێشیانە نەهێلانی مەترسیی میرە کوردەکان بوو[2].

کاتێك عمادالدین زەنگی ساڵی٥٢١ك/١١٢٦ز کرا بە ئەتابەگی موصڵ سەرەتا دەستی لە نەخشەی حوکمی خێڵکیی وڵاتی هەکاری وەرنەدا و دەستکاریی نیمچە میرنشینەکانی نەکرد و وەك خۆی هێلانیەوە.

میر و خاوەند قەڵاکانی هەکاری و داسن و هەموو کوردستان، ئازار و ستەمی لەرادە بەدەریان لەسەر دەستی ئەتابەگ و مەملوکەکان جێشتبوو و زیانی ماڵی بێ پایانیان لێکەوتبوو و هەرگیز خۆشییان بە چارەی تورکان ناهات، لە بەرانبەردا ڕێزی خەلیفەی عەباسییان دەگرت و بە تاکە مەرجەع و هێمای دەسەلاتی شەرعییان دادەنا و خۆیان بە هاوپەیمان و مەولای دادەنا، لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیەدا دەکرێت هەڵوێستی میرانی حەمیدی و هەکاری و میهرانی لێك بدەینەوە دەمێك هاریکاریی خەلیفە(المسترشد:٥١٢ـ٥٢٩ك/١١١٨ـ١١٣٤ز)یان کرد کە لە هەیڤی ڕەمەزانی ساڵی٥٢٧ك/تەمموزی١١٣٣ز [3]بۆ سزادانی عمادالدین زەنگی گەمارۆی موصڵی دا، ئەوەبوو بە خۆیان و سوپاکانیانەوە

---

(١) الحنبلي، قلائد الجواهر، ص٨٦.

(٢) الكامل، ٨/٦٢٧.

(٣) فارقی دەڵێت ڕەمەزانی ساڵی ٥٢٦ك/١١٣٢ز، تأريخ ميافارقين، ص٥٦٦.

گەهیشتنە خزمەتی، (ابن الاثیر) دەڵێت کوردەکان هەموویان لەکن خەلیفە ئامادە بوون[1]، (إبن الجوزي)یش دەڵێت میر(أبو الهیج الكُردي)- مەبەستی أبو الهیجائی هەکاری یە- سەربازێکی زۆری لەگەڵ خۆی هێنابوو[2]، زەنگی ئەم هەڵوێستەی میرانی کوردی کردە پاساوی پەلاماردانیان[3].

ب- نیوچە میرنشینەکانی زۆزان و بۆتان:

زۆزان پەیڤێکی کوردیە بە واتای کوێستان، ناوچەی شاخاویی فێنك، ئەم پەیڤە هەر لە دەسپێکی سەردەمی ئیسلامییەوە وەك ناوێکی جوگرافی کەوتە نێو سەرچاوەکانەوە[4] و ئەو کوێستانە پانوپۆڕ و بەرفراوانەی پێ دەناسرا کە لە زاخۆ و جەزیرەی بۆتانەوە بەرەو رۆژهەڵات تا خەلات و ئەرمینیا و سنوری ئازەربیجان درێژ دەبووەوە، کۆچەر و رەوەندانی کورد پاشان تورکمانیش هاوینان روویان تێدەکرد و هەر خێڵێك لە زۆمی خۆی هەوار و رەشماڵی هەڵدەدا[5].

لە دامێن و بناری چییا بڵندەکانی زۆزان و لەبان دوندی کەل و کێوەکان، دەیانقەڵا و شورا هەبوون کە هەردەم بارەگا و مەڵبەندی حەوانەوەی کوێخا و سەردارە کوردەکان بوون[6]، رێژەیەکی بڵندیش لە جوتیار و گوندنشینەکان ئەرمەن بوون: حزدقیل-گۆرگێل، ئالوس، ئاتێل، ئەروەخ، بەشیری، بەرخو، نێروە و فەنەك کە موڵك و قەڵەمڕەویی میرەکانی بوختی- بۆتانی و بەشنەوی بوون و بە خویان دەسەڵاتدار و رێڤەبەری ئەم قەڵایانە بوون و نیوچە میرنشینێکیان لێ پێکهێنابوو.

---

(١) الكامل، ٧٠٣/٨.

(٢) المنتظم، ٢٧٦/١٧.

(٣) لە بەشی داهاتوو لەم بابەتە دەدوێین.

(٤) البلاذري، فتوح البلدان، ص١٨٠، الكامل، ٦٧١/٩. یاقوتی حەمەوی سێزدە جار ناوی زۆزانی هێناوە. معجم البلدان، ١٣٤/١، ١٩٨، ٢٥٦، ٢٩٧، ٣٣٩....

(٥) الكامل، ٧٧٣/٩.

(٦) بڕوانە: ابن شداد، الأعلاق الخطيرة، ٢٤٦/٣-٢٥١.

بوختی هۆزێکی کەڤنار و خانەدانی کوردە و سەربوردە و دیرۆکی راستەوخۆ گرێدراوەبە جەزیرەی بۆتانەوە، بە چەشنی هۆزە دێرینەکانی کوردستانی باکور لە چوارچێوەی میرنشینی دۆستەکی- مەروانی دەسەلاتێکی خێڵەکی دامەزراند و قەلاگەلێکی هەڵکەوتوو لە رۆژهەلاتی جەزیرە و دەڤەری زۆزانی بەڕێوە دەبرد، وەلێ مخابن پێزانین دەربارەی لە تاکە هەوالێکی راگوزەری تێناپەڕێت کە دەری دەخات موسەکی کوڕی موجەللا تا کوژرانی لە نزیکەی سالی٤٤٧ك/١٠٥٥ز میر و رێبەری بوختییەکان بووە و نێوانی لەگەل ئەبوحەرب سلێمانی کوڕی میر ئەحمەدی مەروانی ناخۆش بوو و رکابەرایەتی یەکدیان دەکرد، سلێمان نوێنەری باوکی بوو لەسەر جەزیرەی بۆتان و دەیخواست بە چ شێوازێك بێت رکابەرەکەی لەناو ببات، ئەوەبوو بە فێڵ و تەڵەکە هێوری کردەوە و کچی میر ئەبوتاهری بەشنەویی پورزایی پێدا و بانگهێشتی کردە لای خۆیی و فڕێی دایە زیندانەوە و ناجوامێرانە کوشتی[(١)].

لێرەوە تا دوماهیکی سەردەمی عەباسی زانیاری سەبارەت بە میرانی بوختیی دەست ناکەوێت، بەلام دلنیاین تا شالاوەکانی مەغۆلیش بوختییان درێژەیان بە دەسەلاتدا و قەلای بلندی گورگێل- حزدەقیل لە بناری چیایی جودی، ناوەند و بارەگەیان بوو یان وەك یاقوتی حەمەوی دەلێت کورسیی مەملەکەتی بوختی بوو[(٢)].

قەلای دێرینی فەنەکی هەلکەوتوو بە چەند فەرسەنگێك لە ژووروویی جەزیرەی بۆتان لەمێژەوە وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، بنکە و بارەگای کوردە بەشنەوییەکان بوو کە بە نانبدەیی و خۆشمێری و دلۆڤانی بەناوبانگ بوون، دەرەتانی لێقەوماوان و لانەوازان بوون و داکۆکیان لێ دەکردن، (ابن الأثير) کە دەگمەن ددانی خێر بە کورددا دەنێت، بە ڕاشکاوی ستایش و پەسنی بەشنەوییەکانی فەنەك دەکات[(٣)] کە وێڕای فەنەك، قەلاکانی بەشیری و(حصن الهيثم) و برقە و شێروە و جدیدەیان بەدەستەوە بوو[(٤)].

---

(١) الكامل، ٨/١٥٥-١٥٦.

(٢) معجم البلدان، ٣/١٥٨.

(٣) الكامل، ٩/٣١، القزويني، آثار البلاد، ص٤٣٢.

(٤) معجم البلدان، ١/٣٣٩، ٢/٤٨٢.

ئەبوتاهری بەشنەوی، یەکەم میری ناسراوی بەشنەوی و خوشکەزای میر ئەحمەدی مەروانی بوو، دیارە باوکیشی کە ناوی نازانرێت و هیچی لەبارەوە نەهاتووە، کەسایەتیەکی ناودار و سەردارێکی خێڵکیی پایەدار بووە و لە خێزانێکی خانەدان بووە[1]، تا ئەو رادەیەی خوشکی میری مەروانیی خواستووە.

سلێمانی مەروانی وەك چۆن میر موسەکی بوختیی فریودا و لەناوی برد، ئاوەهایش پیلانێکی بۆ ئەبوتاهری بەشنەویی پورزایی دارِشت و ژەهرخواردی کرد[2].

عوبەیدوڵای کوڕی ئەبوتاهرساڵی٤٤٧ك/١٠٥٥ز، تۆڵەی خوێنی باوکی کردەوە و سلێمانی کوشت، ئەم دوژمنایەتیە ناوخۆییە شەڕی قورستری لێکەوتەوە، میر(قریش العقيلي:٤٤٣-٤٥٣ك/١٠٥١- ١٠٦١ز) شەڕی خۆبەخۆیی کوردانی کردە پاساو و هێرشی بردە سەر جەزیرەی بۆتان و پاڵپشتی و هاوئاهەنگی بوختییەکان و بەشنەوییەکانی دەستەبەر کرد و هەرسێ لایان خۆیان بۆ شەڕی میر ئەحمەدی مەروانی سازدا و تێکهەڵچوونێکی قورس بەرپابوو و بە سەرکەوتنی میری مەروانی کۆتایی هات و میری عەقیلی بە خەستی بریندار بوو، بەمەش درزێکی قوول کەوتە نێوان قەوارە ناوخۆییە کوردەکانی هەرێمی جەزیرەوە، میری مەروانی هەرچەند کردی و کۆشای نەشیا کوردانی بوختی و بەشنەوی ئاشت بکاتەوە[3].

سەرچاوەکان چەردەیەك زانیاریی دی دەربارەی میرانی بەشنەوی بەدەستەوە دەدەن و دەیسەلمێنن کە بە وێنەی میرانی بوختی پارێزگارییان لە سەرخۆبوونی خۆیان کردووەو لە گێچەڵ و شەڕانگێزیی تورکانی سەلجوقی خۆیان پاراستووە، میر(نورالدولة) داودی کوڕی میهران(م:٥٢٦ك/١١٣٢ز) ساڵانێك میری بەشنەوییەکان بوو و دوایی خۆی میهرانی کوڕی شوێنی گرتەوە[4].

---

(١) (العماد الأصفهاني) لە ناساندنی شاعیر حوسێنی کوڕی داودی بەشنەوی (م:٤٦٥ك/١٠٧٣ز) پسمامی میرانی بەشنەوەی دەڵێت:"عصره قديم، وبيتُه كريم"، خريدة القصر، ٥٠٢/٢.

(٢) الكامل، ١٥٦/٨.

(٣) الكامل، ١٥٦/٨.

(٤) تأريخ ميافارقين، ص٥٦٥.

میر (ابو نصر ناصر الدین حسام الدولة)میهران، میرێکی ناسراو و پایەبڵند بوو و روونە ئەو ناسناوانەشی هەر لە ئاکامی ئەو ئاستەی پێی گەیشتووە لە خیلافەی عەباسیی دەست خستووە، بەڵام تەنها ئەوەندە لە ژیان و سەردەمی ئاشکرایە کە بەلای کەمەوە تا ئەو دەمەی عمادالدین زەنگی- ساڵی٥٤١ك/١١٤٦ز- گەمارۆی فەنەکی دا، ئەم میری بەشنەوییان بوو[1].

فەنەك قەڵایەکی خۆڕسکی بەرز و سەخت بوو و لە هەموو رەخێکەوە دیواربەند کرابوو و بۆ سەدان ساڵ بەدەست بەشنەوییەکانەوە بوو، نە سەلجوقییەکان و نە عمادالدین زەنگی و نە ئەتابەگەکانی دی توانیان داگیری بکەن، ئەتابەگی جەزیرە هەرگیز زاتی نەدەکرد شاڵاوی بباتە سەر و گەمارۆی بدات[2].

ئەوەش دەزانین کە شاعیر(الطوابیقي:م٥٦٩ك/١١٧٣ز)[3] لە سەردەمی میر میهران دا، سەردانی قەڵای فەنەکی کردووە[4].

دوای میهران، پێدەچێت محەمەدی برای شوێنی گرتبێتەوە، ئەمیش هەرچەند بە میری کوردان هەژمار کراوە و هەڵگری نازناوی میرایەتیی مەزنە(ابو الفوارس فخر الدین شمس الدولة)، بەڵام هیچی لەبارەوە روون و خۆیا نیە، ئەوەندە نەبێت کە ساڵی ٥٣٤ك/١١٣٩ز لە دیمەشق بووە و شاعیر(ابن منیر:م٥٤٨ك/١١٥٣ز) بە قەصیدەیەك ستایشی کردووە[5]، مخابن ئەم قەصیدەیە فەوتاوە و دەست ساخکەرەوەی دیوانەکەی نەکەوتووە.

میرانی بەشنەوی بە پشتبەستن بە پتەوی و قاییمی قەڵای فەنەك، هەردەم بەرگەی هەڕەشە و گوشاری ئەرتوقیەکانیان دەگرت و دەزانین خودانی فەنەك ساڵی٥٧٢ك/١١٧٦ز

---

(١) الکامل، ٣١/٩، ابو شامة، الروضتین، ١٨٠/١.

(٢) معجم البلدان، ٤٤٧/٣، التأریخ الباهر، ص٧٣.

(٣) ناوی (ابو شجاع القاسم بن الحسین)ە، خەڵکی گەڕەکی(باب العامة)ی بەغدایە.

(٤) خریدة القصر، قسم شعراء العراق، ٣١٨/٢-٣١٩.

(٥) ابن الفوطي، مجمع الآداب، ١٣٩/٣.

ناوی ئیبراهیم بوو و عیسای برای رکەبەری بوو و هەوڵی دەدا بەسەر قەڵاکەدا زاڵ ببێت، بەڵام نازانین ئەمانە کوڕ یان نەوەی میر(حسام الدولة) میهرانن[1].

دەکرێت بڵێین بەشنەوییەکان توانیویانە شەرعیەت بدەنە خۆیان و خەلیفەی عەباسی دانی ناوە بە دەسەڵاتیاندا و ناسناوی(نورالدولة) و(حسام الدولة) و(شمس الدولة)ی پێ بەخشیون و گومانی تێدا نیە ئەم جۆرە ناسناوانە تەنها خەلیفە دەیبەخشین.

ج- نیوچە میرنشینی چوپی(الجوبـية):

چوپی-(الجوبية)[2] لە هۆزە ناسراوەکانی هەرێمی جەزیرەیە و هاوتەریب لەگەڵ هۆزە ناودارەکانی دیکەی کوردستان ناو و دەنگوباسی هاتووە، لەبەر کەموکورتیی زانیاریەکان ناکرێت زێدی چوپییەکان دیاری بکرێت، هەرچەند دڵنیاین لەوەی کە دەکەوتە دەوروبەری حوصنکێفاوە.

سەردارانی چوپی بە نەریتی توێژی باڵادەستان و فەرمانڕەوایانی کورد، نکۆڵییان لە نەژادی دروستی خۆیان دەکرد و خۆیان بە وەچەی سەرکردەی ساسانی بەهرام چوپین دەژمارد[3]. هەرچەند برایەکی بەهرام چوپین ناوی(کُردي) بوو و خوشکێکیشی ناوی (کُردية) بوو. کەچی لە راستیدا وەك (ابن الأثير) دەڵێت نەوەی (جوب الكُردي) بوون، وا دیارە چوپی باپیریان لابۆتە بەهرام چوپین[4].

میرانی چوپی شورای دیواربەندی حوصن تالب و قەڵای شاتانیان بەدەستەوە بوو، بەڵام رون نەبووەتەوە لە کەنگیەوە بووە، وەلێ لە سەرەتای سەدەی ٥ کۆچی/١١ زاینیەوە وەك هێزێکی خێڵەکی ناوچەکە سەریان هەڵدا و دۆست و لایەنگری میرانی مەروانی بوون و خزمایەتی و ژنخوازییان کەوتە نێوانەوە، میرانی چوپی هەرچەند هەڵکەوتوویی ماڵباتێکی دێرین بوون، سەربووردەیان فەرامۆش کراوە و دەگمەن ژیاننامەیان نوسراوە.

---

(١) الكامل، ٩/٣٠٥-٣٠٦.

(٢) ناوی ئەم هۆزە بە(الجوبية) و(الشوبية) هاتووە و روونە بە کوردی چوبی- چوپی بووە.

(٣) خريدة القصر، قسم شعراء الشام، ٢/٥٤٥.

(٤) اللباب في تهذيب الأنساب، ١/٣٠٤.

میر محەمەدی کوڕی حوسینی کوڕی شبل(بهاء الدولة:م٥٤١ك/١١٤٦ز) یەکەم میری ناسراوی چوپیی خاوەندی قەڵای شاتانە کە هاوکات هۆزانڤان و روناکبـیر و ئەدەبدۆستیش بوو، (العماد الأصفهاني:م٥٩٧ك/١٢٠٠ز) لە ژێر ناونیشانی(الأكراد الفضلاء) ناساندویەتی و چەند کۆپلە شیعرێکی بە نموونە هێناوەتەوە، هەروەها شاعیر و کەسایەتیی ناودار علم الدینی شاتانی(٥١٠ـ٥٩٠ك/١١١٦ـ١١٩٤ز) سەرەتا لە خزمەتی میری چوپی بوو و شاعیری نەصرانی(أبوالحسن عیسی بن الفضل) سەردانی شاتانی دەکرد و دۆست و هەڤاڵی میری خانەخوێی بوو[1].

دوورنیە دوای مردنی (بهاء الدولة) میرایەتی بۆ میر دەرباسی- دەربازی چوپی(٥٤١ـ٥٥٦ك/١١٤٦ـ١١٦١ز) مابـێتەوە، دڵنیانین لە جۆری خزمایەتی نێوانیان و ئایا دەرباس کوڕ یان برای (بهاءالدولة)یە و دەکرێت بڵێین دوا میری چوپیەکانە و قەڵاکانی ژێردەستی لە لایەن ئەرتوقیەکانەوە داگیر کران.

(١) خريدة القصر، قسم شعراء الشام، ٢/٣٥٠، ٥٤٥–٥٤٦.

# بەشی پێنجەم

# کوردستان لە سەردەمی سەلجوقی و ئەتابەکی

## ١٥ـ سەلجوقییەکان: دەرکەوتن و دامەزراندنی دەوڵەت:

تورکە سەلجوقییەکان لە تیرەیەکی هۆزی غوز- غەزن، غوزیش یەکێکە لەو دەیان هۆز و خێڵ و نەتەوانەی وا میللەتی تورکی پێکدەهێنا و لە وڵاتی پانوپۆڕی تورکستاندا ژیانێکی کۆچەری و نیمچە کۆچەریان دەگوزەراند، لەو سەرچاوانەی وا لەمەڕ نەژاد و دەرکەوتنی سەلجوقییەکان دوواون، جیاوازییەکی کەم بەدی دەکرێت سەبارەت بە بنەچە و ناوی باب و باپیرانیان.

دوقاق یان توقاق یەکەم کەسی ناسراوی ئەم بنەماڵەیە، وەك سەرکردەیەکی جەنگاوەر دەرکەوت و دوای مردنی، سەلجوقی کوڕیی شوێنی گرتەوە و بووە سەرداری خێڵەکەی و دواتر لە نیوەی دووەمی سەدەی٤ك/١٠ز- دەوروبەری ساڵی٣٧٥ك /٩٨٥ز- لە ئاکامی نالەباریی رەوشی گوزەرانیان و کورتهێنانی لەوەڕگاکانیان لە دابینکردنی لەوەڕ و پێداویستیەکانی ژیانی کۆچەرییان، لە نیشتیمانی خۆیانەوە گواستیانەوە وڵاتی پشت رووبار(بلاد ماوراء النهر)و لە ناوچەکانی بوخارا و سەمەرقەند نیشتەجێ بوون[1].

سەلجوق لە هەمبەر کۆمەکی و هاریکاریی سامانییەکان، رێگای پێدرا بە خێڵەکەیەوە لە کەناری رووباری سیحون نیشتەجێ ببێت و بازێڕی (جند)ی کردە بارەگا و بەم شێوەیە شوێنپێیەکی بۆ خێڵەکەی پەیدا کرد، لێرەوە ئەم بنەماڵەیە بە سەلجوقی ناسرا و لە ئەنجامی تێکەڵبوون و دەرهاوسێتیانەوە بە میللەتانی موسڵمانەوە، بوونە موسڵمانی سوننی[2].

پاش مردنی سەلجوق، ئیسرائیل یان ئەرسەلان بیغۆیی کوڕی بووە سەردار، ئەمیش بە چەشنی باوکی کاری کرد بۆ سازدانی هۆزەکەی و چەسپاندنی دەسەڵاتی بنەماڵەکەی کە تا دەهات بەهێزتر دەبوون و توانای لەشکرییان گەشەی دەسەند، تا بوونە سەرچاوەی هەڕەشەی راستەقینە بۆ سەر سوڵتان مەحمودی غەزنەوی(٣٨٧-

---

(١) الراوندي، راحة الصدور، ص٨٦، قزويني، تأريخ گزيده، ص٤٢٦-٤٢٧. دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە: د.محمد صالح الزيباري، سلاجقة الروم في آسيا الصغرى(عمان: ٢٠٠٧)، ص٣٧- ٤١.

(٢) ابن الأثير، الكامل، ٨/٤٥-٤٦، الزيباري، سلاجقة الروم، ص٤٢-٤٣.

٤٢١ك/٩٩٧ـ١٠٣٠ن) كه شوێنی سامانییەکانی گرتبووەوە له حوکمکردنی وڵاتی پشت ڕووبار، سوڵتانی غەزنەوی درکی بەو ڕاستییه کرد که له باریدانیه به شەڕ و پەلاماردان سەلجوقییەکان کپ بکات و مەترسیان خامۆش بکات، بۆیه ڕێگاچارەی سیاسیی گرتەبەر و بانگهێشتی ئەرسەلان بیغۆی کرده لای خۆی، گوایه دەیهەوێت پەیمانیان لەگەڵ ببەستێت و سوود له ووزه و شیانی جەنگیی خۆی و هۆزەکەی وەربگرێت، که گەهیشته خزمەتی هەر زوو بەندی کرد و بۆ ماوەی حەفت ساڵان(٤١٥ـ ٤٢٢ك/١٠٢٤ـ ١٠٣١ز)و تا مردنی له زیندانی قەڵای کالنجر قایمکرا، دواتر به مەبەستی هێورکردنەوەی سەلجوقییەکان، بەدەنگ داخوازییەکانیانەوه هات و ڕێگای به میکائیلی کوڕی سەلجوق و خێڵەکەی دا له ڕووباری جیحونەوه بپەڕنەوه بۆ هەرێمی خوراسان[1].

به مردنی سوڵتان مەحمودی غەزنەوی و کەوتنەوەی ئاریشه و دوبەرەکی له نێوان هەردوو کوڕەکەی: محەمەد و مەسعود که بووه ئەگەری داتەپینی بنیات و هەیبەتی میرنشینەکه، ڕێگا له پێش سەلجوقییەکان خۆشبوو و دەروازەیان به ڕوودا واڵابوو تا هێندەی دی پێداگری بکەن و پێگای خۆیان قایم بکەن و بەردەوامبن لەسەر سەپاندنی ویست و خواستەکانیان.

توغرلبەگ و جغریبەگ داودی کوڕانی میکائیلی کوڕی سەلجوق، له زنجیره شەڕ و لێکدانێك دا، سەرکەوتن بەسەر سوڵتان مەسعودی غەزنەوی(٤٢١ـ٤٣٣ك/١٠٣٠ـ١٠٤١ز) دا و شارگەلێکی خوراسانیان داگیر کرد و ساڵی٤٢٩ك/١٠٣٨ز توغرلبەگ چووه ناو نیشاپورەوه و لەبان عەرشی سوڵتانی غەزنەوی دانیشت و ناسناوی"سوڵتانی مەزن و ستونی دین و دنیا"ی لەخۆنا و خوتبەی به ناو خوێندرایەوە[2].

---

(١) راحة الصدور، ص٩٠–٩٢، تأريخ گزيده، ص٤٢٧.

(٢) راحة الصدور، ص٩٦، الحسيني، زبدة التواريخ، ص٩٨–٩٩.

پاش دوو ساڵێك، لە بیابانی دەندانەقانی نێوان سەرخەس و مەرو، لە شەڕێکی یەکلاکەرەوەدا [1] توغرلبەگ و خێڵەکەی سەرکەوتنێکی مەزنیان بەدی هێنا و لەشکری غەزنەوییان بە تەواوی دووچاری شکاندن و سەرگەردانی کرد و سەرپاکی خوراسانیان کەوتەدەست، بۆیە توغرلبەگ بە دامەزرێنەری دەوڵەتی سەلجوقی دادەنرێت و شەڕی دەندانەقان و ساڵی٤٣١ك/١٠٣٩ز بە خاڵی وەرچەرخان دەژمێردرێت لە مێژووی تورکە سەلجوقییەکان[2].

فراوانخوازیی سەلجوقییەکان بە گرتنی خوراسان و هەرێمەکانی رۆژهەڵات دوماهیك نەهات، رەوشی ئاڵۆزی بوەیهییەکان و ناتەبایی و ناکۆکیی بەردەوامی نێوان خەلیفەی عەباسی و میری بوەیهی، دۆخێکی گونجاو و کەشێکی لەباری بۆ توغرلبەگ رەخساند و هانی دا زێدەتر بەرەو ناوەندی جیهانی ئیسلام هەنگاو بنێت، ئەوەبوو تەنها لە ماوەی دوو ساڵدا هەرێمەکانی گورگان- جورجان و تەبرستان و خەوارزم و بەشێکی چیاکانی داگیر کرد و شاری رەیی کردە بارەگای خۆی و ساڵی٤٤٢ك/١٠٥٠ز ئەصفەهانی داگیر کرد و کردیە بارەگای نوێ، لەمەش گرنگتر توانی سەرەنجی خەلیفە(القائم) بۆ لای خۆی رابکێشێت، خەلیفەی داماو ئەوەندە دەستەوەستان بوو نەك هەر رەزامەندیی نیشاندا لەسەر پەلهاوێشتن و فراوانخوازیەکانی توغرلبەگ، بەڵکو بانگهێشتی کرد تا تەشریف بهێنێتە پایتەختی خیلافە و داوای لە خوتبەخوێنان کرد خوتبە بە ناویەوە بخوێننەوە، تا لە دوا رۆژەکانی مانگی رەمەزانی ساڵی٤٤٧ك/١٠٥٥ز چووە ناو بەغداوە و بە گەرمی پێشوازیی لێکرا[3].

---

(١) سەرچاوەکان مێژووی لێکجیا بۆ شەڕی دەندانەقان دادەنێن، بەیهەقی(م:٤٧٠/١٠٧٧ز) بە خۆی ئامادەی شەڕەکە بووو وەك شاهیدحاڵێك رووداوەکانی گێڕاوەتەوە و دەڵێت رۆژی (٨)ی رەمەزانی ساڵی٤٣١ك/٢٣-٥-١٠٤٠ز بەرپابوو، راحة الصدور، ص١٠٠، پەراوێزی(٦).

(٢) بڕوانە: راحة الصدور، ص١٠٠، الكامل، ٨/٥٤-٥٥، تأريخ گزيده، ص٤٢٨، الزيباري، سلاجقة الروم، ص٥١.

(٣) العماد الأصفهاني، زبدة النصرة، ص١٠، الكامل، ٨/٦٦، ٧١، ٧٧، ٩٠، ١٥٨-١٥٩.

## ٢_٥ـ دەوڵەتی سەلجوقی و میرنشینەکانی کوردستان:

سەرهەڵدانی تورکە سەلجوقییەکان و بوونیان بە دەسەڵاتداری یەکەم لە ڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامی، باندۆر و کاریگەریی قووڵی لەسەر مێژووی کورد بەجێ هێشت و بووە مایەی لەناوچوونی دەسەڵاتە خۆجێهیەکان و بڵاوبوونەوە و جێگیربوونی ڕەگەزی تورك لە کوردستان، ئەو دەمەی تورکەکان دەرکەوتن، هەرێمە کوردنشینەکان لە ژێر ساباتی ئاینیی خەلیفەی عەباسی و دەسەڵاتی سیاسیی میری بوەیهی، لە لایەن میرە کوردەکانەوە بەڕێوە دەبران.

دەوڵەتی بوەیهی ساڵ بە ساڵ لاوازتر و بێویستتر دەبوو، پاش مردنی هەر میرێکیان و کێشە و ناکۆکی دەکەوتە نێوان میراتگرانی و دەکەوتنە گیانی یەکدی، دوا میری بەهێزی بوەیهی(جلال الدولة) ساڵی٤٣٥ك/١٠٤٣ز مرد و دەبوو(الملك العزيز)ی کوڕی جێگای بگرێتەوە، کەچی ئەبوکالیجاری برازای بە کردەوە ناڕەزایی خۆی نیشاندا و بە بەخشین و بەڵێن وای لە سەرکردە و بەرپرسە باڵاکانی سوپا کرد لە(الملك العزيز)ی پسمامی بتەکێنەوە و ببنە لایەنگر و پشتیوانی، ئەویش دادی بۆ میرە کورد و عەرەبەکان برد و وەفدێکی باڵای ڕەوانەی لای میر(حسام الدولة) فارسی شادنجانی کرد [١]، ئەبوکالیجار بۆ ساڵی دواتر بە فەرمی بووە میر و لە بەغدا خوتبەی بۆ خوێندرایەوە و خەلیفە دانی بە شەرعیەتی میرایەتیی نا.

لەگەڵ ئەم ئاڵۆزی و تەنگەژەیەی دووچاری بوەیهییەکان هاتبوو، هێشتا هەژموون و باڵادەستیی خۆیان لە کوردستان لەدەست نەدابوو، ئەوەبوو هەریەك لە میری شادنجان و میر ئەحمەدی کوڕی مەروان خوتبەیان بە ناوی میری نوێی بوەیهییەکانەوە خوێندەوە، بگرە میری شادنجان بۆ سەلماندنی دڵسۆزیی خۆی، (الملك العزيز)ی زاوای ناچار کرد کچەکەی تەڵاق بدات[٢].

---

(١) ابن الفوطي، مجمع الآداب، ٥/١٣١.

(٢) الكامل، ٨/٤٠، ٨١–٨٢.

قەڵەمڕەوی شادنجانیەکان بوونە یەکەم ئامانجی غوزە تورکەکان،ساڵی٤٣٧ك /١٠٤٥ز بە فرمانی توغرلبەگ، ئیبراهیم ئینالی دایکبرایی هێرشی کردە سەر چیاکان و لە هەمەدانەوە دەستی پێکرد و گوشاری خستەسەر خاکی شادنجانی.

هەواڵی پێشڕەوی و پەلهاوێشتنی توغرلبەگ لە کوردستانەوە گەهێنرایە بەغدا، خەلیفە و کاربەدەستان ترسیان لێنیشت و یەکسەر سوپاسالار فولانجانی دەیلمی و ئەبوعەبدوڵای مەردوستی بە خەڵات و دیاریەوە رەوانەی لای میر فارسی شادنجانی کران و داوایان لێکرد خۆی بۆ بەرپەچدانەوەی غوزەکان ساز بدات و چاوەدێری سنورەکان بکات[1].

میری شادنجان لەو دەمانە لە دۆخێکی نالەبار دا بوو و چووبووە ناو تەمەنەوە و نێوانی لەگەڵ هەردوو برای: سورخاب و موهەلهەل لەوپەڕی گرژیدا بوو، ناچار لە دینەوەرەوە بەرەو کرماشان پاشەکشێی کرد و لەوێش دوای ئەوەی هێزێکی لە دەیلەم و کوردانی شادنجان راسپارد بەرگری لە شارەکە بکەن، بەرەو بارەگای خۆی لە حلوان بەڕێ کەوت و لەوێش ئۆقرەی نەگرت و بە ماڵ و خاووخێزانەوە خۆی لە قەڵای سیروان- شێروانەی[2] کەناری روباری سیروان- قایمکرد، ئیبراهیم ئینال و غوزە تورکەکان سوربوون لەسەر ئەوەی هەرچی بازێڕ و قەڵا و پایەگا هەیە تاڵان و کاول بکەن و دینەوەر و کرماشان و صەیمەرە و حلوان و خانەقینیان داگیر کرد و ماڵ و سامانی خەڵکیان بە تاراج برد و ماڵی میری شادنجانیان سوتاند[3].

---

(١) مجمع الآداب، ٢/٣٩٤.

(٢) قەڵای سیروان هەرقەڵای شێروانەی تەنیشت کەلارە، عەرەب پیتی(ش) یان لە ناوە ناعەرەبیەکاندا دەکرد بە (س)، بۆ نموونە: شاپور، شنگار، میشان، توشتەر، شەرواڵ...هتد، کراون بە سابور، سنجار، میسان، تستر، سروال. بڕوانە: أبو منصور الجواليقي(ت٥٤٠هـ/١١٤٥م)، المعرب من الكلام الأعجمي على حروف المعجم، دار القلم(بيروت:١٩٩٠)، ص٩٥-٩٦.

(٣) العماد الأصفهاني، زبدة النصرة، ص١٠، الكامل، ٨/٩٠-٩١.

**أ- توغرلبەگ و میرانی کورد:**

توغرلبەگ دەستکاریی نەخشەی سیاسیی کوردستانی نەکرد و دەستی لە کاروباری ناوخۆی میرە کوردەکان وەرنەدا، نەخاسمە پاش ئەوەی زۆربەیان لە ساڵانی٤٤٢-٤٤٦ك/١٠٥٠- ١٠٥٤ز پابەندیی خۆیان بۆ راگەیاند و خوتبەیان بۆ خوێندەوە و هیچ کاردانەوەیەکیان ئەنجام نەدا ببـێتە مایەی پەکخستنی بەرنامە فراوانخوازیەکەی.

لە راستیدا نەیدەویست میرە کوردەکان لە خۆی بووروژێنێت و بەرەی نەیارانیان پێ بەهێز بکات و وزەی سەربازیی دەوڵەت بە بەرەی دیی لاوەکیەوە خەریك بکات، کە لەیەك کاتەدا دوو کاری گەورەتر و گرنگتر چاوەڕێی دەکردن: شەڕی فاتمیەکان و دوورخستنەوەیان لە عێراق و شام و شەڕی روومە بـیزەنتیەکان لە ئەرمینیا و ئەنادۆڵ[1].

میر ئەحمەدی کوڕی مەروان پیاوێکی زیرەك و بەئەزموون بوو، باش دەیزانی کە سەرانی سەلجوقی چەند شەڕانگێز و چاوبرسی و بەگێچەڵن، دەیویست بـیانوویان نەداتە دەست و بە پارە و دیاری، گۆبەندیان لە کۆڵ خۆی و وڵاتەکەیی بکاتەوە، ساڵی ٤٣٤ك/١٠٤٢ز دا ئامادەیی خۆی نیشاندا پەنجا هەزار دینار بداتە سەرانی غوز، ئەگەر دەست لە گەمارۆی میافارقین و وێرانکردنی وڵات هەڵبگرن[2] و لە ساڵی٤٤١ك/١٠٤٩ز یەوە ساڵانە دەیان و سەدان هەزار دینار و دیاریی گرانبەها و جۆربەجۆری دەدا بە توغرلبەگ و خوتبەی بۆ دەخوێندەوە[3] و ساڵی ٤٤٣ك/١٠٥١ز چووە ژێر باری داخوازیەکانی سوڵتانی سەلجوقی و میوانداریی نێردەیەکی کرد و دۆستایەتی و گوێڕایەڵی خۆی بۆ سوڵتان سەلماندەوە و بە کۆمەڵێك بەرتیل و ئەسپ و پۆشاکی گرانبەهاوە بەڕێی کرد[4].

---

(١) الكامل، ٨/ ٧١، ٧٧.

(٢) الفارقي، تأريخ ميافارقين، ص٤٩٧.

(٣) ابن الجوزي، المنتظم، ٧١/١٦، الكامل، ١١٣/٨، ١٤٩، تأريخ ابن أبي الهيجاء، ص١٩٢.

(٤) ابن العبري، تأريخ الزمان، ص٩٦–٩٧.

سالّی٤٤٢ك/١٠٥٠ز توغرلبەگ پێشوازیی لە موهەلهەلی کوڕی محەمەدی شادنجانی خاوەندی ولاّتی شارەزور کرد و ڕێزی لێنا و رازی بوو شارەزور و داقوق و سامەغان و سیروانی بۆ بهێلێتەوە و سورخابی برایشی لە زیندان ئازاد کرد و قەلاّی ماهکێی بۆ گەڕاندەوە و قەلاّی راوەندەینیشی بۆ سوعدای برازایان دابڕی[1].

دوای چوار سالّێك، توغرلبەگ هێرشێکی بەربلاّوی کردە سەر ئازەربیجان و ئەرمینیا و گەمارۆی تەورێزی پایتەختی رەوادییەکانی دا، میر وەهسودان پاش سووکە بەرگرییەك، ناچار بە دیاریەوە چووە خزمەتی و ملکەچیی خۆی بۆ راگەیاند، ئەویش کوڕێکی وەهسودانی وەك بارمتە گلدایەوە، نەبادا لێی هەڵبگەڕێتەوە و بڕە پارەیەکیشی وەك باج بەسەردا سەپاند  کە دەبوو سالاّنە کۆی بکاتەوە و بە گەنجینەی بسپێرێت ولە بەرانبەردا بە میری ئازەربیجانی هێشتەوە[2]، بەپێی هەوالّێك تورکەکان دەورەی مالّ و بارەگای وەهسودانیان دا و برازایەکیان کوشت و تەورێزیان تالاّن کرد[3].

سولّتانی سەلجوقی بەردەوام بوو لە پێشڕەوی و رووی کردە ئالان و ئەرمینیا و گەهیشتە شاری جەنزە- گەنجە پایتەختی شەدادیەکان و لێرەش بە شێوەی میر وەهسودان، میر(ابوالأسوار) شاووری شەدادی چووە پێشوازیی و پابەندیی خۆی بۆ راگەیاند و خوتبەی بۆ خوێندنەوە، میر وەهسودان لە مانگی صەفەری سالّی٤٥١ك /نیسانی١٠٥٩ز مرد، توغرلبەگ پێشتر رەزامەندیی نیشان دابوو مەملانی کوڕیی ببێتە جێنشینی بەو مەرجەی پابەندیەکانی دەرهەق سولّتان بەرێتە سەر[4]. نەقشبەندی دەپرسێت بۆچی توغرلبەگ مەملانی لە جێگای باوکی دانا کە هێشتا  لە ژیاندابوو و دەبێت نەخۆشی پەکی خستبێت یان دیل بووبێت لەکنیان[5].

---

(١) الکامل، ١٢٥/٨.

(٢) الکامل، ١٤٩/٨.

(٣) تأریخ العظیمي، ص٣٤٢.

(٤) الکامل، ١٤٩/٨، ١٩٠، منجم باشی، جامع الدول، ص٢٤٢.

(٥) آذربیجان، ص١٤٦.

میر مەملانی کوڕی وەهسودان(٤٥٠_٤٦٣ك/١٠٥٨_١٠٧١ز) لە وزەیدا نەبوو بڕی پارەی پێویست دەستەبەر بکات و لە مانگی شەوالی ساڵی٤٥٤ك/ئۆکتۆبەری١٠٦٢ز بە لانەوازی خۆی گەیاندە بارەگای توغرلبەگ کە لە دەروازەی تەوریز کەژاوەی هەڵدابوو و ملکەچیی خۆی بۆ نوێ کردەوە و ڕێژەیەکی بەرزی ئەو بڕە پارەیەی ئامادە کردبوو کە دەبوو بیدات و کوڕێکی خۆیشی وەك بارمتە هێنابوو تا لەبریی پاشماوەی پارەکە دایبنێت.

سەلجوقییەکان نەریتی وەرگرتنی بارمتە لە نەیارەکانیان هێنایە کایەوە و لە کوردستانیش پیادەیان کرد، کەوا دیارە نەریتێکی باو و کارپێکراو بووە دەنێو خێڵە تورکە رەوەندەکانی تورکستان و ئاسیای ناوەڕاست و بە دروستی مەبەستی پێکاوە و ئەنجامی باشی بەدەستەوە داوە، وەزیر و راوێژکاری کارامە(نظام الملك) بەگەندی کردووە و لە کتێبەکەیدا چەسپاندویەتی و دەڵێت:

"پێویستە لەسەر هەر یەك لە میرانی عەرەب و کورد و دەیلەم و رووم و کەسانی دی، ئەوانەی تازە بەتازە هاتوونەتە ژێر سایەی سوڵتانەوە، کوڕێکیان یان برایەکیان وەك بارمتە بسپێرنە دەرباری سەلجوقی، بە شێوەیەك ژمارەیان هەرچۆنێك بێت ئەگەر هەزاریش نەبێت ئەوا ناکرێت لە پێنجسەد کەمتر بێت و پاش ساڵێك ئاڵوگۆر بکرێن، بە مەرجێك بارمتەکان نەگەڕێنرێنەوە بەر لە گەهیشتنی شوێنگرەوەکانیان، تا هیچ کەس زاتی ئەوە نەکات و نەوێرێت هەڵبگەرێتەوە و یاخی ببێت"[(١)].

هاوکات سەلجوقییەکان لە زێدەگاڤی و وێرانکاری کۆیان ناکردەوە و شەڕیان بە هاووڵاتیان دەفرۆشت و زیانیان دەگەیاندە موڵك و سامانیان، ئەمجارە میر مەملانی رەوادی ناچار سەری خۆی هەڵگرت و چووە بەغدا و هاواری بۆ خەلیفە برد و سکاڵا و گازندەی لە سەرەڕۆیی و زیانبەخشیی سەلجوقییەکان کرد، خەلیفەش بەدەنگیەوە هات و بە پەیامێك هۆشداریی دا بە توغرلبەگ کە دەرفەت نەداتە دارودەستەکەی هەراسانی

(١) سیر الملوك (سیاستنامە)، ص١٤٠. دەسەڵاتدارانی عوسمانیش بە هەمان سیاسەت رەفتاریان لەگەڵ میرە کوردەکانا کرد، بڕوانە: مذكرات مأمون بك بن بیگەبك، الترجمة العربیة، مطبوعات المجمع العلمي العراقي(بغداد: ١٩٨٠)، ص٣٠، ٣٦.

خەڵکی بکەن و چیدی ماڵ و سامانیان بەتاراج نەبەن، توغرلبەگ گوێی بە پەیامی خەلیفە نەدا و ساڵی٤٥٥ک/١٠٦٣ز رووی کردە ئازەربیجان و باجێکی گرانی بەسەر مەملاندا سەپاندەوە[١].

**ب- ئەلب ئەرسەلان و مەلیکشاه و لەناوبردنی میرنشینەکان:**

سوڵتان ئەلب ئەرسەلان، سەرەتا پەیڕەوی سیاسەتی توغرلبەگی مامی کرد و هەڵوێستی دەوڵەتی سەلجوقی نەگۆڕی دەرهەق میرە کوردەکان، بەڵکو کاتێك ساڵی ٤٥٧ک/١٠٦٥ز دەستی گرت بەسەر ئەرمینیا دا و چەند دەڤەر و قەڵاگەلێکی لە چنگی رومە بیزەنتیەکان دەرهێنا، رادەستی میر شاووری شەدادی کرد تا بیخاتە سەر میرنشینەکەی و کە کەلێنی تەفلیسیشی گرت، رادەستی میر فەزڵی کوڕی شاووری کرد[٢].

لە مانگی(ربیع الأول)ی ساڵی٤٦٠ک/سەرەتای١٠٦٨ز، ئەلب ئەرسەلان گەهیشتە هەرێمی ئاران و لە گەنجە ئۆقرەی گرت و لەشکرەکەی مۆڵدا، بە هەوڵی وەزیر(نظام الملك) میر فەزڵ بە سەدان ئاژەڵی بەرزە و بەرتیل و گەنجینەی زۆرەوە لە زێڕ و زیو و گەوهەر و یاقوت چووە خزمەتی و گوێڕایەڵی و پێگیریی خۆی بۆ سەلماند و کلیلی قەڵا و گەنجینەکانی رادەست کرد[٣].

لە رێگای چوونی سوڵتانی سەلجوقی بۆ شەڕی بیزەنتیەکان و گەهیشتنی بە میافارقین کە سەعیدی کوڕی میر ئەحمەدی مەروانیش یاوەری بوو، میر نەصری کوڕی ئەحمەدی مەروانی بە سەد هەزار دینارەوە چووە خزمەتی و گوێڕایەڵی خۆی بۆ نوێ کردەوە و بە هەوڵ و ناوبژیی(نظام الملك)، ئەلب ئەرسەلان سەعیدی دەستخەڕۆ کرد و میری مەروانیی لەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێشتەوە و خەڵاتی کرد و چ داخوازیی

---

(١) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ص٩٤، جامع الدول، ص٢٤٢.

(٢) جامع الدول، ص٣١.

(٣) مرآة الزمان، ص١٣٦.

هەبوو فرمانی جێبەجێکردنی دا و رایسپارد مەزاختن و پێداویستیی مانەوەی سوپای سەلجوقی دابـین بکات[1].

دوای سەرکەوتنە مەزنەکەی شەڕی مەنازگەرد-ساڵی٤٦٣ك/١٠٧١ز- و بڵاوبوونەوەی هەزاران تورك و تورکمان لە ئەرمینیا و جەزیرە و ئازەربـیجان و بوونی سەلجوقییەکان بە بەهێزترین قەوارەی سیاسی و تەماشاکردنیان وەك پاسەوان و نیگەهبانی خاکی ئیسلامی سوننی و هاتنە مەیدانی ئەلب ئەرسەلان وەك سوڵتانی شکۆمەند و سەرکەوتووی موسڵمانان و شایەنی رێز و سوپاسی خەلیفە[2]، ئیدی ئیشوکاری بە میرانی کورد تەواوبوو و منەتی بە هێزی چەکدارییان نەما و هیچ پاساوێك بۆ هێشتنەوەیان وەك فەرمانڕەوایەکی سەربەخۆ لە ئارادا نەما، هاوکات لەسەریشی پێویست بوو دڵی حەشامەتی بەندە و نۆکەرە تورك و تورکمانەکان رازی بکات  کە ئەوپەڕی دڵسۆزی و وەفادارییان نواند و بوونە فاکتەری ئەرێنیی تۆمارکردنی سەروەریەکانی دەوڵەتی سەلجوقی و دەبوو بە دابڕینی هەرێم و ولایەتەکان دەستەمۆیان بکات و سیاسەتێکی وەهایان لە ئاست پیادە بکات، بـیریان بەلای لاساری و ئاژاوەگێڕییەوە نەچێت، ئەوەبوو دوای گەڕانەوەی لە مەنازگەرد، میر مەملانی رەوادی و کوڕەکانیی دەستگیر کرد و میرنشینی رەوادیی لەناو برد و شار و ناوچەکانی ئازەربـیجانی بەسەر فەرماندە سەربازیەکان دابەش کرد[3]. ئەندامێکیماڵباتی رەوادی بە ناوی أبوالهیجائی رەاودی لە چوارچێوەی تێکەڵی و خزمایەتی نێوان بنەماڵە کوردەکان، پەنای بردەبەر مەروانییەکان و دەرەتانی دەست کەوت و لە میافارقین نیشتەجێ بوو و وەك کەسایەتیەکی ناوداری شارەکە تەماشا دەکرا[4].

---

(١) العماد الأصفهاني، زبدة النصرة، ص٣٧، مرآة الزمان، ص١٤٤.

(٢) خەلیفە (القائم) بە بۆنەی سەرکەوتنەکەی مەنازگەردەوە، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی ئەلب ئەرسەلان کرد و  دوعایەکیش دارێژدرا لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە بخوێندرێتەوە، رسائل ابن الموصلایا، ص٢٣٢-٢٣٤.

(٣) جامع الدول، ص٢٤٣.

(٤) تأريخ میافارقین، ص٥١٩، ٥٤١.

فەزلۆنی شەدادی ساڵی٤٦٦ك/١٠٧٣ز لە میر فەزڵی باوکی هەڵگەڕایەوە[1] و دەسەڵاتی لێستاند و دووری خستەوە بۆ قەڵای خارك و داهاتی ئەم قەڵایەی بۆ تەرخان کرد و بەخۆی پۆستی میرایەتی گرتەدەست، پاش کەمتر لە دوو ساڵ سوڵتان مەلیکشاه سەرپاکی هەرێمی ئالان و وڵاتی دەربەندی دابڕی بۆ سەرهەنگ ساوتکین-شاەتکین(م:٤٧٧ك/١٠٨٤ز)کە لە گەورەترین و نزیکترین تۆکەرەکانی بوو، ناڕەزایی و بەرهەڵستیی میر فەزلۆن دادیی نەدا و ساوتکین بە سوپایەکی تۆکمەوە گەمارۆی گەنجەی دا و میری شەدادیی دەستبەسەر کرد، سەرەنجام کاروباری بەڕێوەبردنی گەنجە و کێو و دەشت و بیابانی ئالان رادەستی تورکان کرا و میر فەزلۆن دوورخرایەوە بۆ هەرێمی گورگان و لەبریی گەنجە، باژێڕی ئیسترابادی بۆ تەرخان کرا، لێرە بەڕوونی سیاسەتی سەلجوقییەکان خۆیادەبێت کە چۆن میرە کوردەکانیان نەفی دەکرد بۆ جێگا دوورەدەستەکان[2].

هەرچۆنێك بێت، فەزلۆن پاش ماوەیەك گەڕایەوە گەنجە و دەسەڵاتی گرتەوەدەست و تا ئەو رادەیە بەهێز بوو لە سوڵتانی سەلجوقی هەڵبگەڕێتەوە، مەلیکشاه ئەمجارە بوزانی تورکیی ناردە سەری و لە شەڕێکدا بەدیلی گرت و دوور خرایەوە بۆ بەغدا و لە مزگەوتێکی کەنار دیجلە و لە ژێر چاوەدێریی دەوڵەت تەپەسەر کرا و ساڵی ٤٨٤ك /١٠٩١ز بە ناسۆری و چەرمەسەری سەری نایەوە[3].

بەم شێوەیە فەرمانڕەوایی ماڵباتی شەدادیی کورد لە گەنجە بڕایەوە، وەلێ میر مەنوچەهری کوڕی شاوور لقێکی نوێی لە ئانی دامەزراند و کوڕ و نەوەکانی تا

(١) (ابن الاثير) و(سبط ابن الجوزي) جیاوازی ناکەن لە نێوان فەزڵ و فەزلۆن و باب و کوڕ بە یەك کەس دادەنێن، الكامل، ٨/٤٠٧، مرآة الزمان، ص١٣٦. کەچی لە ئاخافتنی نوسەری مێژووی دەربەند (جامع الدول، ص٣١–٣٢) دەردەکەوێت کە فەزڵ و فەزلۆن باوك و کوڕن و لە دوای یەك حوکمیان کردووە.

(٢) الكامل، ٨/٤٠٨، مرآة الزمان، ص١٧٢.

(٣) الكامل، ٨/٤٠٨.

دەوروبەری ساڵی٥٩٥ك/١١٩٩ز ئانی یان بەدەستەوە بوو[١] و شوێنەواری ئاواکاری و بیناسازییان تا ئەمڕۆ هەر ماوە[٢]، هەروەها میر داودی کوڕی لەشکری بە وێنەی میر أبوالهیجائی رەوادی پەنای بردەبەر میافارقین[٣].

مەروانییەکان هەتا بـڵێی دەوڵەمەند و ساماندار بوون و وڵات گەشاوە و ئاوەدان بوو، گەنجینە دارماڵ بوو لە کەلوپەل و کانزای بەهاداری هەمەجۆر، میر نەصر(٤٥٣ـ٤٧٢ك/١٠٦١ـ١٠٧٩ز) بە چەشنی باوکی پیاوێکی زۆرزان و دنیادیدە بوو، دڵنیابوو لەوەی سوڵتانی سەلجوقی چاوبرسیە و ئاڵودەی سامان و گەنجینەیە و تەنها بە پارە بەخشین و بەرتیل دان، گێچەڵی دەڕوێتەوە و بیانووی پێ نامێنێت، بۆیە چەندی بخواستایە، بێ سێودوو بە دیاریی ناوازەوە بۆی دەنارد، تەنانەت هەر بە پارەو دیاریی گرانبەها پشتیوانیی ئەلب ئەرسەلان و وەزیر(نظام الملك) مسۆگەر کرد و قەناعەتی پێ کردن پشتگیری سەعیدی برا و نەیاری نەکەن و دەسەڵاتی ئەم پشتڕاست بکەنەوە[٤].

مەلیکشاهیش هەرگاڤێك پێویستی بە پارە هەبوایە لە میری مەروانی دەیخواست، جارێکیان میر أبو الهیجائی هەدبانیی راسپارد بچێتە کن میر نەصر تا سی هەزار دیناری لێ بستێنێت، ئەویش دەیویست هەر چۆنێك بـێت خۆی دوابخات و چەند رۆژێك لای خۆی گلی دایەوە و هەموو رۆژێك خولکی دەکرد بچێتە گەرماو خۆی بشوات و هەر رۆژەش گەرماوێك و تەرزە پۆشاك و جلوبەرگێکی گرانبەهای بۆ بەرهەڤ دەکرد تا بـپۆشێت، میری هەولێر سەری لەم رەفتارە سەیرەی میری مەروانی سوڕما و ئەویش دەیزانی جێگای متمانە و باوڕە، تێی گەیاند کە وەك بە چاوی خۆی دەیبـینێت وڵاتەکەی بوژاوەیە و داهات و بەروبوومی زۆروزەبەندە و بۆ تەنها سی هەزار دینار کوێری ناکاتەوە، بەڵکو ئەم دواخستنەی تەنها لە پای ئەوەیە تا سوڵتانی سەلجوقی لە

---

(١) ئەحمەدی کیسرەوی و مینۆرسکی بە درێژی دەربارەی لقی ئانیی شەدادیەکان ئاخفتوون (شهریاران ص٣٠٧–٣١٨، تأريخ ققفاز، ص١١٥–١٣٧).

(٢) ألکساندر خاچادوريان، ديوان النقوش العربية في أرمينية، ص٧٧، ٨٧–٨٨.

(٣) تأريخ ميافارقين، ص٥١٩.

(٤) مرآة الزمان، ص١٥٨–١٥٩، الدولة الدوستكية، ١/٢٨١–٢٨٩.

ولاّتەکەی ڕەت دەبێت، ئەوجا پارەکەی پێدەگەهێنیت و ئەگەر بەم پارەیەوە بچوویتایتە پێشوازیی، ئەوا داوای چەند قاتی دیی ئەم بڕەی دەکردەوە، میری هەدبانی بە زۆرزانی و چاوکراوەیی میر نەصر داخبار و کاریگەر بووەو وەك پەند و ئامۆژگاری بۆ فەزڵی کوڕی گێڕاویەتەوە، فەزڵیش لە هەولێر بۆ(أسامة بن منقذ :م٥٨٤ك/١١٨٨ز)ی گێڕاوەتەوە، ئەمیش وەك نموونەی ژیری و دووربینی هێناویەتیەوە[1].

وەزیر (فخر الدولة إبن جُهیر) سالاّنێك وەزیری میر ئەحمەدی مەروانی و میر نەصری کوڕی بوو، بە چاوی خۆی سامان و پاشەکەوتی کەڵەکەبووی بنەماڵەی مەروانی دیتبوو و بە کون و کەلەبەری ولاّتەکەیان شارەزا بوو و هەموو نهێنیەکانیی لا ئاشکرا بوو، ڕۆژێکیان لە نامەیەکدا بۆ مەلیکشاهی نووسی:

"من ماوەیەك لەکن مەروانییەکان خزمەتم کردووە و دەزانم چ سامان و گەوهەرێك لە گەنجینە و قەلاّکانیان شاردراونەتەوە، رابە هەڵ بکوتە سەریان و ولاّتەکەیان داگیر بکە، دەستکەوت و تالاّنییەکی بێ ئەندازەت چنگ دەکەوێت"، هاوکات (نظام الملك)شی دواندبوو و بەوردی هەمان پرسی بۆ گێڕابوەوە و داوای لێکردبوو ئەویش لای خۆیەوە هانی سوڵتان بدات[2].

میر نەصر ساڵی٤٧٢ك/١٠٧٩ز مرد و مەنصوری کوڕی دەستبەکار بوو، ئەم بە پێچەوانەی باب و باپیری کورتبین و بێئەزموون بوو و درکی بە هەڕەشە و دێوەزمەی تورکی سەلجوقی نەکرد و سیاسەتێکی وای پیادە نەکرد چارەنوسی خۆی و ولاّتەکەی لە شەڕانگێزی و گۆبەندیان بپارێزێت، وەك دەگێڕنەوە چاوتێر و دەستکراوە نەبوو، بەڵکو فرە قەڵس و چرووك بوو[3].

بەلاّم هاوکات کەسێکی بوێر و نەفسبەرز بوو، حیسابی بۆ تورکان ناکرد و هەرگیز ڕێگای بەخۆی نەدەدا شتێکیان بداتێ دینارێك بهێنێت و داخوازیەکی مەلیکشاهی

---

(١) کتاب الإعتبار، ص١٦٥-١٦٦، بڕوانە: پاشکۆی(٤).

(٢) الفارقي، تأريخ میافارقین، ص٥١٩، سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ص٢٠٦.

(٣) الکامل، ٨/٣٨٥-٣٨٦.

رەتکردەوە و رازی نەبوو تەسبیحەکەی میر ئەحمەدی باپیری و شیرەکەی میر موسەکی کوڕی محەمەدی کوڕی کەکی ئاموزای باپیری پێ ببەخشێت[1].

مەلیکشاە کەرب و کینی لە میر مەنصور هەڵگرت و ئەم هەڵوێستانەی بە سەرپێچی و یاخیبوون دانا، بە دووی بیانوویەك دەگەڕا گورزێکی کوشندەی لێبدات، لە ناوەڕاستی ساڵی ٤٧٦ك/١٠٨٣ز (إبن جُهیر)ی خەلات کرد و دیاربەکر و وڵاتی مەروانیی بۆ دابڕی و بڕێك پارە و ئاڵا و کەرەستە و پێداویستیی سوپای بۆ سازدا و سەرپشکی کرد لەو ناوچانە پاش ناوهێنانی، ناوی خۆی لەسەر دراو بنەخشێنێت و لە خوتبەکان بیخوێنێتەوە.

ئەوەندەی نەبرد سوپایەکی تۆکمەی سەلجوقی رووی کردە وڵاتی مەروانی، ئەرتوقی کوڕی ئەکسەب- باپیری ئەراتیقە- و جگەرمش و جبق و ئاقسونقەر- باوکی عماد الدین زەنگی- و کوهرائین و چەندانی دی، وێڕای میرانی عەرەب و کورد، بە هێزی چەکدارەوە پەیوەندییان بە (إبن جُهیر)ەوە کرد، لەولاوەش میر موسلمی عەقیلی بە فریای میر مەنصور کەوت و خۆی گەیاندە ئامەد و سەنگەری گرت، میری مەروانییش ناچار بە یاوەریی راوێژکارانی خۆی گەیاندە بارەگای مەلیکشاە لە ئەصفەهان و تکای لێکرد لە ئەنجامدانی ئەم هێرشە پاشگەز ببێتەوە، بەڵام ئەم هاواربردنە دادی نەدا و سوڵتانی سەلجوقی مکوڕ بوو لەسەر هەڵتەکاندنی بناغەی ئەم دەسەڵاتداریە ناوخۆییەی کورد و بەتاڵانبردنی موڵك و ماڵ و سامانی، سەرئەنجام لە نێوان ساڵانی(٤٧٦- ٤٧٨ك/١٠٨٣-١٠٨٥ز) شارەکانی خەلات و ئامەد و میافارقین و جەزیرەی بۆتان داگیر کران و بەمەش فەرمانڕەوایی مەروانییەکان بەکۆتا هات و چی خشڵ و گەوهەر و گەنجینە و کەلوپەلی ناوازەیان هەبوو بەتاڵان بران[2].

ئەم لەشکرکێشیەی سەر وڵاتی مەروانی بەبێ هیچ بیانوو و پاساوێك ئەنجامدرا و میری مەروانی چ سەرپێچی و بەرهەڵستیەکی نەنواندبوو و تەنها لە پێناو تاڵانکردن و دەستخستنی موڵك و گەنجینەی مەروانییەکان بوو، تورکمانەکانی بەردەست ئەرتوقی

---

(١) تأریخ میافارقین، ص٥٢٢-٥٢٣، الدولة الدوستكية، ١/٢٩٠.

(٢) تأریخ میافارقین، ص٥٢٣-٥٢٤، الكامل، ٨/٢١٢-٢١٩، مرآة الزمان، ص٢٤١.

کوڕی ئەکسەب، نیاز و مەبەستی راستەقینەی خۆیان لەم هێرشە بەرباڵوە نەشاردەوە و کاتێك زانییان(ابن جُهیر) و ئەرتوق دەیانهەوێت دەگەڵ میر موسلمی عەقیلی پێکبهێن، راشکاوانە گوتیان:" ئێمە لە وڵاتانی دوورەوە هاتووین بۆ تاڵان و دەستکەوت، ئەوانیش پەلەی رێککەوتنیانە"[1].

سەلجوقییەکان هیچیان بۆ میر مەنصور نەهێشتەوە و دەمێك لە میافارقین شاربەدەر کرا، "نە رەشماڵێك، نە خواردەمەنیەك، نە درهەمێکی هەبوو"، نێردەی مەلیکشاه بە تەوسەوە لێی پرسی: کوێت دەوێت تا لەبری وڵاتەکەت بتدەینێ؟، ئەویش بەرسڤی دایەوە: نێزەیەك بەر سینگم بکەوێت و لە پشتم بێتەدەرێ"حربة تقع في صدري تخرج من ظهري" واتا بمکوژن، دوواتر بۆ گاڵتەجاڕی بە مەلیکشاهیان گوت: گوندی حەربای[2]باکوری بەغدای گەرەگە، ئەویش بۆ ئەو گوندەی دوور خستەوە و تا مردنی مەلیکشاه ساڵی٤٨٥ك/١٠٩٢ز لەوێندەر مایەوە.

راوەڕووت و ستەم و بێدادی و وێرانکاری وەك فارقی دەڵێت، وڵاتی مەروانیی تەنیەوە و میافارقین رادەستی تورکمان کرا و میر جبقی تورکمانی بە سێسەد سوارەوە بووە بەرپرس، داهاتی شاریش نەدەگەیشتە دەیەکی داهاتی رۆژگاری میر نەصر[3].

## ٣ـ٥ـ کورد لە سوپای سەلجوقی:

میران و سەردارانی کورد پاش لەدەستدانی موڵك و دەسەڵاتیان، مایەپووچ بوون و بێکار و دەستبەتاڵ مانەوە و ژمارەیەکیان پەیوەندییان بە سوپای سەلجوقییەوە کرد و هەندێکیان بوونە پیاوماقوڵی دەزگای سەربازیی سەلجوقی و دیوانی خیلافە و لە جڤین و کۆبوونەوەکان و لە پێشهات و پرسە گرنگەکاندا، هەردەم راوێژ و پرسوڕایان پێ دەکرا و بۆچوون و سەرنجیان بەهەند وەردەگیرا. ئەمەش دوای ئەوەی سەلجوقییەکان بوونە

---

(١) مرآة الزمان، ص٢٢٧.

(٢) حربی: شارۆچکەیەك بوو دەکەوتە ئەوپەڕی دوجەیلەوە لە نێوان بەغدا و تکریت، معجم البلدان، ١٣٢/٢.

(٣) دەربارەی هۆکارە دەرەکی و ناوخۆییەکانی لەناوچوونی دەوڵەتی دۆستەکی بگەڕێوە بۆ: تأريخ ميافارقين، ص٥١٨-٥٢١، عبدالرقيب يوسف، الدولة الدوستكية، ٣٢٤/١-٣٣٣.

ڕێبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلام و ئاڵاهەڵگری خەباتی پیرۆز و بەرەڤان و داکۆکیکاری سنورەکان بە رووی نەیاران و ناحەزانی دین و دەوڵەتی ئیسلام[1]، سوڵتانەکانیش دەیانویست لە نزیکەوە چاوەدێری میرە کوردەکان بکەن، نەخاسمە ئەوانەی خاوەند هەیبەت و هێزی چەکداری بوون و فرصەتیان پێنادان دوور بکەونەوە، میران:(أبو الفتح:م٤٥٥ك/١٠٦٣ز) و (ابو النجم:م٤٧١ك/١٠٧٨ز)ی کوڕانی وەرامی گاوانی و بەدری کوڕی موهەلهەلی شادنجانی(م:٤٦٧ك/١٠٧٤ز)و سورخابی کوڕی بەدر(م:٥٠٠ك/١١٠٧ز) و تاج الملوك هەزارئەسپی کوڕی پەنگیر(م:٤٦٢ك/١٠٧٠ز) لە راوێژکارانی جڤاتی سەلجوقی و پیاوە دیارەکانی کورد بوون[2].

میر هەزارئەسپی کوڕی پەنگیر[3]، یەکەم میری ناسراوی لوڕە و دامەزرێنەری راستەقینەی میرنشینی لوڕستانی مەزنە و باپیرە گەورەی میرەکانیەتی و بە شاهی هەرێمی چیا ناوبراوە، لە کۆتاهی سەردەمی بوەیهییەوە و بۆ دەیان ساڵ فەرمانڕەوای لوڕستان بوو، پاشان دۆستایەتی لەگەڵ سەلجوقییەکان گرێدا و بووە یەکێك لە کەسایەتیە پایەبەرزەکانی دەوڵەت و دەمڕاست و راوێژکاری سوڵتانی سەلجوقی.

هەزارئەسپ کۆشش و ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە سەرکەوتنەکانی سەلجوقییەکان بەسەر دەوڵەتی فاتمی و بزاڤی بەساسیری دا و چەسپاندنی دەسەڵاتیان لە عیراقدا، توغرلبەگیش هەڵوێست و دڵسۆزیی هەزارئەسپی لەیاد نەکرد و ئەمەکداریی لەبەرچاو گرت و پاداشتی دایەوە و بەصرا و خوزستان و ئەرجانی بۆ دابڕی بە سێسەد هەزار یان سێسەد و شەست هەزار دینار و سەربەستیی تەواوی پی بەخشی لە بەڕێوەبردنیان و ڕێی پێدا لە هەموو ئەم ئیقتاعاتە دا خوتبە بە ناوی خۆیەوە بخوێنێتەوە، لەوە دەچێت هەر لەمیانەی ئەم ڕێزلێنانەوە ناسناوی(تاج الملوك)یشی درابێت[4].

---

(١) تاريخ ابن أبي الهيجاء، ص٢١٥.

(٢) الحسيني، زبدة التواريخ، ص١٠٢، الكامل، ٨/١٦٥، ٢٠٩، مرآة الزمان، ص١٠٢.

(٣) ناوی تەواوی:(عز الدولة تاج الملوك ابو كاليجار هزارأسب بن بنكير بن عياض الكُردي).

(٤) المنتظم، ٣/١٦، مرآة الزمان، ص١، مجمع الآداب، ٣٦٢/١.

دوای مردنی توغرلبەگ، نێوانی هەزارئەسپ و ئەلب ئەرسەلان گرژی تێکەوت و سوڵتانی نوێی سەلجوقی خۆشیی بە چارەیدا ناهات و لە پلەوپایەی لە رادەبەدەری دەسڵەمیەوە  و دەستبەسەر لای خۆی گلیدایەوە، چونکە بیستبووی کە هەزارئەسپ زاتی ئەوەی کردووە  داوا لە خەلیفە بکات لە جێگای توغرلبەگ بیکاتە سوڵتان، هەروەسا خۆی دەدزیەوە لە هەناردنی ئەو بڕە پارەیەی کە پێویست بوو ساڵانە وەك موڵکانەی ئیقتاعەکانی بیدات بە دەوڵەت، وەلێ ئەم  گرژیە پاش ماوەیەك رەوییەوە و نێوانیان گەرمیی تێکەوتەوە و سوڵتانی سەلجوقی بۆ پتەوکردنی دۆستایەتیان خوشکێکی خۆی پێدا و ساڵی ٤٦٢ك/١٠٧٠ز خەڵاتێکی شاهیستەی ئامادە کردبوو بیبەخشێتە هەزارئەسپ کە پێکدەهات لە پۆشاکی بەهادار و ئەسپێك و ئاڵا و نیشانەی میرایەتی، بەڵام میری لوڕ بەم رێزلێنانە شاد نەبوو و کوتوپڕ مرد و خەڵاتەکە بووە قسمەتی میرێکی عەرەب[١].

میران: ابوالهیجاء حوسێنی هەدبانی و ئەحمەدی کوڕی میر نەصری مەروانی و ئەحمەدیل(م:٥١٠ك/١١١٦ز)ی نەوەی میر وەهسودانی رەوادی، ساڵانێك لە خزمەت سوڵتان محەمەدی سەلجوقی بوون و پتر بە ئاواتی پشکداری لە شەڕی پیرۆزی دژ بە خاچهەڵگرەکان، بە هێزەکانیانەوە ئامادە دەبوون[٢].

ئەحمەدی کوڕی میر نەصری مەروانی، لە دەمی داگیرکردنی دیاربەکر و بڕاندنەوەی دەسەڵاتی سەد ساڵەی باب و باپیرانی، هێشتا منداڵ بوو کە هەراش بوو پیاوێکی جوامێر و شاسواری لێ دەرکەوت و بە دەستوری میر و میرزادە کوردەکان، چووە ریزی

---

(١) مرآة الزمان، ص١٤١. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەزارئەسپی کوڕی پەنگیر، بڕوانە کتێبی: چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی مێژووی کورد، ل٢٤–٤٧.

(٢) بڕوانە: تأريخ ميافارقين، ص٥٣٦، تأريخ متى الرهاوي، ص١٧٣–١٧٤، العماد الأصفهاني، زبدة النصرة، ص٢٣٥، إبن العديم، بغية الطلب، ١٥٨/٢.

سوپای سەلجوقییەوە و بەشداریی کرد لە خەبات دژی خاچهەڵگران و لە گەمارۆی ئەنتاکیا ساڵی٤٩١ك/١٠٩٨ز بەدیل گیرا[١].

بە درێژایی نیوەی یەکەمی سەدەی٦ك/١٢ز ژمارەیەکی دیی میری کورد لە سوپای سەلجوقی خزمەتیان دەکرد، دیارترینیان: میران عەنتەر و موهەلهەلی کوڕانی (أبو العسكر)ی گاوانی و سەلاری کورد- سەلارە کورد و فخر الدين هيندی[٢].

سەرەڕای میران، هەزاران جەنگاوەر و شەڕکەری خۆبەخشی کورد چوونە ریزی لەشکری عەباسی و سەلجوقییەوە، دوای ئەوەی هێرش و لەشکرکێشیەکانی سوڵتانەکان روخساری جیهادیان وەرگرت و بە ئاڕاستەی سنورەکانی دەوڵەتی بیزەنتی وەرچەرخان و ناسنامەی شەڕی سوڵتانی موسڵمان لە دژی ئیمپراتۆری بیزەنتیی مەسیحی یان بەسەردا بڕا، روونترین نموونەش شەڕی مەنازگەردە کە ساڵی٤٦٣ك/١٠٧١ز لە نێوان سوڵتان ئەلب ئەرسەلان و ئیمپراتۆری بیزەنتی رۆمانۆسی چوارەم(٤٥٩-٤٦٣ك/١٠٦٧-١٠٧٠ز) بەرپا بوو و دە هەزار کورد لە دەوری سوڵتانی سەلجوقی گردبوونەوە و رۆڵی سەرەکی و کاریگەریان هەبوو لە سەرکەوتنی سوپای موسڵمانان[٣]، هەواڵی واش لەئارا دا هەیە کە ئەو کەسەی وا خودی ئیمپراتۆری بیزەنتیی دەستگیر کرد کوردێك بە ناوی شادی[٤].

---

(١) لە تۆژینەوەیەکدا کە لە کتێبی(لەبارەی کەلتور و مێژووی کوردەوە) بڵاوکراوەتەوە، بۆم دەرکەوت کە نزیکی و لێکچوون هەیە لە نێوان بەسەرهاتی ئەم میرە ئەحمەدە و داستانی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە.

(٢) زبدة النصرة، ص٢٣٥، الحسيني، زبدة التواريخ، ص٢٤٢.

(٣) شاعیری سویدی گونار ئەکیلۆف(١٩٠٧-١٩٦٧) هەڵگری خەڵاتی نۆبل لە ئاداب ساڵی ١٩٥٠، لە چامەیەکی شیعریی دا باسی میرێکی کورد دەکات کە خەڵکی ناوچەیەکی نزیك گۆلی وان بووە و لە شەڕی مەنازگەرد بەشدار بووە و گومان لە دڵسۆزیی کراوە و چاوی دەرهێنراوە، من ئەو شیعرەم نەدیووە و نازانم چۆن باسی ئەو کوردەی کردووە و ئەم بابەتە پێویستی بە سۆراخ و گەڕانە، لەوانەشە مەبەستی نارسیس- سیۆفۆبی کورد بێت. بگەڕێوە بۆ بابەتی کورد و بزاڤی بابەکی خوڕەمی- بەشی سێهەم.

(٤) ابن الجوزي، المنتظم، ١٢٥/١٦، سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ص١٤٨، ابن العبري، أخبار الزمان، ص١١٢-١١٣.

## ٤٥ـ لاوازبوونی دەوڵەتی سەلجوقی و دەرکەوتنی ئەتابەگەکان:

لە رەمەزانی ساڵی٤٨٥ك/ ئۆکتۆبەری١٠٩٢ز وەزیری زرنگ ولێهاتوو و ناودار (نظام الملك)، لە نزیك نەهاوەند تیرۆرکرا، مانگێکی نەبرد مەلیکشاهیش نەخۆشکەوت و لە ناوەڕاستی مانگی شەوال دا مرد.

نەمانی ئەم دوو کاراکتەرە کاریگەرە، بە خاڵی وەرچەرخان دەژمێردرێت لە رەوتی مێژووی سەلجوقی، لە سۆنگەی ئەوەوە کە باندۆری بەجێهێشت بەسەر چارەنوسیان و گوررێکی کوشندەی سرەواندە جەستەی دەوڵەتەکەیان و بووە هۆی بڕانەوەی رۆژگاری سەلجوقییە مەزنەکان(السلاجقة العظام). ئەوەبوو بەرەبەرە کێشە و هەڤرکیی ناوخۆیی رووی تێکردن و ساڵ دوای ساڵ شیرازەی دەسەڵاتیان لەبەریەك هەڵدەوەشایەوە.

کوڕانی مەلیکشاە: برکیاروق و مەحمود و محەمەد و سەنجەر، بەرەی سێ دایك بوون و هێشتا زاروك و هەرزەکار بوون و بوونە گەمەی دەستی گەورە سەرکردە تورکەکان، دوولە ژنانی مەلیکشاە: تورکانخاتونی دایکی مەحمودی چوار ساڵە و زوبـەیدەی دایکی برکیاروقی دوازدە ساڵە، زێدەڕۆیی نەرێنیان گێڕا لە نانەوەی ئاڵۆزی و خۆشکردنی ئاگری دووبەرکیی نێوماڵی سەلجوقی و هەریەکەیان دەیخواست کوڕەکەی ببـێتە سوڵتان و میراتگری دەوڵەت و سامانی لەبن نەهاتووی سەلجوقی، هاوکات تەتەشی کوڕی ئەلب ئەرسەلانیش خۆی بە میراتگری مەلیکشاهی برای دەزانی و بەم بەهانەیەوە لە شامەوە هێرشی هێنا و بۆ ماوەیەك دیاربەکر و ئازەربـیجان و چییاکانی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە[1].

لە بەرانبەر لاوازی و ناشایستەیی برکیاروق و محەمەد و تەشەنەکردنی کێشە و ناکۆکیەکانی نێوانیان، تا دەهات مەملوکە تورك و تورکمانەکان بەهێزتر دەبوون و

---

(١) زبدة النصرة، ص٨٢-٨٤.

دەسەڵاتیان زیاتر دەچەسپا و بە ئاڕاستەی ئارەزوو و بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان سوڵتانە هەرزەکارەکانیان هەڵدەسوڕاند[1].

لە ئاکامدا هەندێك لەم سەرکردانە، چەند قەوارەیەکی سیاسیان دامەزراند کە بە دەوڵەتە ئەتابەگەکان(الأتابکیات) دەناسران و دەکرێت ئەم سەدەیە-٦ك/١٢ز- بە سەردەمی ئەتابەگی ناوبنرێت.

ئەتابەگ زاراوەیەکی تورکیە بە واتای میری باوك و لێکدراوی دوو وشەیە: ئەتا واتا باوك و بەگ واتا میر و مەبەست لەو بەندە و کۆیلانەیە کە لە هۆز و نەتەوە تورکیە جۆربەجۆرەکان بوون و لە سەرەتاوە لە خزمەت سەلجوقییەکان بوون و دڵسۆز و جێی باوەڕیان بوون و ئەرکیان چاوەدێری و سەرپەرشتیی منداڵی سوڵتانەکان بوو، بە هێز و بازووی ئەمانە بوو دەوڵەتی سەلجوقی پێی گرت و پەلوپۆی هاوێشت[2].

ئەوەی راستەوخۆ پەیوەستە بە دیرۆکی کوردەوە، ئەوەیە کە چوار دەوڵەتی ئەتابەگی لەسەر خاکی کوردستان هاتنە دامەزراندن و هەرچی سوڵتانە سەلجوقییەکان لە دەشت و کێو بۆ میرانی کوردیان هێشتبووەوە، ئەتابەگەکان ئەوەندەشیان پێ رەوا نەدیتن و داگیریان کرد، ئەو سیاسەتەی ئەلب ئەرسەلان و مەلیکشاە پەیڕەویان کرد، ئەمان بردیانەسەر و تەواویان کرد و بەسەر زۆربەی هەرەزۆری قەلا و شورا و بارەگا و بازێڕ و شارەکانی کوردستاندا زاڵ بوون:

١- ئەتابەگییەی ئەرتوقی(الأراتقة) لە هەرێمی جەزیرە.
٢- ئەتابەگییەی ئیڵدگزی لە ئازەربیجان و چییاکان.
٣- ئەتابەگییەی زەنگی لە موصڵ.
٤- ئەتابەگییەی هەولێر[3].

---

(١) دەربارەی کێشە ناوخۆییەکانیان، بگەڕێوە بۆ: الکامل، ٨/٣٥٥، ٣٥٩-٣٦٢، ٣٦٨-٣٧٠، ٣٧٧، ٤٠٨-٤٠٩، ٤١٤-٤٢٤، ٤٣٦-٤٤٠، ٥٨٢-٥٨٤، ٥٨٨- ٥٩٢.

(٢) بڕوانە: دائرة المعارف الإسلامية، ١/٤٢٣، محسن محمد حسين، أربيل في العهد الأتابكي، ص٢٥-٢٦.

(٣) لە بەشی داهاتوو لە ئەتابەگییەی هەولێر دەدوێین.

**١- ئەتابەگییەی ئەرتوقی:**

بەندەی توركی ئەرتوقی كوڕی ئەكسەب-ئەكسەك، ساڵانێكی درێژ وەك سەركردیەكی دیار لە خزمەت سوڵتانەكان بوو و ڕۆڵی سەرەكیی گێڕا لە سەركەوتن و پەلهاوێشتنەكانی دەوڵەتی سەلجوقی و بەشداریی لە داگیركردنی هەرێمی جەزیرە و فەوتاندنی میرنشینی مەروانی كرد و بە كۆمەڵێك توركمانەوە گەمارۆی میافارقینی دا[1].

لە ئاكامی ململانێ و شەڕ و هەرای بەردەوامی سەركردە توركەكان، ئەوانەی وا شارەكانی هەرێمی جەزیرەیان بەسەردا دابەش كرابوو، سوكمانی كوڕی ئەرتوق لە ساڵی ٤٩٥ك/١١٠١ز بەسەر حوصنكێفا دا زاڵ بوو، پاش ماوەیەك بەندەی توركی یاقوتیی خاوەندی ماردین مردو سوكمان ئەوێشی گرت.

سوكمان ساڵی ٤٩٨ك/١١٠٥ز لە نزیك تەرابولس مرد و ئیقتاعەكانی بە میرات بۆ ئیبراهیمی كوڕی مایەوە، هاوكات ماردین لە ساڵی ٥٠٧ك/١١١٣ز یەوە و نەصیبین لە ساڵی٥١٤ك/١١٢٠ز یەوە بە یەكجاری كەوتنە دەست ئیلغازیی كوڕی ئەرتوق (م: ٥١٦ك/١١٢٢ز) و بە بڕیاری سوڵتان مەحمودی سەلجوقی(٥١١-٥٢٥ك/١١١٧-١١٣١ز)، میافارقینیش ساڵی ٥١٥ك/١١٢١ز رادەستی ئیلغازی كرا[2].

بەم شێوەیە بەردی بناغەی هەردوو لقی ئەتابەگییەی ئەرتوقی هاتەدانان، لقی سوكمانی لە حوصنكێفا و ئامەد و لقی ئیلغازیی لە ماردین و میافارقین[3].

كوڕ و نەوەكانی سوكمان سەد و سی ساڵێك حوكمیان كرد و لە سەرەتای ساڵی ٦٣٠ك/١٢٣٢ز ئامەد و حوصنكێفا كەوتنە دەست ئەیوبییەكان، كەچی بنەماڵەی ئیلغازی تا ساڵی٨١١ك/١٤٠٨ز ماردینیان بەدەست مایەوە.

لە سەدەی ٦ك/١٢ز دا، سەرپاكی شارە گەورەكانی هەرێمی جەزیرە و ئەرمینیا: ئامەد، میافارقین، حوصنكێفا، ماردین، خەلات، ئەرزن، سعرد لە ڕێی ئەتابەگە

---

(١) الفارقي، تأريخ ميافارقين، ص٥١٩، زبدة النصرة، ص٧٥-٧٦.

(٢) تأريخ ميافارقين، ص٥٥٦-٥٦١، الكامل، ٤٤٥/٨، ٦١٩. بۆ زانیاریی زیاتر بگەڕێوە بۆ: عماد الدين خليل، الإمارات الأرتقية في الجزيرة والشام، مؤسسة الرسالة(بيروت:١٩٨٠).

(٣) بڕوانە: ستانلي لين بول، الدول الإسلامية، ٣٥١/١-٣٥٥.

تورکەکانەوە حوکم دەکران، ئەرتوقیەکان زۆر بە زەقی پەیڕەوی سیستەمی ئیقتاعی عەسکەرییان دەکرد لە بەڕێوەبردندا و هەر پارچەیەك بە ئیقتاع بەخشرابووە ئەندامێکی ئەم بنەماڵەیە یان سەرکردەیەکی تورکیی لایەنگریان، مێژوونوس فارقی کە لە خێزانێکی میافارقینیە و تەواو هاودەمی ڕۆژگاری باڵادەستیی ئەرتوقیەکانە و لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بووە، بەوردی لەمەڕ دیرۆکی ئەرتوقی ئاخافتووە و ئاماژەی بە چۆنیەتی دابەشکردنی ئیقتاعیەتەکان بەسەر ئەندامانی ئەرتوقی داوە[1].

لە ئالییەکی دیەوە ناوبەناو پەشێوی و ئاڵۆزی دەکەوتە نێوان میرانی هەردوو بنەماڵەوە، بە تایبەت نێوان داودی کوڕی سوکمان(٥٠١ـ٥٣٩ك/١١٠٧ـ١١٤٤ز) و تەمرتاشی کوڕی ئیلغازی (٥١٦ـ٥٤٨ك/١١٢٢ـ١١٥٣ز) و پەلاماری یەکدییان دەدا و خاکی یەکتریان داگیر دەکرد.

بنەماڵەی ئیلغازی هاوپەیمانی عمادالدین زەنگی بوون و بە یاوەری و پشتیوانیی ئەوەوە دەستدرێژیان دەکردە سەر ناوچەکانی بن دەستی بنەماڵەی سوکمان و کارئاسانی و ڕێخۆشکەرییان بۆ دەکرد و تەمرتاش کچێکی خۆی دا بە مەودودی کوڕی زەنگی[2].

عماد الدین زەنگی، هەڵکشانی وزە و شیانی لەشکریی ئەرتوقیەکانی بە ڕێگر و ئاستەنگ دادەنا لە بەردەم پڕۆژە فراوانخوازیەکەی، بۆیە شێوازی دیبلۆماسیی گرتەبەر و هزری لە چاندنی تۆوی دووبەرەکی کردەوە لە نێوان میرانی ئەرتوقی تا یەکڕیزی و هاوسۆزییان لەبار ببات، ئەم بەرنامەیەش بەوە سەری دەگرت کە هاوپەیمانیەکی پتەو لەگەڵ میرێکی ئەرتوقی بهێنێتە کایەوە و بیکات بە گژ ئەوانەی دیدا و وای بە چاکزانی تەمرتاشی کوڕی ئیلغازی هەڵبژێرێت و بیکاتە دۆستی خۆی[3]، بەخۆیشی بەرەو

---

(١) تأريخ ميافارقين، ص٥٥٤–٥٧٦، ابن شداد، الأعلاق الخطيرة، ٣/٤١٩–٤٣٨.

(٢) تأريخ ميافارقين، ص٦٠٥، ٦٤٩.

(٣) عمادالدين خليل، عمادالدين زنكي، ص٨٨.

دیاربەکر هەڵکشا و ئیقتاعەکانی یەعقوبـی کوڕی قزل ئەرسەلانی کردە ئامانج و دەستی گرت بەسەر خیزان و تەنزەو مەعدەن و بەدلیس و چەند قەڵا و شورایەکدا[1].

داودی کوڕی سوکمان لە لای خۆیەوە، تا دەهات سنوری قەڵەمڕەوی بەرفراوان دەکرد و دەڤەری دیکەی دەخستەسەر، ساڵانی(٥٢٥ـ٥٢٨ك/١١٣١ـ١١٣٤ز) بازێڕی سێرت و قەڵای فتلیس و باهمرد و باتاسای گرت و پەلاماری دەڤەری تەنزەی دا و کاری دزێوی دەرهەق خەڵکەکەی ئەنجامدا و روتاندنیەوە، تەنانەت وەك شایەتحاڵێك دەڵێت ئەگەر فەڕەنجەیش بوونایە لەمە زیاتریان لێ نەدەوەشایەوە[2].

قەرەئەرسەلانی کوڕی داود(٥٣٩ـ٥٦٢ك/١١٤٤ـ١١٦٦ز) بەسەر حوصنکێفا و خرتبرت- خەربوت و پاولۆ زاڵ بوو، ئەرسەلان تغمشی برایشی قەڵای مەنازگەردی گرت، زەنگییش مردنی داودی ناحەزی سەرسەختی لەدەست نەدا و پشکی خۆی شار و قەڵای داگیر کرد[3].

لەگەڵ هەژموون و زاڵبوونی میرانی ئەرتوقی بەسەر دیاربەکر دا و پاوەندکردنی بۆ خۆیان، هێشتا زیاتر لە قەڵایەك بە دەست خاوەندەکانیانەوە مابوو لە میر و سەردارانی کورد[4]، ئەگەر خۆخۆری و ناتەبایی ناوخۆیی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان نەبوایە ئاوەها بە سانایی نەدەکەوتنە چنگی تورکان.

قەڵای هەتاخ تاکە پێگا بوو بە دەستی نەوەکانی میرانی مەروانییەوە مابووەوە، دوای هاتنەوەی ئەحمەدی کوڕی نەصر لە لای فەڕەنگەکانەوە، گەڕایەوە زێدی خۆی و ماوەیەك بازێڕی تەنزەی بەدەستەوە بوو، پاشان قەڵای هەتاخی وەرگرتەوە و بۆ دەیان ساڵ کردیە بارەگای خۆی و حەوت کوڕی هەبوو، لەوانە:ئیبراهیم، بەهرام، عیسا.

میر ئەحمەد ساڵی٥٢٨ك/١١٣٤ز بە مەبەستی نێچیرڤانی لە هەتاخ دەرکەوت، بەهرامی کوڕی ئەم هەلەی قۆستەوە و لێی یاخی بوو و دەروازەی قەڵای کڵۆمدا، پاش

---

(١) بڕوانە: تأريخ ميافارقين، ص٥٨٩، التأريخ الباهر، ص٦٦، مفرج الكروب، ٩٢/١.

(٢) الفارقي، تأريخ ميافارقين، ص٥٦٥–٥٦٦، ٥٧٦.

(٣) الأعلاق الخطيرة، ٤٤٠/٣.

(٤) أسامة بن منقذ، الإعتبار، ص١٥٩.

سالێك عیسای برای له کاردانەوەیەکدا هەتاخی گرتەوە و بەهرامی هێنایە خوارەوە، میر ئەحمەدی باوکیان کە پەنای بردبووە بەر تەمرتاشی کوڕی ئیلغازی بە نێردەیەکدا داوای لە کوڕەکانی کرد هەتاخی بدەنەوە، ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: تۆ لە خوارەوە لە (ربض) دادەنیشیت، ئێمەش لە قەڵا و لە ژێر فەرمانی تۆدا دەبین، باوکیان کە زانی کوڕەکانی گوێڕایەڵی ناکەن و دەستبەرداری هەتاخ نابن، راشکاوانە بە تەمرتاشی راگەیاند: هەتاخم پێشکەش کردیت فەرموو برۆ بیگرە، ئەویش یەکسەر رووەو مەبەست هەنگاوی نا و بە گوتەی ئاخافتنی میخائیلی سریانی(م:٥٩٥ك/١١٩٩ز) سالێك و چوار هەیڤ گەمارۆی دا، عیساش قەڵاکەی رادەست کرد و بە خاووخێزانەوە رووی کردە ئامەد، میر ئەحمەد پاش ماوەیەك لەم کارەی پاشگەز بووە و بەڵام بێ سوود بوو[1].

سەبارەت بە مێژووی گرتنی هەتاخ، دوو مێژوونوسی هاودەمی روداوەکە لەمیانەی دەنگوباسەکانی ساڵی٥٣١ك/١١٣٦ز یاداشتیان کردووە[2]، کەچی فارقی پێشی دەخات بۆ ساڵی٥٣٠ك/١١٣٥ز[3] و هەواڵێکی دی دوای دەخات بۆ ساڵی٥٣٢ك /١١٣٧ز[4].

قەڵای شاتان تا ساڵی٥٥٦ك/١١٦١ز ناوەندی نیمچە میرنشینی چۆپی بوو، کوردانی میللی[5] لەم ساڵەدا گەمارۆیاندا و داگیریان کرد و میر دەربازی چۆپی ناچار بەرەو جەزیرەی بۆتان هەڵهات و لە رێگا دا نەخۆش کەوت و سەری نایەوە، قەرەئەرسەلانی ئەرتوقی کە دیارە دەستی هەبووە لە هاندانی هۆزی میللی، دەستبەجێ خۆی گەیاندە شاتان و کاولی کرد و ولایەتەکەشی خستەپاڵ حوصن تالب، دوای پێنج سالێك ئەم

(١) تأريخ ميافارقين، ص٥٣٧، تأريخ ميخائيل السرياني، ٢٩٣/٣.

(٢) القلانسي، ذيل تأريخ دمشق، ص٤١٣، العظيمي، تأريخ العظيمي، ص٣٨٨.

(٣) تأريخ ميافارقين، ص٥٧٦.

(٤) الكامل، ٧٤٦/٨.

(٥) میللی هۆزێکی دێرینی کوردە، بەڵام پتر لە کۆتاهی سەردەمی عوسمانی دا ناوی دەرکرد و ناسرا.

حوصنەش کە دوا هەتوانی چۆپییەکانی بوو، داگیر کرد و کۆتاهی بە دوایین قەوارەی کوردیی هێنا لە باکوری هەرێمی جەزیرە[1].

هەروەها سەرەڕای هەژموون و فشاری سەختی تورکی سەلجوقی، میرانی بوختی و بەشنەوی سەروەریی خۆیانیان پاراست و فەنەك و گۆرگێل و شورا و قەڵاگەلێکی دیی ناوچەکانی هەکاری و زۆزان و بۆتانیان لەدەست نەدا[2].

## ٢ـ ئەتابەگییەی ئیلدگزی لە ئازەربـیجان و چییاکان:

دەسەڵاتدارانی سەلجوقی وەك سیاسەتی نەگۆڕیان، هەرێمی ئازەربـیجانی دابەشکرد و بەخشیانە سەرکردە تورکەکان لە خزمەتکارانی دڵسۆزی خۆیان یان ئەندامانی بنەماڵەی دەسەڵاتدار، ئەوەبوو پارچەیەکی ئازەربـیجان بەخشرا بە قطب الدین ئیسماعیلی کوڕی یاقوتی پسمامی سوڵتان مەلیکشاە و خاڵی برکیاروقی کوڕی کە تا کوژرانی لە ساڵی٤٨٦ك/١٠٩٣ز لە ئاکامی شەڕی ناوخۆیی بنەماڵەی سەلجوقی، بەدەستی مایەوە و ئەوجا بەخشرا بە مەودودی کوڕی(٤٨٦ـ٤٩٦ك/١٠٩٣ـ١١٠٣ز)، دواتر کەوتە دەست سوکمانی بەندە و خزمەتکاریان کە بە سوکمانی قوتبـی (م:٥٠٥ك /١١١١ز) دەناسرا و خەلاتیشی بەدەستەوە بوو، ساڵی ٥٠٢ك/١١٠٨ز سوکمان میافارقینیشی گرت و بەندەیەکی بە ناوی غزغلی لەسەر دانا و پێنج شەش ساڵێك بەدەستیان مایەوە[3]، هەروەها بەندەی تورکی یاغیسیان عەقارات و ئیقتاعاتی هەبوو لە ئازەربـیجان و ئالان[4].

---

(١) تأریخ میافارقین، ص٦١٩، الکامل، ١٦٨/٩، بە گوتەی فارقی قەرە ئەرسەلان لە هەمان ساڵدا حوصن تالبیشی داگیر کرد، تأریخ میافارقین، ص٦١٩، کەچی یاقوت دوای دەخات بۆ پاش ساڵی ٥٦٠ك/١١٦٥ز، معجم البلدان، ١٥٣/٢.

(٢) لە بەشی داهاتوو لێیان دەدوێن.

(٣) الراوندي، راحة الصدور، ص١٤١–١٤٢، الکامل، ٣٦٢/٨، ابن الفوطي، مجمع الآداب، ٣٦٢/٣.

(٤) الکامل، ٤٠٨/٨.

لەگەڵ ئەمەشدا، کوانووی کوردە ڕەوادییەکان خامۆش نەبوو و مەراغەیان هەر بە دەستەوە مابوو کە یەکێکە لە شارە ئاوەدانەکانی ئازەربیجان و میر ئەحمەدیلی کوڕی ئیبراهیمی ڕەوادی پارێزگاریی لە پشکێکی دەسەڵاتی ماڵە باوانی کرد و دەکرێت بڵێین درێژەپێدەری دەسەڵاتی باب و باپیرانێتی.

ئەحمەدیل میرێکی مەزن(١) و کەسایەتیەکی ئازا و دلێر بوو و بە خاوەندی مەراغە دەناسرا و دەیتوانی پێنج هەزار سوارە ساز بدات و داهاتی ساڵانەی قەڵەمڕەویەکەی خۆی دەدا لە چوارسەد هەزار دینار(٢). ئەویش هاوچەشنی میر و فەرمانڕەوایانی دیی کورد، بە شێوەیەك لە شێوەکان سەر بە دەوڵەتی سەلجوقی بوو و لە دەمی تەنگانە و پێویستی دا گازدەکرا و پشکداریی شەڕەکانی سوڵتانی سەلجوقیی دەکرد(٣)، ئەم یەکێك بوو لە پشتیوانانی سوڵتان محەمەد و ساڵی ٥٠٥ك/١١١١ز بە هێزێکەوە بەشداریی لەو لەشکرکێشیە کرد کە بۆ شەڕی خاچهەڵگرەکان بەرهەڤ کرابوو و کاتێك لە دەمی هێرشەکەدا سوکمانی قوتبی مرد، ئەحمەدیل بەتەما بوو بگەڕێتەوە ئازەربیجان و لە سوڵتانی خواست تەورێز و ئەو خاکانەی کەوا بە دەستی سوکمانەوە بووە پێی بداتەوە بەوپێیەی موڵکی ڕەوای باوانێتی، وەلێ وا دیارە ئەم هەوڵەی سەری نەگرتووە و زۆرتر لە خزمەتی سوڵتانی سەلجوقی ماوەتەوە، تا ساڵی ٥١٠ك/١١١٦ز لە بەغدا و لە جڤاتی سوڵتان دا، کەوتە بەر پەلاماری چەقۆکێشانی حەشیشی- باتنی و تیرۆر کرا(٤).

بە کوژرانی ئەحمەدیل، دەسەڵاتی سیاسیی کورد بە یەکجاری لە هەرێمی ئازەربیجان بڕایەوە و سەرپاکیی کەوتە چنگ ئەتابەگە تورکەکان و تا سەردەمانی پەلامارەکانی مەغۆل ڕەوشەکە بەو شێوەیە مایەوە و لەو ماوەیەدا دەگمەن نەبێت ئاماژە بە هەبوونی دەسەڵاتداریی کورد نەکراوە.

---

(١) تأريخ متى الرهاوي، ص١٧٣.

(٢) ذيل تأريخ دمشق، ص٢٩٠-٢٩١، إبن الجوزي، المنتظم، ١٤٧/١٧، الصفدي، الوافي بالوفيات، ٣٠٣/٨-٣٠٤.

(٣) الكامل، ٥١٣/٨، إبن العديم، بغية الطلب، ١٣٠٠/٣، ٣٦٦٥/٨.

(٤) ذيل تأريخ دمشق، ص٢٩٠-٢٩١، المنتظم، ١٤٧/١٧، الوافي بالوفيات، ٣٠٣/٨-٣٠٤.

ئاقسونقری نۆکەری ئەحمەدیل کە بە ئاقسونقری ئەحمەدیلی دەناسرا، شوێنی خاوەندەکەی گرتەوە و تا کوژرانی ساڵی٥٢٧ك/١١٣٣ز بە دەستی باتنیەکان، فەرمانڕەوای مەراغە بوو، دوای خۆی کوڕێکی بە ناوی ئەرسەلان ئابە خاسبەگ بووە جێنشینی، دواتر بەندەیەکی دیی تورکی بە ناوی قەرەسونقر بە ئەتابەگی ئازەربـیجان دادەنرێت، لەتەك ئەم دووانەدا، بەندەیەکی دی دەرکەوت بە ناوی ئیلدگز و شییا ئەتابەگییەی ئازەربـیجان دابمەزرێنێت کە بۆ نزیکەی سەدەیەك(٥٣١-٦٢٢ك/ ١١٣٦-١٢٢٥ز) حوکمی ئازەربـیجان و چییاکانی دەکرد و بە ئەتابەگییەی ئیلدگزی دەناسرا و بە گەورەترین دەوڵەتی ئەتابەگی دادەنرێت و پاش ئیلدگز، کوڕ و نەوەکانی درێژەیان بە دەسەڵاتدا:

١- ئیلدگز(٥٣١-٥٦٨ك/١١٣٦-١١٧٢ز):

٢- محەمەد جیهان پەهلەوانی کوڕی ئیلدگز(٥٦٨-٥٨١ك/١١٧٢-١١٨٥ز).

٣- مظفر الدین قزل ئەرسەلان(٥٨١-٥٨٧ك/١١٨٥-١١٩١ز).

٤- نصرت الدین ئەبوبەکر(٥٨٧-٦٠٧ك/١١٩١-١٢١٠ز).

٥- مظفر الدین ئۆزبەك(٦٠٧-٦٢٢ك/١٢١٠-١٢٢٥ز)[١].

ئەتابەگ ئیلدگز، ژنی توغرلی کوڕی سوڵتان محەمەدی خواست و ساڵی ٥٥٦ك /١١٦١ز ئەرسەلانشاهی زڕکوڕی بە سوڵتانی سەلجوقی دانیشاند و بۆخۆی و کوڕەکانی سوڵتانی راستەقینە بوون و کاروباری دەوڵەتی سەلجوقییان هەڵدەسوڕاند، سوڵتان ئەرسەلانشاهی کوڕی توغرل(٥٥٦-٥٧١ك/١١٦١-١١٧٥ز) و سوڵتانی هەرزەکار توغرلی کوڕی ئەرسەلانشاه(٥٧٣- ٥٩٠ك/١١٧٧-١١٩٤ز)، تەنها بۆ چەواشەکاری و پەردەپۆشی قوت کرابوونەوە، دەنا هیچ ویست و دەسەڵاتیان نەبوو، واتا روخساری بێ ناوەڕۆك بوون[٢].

---

(١) بۆ پتر پێزانین دەربارەی ئەتابەگییەی ئیلدگزی بڕوانە: النقشبندي، آذربیجان، ص٢٠٤-٢٨٦.

(٢) الحسیني، زبدة التواریخ، ص٣١٦، قزوینی، تأریخ گزیده، ص٤٦١-٤٦٤.

### ٣ـ ئەتابەگییەی زەنگی لە موصلّ:

پاش داگیرکردنی موصلّ و لەناوبردنی میرنشینی عەقیلی ساڵی٤٨٩ك/١٠٩٦ز، هەکاری و داسن و سەرتاپای ناوچە کوردنشینەکانی باکور و رۆژهەڵاتی موصلّ کەوتنە دەست تورك و لە لایەن ئەتابەگەکانی موصلّەوە بەڕێوە دەبران کە ئەمانیش هەر لە کۆیلە و نۆکەرەکان بوون:

- قوام الدولة کەربوقا(٤٨٩ـ٤٩٥ك/١٠٩٦ـ١١٠٢ز).
- موسای تورکمانی(٤٩٥ك/١١٠٢ز).
- شمس الدولة جگەرمش(٤٩٥ـ٥٠٠ك/١١٠٢ـ١١٠٧ز).

جگەرمش لە هێرشی سەر هەرێمی جەزیرە بەشداریی کرد و هەر ئەویش بوو میر مەنصوری مەروانیی لە ماڵی جولەکەیەك لە جەزیرەی بۆتان بەندکرد و دەستبەسەری کرد تا ساڵی٤٨٩ك/١٠٩٦ز مرد.

لە سەرەتای ساڵی٥٠٠ك/١١٠٦ز، چاولی سەقاو(م:٥١٠ك/١١١٦ز) بە میری ولایەتی موصلّ دانرا و ئەم کارەش بووە مایەی ناڕەزایی جگەرمش و بۆ بەرپەچدانەوەی، داوای هاریکاری و کۆمەکی کرد لە میر صەدەقەی مزیەدی میری حیللە[1] و قلیج ئەرسەلانی کوڕی سلێمانی کوڕی قتلمش سوڵتانی دەوڵەتی سەلجوقیی رووم، ئەم کێشەیە شەڕ و کوشتاری لێکەوتەوە و بە کوژرانی قلیج ئەرسەلان و مردنی جگەرمش کۆتاهات و چاولی سەقاویش بووە میری موصلّ و بۆ دوو ساڵێك بە دەستی مایەوە، ئەمجارەیان مەودودی کوڕی ئاڵتونتکین بە سوپایەکەوە گەهیشتە موصلّ و گرتی و چاولی سەقاوی وەدەرنا و بۆ ماوەی پێنج ساڵان(٥٠٢ـ٥٠٧ك/١١٠٨ـ١١١٣ز) بە ئەتابەگی موصلّ مایەوە و بەندەیەکی دیی تورکی بە ناوی تمیرك کرا بە بەرپرسی شنگار[2].

سوڵتان محەمەد ساڵی٥٠٨ك/١١١٤ز، ئاقسونقری برسقیی کردە والی موصلّ، ئەویش دەستبەجێ دەستبەکار بوو و دواتر جەزیرەی بۆتانیشی لە جێگرانی مەودود

---

(١) بە (ملك العرب) ناو دەبرا و خوشکەزای کوردە گاوانیەکان و ناسراوترین میری مزیەدی بوو و زیاتر لە بیست ساڵ(٤٧٩–٥٠١ك/١٠٨٦–١١٠٧ز)خاوەندی حیللە بوو.

(٢) الکامل، ٨/٤٩٧–٤٩٩، ٥٢١–٥٢٢، ٥٥٠.

وەرگرت، پاش سالێك سوڵتانی سەلجوقی موصڵ و هەموو ئەو شوێنانەی دابڕی کە بە دەست ئاقسونقرەوە بوون و داینی بە سەرکردەی تورکی جیوش بەگ- جوشبەگ، ئەمیش بۆ دوو ساڵێك و تا بەر لە کوژرانی ساڵی٥١٦ك/١١٢٢ز ئەتابەگی موصل بوو[١].

سوڵتان مەحمود ساڵی ٥١٥ك/١١٢١ز، موصڵی بە جەزیرەی بۆتان و شنگارەوە دایەوە بە ئاقسونقری برسقی، ئەویش تا کوژرانی بەدەستی باتنیەکان لە ساڵی٥٢٠ك /١١٢٦ز بە ئەتابەگی موصڵ مایەوە[٢].

ئەم ئەتابەگە تورکانە، بە بەهانەی نەهێشتنی دیاردەی رێگری و ئاژاوەگێڕیی کوردان و چەسپاندنی تەناهی وەك سەرچاوەکان پاساویان بۆ هێناونەتەوە، بەیناوبەین پەلاماری هۆزە کوردەکانیان دەدا، ئەمەیش یەکێك بوو لە ئەرکە سەرەکیەکانی سەرشانیان، جگەرمش بەم کارە هەڵستا و میرە کورد و عەرەبەکانی ناچارکرد سەری بۆ دانەوێنن، کەچی جیوش بەگ بە شێوەیەکی فراوانتر شاڵاوی بردە سەر قەڵاکانی هەکاری و بۆتان و زۆزان و نیشتمانی بەشنەوییەکان و داگیری کردن، (ابن الأثیر) کە هەردەم هاوسۆزیی خۆی بۆ ئەتابەگە تورکەکان دەردەبڕێت و نەیاری و ناحەزییشی بەرانبەر کوردان ناشارێتەوە، پەسنی ئەم کارە دەکات و دەڵێت: ئاژاوە و بەدکاریی کوردان تەشەنەی کردبوو و رێبواران و هاتوچۆکەرانیان هەراسان کردبوو و جیوش بەگ بەخۆی هێرشی کردە سەریان و بە ناو کێو و زەنوێر و هەڵەتەکاندا راوی نان و قەڵاکانیانی گەمارۆدا و رێگاوبانەکانی ئارام و تەنا کردەوە و خەڵکیی هێور و دڵنیا کردەوە و کوردەکان لە ترسان نەدەوێران دەست بدەنە چەك[٣].

(١) الكامل، ٨/٥٥٥، ٥٦٥، الأعلاق الخطيرة، ٣/٥٠-٥٤.

(٢) الكامل، ٨/٦١٦، ٦٢٧، الأعلاق الخطيرة، ٣/١٣٣.

(٣) الكامل، ٨/٤٤٥، ٦٢٧.

### ٤ـ عماد الدين زەنگی(٥٢١ـ٥٤١ك/١١٢٧ـ١١٤٦ز):

بە دەستبەرکاربوونی عمادالدین زەنگیی کوڕی ئاقسونقر[1] و دامەزراندنی ئەتابەگییەی زەنگی لە موصڵ[2]، شارەزور و کەرخینی و داقوق و هەولێر و شنگار و ئاکرێ و ئامێدی و دەڤەری هەکاری و جەزیرەی بۆتان و وڵاتی زۆزان، یەك دوای یەك بوونە ئامانجی فراوانخوازیی ئەتابەگی نوێی موصڵ، ئەوەبوو بە زنجیرەیەك هێرش و لەشکرکێشی هەڵستاو سەرەتا ولە ساڵی٥٢٣ك/١١٢٩ز جەزیرەی بۆتان و شنگاری خستنە سەر موصڵ[3].

فراوانخوازیی زەنگی هیچ کۆسپ و بەربەستێکی بۆ نەبوو و هۆزە کوردەکان لە رەوشێکی لەباری وانەبوون بکارن بەرسینگی بگرن و پەلهاوێشتنی پەك بخەن.

سەبارەت بە هەولێر، تا هەنوکە بە تەواوەتی ساخنەبۆتەوە لە چ ساڵێکدا زەنگی ئەوێیشی گرتووە و هەواڵەکان لەمڕووەوە ناکوکن[4]، بۆچوونی وا هەیە کە پاش بوونی بە ئەتابەگی موصڵ و لە ساڵی ٥٢٢ك/١١٢٨ز هەولێر و جەزیرەی بۆتانی گرتووە[5]، هەواڵێکی دی گرتنی هەولێر دوادەخات بۆ ساڵی٥٢٦ك/١١٣٢ز[6].

بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نیە ئەوەیە زەنگی ساڵی٥٣١ك/١١٣٦ز بە شەڕ داقوقی گرت[7] و دەبێت گرتنی هەولێر پێش گرتنی داقوق کەوتبێت، چونکە باوڕ ناکرێت زەنگی بە بان شارێکی پڕبایەخی وەك هەولێر بازبدات و بە گرتنی داقوقەوە خۆی

---

(١) قسيم الدولة آقسنقر: سەرکردەیەکی تورکی بوو ساڵی ٤٨٧ك/١٠٩٤ز لە شەڕێکدا لەگەڵ تەتەشی کوڕی ئەلب ئەرسەلان لە نزیك حەلەب بەدیل گیرا و کوژرا.

(٢) بۆ پتر پێزانین دەربارەی عماد الدین زەنگی بگەڕێیەوە بۆ: عماد الدين خليل، عماد الدين زنكي، مطبعة الزهراء(الموصل:١٩٨٥).

(٣) التأريخ الباهر، ص٣٧.

(٤) بڕوانە: أربيل في العهد الأتابكي، ص٣٨–٣٩.

(٥) أبو شامة، الروضتين، ١/١٥٧، تاريخ ابن أبي الهيجاء، ص٢١٥.

(٦) ابن واصل، مفرج الكروب، ١/٩٧.

(٧) الكامل، ٨/٧٣٧.

خەریك كردبێت، دەستخستنی هەولێر لەبەر گرنگی و بایەخی شارەكە بوو كە دەروازەی ڕۆژهەڵاتی موصلْ بوو و گرێی دەدا بە هەرێمەكانی ڕۆژهەڵاتەوە، بۆیە هەر كە دەلیڤەی بۆ هەڵكەوت بێ دوودڵی پەلاماریدا و گرتی، هەرچەند ئەو دەمە بەدەست سەلجوقییەكانەوە بوو[1].

هەواڵی راست ئەوەیە زەنگی ساڵی٥٢٦ك/١١٣٢ز چواردەورەی هەولێری دا كە بە دەست هەدبانییەكانەوە نەمابوو، بەڵكو سوڵتان مەحمودی سەلجوقی پێشتر بە ئیقتاع دابووی بە مەسعودی برای، ئەمیش بۆ شكاندنی گەمارۆی زەنگی لە مەراغەوە رووەو هەولێر كشا، زەنگییش ناچار هێزەكەی كشاندەوە سەر زێی مەزن، پاشان هەردوو لا پێكهاتن لەسەر ئەوەی زەنگی پشتگیریی مەسعود بكات و بە سوڵتانی سەلجوقی دابینێت و فشار بخاتە سەر خیلافە تا خوتبە بە ناوی ئەوەوە بخوێندرێتەوە، مەسعودیش دەست لە موڵكیەتی هەولێر هەڵبگرێت و بە پاداشت بیبەخشێتە زەنگی[2].

مەسعود لەو دەمانە، لە ریزی خوازیارانی دەستخستنی سەڵتەنەتی سەلجوقی و شوێنگرتنەوی سوڵتان مەحمود بوو، لەیەك دەمدا سەرقاڵی ململانێ و هەڤڕكی بوو دەگەڵ سەنجەری مامی و توغرلی برای و داودی برازای، نەك هەر ئامادە نەبوو جەنگی نەیارێكی دی بكات، بەڵكو گەلێك پێویستی بە هێزی سەربازی و پشتیوانیی زەنگی هەبوو.

قەلاّ و پایەگاكانی شارەزور كە بەدەست كورد و توركمانەوە بوون، بەپێی گێڕانەوەیەك ساڵی٥٣٤ك/١١٣٩ز گیراون[3]، وەلێ ئەم مێژووە ورد نیە و شارەزور و گەرمیان پێشتر و دوای گرتنی هەولێر كەوتنە بەر پەلاماری زەنگی، (أسامة بن منقذ) بەخۆی بەشداریی هێرشی سەر كەرخینی- كەركوك و شارەزوری كردووە و دەگێڕێتەوە كە پاش گەڕانەوەیان لە مەصافی بەغدا- ساڵی٥٢٦ك/١١٣١ز- زەنگی، صلاح الدین محەمەدی

(١) أربيل في العهد الأتابكي، ص٤١، عماد الدين زنكي، ص٧٥.

(٢) مفرج الكروب، ١/٩٧.

(٣) التأريخ الباهر، ص٥٧–٥٨.

کوڕی یاغیسیانی راسپارد بچێته سەر قەڵاکانی قەفجاقی تورکمانی[1] و پاش شەش ڕۆژەڕێ گەهیشتینەجێ.

قەفجاقیش کشایەوە و هەڵهات بەرەو کوهستان- کوێستان[2]، هێزەکەی زەنگی سەرەتا دەورەی قەڵای (ماسر)[3] یان دا و کەوتنە بنکۆڵکردنی بورجەکانی و بە ئاسانی داگیریان کرد، ئەمجا دەورەی قەڵای کەرکوکیان دا و داگیر و تاڵانیان کرد و کەوتنە گرتن و دیلکردنی نەصارا و جووەکانی قەڵاکە[4]. گومانێکی وام نیە کە ماسر هەمان ئەو قەڵا سەختەی کوردانە کە زەنگی ساڵی ٥٢٥ك/١١٣١ز گرتوویەتی و ناوی لە دەستنووس و دانەی چاپکراوی کتێبی(مفرج الكروب)دا شێوێندراوە و کراوە بە (مجهیمر)[5].

وا دیارە ئەم هەوڵەی زەنگی ئامانجی خۆی نەپێکاوە و نەبۆتە مایەی لەناوبردنی یەکجارەکی هەژموونی تورکمان کە تا ساڵی٥٣٤ك/١١٣٩ز شارەزوریان بەدەست مایەوە.

زەنگی لە ساڵی ٥٢٨ك/١١٣٤ز و بە پاساوی ئەوەی میرانی حەمیدی و هەکاری لە کاتی گەمارۆدانی موصڵدا، کۆمەك و هاریکارییان بە خەلیفە(المسترشد) گەیاندووە، دەستی کرد بە پەلاماردانی قەڵای کوردە حەمیدییەکان و دواتریش کوردە هەکارییەکان و دوای گەمارۆیەکی درێژخایەن هەردوو قەڵای ئاکرێ و شوشی داگیر کرد و دەسەڵاتی میر عیسای حەمیدیی لەناو برد و هەموو قەڵاکانی رادەستی بەندە تورکەکان کرد.

میر أبو الهیجائی کوڕی عەبدوڵای هەکاری خاوەندی قەڵاکانی ئاشب[6] و جدیدە و نوشێ، وەختێك هەستی بە نزیکبوونەوەی فشار و مەترسی کرد، نێردەی خۆی بە بەرتیل و دیارییەوە رەوانەی موصڵ کرد و پابەندیی خۆی بۆ زەنگی راگەیاند، پاشان بە

---

(١) پاشان لە سەری دەدوێین.

(٢) پێدەچێت مەبەست لە کوهستان، کۆه- کۆیە بێت.

(٣) دوور نیە گوندی ناسر و ماسر بێت لە ناوچەی شوانی رۆژهەڵاتی کەرکوك.

(٤) كتاب الإعتبار، ص٢٥٣-٢٥٦.

(٥) ابن واصل، مفرج الكروب، ٤٣/١.

(٦) بە کوردی بە ئاشاوە ناودەبرێت و شوێنەواری ماوە و دەکەوێتە نزیك شارۆچکەی سەرسەنگەوە.

خۆی چووه خزمەتی و تا مردنی لە موصڵ مایەوە و سەردارێکی کوردی بە ناوی باوی ئەرجی[1] کردە جێنشین و ئەحمەدی کوڕی دوورخستەوە بۆ قەڵای نوشێ، نەبادا بە دوورکەوتنەوەی خۆی، قەڵای ئاشب زەوت بکات.

أبو الهیجائی هەکاری پاش ماوەیەك لە موصڵ مرد و ئەحمەدی کوڕیشی ویستی قەڵای ئاشب بگرێتەوە و لەگەڵ باوی ئەرجی دا کەوتنە هەڤڕکی و ململانێی یەکدی، زەنگی ئەم ئاڵۆزیەی قۆستەوە و بە سوپایەکەوە چواردەوری قەڵای ئاشبی گرت و بە زیرەکی و شارەزایی خۆی، توانی قەڵاکە داگیر بکات، ئەمجا باوی ئەرجی و کۆمەڵێك لە سەرانی کوردی کۆکردەوە، لەوانەی وا گومانی لە دڵسوزیی دەکردن و هەمووی کوشتن، دوای بەجێهێنانی ئەم ئامانجەی گەڕایەوە موصڵ، دواتر نصیرالدین چەقەری جێگری زەنگی لە ماوەی(٥٢٨_٥٣٩ك/١١٣٤ـ ١١٤٤ز) قەڵاکانی ئاشب و گەلی کهیجە و نوشی و قەڵای جەلاب واتا ئامێدیی وێران کرد، ئەمجا دەستی کرد بە داگیرکردن و کاولکردنی قەڵا و شوراکانی هۆزی میهرانی کە بریتی بوون لە قەڵای شەعبانیە- کەلا شابانیا و فەرح و کواشێ و زەعفەرانیە و ئەلکێ و شێرەوە[2].

روونە کە داگیرکردن و کاولکردنی قەڵای ئاشب- ئاشاوا لەساڵی٥٣٧ك/١١٤٢ز بووە و هەواڵی ئەم روداوە دەنگی داوەتەوە و گەهیشتۆتە وڵاتی شام و مێژوونوسێکی حەلەبـی هاودەمی روداوەکە ئاماژەی پێداوە و رۆژەکەی بەوردی دیاری کردووە[3].

بەگوێرەی هەواڵێك، گوایە ئەم قەڵایە بڵندترین و قایمترین قەڵای کوردە هەکارییەکان بووە و لەبەر فرە گەورەیی چۆلیان کردبوو، چونکە پێیان نەکرابوو پارێزگاریی لێ بکەن و زەنگی لەبری ئەوێ قەڵای ئامێدیی نۆژەن و ئاوەدان کردۆتەوە و ناوینا(العمادیة) وەك

---

(١) باو الأرجي: باو رەنگە راستەکەی باد بێت و ئەرجی یش لە ئەرکی– هەرکیەوە نزیکە.

(٢) الکامل، ٨/٧٠٣–٧٠٤، مفرج الکروب، ١/٥٥–٥٦.

(٣) تأريخ العظیمي، ص٣٩٦.

ئاماژە بۆ ناسناوی خۆی عماد الدین[1]، بێگومان ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە و ئەم قەڵایە لەمێژەوە ناوی ئامێدی بووە و هەتا ئێستاش بەو ناوە دەناسرێت[2].

لە راستیدا میرانی حەمیدی و هەکاری، ئەگەر هاوکاری و پشتیوانیی خەلیفەشیان نەکردایە، هەر دەکەوتنە بەر پەلاماری زەنگی، لەشکرکێشی و پەلهاوێشتنی ئەو بە چوار لا دا، پەیوەندیی بە هەڵوێستی ئەوانەوە نەبوو، بەڵکو پرۆسەیێکی فراوانخوازیی گشتگیر بوو و پێش هاتنی خەلیفە بۆ موصلێ دەستی کردبوو بە داگیرکردنی قەڵاکانی کوردستان، هەر ئەو بوو وەك باسکرا پێشتر و لە ساڵی٥٢٥ك/١١٣٠ز قەڵایەکی کوردانی داگیر کرد[3].

هۆزی میهرانییش[4]چەند قەڵایەکیان بەدەستەوە بوو، هەر دووسێ قەڵایەك بە دەستی بەرەبابێکەوە بوو، میر عەبدوڵای کوڕی عیسای میهرانی خاوەندی قەڵاکانی رابیە و ئەلکێ و فەرح بوو و میر حەسەنی کوڕی عومەر خاوەندی قەڵای شەعبانیە بوو، میرێکی دیکەی میهرانی خاوەندی قەڵای کواشێ بوو، ئەم قەڵایانەش هەموو کەوتنە دەستی زەنگی، هەندێکیان پاش شەڕ و گەمارۆدان و هەندێکیان بە رێککەوتن و خۆبەدەستەوەدان[5].

لە درێژەی ئەم لەشکرکێشیانە دا، ئەمجارە هێزێکی سوارە و پیادە بە فرمانی زەنگی هەڵیان کوتایە سەر بارەگاکانی کوردانی بەشنەوی و قەڵاکانی هەیسەم(الهیثم)و جدیدە- نەصیبین و شێرەوەیان داگیر کرد، وەلێ چەند هەوڵیاندا بۆیان نەکرا پەی بە

---

(١) التأریخ الباهر، ص٦٤، الکامل، ١٤/٩.

(٢) لەم بارەیەوە گوتارێکم بە عەرەبی بڵاوکردەوە:(حول أصل تسمیة ئامێدی–العمادیة)، گۆڤاری بازێرڤانیی دهۆك، ژمارە(١٤)، (دهۆك: تشرینی یەکەم٢٠٠١)، ص٦٨–٧٠. پاشان ئەم گوتارەم بە لێ زیادکردنەوە وەرگێڕا و لە کتێبی (لەبارەی کەلتور و مێژووی کوردەوە) بڵاوکراوەتەوە.

(٣) مفرج الکروب، ٤٣/١.

(٤) لای (ابن واصل) بەهەڵە کراوە بە هەدبانی.

(٥) الکامل، ٧٠٤/٨–٧٠٥، مفرج الکروب، ٥٦/١.

قەلاّی سەختی فەنەك ببەن كە تا كوژرانی زەنگی لە مانگی (ربـيع الآخر)ی ساڵی٥٤١ك /ئەيلولی١١٤٦ز گەمارۆدانی درێژەی كێشا[1].

بەم شێوەیە، كوردستان پتر لە جاران بووە ئامانجی ئەتابەگەكان، بەتايبەت زەنگی  و ئەوەی سوڵتانەكان بۆیان نەچووەسەر لەناوی ببەن، ئەمان جێبەجێیان كرد، زەنگی بە پشتبەستن بە لەشكرێكی تۆكمەی بەندەی تورك و توركمان و بە پاساوی یەكخستنی ناوچەكە و ئامادەسازی و خۆبەرهەڤكردن بۆ شەڕی خاچهەڵگران، توانی لە ماوەیەكی پێوانەیی دا رووبەرێكی فراوانی كوردستان، لەوپەڕی وڵاتی زۆزانەوە تا ئەمپەری وڵاتی شارەزور بگرێت.

جێگای خۆیەتی لێرە بڵێین كە زۆربەی كۆیلە و نۆكەرە توركەكان، كەسانی دڵرەق و ستەمكار و بێویژدان بوون، لە سۆز و بەزەیی و دڵنەرمی بێبەری بوون، داردەست و گۆیڕایەڵی گەورەكانیان بوون، كوشتن و پارچەپارچەكردن و دەست و پێ بڕین و چاو دەرهێنان و هەتككردنی مرۆڤیان لەكن وەك ئاوخواردنەوە وابوو، ئەوانەی هاتنە كوردستانیش نموونەی دیاری ئەم تەرزانە بوون، نصيرالدين چەقەر دڕندە و خوێنرێژێكی كەم وێنەبوو، محەمەدی كوڕی یاغیسیان هەر نەیارێكیی بكەوتایەتە دەست، دەیگوت:"وَسِطُوهُ"، واتا لە نیوقەدەوە دووكەرتی كەن، عماد الدين زەنگی بە (أُسامة بن مُنقذ)ی دەگوت:"سێ نۆكەرم هەن: یەكێكیان زين الدين عەلی كوچەكە (م:٥٦٣ك/١١٦٨ز)- باوكی مظفرالدين گوكبوری- كە لە خودا دەترسێت و لە من ناترسێت، دووەمیان نصير الدين چەقەرە كە لە من دەترسێت و لە خودا ناترسێت، سێیەمیان صلاح الدين محەمەدی كوڕی یاغیسیانە كە نە لە خودا و نە لە من دەترسێت".

ئەویش بە چەند بەڵگەیەك، ئاخافتنی زەنگیی پشتڕاست كردۆتەوە و بەچاوی خۆی بینیوویەتی كە چۆن محەمەدی كوڕی یاغیسیان لە گەرمیان و لە مانگی رەمەزاندا، كوڕی دووەمی پیرێژنێكی كوردی دوولەت كردووە پاش كوشتنی كوڕێكی دیكەی،

(١) التأريخ الباهر، ص٧٣.

پیرێژنەکەش هاواری کردووە و پرچی سپیی وەك پەمووی خوشکراو رناندۆتەوە[1]، ئەمجا بە کێردێك ریشی سپیی پیرەمێردێکی پەککەوتەی هەڵبڕیوە کە بەرپرسی شوراکە بووە و بە دوو گۆپاڵ ئەمجا توانیویەتی رێ بکات[2].

هەروەها کوردێکی کلۆڵ و سەرگەردان، بە ناوی یوسفی کوڕی ئەبوبەکری کوڕی قەیسی بەشنەوی ناودار بە(النجیب)، بە دەربەدەری و چەرمەسەری ژیانی لە هەولێر دەگوزەراند، بە بیانووی ئەوەی چەتە و رێگرێکی جەربەزە و خوێنڕێژە، معز الدین سەنجەرشاهی ئەتابەگی جەزیرەی بۆتان[3] بە فێل و تەڵەکە خستبوویە داوەوە و دەستگیری کردبوو و بێبەزەییانە دەستی راست و پێی چەپی بڕیبۆوە، ئەمە بەپێی روانینی دەسەڵاتدارن، کەچی وادیارە قارەمانێکی گیانباز و نموونەی دەیان فیداکاری گومناو بووە، بێدادی و ستەمی تورکانی رەتکردۆتەوە و دژایەتیی کردوون، بەڵکو شاعیرێکی پایەبەرز و هەست ناسك بووە و بە شیعر گوزارشتی لە ئازایەتی و مەردایەتی کردووە و سارێژی ئێش و ئازارە نەبڕاوەکانی کردووە و دەردی پەنگخواردووی دڵی هەڵڕشتووە، شیعرەکانی هەندە ناسك و پڕواتا و دەربڕی ناخی بوون، خەڵکی گوێبیستی دەبوون و لێیان دەکڕی و بەمشێوەیە بژێوی زیندەگی و مانەوەی خۆی دابین دەکرد، لەو تاکە قەصیدەیەی وا بۆمان ماوەتەوە[4]، تێدەگەین کە مرۆڤێك ئەم تەرزە پەیڤە واتادارانە و ئەم لێکچواندن و وێنە شیعریە جوان و بەرزانەی لە زار بێتەدەر، هەرگیز ناکرێت و رێی تێناچێت، خۆبەخۆ دز و رێبڕێکی بکوژبێت، مەگەر دڕندەیی و جەور و ستەمی داگیرکەران ناچاریان کردبێت[5].

---

(١) کتاب الإعتبار، ص٢٥٥.

(٢) کتاب الإعتبار، ص٢٥٢– ٢٥٦. بڕوانە: پاشکۆی(٥).

(٣) ساڵی ٦٠٥ك/١٢٠٨ز بە دەستی کوڕێکی هاتەکوشتن.

(٤)(إبن المستوفي) چەند دێڕێکی لە شیعرێکی دیکەیی بە نموونە هێناوەتەوە، تأريخ أربل، ٤٠٥/٥.

(٥) تأريخ أربل، ٤٠٥/٥–٤٠٧، ابن الشعار، قلائد الجمان، ٢٠٤/١٠–٢٠٦. بڕوانە پاشکۆی(٧).

**٥ـ٥ـ کوردستان و ئیقتاعی سەلجوقی:**

سەلجوقییەکان سیستەمی دابڕینی زەویوزار و دابەشکردنی بەسەر میر و فەرماندە سەربازییەکان، واتا سیستەمی ئیقتاع یان پیادەکرد، چونکە گەلێك هەموار و لەبار بووو دەگەڵ سروشتی دەوڵەتەکەیان دەگونجا، ئەوەبوو لەبری پارە و موچە، زەوی دەدرا بە گەورە موچەخۆرانی دەوڵەت، نەخاسمە بە گەورە میران و فەرماندە لەشکرییەکان، دیارە وەزیر(نظام الملك) ڕۆڵێکی بنەڕەتیی هەبوو لە داهێنان و پراکتیزەکردنی ئەم سیستەمە.

ئەوەی ڕاستی بێت پایەداربوونی سەلجوقییەکان و باڵادەستییان لە زۆر بارەوە دەگەڕایەوە بۆ خزمەت و ماندوبوونی فرەمەزنی ئەو دەیان هەزار سەرکردە و شەڕکەرە مەملوکانەکە لە هۆز و نەتەوە جۆربەجۆرەکانی تورك بوون و هەتا بڵێی دڵسۆز و گوێڕایەڵی خاوەندەکانیان بوون و مەکۆی زۆربەی سەرکەوتن و پێشڕەویەکانی لەشکری سەلجوقی بوون، (نظام الملك) لە نزیکەوە ئاگای لەم ڕاستیانە هەبوو و سەرنجی سوڵتانی سەلجوقیی بۆ ڕاکێشاوە و ئامۆژگاریی دەکات، ڕەچاوی ماف و هەقی تورکمان بکات و دڵسۆزی و خزمەتیان لەیاد نەکات:

"هەرچەند دوڕدۆنگی و جاڕستبوون لە تورکمان و زۆریی ژمارەیان بەدی دەکرێت، مافێکی ڕەوایان بەسەر دەوڵەتەوە هەیە، چۆنکە بەشدارییان لە دامەزراندنی دا کردووە و لەپێناویدا ماندوو بوونە و بارگەی شەکەتی و ناسۆرییان گرتووە، سەرەڕای ئەوەی خزموکەسی سوڵتانن"(١).

سوڵتانی سەلجوقی، دەبوو بە هەر شێوەیەك بـێت دڵیان ڕابگرێت و پاداشتیان بداتەوە و ملکەچی و پشتیوانییان بۆ خۆی مسۆگەر بکات و پێگای خۆی پێیان پتەوتر بکات، بۆیە بەردەوام ئیقتاعاتی دەدانێ و هەرچیەکی لە میرە کوردەکان و کەسانی دی بسەندایە لە قەڵا و ڕەز و باخ و عەقارات، یەکسەر بەسەریاندا دەیبەخشیەوە و دەگمەن ئیقتاعیان دەبەخشیە غەیری ئەمانە.

توغرلبەگ بە خۆی دەستی بە جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە کرد، ئەوەبوو دوای ئەوەی ساڵی٤٤٢ك/١٠٥٠ز ئەصفەهانی لە چنگ کاکەوییەکان دەرهێنا، هەرێمی پانوپۆڕی چییاکانی

---

(١) سیر الملوك، ص١٤١.

بەسەر جەنگاوەرانی دابەشکرد و ساڵی ٤٥٣ك/١٠٦١ز کرماشانی دا بە خمارتکینی توغرائی و خستیە سەر ئیقتاعەکانی، پاشان خمارتکین دەستدرێژیی کردە سەر میرێکی کورد[١] بە بیانووی ئەوەی ڕێگرە و دژایەتی توغرلبەگ دەکات، ئەوەبوو هەموو قەڵا و شوراکانیی داگیرکرد و سەری بڕوای بۆ نارد، دواتر کرماشان بووە ئیقتاعی جبقی تورکمانی[٢].

ئەلب ئەرسەلانیش درێژەی بەهەمان سیاسەت دا، ساڵی ٤٥٦ك/١٠٦٤ز بە بیانووی چەتەیی و ڕێگریەوە، پەلاماری کوردە لوڕیەکانی دا و ژمارەیەکی لێ کوشتن و لێ بەدیل گرتن و وڵاتەکەیانی بەخشیە بەگ ئەرسەلان و پاش گەڕانەوەی لە شەڕی مەنازگرد- ساڵی٤٦٣ك/١٠٧١ز- میر مەملانی کوڕی وەهسودانی ڕەوادیی لابرد و هەرێمی ئازەربیجانی بەسەر سەرکردە تورکەکاندا دابەشکرد[٣].

هەروەها حلوان وەك ئیقتاع بەخشرابوو بە ئەرتوقی کوڕی ئەکسەبی باپیری ئەرتوقیەکان، کەچی بە ئەمەندە تێری نەخوارد و هەڵپەی کرد و بە کۆمەڵێك تورکمانی ژێر فرمانیەوە و بە بڕیاری مەلیکشاە خۆی گەیاندە سوپای سەلجوقی کە خەریکی داگیرکردنی وڵاتی مەروانی بوون[٤].

مەلیکشاه، لە ئاستێکی فراوانتر لە توغرلبەگ و ئەلب ئەرسەلان، سیستەمی ئیقتاعی سەربازیی پیادە کرد و زۆربەی هەرێمە داگیرکراوەکانی دابڕی و بەسەر کەسانی دڵسۆز و نزیکی خۆی لە سەرکردە و نۆکەر و ئەتابەگە تورکەکان بەخشاندەوە، ئەوەبوو دوای دەستەسەرکردنی میر فەزلۆنی شەدادی، مەملەکەتەکەی بەسەر سەرکردە تورکەکاندا دابەشکرد و لەوانە یاغیسیان[٥]، بە هەمان شێواز هەرێمی جەزیرە دابەشکرا و هەر فەرماندە و ئەتابەگێك پارچەیەکی بەرکەوت، تەنها قەڵا و شوراکانی سەر دوندی کێو و شاخەکان بۆ

---

(١) ناوی ئەم میرە بە دروستی تۆمارنەکراوە و شێوێندراوە بۆ (سعدوحکان؟).

(٢) الکامل، ٣٤٨/٨، سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ص٨٥.

(٣) الحسيني، زبدة التواريخ، ص٨٧، مرآة الزمان، ص١١٤.

(٤) الفارقي، تأريخ ميافارقين، ص٥١٩، مرآة الزمان، ص٢٣٥.

(٥) الکامل، ٤٠٨/٨.

میر و سەردارە کوردەکان مابووە، میژوونوس فارقی کە بەخۆی لە رۆژگاری ئەتابەگە تورکەکانە ژیاوە، بەوردی نەخشەی دابەشکردنەکەی خستۆتەڕوو:

- بەدلیس و ئەرزن و وەستان بەر بنەماڵەی تەغان ئەرسەلان(الأحدب) کەوتن و بۆ پتر لە سەدەیەك بەدەستیان مایەوە.

- سعرد و تەنزە و قەلاّی باهمود بەر قزل ئەرسەلان(السبع الأحمر)کەوتن و پاش خۆی بە میرات بۆ یەعقوبی کوڕی مایەوە.

- حانی کەوتە دەست شاروخ.

- خەلات کەوتە دەست سوکمانی قوتبی(م:٥٠٥ك/١١١١ز) نۆکەری قطب الدین ئیسماعیلی کوڕی یاقوتی، کە وەك باسکرا لە ئازەربیجانیش ئیقتاعی هەبوو.

- میارفارقین دەستاودەستی پێکرا و ساڵی٤٨٩ك/١٠٩٦ز قلیچ ئەرسەلانی کوڕی سلێمانی کوڕی قتلمش دای بە خمرتاشی کۆنە بەندەی سلێمانی باوکی و تا ساڵی ٥٠٢ك/١١٠٨ز بە دەستی مایەوە و ئەوجا سوکمانی قوتبی خستییە سەر خەلات[1].

نەخشەی ئیقتاعاتەکان وەنەبێت جێگیر بووبێت و گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتبێت یان بە پلانێك رێکخرابێت و لێکتێگەیشتنێك لە نێوان سوودمەندانی تورك هاتبێتە کایەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەردەوام دەستاودەستیان پێدەکرا و دەستکاری سنوورەکان دەکرا و هەر یەکەیان کەنگی بۆی بلوایە، زێدەگاڤیی دەکردە سەر هاوسێکانی و ئیقتاعاتی دیی دەخستە ژێر رکێفی خۆیەوە، ئەنجام وا کەوتەوە زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی جەزیرە کەوتنە دەست هەردوو لقی ماڵباتی ئەرتوقی: ئیلغازیی و سوکمانی و تا هاتنی ئەیوبییەکان بە دەستیان مایەوە.

قەلاّی ماهکی و لیحف(بلاد اللحف)[2]، بە دەست بەندەی تورکی سونقری هەمەدانیەوە بوو، ساڵی ٥٥٤ك/١١٥٩ز خیلافە ئەم دەڤەرانەی لە سونقر سەندەوە و دایبڕی بۆ قایمازی

---

(١) تأريخ ميافارقين، ص٥٥٥–٥٦١، إبن شداد، الأعلاق الخطيرة، ٣/٤١٦، ٥٣٨–٥٤٠.

(٢) لحف: لیحف واتا پێچ، یاقوت دەڵێ بەو دەڤەرە شاخاویە دەگوترا کە دەکەوتە پێچی چیاکانی هەمەدان و نەهاوەندەوە و چەند قەلاّیەکی دەگرتەخۆ، معجم البلدان، ٤/١٧٦.

عەمیدی، سەرئەنجام شەڕ و تێکهەڵچوون لە نێوان سونقر و قایماز هەڵگیرسا، هەروەها شاری ئەسەدئابادی نزیك هەمەدان بەدەست سەرکردەیەکی تورکەوە بوو بە ناوی حوسێنی کوڕی ئۆزبەگ[1].

عماد الدین زەنگییش هەر شار و قەڵایەکی بگرتایە، رادەستی یەکێك لە بەندە نزیك و دڵسۆزەکانی خۆیی دەکرد و ئەم سیاسەتەی لە کوردستانیش پیادەکرد و هەولێری رادەستی زین الدین عەلی کوچەك کرد[2] و شارەزوریشی لە تورکمانی قەفجاقی سەند و بۆ سیف الدین غازیی کوڕیی دایبڕی و داقوقیش وەك ئیقتاع بەخشرا بە(عز الدین الدبـیسي)، هەروەها یەکێك لە نۆکەرەکانی بەناوی نور الدین حەسەنی بەربەتی(البربطي) کردە دژداری جەزیرەی بۆتان، لەمەش سەیرتر بەڕێوەبردنی قەڵای کواشێی هەڵکەوتوو لە لوتکەیەکی زنجیرە چیای نێوان دهۆك و زاخۆ لە راست سێمێل، سپاردە تەشتدارێکی خۆی، تەشتداریش واتا بەرپرسی ئامادەکردنی تەشت و گەرماو[3].

زین الدین عەلی کوچەك، جێگری زەنگییەکان و فەرمانڕەوای هەولێر و شارەزور و قەڵاکانی هەکارییەکان و حەمیدییەکان و تکریت و شنگار بوو[4] و هەر یەك لەم شوێنانەی دابڕی بوو بۆ نوێنەران و جێگرانی خۆی لە بەندە و نۆکەرە تورکمانەکان:

-شارەزوری دابوو بە بەندەیەکی بە ناوی بوزان.

- صارم الدین بلداجی جێگری بوو لە قەڵای خوفتیدەکان.

- ئامێدی و قەڵاکانی هەکاریی دابوو بە قراجای تورکی، قراجا درێژەی دا بە سیاسەتی زەنگی و ژمارەیەك قەڵا و شورا و بارەگای دیی کوردە هەکارییەکانی داگیر کرد لە جبل

---

لە راستی دا مەبەست لەو زنجیرە چیایە کە دەکەوێتە سەر سنوری نێوان ئێران و عێراقەوە و بە ناوچەکانی ئەم دیو و ئەو دیوی دەگوترێـت پێشکۆه و پشتکۆه.

(١) الکامل، ٩/١٤٣.

(٢) دوواتر لەسەری دەدوێین.

(٣) تأریخ میافارقین، ص٥٨٨، ابن الأثیر، التأریخ الباهر، ص٧٩، ٨٤، الکامل، ٧٣٧/٨، ابو شامة، الروضتین، ١/١٨٥-١٨٦، ابن واصل، مفرج الکروب، ٩٧/١.

(٤) الکامل، ٩/٢١٣.

سور- جلسورێ و هرور و ملاسی؟و مابرما؟و بابوخلو- بابوخکێ و باکزا- باکۆزێ و نسباس[1].

- له هەولێری بارەگاش جێگری هەبوو، سەرەتا یەکێك له بەندە دڵسۆزەکانی خۆی دانابوو به ناوی ئەبومەنصور سرفتکین(م: ٥٥٩ك/١١٦٤ز) که بۆ ساڵانێکی درێژ و تا مردنی جێگرایەتیی کرد، ئەمجا مجاهدالدین قایماز(م:٥٩٥ك/١١٩٩ز)ی کردە جێگری خۆی و ئەویش تا ساڵی٥٧١ك/١١٧٥ز به جێگری مایەوە[2].

سیف الدین غازیی کوڕی زەنگی دوای کوژرانی باوکی، جەزیرەی بۆتانی خستە سەر ئیقتاعەکانی(عز الدین الدبیسي:م٥٥٢ك/١١٥٧ز) و بۆ یازدە ساڵ بەدەستی مایەوە، پاش مردنی ئیقتاعەکانی بێ خودان مانەوە چونکە کوڕی نەبوو، غلبەگی نۆکەری بەسەر جەزیرەدا زاڵ بوو، مەودودی کوڕی زەنگی(٥٤٤-٥٦٤ك/١١٤٩-١١٦٩ز) ئەم هەنگاوەی غلبەگی بە سەرەڕۆیی و سەرپێچی دانا و چەند مانگێك دوورپێچی جەزیرەی بۆتانی کرد تا بە ئاشتی وەری گرتەوە و لەبری جەزیرە، قەڵاکانی کواشێ و زەعفرانیە و فەرح و قەڵاگەلێکی زۆرانی بەخشیە غلبەگ[3].

ئیقتاعیاتەکانی کوردستان بە چەشنی هەموو ئەوانەی ناو قەڵمڕەوی دەوڵەتی سەلجوقی، بە میرات لە باوکەوە دەگوازرایەوە بۆ کوڕەکانی، سیف الدین غازیی کوڕی مەودودی کوڕی زەنگی ساڵی٥٧٦ك/١١٨٠ز مرد و عز الدین مەسعودی برای بووە جێنشینی(٥٧٦-٥٨٩ك/١١٨٠-١١٩٣ز) و جەزیرەی بۆتانیش بە قەڵاکانیەوە درا بە معز الدین سەنجەرشاهی کوڕی و قەڵای ئاکرێش درا بە کوڕە بچووکەکەی ناصر الدین کسك[4].

بەهەمان پەیڕەو، شارەزوریش بە میرات بۆ محەمەدی کوڕی بوزان مایەوە[5]، وا دیارە لەم سەروبەندەدا، قەڵای شوشیش بەخشراوە بە سونقری کوڕی عەبدوڵای تورکی و هەر

---

(١) تأريخ الباهر، ص١٣٥، الكامل، ٧٠٤/٨، ٢١٢/٩، ٤٤٧، الروضتين، ٢٧/٢.

(٢) وفيات الأعيان، ٥٠٠/٢، أربيل في العهد الأتابكي، ص٦١-٦٢.

(٣) التأريخ الباهر، ص١١٢-١١٣، الكامل، ١٢٢/٩، الروضتين، ٣٢٥/١.

(٤) الكامل، ٣٠٤/٩، ٣٢٧، مفرج الكروب، ٩٣/٢، الغساني، العسجد المسبوك، ص١٨٠.

(٥) الكامل، ٣٠٤/٩-٣٠٥.

لەوێ نیشتەجێ بووە و ماڵی پێکەوەناوە، بە بەڵگەی ئەوەی شێخ بوزانی کوڕی سونقر(٥٧٧_٦٢٢ك/١١٨٢_١٢٢٥ز) لەدایکبووی قەڵای شوشە[1].

بەڵام کاربەدەست و فەرمانڕەوای دەستڕۆیشتووی موصڵ و هەولێر و جەزیرەی بۆتان و شارەزور و ئاکرێ و داقوق، تەنها ئەتابەگ مجاهد الدین قایماز بوو لە هەولێر[2]، کە بە هاریکاریی جێگرەکانیەوە سەرپەرشتیی بەڕێوەبردنی مەملەکەتەکەی دەکرد و نە عز الدین مەسعودی زەنگی لە موصڵ و نە زین الدین یوسفی کوڕی زین الدین عەلی کوچەك(٥٦٦_٥٨٦ك/١١٧٠_١١٩٠ز) لە هەولێر دەسەلاتێکی ئەوتۆیان هەبوو[3].

دوای مردنی نور الدین ئەرسەلانشاهی زەنگی(٥٨٩_٦٠٧ك/١١٩٣_ ١٢١٠ز)، هەردوو قەڵای ئاکرێ و شوش دران بە عماد الدین زەنگیی کوڕە بچووکی و زاوای مظفر الدین گوکبوری[4].

سەنجەرشاە تا کوژرانی لە ساڵی ٦٠٥ك/١٢٠٨ز، خاوەندی جەزیرەی بۆتان بوو، هەرچەند عز الدین مەسعودی مامی ساڵی٥٨٧ك/١١٩١ز لە موصڵەوە پەلاماری جەزیرەی دا و بە ناوبژیی سوڵتان صلاح الدین نیواونیو بەشیان کرد، پاشان بۆ ماوەی پتر لە چل ساڵ (٦٠٥_٦٤٨ك/١٢٠٨_١٢٥٠ز) بە میرات بۆ کوڕێکی دیکەی بە ناوی معز الدین مەحمود مایەوە، مەحمود دۆست و هەواداری ئەیوبیییەکان بوو و خۆشی بەچارەی کوڕە مامەکانی ناهات.

داگیرکاریی تورکان نەك تەنها شارە گەورەکان و قەڵا گرنکەکان، بەڵکو گوند و دێهاتەکانیشی گرتەوە، گوندی کوێران- کورانی نزیك هەولێر کە ملوکی بنەماڵەی کوڕ- کووڕ یان کوێر بوو و پشتاوپشت بۆیان مابۆوە و بە ناوی خۆیانەوە دەناسرا، کەوتە دەست میرە تورکەکان، لەو قەواڵەیەی کەوا ئەبوبەکر محەمەدی کوڕی ئیبراهیمی شنۆیی(م:پاش٥٢٣ك/١١٢٩ز) خوتبەخوێنی گوند نوسیوویەتی، ئەو راستییە بەراشکاوی

---

(١) المنذري، التكملة لوفيات النقلة، ١٤٢/٣.

(٢) دەربارەی مجاهدالدین قایماز بڕوانە: أربيل في العهد الأتابكي، ص٦٠–٦٥.

(٣) التأريخ الباهر، ص١٧٧، ١٨٣–١٨٤، الكامل، ٣٥٥/٩.

(٤) الكامل، ٦١٨/٩–٦١٩، الأعلاق الخطيرة، ٢٢٩/٣–٢٤٣، إبن خلكان، وفيات الأعيان، ٢٠٨/٥.

روون دەبـێتەوە کە چۆن خاوەندارێتی گوند لە ماڵباتی کۆیر، واتا لە کۆرە و خلەـ خدر و کوڕە و موسەکەوەـ ئەمانە کوردنـ کەوتۆتە دەست بەندەی تورکی لە وێنەی سندەمر و تەواشی یەرنقشی زەینی تۆکەری زین الدین عەلی کوچەك[1].

## ٦٥ـ بڵاوبوونەوە و نیشتەجێبوونی تورکمان:

یەکێکی دی لە ئەنجامەکانی گرتنی کوردستان و لەناوبردنی قەوارە خۆجێهیەکان لە لایەن سەلجوقییکانەوە، ئەوەبوو کە گەلێك هۆز و خێڵ و تیرە و وچاغی تورکمان، لەوانەی لە خزمەت سوڵتانەکان و گەورە فەرماندەکان بوون و هەر بە یاوەریی ئەوانیش بە جیهانی ئیسلامی دا بڵاو بوونەوە، لە دەشت و کێو و دێهاتی و کوردستان گیرسانەوە و زێد و نیشتمانی هۆزە کوردەکانیان کردە پاوەندی خۆیان، تا لە سەدەی٦ك/١٢ز دا وای لێهات گۆشە و کەلێن و دەشتودەر نەما تورکمانی لێ نەبێت و لەژێر سایەی شاهانی سەلجوقی و ئەتابەگەکانیان و پشتیوانی و ئاسانکاریی بەردەوامیان، سەردارانی تورکمان هەردەم گوشاریان دەخستە سەر دانیشتوانی ناوچەکانی بن دەسەڵاتیان و هەریەکەو بۆخۆی چەند قەڵا و دەڤەرێکی لە میرە کوردەکان زەوت کرد و قەوارەیەکی سەربازیی بنیادنا و تەواو کۆنترۆڵی زۆربەی قەڵا و شوراکانی گەرمیان و شارەزور و هەولێریان کرد، سوڵتانی سەلجوقی نەك هەر چاوی لەم زێدەگاڤیانە دەپۆشی، بەڵکو پشتگیریی دەکردن تا چ قەڵا و بازێڕ هەیە بیخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە. شاعیر قەترانی تەبریزی، لە چەند قەصیدەیەکدا گوزارشت لەو ستەم و زۆرداریە دەکات کە دوچاری خەڵکی ئازەربـیجان هاتووە بە دەست غەززو تورکی سەلجوقی و سکاڵا لە دەست بەڵا و ئافەتی تورکمان دەکات[2].

---

(١) "ونقلت من خطه– رحمه الله– أسماء المقطعين لبيت كور، أولهم خل بن أبي الحسن، ثم بعده أخوه مروان بن أبي الحسن، ثم بعده أخوه كر بن أبي الحسن، ثم بعده محمد بن لجيم بن موسك، ثم بعد أخوه أبو علي بن موسك ثم بنو نجدة، ثم الحاجب وسوان ثم إبن الأمير أبو الحسن ثم الأمير موسك ثم القاضي الرشيد، ثم محمد سرج، ثم الأمير ابن الأمير سندمر ثم الأمير فيرك، ثم الطواشي برنقش الزيني، والخطيب بها محمد بن إبراهيم بن الحسين بعد أبيه إبراهيم"، تأريخ أربل، ٧٢/١.

(٢) كسروى، شهرياران گمنام، ص٢٣٠.

سالی٤٥٧ک/١٠٦٥ز شەپۆلێکی تورک- تورکمان ملیان بە وڵاتی شێروانەوە نا و دەستیان لە کەلوپەل و دەوار و ماڵاتی رەوەندانی کورد نەپاراست و وەك نوسەری مێژووی دەربەند دەڵێت تاڵانییەکی زۆریان لە(الصامت والناطق) کۆکردەوە(١).

تورکمان سەرچاوەی نائارامی و ئاڵۆزی بوون لە ناوچەکە و بەیناوبەین دانیشتوانیان ئازاردەدا و ماڵ و سامانی خەڵکیان دەکردە ئامانج و پێشیان بە رێبواران و بازرگانان دەگرت و دەیان رووتاندنەوە، کاربەدەستانی خیلافە لە ئاست ئەم سەرپێچی و دەستدرێژیانە، جاروبار دەهاتنە دەنگ، سالی٤٩٨ک/١١٠٥ز ئیلغازیی کوڕی ئەرتوق بەرپرسی بەغدا، بەلکی کوڕی بەهرامی برازای ناردە سەر تورکمانەکانی ولایەتی رێگای خوراسان- ناوچەکانی حلوان و خانەقین- و سەرکوتی کردن(٢).

قەرەبولیی سەرداری تورکمانی سولغوری بە خێڵەکەیەوە هاتبووە شارەزور و دەگەڵ میر سورخابی کوڕی بەدرا لەسەر لەوەڕگا بوو بە شەڕو هەرایان، سورخاب رێگای نەدەدا بهێنە ناو لەوەڕگاکانی شارەزورەوە و ژمارەیەکی لێکوشتن، ئەویش هاواری بۆ تورکمان برد و دەستە دەستە بەهانایەوە چوون و لە دەوری خڕبوونەوە و زیانێکی کوشندەیان لە سورخاب دا و نزیکەی دوو هەزاریان(!) لە لایەنگرانی کوشت و ناچاریان کرد بە بیست کەسەوە هەڵبێت بۆ نێو هەڵەموت و کێوەکان، تورکمانی سولغوریش قەڵای خوفتیدەکان و دەوروبەریان داگیر کرد و تا سالی ٤٩٥ک/١١٠٢ز بەدەستیان مایەوە و تەنها بازێڕی شارەزور و داقوقیان بۆ هێشتەوە(٣).

قەرەبولی و خێڵەکەی بۆ ماوەیەکی درێژ لە کوردستان مانەوە، تا ئەو رادەیەی ناوچەیەکی نێوان کۆیە و کەرکوك و شارەزور بە ولایەتی قەرەبولی یان دەربەندی قەرەبولی ناوزەد کرا و تا سەدەی٨ک/١٤ز هەر بەو ناوە دەناسرا، کە پێدەچێت دەربەندی گۆمەسپان یان دەربەندی بازیان بێت(٤).

---

(١) فصول من تأريخ الباب، ص١٢.

(٢) الكامل، ٨/٤٨٠.

(٣) الكامل، ٨/٤٤٧-٤٤٨.

(٤) الراوندي، راحة الصدور، ص٢٣٣، ٢٨٣، الحسيني، زبدة التواريخ، ص٢٢٠، ٢٥٥، مسالك الأبصار، ٣/٢٦٢.

له لایەکی دیکەوە، قەرەبولی نێوانی دەگەڵ میرانی میهرانی دا خۆش و دۆستانە بوو و تێکەڵی و خزمایەتی کەوتە نێوانیانەوە و حەسنە- حوسنە خاتونی کچی دا بە میر ئیبراهیمی میهرانی خاوەندی قەڵای جەڕاحیە و لەوە دەچێت ئەم ژنە زوو- ساڵی ٤٩٨ك/١١٠٥ز-مردبێت[1]، چونکە ئیبراهیمی مێردی تا ناوەڕاستی سەدەی٦ك/١٢ز مابوو و وەك پێشتر باسکرا، پیاوێکی خوداناس و دیندار و موریدی شێخ عەدیی هەکاری بوو و لەو ساڵەدا رابوو گڵکۆیەکی لەبان گۆڕی حەسنەی هاوژینی و مزگەوتێکی لە موصلْ بنیادنا، دواتر خۆیشی دەنێو گڵکۆکە نێژرا و ناویان لەسەر کەڤرێکی رەش هەڵکۆڵراوە[2].

بە مردنی سورخابی کوڕی بەدر، دوا میری پایەداری عەننازی لە ساڵی٥٠٠ك/١١٠٧ز، هیچ پەرژینێك نەما پێش بە تەکان و تەوژمی تورکمان بگرێت لە شارەزور و گەرمیان، لەوانەش تورکمانی ئەیوائی.

ئەیوائی یان ئەیواقی هۆزێکی هەرەمەزنی تورکمانە و ناودارترینیانە لە کوردستان،لە نیوەی یەکەمی سەدەی ٦ك/١٢ز دەرکەوتن و لە ناوچەگەلێك بڵاوبوونەوە، لە سەڵماس و ئورمێەوە تا قەصری شیرین و خانەقین و مەندەلی و پانتاییەکی فراوانیان پاوەن کرد و چەندین قەڵا و دێهاتیان لە میرە کوردەکان ستاند و بە ئارەزووی خۆیان و بێباکانە لە دینەوەر و هەمەدانەوە تا حلوان و شارەزور تەراتێنیان دەکرد، تەنانەت شوێنی نیشتەجێبوونیان بە وڵاتی ئەیوائی(بلاد الأیوائیة) ناودەبرا[3].

قەفجاقی کوڕی ئەرسەلانتاشی سەرداری تورکمانی ئەیوائی، قەڵای کەرخینی- کەرکوکی کردبووە بارەگای خۆی و زۆربەی قەڵا و شار و دێهاتەکانی شارەزور و گەرمیانی بۆ خێڵەکەی پاوان کردبوو و قەوارەیەکی پتەوی پێکەوە نابوو، تورکمان لە هەموو کون و کەلەبەرێکەوە هاتن و لە دەوری گردبوونەوە و بوونە بەندە و ملکەچی و لە ئاخافتنی دەرناچوون و فەرمانڕەوایانی

---

(١) یان دەبێت ساڵی بنیادنانی گڵکۆ و مزگەوتەکە بە دروستی نەخوێندرابێتەوە.

(٢) دەقی نوسینەکە"...هذا المسجد الذي عمره الأمير إبراهيم الجراحي و هذه التربة المجاورة له تربة حسنة خاتون بنت القرابلي رحمة الله عليها و على إبراهيم الجراحي..." سعيد الديوەجي، الموصل في العهد الأتابكي، ص١٥٩-١٦٠، کاروان عبدالعزيز، الکُرد المهرانية، ص١٦٦-١٦٧.

(٣) مجهول، تأريخ دولة الأكراد، ص٣٠٤.

دەوروبەری لێی دەسڵەمینەوە و ناوێران توخنی بکەون، تا ساڵی ٥٣٤ك/١١٣٩ز عمادالدین زەنگی بۆ جاری دووەم هەڵی کوتایە سەریان و سنورێکی بۆ دانان و سوپایەکی نارده سەریان و قەفجاقیان شکاند و بڵاوەیان بە هێزەکەی کرد و یەك یەك قەڵا و شوراکانیان لێسەندن، ئەویش ورەی بەردا و خۆی بەدەستەوەدا[1].

پاشان زەنگی بە شێوازێکی جیاواز سەرەدەریی دەگەڵ ئەم کێشەیە کرد و سیاسەتێکی وای پیادەکرد کە هەم تا رادەیەك لەکۆڵ خۆی کردنەوە و شارەزوری لێ پاك کردنەوە و هەم بەکاری هێنان بۆ شەڕی خاچهەڵگران، ئەوەبوو ژمارەیەکی زۆری لێ گواستنەوە و لە ولایەتی حەلەب نیشتەجێی کردن و داوای لێکردن بە جەنگی جیهاد رابن، (ابن الأثیر)ئەم کارەی بە بەڵگەی زیرەکی و دوربینیی زەنگی هێناوەتەوە[2].

ئەم سیاسەتەی زەنگی نەبووە مایەی لەبەینبردنی هەژموونی ماڵباتی قەفجاقی ئەیوائی، عز الدین حەسەنی کوڕەزای قەفجاق لە باپیری شەڕانیتر بوو، شارەزور و گەرمیانی گرتەوە و قەڵای کەرخینیی کردە بارەگا و بە میری چییاکان ناودەبرا و رەزامەندیی خیلافەشی مسۆگەر کرد و کەرخینیی بە ئیقتاع وەرگرتەوە و داڵدەی توغرلی سێهەمی دوا شاهی سەلجوقیی دا و پشتیوانیی لێکرد و خوشکێکی خۆی پێدا، بە هیوای ئەوەی بە ناوی ئەوەوە ببێتە شاهی راستەقینەی سەڵتەنەتی سەلجوقی[3].

حەسەنی ئەیوائی بەردەوام چەتەیی دەکرد و ئاژاوەی دەنایەوە و رێبواران و کاروانیانی تاڵان دەکرد، ساڵی ٥٨٥ك/١١٨٩ز بە یاوەریی توغولی سێهەم و بە دەیان هەزار تورکمانەوە روویان کردە شنۆ و ئورمێ و خوی و سەڵماس و کەوتنە وێرانکاری، تا ئەتابەگ قزل ئەرسەلانی ئیلدگزی لێیان هاتەدەست و گورزێکی کوشندەی لێدان و گەلێکی لێ کوشتن و پەرتەوازەی کردن و رەشماڵ و دەوار و مەڕ و ماڵاتیی بە دەستکەوت گرتن و پاشماوەیان کشانەوە بۆ کەرکوك[4].

---

(١) الکامل، ٨/٧٥٥.

(٢) التأريخ الباهر، ص٨٠، أبو شامة، الروضتين، ١/١٨٥.

(٣) ابن شداد، النوادر السلطانية، ص٣٤١، إبن الفوطي، مجمع الآداب، ١/١٥٤–١٥٥.

(٤) راحة الصدور، ص٣٥٦، ٣٦٢، زبدة التواريخ، ص٢٩٦– ٢٩٧، تأريخ دولة الأكراد، ص٢٢٣.

مظفرالدین گوگبوریی ئەتابەگی هەولێریش، لە ئاست گێچەڵ و لاساریی تورکمانی ئەیوائی بێدەنگ نەبوو، ساڵی٥٨٧ك/١١٩١ز بانگهێشتی حەسەنی ئەیوائیی کردە هەولێر و دەستگیری کرد، خەلیفە(الناصر لدین الله:٥٧٥- ٦٢٢ك/١١٧٩- ١٢٢٥ز) ئەم رەفتارەی بەدڵ نەبوو، لە نامەیەکی سکالاّئامێزدا بۆ سوڵتان صلاح الدین پەستی و گازندەی خۆی لە ئاست هەڵسوکەوتی گوکبوری دەربڕی و داوای لێکرد فرمان بدات میری ئەیوائی ئازاد بکات و کەرخینیی پی بداتەوە، سوڵتانیش لە بەرسڤنامەیەکدا کارە نابەجێیەکانی میری ئەیوائیی بۆ خەلیفە روون کردەوە و پەیمانی پێدا لە گوکبوری دەخوازێت دەگەڵ خۆی بیهێنێت بۆ شام تا لە ریزی سوپای موسڵمانان رێك بخرێت و بەشداری شەڕی جیهاد بکات[1].

تورکمان دەشتی هەولێریشیان بە دەردی شارەزور و گەرمیان برد، کۆچەرانی تورکمان لە مێرگ و پاوەندەکان دا بلاّوبوونەوە و رەشماڵیان هەڵدا، تورکمانی بابەکری[2] جەماعەتی میر بابەکری کوڕی میکائیل بە مەبەستی دەستخستنی پاوەند و لەوەڕگا، بە مەڕ و ماڵاتەوە لە دەشتاییەکانی دەوروبەری هەولێر هەواریان هەڵدا، میری هەدبانیی خودانی هەولێر پێشی لێگرتن و بلاّوەی پێکردن و تالاّنی کردن، پاشان تورکمان لە دژەهێرشێکدا میری هەدبانییان بەزاند و هەولێریان گرت و بۆ ماوەی سێ ساڵان(٥١٧-٥٢٠ك/١١٢٣-١١٢٦ز) حوکمی شارەکەیان کرد و برازایەکی بابەکر بە فەرمانڕەوا دانرا[3]، لەو ماوەیەدا ستەمکارانە هەڵسوکەوتیان دەگەڵ خەڵکەکەی کرد و بە باج و موڵکانە باریان گران کردن و ژمارەیەکی زۆریان ناچار کرد هەڵبهێن بۆ گوندی منارە- عیسالاّن و پەنا ببەن بۆ پیاوچاك عیسای کوڕی لاڵ[4].

زین الدین عەلی کوچەکی بابی گوکبوری بەخۆیشی لە بنەڕەتدا سەرداری خێڵێکی کۆچەریی تورکمان بوو، بە دەستوپەیوەند و ئەسپ و دەوار و مەڕ و ماڵاتەوە لە مێرگوزاری نغاتووەوە

---

(١) النوادر السلطانية، ص٣٣٢، ٣٤١- ٣٤٢، الكامل، ٤٤٧/٩، الروضتين، ٣٨/٤.

(٢) پێشتر وا دەزانرا بابەکری کوڕی میکائیل کوردە، هەرچەند ناویشی لە ناوی سەرانی تورکمان ناچێت کە وشە و دەستەواژەی تورکی بوون.

(٣) الكامل، ٦٥٢/٨، تأريخ ابن ابي الهيجاء، ص٢١٨.

(٤) ابن المستوفي، تأريخ أربل، ٢٧٣/١.

کۆچی کرد و له خاکی هەولێر گیرسایەوە[١]. هەروەها به خوێندنەوەی ژیاننامەی دوو شاعیری تورکنەژادی هەولێری: حسام الدین حاجری(م:٦٣٢ك/١٢٣٤ز) و ئەحمەدی کوڕی قرتایا(م: ٦٥٥ك/١٢٥٧ز)، دەردەکەوێت که تورکمان له دەشت و دێهاتەکانی هەولێریش بڵاوبوویبوونەوە، جبرائیلی باپیرەگەورەی حاجری گوندی جبریلئابادی ئاوەدان کردۆتەوە، قرتایاش گوندی رایاتی بەدەستەوە بووە له دەربەند، کەچی ئەحمەدی کوڕی یەرنقش(م:٦١٥ك/١٢١٨ز) موڵکدارێکی گەورە بوو له شنگار[٢].

پەرچەمی[٣] ئەیوائی یەکەم رێبەری ناسراوی بنەماڵەیەکی دیکەی تورکمانی ئەیوائیە و له ناوەڕاستی سەدەی ٦ك/١٢ز له هەرێمی چیيا سەری هەڵدا، داروده‌سەتەکەی وەك سەرجەم تورکمانەکان، زێدەگافی و سەرپێچییان دەکرد و گرفت و کێشەیان بۆ خیلافەی عەباسی و ئەتابەگییەی زەنگی و ئەتابەگییەی ئیلدگزی و میرە کوردەکان دەنایەوە، کار بەوە گەهیشت خیلافە ساڵی ٥٥٣ك/١١٥٨ز (منكبرس المسترشدي)ی راسپارد سزایان بدات، ئەویش چووە سەریان و تێکی شکاندن و ژمارەیەکی لێ کوشتن و ژمارەیەکی لێ بەدیل گرتن و کەلەسەری کوژراوەکان و دیلەکانی بردەوە بەغدا[٤].

گۆبەندی تورکمانی پەرچەمی ئەیوائی گەهیشتە هەمەدان و دینەوەر و لەوێش کەوتنە چەتەیی و راوەڕووت و ئازاردانی گوندنشینان و کاروانیان، ئەتابەگی ئازەربیجان ئیلدگز ساڵی

---

(١) القاشاني، تأريخ أولجايتو، ص١١٠.

(٢) إبن الشعار، قلائد الجمان، ٢٤٢/١، ٢٦٨، ٢٨٤/٥.

(٣) پەرچەم له دەقه عەرەبییەکاندا به (برجم) هاتووە و له هەندێکی شێوێنراوە بۆ (ترجم)، کاشغەری(م:٤٦٦ك /١٠٧٣ز) له کتێبی (دیوان لغات الترك) دەڵێت پەرچەم به زمانی تورکه غوزەکان پارچەیەکه له ئاوریشم یان له کلکی چێڵی کێوی، جەنگاوەران له کاتی جەنگدا دەیانپۆشی، محمد عبدالوهاب قزوینی، دوڤچوونێکی وردی دەربارەی تورکمانی ئەیوائی و سلێمانشاهی کوڕی پەرچەم نوسیووە، بڕوانه: تأريخ جهانگشای، ٤٥٣/٣– ٤٦٣.

(٤) الكامل، ١٣٥/٩.

٥٦٨ك/١١٧٢ز لێیان هاتەدەست و کەوتە گیانیان و پەرتەوازەی کردن و تا نزیك بەغدا راوی نان[١].

فخرالدین ئیبراهیمی کوڕی پەرچەم، ساڵی٥٩٥ك/١١٩٩ز بە رەزامەندیی خیلافە کرا بە میری ئەیوائی و چەند شارێکی بۆ دابڕدرا، دوای کوژرانی لە ساڵی٦٠٠ك/١٢٠٤ز، بە دەستی باتنییەك ، پەرچەمی کوڕی مەحمودی کوڕی پەرچەم کە دەبێتە برازای، شوێنی گرتەوە، دواتر رێبەرایەتی تورکمانی ئەیوائی کەوتە دەست شهاب الدین سلێمانی کوڕی پەرچەم کە مەزنترین و ناسراوترین میری ئەیوائیە و بە سلێمانشاە دەناسرا، خیلافە خەڵات و شیر و پۆشاکی میرایەتی و دە هەزار دیناری بۆ تەرخان کرد، لەو دەمەوە تا کوژرانی لە نسکۆی

بەغدا ساڵی٦٥٦ك/١٢٥٨ز میر و رێبەری تورکمانی ئەیوائی بوو[٢].

گێچەڵ و هەژموونی بەرەبابی پەرچەمی ئەیوائی، خەلیفە و بەرپرسانی بەغدای هەراسان کردبوو و دەستیان بەسەر زۆربەی ناوچەکانی گەرمیان و شارەزور و حلوان دا گرتبوو و بەخشیبوویانە کەسوکار و لایەنگرانیان، هەر لە دەرئەنجامی باڵادەستییان، وڵاتی لیحف بە ئیقتاع درابووە توغرلی ناصری کە خەزوری ئیبراهیمی کوڕی پەرچەم بوو و داقوق و تکریتیش ئیقتاعی سونقور(سنقر الطویل: م٥٩٦ك/١٢٠٠ز)ی زاوای سلێمانشاهی ئەیوائی بوو[٣].

لەمەش زیاتر، ناوچەکانی بن دەستی ئەم بنەماڵە تورکمانە بە وڵاتی(ابن برجم) ناودەبرا[٤]، کاتێکیش شار و ناوچەکانی رۆژئاوای هەرێمی چییا دابڕێنران و ولایەتی کوردستانیان لێ پێکهێنرا، سلێمانشاهی ئەیوائی کرایە یەکەم والیی ئەم ولایەتە نوێیە نەك کوردێك و بارەگاکەشی قەڵای وەهار- بەهار بوو لە باکوری هەمەدان[٥] کە لەو دەمانە بە هەمەدانی تورکمان ناودەبرا[١].

---

(١) الكامل، ٢٦٥/٩.

(٢) ابن الساعي، الجامع المختصر، ص١٣٠، ٢٦٤، ابن الفوطي، مجمع الآداب، ٥١٥/٢، الغساني، العسجد المسبوك، ص٦٣٤.

(٣) رۆژێکیان وشەی دەقوق لە زاری (سنقر الطویل) دەرچوو و دەقوق بە تورکی واتا مریشك، خەلیفە (الناصر) وا تێگەهیشت داقوقی دەوێت و یەکسەر بۆی دابڕی. مؤلف مجهول، کتاب الحوادث، ص٢٥٦–٢٥٧.

(٤) الكامل، ٦٣٦/٩.

(٥) قزوینی، نزهة القلوب، ص١٦٢.

هەر سلێمانشاه و تورکمانی ئەیوائی بوون ساڵی ٦٤٢ك/١٢٤٤ز لەگەڵ میر خەلیلی کوڕی بەدری کورد خاوەندی لوڕستانی باکور بەشەڕ هاتن و کوشتیان[٢].

تورکمانی ئەیوائی گەهیشتنە ئازەربیجانیش و بۆ جارێکی دی دایان بەسەر شنۆ و ئورمێدا و داگیریان کرد و ناو بەناو هەڵدەستان بە چەتەیی و ڕێبڕی و هەڕەشەکردن لە ڕێبواران و سەپاندنی باج و موڵکانە بەسەر دانیشتواندا و تاڵانکردنی کەلوپەل و کاڵای بازرگانان، تەنها لە یەك کاروانی بازرگانی دا بیست هەزار سەر پەزیان بەتاڵان برد، جلال الدین منکەبرتی لە لاساری و دەستدرێژیی بەردەوامیان جاڕست بوو و ساڵی ٦٢٣ك/١٢٢٦ز کوتوپڕ هەڵی کوتایە سەریان و پەرتەوازەی کردن و سەر و سامانی تاڵان کردن[٣].

قشیالو- قشتیالو خێڵێکی دیی تورکمانە و هاتە وڵاتی هەولێر، سەردارێکیان بە ناوی شمس الدین صونج کۆمەڵێك تورکمانی لەخۆ کۆکردبووەوە و پشێوی دەنایەوە و بێترس ڕێگری و راوەڕووتی دەکرد و ساڵی٦٢٧ك/١٢٣٠ز دەستدرێژیی کردە سەر میر عز الدینی حەمیدیی بەرپرسی قەڵای سارو(؟)[٤] و لەپڕێکدا کوشتی[٥] و قەڵاکەی داگیر کرد و هەندە تورکمانی شەڕکەر و چاونەترسی دەگەڵ بوو و قەڵای ساروش هەند قایم و سەخت بوو، مظفرالدین گوکبوری چەندی کرد نەکاری لە چنگیان دەری بهێنێت و نائومێدانە بۆی بەجێهێشتن[٦].
ئەقشەر هۆزێکی دیکەی تورکمانە لە داقوق جێگیر بوون[٧].

---

(١) تأريخ أربل، ٥/١٥٥.

(٢) كتاب الحوادث، ص٢٢٩–٢٣٠.

(٣) الكامل، ٩/٧٦٣–٧٦٤، تأريخ دولة الأكراد، ص٣٦٤.

(٤) نازانرێت دەکەوێتە کوێندەرەوە و دەبێت لە چیاکانی نێوان ئاکرێ و رواندوز بێت.

(٥) میر عز الدین محەمەدی حەمیدی لە گەورە میرانی هەولێر و پیاوە نزیکەکانی گۆگبوری بوو و تا ساڵی ٦٣٥ك/١٢٣٧ز هەر مابوو، ئەوجا نازانین(إبن الأثير) سەهوی کردووە و میری حەمیدی نەکوژراوە یان دوو میری حەمیدی هاو ناسناو هەبوون.

(٦) الكامل، ٩/٧٩٠، ابن واصل، مفرج الكروب، ٤/٣٠٩.

(٧) تأريخ أربل، ٥/١٦١.

تورکمانەکانی کوردستان زیاتر رەوەند و پەز لەوەڕێن بوون و بە مەماڵاتەوە بە دووی پاوەند و لەوەڕگادا دەگەڕان و شانبەشانی رەوەندانی کورد، گەرمیان و کوێستانیان دەکرد[1] و دوندی کێوەکان و هەرد و کەژە بەرزەکانیان کردبۆوە بارەگای خۆیان و هەر گافێك تەنگاو بکرانایە بەرەو بارەگاکانیان هەڵدەکشانەوە و خۆیان حەشاردەدا و هەر جێگایەکیان لەکن پەسند و لەبار بوایە بارگە و رەشماڵیان تیا هەڵدەدا و تەنگیان بە رەوەندانی کورد هەڵدەچنی، ئەوانیش پێشیان پێدەگرتن و بۆسەیان بۆ دەنانەوە، ئەم هەلومەرجەش جاروبار گرژی و لێکدانی لێدەکەوتەوە و خوێنی تێدا دەڕژا، هەردوو لا بە چاوی دوژمن لە یەکدییان دەڕوانی و روداوێکی لاوەکی دەبووە هۆکاری بەرپابوونی شەڕێکی گشتگیر لە نێوانیاندا. لە ئاکامی کێشەیەکەوە لە ساڵانی(٥٨٠_٥٨١ك/١١٨٤_١١٨٥ز)، شەڕ و کوشتارێکی بەربڵاو لە نێوان کورد و تورکمان هەڵگیرسا و هەشت ساڵ درێژەی کێشا و زۆربەی دەڤەرەکانی کوردستانی تەنیەوە لە نەصیبین و تورعابدینەوە تا موصڵ و لە شارەزورەوە تا زۆزانەکانی خەلات و هەکاری و ئازەربیجان و ژمارەیەکی زۆر لە هەردوو لا بەکوشت چوون، تا مجاهدالدین قایماز ئەتابەگی هەولێر و موصڵ سەرانی هەردوو لای گازکردە هەولێر و پێکی هێنانەوە[2].

سەرچاوە سریانییەکان، زانیاریی وردتر لەمبارەیەوە ئاشکرا دەکەن و کارەساتەکە رونتر دەخەنەڕوو[3] و دەگێرنەوە کە تورکمان دەستەدەستە بە دەشت و کێوەکاندا دەسوڕانەوە و بێ بەزەییانە و بەبێ هۆ، ژن و پیاو و گەورە و بچووکی کوردان و هەر کەسێکی دیان بکەوتایەتە دەست دەیان کوشت و چ گوندێکیان تووش بهاتایە کاولیان دەکرد و زۆر گوندی کوردنشینیان

---

(١) ئەم دیاردەیە تا سەردەمی عوسمانیش هەر بەردەوام بوو، بڕوانە: روزنامە سفر سلطان مراد چهارم بە إیروان و تبریز، ترجمة أز ترکی عثمانی د.نصرالله صالحی، إنتشارات طهوری (تهران:١٣٩٠هـ.ش)، ص١٤٥، أوليا جلبي(ت: ١٠٦٧هـ/١٦٥٧م)، رحلة أوليا جلبی في كُردستان، الترجمة العربية:رشيد فندي، مطبعة خاني(دهوك: ٢٠٠٨)، ص١٨٩–١٩٠.

(٢) العماد الاصفهاني، البستان الجامع، ص٤٢٢، ٤٢٥، إبن شداد، النوادرالسلطانية، ص١٤٦، الكامل، ٣٧١/٩.

(٣) مێژوونوسی نەناسراوی خەڵکی روها لە ژێر ناونیشانی (ئەو جەنگەی وا تورکمان لە دژی کوردان بەرپایان کرد) لەمەڕ ئەم رووداوە دواوە، تأريخ الرهاوي المجهول، ص٢٢٥.

کوێر کردەوە و چیبابەدەریان کردن، کوردان نەدەوێران بە ئاشکرا خۆیان دەربخەن و ماڵ و منداڵ و سامان و ماڵاتیان لە گوندە مەسیحیەکان شاردبۆوە، ئەمجا تورکمان کەوتنە گیان ئەو گوندە مەسیحیانەی وا داڵدەی کوردانیان دابوو و ماڵ و کەلوپەلیان بۆ هەلگرتبوون و ئەوانەی دەرباز بوون لە شارەکان گیرسانەوە[1].

پێدەچێت پەرەسەندنی گێچەڵ و زۆرداریی تورکمان لە کوردستان بە شێوەیەك لە شێوەکان لە دەرکەوتنی صلاح الدینی ئەیوبی و دێژبوونەوەی سنوری دەوڵەتەکەی بۆ موصڵ و کوردستان سەرچاوەی گرتبێت، رۆژهەڵاتناس هاملتۆن گیب(١٨٩٥-١٩٧١) لەمبارەیەوە دەڵێت:

"صلاح الدین تورك نەبوو کورد بوو، لە دەمێکدا تورکەکان کینیان لە هەموو نەتەوە موسڵمانەکانی دی دەبووەوە و بەکەمیان دەزانین، بە هۆی ئەو هەستکردن بە لوتبەرزی و لەخۆباییبوونەی کە دابونەریتە سەربازییەکانیان لە ناخیاندا چاندبووی و بەهۆی پاوەندکردنی دەسەڵاتیش لە رۆژهەڵاتی ئیسلامی لە لایەن میرەکانیانەوە، ئەوا بە چاوێکی پڕ لە کەرب و سوکایەتیەوە دەیانڕوانیە دەرهاوسێیە کوردەکانیان"[2].

ئەم بۆچوونەی گیب لە جێگای خۆیەتی، ئەوەتانێ مێژوونوسێکی خەڵکی روها دەگێڕێتەوە کە تورکمانەکان بۆ ئەوەی چۆك بە کوردەکان دابدەن و ورەیان بڕوخێنن دەنگۆی ئەوەیان بە گوێیاندا دەدا کە گوایە سوڵتان صلاح الدین مردووە[3]. لەو رۆژەوە تورکمان بە یەکجاری لە کوردستان نیشتەجێ بوون و تا دەهات رێژەیان زیادی دەکرد.

---

(١) تأريخ ميخائيل السرياني، ٣/٣٦٧- ٣٦٨، تأريخ الرهاوي، ص٢٢٥.

(٢) صلاح الدين الأيوبـي، ص١٩٠.

(٣) تأريخ الرهاوي، ص٢٢٥.

# بەشی شەشەم

# کورد و کوردستان لە کۆتاهی سەردەمی عەباسی

# (٥٧٥_٦٥٦ك/١١٧٩_١٢٥٨ز)

## ١٦_ بوژانەوەی خیلافەی عەباسی:

لە ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی کۆچی/دوازدەهەمی زاینیەوە، دەوڵەتی سەلجوقی تا دەهات لاواز و بێدەسەڵات دەبوو و کێشە و ململانێی ناوخۆیی پتر تەشەنەی کرد و تەواو جەستەی دەوڵەتی داتەپاند و وزەی لەبەر بڕی، بە مردنی سوڵتان مەسعود( ٥٢٥_٥٤٧ك/١١٣١_١١٥٢ز)دوا سوڵتانی بەهێزو دەستڕۆیشتوو"شادمانیی بنەماڵەی سەلجوقی نەما" و کەسێکی شیاوی وا هەڵنەکەوت جێگای بگرێتەوە[١].

نابووتبوونی دەوڵەتی سەلجوقی، هاودەم بوو دەگەڵ زیندووبوونەوە و گەشەکردنەوەی خیلافەی عەباسی، ئەوەبوو پۆستی خیلافە بەرەبەرە گوڕوتینی بەبەردا هاتەوە و خەلیفە (المقتفي:٥٣٠_٥٥٥ك/١١٣٥_١١٦٠ز) بە یەکجاری خۆی لە ژێر فشار و چەپۆکی سەلجوقییەکان دەرهێنا و تا رادەیەك شکۆ و باڵادەستیی بۆ بەغدا گەڕاندەوە و چەند سەرکەوتنێکی تۆمارکرد[٢]، بۆیە بە پێشەنگی قۆناغی بوژاندنەوەی خیلافە

هەرچەندە کۆششی بوژاندنەوەی خیلافە بۆ ماوەیەك پەکخرا و خەلیفە تا رادەیەك سەنگ و پێگای خۆی لەدەستدایەوە، بەڵام ئەم رەوشە ئەوەندەی نەخایاند و بۆ جارێکی دی سەروەری و شکۆمەندی بۆ خیلافە گەڕایەوە و لە سەردەستی خەلیفە (الناصر) رابوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیت، کە بە کۆدەنگیی مێژوونوسان خودان کەسایەتیەکی بەهێز و لێهاتووترین خەلیفە بوو لە دەورانی کۆتایی خیلافەدا، لە سەردەمی ئەودا دەوڵەتی سەلجوقی بە یەکجاری لەناو چوو[٤].

ئەوەی لێرە گرنگە و پەیوەندیی راستەوخۆی بە دیرۆکی کوردەوە هەیە، ئەوەیە کە ناوچەگەلێکی کوردستان کەوتنەوە ژێر دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدا و لە لایەن مەملوکە تورکەکان و سەرانی تورکمانی ئەیوائی یەوە بەڕێوە دەبران یان بە ئیقتاع دەبەخشرانە

(١) إبن الأثير، الكامل، ٧٤/٩.

(٢) ابن الطقطقى، الفخري، ص٢٩٧.

(٣) بدري محمد فهد، تأريخ العراق في العصر العباسي الأخير، ص١٥٣.

(٤) ابن دحية، النبراس، ص١٥٦، الفخري، ص٣٠٨.

کەسانی سەر بە خیلافە، نەخاسمە دەڤەرەکانی لوڕستان و شارەزور و داقوق و دەربەندی حلوان کە هاوسنوری عێراق بوون[1]، ئەوەبوو خیلافە مجاهد الدین ئەیازی کوڕی عەبدوڵای ناصریی بە والیی شارەزور دانا[2] و محەمەدی کوڕی سونقور (م:٦٤٤ك /١٢٤٦ز)كە دەبـێتە خوشکەزای سلێمانشاهی ئەیوائی لە جێگای باوکی(سنقر الطويل) بە والی و(مقطع)ی داقوق جێگیر کرا[3] و دواتر بە فرمانی خەلیفە (المستنصر:٦٢٢ـ٦٤٠ك/١٢٢٥ـ١٢٤٢ز) کردرا بە والیی بەشێکی شارەزوریش و زەویوزارێکی فراوانی بۆ دابـین کرا کە داهاتی ساڵانەی سەد هەزار دینار بوو[4]و بەڕێوەبردنی بەشی گەڕێنراوەی چیپاکان بەخشرا بە میر مبارز الدين ئیبراهیمی کوڕی یەحیای عێراقی(؟) کە بارەگای لە ماهسەبتان-ماسبدان بوو و مووچەی ساڵانەی هەزار دینار بوو[5]، هەر لەم سەردەمەدا کوردێك قەڵای ماهکێی لە دەست ئامۆزایەکی دەرهێنا و دروشمی خیلافەی بەرزکردەوە و لە بەغداوە خەڵات و تەشریفی بۆ رەوانە کرا[6].

هاوکات سەردار و کوێخادێ و سەرۆك هۆزەکانی کوردستانیش لە ناوچەکانی خۆیاندا، پلەوپایەی لەشکری و گارگێڕیی رەهایان دەستەبەر کرد و رێزیان لە خیلافەش دەگرت و دانیان دەنا بە سەروەری و پایەبڵندیی خەلیفەی عەباسی و خوتبەیان بە ناویەوە دەخوێندەوە و شانازییان بەوەوە دەکرد کە ئەویش لای خۆیەوە رەزامەندی دەربڕیوە لەسەر رەوایی دەسەڵاتی خۆجێهییان، ئەم پەیوەندیە دۆستانەیە تا هێرشەکانی مەغۆل

(١) بڕوانە: مؤلف مجهول، كتاب الحوادث، ص٦٨، ١٩٧، قزويني، تأريخ گزيده، ص٥٥٢، شرفنامه، ص١٤٢–١٤٤.

(٢) ابن الفوطي، مجمع الآداب، ٣٥٩/٤. شارەزور وڵاتێکی پانوپۆڕ بوو، بەشێکی بە دەست گوگبوری و زەنگییەکانەوە مابوو.

(٣) ابن الساعي، الجامع المختصر، ص١٣، ٢٨–٢٩، كتاب الحوادث، ص٢٥٦–٢٥٧.

(٤) مجمع الآداب، ٢٨٣/٣–٢٨٤.

(٥) مجمع الآداب، ٣٢٢/٤.

(٦) ابن شاهنشاه، مضمار الحقائق،ص٩٠–٩١، الذهبي، تأريخ الإسلام، ٤٦/٤٠.

و داگیرکردنی بەغدا بەردەوام بوو، هەرچەند خیلافە توشی گەلێك مەترسی و نەهامەتی هات و دوای مردنی خەلیفە(الناصر) شکۆی جارانی نەما.

## ٢ـ٦ـ مظفرالدین گوکبوری میری هەولێر(٥٨٦ـ٦٣٠ك/١١٩٠ـ١٢٣٣ز):

مظفرالدین گوکبوری کوڕە گەورەی زین الدین عەلی کوچەکە و دوای مردنی باوکی ساڵی٥٦٣ك/١١٦٨ز شوێنی گرتەوە لە حوکم و ڕێڤەبردنی هەولێر، وەلێ دوای دوو سێ ساڵێك، لە لایەن ئەتابەگ مجاهد الدین قایمازەوە دورخرایەوە و ناچارکرا شار جێبهێڵێت و زین الدین یوسفی برا بچووکی بە میری هەولێر دانرا کە تەنها بە ناو میر بوو، دەنا ئەتابەگ قایماز بە خۆی بەرپرس و فەرمانڕەوا بوو[1].

زین الدین یوسف لە کاتێکدا ساڵی٥٨٦ك/١١٩٠ز بە لەشکری هەولێرەوە بە مەبەستی جیهاد لە خزمەت سوڵتان صلاح الدین بوو، لە ناصیرە[2]نەخۆش کەوت و مرد، دەنگۆی ئەوەش هەبوو گوکبوری ژەهرخواردی کردووە[3].

گوکبوری بێ گوێدان بەم روداوە، داوای لە سوڵتانی ئەیوبی کرد حەڕان و روهای لێوەر بگرێتەوە و لەبرییان هەولێری بداتێ، ئەویش بۆ ڕێگرتن لە دەستێوەردانی مجاهد الدین قایماز و فراوانخوازیی ئەتابەگییەی موصڵ و پتەوکردنی پێگای هەولێر، داواکەی پەسەند کرد و وێڕای هەولێر، شارەزور و پشدەر و خوفتیان و دەربەندی قەرەبولی و وڵاتی قەفجاق- کەرکوك و کۆیەشی بۆ دابڕی[4].

ئەم شوێنانە، لە لایەن جێگران و نوێنەرانی گوگبوریەوە کە پتر لە میرە کوردەکان و نۆکەرە تورکەکان پێکدەهاتن بەڕێوە دەبرا، نۆکەرێکی بەناوی قرتایی کوڕی عەبدوڵا

---

(١) محسن محمد حسین، أربیل في العهد الأتابکي، ص٦٨.

(٢) الناصرة: گوندێك بوو دەکەوتە نێوان تەبەرییە و حەیفاوە و ئێستاش باژێڕێکە لە ئیسرائیل و بە ١٠٥کم دەکەوێتە باکوری قودسەوە.

(٣) بڕوانە: أربیل في العهد الأتابکي، ص٧٩–٨٥.

(٤) الکامل، ٤٤٧/٩، ابن شداد، النوادر السلطانیة، ص٢٥١، مجمع الآداب، ٢٩١/٥.

جێگری بوو له دەربەندی گەورە و رایات و جێگرێکی له کەرخینی- کەرکوك به (الشجاع) ناوی هاتووه[1].

گوکبوری زیاتر له چل ساڵ حوکمی وڵاتی هەولێری کرد و به پێچەوانەی ئەتابەگە تورکنەژادەکانی دیەوە، رۆڵی هەرەمەزنی گێڕا له پێشخستنی هەمەلایەنەی هەولێر و بردیه ریزی بازێڕە زیندوو و ئاوەدانەکانی جیهانی ئیسلامییەوە، مێژوونوسان به درێژی لەسەر ژیان و سەربوردەی راوەستاون و کارە خێرخوازی و خزمەتگوزاریەکانی یان خستۆتەروو[2].

نێوانی گوکبوری و ئەتابەگییەی زەنگی زۆربەی دەم ئەوەندە خۆش نەبوو، ئەوان هەولێریان به موڵکی رەوای خۆیان و به پارچەیەك له ئەتابەگییەی موصڵ دەزانی و بەو چاوە له گوکبوری یان دەڕوانی کە حاکمێکی بیانیە و نوێنەر و دەمڕاستی ئەیوبـییەکانە بەسەر هەولێرەوە و بۆ دژایەتی ئەوان قوت کراوەتەوە، (ابن الأثیر) راست و رەوان دەڵێت:"گوکبوری گرێیەك بوو له گەرووی بنەماڵەی ئەتابەگی، هەرچەندیان دەکرد بۆیان قووت نادرا"[3].

عزالدین مەسعودی کوڕی ئەرسەلانشاهی زەنگی ساڵی٦١٥ك/١٢١٨ز مرد و نورالدین ئەرسەلانشاهی کوڕی کە مێردمنداڵێکی دە ساڵان بوو به شوێنگرەوەی دەستنیشان کرا، بەمەش کاروبار و دەسەڵاتەکان به یەکجاری کەوتەدەست (بدر الدین لؤلؤ:٦١٥-٦٥٧ك/١٢١٨-١٢٥٩ز) کە کەسایەتیەکی زیرەك و زۆرزان بوو، عماد الدین زەنگیی خاوەندی ئاکرێ و قەڵای شوش خۆی به شایستەی جێگرتنەوەی مەسعودی برای دەزانی و هەستی به بەدنیازی (بدرالدین لؤلؤ) کرد و دڵنیابوو لەوەی بەتەمایە پێگای خۆی له موصڵ بچەسپێنێت و ئەمان پەراوێز بخات، ئەوەبوو نارەزایی خۆی دەربڕی و دەستی گرت بەسەر ئامێدی و قەڵاکانی هەکاری و زۆزان و کواشیێ، گوکبوریی

(١) ابن الشعار، قلائد الجمان، ١/٢٦٨، ٤/٣٠٢.

(٢) بڕوانە: سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ص٧٧٨-٧٧٩، أربیل في العهد الأتابكي، ص١٨٧-٢٠٦.

(٣) "وبقي غصة في حلق البیت الأتابكي لایقدرون على إساغتها"، الكامـل، ٩/٤٤٨، مجمـع الآداب، ٥/٢٩١.

خەزوریشی پشتیوانی ئەم هەنگاوەیی کرد، کەچی پاش کەمتر لە سێ ساڵ جێگرانی قەڵاکانی هەکاری و زۆزان کە لە نۆکەرانی تورك بوون، لە دژی ساکاریی سیاسی زەنگی چوونە پاڵ (بدرالدين لؤلؤ) و قەڵاکانیان بەدەستەوەدا، دوای ساڵانێك (بدرالدين لؤلؤ) گەمارۆیەکی درێژخایەنی خستەسەر قەڵای شوش[1]، گەمارۆدراوانیش کە دیتیان فریادڕەسیان نیە و کەس ئامادەنیە رزگاریان بکات، ناچار بە رێککەوتن قەڵاکەیان رادەست کرد و ساڵی ٦٢٢ك/١٢٢٥ز ئامێدی و هورویش گیرانەوە[2].

عماد الدين زەنگییش سەرگەردان و مایەپوچ گەڕایەوە هەولێر و بێوچان لە هەوڵی ئەوەدا بوو میراتی باب و باپیرانی وەربگرێتەوە، گوکبورییش دڵنەوایی کرد و بە دابڕینی شارەزور قەرەبووی کردەوە[3]. کاتێکیش جلال الدين منکەبەرتی ساڵی٦٢٢ك/١٢٢٥ز هاتە ناوچەکە و لە مێرگەکانی شارەزور بارگەی خست، زەنگی خۆی گەیاندێ و تکای لێکرد موصڵی بۆ بستێنێتەوە، لێرەدا دەردەکەوێت کە شارەزور لەم ساڵەوە یان کەمێك پێشتریش بەخشراوە بە زەنگی و تا مردنی لە ساڵی٦٣٠ك/١٢٣٣ز بە دەستیەوە بووە و پاشان بۆ نور الدين ئەرسەلانشاهی کوڕی بە میرات مایەوە کە بە خودانی شارەزور ناودەبرا[4]، ئەوەش بڵێین کە(ابن الساعي: م٦٧٤ك/١٢٧٥ز) کتێبی(المُعلم الأتابكي) بۆ ئەم ئەرسەلانشاهە داناوە[5].

---

(١) شاعیر(عباس بن أبي الفتح الخليلي) لە شیعرێکدا، ئاماژەی بە گەمارۆی شوش داوە:

إذا شوش لم تؤخذ بسيف وأهلها    يظنون أن يأتي العلوج ويسلموا

ابن المستوفي، تأريخ أربل، ٤٠٨/٥.

(٢) الكامل، ٦٦٣/٩، ٧٢٠، ٧٤٩، ابوشامة، الذيل على الروضتين، ١٧٣/٥.

(٣) ابن خلكان، وفيات الأعيان، ٢٠٨/٥.

(٤) ابن نظيف الحموي، التأريخ المنصوري، ص٨٩، وفيات الأعيان، ٢٠٨/٥، مؤلف مجهول، كتاب الحوادث، ص١٣٩، ١٩٤، أربيل في العهد الأتابكي، ص١٢٣-١٢٤.

(٥) معجم الآداب، ٣٢١/٣، الصفدي، الوافي بالوفيات (بيروت:٢٠٠٠)، ٥٩/١، ١٥٩/٢٠، ئەم کتێبە هیچ هەواڵێکی نیە و لەناو چووە.

وەك پێشتر باسكرا، سەرباری هەولێری بارەگا و ناوەند و شارەزور، ناوچەكانی كەركوك و شنۆ و خوفتییان-هاودیان و رایات و هەریر و خوفتیدەكان و ئاكرێ و رانیە و پشدەر بە دەست گوكبوریەوە بوون و لە ژێر ساباتی شاهەكانی ئەیوبی، حوكمی ئەم بەشەی كوردستانی دەگێرا و هەر لە تافی لاویەوە باوڕپێكراوی سوڵتان صلاح الدین بوو و سوڵتانی ئەیوبی، رەبیعە خاتون(م:٦٤٣ك/١٢٤٥ز)ی خوشكی پێدابوو، میرانی كوردیش لە هۆزەكانی سۆرانی و گەلاڵی و حەمیدی و مەروانی و هەدبانی لە خزمەتی بوون.

لە مانەش گرنگتر، گوكبوری ماوەیەك بەتەما بوو، یاخود وا خۆی دەردەخست كە ئومێدەوارە پاش مردنی هەولێر بسپێردرێت بە ئەندامێكی ماڵباتی ئەیوبی و لە چوارچێوەی دۆستایەتی و هاوپەیمانیی دەگەڵ(الملك المعظم)عیسا(م:٦٢٤ك /١٢٢٧ز) ی میری دیمشق، داوای لێكرد داودی كوڕی رەوانەی هەولێر بكات، داود كە بە(الملك الناصر: م٦٥٥ك/١٢٥٧ز)ناسرا، ساڵی٦٢٢ك/١٢٢٥ز گەهیشتە هەولێر و گوگبوری بە گەرمی پێشوازی و میوانداریی كرد و موچەیەكی باشی بۆ تەرخان كرد تا لە نزیكی بێت و بەخۆی چاودێری و پەروەردەی بكات و دوای مردنی ببێتە میراتگری مەملەكەتەكەی و پشدەر و رانیەشی[1] بۆ كردە دیاری[2].

میری ئەیوبی لەو جۆرە كەسایەتیانە نەبوو بشێت ئەركێكی وا قورس لە ئەستۆ بگرێت و دڵی بە هەولێر و ئیقتاعەكانی ناكرایەوە و هزری كەیف و خۆشیی دیمەشقی دەكرد، بۆیە پاش دوو ساڵێك ئارامی لەبەر بڕا و گەڕایەوە دیمەشق[3].

---

(١) پشدەر و رانیە، وابزانم كەس نەیدەزانی كە هەردوو پەیڤی رانیە و پشدەر هەندە دێرین بن و لە سەدەكانی ناوەڕاستەوە ناوی هەمان ئەو دوو شوێنە بن، بە ئاگاداری ئێمە، رانیە تەنها لەم هەواڵەدا ناوی هاتووە و پشدەر لە دووی هەواڵی دی ناوی براوە.

(٢) لام وایە گوندی دوادییەی پشتدەر و بەسەرهاتی فەرخ و ستێ، پەیوەندییان بەم میر داود ناوەی ئەیوبییەوە هەیە.

(٣) مجهول، تأريخ دولة الأكراد، ص٣٥٢-٣٥٣، ٥٢٩.

## ٣_٦_ خیلافەی عەباسی و گرتنەوەی هەولێر و شارەزور:

گوکبوری لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا و پاش بێ ئومێدبوونی لە ئەیوبییەکان، پتر خۆی لە خیلافەی عەباسی نزیکخستەوە، لە دەستپێکی ساڵی٦٢٨ك/١٢٣٠ز بەدەم داخوازیی خیلافەوە چوو و بە یاوەریی دوو نوێنەری خەلیفە(المستنصر) و میر عز الدين محەمەدی کوڕی بەدری حەمیدی گەهیشتە بەغدا و بەشێوەیەکی فەرمی و لە ئاستێکی بەرزدا پێشوازیی لێکرا و کەژاوەی بۆ سازدرا و بۆ ماوەی بیست رۆژێك لە پایتەخت مایەوە، لەم سەردانەیدا بەڵێنی بە خەلیفە دا کە پاش مردنی، هەولێر و هەموو مەملەکەتەکەی رادەستی ئەو بکرێت، پاشان بە یاوەریی هەردوو نوێنەرەکە گەڕایەوە هەولێر و یەکسەر خوتبەی بۆ ئەیوبییەکان راگرت و تەنها بۆ خەلیفەی دەخوێندەوە و سەرکردە و میرانی هەولێریشی سوێنددا کە پەیمانەکەی ببەنەسەر و گوێڕایەڵی خەلیفە بن[1].

گوکبوری وەك هاودەمێکی دەڵێت، تا لە ژیاندا بوو، گەمەی بە خەلیفەکانی عەباسی دەکرد و بەنیاز بوو هەولێر بداتە کوڕانی(الملك العادل)ی ئەیوبی و هەندێك جاریش دەیویست بیداتە خەلیفە، واتا گاڵتەی بە هەمووان دەکرد[2]، تا رۆژی(١٧)ی رەمەزانی ساڵی٦٣٠ك/٢٧_٦_١٢٣٣زمرد،خەلیفەی عەباسییش دەمودەست ژمارەیەك سەرکردەی سەربازیی تورکی رەوانەی هەولێر کرد بۆ ئەوەی بەکردەوە کاروباری هەولێر وەربگرن، کەچی رووبەڕووی بەرگرییەکی توندی چاوەڕوان نەکراو بوونەوە، میران و کاربەدەستانی هەولێر هاوڕا و هاودەنگ نەبوون لەسەر جێبەجێکردنی وەصییەتەکە، بەڵکو بۆچوون و هەڵوێستی جیاوازیان هەبوو:

- میر عزالدین محەمەدی حەمیدی وای بەباش دەزانی هەولێر رادەستی(الملك الكامل) محەمەدی میری مصر(٦١٥_٦٣٥ك/١٢١٨_١٢٣٧ز) بکرێت کە ئەو دەمانە هاتبووە ئامەد.
- کوڕانی میر بهاءالدين عەلی و ژمارەیەك بەندەی تورکی دەیانویست بۆ ئەم مەبەستە بانگهێشتی(الملك الأشرف) موسای ئەیوبی(٦١٥_٦٣٥ك/١٢١٨_١٢٣٧ز) بکرێت.

---

(١) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ص٧٧٧، مؤلف مجهول، كتاب الحوادث، ص٣٩_٤٢.

(٢) تأريخ الرهاوي، ص٢٦٩.

- کەچی میر فتح الدین حەسەنی کوڕی کۆڕ ناسراو بە(إبن کرّ)ی هەواداری خیلافە، لەگەڵ ئەوەبوو لەشکری بەغدا بگاتە هەولێر و شارەکە بگرێت.

ئەیوبییەکان کە هەولێریان بە پارچەیەك لە قەڵەمڕەوی خۆیان دەزانی و دۆستێکی دێرین و زاوایەکیان بەڕێوەی دەبرد، ئەم پێشهاتەیان بەهەند وەرگرت و بەدەنگەوە هاتن، ئەوەبوو(الملك الكامل) هەر زوو نجم الدین ئەیوبی کوڕی رەوانە کرد و گەهیشتە کەناری زێی مەزن، هاوکات(الملك الأشرف)موساش لە شنگارەوە ئیسماعیلی برای نارد، کەچی بەدەم ڕێگاوە بەرەو هەولێر لە نێوان هەردوو لا تێکهەڵچوون بەرپابوو، تا (بدرالدین لۆلۆ) لە موصڵەوە نێردەی خۆیی بۆ ناردن و ناوبژیی کردن و ئاشتی کردنەوە و قەناعەتی پێکردن دەستبەرداری چوونەسەر هەولێر ببن، ئەو ئەم کارەی لەبەر خۆشویستنی ئەیوبییان نەکرد، بگرە وەك مێژوونوسێك دەڵێت لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە هەرگیز خۆشیی بە چارەی ماڵباتی ئەیوبـی نەدەهات و نەی دەخواست ببنە دەرهاوسێی و دەترسا موصڵیش بگرن[1].

ئەتابەگی موصڵ بەم کارەی، خزمەتێکی زۆری خیلافەی کرد و بە ساناهی و بە بێ شەڕ و کوشتار دوو هێزی ئەیوبـیی لەکۆڵ کردەوە، لەشکری عەباسییش گەمارۆی هەولێریان داو میر فتح الدین حەسەنی کوڕی کوڕ(ابن کرّ) رێی بۆ خۆشکردن و بەتەما بوو بێ بەرگری قەڵای هەولێریان رادەست بکات، کەچی میر عزالدین شێری کوڕی کەك[2] کاتێك بەم هەلومەرجەی زانی، بۆ شەوەکەی خۆی گەیاندە هەولێر و کوتوپڕ هەڵمەتی بردە سەر لەشکری خیلافە و هاواری دەکرد(الأشرف یا منصور)، بەمەش ترس و لەرزی خستە دڵیانەوە و وایانزانی لەشکری ئەیوبی پەلاماری داون و پەرت و بڵاوەیان لێکرد و ئەویش چووە ناو قەڵاوە[3]، خەڵکی شاریش کە حەزیان دەکرد شاهی ئەیوبی نەك نۆکەر و کۆیلە تورکەکان، کاروباری شارەکەیان بگرێتە دەست، دەروازەکانی بازێڕیان

---

(١) مؤلف مجهول، تأریخ دولة الأکراد، ص٣٩٩.

(٢) ناوی بە(عز الدین شهري بن كذك(؟)) هاتووە و پێم وایە ناوی دروستی عز الدین شێری کوڕی کەکە و لە میرانی سەهرانی- سۆرانی بـووە.

(٣) تأریخ دولة الأکراد، ص٣٩٩.

کلیلدا و سەرکەوتنە سەر شورای قەلاّ و بە هوتافی" کەس شاهی ئێمە نیە(الملك الأشرف) نەبـێت"[(١)]، کەوتنە وێزەی لەشکری خیلافە، بەلاّم ئازایی و جەربەزەیی ئەم میرە گومناوە و دلّسۆزیی خەلّکی سەریان نەگرت لە بەرانبەر سوپای تۆکمە و پڕچەکی تۆکەرانی تورك و رشتبوونی میر فتح الدین حەسەن کە کلیلی دەروازەی موصلّی شکاند و بانگهێشتی سوپای خیلافەی کرد بهێنە ناو قەلاّوە[(٢)].

ئەم هەلّوێستە راشکاوانەیەی خەلّکی هەولێر و رەتکردنەوەی هاتنی لەشکری بەغدا بۆ ناو شارەکەیان، پتر رقی سەرکردە تورکەکانی ئەستور کرد و بێ بەزەییانە کەوتنە تالآنکردنی مولك و مالّی هاولآتیان و کوشتن و بڕینی خەلّکی و سوتاندنی دامودەزگاکانی شار، دەردێکی وایان بە شارەکە دا کە "کافریش وای نەدەکرد" و هیچ سەیر نیە کە ئەم کردەوەیە بە کۆستێکی جەرگبڕ وەصف کرابێت[(٣)].

خەلیفە و کاربەدەستانی بەغدا، گرتنی هەولێریان بە سەرکەوتنێکی مەزن و دەستکەوتێکی گرنگ لەقەلّەم دا، دوای ئەوەی گەورە سەرکردەی عەباسی (إقبال الشرابـي) بە بالّندەیەکدا موژدەی سەرکەوتنی گەیاندە پایتەخت، یەکسەر دەست کرا بە شایی و زەماوەند و دەهۆلّ کوتان، هەر بەم بۆنەیەوە زیندانیانی بەندیخانەکان ئازاد کران و لە چڤاتی خیلافەدا، کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبی سازدرا و شاعیران شیعری پێهەلّدانیان بە شانوبالّی خەلیفە خوێندەوە، مێژوونوسانیش ئەم کارەیان بە فەتح ناوزەد کرد و بە یەکێك لە گەورەترین دەستکەوتەکانی خەلیفە(المُستنصر)یان ژمارد[(٤)].

جێگای ئاماژەیە نوسەری(کتاب الحوادث) بە ئاشکرا دیارە لایەنگری خیلافەیە و وردەکاریی گرتنی هەولێری تۆمار کردووە، وەلێ ئاماژە بەو تالآنی و ستەمکاریانە نادات کە بەندە تورکەکان لە هەولێر ئەنجامیان دا.

---

(١) الرهاوي، تأريخ الرهاوي، ص٢٧٠.

(٢) تأريخ الرهاوي، ص٢٦٩-٢٧٠، تأريخ دولة الأكراد، ص٣٩٩.

(٣) بڕوانە: تأريخ الرهاوي، ص٢٦٩، ابن نظيف الحموي، التأريخ المنصوري، ص١٧١، تأريخ دولة الأكراد، ص٣٩٩.

(٤) ابن الطقطقى، الفخري، ص٣١٦، مؤلف مجهول، كتاب الحوادث، ص٧٠-٧٣.

دوای یەکلاییکردنەوەی پرسی هەولێر، بڕیاردرا میر(شمس الدین باتکین) لە بەصراوە بهێنرێت و بکرێتە بەرپرس و لە مزگەوتی شار بڕیاری دەستبەکاربوونی خوێنرایەوە و هاریکار و یاوەری بۆ دەستنیشان کرا، (إقبال الشرابي)یش کە لە هەولێر مابۆوە گەڕایەوە بەغدا و پێشوازیەکی گەرمی لێکرا و پاداشت درایەوە و خودی خەلیفە پلەوپایەی بڵند کردەوە و دیاری گرانبەهای پێ بەخشی(١).

دەستبەسەرداگرتنی هەولێر، خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژووی پەیوەندیی کوردی ناوچەکە بە خیلافەی عەباسییەوە و چەند ئەنجامێکی بایەخداری لێکەوتەوە کە لە پێش هەموویانەوە ئەوەیە پارچەیەکی بەرفراوانی کوردستان گەڕێنرایەوە سەر قەڵەمڕەوی خیلافە کەوا دیارە وێڕای هەولێر، وڵاتی شارەزوریش هەر خراوەتە سەر خیلافە، بەو پێیەی پارچەیەك بوو لە موڵکی گوکبوری(٢).

هەروەها ئاکرێ و خوفتییان و رانیە و پشدەریش کە بە هەولێرەوە گرێ درابوون و هەمووی کەوتنە دەستی خیلافە، دیارە خۆشحاڵی و گوشادیی خیلافە بە گرتنی ولایەتی هەولێر لە سۆنگەی ئەوەوە بووە کە ناوچەیەکی بەرفراوان دەخرێتە پاڵ قەڵەمڕەوی و بەمەیش داهاتێکی زۆر بۆ گەنجینەی دەوڵەت دابین دەبێت، داهاتی خیلافە کە بە سەدان هەزار دینار دەخەملێنرا، پشکێکی لە کوردستانەوە سەرچاوەی گرتبوو(٣).

## ٤ـ٦ـ کورد لە سوپای خیلافەی عەباسی:

دیارە ڕێژەیەکی هەرەبەرزی پێکهاتەی سوپای خیلافە لەو بەندە و کۆیلە تورکە کڕێگرتانە پێکدەهات کە خەلیفەکان دەیان کڕین یان بە دیاری بۆیان دەهاتن، تا وای لێهات زۆربەی جومگە و پلەوپایە لەشکرییە باڵاکان کەوتەدەست ئەم تورکانە کە توێژێکی سەربازیی بەهێز و پایەداریان پێکهێنابوو، لەپاڵ ئەمانەدا دەستەیەکی دی

---

(١) ابن الشعار، قلائد الجمان، ٣٦/٦، كتاب الحوادث، ص٧٣-٧٥، الغساني، العسجد المسبوك، ص٤٥٤-٤٥٥.

(٢) بدري محمد فهد، تأريخ العراق في العصر العباسي الأخير، ص١٣٠.

(٣) قزويني، تأريخ گزيده، ص٣٦٧.

هەبوون لە میر و سەرکردە و فەرماندەی سوپایی کە لە ئاکامی هۆکار و پاڵنەری هەمەجۆردا چووبوونە بەغدا، هەندێکیان بە ئارەزووی خۆیان و هەندێکی دییان بەدەنگ بانگهێشتی خەلیفەوە دەچوون، ئەمانە بە میرە بیانییەکان(الأمراء الغرباء) دەناسران و لە دیوانی سوپادا هۆبەیەکی تایبەت هەبوو موچە و کاروباری رێك دەخستن[1].

دەکرێت بڵێین ژمارەیەکی بەرچاو لە میرە بیانییەکان کورد بوون و لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستانەوە چووبوونە بەغدا یان بەهۆی دڵشکانیان لە شاهانی ئەیوبی، ریزی لەشکری ئەیوبییان جێ دەهێشت و روویان دەکردە دیوانی خیلافە و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە سنگفراوانیەوە پێشوازییان لێدەکرا و پۆستی شیاویان بۆ تەرخان دەکرا، هەرچەند ناکرێت ژمارەیان بە وردی و دروستی بزانرێت، چونکە سەرچاوەی تایبەت بەم بوارە نیە و تەنها ناو و هەواڵی ئەوانە ئاشکرایە کە لە چالاکیەك یان رووداوێکی گرنگدا بەرهەڤییان هەبووە.

لە دیوانی لەشکریی خیلافە دا، کار بۆ ئەوە دەکرا میران و سەرکردەکانی دەوڵەتی ئەیوبی داوەتی بەغدا بکرێن و پەیمانی پلەوپایە و موچەی باشیان پێدەدرا، بە تایبەت ئەو میرانەی وا هەستیان بە کەمتەرخەمی و پشتگوێخستنی شاهەکانی ئەیوبی دەکرد و پۆست و ئیمتیازاتیان لێ دەسێندرایەوە، باشترین نموونەش میری هەولێری(ابوالهیجاء السمین:م٥٩٣ك/١١٩٧ز)ە کە بە هۆی ئەوەی شاری قودسی لێ سەندرایەوە، زویر بوو و بەتەمابوو بە دڵشکاوی و بە یاوەریی میر عز الدین کوڕ و میر الغرس(؟)بگەڕێنەوە کوردستان، کە گەهیشتنە موصڵ، لە دیوانی خیلافەوە بە فەرمی بانگهێشتی بەغدا کرا و دەگەڵ گەهیشتنی رێزێکی زۆری لێگیرا و دڵی رازی کرا و راستەوخۆ کرایە فەرماندەی ئەو هێزەی وا لە بەغداوە رەوانەی هەمەدان دەکرا[2].

جمال الدین خۆشترینی زەرزاری لە میرە پێشەنگەکانی لەشکری ئەیوبی بوو و بەشداریی پێشڕەوی و سەرکەوتنەکانی سوڵتان صلاح الدینی کرد لە هەرێمی جەزیرە و پاشان کرا بە والیی خاپور، ساڵێکیان لە رێگای حەجکردنیدا چاوی بە کاربەدەستانی

(١) تأريخ العراق في العصر العباسي الأخير، ص٢٤٨-٢٤٩، ٢٧١.

(٢) الكامل، 49/٩، مؤلف مجهول، تأريخ دولة الأكراد، ص٢٣٤-٢٣٥.

خیلافه کەوتبوو و گفتیان پێدابوو ئەگەر بهێتە بەغدا پۆست و موچەی باشتری دەدەنێ، کەچی کاتێك دڵی رەنجا و ساڵی٥٨٠ك/١١٨٤ز بە سێسەد سوارەوە چووە بەغدا، نازانرێت بۆچی بەڵێنەکەیان دەگەڵیدا نەبردە سەر و دەستی دەستی یان پێکرد و بە نائومێدی گەڕاندیانەوە[١]. هەروەها میر فخر الدین ئیبراهیمی کوڕی ئەیوبی هەولێری (م:٦٥٠ك /١٢٥٢ز) لە شامەوە گەڕایەوە بەغدا[٢].

نەك هەر میرانی کورد، بەڵکو هەندێك جار خودی ئەندامانیماڵباتی ئەیوبیش دەهاتنە بەغدا، ساڵی٦٣٣ك/١٢٣٥ز (الملك الناصر) داودی کوڕی عیسا- کە پێشتر هاتبووە هەولێر-، دوای ئەوەی مامەکانی دیمەشقیان لێسەند، دادی خۆی گەیاندە بەغدا و وەك هەموو میرە بیانیەکانی دی، پێشوازیی فەرمی لێکرا و داڵدە درا و بە پۆشاکی میری و ئەسپێك خەڵات کرا[٣].

کاتێکیش مەترسیی مەغۆل لە بەغدای پایتەخت نزیك بۆوە، خەلیفە(المُستنصر) ترسی لێنیشت و داوای کۆمەك و هاریکاریی کرد لە میرانی دەوروبەر، دەستبەجێ شاهانشاه و عومەری کوڕانی بەهرامشاهی ئەیوبی(م:٦٢٧ك/١٢٣٠ز)بە هەزار سوارەوە گەهیشتن و لە پایتەختەوە کەژاوەیەك چوو بەپیریانەوە و میوانداری کران و هاتنە خەڵاتکردن، دوای ئەوان خدری کوڕی سوڵتان صلاح الدین بە شەشسەد سوارەوە گەهیشت و بە هەمان شێوە پێشوازی کران و خەڵات کران، دوای دوو ساڵ سلێمانی نەوەی(الملك العادل)و میری شنگار گەهیشتن[٤].

لە لایەکی دیەوە، لە ئاکامی گرتنی هەولێردا، ژمارەیەك میری دیی کورد کە لە خزمەت گوکبوری بوون، روویان کردە بەغدا و دەنێو دامودەزگاکانی خیلافەدا رێکخرانەوە و درێژەیان بە خزمەتکردن دا، لەوانە میر بهاء الدین عەلی کە ساڵی

---

(١) ابن شاهنشاه، مضمار الحقائق، ص١٠٦، ١٢٥-١٣٠.

(٢) ابن الفوطي، مجمع الآداب، ٢/٥١٤.

(٣) مؤلف مجهول، كتاب الحوادث، ص١٠٦–١٠٧.

(٤) كتاب الحوادث، ص١٣٩–١٤٠، ١٥١.

٦٣٥ك/١٢٣٧ز لە بەرەنگاربوونەوەی مەغۆل لە نزیك خانەقین کوژرا[١] و میر عز الدین محەمەدی حەمیدی کە میرێکی دلێر و ئەزموندار بوو، ساڵی٦٣٥ك/١٢٣٧ز چووە بەغدا و میر داودی کوڕی میر محەمەدی حەمیدی(م:٦٤١ك/١٢٤٣ز) کە یەکێك بوو لە میرە غەریبەکان و ڕێزی لێنرا و پلەوپایەی بڵندکرایەوە[٢]. شایەنی ئاماژەیە کە شاعیری کورد یوسفی کوڕی ئەبوبەکری بەشنەویی ناسراو بە(النجیب)، ستایشی میر عزالدین ناوێك دەکات کە زۆر نزیکە هەر میر عز الدینی حەمیدی بێت و بە شاهی کوردان دەیناسێنێت و دەڵێت عێراق و شام و دنیا گەڕام، جگە لە ئەو کەسم نەدیت هەژیی ستایش و شایەنی پیاهەڵدان بێت:

تطلبتُ في أقصى العراق إلى الشام وطُفتُ بني حام وأوغلتُ في سامِ
وأفكرتُ في مدحي شهوراً سهرتها عـلى بطلٍ مما تحوفتُه حـامِ
وجدتُ رجال المكرُمات قليلة وما في جميع الناس ممدوحُ قُدامي
سوى ملك الأكراد والفارس الذي يُروي صدى الخطي مِن كُل ضِرغامِ
أخو الفخر عزُ الدين مُردي عداتهِ بأسمر خطِّيّ وأبيض مخدام
مُبيد الأعادي في الـوغى يوم حربِهِ إذا أشتبكت فيها الرماحُ بأقدام[٣].

وەلێ مەزنترین میری کورد لە کۆتاهی سەردەمی عەباسی، فتح الدین حەسەنی کوڕی محەمەدی کوڕی کوڕە(إبن كرّ)لە هۆزی مەروانی کە وەك پێشتر باسکرا ڕێخۆشکەر بوو قەڵای هەولێر بکەوێتە دەست سوپای خیلافە[٤].

---

(١) كتاب الحوادث، ص١٤٠–١٤١.

(٢) مجمع الآداب، ٢٩٧/١، الغساني، العسجد المسبوك، ص٥٢٣.

(٣) إبن المستوفي، تأريخ أربل، ٤٠٥/٥–٤٠٦. دوو شاعیری دییش ستایشیان کردووە، ابن الشعار، قلائد الجمان، ٢٨٩/٤، ٣١/٧.

(٤) بۆ پتر پێزانین دەربارەی ئەم کەسایەتیە کوردە، بڕوانە ڤەکۆڵینێکی نوسەر بە زمانی عەرەبی کە لە گۆڤاری زانکۆی کەرکوك بڵاوکراوەتەوە: الأمير فتح الدين ابن كُـــرّ الكُردي(؟- ٦٥٦هـ/١٢٥٨م) ودوره في الجيش العباسي، مجلة جامعة كركوك، المجلد(٤)، العدد(٢) (كركوك:٢٠٠٩)، ص٩٧-١١١.

میر فتح الدين حەسەن لە ئاست دڵسۆزی و خەمخۆریی بۆ خیلافە، بەردەوام پایەی میرایەتیی بڵند دەکرایەوە و ناسناو و ئیمتیازاتی پێ دەبەخشرا، ساڵی٦٤٣ك/١٢٤٥ز لە ڕێورەسمێکی شکۆداردا ڕێزی لێگیرا و کرا بە میرێکی پایەدار و بە پۆشاك و کەلوپەل و نیشانەی میرایەتی ڕازێنرایەوە و ڕێگای پێدرا وەك کەسایەتیەکی پایەبەرزی دیوانی خیلافە ڕەفتاری دەگەڵ بکرێت و موچە و پایەیی بڵندکرا و تا گەهیشتە ئەو ئاستەی بکردرێتە جێگری فەرمانداری گشتی لەشکری بەغدا[1].

بهاءالدینی دونبوڵی میرێکی پایەدار بەڵام نەناسراوی کوردە دونبوڵیەکانە و تەنها ئەوەندەی لەمەڕ دەزانرێت کە خانەی قورئان خوێندنەوە(دار القرآن)ی لە دیوانی خیلافە بنیاتناوە، حسام الدين داودی خوفتیانییش میرێکی دیی نەناسراوە[2]، میر بدر الدين یوسفی کوڕی دەربازی حەمیدی(م:٦٩٠ك/١٢٩١ز) تا دەمی لەناوبردنی خیلافە لە بەغدا بوو، پاشان ئاوارەی دیمەشق بوو[3].

کوردە جاوانیەکان چ لە ڕووی سیاسی و لەشکرییەوە و چ لە ڕووی زانستی و ڕۆشنبـیرییەوە، ڕۆڵ و جێپەنجەیان لە مێژووی عێراقدا دیارە و ژمارەیەك میر و فەرماندە و شاعیر و زانا و فەقیهیان تێدا هەڵکەوت، سەرەتا هاوپەیمانی بنەماڵەی عەرەبی مزیەدی خاوەندی حیللە بوون و تێکەڵبوون و ژنخوازی لە نێوانیدا هاتە کایەوە، پاشان هەر لەگەڵ بەهێزبوونەوەی خیلافەی عەباسی، بە یەکجاری بوونە لایەنگری خیلافە،ماڵباتی وەرامی گاوانی تا داگیرکردنی بەغدا لە خزمەت خەلیفەکان مانەوە[4].

میر مجیرالدین جەعفەری کوڕی ئەبوفیراس، برای شێخ وەرام-بەهرام(م:٦٠٥ك /١٢٠٨ز) لە نەوەی گەورە میرانی گاوانی، کەسایەتیەکی ناوداری بەغدا بوو و چەند پۆستێکی کارگێڕیی گرتبووە دەست، پاشان لەسەر کار لابردرا و خۆی تەرخان کرد بۆ

(١) مجمع الآداب، ٤٩٧/٢، العسجد المسبوك، ص٥٣٧.

(٢) مجمع الآداب، ١٣٨/١، ٤٩٣/٤.

(٣) الكتبي، عيون التواريخ، ٩٥/٢٣.

(٤) بۆ پتر پێزانین دەربارەی کوردە گاوانیەکان بڕوانە د.مصطفى جواد، جاوان القبلية الكُردية المنسية (بغداد: ١٩٧٣)، القبائل والزعامات القبلية الكُردية، ص٦٩-٨٦.

خوداپەرستی و دەگەڵ حسام الدین ئەبوفیراسی کوڕی کە بۆ چەندین ساڵ میرحاج (أمیر الحاج) بوو، سەردانی ماڵی خودای کرد، دواتر کوڕ و باب پێکەوە چوون بۆ مصر و(الملك الكامل) محەمەدی ئەیوبی شاهی مصر پێشوازیی لێکردن و ساڵانێك لە وێندەر مایەوە و تا ساڵی٦٢٧ك/١٢٣٠ز گەڕایەوە بەغدا و دوای چەند مانگێك مرد[1].

میر حسام الدینی کوڕی میر جەعفەری گاوانی(م:٦٤١ك/١٢٤٣ز) بۆ ساڵانێکی درێژ میرحاج بوو- ساڵانی(٦٠٩-٦١٤ك/١٢١٢-١٢١٧ز) و(٦١٨-٦٢٣ك/١٢٢١-١٢٢٦ز )- و لە کەسایەتیە ناودار و پایەدارەکانی کورد بوو، دوای گەڕانەوەی باوکی، ئەو بۆ سێ ساڵی دی لە مصر مایەوە، دەگەڵ گەڕانەوەیدا جێگری وەزیر پێشوازیی لێکرد و خەڵاتی کرد و پاش چەند ڕۆژێك دیاری دیی پێشکەش کرا و پلەوپایەی بۆ گەڕێندرایەوە و بازێڕی داقوقی وەك ئیقتاع بۆ دابڕدرا و پوستی میرحاجی(إمارة الحج)ی پێ سپێردرایەوە، بەڵام ئەو داخوازییەی ڕەت کرایەوە کە دەیخواست شوێنی جمال الدین قەشتەمر بگرێتەوە، بۆیە دڵی ڕەنجا و خۆی گۆشەگیر کرد و لە کەژاوەکاندا دەرناکەوت و محەمەدی کوڕی دەنارد[2].

عمادالدین محەمەدی کوڕی حسام الدین، ساڵی٦٣٥ك/١٢٣٧ز بە فەرمی خرایە نێو ریزی میرانەوە و بە بەرپرسی سەربازی(شحنة)ی شاری حیللە دانرا و بۆ ماوەی هەشت ساڵ لەسەر کارەکەی مایەوە، دواتر لابردرا و کرایە بەرپرسی سەربازیی شاری کوفە، لێرەش لەبەر کەمتەرخەمی لە کارەکەی دورخرایەوە و لە نسکۆی بەغدا ساڵی ٦٥٦ك/١٢٥٨ز کوژرا[3].

وێڕای میران و سەرکردە لەشکرییەکان، توێژی ڕۆشنبیر و خوێندەواری کوردیش بۆ فێربوون و وەرگرتنی زانست و بەرزکردنەوەی ئاستی هزری و ڕۆشنبیرییان، زیاتر لە جاران ڕایەڵەی بەغدایان دەکرد و دەمانەوە، زانا و فەقیهە کوردەکان ژمارەیان کەم

---

(١) ابن نظیف الحموي، التأريخ المنصوري، ص٩١، مجمع الآداب، ٤/٥٦٥-٥٦٦، كتاب الحوادث، ص٣٦.

(٢) التأريخ المنصوري، ص١٦٤، كتاب الحوادث، ص٢١٧.

(٣) مجمع الآداب، ٥/١٣٤-١٣٥.

نەبوو لە قوتابخانە و خانە زانستیەکانی بەغدا، تەهای کوڕی بەشیری هەولێری[1] و فەقیهە کوردەکانی دی، دەستەیەکیان پێك دەهێنا لە قوتابخانەی(النظامیة)[2]، لە زانایانی دیی کورد لە بەغدا:

- فەقیه عز الدین ئەحمەدی کوڕی عومەری کوڕی عەبدوڵا(ت:٥٩١ك/١١٩٤ز)، لە تەوریز خوێندوویەتی و ئەمجا چووەتە بەغدا و لە(النظامیة) دامەزرا[3].

- شێخ و پیاوچاك(المطلب)ی کوڕی بەدر(٥٤٧_٦٢٤ك/١١٥٢_١٢٢٧ز).

- شێخ رەیحانی کوڕی تیکانی کوردی بەغدایی(م:٦١٦ك/١٢١٩ز).

- شێخ عەبدوڵای کوڕی شێخ رەیحان(م:٦٤٠ك/١٢٤٢ز).

- شێخی ناودار بە(إبن بوبو)[4].

- فەقیه و ئیمام لە(النظامیة)، عفیف الدین ئیدریسی کوڕی محەمەدی کوڕی عوسمانی شوشی(٦٠٨_٦٨٢ك/١٢١١_١٢٨٣ز)هاوپۆلی(ابن الفوطي).

- شێخ عەلەیی کوڕی حەسەنی کورد...هتد[5].

## ٥_٦ دەرکەوتنی وەچەی دووەمی میرنشینەکانی کوردستان:

وەك چۆن لە ئەنجامی لاوازی و پەرتەوازەیی سەلجوقییەکان، خیلافەی عەباسی بوژایەوە و گەشەکردنی بەخۆوە دیت، ئاوەهاش میر و سەرداره کوردەکان دەستیان کرایەوە و لە کۆت و هەژموونی تورکان رزگار بوون و دەلیڤەیان بۆ رەخسا قەوارەی سیاسی لە چەشنی نیمچە میرنشین و سەرداریێتی خێڵکی و مەشیخە- شێخایەتی دابمەزرێنن کە دەکرێت بە وەچەی دووەمی دەسەڵاتداریی خۆجێهی کوردی ناویان بنێین، هەر یەك لە سەرداران و رێبەرانی ئەم قەوارانە، کاروباری سوپایی و دارایی و

---

(١) خەڵکی گوندی بەشیریانی سەرووی کەڵەکە و ئەم گوندە بە ناو بەشیری بابییەوە ناونراوە.

(٢) ابن المستوفي، تأريخ أربل، ٣٦٨/٢.

(٣) مجمع الآداب، ٨٢/١.

(٤) المنذري، التکملة لوفیات النقلة، ٤٥٨/٢، ٢١١/٣، ٦٠٣.

(٥) مجمع الآداب، ٤٣٠/١_٤٣١، ١٦/٣_١٧، ٧٠/٥.

کارگێڕیی خۆی بەڕێوە دەبرد، میر فتح الدین حەسەن(ابن کُر) ئەمانەی بە شاهانی کورد(ملوك الأكراد) ناو بردووە[(١)].

تایبەتمەندێتی ئەم نیمچە میرنشینانە ئەوەیە کە بە ژمارە زۆرن و بە قەبارە بچووکن و سنوری دەسەلاتیان بەرتەسکە، هەرچەند هەندێکیان تا رادەیەك پەلوپۆیان هاوێشت و رووبەرێکی پانوپۆڕیان بەدەستەوە بوو، وەلێ گرفت لەوەدایە کە زانیاری لەمەڕ زۆربەیان هەتا بلێی کەمە و لە یەك دوو دەقی راگوزاری تێناپەڕێت، هەروەها ژمارەیەك میری کورد هەن ناسناو و کونیەیان بەلگەن لەسەر ئەوەی رایەدار و دەستڕۆیشتووی رۆژگاری خۆیان بوونە، بەلام مخابن جگە لە ناویان شتێکی وایان لەبارەوە نازانرێت:

- عەبدولوەهابی کورد سالی٥٧٥ك/١١٧٩ز قەلای ماهکێی گرت و بۆ سێ سالێك بە دەستی مایەوە[(٢)].

- هیندی- هیندۆی کوڕی جورین[(٣)].

- عزّ الدین کوڕ یان کەڕی کوڕی عەبدولا لە میرانی هەولێر.

- علم الدین وەرەدساری کوڕی بیامی(؟)- پەیامی.

- غرس الدین حاجي کوڕی ئەحمەدی کوڕی دشم[(٤)]، برازای شێخ جاکیر- جاییگیری کورد.

- قسیم الدولة ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی عیسای هەولێری.

- عماد الدین أبو العز ئەسفەندیاری کوڕی عەلیی کوڕی جنجی(؟)-جەنگی[(٥)].

- مبارز الدّین أبو حرب کش تەغان(؟)ی کوڕی عەبدولا، لە بنەمالەیەکی خانەدان و پایەدار بوو و لە باوانیەوە میرایەتیی کوردانی چیاکانی بۆ مابووەوە و شانازی و

---

(١) الخزنداري، مجموع النوادر، ص١٥٤-١٥٥.

(٢) ابن شاهنشاه، مضمار الحقائق، ص٩٠-٩١.

(٣) ابن المستوفي، تأريخ أربل، ١٤٠/٢.

(٤) دشم هەلەی روونوسە راستەکەی رۆستەمە.

(٥) مجمع الآداب، ٢٨٥/١، ٥٩٩، ٣٣/٢، ٤٠٧، ٣٤٦/٣، ٣٢٦/٤.

چاکەی بەسەر خەڵکەوە هەبوو، کەچی بە گەنجی لە تەمەنی سەرووی سی ساڵیەوە مرد[1].

### أ- فەزڵەوی لە لوڕستانی گەورە:

میرنشینی فەزڵەوی لە لوڕستانی گەورە دەرکەوت و گەشەی کرد و بووە هێزێکی دیاری ناوچەکە، بە قسەی قەزوێنی دامەزرێنەری ئەم میرنشینە ئەبوتاهری نەوەی ئەبولحەسەنی فەزڵەویە کە لە دەوروبەری ساڵی٥٠٠ك/١١٠٧ز بە سەد خێزانی کوردەوە لە چییای سماقی باکوری وڵاتی شامەوە کۆچی کردووە بۆ لوڕستان و نیشتەجێ بووە[2].

کەچی بەپێی ئاخافتنی مێژوونوسانی بەغدا، بنەماڵەی دەسەڵاتداری لوڕستانی گەورە لە نەوەی میر هەزارئەسپی کوڕی پەنگیری کوڕی عەیازی کوردن کە وەك لە بەشی پێشوو ناوی برا، ناودارترین میری کورد بوو لە دەستپێکی سەردەمی سەلجوقی، (ابن الفوطي) ئاخافتنی محەمەدی کوڕی عەبدولمەلیکی هەمەدانی(م:٥٢١ك/١١٢٧ز)[3] دەگوازێتەوە کە دەڵێت لوڕستان لە کاتی ئەودا بە دەست کوڕەکانی هەزارئەسپەوەیە و بە خۆیشی کە وەك لە ناوەڕۆکی کتێبەکەیەوە دیارە شارەزاییەکی چاکی لەمەڕ میر و فەرمانڕەوایانی کوردستان هەبووە، هەمان بۆچوونی هەیە و ئاخافتنی سەرچاوە فارسیەکان ڕەتدەکاتەوە و سەبارەت بە میر عمادالدین پەهلەوانی کوڕی هەزارئەسپ دەڵێت:"لە بنەماڵەیەکی دەسەڵاتداری دێرینە، وڵاتێکی بەرفراوانیان بەدەستەوەیە لە چییاکانی لوڕستان، ئەم وڵاتە تا ئێستا-٧٢٣ك/١٣٢٣ز-لە ژێر فەرمانڕەواییانە"[4].

---

(١) مجمع الآداب، ٣٢٦/٤.

(٢) تأريخ گزیده، ص٥٣٩، شرفنامه، ص١٢٥-١٢٦.

(٣) کەڵە مێژوونوسێکی خەڵکی هەمەدانە و چەند کتێبێکی داناوە لەوانە: (عنوان السير ومحاسن البدو والحضر) و(تكملة تأريخ الطبري)، مخابن یەکەمیان فەوتاوە و لەمیانەی ئەو دەقانەی لێیەوە وەرگیراون، دەزانین سەرچاوەیەکی گرنگ و پڕبایەخ بووە بۆ مێژووی کورد.

(٤) مجمع االآداب، ٣٦٢/١، ٤٩/٢-٥٠.

**ناوی میرانی میرنشینەکەش: هەزارئەسپ و عماد الدین پەهلەوان، بەڵگەیەکی دیە لەسەر ئەوەی کە نەوەی میر هەزارئەسپی کوڕی پەنگیر و عماد الدین پەهڵەوانی کوڕی هەزارئەسپن، چونکە وەك زانراوە وا باوە کە بنەماڵەکان زیاتر ناوی باوانیان لە مناڵەکانیان دەنێن.**

**سەبارەت بە ڕۆژگاری ئەبوتاهر[1]، سەرچاوە فارسیەکان دەڵێن ساڵی٥٥٠ك/١١٥٥ز یان بە ماوەیەکی کورت پاش ئەم ساڵە مردووە، بێ گومان ئەمە وا نیە و میری ناوبراو تا دەستپێکی سەدەی٦ك/١٢ز فەرمانڕەوای لوڕستان بووە و ڕۆژی(١٩)ی (ربیع الآخر) ی٦٠٢ك/٣-١٢-١٢٠٥ز مردووە، (ابن الساعي) لەبارەیەوە دەنوسێت: پیرەمێردێکی وریا و زۆرزان و هەڵکەوتوو بوو، سەردار و میری لوڕەکان بوو[2] و لە هەواڵەکاندا بە: میری لوڕستان، خاوەندی لوڕ، سەرداری لوڕ ناوبراوە[3].**

**مەملوکی تورکی جمال الدین قەشتەمر، شاری رامهورمزی وەك ئیقتاع بەدەستەوەبوو و زاوای میر ئەبوتاهر بوو و ئێرانخاتونی کچی خواستبوو، دوای مردنی خەزوری دەستی گرت بەسەر باشوری لوڕستاندا و لە خیلافە هەڵگەڕایەوە، خیلافەش کە هەرێمی خوزستانی گەڕاندبۆوە، دەیویست لوڕستانیشی بخاتەسەر و لە یاخیبووان پاکی بکاتەوە، ئەوەبوو ساڵی٦٠٣ك/١٢٠٦ز قطب الدین سەنجەر لە خوزستانەوە بە لەشکرێکەوە بەنیازی شەڕ رووی کردە لوڕستان، کەچی بەتێکشکاوی پاشەکشێی کرد[4].**

**هەزارئەسپی کوڕی ئەبوتاهر(٦٠٢-٦٢٦ك/١٢٠٥-١٢٢٩ز) لە بابی ناسراوترە و ناسنامە و سەردەمەکەی روونترە و چوار پێنج هەواڵێکی بەرچاو دەکەوێت، ئەم وەك شاهی چیپاکان تەماشا دەکرا و دەزانرا لە کوانوویەکی دێرینی لوڕە، لوڕستانیش لە**

---

**(١) ناوی بەم شێوەیە هاتووە: "فخر الدين أبو طاهر بن علي بن الكوركلي اللّري، صاحب اللّـر". مجمع االآداب، ٣/٣٣.**

**(٢) الجامع المختصر، ص١٨٥–١٨٦.**

**(٣) ابن الأثير، الكامل، ٩/٦٠١، الجامع المختصر، ص١٨٦، مؤلف مجهول، كتاب الحوادث، ص١٣٣.**

**(٤) الكامل، ٩/٦٠١، الجامع المختصر، ص٢٠٦، كتاب الحوادث، ص١٣٣.**

سەردەمی ئەودا، پتر شێوەی قەوارەیەکی سیاسی وەرگرت و شاپورخواستیش ناوەندی لوڕستان و بارەگای میرانی لوڕ بوو.

هەزارئەسپ نێوانی لەگەڵ شاهانی خەوارزمی خوشبوو و لە دەمی پێتڤی دا بەدەنگیانەوە دەچوو و کۆمەکیی دەکردن، علاءالدین خەوارزمشاه کچێکی هەزارئەسپی بۆ غورشایجی کوڕی خواستبوو، جلال الدین منکەبرتییش لە سەرەتای ساڵی٦٢١ك/١٢٢٤ز، بۆ ماوەی مانگێك لە شاپورخواست میوانی هەزارئەسپ بوو، ئەوجا شاڵاوێکی بەرفراوانی هێنایە سەر هەولێر و شارەزور[1].

سەرچاوە عەرەبییەکان لێرە بەدواوە زانیاری سەبارەت بە میرانی لوڕستان نادەن بەدەستەوە، قەزوێنی دەڵێت بەهۆی دادپەروەریی هەزارئەسپەوە، ئاشتی و تەناهی باڵی بەسەر لوڕستانا کێشا و وەك بەهەشتی لێهات، هەر بۆیە زیاتر لە بیست و پێنج هۆز و خێڵی کورد و دوو ماڵباتی عەرەبی قورەیشی لە چییای سماقەوە کۆچباری لوڕستان بوون، ئەمەش بووە مایەیی پتەوتربوونی دەسەلاتی و بە پشتیوانیی ئەمانەوە توانی پاشماوەی شولەکان وەدەرنێت و بۆ خۆی ببێتە تاکە فەرمانڕەوای وڵات و سنوری دەسەلاتی وێڕای لوڕستان بەرەو هەرێمەکانی دەوروبەر کشاند و تا گەیاندیە نزیك ئەصفەهان، هەروەها شییا چەند جارێك سولغوریەکانیش بشکێنێت و وڵاتیان لێ پاك بکاتەوە، لەمانەش گرنگتر تگلەی کوڕی ناردە خزمەت خەلیفە(الناصر)و لێی خواست بیکاتە ئەتابەگی لوڕستان، خەلیفەش داخوازیەکەی پەسەند کرد و کاروباری لوڕستانی پێ سپارد و فەرمانی بۆ دەرهێنا[2].

هەزارئەسپ ساڵی٦٢٦ك/١٢٢٩ز مرد و عمادالدین پەهلەوانی کوڕی(٦٢٦-٦٤٦ك/١٢٢٩-١٢٤٨ز)جێگای گرتەوە[3]، قەزوێنی میر پەهلەوانی بە برای هەزارئەسپ داناوە و لێرە زانیاریەکانی نادروستن و شایەنی ئەوەنین پشتیان پێ ببەسترێت و سەردەمی دوو

(١) النسوي، سیرة جلال الدین، ص٧٣، جوینی، تأریخ جهانگشای، ٢/١١٣-١١٤، ١٥٤، ٢٠٤.

(٢) تأریخ گزیده، ص٥٤٢، شرفنامه، ص١٢٩-١٣٠.

(٣) غفاری، تأریخ جهان آرا، ص١٧٠.

کوڕی هەزارئەسپ: پەهەلەوان و(نصرة الدین)ی پەڕاندووە و دەڵێت تگلەی کوڕی هەزارئەسپ بووە جێنشینی باوکی[1].

میر پەهلەوان وەك باوکی بە شاهی چییاکان ناودەبرا و خەلیفەی عەباسییش شەرعیەتی بە دەسەڵاتی بەخشیبوو و بە لایەنگری دڵسۆز و پێگیری خیلافەی دادەنا، وەلێ دەنگوباسی لە سەرچاوەکاندا دەگمەنە، ساڵی٦٢٦ك/١٢٢٩ز و لەو دەمەی منکەبرتی دورپێچی شاری خەلات-خیلاتی کردبوو، خەلیفە(المستنصر)بە پەیامێکدا هۆشداریی دایێ کە حوکم نەکات بەسەر گوکبوریی حاکمی هەولێر و سلێمانشاهی ئەیوائی و میر پەهلەوانی لوڕ و داوای هاوکارییان لێ نەکات و بە هەوادار و هاوسۆزی خیلافەیان دابنێت[2].

بە ئاگاداریی ئێمە، لەمە بترازێت زانیاریی دی دەربارەی پەهلەوان بەردەست نیە و تا ساڵی٦٤٦ك/١٢٤٨ز مرد و(نصرة الدین)ی برای جێگای گرتەوەو ئەمیش دوو ساڵ و نیوێك میرایەتیی کرد و هیچی لەبارەوە ئاشکرا نیە[3].

لە سەردەمی تگلەی کوڕی هەزارئەسپ(٦٤٩-٦٥٦ك/١٢٥١-١٢٥٨ز) لوڕستان و کوردستان بوونە ڕێڕەوی سوپای لە ژمارەنەهاتووی هۆلاکۆ بەرەو بەغدا، ئەویش ناچار خۆی وەگەڵ ئۆردوی مەغۆلی خست و بەشداریی داگیرکردنی بەغدای کرد و بەچاوی خۆی کارەساتە خوێناویەکەی پایتەخت و قڕکردنی بنەماڵەی خەلیفەی دیت و نەیتوانی پەستی و نیگەرانیی خۆی لە دڕندەیی مەغۆل بشارێتەوە و بێزاری و توڕەبوونی خۆی دەربڕی و لە ترسی سزادانی هۆلاکۆ، بێ پرس و بەدزییەوە گەڕایەوە لوڕستان، دوای کشانەوەی هۆلاکۆ لە بەغدا، پەلکێشی تەورێز کرا و تەپەسەر کرا و لە ناوەڕاستی مانگی ڕەمەزانی ساڵی٦٥٦ك/ئەیلولی١٢٥٨ز بە تاوانی خۆدزینەوە و هەڵهاتن لە بەغدا هاتەکوشتن[4].

---

(١) تأریخ گزیده، ص٥٤٠- ٥٤٢.

(٢) النسوي، سیرة جلال الدین، ص٣٠٤، ٣٣٦.

(٣) تأریخ جیهان آرا، ص١٧٠-١٧١.

(٤) تأریخ گزیده، ص٥٤٣-٥٤٤، تأریخ جیهان آرا، ص١٧١، شرفنامه، ص١٣١-١٣٢.

لوڕستانی بچووك- باكوریش به دهست میرنشینی خورشیدیهوه بوو، قهزوێنی به درێژی له میرانی ئهم بنهماڵهیه دوواوه و لهمڕهووه تاكه سهرچاوهیه و سهرچاوهكانی سهردهمی عهباسی شتێكی وایان باس نهكردووه، شجاع الدین خورشید (م:٦٢١ك /١٢٢٤ز) یهكهم میری ناسراویانه و بۆ دهیان ساڵ لوڕستانی باكوری بهدهستهوه بوو و پاش خۆی برازا و كوڕهكانی شوێنیان گرتهوه[١].

حسام الدین خهلیلی كوڕی بهدری كوڕی خورشید، ناسراوترین میری خورشیدیه، ئهم به پێچهوانهی میران و دهسهڵاتدانی هاوچهرخیهوه، له خیلافه هەڵگەڕایەوه و هاوكاریی مهغۆلی دهكرد[٢]و چاوساغیی بۆ دهكردن و نهیاری سلێمانشاهی والیی كوردستان بوو و به كۆمهك و هاریكاریی مهغۆل، ماوهیهك قهڵای بههاری پایتهختی ولایهتی كوردستانی گرت، سهرنجام له شهڕێكدا ساڵی٦٤٢ك/١٢٤٤ز لهگهڵ توركمانی ئهیوائی بهدیل گیرا و سهریان بڕی و بردیان بۆ سلێمانشاه و به فرمانی ئهو له دهروازهی خانهقین ههڵواسرا [٣].

دوای كوژرانی، بدر الدین مهسعودی برای بووه جێنشینی و ئهویش هاوپهیمانیی مهغۆلی پاراست و یاوهری هۆلاكۆ بوو له هێرشی سهر بهغدا، ئهو زیاتر به نیازی تۆڵهسهندنهوه و كوشتنی سلێمانشاه بهشداری داگیركردنی بهغدای كرد و ئهم نیازهی بۆ هۆلاكۆ دركاند، هۆلاكۆش پهسهندی نهكرد. میری لوڕ پاشان گهڕایهوه وڵاتهكهیی و تا مردنی له ساڵی٦٥٨ك/١٢٦٠ز میرایهتیی كرد[٤].

---

(١) تأریخ گزیده، ص٥٥٢- ٥٥٧، شرفنامه، ص١٤٦-١٥٤.

(٢) دهبێت لهبهر ئهم ههڵوێستهی بووبێت به ئیباحیهت و خواردنهوهی حهشیش و خومر تاوانبار كراوه. مؤلف مجهول، كتاب الحوادث، ص٢٢٩.

(٣) كتاب الحوادث، ص٢٢٩-٢٣٠، تأریخ گزیده، ص٥٥٦-٥٥٧.

(٤) تأریخ گزیده، ص٥٥٧، شرفنامه، ص١٥٤-١٥٥.

ب- خاوەندی دەربەند- دەرەتەنگ:

له کۆتاهی سەردەمی عەباسییەوە، چەند شوێنێك له کوردستان هەبوون به دەربەند دەناسران وەك: دەربەندی مەزن که مەبەست دەربەندی گەلی عەلی بەگە، دەربەندی خەلیفە، دەربەندی زەنگی[1]، دەربەندی تاج خاتون، دەربەندی قەرەبولی، دەربەندی حلوان- دەرەتەنگ[2].

هەر لە هەمان سەردەمدا، میر مکلوا(؟)ی کوڕی خەسرەو(م:٥٩٥ك/١١٩٩ز)، دەرکەوت و توانی قەڵاکانی دەربەندەکەی سەر ڕێگای هەمەدان واتا دەربەندی پاڵنگانی نزیك شارۆچکەی کامیاران، بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە تا بە خاوەندی دەربەند ناسرا و لایەنگرانی رادەسپارد ڕێگری بکەن و تالانیی بۆ کۆبکەنەوە و تا ئەو رادەیە بەهێز بوو کە شاه و میرانی دەرهاوسێی ناچار بکات دیاری و خەڵاتی بۆ بنێرن، تا خۆیان لە گێچەڵ و دەستدرێژیەکانی بپارێزن[3].

وای بۆ دەچم ئەم میرە هەمان کلۆل(؟)ی کوڕی خەسرەوە بێت و خەسرەویش هەر بابا ئەردەڵانی باپیرەگەورە و یەکەم میری ئەردەڵانەکان بێت کە ناوی خەسرەوە بووە و بە بابا ئەردەڵان ناودار بووە و لە ئەنجامی هەڵەی دەستنوسەکانەوە ناوی دروستی شێوێنراوە و بووە بە مکلوا(؟) و کلول(؟)، سەردەمی میرایەتی کلۆڵی کوڕی بابا ئەردەڵان خەسرەو هاوکاتی دەرکەوتنی ئەم میرەی دەربەندە و یەکدەگرنەوە و مکلوا- کلۆلی کوڕی بابا ئەردەڵان بارەگای لە قەڵای زەڵمی شارەزورەوە گواستۆتەوە بۆ قەڵای پاڵنگانی سەر ڕێگای هەمەدان[4].

---

(١) رەنگە بە ناوی عماد الدین زەنگی یەوە ناوزەد کرابێت کە زاوای گوکبوری بوو و تا مردنی لە ساڵی ٦٣٠ك/١٢٣٣ز شارەزوری بەدەستەوەبوو.

(٢) لە سەدەی شازدە و سەرەتای سەردەمی عوسمانی، دەربەندی بازیان بە دەربەندی إیمانشا(سلیمانشا؟) دەناسرا. مذکرات مأمون بك بن بیگەبك، الترجمة العربیة، ص٢٦.

(٣) ابن الساعي، الجامع المختصر، ص١٥.

(٤) لە کتێبی (لەبارەی کەلتور و مێژووی کوردەوە) بە درێژی دەربارەی بابا ئەردەڵان و دەرکەوتنی میرنشینی ئەردەڵان ئاخەفتووم.

هەر لەم دەمانە دا، میر عزالدین خەسرەوی کوڕی برجم- پەرچەمی کوڕی خەسرەوی کورد دەرکەوت و ئەویش بە خاوەندی دەربەند دەناسرا و بە سوارچاکی و ئازایی و دلێری ناوی دەرکردبوو، لە ناوەکەیەوە دیارە دەبـێت خزمایەتی دەگەڵ مکلوای کوڕی خەسرەو هەبـێت و نازانرێت ئەم خزمایەتییە چۆنە و تەنها لە دەقێکدا ناوی هاتووە و روون نیە لە چ رۆژگارێك کاربەدەستی دەربەند بووە[1].

هەروەها دەرەتەنگی حلوان[2] واتا ناوچەکانی خانەقین و قەصری شرین و سەرپولی زەهاو، سەر بە بەغدا بوو و خیلافە رادەستی کوردی ناوچەکەی کردبوو، بەو پێیەی شوێنێکی پڕگرنگ و بەهادارە و کاریگەریی راستەوخۆی هەیە بەسەر چارەنووسی بەغداوە و دەروازەی هاتن و شۆڕبوونەوەیە لە بەرزاییەکانی کوردستانەوە بۆ دەشتاییەکانی عێراق، تەنانەت مەغۆل لەوێیەوە دزەیان کرد و بەغدایان گرت، لەو دەمانە میر حسام الدین عەکە(؟) والی و بەرپرسی دەرتەنگ بوو[3].

## ج- نیمچە میرنشینەکانی هەکاری:

سەرباری هەڕەشە و پەلاماری بەردەوامی ئەتابەگە تورکەکانی موصڵ و هەولێر، چییا بڵندەکانی هەکاری لەو شوێنە دەگمەنانە بوون کە دەستی داگیرکاری و شەڕانگێزیی تورکانی پێنەگەهیشتبوو و خۆجێهی بەرێوە دەبرا، مبارز الدین ئەحمەدی کوڕی حەسەنی هەکاری، میرێکی پایەبەز و جوامێر و ناودار بوو، سەردەمانێك وڵاتی هەکاریی بەدەستەوەبوو[4].

---

(١) ابن الفوطي، مجمع الآداب، ١٨١/١.

(٢) دەرەتەنگ هەر لە سەردەمی مەغۆلەکانەوە بەو ولایەتە دەگوترا کە لە سەردەمی ئیسلامی دا بە حلوان دەناسرا، پاش خراپبوونی حلوان، دەرتەنگ جێگای کرتەوە کە دەکەوێتە نزیك شاری زەهاو و شارۆچکەی رێژاوە ناوەندی بوو. شرفنامە، ص٥٣٧.

(٣) همدانی، جامع التواریخ، ص٧٠٥-٧٠٦.

(٤) مجمع الآداب، ، ٣٢٢/٤.

هەكارییەكانی جۆلەمێرگ نیمچە میرنشینێكیان هەبوو و بارەگایان قەڵای جۆلەمێرگی لەگرتن نەهاتوو بوو و دەستیان دەڕۆیشت بەسەر گەڤەر و زۆربەی ناوچە شاخاویەكانی هەكاری و میری هەكاری لە كۆتاهی سەردەمی عەباسی مەنگەلانی[1] كوڕی موجەللا بوو، دوای خۆی أسد الدين موسای كوڕی جێگای گرتەوە[2]، سێ سەدەیەك پێشتر، شاعیر (السري الرفاء:م٣٦٢ك/٩٧٣ز) ستایشی میرێك دەكات بە ناوی مەنكلان-مەنگلان بە بۆنەی لەدایكبوونی كوڕێكی و بوونی بە والیی(الحديثة)[3]، ئەگەر ناو بكرێتە پێوەر پێدەچێت پەیوەندییەكی خزمایەتی لە نێوان ئەم دوو مەنگەلانە هەبێت.

پێویستە ئەوەش بگوترێت كە میرنشینی جولەمێرگ لە سەرەتای سەردەمی مەغۆلیەوە وەك گەورەترین قەوارەی سیاسی كوردی دەركەوت، (العمري:م ٧٤٩ك /١٣٤٨ز) ئاماژەی بەم راستیە داوە و ستایشی میری هەكاریی كردووە[4].

لەتەك ماڵباتی مەنگەلان دا، زیاتر لە ماڵباتێكی دیی هەكاری هەبوون كە شێوەیەك لە قەوارەی خۆجێهیان هەبوو و پارچەیەك لە وڵاتیان بەدەستەوە بوو.

**١- بنەماڵەی مەمۆیی:**

بلسی(؟) مەمۆیی یەكەم كەسایەتیی ناوبراوی مەمۆییە و بەخۆی نەناسراوە و هیچ پێزانینێكی لەمەڕ دەست ناكەوێت و تەنها لە دوو كورتە هەواڵدا، چمكێك لە سەربوردەی كوڕ و كوڕەزاكانی تۆماركراوە و وا دیارە موڵك و سامانێكی فرەیان هەبووە، بۆیە (بدرالدين لؤلؤ) چاوی تێبڕیبوو و ساڵی٦٢٤ك/١٢٢٧ز بە هاوئاهەنگیی مظفرالدين گوكبوری، كوڕانی بلسی مەمۆیی دەستەسەر كرد و هەرچییان هەبوو لێی سەندن[5].

---

(١) مەنكلان ناوێكی باوبوو دەنێو كورد دا و چەند میرێك هەن بەم ناوە، لە سەرچاوە عەرەبیەكاندا بە (منكلان) هاتووە و بە دروستی نازانرێت بە كوردی چۆن گۆكراوە.. منكلان، مەنگلان، مەنگەلان...هتد.

(٢) ابن شداد، تأريخ الملك الظاهر، ص٣٣٢.

(٣) ديوان السري بن الرفاء، (القاهرة:١٣٥٥هـ)، ص١٢٧-١٢٨.

(٤) التعريف، ص٥٨، مسالك الأبصار، ٣/٢٦٤، ٢٦٨.

(٥) ابن نظيف الحموي، التأريخ المنصوري، ص١٠٣.

مير شرف الدين ئەحمەدی کوڕی شجاع الدين داودی کوڕی بلس، ماوەيەك والی مەلاتيە و لە سەرکردەکانی عزالدين کەيکاوسی سەلجوقی بوو، لە شەڕێکدا ساڵی٦٥٥ك /١٢٥٧ز دەگەڵ ئەيوبـييەکانی ميافارقين بەديلگيرا و لەنێو رەشماڵێکدا بەندکرا، بۆ شەوەکەی کابرايەکی تورکمان پڕيدايێ و کوشتی[١].

٢– بنەماڵەی تورانشی- تروانشی لە قەلاّی ئامێدی:

هيچ زانياريەك لە سەرچاوەکان بەرچاو ناکەوێت لەمەڕ نەژاد و قۆناغی بەرايی ئەم بنەماڵەيە، ئەوەندە هەيە عەلی و ئەبوبەکر کوڕانی تورانشی- تروانشی[٢]، لە رۆژگاری شالاّوەکانی هۆلاکۆ دا فەرمانڕەوای ئامێدی بوون، مير ئەبوبەکر پشتئەستور بە قايمی قەلاّکانی و سەختيی هەڵەت و کێوەکانی ناوچەکە و هێزە چەکدارييەکەی کە ژمارەيان لە چوار هەزار جەنگاوەر تێدەپەڕی، گوێی بە مەترسيی مەغۆل نادا و حيسابی بۆ ناکردن و بـێباکانە سالاّنێك لە کێوەکانی هەکاری بەربەرەکانێی کردن و سەرئەنجام بە هەوڵی تەڵەکەبازانەی مەسعودی بەرقوتی[٣] جێگری مەغۆل بەسەر موصڵەوە فريودرا و رادەستی خانی مەغۆل کرا و لە کاتی هەڵهاتنی لە ئۆردوی مەراغە خۆی و هەشت لە هەڤالاّنی بەدەستی مەغۆلی ئەختاجی کوژران[٤].

٣- بنەماڵەی بهاء الدين(بهاءالدينان- بەهدينان؟):

---

(١) ابن شداد، الأعلاق الخطيرة، ٤٨٣/٣، ٥٢٥- ٥٢٦، ابن العبري، تأريخ الزمان، ص٣٠٣.

(٢) لە دەستنووسی (مسالك الأبصار) هاتووە تورانشی، گومانێکی وام نيە مەبەستی تروانشی يە کە گوندێکی مەزن و ئاوەدانە لە نزيك کانی مازی لە دەڤەری بەرواری بالاّ لە قەزای ئامێدی، جێگای باسە زۆربەی ناوی شوێن و هۆز و کەسايەتيەکانی کوردستان لـەم دەستنووسـەدا و لـە دوو دانـەی چاپکراويشـدا بەهەڵـە روونوسکراون.

(٣) مەسعودی بەرقوتی خەڵکی گوندی برقوطا- بێرکۆتی نزيك هەولێرە، سالاّنی(٦٦٦-٦٦٨ك) و (٦٧٦- ٦٨٢ك) جێگری موصل بوو، بڕوانە د. عماد عبدالسلام رؤوف، إدارة العراق، الأُسر الحاكمة في القرون المتأخرة، ص١٦٢.

(٤) تأريخ الزمان، ص٣٤٨، مسالك الأبصار، ٢٧١/٣.

بهاءالدینی کوڕی قطب الدین و شمس الدین داودی ئامۆزای پشتاوپشت دەڤەرێکی وڵاتی هەکارییان بەدەستەوە بوو و لەوە دەچێت هەر سەر بە ماڵباتی مەنگەلان بن، (العمري) راستەوخۆ دوای میرانی جۆلەمێرگ ناوی بردوون، شمس الدین داود ماوەیەك بەرەنگاریی مەغۆلی کرد، مەغۆل چەند شێوازێکیان بۆ لەخشتەبردن و لەناوبردنی تاقی کردەوە و نەشییان زەفەری پێ ببەن و ناچار لەگەڵی پێکهاتن[1].

به دوری نازانین میرانی ئامێدی له ڕۆژگاری مەغۆلی و جەلائیری نەوەی بهاءالدین بن و دەڤەری بەهدینانیش بە ناوی ئەوەوە ناونرابێت: بهاء الدینان-بەهدینان، میرانی شەمزینانیش نەوەی میر شمس الدین داود بن و بە هەمان دەستور دەڤەری شەمزینانیش بەناوی ئەوەوە شمس الدینان-شەمدینان ناونرابێت، شەرەفخانی بەدلیسی دەنوسێت: هەواڵی راست ئەوەیە کە فەرمانڕەوایانی هەکاری: بنەماڵەی شەمۆ- شەمسەدینان و فەرمانڕەوایانی ئامێدی: بنەماڵەی بهاء الدین- بەهادینان ئامۆزان و شمس الدین و بهاءالدین و مەند-مەندشا- مەنتشاه سێ برا بوون[2].

### د- کوردە عەدەوییەکان:

شێخ عەدیی کوڕی مسافری کورد[3]، یەکێکە لە ڕێبەرانی ڕەوتی صۆفیگەری و نزیکەی ساڵی٤٦٧ك/١٠٧٤ز لە گوندی (بـیت فار)ی وڵاتی شام و لە جێگایەك بە ناوی (شوف الأکراد) لەدایك بووە و لە تاف لاوییەوە تێکەڵ بە بزاڤی صۆفیگەری بووە و هاوڕێیەتی کەڵە صۆفیە پێشەنگەکانی کردووە و بە هەولێر و قەڵای کەرخینی- کەرکوك دا گەڕاوە، پاشان بە یەکجاری لە گەلیی لالشی نزیك شێخان گیرسایەوە و کردی بە

---

(١) مسالك الأبصار، ٣/٢٦٨-٢٦٩.

(٢) شرفنامه، ص٣٩٥.

(٣) لە سەرچاوە بەراییەکان دا( إبن الأثیر، إبن المستوفي، إبن خلکان...هتد)، هەرگیز شێخ عەدیی کوڕی موسافر نەکراوە بە عەرەبی ئومەوی، بگرە زانایانی موصڵ بە کوردیان زانیوە و بەخۆیشی بە کوردی ئاخافتووە، العسقلاني، النور السافر، ص٢٥٣. بڕوانە: عبدالرحمن مزوري، تاج العارفین عدي بن مسافر الکردي الهکاري لیس أمویا، ط٢، هاڤیبوون (برلین:٢٠٠٤).

خەڵوەتگا و دواماڵی خۆی و سەرپاکی ژیانی تەرخان کرد بۆ خوداپەرستی و ئامۆژگاری خەڵك و ڕێنوێنییان ڕووەو چاکە و دینداری. لە ماوەیەکی کورتدا، خەڵکانێکی زۆر لە دەوری گردبوونەوە و بوونە موریدی و بڕوای تەواویان بە بـیروباوڕی هێنا، تا ساڵی٥٥٧ ك/١١٦٢ز مرد و لەنێو خەڵوەتگاکەیدا بەخاك سپێردرا(١).

شێخ عەدی هیچ ئامانج و نیازێکی سیاسیی نەبوو و توخنی کاروباری دنیایی ناکەوت، کەچی مورید و لایەنگرانی تا دەهات ژمارەیان هەڵدەکشا. لە سەردەمی شێخ عەدیی دووەم(م:٦٢٥ك/١٢٢٨ز)،لەتەك نفوزی روحی دا، هێزی سەربازیشیان پەیداکرد و لە سەردەمی حەسەنی کوڕی شێخ عەدی(٥٩٢-٦٤٤ك /١١٩٦-١٢٤٦ز) کە بە شێخی کوردان دەناسرا، ڕێبازی صۆفیگەریی عەدەوی بە لاڕێدا برا و مێژوونوسێك دەڵێت جیاوازیی نێوان شێخ حەسەن و شێخ عەدیی یەکەم ئاسمان و ڕێسمانە(٢).

لە رووی سیاسیەوەش، وزە و توانایان پەیداکرد و موڵك و ماڵ و ئەسپێکی زۆریان پێکەوەنا، تا ئەو رادەیەی(بدرالدين لؤلؤ) ئەتابەگی موصلْ لێیان دەسڵەمیەوە و هەستی بە مەترسییان دەکرد، بۆیە جارێك داوای باج و پارەی لێدەکردن و جارێکی دی سوپای دەناردە سەریان، هاوکات زانایانیش فەتوایان لە دژیان دەردەکرد و بـیروباوڕیان بە پوچ و دەرچوو لە بازنەی ئیسلام دەژمارد(٣).

لە درێژەی ئەو شێواندن و چەواشەکارییانەی لەمێژە دەرهەق نەژاد و بنەچەی شێخ عەدیی هەکاری و دیرۆکی کوردانی ئێزیدی دەکرێن، سەعید دێوەچی(١٩١٢-٢٠٠٠) شێخ عەدیی بە عەرەبی ئومەوی داناوە و دژایەتی و ناحەزیی بەدرەدین(بدرالدين لؤلؤ) بۆ شێخانی عەدەوی و ئەو شەڕ و هێرشانەی وا لە دژیان بەرپای کرد، گەڕاندۆتەوە بۆ ئەوەی کە گوایە ئەوان کاریان بۆ دامەزراندنەوەی خیلافەی ئومەوی دەکرد و بەدرەدینی شیعەش ڕێگای پێ نادان و بەربەرەکانیی دەکردن(!)(٤).

---

(١) ابن خلكان، وفيات الأعيان، ٣/٣٥٤.

(٢) الذهبي، تأريخ الإسلام، ٢٤٧/٤٧، الكتبي، فوات الوفيات، ٣٣٥/١.

(٣) ابن المستوفي، تأريخ أربل، ١١٩/٢-١٢١.

(٤) اليزيدية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر(بيروت:٢٠٠٣)، ص١٤، ٣٨-٤٦.

عەدەوییەکان بڕوایەکی رەهایان بە شێخی ڕێبەریان هەبوو و گوێڕایەڵی بڕیار و فرمانەکانی دەبوون و بە سادەترین ئاماژەدانی ئامادەبوون وڵاتی موصڵ کاول بکەن، (بدرالدین لؤلؤ) بۆ پێشگرتن لە پەرەسەندنی دەسەڵاتی شێخی کوردان، ساڵی٦٤٤ك /١٢٤٦ز بانگی کردە موصڵ و دەستبەسەری کرد و پاشان لە قەڵای موصڵ خنکاندی [١]، هەروەها بەردەوام گوشاری دەخستە سەریان و باجی لێدەسەندن و داوای یارمەتی دارایی لێدەکردن، ساڵی٦٥٢ك/١٢٥٤ز هێزێکی ناردە سەریان و لە نێوان هەردوولا شەڕێکی سەخت بەرپابوو و کوردە عەدەوییەکان تێکشکان و ژمارەیەکیان لێ کوژران و دواتر بە فرمانی بدرالدین سەد کەسیان لێ لەخاچدران و سەدی دیان گۆشاوگۆش سەربڕدران و ڕێبەرەکەیان پارچە پارچەکرا و لە دەروازەی موصڵ هاتە هەڵواسین و دەستەیەکی ناردە لالش و گۆڕی شێخ عەدیی یەکەمیان هەڵدڕی و هێسك و پروسکیان سوتاند[٢].

وێڕای مەشیخەی کوردە عەدەوییەکان، لە ناوچەی دەرەتەنگ و پاوە مەشیخەیەکی دی دەرکەوت و ناوبانگی پەیداکرد، شێخ فخرالدین ئیبراهیمی کوڕی میکائیلی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی عەلی لە ماڵباتێکی دینداری دێرینی کوردستان بوو و خۆیان بە نەوەی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففان دادەنا[٣]، وەك باب و باپیرانی شییا پێگای خۆی لەنێو دانیشتوانی حلوان و دەرەتەنگ و پاوە بکاتەوە و نفوزێکی روحی بە هێز و بەربڵاو پەیدا بکات و بە شێخی چییاکان ناوبانگ دەربکات، خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆبوونەوە و بوونە مورید و تۆبەکار و دەروێشی خەرقەپۆشی و بڕوایان بە کەشف و کەراماتی هێنا، پاش شێخ فخرالدین کوڕەکەی قطب الدین میکائیل[٤] بووە جێنشینی و

(١) تأريخ الإسلام، ٤٧/٢٤٧–٢٤٨، فوات الوفيات، ١/٣٣٤ـ٣٣٥.

(٢) مؤلف مجهول، كتاب الحوادث، ص٣١٥، الغساني، العسجد المسبوك، ص٦٠١.

(٣) ابن الفوطي، مجمع الآداب، ٣/٤٤٨.

(٤) ئەم پیر میکائیلە دەبێتە باپیرە گەورەی جاف میکائیلی و مەولانا خالیدی نەقشبەندی. لە کتێبی(لەبارەی کەلتور و مێژووی کوردەوە) بە درێژی لەم بابەتە دوواوم.

درێژەیدا بە ڕێبازەکەی، شێخ قطب الدین ساڵی٧١٠ک/١٣١٠ز سەردانی بەغدای کرد و چاوی بە (ابن الفوطي) کەوت، ئەمیش شەجەرەی بنەماڵەکەی بۆ نوسییەوە(١).

هـ- چەند نیمچە میرنشینێکی دی:

١- مازنجانی و زێباری لە دەڤەری ئاکرێ:

میر محەمەدی مازنجانیی حەمیدی لە خێزانێکی دێرین و شکۆداری وڵاتی ئاکرێ بوو، خیلافە پشتیوانیی لێدەکرد و ناسناوی (سیف الدین)ی پێبەخشی، کە مردیش شەریفی عەلەوی(ابن الصلایا)(٢) والیی خیلافە بەسەر هەولێرەوە موچەو ئیقتاعاتەکەی بۆ کەکی-کاکی کوڕی هێشتەوە و خەلیفەش لای خۆیەوە بە ناسناوی (مبارز الدین) سەربڵندی کرد، ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە شانازی و خۆشحاڵی خۆیان بەم هاوڕدانەوەیەی خیلافە نەدەشاردەوە و گوشادی خۆیان بەم ڕێزلێنانە دەردەبڕی(٣).

هەروەها سەردارانی هۆزی زێباری کە دەرهاوسێی میر مبارزالدین کاك بوون و نەیار و ڕکەبەری یەکتریش بوون، بە فرمان و ڕەزامەندیی خیلافە فەرمانڕەوای وڵاتی زێبار بوون(٤).

٢- قەیموری لە قەڵای قەیمور:

کوردە قەیمورییەکان قەڵای قەیموریان کردبوو بە پێگای خۆیان کە دەکەوتە نێوان سعرد و جەزیرەی بۆتانەوە(٥).

یەکەمین میری ناسراوی قەیموری(اسد الدین ابو الفوارس)ی کوڕی موسەکی قەیمورییە کە بە مەزندە تا دەوروبەری ساڵی٦٢٠ک/١٢٢٣ز میری قەڵای قەیمور بوو و هەموو میرانی قەیموری کوڕ و نەوەی ئەون، دوای خۆی کوڕەکانی (حسام الدین الحسن)، ( شمس الدین عزین)، (ضیاءالدین موسی) و (سیف الدین یوسف) درێژەیان بە دەسەڵاتدا،

---

(١) مجمع الآداب، ٢/٥٢٣-٥٢٤، ٣/٤٤٨-٤٤٩.

(٢) الشريف تاج الدين أبو نصر محمد بن نصر العلوي المدائني(م:٦٥٦ك/١٢٥٨ز).

(٣) مجمع الآداب، ٤/٣٢٦، مسالك الأبصار، ٣/٢٦٣.

(٤) مسالك الأبصار، ٣/٢٧٠.

(٥) الكتبي، عيون التواريخ، ٢١/٣١٥.

ساڵی٦٤٢ك/١٢٤٤ز میرانی قەیموری بەدەنگ بانگهێشتی (الملك الصالح) نجم الدین ئەیوبەوە چوون و بە ژمارەیەك چەكدار و لایەنگرەوە خۆیان گەیاندە شام[(١)].

عمادالدین عەلی(م:٦٨١ك/١٢٨٢ز) ی كوڕی ناصرالدین عیسای كوڕی سیف الدین یوسفی كوڕی اسدالدین، دوا میری فەرمانڕەوای قەیمورییەكانە لە قەڵای قەیمور، ئەوەبوو وەك سەرجەم قەڵا و بازێڕەكانی كوردستان كەوتەبەر هێرشی مەغۆل و داگیركرا، ئەویش ناچار پەنای بردە بەر وڵاتی شام و خۆی گەیاندە مام و ئامۆزاكانی[(٢)].

### ٣-زەرزاری لە قەڵای خوفتیان- هاودیان:

هۆزی زەرزاری لە هاودیان و ڕەواندز و سیدەكان و باڵەكان و كێلەشین و شنۆ دەسەڵاتێكی خێڵەكیی پێكەوە نابوو و چەند میرێكی ناسراویان تیادا هەڵكەوت، خوفتیان-هاودیانی بارەگا بە خوفتیانی زەرزاری یان خوفتیانی ئەبـوعەلیی زەرزاری دەناسرا[(٣)]، كە دوور نیە مەبەست هەر میر جمال الدین ئەبـوعەلی خوشترین-شێروین (م:٥٨٣ك/١١٨٧ز)بـێت[(٤)]، لایەنی كەم لە ڕۆژكاری ئەیوبـییەكانەوە بە وڵاتی زەرزاری (بلد الزرزارية) دەناسرا، لە كۆتاهی سەردەمی عەباسی میری زەرزارییەكان علم الدین عەلی بوو[(٥)]و لە دەمی نەخۆشكەوتنی گوكبوری- ساڵی٦٢٩ك/١٢٣٢ز- میر سعد الدین حەسەنی كوڕی حاجب عەلی داوای لێكرد خوفتیانی بداتێ، ئەویش ڕەزامەندیی دەربڕی[(٦)].

---

(١) ابن واصل، مفرج الكروب، ٥/٣٢٦.

(٢) اليونيني، مرآة الزمان، ٤/١٧٤، الكتبي، عيون التواريخ، ٢١/٣١٥، الصفدي، الـوافي بالوفيـات، ٢١/٣٧٨.

(٣) ياقوت الحموي، معجم البلدان، ٢/٢٤٠.

(٤) الذهبي، تأريخ الإسلام، ٤١/١٥٤.

(٥) ابن شداد، تأريخ الملك الظاهر، ص٣٣٢.

(٦) مؤلف مجهول، كتاب الحوادث، ص٥١.

هەروەها هەر یەك لە هۆزی بوختی و بەشنەوی لە سەردەمی بوەیهییەوە نیمچە میرنشینێکیان دامەزرادبوو[1] و لە دەمێکدا سەرپاکی میرنشین و نیوچە میرنشین و هێزە خێڵەکیەکانی کورد لە ئازەربیجان و شارەزور و جەزیرە بە دەست سەلجوقییەکان و ئەتابەگەکانیان روخێنران و خاك و موڵکیان داگیر کران، بوختییەکان و بەشنەوییەکان سەرفرازیی خۆیان لەدەست نەدا و پارێزگارییان لە قەڵاو شوراکانی بۆتان و زۆزان کرد.

## ٦٦ـ رۆڵی کەسایەتییە کوردەکان لە وڵاتی شام و مصر:

کورد هەر لەو دەمەوەی بە تەواوی بوونە موسڵمان و تێکەڵ بە ژیانی سیاسی و چالاکیی شارستانیی کۆمەڵگای ئیسلامی بوون، لە دەرەوەی زێدی خۆیانیش کاریگەری و جێپەنجەیان دیارە، نەخاسمە لە وڵاتی شامی هاوسنوری کوردستان.

(ابوالحجر المؤمل بن مصبح) کوردێکی گومناو و بێ ناسنامەیە، هەرچەند بۆ ماوەی دەیان ساڵ بە والیی ئەفامیە و قەڵای بەرزەویە و ناوچەکانی دەوروبەری دانرابوو، ئەم قەڵایە لە ترۆپکی چیایەکی بڵند هەڵکەوتبوو، بەگوێرەی ئاخافتنی عەرەبێکی تەننوخی، تەننوخیەکان ساڵی٣٠٠ك/٩١٣ز شەڕی کوردانی ناوچەکەیان کردووە و زۆربەیان کوشتوون و میر(أبوالحجر)یان بەزاندووە، ئەویش هەڵاتووە و خۆی هەڵداوەتە نیو دەریاچەی ئەفامیەوە و چەند رۆژێك تێیدا ماوەتەوە، شاعیرێکیان بەم بۆنەیەوە شیعرێکی هۆنیوەتەوە:

تَوهَمَ الحربَ شطرنجاً يقلبُها... للقَمْر يَنْقُلُ منه الرُخ والشَاها

جازَت هزيمتُهُ أنهار فامية ... إلى البحيرة حتى غَط في ماها[2].

قەڵای بەرزەویە دواتر بۆ ماوەیەك کەوتەدەست (أبوتغلب الكُردي)ی خوشکەزای (أبوالحجر) و تا حەمدانییەکان ساڵی٣٣٧ك/٩٤٩ز قەڵاکەیان لەدەست دەرهێنا[3].

---

(١) بڕوانە بەشی چوارەم.

(٢) تأريخ همام التنوخي، ص٩٨، معجم البلدان، ٤١٢/٣.

(٣) ابن العديم، بغية الطلب، ٩٤١/٢، زبدة الحلب، ١٢٠/١.

(ابوالثريا الكُردي) سەرکردەی کۆمەڵێك کورد بوو لە بانیاس لە کەناری دەریا و دەبـێت بە مەبەستی جیهاد لەوێندەر نیشتەجێ بووبـێت، فاتمییەکان دوای ئەوەی ساڵی ٣٦٣ك/٩٧٣ز دیمەشقیان گرتەوە، لەسەر گازندە و داخوازیی خەڵکی شار، میر یان بەرپرسی شورتەی شاریان لەسەر کار لابرد و لە سەرەتای ساڵی پاشتر بانگهێشتی (ابوالثريا)یان کرد و ئەویش بۆ ماوەیەکی کەم ئەو پۆستەی گرتەدەست[1].

دوایی مردنی(سيف الدولة)ی حەمدانی(م:٣٥٦ك/٩٦٧ز)، خەڵکی ئینتاکیا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی چیدی نەهێڵن بەرپرسانی حەمدانی شارەکەیان بەڕێوە ببەن و(علوش الكُردي)یان بە والی دانا، ئەم کوردە نەناسراوە بۆ دوو ساڵێك والیی ئینتاکیا بوو[2]، عیسای کورد ناودار بە(عيسى الخشاب)لە پیاوانی چڤاتی میرانی حەمدانیی حەلەب بوو، کوڕ و نەوەکانی لە ناودارانی حەلەب بوون[3].

(أبوالحجر أحمد بن الضحاك) کە پێدەچێت خزمایەتی دەگەڵ میر(أبوالحجر الكُردي) هەبێت، سەربازێکی دیکەی گومناوی کوردە و هیچی لەبارەوە ئاشکرا نییە تەنها ئەوەندەبـێت کە ساڵی٣٨٧ك/٩٩٧ز لە شەڕێکدا لە ئەفامیە فیداکارانە جەنگا و دۆقسی سەرکردەی بـیزەتیەکانی بە خشتێك کوشت[4].

ابن تالشليل(؟) میری کوردان بوو لە دۆڵی (التيم)ی نێوان دیمەشق و صەیدا، ئەمیش تەنها هەندەی لەمەڕ دەزانرێت کە هێرشی کردە سەر ئەو درووزیانەی کە خەلیفەی فاتمی(الحاكم بأمر الله) بۆ بڵاوکردنەوەی بـیروباوڕی ئیسماعیلی ناردبوونیە ناوچەکە و لەناوی بردن[5].

---

(١) ابن عساكر، تأريخ دمشق، ٣٧٦/٦، ٨٣/٦٦، الصفدي، تحفة ذوي الألباب، ص٣١٣.

(٢) تأريخ الإنطاكي، ص١١٧، ١٣٤، ابن عبد الظاهر، الروض الزاهر، ص٣١٧.

(٣) ابن العديم، بغية الطلب، ٦٢٨/٢.

(٤) الروذراوري، ذيل تجارب الأمم، ١٣٨/٦، تأريخ ابن ابـي الهيجاء، ص١٨٢.

(٥) تأريخ الإنطاكي، ص٣٤٩-٣٥٠.

شێخ عەبدولعەزیزی کوڕی عەلیی شارەزوری (م:٤٢٧ک/١٠٣٦ز) زانایەکی ئایینی و شارەزای زانستەکانی قورئان و دەستی لە لێکدانەوەی خەونیش هەبوو، لە پێناو فێربوون و خۆ پێگەیاندن بە جیهانی ئیسلامی گەڕاوە و لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا گەهیشتە ولاّتی ئەندەلوس و قەصدی شاری دانیەی کرد، لە گەڕانەوەیدا بە ڕێگای دەریادا لە تەمەنی نەوەدەکاندا بە دەستی رووم کوژرا[1].

(شهم الدولة) یان (سهم الدولة) خەلیفەی کوڕی جیهانی کورد، ماوەیەک ـ ناوەڕاستی سەدەی٥ک/١١ز ـ والیی شاری رەحبە بوو و دواتر پۆستی دیی وەرگرت[2].

عەلیی کورد(علی کُرد) تا مردنی ـ٥٠٦ک/١١١٢ز یان ٥٠٨ک/١١١٤ز ـ والی حەماە بوو، کەسایەتیەکی دیاری ناوچەکە بوو، لە روداوەکانی سەرەتای سەدەی ٦ک/١٢ز ناوی دێت، دوای خۆی هەواڵی کوڕەکانی: نەصر و وەردانشاە و(علم الدین ابو طالب) بەرچاو دەکەوێت، هەر لەم ماوەیەدا ناوی ئەم میرانە دێت:

- سەلار بەختیار(م:٥١١ک/١١١٧ز) شوحنەی دیمەشق.
- عومەری کوڕی سەلار بەختیار(م:٥٢٧ک/١١٣٢ز).
- زین الدین ئیسماعیلی کوڕی سەلار عومەر.
- بەدرانی کورد(الکافر) ـ ساڵی٥٢٩ک/١١٣٤ز.
- عەلیی کوڕی وەفائی کورد ـ ساڵی٥٣١ک/١١٣٦ز.
- کوردەکی کوڕی موسای کورد والیی رقە(٥٦٢ـ٥٦٥ک/١١٦٦ـ١١٦٩ز)[3].

فێرخوازان و خوێندەوارانی کورد بە نیازی فێربوون و زانستخوازی، بە چڕی هاموشۆی دیمەشقیان دەکرد تا بوونە پێکهاتەیەکی دانیشتوانی شار و رەوەندی کوردیی تێدا پەیدابوو، تەنانەت گۆڕستانێکی شار بە ناویانەوە(مقبرة الأكراد)

---

(١) ابن بشكوال، كتاب الصلة، ص٣٠٣.

(٢) زبدة الحلب، ٢٩٣/١، تأريخ ابو الفداء، ٦٠/٤.

(٣) بڕوانە: القلانسي، ذيل تأريخ دمشق، ص٤٠٦، ٤١٣، تأريخ العظيمي، ص٣٦٧، ٣٨٨، البستان الجامع، ص٣١٨، ٣٢٥، زبدة الحلب، ١٧٤/٢، ٢٦٠ـ ٢٦٢، الأعلاق الخطيرة، ٧٩/٣.

دەناسرا و هەر یەك لە موسای کورد و پلاشۆ(؟)ی کورد مزگەوتێکی بنیاتنا کە بە ناوی خۆیانەوە ناونران: مزگەوتی موسای کورد و مزگەوتی پلاشۆی کورد، کوردێکی دی(أبن میر الکردي) قوتابخانە و مزگەوتێکی بنیاتنا[1]، فەقیە محەمەدی کوڕی عەلیی کوڕی ڕەمەزانی زەرزاری(٥٤٧-٦٢٩ك/١١٥٢-١٢٣٢ز) لەدایکبووی دیمەشقە[2].

میر مجاهدالدین بزانی کوڕی مامین(م:٥٥٥ك/١١٦٠ز)لە کوردە گەڵاڵیەکانی شارەزور و گەرمیانە و ناودارترین کەسایەتی کوردە لە دیمەشق و وڵاتی شام بەگشتی پێش دەرکەوتنی ئەیوبیەکان، ئەمیش بە میری کوردان دەناسرا و مرۆڤێکی جوامێر و بەخشندە و ئیماندار و خێرخواز بوو، ڕێزدار و خۆشەویستی خەڵکیبوو، کاتێك ساڵی ٥٤٢ك/١١٤٧ز بە والیی قەڵای صەرخەد دەستنیشان کرا، خەڵکەکەی خۆشحاڵ و شادمان بوون، لێرە بەدواوە بە (صاحب صرخد) ناودەبرا، ڕۆڵی کاریگەری هەبوو لە بەرپەچدانەوەی خاچهەڵگرەکاندا و لە بواری ئاواکاریشدا جێپەنجەی دیارە و بنیادنەری چەند دامەزراوەیەکی زانستی و خێرخوازیە، وەك هەردوو قوتابخانەی(المجاهدیة الجوانیة) و(المجاهدیة البرانیة)[3]، سیف الدین محەمەدی کوڕیشی لە هەڵمەتی یەکەمی أسدالدین شێرکۆ بۆ سەر قاهیرە و لە گەمارۆدانی فەرەنجە لە بەلبیس کوژرا[4].

---

(١) ابن عساكر، تأريخ دمشق، ٢٩٨/٢، ٣٠٦، ٣١١، ٣١٦.

(٢) الذهبي، تأريخ الإسلام، ٣٧٥/٤٥. دەربارەی فەقیە و زانایانی کورد لە دیمەشق، بڕوانە: تأريخ دمشق، ٢٠٤/١، ٢٦٤/٦، ٣٠٩/٢١-٣١٠، ١٨٧/٥١-١٨٨، ١٥٣/٥٢، ٣٧/٥٤، ١٩٧...هتد.

(٣) ذيل تأريخ دمشق، ص٤٤٢، ٤٦١، ٥٤٧، تاريخ دمشق، ٣١٣/٢، ٣٨١، أبو شامة، الروضتين، ٢٠١/١، ٣٤٢- ٣٤٣.

(٤) بە بۆنەی چوونی بۆ مصر دەڵێت:

يا مصر ما كنت في بالي ولا خلدي ولا خطرت بأوهامي وأفكاري

لكن إذا حانت الأقدار كان لها قوى تؤلّف بين الماء والنار.

المقريزي، المقفى الكبير، ٤٤٩/٤-٤٥٠.

له ساڵی٥٥٨ك/١١٦٣ز فەڕەنگەکان له پڕێکدا پەلاماری سوپای زەنگییان دا له بەردەم(حصن الأكراد)و گەهیشتنه رەشماڵەکەی نورالدین مەحمود، ئەویش پەشۆکا و بەپەله خۆی گەیاندە ئەسپەکەی و فریا نەکەوت پەتی پێی ئەسپەکه بکاتەوە، لەم ساتە ناسکەدا کوردێك هاتەدەست و پەتەکەی ترازاند، سەرئەنجام فەڕەنگەکان کوشتیان و نورالدین مەحمودیش دەربازی بوو[1]، هەر لەم شەڕانەدا کوردێکی دی پاش زیارەتی گڵکۆی خالیدی کوڕی وەلید له حمص ورەی بەرزبووەوە و چاونەترسانە جەنگا و دوو سوارەی فەڕەنگیی کوشت و دووی دیکەیی بەدیل گرت[2].

سەلاری زەرزاری باوکی وەزیری فاتمی عەلیی کوڕی سەلار(م:٥٤٨ك/١١٥٣ز) له کۆتاهی سەدەی٥ك/١١ز دا، له شامەوە چووە مصر و به گەرمی میوانداری کرا و ناسناوی(ضيف الدولة)ی پێبەخشرا، عەلیی کوڕیشی دەگەڵ کوڕانی بەرپرساندا نێردرایە رێزی(صبـيان الحجر)وە که وەك فێرگەی جەنگی تایبەت وابوو و خوێندکارانی لەسەر هونەری جەنگی و ئەسپسواری رادەهێنران و فێری ئەو پیشە و زانستە سەربازیانە دەکران که دەوڵەت پێویستی پێیان هەبوو، عەلیی کوڕی سالار هەرزوو نیشانەی وریایی و جەربەزەیی لێدەرکەوت و هێشتا هەرزەکاربوو چەند پۆستێکی گرنگی وەرگرت و کرایە والیی(البحيرة) و ئەسکەندەریە.

له سەردەمی خەلیفە(الحافظ:٥٢٥ـ٥٤٤ك/١١٣١ـ١١٤٩ز)، وەك فەرماندەیەکی پایەدار و دەسترۆیشتوو هاتە مەیدان، خەلیفە(الظافر: ٥٤٤ـ٥٤٩ك/١١٤٩ـ١١٥٤ز) لەگەڵ بوونی به خەلیفە و لەسەر رێنمایی باوکی، (نجم الدين ابن مصال)ی کرد به وەزیر، عەلیی کوڕی سالار ئەم پێنگاڤەی خەلیفەی بەدڵ نەبوو و بەتوندی رەتی کردەوە و به سوپایەکەوە هێرشی کردە سەر قاهیرە و خەلیفەی سەرکۆنە کرد و ملکەچی کرد بڕیاری دامەزراندنی (ابن مصال) هەڵبوەشێنێتەوە و خۆی به وەزیر دانا، خەلیفەی داماو داواکەی جێبەجێ کرد و ناسناوی (العادل)یشی پێدا و بۆ

---

(١) الكامل، ٩/١٨٠، الروضتين، ١/٣٥٠.

(٢) ابن العديم، بغية الطلب، ٧/٣١٧٢.

ماوەی زیاتر لە سێ ساڵ وەزیرایەتی کرد و لە سەرەتایی ساڵی٥٤٨ك/١١٥٣ز بە دەستی نەصری کوڕی عەباسی صنهاجی و بە هاوئاهەنگیی خەلیفە، لە ژوری نوستنەکەی کوژرا، عەباسی صنهاجی باوکی بکوژ، زڕکوڕی عەلیی کوڕی سالار بوو[1]. ماوەتەوە بڵێین، ئەم وەزیرە کوردە چالاکیی ئاواکاریشی هەبوو و لە هەر شوێنێك بەرپرس بووبێت بایەخی بە بواری زانستی داوە و لە حیسابی خۆی قوتابخانەیەکی لە ئەسکەندەریە و چەند مزگەوتێکی لە بەلبیس و قاهیرە بنیاتناوە[2].

هاوتەریب دەگەڵ وەزیری زەرزاریدا، (سیف الدین الحسین الكُردي)[3]، میر و سەرکردەیەکی پایەبڵندی فاتمییەکان و زاوای وەزیر(الصالح بن رزيك: ٥٤٩-٥٥٦ك /١١٥٤-١١٦١ز)بوو و ماوەیەك کرایە والیی قاهیرە، لە روداوەکان و کێشە ناوخۆییەکانی دوا ساڵەکانی سەردەمی فاتمی ئامادەیی هەیە و بەشداری و رۆڵی بەرچاوە، ناسناوەکانی نیشانە و ئاماژەن بۆ ئەو پایەیی پێی گەیشتووە، (فارس الدولة)ی باوکی و(تاج الملوك)بەدرانی برایشی هەر میر بوون، (تاج الملوك)بنیاتنەری مزگەوتێکە بەناوی خۆیەوە لە قەرافەی قاهیرە[4].

لە یادەوەریەکانی(أسامة بن منقذ) روون دەبێتەوە کە سەدان جەنگاوەر و خۆبەخشی کورد چووبوونە شام و تەنها لە نێو میلشیاکانی بنەماڵەکەیانا کە خاوەندی قەڵای شیزەر بوون[5]، دەیان کورد هەبوون و هەموویان کەسانی دڵسوز و ئازا و جوامێر و فیداکار بوون و شایەنی ستایش و پیاهەڵدانی ئوسامە بوون، سەربوردەی هەر یەکێکیان وانەیەکە لە دلێری و بوێری و مەردایەتی و

---

(١) كتاب الإعتبار، ص٥٨-٦٠، ٧٣، ابن الطوير، نزهة المقلتين، ص٥٥، ٥٩، ٦٢.

(٢) وفيات الأعيان، ٤١٧/٣.

(٣) "الأجل المظفر الأمين سيف الدين حصن المسلمين ذي الفضائل والمناقب يمين أمير المؤمنين أبـي عبدالله الحسين بن فارس الدولة أبـي الهيجاء الفائزي الصالحي".

(٤) المقريزي، الخطط المقريزية، ٨٧/٣، ٣٣٩/٤.

(٥) شیزەر قەڵایەکە لە لێواری زێی عاصی لە باکوری رۆژئاوای شاری حەما-حماه.

لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت هەڵدەگرێت: سەرهەنگ، مەیاحی کورد، حەسەنون، حمدات ـهیمداد، کامل المشطوب، (ابوالجیش)ی کورد[1]، سەهلی کوڕی ئەبو غانم، زهرالدولة بەختیار، فارسی کورد و عەلانی کوڕیی، بەدر و عەنناز، میکائیل، عەلیی کوڕی مەحجوب[2].

---

(١) کچێکی ئەم کوردە لە لایەن سوارەیەکی فەڕەنجیەوە دەفڕێنرێت و ئەویش لە پشتی ئەسپەکەیەوە خۆی هەڵدەداتە ناو زێی عاصییەوە و دەخنکێت، پێم وایە ئەم بەسەرهاتە بناخەی راستەقینەی چیرۆکی کچە کافرۆشیە، لە کتێبی (لەبارەی کەلتور و مێژووی کوردەوە) لەم بابەتە دوواوم.

(٢) کتاب الإعتبار، ص٩٧-٩٨، ١١٢-١١٧، ١٣٧-١٣٩، ١٦٣-١٦٤، ١٧٤-١٧٨.

# بەشی حەفتەم

# ئەیوبــییەکان

### ٧-١- نەژادی ئەیوبـییەکان و کۆچکردنیان بۆ عێراق:

ئەیوبـییەکان بەرەبابێکی کوردن لە خێڵی رەوادیی سەر بە هۆزی بەربڵاو و فرەتیرەی هەدبانی و دانیشتووی گوندێکی نزیك دوێن بوون لە ئەرمینیا، شادیی رەوادی باپیرەگەورە و یەکەم کەسی ناسراویان، لە پیاوانی دەستڕۆیشتووی دیوەخانی میری شەدادیی خاوەندی ئانی[1] بوو و هەر ئەوبوو شییا کارێکی وا بکات که مجاهد الدين بەهرۆز(م:٥٤٠ك/١١٤٥ز)[2]ی دۆستی لە کێشەیەکی جڤاکی دەرباز ببێت[3].

وەك ئاشکرایە هەر لە رۆژگاری ئەیوبـیەکانەوە و لە دەرئەنجامی پاڵنەر و مەبەستی جۆربەجۆردا، ئاخافتن و هەواڵی هەڵبەستراو دەربارەی نەژاد و بنەچەیان و زێدی باووباپیرانیان داتاشران و ریزێك باوانی وەهمیان بۆ چێکرا، وەك ئەوەی نەژادی دەبردنەوە سەر ئومەوییەکان، یاخود ئەوەی دەڵێت بابی شادی ناوی مەروان یان یەعقوبە و لە نەوەی(مُرة بن عوف)ی عەرەبی عەدنانی بووە، هەرچەند ئەیوبـییەکان بۆ خۆیان رشتەیان تەنها تا شادی دەبرد و لە ئەو بەولاوە هیچیان دەربارەی باوانیان نەدەزانی[4].

(ابن خلكان)ی هاوچەرخ و هاونیشتیمانی ئەیوبییەکان وەك خۆی دەڵێت، گەلێك سۆراخی نەژادی کردوون و دوڤچوونی ووردی لەبارەی بنەچە و زێدی یەکەمیانەوە ئەنجامداوە تا سەرەداوێکی دەستکەوتووە و لە فەقیهێکی شارەزای خەڵکی دوێن بیستویەتی کە شادی خەڵکی گوندی ئەجندانەکانی هەڵکەوتوو لە نزیك دەروازەی باژێڕی دوێن بووە کە سەرجەم دانیشتوانەکەی لە کوردانی رەوادی بوونە[5].

---

(١) پاشماوە و شوێنەواری ئانی دەکەوێتە تورکیاوە لەسەر سنوری ئەرمینیا.

(٢) هەواڵەکان بەبێ روونکردنەوە، بەهرۆزیان بە رووم داناوە، کەچی بەهرۆز ناوێکی کوردی و ئێرانیە و وێدەچێت کورد بێت نەك رووم.

(٣) إبن خلكان، وفيات الأعيان، ٢٥٦/١.

(٤) ابو شامة، الروضتين، ١٦٤/٢-١٦٥، إبن واصل، مفرج الكروب، ٣/١-٦.

(٥) وفيات الأعيان، ١٣٩/٧، اليونيني، ذيل مرآة الزمان، ٣٧/١.

پێشتریش فارقی بۆ ئەوەی مەبەستی ئاخافتن بێت لەمەڕ نەژاد و نیشتیمانی ئەیوبـییەکان و بەر لە پایەداربوون و ناودەرکردنیان کتێبەکەی داناوە، سنورێکی بۆ ئەم مژارە داناوە و بواری بۆ گومان نەهێشتۆتەوە کە ئەیوبییەکان کوردن و زێدی یەکەمیان ئەرمینیایە و لە روداوەکانی ساڵی٥٥٠ك/١١٥٥ز دەڵێت:

" فخر الدین شەدادی کوڕی مەنوچەهر لە شاری ئانیەوە- بارەگای میرانی شەدادی - رووی کردە شام بۆ کن اسد الدین شێرکۆ، چونکە شادیی بابی شێرکۆ کاتی خۆی و بەر لە کۆچکردنی بۆ عێراق لە پیاوانی ماڵباتی دێرینی(ابوالأسوار)ی کوڕی مەنوچەهری شەدادی بوو"[(١)].

لەمڕووەوە، هەرچی بۆچوون و ئاخافتنی دی هەن سەبارەت بە زێد و بنەچە و کوانووی ئەم بنەماڵەیە کە هەر لە سەردەمی دەرکەوتنیانەوە لە ئارادا بوون و لەم ساڵانەی دوایشدا دوپات دەکرێنەوە، سەرلەبەری هەڵبەستراون و لە راستی بەدەرن و شایەنی ئەوەنین بەهەند وەربگیرێن.

روون نییە کەنگی شادی بە خاوخێزانەوە لە دوێنەوە سەری خۆی هەڵگرتووە و رووەو عێراق هاتووە، سەرچاوەکان هیچ زانیاریەك دەربارەی ئەم پرسە نادەن بەدەستەوە، بەڵام هۆکاری راستەوخۆی کۆچکردنی دیارە ئەوە بووە کە بەهرۆزی ناسیاو و کۆنە هەڤاڵی پاش ئەوەی لە بەغدا پایەدار بووە و پۆستی بڵندی گرتووەتەدەست، بانگهێشتی کردووە و هانی داوە بـێت بۆ عێراق تا پاداشتی بداتەوە و کارێکی شایەنی بۆ دابـین بکات، شادیش داواکەی پەسەند کردووە و رووەو عێراق رێگای گرتۆتەبەر.

دەکرێت بڵێین وێڕای ئەم بانگهێشتکردنە، هۆ و پاساوی بابەتیی دی هەبوون شادییان ناچار کردووە ئەم پێنگاڤە بنێت، گرنگترینیان ئەوەیە کە کوردە شەدادیەکان کە ئەوانیش لە خێڵی رەوادیی هەدبانی و پسمامی ئەیوبییەکان بوون، لە ئەنجامی هێرشی سەلجوقییەکاندا دەسەڵاتیان پوکایەوە و هەردوو شاری دوێن و گەنجەیان لەدەست دا و دەسەڵاتی سەد ساڵەیان لەنێو برا، تا مەنوچەهری کوڕی شاوور هەڵهات

(١) تأریخ میافارقین، ص٦١٢.

بۆ شاری ئانی و لەوێندەر لقێکی نوێی دەسەڵاتی شەدادیی دامەزراند، وەلێ ئەم لقە هەرگیز نەشیا ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە لقی سەرەکیی میرنشینی شەدادی گرتبوویەوە، بە ئاخافتنێکی دی سەروەریی کورد لە هەرێمی ئەرمینیا پوکایەوە و ناوچەکە هەمیشە دەکەوتە بەر پەلاماری ئەرمەن گەرج و خەزر[1].

سەرباری مەترسیی بەردەوامی سەلجوقییەکان، ئانی و دوێن توشی زنجیرەیەک بوومەلەرزە بوون، شادی و خزمەکانی ئەگەر دۆخی داراییان لەبار بوایە و هەستیان بە دەستکورتی و کەمدەرامەتی نەکردایە، ئاستەم بوو هزری کۆچ و لانەوازییان بە خەیاڵدا بهاتایە.

ئەوەی تەمومژی لەسەر نیە دەربارەی کۆچکردنی شادی و کوڕەکانی ئەوەیە کە پێش ساڵی٥٢٥ک/١١٣١ز لە قەڵای تکریت بووە و لە لایەن مجاهدالدین بەهرۆزەوە کراوە بە دژدار و زێرەڤانی قەڵاکە و راسپێردراوە کاروباریی بەڕێوە ببات، واتا دەتوانین ماوەی هاتنیان بۆ عێراق بە چارەکی یەکەمی سەدەی٦ک/١٢ز و دیاری بکەین و بە مەزەندە ساڵی٥١٥ک/١١٢١ز بە مێژووی کۆچکردنیان دابنێین، مینۆڕسکی پێیوایە بیست ساڵێك پێش لەدایکبوونی صلاح الدین، واتا ساڵی٥١٢ک/١١١٨ز، شادی و خێزانەکەی کۆچباری عێراق بوونە[2]، بۆچوونی واش هەیە هاتنیان پێشدەخات بۆ ماوەیەکی کەم پێش ساڵی٥٠٢ک/١١٠٩ز[3].

دەکرێت ناوی ئەندامانی خێزانی شادی وەك بەڵگەیەك هاریکار بێت بۆ دیاریکردن یاخود خەمڵاندنی مێژووی هاتنی بۆ عێراق، راستیەکی روونە کە ئەو دەمەی لە نیشتیمانی خۆیان بوون و تێکەڵییان لەگەڵ میللەتانی دی نەکردبوو و نەکەوتبوونە ژێر کاریگەریی کەلتوری عەرەب و تورکەوە، سروشت و مۆرکی خۆماڵی کوردییان پاراستبوو

---

(١) بۆ نموونە بڕوانە: الأصفهاني، البستان الجامع، ص٣٣١.

(٢) تأريخ ققفاز، ص١٥٩.

(٣) علي بـيومي، قيام الدولة الأيوبـية، ص٦٢.

و ناویان: شادی، چەکۆ-کوڕێ خەزووری شادی-، شێرکۆ، تۆرانشاە، شاهانشاە[1]، وشەی کوردی- ئێرانی بوون، بە واتایەکی دی شێرکۆ و دوو کوڕە گەورەی ئەیوب: تۆرانشاە و شاهانشاە دەنێو کوردە رەوەندیەکان و لە کەشوهەوای کوردەواری و دوور لە کاریگەریی بیانی لەدایك بوونە، کەچی پاش کۆچکردنیان بۆ عێراق ناوی منداڵەکانیان دەبێتە وشەی عەرەبی ئیسلامی: یوسف، محەمەدی کوڕی ئەیوب(الملك العادل)، محەمەدی کوڕی شێرکۆ(الملك القاهر)، دەمێکیش لە موصڵ و شام تێکەڵی ئەتابەگە تورکەکان بوون، ناوی منداڵەکانیان دەبێتە تورکی، وەك تغتکین و بوری کوڕانی ئەیوب.

هەواڵەکان دەڵێن شادی تەنها دەگەڵ شێرکۆ و ئەیوب هاتوونەتە عێراق، بەڵام پێدەچێت وێڕای ئەم دوو کوڕەی، ژمارەیەك لە کەسوکاری هاوڕێی بوونە و سەرەتا چووەتە بەغدا و دەبێت لەوێ بە دیداری مجاهدالدین بەهرۆزی هەڤاڵی دێرینی گەهیشتبێت.

لە هەواڵێکی لاواز و تەواو جیاواز لەم هەواڵە باوە، شادی بوون و رۆڵی نیە و گوایە ئەیوبی کوڕیی لە شەبەختان[2] یاخود لە چیای جوری نزیك حانی و میافارقین هاتۆتە دنیاوە و لە موصڵ پەروەردە بووە و چووەتە خزمەت سوڵتان محەمەدی سەلجوقی، کە دیویەتی دەستپاك و زیرەك و لێوەشاوەیە، بە پارێزگاری تکریت دایناوە و ئەویش سەرکەوتووانە ئەرکەکانی راپەڕاندوە و ناوچەکەی لە رێگران و خراپەکاران پاککردۆتەوە و ئارامی و تەناهیی گەڕاندۆتەوە[3].

نجم الدین ئەیوبی کوڕە تۆبەرەی شادی، ساڵی٥٦٨ك/١١٧٢ز شییانی ئەوەی هەبوو ئەسپبازی بکات و بە هۆی گلانی لەسەر ئەسپەوە گیانی لەدەست دا و بەدوور دەزانرێت لە دەستپێکی سەدەی ٦ك/١٢ز تەمەنی دەستی ئەوەی دابێت بکرێتە پارێزگاری قەڵایەکی گرنگی وەك تکریت. بەڵام دەزانین ساڵی٥٢٥/١١٣١ز پارێزگاری قەڵاکە بوو،

---

(١) شاهانشاە ناوێکی نەخوازراوە لای موسڵمانان چونکە شاهی شاهان–ملك الملوك– ناو و صیفەتی خودایە و بە خۆی تەنها شاهی شاهەکانە و فەرمودەیەکیش هەیە نەهی لە ناونان بەو ناوە کردووە.

(٢) شەبەختان: ناوچەیەکە لە ئەرمینیا، معجم البلدان، ١/٤٥٣، الکامل، ٩/٥٤٠.

(٣) ابو شامة، الروضتین في أخبار الدولتین، ٢/١٦٥.

ئەم هەواڵەش ئەو راستیە دەداتەدەست کە شادیی بابی بەر لەو مێژووە مردووە و لە تکریت نێژراوە، تکریتیش وەك كۆگا و كاروانسەرا و بەندیخانە وابوو، دەبوو ئەركی چاوەدێری و بەڕێوەبردنی قەڵایەكی ئاوەها گرنگ و هەستیار بسپێردرێتە كەسانی دەستپاك و دڵسۆز، وەزیر ناصری دەرگەزێنی[1] چەند كەسێكی لە پیاماقوڵانی دەوڵەت لە تکریت بەند كردبوو و یەكێكیان(العزیز الأصفهاني)بوو[2] و لە فرمانێكدا داوای لە نجم الدین ئەیوب كرد لە بەندیخانە دەری بهێنێت و بـیكوژێت، كەچی ئەو و شێركۆی برای رازی نەبوون ئەم كەتنە بكەن و فرمانی قەڵپی وەزیریان پشتگوێ خست[3].

عمادالدین زەنگی ساڵی ٥٢٦ك/١١٣١ز لە رێگای گەڕانەوەی لە گەمارۆی بەغدا دا، بەرەو تکریت كشایەوە، كوڕانی شادی لەو تەنگانەیەدا بە فریای كەوتن و پازدە رۆژ بە میوانی هێشتیانەوە و شێركۆ بەلەم و كەڵەكی بۆ دابـین كردن و پاشماوەی لەشكری بەزیوی لە روباری دیجلە پەڕاندەوە و بە كەلوپەلی پێویستەوە بەڕێی كردن، مجاهدالدین بەهرۆز بەم رەفتارەی كوڕانی شادیی نیگەران بوو و سەرزەنشتی كردن كە چۆن لەبری ئەوەی رابێن زەنگیی نەیاری بگرن و دەستەبەسەری بكەن، ئاسانكاریی بۆ دەكەن و لە تەنگانە دەربازی دەكەن[4].

---

(١) ناوی تەواوی: (ابوالقاسم ناصر بن علي بن القاسم الأنسابادي)یە، بۆ دوو جار و نزیكەی هەشت ساڵ (٥١٨–٥٢٧ك/١١٢٤–١١٣٣ز) وەزیر بوو، ساڵی٥٢٧ك/١١٣٣ز لە ئاكـامی شـەڕی خۆبـەخۆی كاربەدەستانی بەغدا دا كوژرا. الكامل في التأریخ، ٨/٦٨١، ٦٩٥. لە (معجم البلدان، ٢/٢٩٨) هاتووە ساڵی ٥٢١ك/١١٢٧ز كوژراوە كە بێگومان هەڵەیە.

(٢) ناوی تەواوی:(عزیز الدین ابونصر أحمد بن حامد المستوفي الأصفهاني) یە و مامی ئەدیب و نوسەر و مێژوونوس (العماد الكاتب الأصفهاني)یە.

(٣) ئەصفهانی دەڵێت: وەزیر ناصری دەرگەزینی بەخۆی فرمانێكی بە ناوی سوڵتان سەنجەرەوە دەرهێنا و بە توغرا-مۆری سوڵتانی سەلجوقی موری كرد. زبدة النصرة، ص١٦٦-١٦٧، الروضتین، ٢/١٦٥–١٦٦. هەرچۆنێك بێت دواتر هەر لە تكریت بەكوشتچوو. الكامل، ٨/٦٨١، ٦٩١.

(٤) الروضتین، ١/١٢٩.

(أسامة بن منقذ) وەك خۆی دەڵێت لەم كشانەوەیەی رووەو تكریت، یاوەریی زەنگیی دەكرد و دەبێت لە یاداشتەكانیدا چەند پەڕەیەكی بۆ ئەم رووداوە تەرخان كردبێت و زانیاریی ورد و گرنگی بەدەستەوە دابێت و بە بۆچوونی ساخكەرەوەی كتێبەكەی، ئەو بەشەی یاداشتەكانی فەوتاوە[1].

دوای چەند ساڵێك، شێركۆ بەدەنگ داد و گریانی ژنێكەوە چوو و سوپاسالاری تكریتی كوشت كە دەستدرێژیی كردبووە سەر ژنەكە، بەهرۆزیش كاتێك بەم تاوانە دەزانێت دڵڕەنجانی خۆی ناشارێتەوە و لە داڵدەدانی كوڕانی شادی پاشگەز دەبـێتەوە و پێیان رادەگەهنێت كە شادیی باوكیان چاكە و پیاوەتیی زۆری بەسەرەوە هەیە، بۆیە لێیان خۆش دەبـێت بە مەرجێك دەبێت دەستبەجێ تكریت جێبهێلن[2].

مێژوونوس (أبو شامة:م٦٦٥ك/١٢٦٦ز) خوێندنەوەیەكی دیی هەیە بۆ پرسی دوورخستنەوەی كوڕانی شادی و دەڵێت نجم الدين ئەیوب بە رەوشتی بەرزی و هەڵسوكەوتی جوانی، جێگای خۆی لە دڵی تكریتیەكان كردبووەوە و لە دڵەوە خۆشیان دەویست و شێركۆش پیاوێكی ئازا و دلێر و بوێر بوو، خێڵێكی گەورەی لە پشت بوو، پێكەوە بێ كێشە و گرفت كاروباری تكریتیان هەڵدەسوڕاند، بەهرۆز لە رێگای پیاوانی خۆیەوە بەم راستیانەی دەزانی و دەترسا كارلەكار بترازێت و كوڕانی شادی لە دەستی دەربچن، كە كوژرانی كابرای سوپاسالاریشی بەسەردا هات، بەهرۆز ئارامی لەبەر بڕا و پەستی و نیگەرانیی خۆی بۆ دەربڕین و داوای لێكردن دەستوبرد بكەن و هەرچی زووە تكریت چۆل بكەن[3].

مێژوونوسی گۆرین لەم ئاخافتنەی راستیی پێكاوە و بەهرۆزیش حەقی بوو ئەم بڕیارە بدات، ئەیوب و شێركۆ سەربەخۆیانە دەجولانەوە و لە بەرپرسانی بەغدا ناسڵەمینەوە و هەر ئەوان بوون وەك باسكرا فرمانی ساختەی وەزیری دەرگەزێنی یان جێبەجێ نەكرد كە داوای لێكردبوون(العزيز الأصفهاني) لە زیندانی تكریت دەربهێنن و بـیكوژن.

---

(١) كتاب الإعتبار، ص٢٥٣–٢٥٤.

(٢) الروضتين، ٢/١٦٦، مفرج الكروب، ١/٨.

(٣) الروضتين، ٢/١٦٦.

## ٢.٧ـ پەیوەندیکردن بە زەنگی یەوە و ڕۆڵیان لە گرتنی دیمەشق و قاهیرە:

ئەیوب و شێرکۆ ساڵی٥٣٢ك/١١٣٧ز، بە یەکجاری تکریتیان بەجێ هێشت و روویان کردە موصڵ، عماد الدین زەنگییش کە چاکە و پیاوەتیی کوڕانی شادیی لەیاد نەکردبوو، بەهانایانەوە هات و بە سینگفراوانیەوە پێشوازیی لێکردن و گەرەکی بوو پێزانینی خۆیی بۆیان بسەلمێنێت و پاداشتیان بداتەوە و کارێکیان بۆ دابین بکات، ئەوەبوو دەمێك شاری بەعلەبەگی گرت، یەکسەر ئەیوبی کردە دژدار و بەرپرسی[1].

نجم الدین ئەیوبی کوڕی شادی بۆ ماوەی هەشت ساڵان(٥٣٣ـ٥٤١ك/١١٣٨ـ١١٤٦ز) سەرکەوتووانە کاروباری بەعلەبەگی بەڕێوە برد، ئەو بە گەواهیی کەسانی هاودەمی ئەوانەی لە نزیکەوە هۆگر و ئاشنای بوون، مرۆڤێکی مەند و هێمن و لەسەرخۆ بوو، هاوکات سیاسییێکی دووربین و چاوکراوە و شارەزا بوو[2] و ئەوەندە وێڵی دوای سامان پلەوپایە نەبوو[3] و خۆی لە کاروباری بەڕێوەبردن و دەوڵەتداری دوورەپەرێز دەگرت و زیاتر بەلای کاری خێرومەندی و خوداناسی دەیشکاندەوە و لە کۆڕ و چڤاتی صۆفییان و پیاوچاکان نزیکبوو، لە ڕۆژگاری گەنجیەوە ئەم خەسڵەتانەی تیادا بەدی دەکرا، لەو دەمەی زێرەڤانی قەڵای تکریت بوو، چاوی لە هەژاران و نەداران بوو و دەستی هاریکاریی بۆ زانایان و پیاوانی ئایینی درێژ دەکرد و بەڕێزەوە میوانداریی دەکردن، لەو ماوەیەی والیی بەعلەبەگیش بوو، خانەقای(النجمية)ی بنیادنا و پاشتر تەکیەی(الرباط النجمي) لە دیمەشق و مزگەوتێکی لە قاهیرە ئاوا کرد[4].

---

(١) ابن شداد، النوادر السلطانية، ص٥٥–٥٦، الكامل، ٧٤٩/٩.

(٢) بڕوانە: الكامل، ٢٤٧/٩.

(٣) صلاح الدين يوسفی کوڕیی ساڵی٥٦٧ك/١١٧٢زبانگی کردە قاهیرە و داوای لێکرد حوکمی وڵاتی مصر بگرێتە دەست، کەچی ئەو ڕەتی کردەوە و گوتی تۆ بۆ ئەو کارە لێهاتوو و هەژێت. النوادر السلطانية، ص١٠٨، الروضتين، ٩٩/٢.

(٤) ابو شامة، الروضتين، ٩٨/٢، ١٦٢–١٦٧، ابن خلكان، وفيات الأعيان، ٢٥٧/١–٢٥٩.

دوای کوژرانی زەنگی- ساڵی٥٤١ك/١١٤٦ز- مجیرالدین ئەبق ئەتابەگی دیمەشق[1] هێرشی کردە سەر بەعلەبەگ، نجم الدین ئەیوب دڵنیابوو لەوەی کەس بە فریای ناکەوێت و دەگەڵ ئەتابەگی دیمەشق پێکهات و خۆیدا بەدەستەوە و لەبری بەعلەبەگ دەگوندی دەوروبەری دیمەشقی بە ئیقتاع وەرگرت.

لە بەرەکانی شەڕی خاچهەڵگرانیشدا، نجم الدین ئەیوب و دوو کوڕە گەورەکەی: شاهانشاه و تۆرانشاه درێغییان نەکرد و لە ئەرکی جیهاد دانەبڕان و لە بەرپەچدانەوەی هێرشی سەر دیمەشق ساڵی٥٤٣ك/١١٤٨ز بەشدار بوون و دڵسۆزانە جەنگان و قوربانیشیان دا و شاهانشاه - بابی تقي الدین عومەر- کوژرا[2].

هەرچی شێرکۆ بوو لە ڕێزی سوپای نورالدین مەحمودی کوڕی زەنگی(٥٤١-٥٦٩ك/١١٤٦-١١٧٣ز) ئەتابەگی حەلەب پتر لە سی ساڵ مایەوە و سەرپەلێکی ئازا و چالاکی لی دەرکەوت و بووە سوپاسالار، نورالدین بڕوای تەواوی بە دڵسۆزی و لێهاتوویی هەبوو و هەردوو شاری حمص و رەحبەی بۆ دابڕی، بە گەواهی مێژوونوسان لە بوێری‌و جەربەزەیی دا کەموێنە بوو، لەبەر ئازایەتی و چاونەترسیی، حەقی بوو ناسناوی(أسد الدین)ی بەسەردا ببڕێت[3].

عەلی بەیومی(١٩١٧-١٩٨٩) لەمبارەیەوە لێکدانەوەیەکی جوانی هەیە و دەڵێت:"ئەیوب پیاوێکی ژیر و سەنگین و وریا و هۆشیار بوو، دەیتوانی خۆشەویستی خۆی بەسەر دەوروبەردا بسەپێنێت و ببێتە جێگای باوڕ و زوو لە کەشوهەوای دەوروپشتی تێدەگەیشت، کەچی شێرکۆ بە چەشنی زۆربەی ئەهلی شیر- شیر بەدەستان[4]- پتر صیفەتی ئازایەتیی تیا زاڵبوو کە جاروبار دەگەهیشتە ئاستی هەڵەشەیی و سەرەڕۆیی، لەمانە بترازێت ئەنجامی کارەکانی بایەخێکی ئەوتۆی لەکن

---

(١) لە ماوەی نێوان(٥٣٤-٥٤٩ك/١١٣٩-١١٥٤ز).

(٢) وفیات الأعیان، ٤٥٢/٢.

(٣) الروضتین، ٢١٦/١، ابن واصل، مفرج الکروب، ١٠/١.

(٤) لە جڤاکی ئیسلامی، خەڵکانی ڕۆشنبیر و خوێندەوار بە(أرباب الاقلام) دەناسران و ئەوانەی لە بواری لەشکری و جەنگیدا کاریان دەکرد بە(أرباب السیوف) دەناسران.

نەبوو، واتا هەردوو برا تەواو لێکجیاواز بوون بەڵام تا رادەیەکی زۆر تەواوکەری یەکدی بوون، لە راستیدا ئەمە هۆکارێکی گرنگی سەرکەوتنی خێزانی ئەیوبی بوو"[1]. ئەوە شێرکۆ بوو گوێی بە لانەوازی و دورەوڵاتی خێزانەکەی نەدا و نامەردیی قبوڵ نەکرد و لەسەر پرسێکی جڤاکی وەك باسکرا بەرپرسێکی باڵای لە داروەدستەی بەهرۆزی خانەخوێی کوشت.

هەر لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششی هاوبەشی نێوان نجم الدين ئەیوب و أسد الدين شێرکۆ بوو، ساڵی ٥٤٩ك/١١٥٤ز دیمشق کەوتەدەست نور الدين مەحمود، هەر شێرکۆش بوو پێشنیاری گرتنی مصری کرد و بەخۆی سەرکردایەتی و سەرپەرشتیی هەر سێ هەڵمەتەکەی سەر قاهیرەی کرد- ساڵانی ٥٥٩_٥٦٤ك/١١٦٤_١١٦٩ز- و لەم هەڵمەتانەدا بە چەند هەزار سوارەی بژاردەوە، ئەوپەڕی دلێری و لەخۆبوردەیی نواند و گیانی خۆی و هاوڕێیانی خستە مەترسییەوە، ئەو هەندە ئازابوو لە هیچ پێشهاتێك ناسڵەمیەوە[2].

لە هەڵمەتی سێهەمدا کە لەسەر خواستی فاتمییەکان بوو، سەرکەوتووانە چووە ناو قاهیرەوە و لە دەستی وەزیری هەڵگەڕاوە (ابو شجاع شاور:٥٥٨_٥٦٤ك/١١٦٣_١١٦٩ز) و خاچهەڵگرەکان رزگاری کرد و دوا خەلیفەی فاتمی (العاضد:٥٥٥_٥٦٧ك /١١٦٠_١١٧٢ز) کردیە وەزیری خۆی[3].

## ٣_٧_ صلاح الدين يوسف و دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی:

شێرکۆی کوڕی شادی پاش دوو مانگ وەزیرایەتی مرد، کەڵەمیرانی کورد و تورك لە هاوکارانی شێرکۆ، رێك نەکەوتن لەسەر پاڵاوتنی جێگرەوەی و هەریەکەیان خۆی بە شایەنی پۆستی وەزارەت دەزانی، تا فەقێ عیسای هەکاری(م:٥٨٥ك/١١٨٩ز) کەوتەخۆ و زیرەکانە کەوتە ناوبژی و هەموویانی رازی کرد رێگر نەبن لە پێش هەڵبژاردنی یوسفی

---

(١) قيام الدولة الأيوبـية، ص٦٨.

(٢) ابن الأثير، التأريخ الباهر، ص٩١–٩٥، الكامل، ١٨٤/٩.

(٣) ابن شداد، النوادر السلطانية، ص٩٧–١٠٣.

کوڕی ئەیوبـی کوڕی شادی بۆ شوێنگرتنەوەی شێرکۆی مامی، خەلیفەی فاتمییش وەزیری نوێی بەگەند کرد و خەلاَتی کرد و ناسناوی(الملك الناصر)ی پێبەخشی[1].

یوسفی کوڕی ئەیوب- سولَتان صلاح الدین- سالَی ٥٣٢ك/١١٣٧ز لە قەلاَی تکریت هاتۆتە دونیاوە و بە گوێرەی هەوالَێك- کە دوورنیە هەلَبەستراو بـێت- ئەو شەوە لەدایك بووە کە مالَە باوانی لە تکریتەوە کۆچبەری موصلَ بوون، ژیانی مندالَی دەگەلَ باوکیدا لە بەعلەبەگ و دیمەشق بەسەر بردووە، هێشتا هەرزەکار بوو لەتەك شێرکۆی مامی دا خۆی بـینیەوە و شوێنی خۆی کردەوە و چەند ئەرکێکی گرتە ئەستۆ، ئەو زیاتر لە مامیەوە نزیك بوو وەك لە باوکی و نورالدین مەحمودیش وەریگرت و ئیقتاعاتی بۆ دابڕی.

کەم دەولَەت و کەم کەسایەتی هەن لە سەدەکانی ناوەڕاست، بەقەد ئەیوبـییەکان و سولَتان صلاح الدین بووبێتنە بابەتی دەیان و سەدان کتێب و لێکۆلَینەوە و گوتار و فیلم و درامای مێژوویی، دوو کەسایەتیی هەرە نزیك و یاوەری سولَتان: نوسەر (العماد الأصفهاني :م٥٩٧ك/١٢٠٠ز) لە هەردوو کتێبـی(البرق الشامي) و(الفتح القدسي) و قازی (ابن شداد:م٦٣٢ك/١٢٣٤ز) لە (النوادر السلطانية) ژیاننامە و سەربوردەیان نوسیوەتەوە، کەچی هەنوکەشی دەگەلَ دابـێت بە زمانی کوردی بە تێروتەسەلی لەمەڕ ئەیوبـییەکان نەنوسراوە[2].

صلاح الدین لە سالاَنی وەزیرایەتیی دا، لە سەرێك لە کەنارەکانی دەریای سپیی ناوەڕاست بە چالاکیی جیهادی رادەبوو و لە سەرێکی دیەوە کاری دەکرد لە پێناو گەڕاندنەوەی مصر بۆ ئامێزی خیلافەی عەباسیی سوننی و هەندەی نەبرد قازییە شیعیەکانی لابرد و قازیی شافیعی یان لە شوێن دانان و قوتابخانەیەکی شافیعی و خانەی دادی بنیاتنا و لەسەر داوای خۆی نجم الدین ئەیوبـی باوکی لە نەورۆزی سالَی ٥٦٥ك/١١٧٠ز بە مالَ و مندالَەوە گواستیەوە قاهیرە، لە یەکەم خوتبەی هەینیی

(١) النوادر السلطانية، ص١٠٤، الكامل، ٩/٢٢١-٢٢٣.

(٢) ئەم کارەی ئێمە تایبەت نییە بە ئەیوبییەکان، بەلَکو وەك بەشێك لـە دیرۆکـی کـورد بـە کـورتی لـە سەربوردەیان دەدوێین.

ساڵی٥٦٧ك/ ئەیلولی١١٧١ز بە یەکجاری خوتبە بە ناوی خەلیفەی فاتمییەوە راگیرا و گۆڕدرا بۆ خەلیفەی عەباسی لە بەغدا و دوای هەفتەیەك خەلیفە(العاضد)یش مرد و بەمەش زەنگی کۆتاهاتنی خیلافەی فاتمی لێدرا[1].

دەکرێت ئەم رووداوە بە دەستپێکی سەردەمی ئەیوبی دابنرێت لە مصر و صلاح الدین هەرچەند بە رواڵەت سەر بە نور الدین مەحمود بوو، بەڵام لە راستیدا دوای ئەوەی سامان و داهاتی زۆروزەبەندی مصری کەوتەدەست و دەستخۆشی و پشتگیریی خەلیفە (المستضيء)ی عەباسیی پێگەهیشت و سوپایەکی تۆکمەی دڵسۆز و گوێڕایەڵی لە دەور کۆبووەوە، سەربەخۆیانە هەڵسوکەوتی دەکرد و بێ پرس و راوێژی نور الدین دەجولایەوە، ئەویش باش لە نیاز و ئامانجی شاهی نوێی مصر تێگەهیشت و بۆ سەرکوتکردنی، زیاتر لە شێوازێکی گرتەبەر و داوای هەناردەکردنی باج و داهاتی مصری لێکرد، بەڵکو سێ جار بە کردەوە هەوڵیدا بە شەڕ صلاح الدین بگرێت و سەرکێشیەکانی بنەبڕ بکاتیان لە مصر دوری بخاتەوە، لە خەلیفەی عەباسییشی خواست رەزامەندی بفەرموێت و بە ڕاشکاوی بە خاوەندی شەرعیی سەرجەم خاکی مصر و شام و جەزیرەی بناسێنێت تا هێرشکردنە سەر قاهیرەی قالبی شەرعی بپۆشێت، کار بەوە گەهیشت هەندەی نەمابوو رووبەرووی یەکدی ببنەوە و شەڕ لە نێوانیانا بقەومێت، بەڵام جارێکیان-قاهیرە٥٦٧ك/١١٧١ز- حیکمەت و دووربینیی نجم الدین ئەیوب و جارێکی دییش- کەرەك ٥٦٨ك/١١٧٢ز- زۆرزانیی فەقێ عیسای هەکاری نەیانهێشت رەوشەکە ئاڵۆزتر ببێت و خوێنی تێدا بڕێژرێت، جاری سێیەمیش- دیمەشق و قاهیرە٥٦٩ك/١١٧٣ز- مەرگ دەرفەتی نور الدین مەحمودی نەدا ئامانجەکەی بەدی بهێنێت و لە کاتێکدا سەرقاڵی خۆسازدان بوو بۆ هەڵمەتبردنە سەر قاهیرە، دەردێکی کوشندەی گرت و مرد[2].

بە مردنی نور الدین مەحمود، صلاح الدین دەگەڵ ئەوەی بە سیاسەت خوتبە و دراوی بە ناوی ئیسماعیلی کوڕی نور الدین(٥٦٩-٥٧٦ك/١١٧٣-١١٨٠ز) هێشتەوە، وەلێ

---

(١) الكامل، ٢/٢٤٠، ٢٤٢-٢٤٦، الروضتين، ٢/١٣٦-١٣٨.

(٢) الكامل، ٩/٢٤٦، ٢٦٤، ٣٠٠، الروضتين، ٢/٢٠٣.

له واقیعدا تەواو سەربەست بوو، لە هەمان ساڵدا تۆرانشاهی برا هەرەگەورەی ناردە یەمەن و شارەکانی زەبید و عەدەن و تەعزی گرت و لقێکی دەوڵەتی ئەیوبی لە یەمەن دامەزراند.

زەنگییەکان درکیان بە باڵادەستی و پایەداریی سوڵتانی ئەیوبی کرد و کەوتنە رکابەرایەتیی و کۆسپ و تەگەرەیان دەخستە بەردەمی، هاملتۆن گیپ دەڵێت:

"ئەوەی مایەی کەرب و کینی تورکان بوو ئەوەبوو کە ئەو کەسەی بەربەرەکانێی خۆسەپاندنی دەسەڵاتی تاکڕەوانەی سەدە و نیوێکی دەکردن، کوردێکە و دەستکەوتی سەرکەوتنەکانی دەبەخشێتە خزمەکانی"[1].

گەورەیی و ناوداریی صلاح الدین لە جیهانی ئیسلامیی سەدەکانی ناوەڕاست دا، پێش هەر شتێك لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە وەك سەرکردەیەکی ساکار و خاکی و جەنگاوەرێکی دڵسۆز و خۆنەویست لە سەروەختێکی پێویست و ناسکدا دەرکەوت و زۆربەی ساڵانی ژیانی شاهیی و شییان و سامانی دەوڵەتەکەی خستگەڕ بۆ رزگارکردنی قودس و پاککردنەوەی وڵاتی شام و کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست لە دوژمنانی ئیسلام و سەرکەوتنی مەزن و یەکلاییکەرەوەی بەدەست هێنا و ساڵی ٥٨٣ك/١١٨٧ز (البیت المقدس)ی یەکەمین کەعبەی موسڵمانانی گەڕاندەوە بۆ باوەشییان و تا دوا هەناسەی سەنگەری چۆل نەکرد.

سەرەتا وڵاتی شامی دەگەڵ مصر لێکدا و کردنی بە یەك قەوارەی بەهێز و یەکگرتووی ئیسلامی و ساڵانی٥٧٠ـ٥٧٩ك/١١٧٤ـ١١٨٣ز شارەکانی دیمشق، حمص، بەعلەبەگ، حەماە، بەعرین، شنگار، کەرەك، حارم، حەلەب و دەیان شارۆچکە و قەڵای دیی گرت[2].

پاشان لە زنجیرەیەکی درێژی شەڕ و لێکدان دا کە دە ساڵێکی خایاند(٥٧٨ـ٥٨٩ك/١١٨٢ـ١١٩٣ز) دەیان قەڵا و باژێر و بارەگای لە چنگ خاچهەڵگرەکان دەرهێنا:

---

(١) صلاح الدين الأيوبـي، ص١٢٦.

(٢) بڕوانە: النوادر السلطانية، ص١١٦، ١٢٧، ١٣١–١٣٥.

شەقیف، بیسان، تەبەرییە، یافا، عەکا، قەیسارییە، صەفورییە، صەیدا، جوبیل، عەسقەلان، غەززە، رەملە، لازقییە، دەربساك، بغراس، صەفەد... [1].

بەهێزبوونی خێرای صلاح الدین و سەرکەوتنە یەك لەدووی یەکەکانی، زەنگییەکانی موصڵی سەرسام کرد، دەمێك بەچاوی خۆیان دەیاندیت کە چۆن سەرکردەیەکی یاخی و هەڵگەڕاوە لێیان پەیتا پەیتا بنکۆڵی دەسەڵاتی چەند ساڵەیان دەکات و لێبڕاوانە کار بۆ نابووتکردنیان دەکات، بۆ پێشگرتن لە فراوانخوازیی و پەکخستنی پێشڕەویی بەرەو جەزیرە و موصڵ، کەوتنەخۆ و نامەیان بۆ فەرەنجە خاچهەڵگرەکان نارد بۆ ئەوەی لە پشتەوە پەلاماری کەلێنەکان بدەن، تا صلاح الدین سەرقاڵی بەرگری ببێت و نەپەرژێتە سەر هێرشکردنە سەر موصڵ[2].

## ٤٧ـ گەهیشتنی ئەیوبییەکان بە کوردستان:

بۆ ماوەی سەدەیەك و زیاتریش، دەڤەرە کوردنشینەکانی رۆژهەڵاتی موصڵ و هەرێمی جەزیرە بە دەست ئەتابەگە تورکەکان مانەوە و تەنها قەلاّ و شورا سەخت و دژوارەکانی ناوچە دوورەکان بۆ هۆزە کوردەکان مابوونەوە، بە هاتنی سوپای ئەیوبی بۆ ناوچەکە سنورێك بۆ باڵادەستی و تاکڕەویی تورکان دانرا، صلاح الدین لە درێژەی فراوانخوازیەکانی و دوای گرتنی ناوچەکانی باکوری شام، ساڵی ٥٧٨ك/١١٨٢ز بە یاوەری گەورە میرانی کورد لە روباری فورات پەڕییەوە و روهاو نەصیبین و خاپوری گرت، شنگاریش بەهۆی ئاسانکاریی میرێکی زەرزارییەوە هاتەگرتن کە نیگەهبانی یەکێك لە دەروازەکانی شار بوو، بۆ هەر شارێك والیی دانا و (ابوالهیجاء السمین)ی کردە والیی نەصیبین و جمال الدین خۆشترینی زەرزاریی کردە والیی خاپور و سعدالدینی

(١) بڕوانە: الکامل، ٩/٣٨١–٤٠٥، ٤٠٩–٤٢٢.

(٢) مفرج الکروب، ٢/١١٥.

کوڕی ئەنەری کردە والیی شنگار[1]، هەر لەم سەروبەندەدا قازی(إبن الفراش)ی لە شامەوە ناردە هەولێر تا ولایەتی شارەزور بگرێتەدەست[2].

لە دەستپێکی ساڵی٥٨١ك/١١٨٥ز دا، صلاح الدين بۆ جاری دووهەم هاتەوە هەرێمی جەزیرە و بۆ یەکەم جار وەك سوڵتان پێی نایە خاکی کوردستانەوە و بۆ ماوەی مانگێك چواردەوری موصڵی دا، هەر لەو ماوەیەدا دەستی کرد بە گرتنی قەڵاکانی کوردستان و بەخشینی بە میرە کوردەکان، میر سیف الدين عەلیی ناودار بە(المشطوب الهکاري:م٥٨٨ك/١١٩٢ز) نارد قەڵای(الجديدة)[3]ی دەڤەری هەکاری بگرێت کە موڵکی باب و باپیرانی بوو و کوردی ناوچەکە لە دەوری گردبوونەوە، میرانی حەمیدیشی رەوانەی زێدی خۆیانی کردن و بە ساناهی شییان ئاکرێ و شوش بگرن و تا کشانەوەی صلاح الدين لێی مانەوە[4].

هەولێ گرتنی موصڵ بۆ جاری دووهەم نوشستی هێنا، صلاح الدين ئەمجارە بەرەو باکوری جەزیرە پێشڕەویی کرد و میافارقینی لە دەست ئەرتوقیەکان دەرهێنا و رادەستی لایەنگرانی خۆیی کرد و دواتر دای بە تقی الدين عومەری برازای و سەرەتای ساڵی٥٧٩ك/١١٨٣ز ئامەدیشی گرت و دای بە نور الدين محەمەدی کوڕی قەرەئەرسەلانی ئەرتوقی (٥٦٢_٥٨١ك/١١٦٧_١١٨٥ز) خاوەندی حوصنکێفا و گەڕایەوە موصڵ و بە کۆشش و ناوبژیی مجاهدالدين قایماز کێشەکە بە ئاشتی چارەسەر کرا.

بەپێی رێکەوتنی نێوانیان، عزالدين مەسعودی زەنگی دەستبەرداری شارەزور بە گشت قەڵا و دێهاتەکانیەوە و هەردوو ولایەتی قەرەبولی و قەفجاقی-ناوچەکانی کەرکوك و چەمچەماڵ و کۆیە-بوو، بەم شێوەیە پارچەیەکی دیی کوردستان کەوتە دەست ئەیوبیەکان، پاش مردنی زین الدين یوسفی ئەتابەگی هەولێر ساڵی٥٨٦ك/١١٩٠ز، صلاح

---

(١) ابن شاهنشاه، مضمار الحقائق، ص١٠٦، الكامل، ٣٤٢/٩، ٣٤٦، الأعلاق الخطيرة، ١٧٩/٣، الروضتين، ٨١/٣.

(٢) ابن المستوفي، تأريخ أربل، ٣٤١/٢.

(٣) سەبارەت بەم قەڵایە بڕوانە: معجم البلدان، ٤٢٠/١، ٣٩/٢.

(٤) الكامل، ٣٦٦/٩، الروضتين، ١٤٨/٣.

الدين بەدەنگ داوای مظفرالدین گوگبوریی زاوا و هاوپەیمانیەوە چوو و ولایەتی هەولێری پێ بەخشی و روها و حەڕانی لێ وەرگرتەوە و بە تقي الدين عومەری برازای سپارد[1].

ئەمیش بە نیازی رێکخستنی کاروباری ئیقتاعاتە نوێیەکانی و دابەشکردنی بەسەر میر و سەرکردەکاندا، بە حەفتسەد سوارەوە گەهیشتە هەرێمی جەزیرە و بازێری حانیی گرت و گەمارۆی خەلات و مەنازگەردی دا، وەلێ لە ناکاو نەخۆشکەوت و مرد، ناصرالدین محەمەدی کوڕی داوای لە سولتانی مامی کرد، مولك و ماڵی باوکی بۆ بهێلێتەوە، ئەویش داواکارییەکەی پەسەند نەکرد و دەیزانی ناکرێت ولایەتێکی سەرسنوری ئاوەها گرنگ رادەستی هەرزەکارێك بکرێت، بەهەرحاڵ بڕیاردرا چی ئیقتاعاتی تقی الدین هەیە لە شام بدرێتە کوڕەکەی و ئەوانەی جەزیرەش بە(الملك العادل)ی برای بسپێردرێت، (الملك العادل) چووە جەزیرەو نوێنەران و بەرپرسانی خۆی بەسەر حەڕان و روها و چیای جور و میافارقین و حانی یەوە دامەزراند و ناصرالدین محەمەدی دەگەڵ خۆی هێنایەوە بۆ شام.

## ٥٧ـ ئەیوبییەکان پاش صلاح الدین:

صلاح الدين رۆژی(٢٧)ی صەفەری ساڵی٥٨٩ك/٤-٣-١١٩٣ز لە دیمەشق مرد و مەملەکەتەکەی بەسەر کوڕ و برا و وبرازاکانی دابەشکرا و بەهێزترینیان(الملك العادل)ی برای بوو کە زیاتر لە شام دەمایەوە و ساڵی ٥٩٢ك/١١٩٦ز دیمەشق و دوای چوار ساڵ قاهیرەیشی لە برازاکانی سەندەوە و دەوڵەتی یەکخستەوە و بۆ نزیکەی بیست ساڵێك(٥٩٦-٦١٥ك/١٢٠٠-١٢١٨ز) بە یەککگرتووی هێشتیەوە.

ئەیوبـییەکان هەر لە سەرەتاوە سیستەمی ئیقتاعیان پەیڕەو کرد و هەر شاهێکی ئەیوبـی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی بەسەر کوڕەکانیدا دابەش دەکرد، (الملك العادل) ساڵی٥٩٨ك/١٢٠١ز حەڕانی دا بە(الملك الفائز:م٦١٧ك/١٢٢٠ز) و میافارقین و حانی و

---

(١) الكامل، ٣٦٩/٩، ٤٤٧، الروضتين، ١٥٤/٣.

چیای جوری دا بە نجم الدین ئەیوب(الملك الأوحد:م٦٠٩ك/١٢١٢ز)[1] کە ساڵی٦٠٤ ك/١٢٠٧ز خەلاتیشی لە دەست نەوەکانی سوکمانی قوتبی دەرهێنا و پاشان بە پشتیوانیی ئەو هێزەی لە لایەن باوکییەوە بەهانایەوە هاتبوو،قەڵای وان و مەنازگەردی گرت و خەلاتی کردە بارەگا و پاش مردنیشی، (الملك الأشرف)موسای برای کاروباری جەزیرە و ئەرمینیای گرتەدەست، (الملك العادل) بە خۆیشی ساڵی٦٠٦ك /١٢٠٩ز خاپور و نەصیبینی گرتەوە کە بەدەست زەنگییەکانەوە بوو[2]و بەر لە مردنی لە ساڵی٦١٥ك/١٢١٨ز، (الملك الأشرف) موسای کوڕی کردە والی و بەرپرسی خەلات و میافارقین و حانی و ئەرمینیا، سروج و روهاشی دابڕی بۆ شهاب الدین غازیی کوڕی.

(الملك الأشرف) هاوکات لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای مەملەکەتەکەیەوە دووچاری دوو هەڕەشەی ترسناك بوو: مەغۆل و فەڕەنجە، بەڵام ئەو لەو کاتەدا هەڕەشەی مەغۆلی بەهەند وەرنەگرت و زیاتر پەرۆشی پاراستنی مصر و شام بوو و بە مەزندەی خۆی فەڕەنجە مەترسیدارترن و بە کردەوە دمیاتیان گرتووە، کەچی مەغۆل هێشتا دورن لە مصرەوە، (ابن الأثیر)سێ جیاوازیی نێوان ئەم دوو هەڕەشەیەی هێناوەتەوە کە پاڵیان بە شاهی ئەیوبییەوە نا تا ساڵی٦١٨ك/١٢٢١ز رابیێت ئەرمینیا و خەلات و میافارقین بدات بە شهاب الدین غازیی برای و سروج و روهای لێ بستێنێتەوە[3]. کەچی ئەم پاش دوو ساڵێك لە شاهی برایی هەڵگەڕایەوە و بە ئاشکرا دژایەتی دەکرد و هاوپەیمانیەکی لە دژی پێکەوەنا، ئەویش حانی و خەلاتی لێسەندەوە و تەنها میافارقینی بۆ هێشتەوە و بەندەیەکی خۆی بەناوی ئەیبەك و حسام الدین عەلیی کردە جێگر بەسەر خەلاتەوە[4].

شهاب الدین غازی تا مردنی لە ساڵی ٦٤٥ك/١٢٤٧ز بە خاوەندی میافارقین مایەوە و ساڵی٦٢٧ك/١٢٣٠ز بازێڕی ئەرزنی لە بنەماڵەی تەغان ئەرسەلان سەند، دوای خۆی

(١) الكامل، ٤٥٢/٩، ٤٦٦–٤٦٧، ابن شداد، الأعلاق الخطیرة، ٤٥٠/٣–٤٥٤.

(٢) الكامل، ٦١٢/٩، ٦٢٢–٦٢٤، الأعلاق الخطیرة، ٤٥٤/٣–٤٥٥، مؤلف مجهول، تأریخ دولة الأكراد، ص٢٧٩–٢٩٥.

(٣) الكامل، ٧٠٩/٩.

(٤) الكامل، ٧٢٩/٩–٧٣٠.

میافارقین و ئەرزن کەوتنە دەست(الملك الكامل) محەمەدی کوڕی[1]، ئەویش تا کوژرانی بە دەستی هۆلاکۆ خاوەندی میافارقین بوو[2].

ئامەد و حوصنکێفا لە ساڵی٥٧٩ك/١١٨٣ز یەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کەوتنە ژێر ساباتی دەوڵەتی ئەیوبـیەوە، کاتێك صلاح الدین ئامەدی گرت و دای بە نورالدینی ئەرتوقی خاوەندی حوصنکیفا، لە بەرانبەردا ئەویش و دواتریش سوکمانی کوڕی(٥٨١-٥٩٧ك/١١٨٥-١٢٠٠ز) چوونە ڕێزی ئەو میر و ئەتابەگانەی خوتبەیان بۆ شاهەکانی ئەیوبـی دەخوێندەوە و خۆیان بە لایەنگیریان دەژمارد[3].

رکن الدین مەودودی ئەرتوقی(٦١٩-٦٢٩ك/١٢٢٢-١٢٣٢ز) بە پێچەوانەی باب و باپیرانیەوە دەجولایەوە و پەیوەندیی دۆستانەی دەگەڵ ئەیوبـییەکان پچڕاند و لە دژی هاوپەیمانیەکەی نێوانیان کاری دەکرد و چووە ژێر سایەی جلال الدین خەوارزمشاهەوە و دژایەتیی خۆی بۆ(الملك الكامل)ی سوڵتانی مصر ناشاردەوە و دەستدرێژیی دەکردە سەر شهاب الدین غازیی دەرهاوسێی، سەرەڕای چەند کار و ڕەفتارێکی ناپەسند، مێژوونووسی ڕەهاوی ڕق و کینی خۆی لە مەودودی هاودەمی نەشاردۆتەوە و بە توندی سەرکۆنەی دەکات و کارە ناشایستەکانی دەخاتەڕوو[4].

(الملك الكامل) لە ئاست ئەم کارە دوژمنکاریانەی میری ئەرتوقی، چیدی بێدەنگ نەبوو و کاردانەوەی نواند، بەر لە هەر پێنگاڤێك لە سکاڵانامەیەکدا هەڵسوکەوت و کردەوە نابەجێیەکانی میری ئەرتوقیی بۆ خەلیفەی عەباسی ریزکرد و داوای لێکرد ڕێگای پێبدات تا سنورێکی بۆ دابنێت و دەمکوتی بکات، خەلیفە بێ گیرۆبوون رەزامەندی پیشاندا، لە دوا رۆژەکانی ساڵی٦٢٩ك/١٢٣٢ز(الملك الكامل) هاوڕێ دەگەڵ(الملك الأشرف)موسای برای، بە ساناهی و بێ بەرگری یان وەك ڕەهاوی دەڵێت

---

(١) لە بەشی داهاتوو بە درێژی لە (الملك الكامل) دەدوێین.

(٢) ابن شداد، الأعلاق الخطيرة، ٣/٤٥٧-٤٥٩.

(٣) الأعلاق الخطيرة، ٣/٥١٨.

(٤) تأريخ الرهاوي، ص٢٦٨، الأعلاق الخطيرة، ٣/٥٢٠-٥٢١.

به سەعاتێك ئامەدیان گرت و دوای سووکە یاخیبوونێك، حوصنكێفاش لە سەرەتای ساڵی پاشتر گیرا و مەودودی ئەرتوقیش دورخرایەوە بۆ مصر[1].

شاهی ئەیوبی کوڕێکی سوڵتان صلاح الدینی کردە والیی ئامەد و حوصنكێفا، کەچی پاش دوازدە ڕۆژ مرد و لە شوێنی ئەو شهاب الدین غازیی دانا، ئەویش بەدزییەوە نامەی بۆ کەیقوبادی سەلجوقی(٦١٦-٦٣٤ك/١٢١٩-١٢٣٦ز) ناردبووو بە تەمابوو ئامەدی پێ بفرۆشێت، وەلێ ئەم پلانە سەری نەگرت و باوکی بانگهێشتی مصری کرد و خستیە زیندانەوە و(الملك الصالح)نجم الدين ئەیوبی کوڕی بە جێگر دانا و ئەمیش بۆ ماوەی حەوت ساڵ(٦٣٠-٦٣٧ك/١٢٣٣-١٢٣٩ز) جێگرایەتی کرد و دەمێکیش لە جێگای باوکی بۆ دە ساڵ(٦٣٧-٦٤٧ك/١٢٣٩-١٢٤٩ز) حوکمی مصری گرتەدەست، تۆرانشاهی کوڕی لە حوصنكێفا بەجێهێشت، ئەویش تا مردنی باوکی و چوونی بۆ مصر، ئەو دە ساڵە جێگری حوصنكێفا بوو و لەو ماوەیەدا بە بەرژەوەندی سەلجوقییەکان ئامەدی دۆڕاند.

مەملوکە تورکەکان ساڵی ٦٤٨ك/١٢٥٠ز تۆرانشاهی دوا شاهی ئەیوبیی مصر یان کوشت و حوکمی ئەیوبییەی مصریان بڕاندەوە، بەڵام تقي الدين عەبدوڵای کوڕی تۆرانشاه لە حوصنكێفا بەجێما و خۆی و کوڕ و نەوەکانی بۆ پتر لە دووسەد ساڵی دی حوصنكێفایان بەدەست مایەوە[2].

## ٦٧- کورد لە سوپای ئەیوبی:

ئەیوبییەکان هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیانەوە، پشتیان بە سوپایەکی تێکەڵ لە کورد و تورك و بە ڕێژەیەکی کەمتر چەند نەتەوە و گروپێکی دی دەبەست[3]، ئەوەی لێرە دەمانەوێت لێی بدوێین ئەوەیە کە کوردان ڕۆڵێکی مەزن و کاریگەریان گێڕا لە

(١) تأريخ الرهاوي، ص٢٦٨-٢٦٩، الأعلاق الخطيرة، ٣/٥٢٢-٥٢٣.

(٢) ابو شامة، الذيل على الروضتين، ٥/٢٨٢، الأعلاق الخطيرة، ٣/٥٣٤-٥٣٥، ابن واصل، مفرج الكروب، ٦/١٠٦، ١٢٦-١٣٠.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر بگەڕێوە بۆ: د. محسن محمد حسين، الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدين، ط٢، دار آراس للطباعة والنشر (أربيل:٢٠٠٣).

بناخەدانان و پێگرتنی دەوڵەتی ئەیوبی و دواتریش جێگیرکردن و تۆمارکردنی سەروەریەکانی، بە دەیان میر و سەرکردە و هەزاران شەرکەر و جەنگاوەر چ لە خزموکەس و پیاوانی هەدبانی و رەوادی و چ لە تیرە و خێڵ وهۆزەکانی دیکەی کورد، لە ژێر فرمانی شێرکۆ و صلاح الدین و شاهەکانی دیی ئەیوبی خزمەتیان دەکرد و قوربانیی زۆریشیان دا و بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤی دڵسۆز و خەمخۆری بنەماڵەی ئەیوبی بوون و جێگای بڕوا و متمانەیان بوون و ئەرکی هەستیار و کاری گرنگیان پێ دەسپێردرا.

میرانی بنەماڵە خانەدانەکانی کوردستان لە هۆزەکانی هەکاری، میهرانی، هەدبانی، زەرزاری و حەمیدی، پاش لەدەستدانی قەڵاکانیان بە دەیان و سەدان سوارە و پیادەوە چوونە ریزی سوپای شێرکۆ و صلاح الدین یوسفی برازایەوە، پیاوانی ئەم شەش هۆزە و دواتریش پیاوانی هۆزی قەیمری، ستوونی پتەوی دەوڵەتی ئەیوبی بوون و لە بەرەکانی جەنگ دا دڵسۆزترین و ئازاترین جەنگاوەر بوون.

- میر شەدادی کوڕی مەنوچەهری شەدادی لە ئەرمینیاوە و میر مەسعودی کوڕی ئیبراهیمی مەروانی لە میافارقینەوە، خۆیان گەیاندە مصر و پەیوەندییان بە شێرکۆوە کرد[1].

- سیف الدین محەمەدی کوڕی بزانی کوڕی مامێنی گەلالی لە دیمەشقەوە پەیوەندیی کرد بە شێرکۆوە و لەمیانەی هەڵمەتی یەکەمی سەر قاهیرە، لە گەمارۆدانی فەرەنجە لە بەلبیس ساڵی٥٥٩ك/١١٦٤ز کوژرا، هەمان ساڵ میر عەزیزی کوڕی موزەفەری کورد لە(حُصن الأكراد)کوژرا، سیف الدین ئەبوبەکری کوڕی سەلار ساڵی ٥٧٢ك/١١٧٦ز لە نزیك دیمەشق بە دیلی کەوتەدەست فەرەنجە.

میران: عەلکان[2]، حوسێنی کوڕی عەبدوڵا(منعم الدولة) سەرهەنگی سوپای رەملە[3]، شجاع الدین یونس، صدیقی کوڕی چەکۆ، مەنگەلان، داودی کوڕی مەنگەلان،

---

(١) الفارقي، تأريخ ميافارقين، ص٥٤٠، ٦١٢.

(٢) عەلکان یەکێکە لە شێوەکانی بەکوردیکردنی ناوی عەلی.

(٣) ابن الفوطي، مجمع الآداب، ٦/٥٥٠.

عەلیی کوڕی(ابوالفوارس)، بدرالدین هەنەس، مەسعودی کوڕی هەنەس، مەیموونی کورد، هارونی کورد، عیسای کوڕی بلاشۆ(م:٥٨٤ك/١١٨٨ز) والیی قەڵای حەلەب، بدر الدین محەمەدی کوڕی عەبدوڵا(م:٥٩٣ك/١١٩٧ز)، سیف الدینی کوڕی کەهوان، موسای کوڕی موجەللا، سابق الدینی جمدار و میرانی ڕەوادی: عومەری کوڕی ئەبوبەکر باوکی فەقیه(ابن الحاجب)، عز الدین موسەکی کوڕی چەکۆ و فخر الدینی کوڕی چەکۆ کە دەبنە خاڵۆزای صلاح الدین و دەیان میری دی، لە دەستەی یەکەمی میرانی کورد بوون، صدیقی کوڕی چەکۆ ساڵی٥٧١ك/١١٧٥ز بە دەستی برازایەکی کوژرا، هەمان ساڵ لە ئەعزازی باکوری حەلەب، لە ناکاوێکدا دەستەیەك لە گیانفیدایانی ئیسماعیلیی باتنی دزەیان کردە ناو جڤاتی سوڵتان صلاح الدین و پڕیان دایێ بیکوژن، داودی کوڕی مەنگەلان هەڵمەتی بردە سەر یەکێکیان و کوشتی و خۆشی بە سەختی زامدار بوو و پاش چەند ڕۆژێك مرد، میر عەلیی کوڕی(ابو الفوارس)یش باوەشی کرد بە یەکێکی دییان و نەیهێشت دەست بکاتەوە و هاواری کرد بـیکوژن و دەگەڵیدا منیش بکوژن، تا محەمەدی کوڕی شێرکۆ هاتەدەست و بە شیرەکەی ئیسماعیلیەکەی کوشت.

موسەکی کوڕی چەکۆ ساڵی٥٨٥ك/١١٨٩ز لە مەیدانی شەڕدا لە مێرگی عەککا نەخۆشکەوت و گەڕایەوە دیمەشق و مرد، میر بدرالدین هەنەس ساڵی ٥٩٠ك/١١٩٤ز کوژرا.

- میرانی هەکاری: سیف الدین عەلی(المشطوب الهكاري) و میر ئیبراهیمی برایی ناوسراو بە(الجناح الهكاري:م٦٠٥ك/١٢٠٨ز) و خەلیلی هەکاری(الحاجب) و فەقێ عیسای هەکاری و هەردوو براکەی:(الظهير الهكاري) و(مجدالدين الهكاري) وخۆشترینی هەکاری بنیادنەری خوێندنگای هەکارییە لە قاهیرە و میرانی میهرانی: دەرباز و ئەیازی کوڕانی مەم و حسام الدین حوسێن و محەمەدی کوڕانی باریك و ئیبراهیم غولام و ئیبراهیمی کوڕی شێرۆ(شروة)و میر فتح الدین حەسەنی کوڕی عەبدوڵا(م:٥٦٨ك /١١٧٢ز)[1] و

---

(١) گڵکۆی لە دیمەشقە.

اسدالدین ئەحمەدی کوڕی عەبدوڵا و حسام الدین حوسێنی کوڕی عیسا لە میرانی قەڵای جەڕاحیە[1]، ئەمانیش لە دەستەی یەکەمی میرانی کورد بوون.

موجەللای کوڕی مەروان و خەلیلی هەکاری و(الظهیر الهکاري) لە شەڕە مەزنەکەی عەککا ساڵی ٥٨٥ك/١١٨٩ز کوژران، بدرالدین محەمەدی هەکاری و سیف الدینی کوڕی مەرزەبان لە شەڕەکەی غەززە ساڵی ٦١٤ك/١٢١٧ز کوژران، نورالدین عەلیی کوڕی عەبدوڵای هەکاری لە شەڕی نابلس دژ بە مەغۆل ساڵی ٦٥٨ك/١٢٦٠ز کوژرا.

میهرانییەکان نەخاسمە دەرباز و ئیبراهیم غولام، ڕۆڵی مەزن و کاریگەریان دیت لە رزگارکردنی قودس و بەدیلگرتنی شاھ و سەرانی فەڕەنج، ئەیازی میهرانی لە شەڕێکی دەستەویەخەدا ساڵی ٥٨٧ك/١١٩١ز کوژرا، حوسێنی کوڕی باریکی میهرانی و شێرکۆی کوڕی باخلی زەرزاری کەوتنە بۆسەی فەڕەنجەوە و بەدیل گیران و لە قەڵایەکی بڵنددا بەند کران، شەوێك دەلیڤەیان بۆ هەڵکەوت و هەردووکیان بە گوریس لە قەڵاکەوە خۆیان شۆڕکردەوە، شێرکۆی زەرزاری رزگاری بوو و هەڵهات و گەڕایەوە، کەچی گوریسەکەی حوسێنی میهرانی پچڕا و کەوتە خوارەوە و گیانی سپارد، أسد الدین ئەحمەدی کوڕی عەبدوڵای میهرانی لە شەڕەکانی خەلات ساڵی٦٢٧ك/١٢٣٠ز کوژرا. مزگەوت و تەکیە و گڵکۆی شمس الدین شێرۆی میهرانی ناسراو بە(سبع المجانین:م ٦٤٢ك/١٢٤٤ز) لە دیمەشق هەر ماوە.

- میرانی هەولێر: قطب الدین خەسرەوی بنیادنەری خوێندنگای(القطبیة) لە قاهیرە و برازای میر ابوالهیجاء حوسێنی هەدبانی خاوەندی هەولێر[2]و خۆشترینی هەدبانی و سیف الدین و حسام الدین عیسای کوڕانی خۆشترین و(ابوالهیجاء السمین) و میرانی بنەماڵەی ئەبوزکری: شمس الدین چەکۆ، شجاع الدین کوڕ، زین الدین موسا، سیف الدین ئەبوبەکر (م:٦٣٢ك/١٢٣٤ز)، نجم الدین ئەحمەد(م:٦٣٧ك/١٢٣٩ز)، مجیر الدین ئیبراهیمی کوڕی سیف الدین ئەبوبەکر کە دەبنە خوشکەزای (ابوالهیجاء السمین) و چەندین میری دیی

---

(١) بۆ پتر پێزانێن دەربارەی هۆزی میهرانی و میرەکانی بروانە: کاروان عبدالعزیز محمد علي، الکُرد المهرانیة، دورهم السیاسي و الحضاري خلال القرنین (٦-٧هـ/١٢-١٣م)، مطبعة محافظة دهوك (دهوك:٢٠١٣).

(٢) مجمع الآداب، ٣/٣٨٨-٣٨٩، ٤١٠-٤١١.

هەولێر، ئەمانیش هەر زوو چوونە شام و لە ریزی سوپای ئەیوبی رێکخران، برایەکی (ابوالهیجاء السمین) لە ئاژاوەکەی کەنز ساڵی٥٧٠ك/١١٧٤ز لە صەعیدی مصر و شمس الدین چەکۆ لە شەڕەکانی عەککا و عەسقەلان ساڵی٥٨٧ك/١١٩١ز کوژران، مجیر الدین ئیبراهیم دوای ئەوەی لە شەڕەکەی نابلس حەڤدە مەغۆلیی بەشیرەکەی کوشت، دەگەڵ نورالدین عەلیی هەکاری هاوسەنگەری شەهید کران.

میرانی حەمیدی: نەصر و هکەندری، نەصر لە شەڕەکەی عەککا کوژرا، سعدالدینی حەمیدی و اسد الدین عیسای حەمیدی لە هێرشی سەر قاهیرە-ساڵی٦٤٨ك /١٢٥٠ز- لەتەك پۆلێك میری دیی کورددا کوژران.

میرانی زەرزاری: نەوشیروان و شێرکۆی کوڕی باخل و جمال الدین خۆشترین-شێروین[1]لە کەڵەمیرانی سوپای ئەیوبی بوون، خۆشترین لە شەڕی حیتین ساڵی ٥٨٣ك/١١٨٧ز لەتەك پۆلێك لە هەڤاڵانی کوژرا، بدرالدینی زەرزاری لە هێرشەکەی ساڵی ٦٤٨ك/١٢٥٠ز کوژرا.

میر عوسمانی کوڕی عەلەکان لە غەززە ساڵی٦٣٧ك/١٢٣٩ز کوژرا و سیف الدین محەمەد و شرف الدین نەوەی میر عەلەکانن و شرف الدین لە شەڕی حمص ساڵی٦٨٠ ك/١٢٨١ز دژ بە مەغۆل هاتەکوشتن[2].

شاعیر وەسوانی کوڕی مەنصوری هەولێری، ساڵانێکی درێژ وەك جەنگاوەرێك لە خزمەت ئەیوبـییەکان بوو و دەگەڵ(الملك الأوحد) نجم الدین ئەیوبدا چووە ئەخەلات، تا ساڵی ٦١٣ك/١٢١٦ز بە دەستی بەندە خزمەتکارەکانی کوژرا[3].

هەروەها دەیان میر و سەرکردەی کورد، لە زەرزارییەکان و حەمیدییەکان و رەسولییەکان[1] و هۆز و بنەماڵەکانی دیکەی کورد، هاوڕێ لەگەڵ تۆرانشاهی کوڕی

---

(١) جمال الدین خۆشترین و جمال الدین شێروین دوور نیە یەك کەس بن.

(٢) بڕوانە: البستان الجامع، ص٣٨٧، ٤١٠-٤١٣، ٤٣٤، ٤٣٨، ٤٦٠-٤٦١، النوادر السلطانية، ص٣٣٥-٣٣٦، البنداري، سنا البرق الشامي، ص٨٠، ١٠٠، ٢٠٣، ابن الشعار، قلائد الجمان، ٢٥٠/٥، تأريخ دولة الأكراد، ص١٤٥، ١٤٨، ١٧٤، ١٩٦، ٢٠٥، ٢٠٧، ٣٠٩، الروضتين، ٢٧٨/٢.

(٣) قلائد الجمان، ١٩٠/٧، مجمع الآداب، ٣٥٥/٤.

ئەیوب چوونە یەمەن و ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە دامەزراندنی ئەیوبییەی یەمەن و دواتریش دامەزراندنی دەوڵەتی ڕەسولی(٢).

میرانی قەیموری: حسام الدین حەسەنی کوڕی اسدالدینی کوڕی موسەك، بنیادنەری قوتابخانەی قەیمورییە لە حەلەب و سیف الدین یوسف(م:٦٥٤ك/١٢٥٦ز)ی برای، بنیادنەری نەخۆشخانەی قەیمورییە لە دیمەشق، ساڵانێك لە خزمەت(الملك الأشرف) موسا بوون، ساڵی٦٤٢ك/١٢٤٤ز میران ضیاء الدین موسا و ناصر الدین حوسێنی کوڕی حەسەن(م:٦٦٥ك/١٢٦٧ز) بنیادنەری قوتابخانەی قەیموریی مەزن لە دیمەشق کە ئەمانیش کوڕ و کوڕەزای اسد الدینی کوڕی موسەکن، بە سەدان لایەنگرەوە بەدەنگ داخوازیی(الملك الصالح) ئەیوبەوە چوون و گەهیشتنە دیمەشق و هەر ئەوان بوون نەیانهێشت دیمەشقیش وەك قاهیرە بکەوێتە دەست مەملوکە تورکەکان و دڵسۆزانە داکۆکییان لە سەروەریی ئەیوبییەکان کرد، لە هێرشەکەی ساڵی ٦٤٨ك/١٢٥٠ز بۆ سەر قاهیرە، ضیاءالدین موسا و حسام الدین حەسەن و ناصر الدین عیسای کوڕی سیف الدین یوسف کوژران(٣)، ناصر الدین حوسێنی قەیموری ڕۆڵی مێژوویی هەبوو لە شەڕی عەین جالوت-ساڵی٦٥٨ ك/١٢٦٠ز-و بەزاندنی مەغۆل.

میری گەورە و ناسراو حسام الدین ئەبوعەلیی هەدبانی(م:٦٥٨ك/١٢٦٠ز) جێگری (الملك الصالح) ئەیوب، خۆی و باوکی و مامەکانی، بدرالدین باخل، شمس الدینی کوڕی باخل بنیادنەری خانەقای(ابن باخل) لە ئەسکەندەریە، سیف الدین ئیبراهیمی کوڕی شێرۆی چاکی، عیسا و داودی کوڕانی بدرالدینی هەکاری، داودی کوڕی موسەکی کوڕی چەکۆ و سلێمانی کوڕی، فخرالدین میلادی هەشتەکی و میرانی توری(الطوري):

---

(١) لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە بەڵگەوە سەلماندوومە کە ڕەسولیەکانی یەمەن نە عەرەبن و نە تورکمان، بەڵکو کوردی وڵاتی هەولێرن، بگەڕێوە بۆ کتێبی: لەبارەی کەلتور و مێژووی کوردەوە.

(٢) ابن نظيف الحموي، التأريخ المنصوري، ص٤٦.

(٣) ئەم میرە کوژراوانەی قەیموری لە گومبەتی قەیمورییە لە قودس نێژراون کە تایبەت بۆ ئەوان بنیات نرابوو، بڕوانە: الحنبلي، عبدالرحمن بن محمد المقدسي (القرن١٠هـ/١٦م)، الأنس الجليل بتأريخ القدس والخليل، المطبعة الحيدرية (النجف الاشرف ١٩٦٨)، ٢/ ٤٨.

مبارزالدين و سيف الدين كە بە ياوەريى(الملك الصالح)ئەيوب لە كوردستانەوە چوونە شام و مصر و چەندانى دى لە ميرە ديارەكانى دەورانى كۆتاهى دەولەتى ئەيوبى بوون.

ميرانى كورد لەپاڵ جيهاد و خزمەتى سەربازى دا، خێرخوازانە دەيان دامەزراوەى زانستى و خزمەتگوزارييان لە شارەكانى ديمەشق، حەلەب، قودس و قاهيرە...هتد ئاوا كردووە لە قوتابخانە، مزگەوت، خانەقا، نەخۆشخانە و گەرماو و چەندين گوند و عەقاريان لەسەر وەقف كردووە، شوێنەوارى هەندێكيان تا هەنوكەش هەر ماوە[١].

وێڕاى ميران و سەركردە لەشكريەكان، دەيان قازى و فەقيه و فەرمودەناس و مامۆستا و خوتبەخوێن و ئەديب و شاعير و زمانەوانى كورد لە دامودەزگاكانى دەولەتى ئەيوبى هەبوون و هەر كەسەو لە ئاست و بوارى شارەزايى خۆيدا خزمەتى دەكرد، ديارترينيان ئەمانەن: قازى عبد الملكى كوڕى دەربازى مارانى(م:٦٠٥ك/١٢٠٨ز) و(ابن الصلاح الشهرزورى:م٦٤٣ك/١٢٤٥ز) و شێخ ئيسماعيلى كۆرانى(م:٦٤٤ك/١٢٤٦ز) و (ابن الحاجب :م٦٤٦ك/١٢٤٨ز).

پياوچاكانى كورديش بە مەبەستى پشكدارى لە جيهاد، خۆبەخشانە دەچوونە وڵاتى شام و سەنگەريان لە فەڕەنجە خاچهەڵگرەكان دەگرت و بەوپەڕى دڵسۆزى و گيانبازييەوە دەجەنگان[٢]، فەقێ عيساى كوڕى لاڵ لە گوندى منارەوە[٣]- كە پاشان بە گوندى عيسالالان ناسرا- و پير حەسەنى ئيزلى لە شنۆوە بە پەرۆشەوە خۆيان گەياندە بەرەكانى شەڕى پيرۆز، يەكەميان لە شەڕى حارم ساڵى ٥٥٨ك/١١٦٣ز شەهيد بوو، دووەميشيان لە قودس بەديل گيرا و بـێباكانە لە زيندان دا خۆبەخۆ بانگى دەدا و نوێژى

---

(١) دەربارەى ڕۆڵى سياسى و ئاواكاريى كورد لە مصرو شام بڕوانە: چەند لێكۆڵينەوەيەك لە مێژووى كورد، ل٧٦-١٨٦.

(٢) العسقلاني، النور السافر، ص٢٥٤-٢٥٥.

(٣) منارە دەكەوتە دەڤەرى(بين الجبلين) واتا ناڤكوڕەوە، ئەم منارەيە گوندى منارە نيە كە تا ئێستاش ماوە و دەكەوێتە سەر ڕێگاى هەولێر- مەخمور لە نزيك پيرداود.

دەكرد، فەڕەنجەكانیش لە داخاندا بەزی بەرازیان دەتكاندە سەر جەستەی و نەیانتوانی دەستبەرداری بانگدانی بكەن، ناچار بەریاندا و گەڕایەوە هەولێر[1].

## ٧ـ٧ لەناوچوونی دەوڵەتی ئەیوبی:

پاش مردنی صلاح الدین، ئەیوبییەكان گیرۆدەی كێشە و ململانێی خۆبەخۆیی بوونەوە، دوا شاهی بەهێزی ئەیوبییەی مصر(الملك الصالح) نجم الدین ئەیوب، دەگەڵ مام و ئامۆزاكانی نەك هەر كۆك و تەبا نەبوو، بەڵكو لە كێشە و ركابەرایەتی دا بوو و بڕوا و متمانەی بە دڵسۆزی و پشتیوانیی میرە كوردەكان نەمابوو، بەتایبەت ئەوانەی هەوادار و لایەنگری شاهە ئەیوبیەكانی دی بوون، ناچار پشتی بە بەندە توركەكان بەست و بە هەزارانی لێ كڕین و لە دەوری خۆی كۆی كردنەوە و كردنی بە دەستوپەیوەندی خۆی، تاوای لێهات زۆربەی سوپای ئەیوبیەی مصریان پێكدهێنا[2].

شاهی ئەیوبی ساڵی٦٤٦ك/١٢٤٨ز نەخۆشیەكی كوشندەی گرت و بۆ ساڵی پاشتر مرد، (شجرالدر) ی هاوژینی ماوەیەك نەیهێشت كەس بە مردنی بزانێت، نەبادا فەڕەنجەكان هەل وەربگرن و توندتر فشار بخەنە سەر مصر، ئەوەبوو نوسراو و فرمانی بە ناو و مۆری شاهی مێردیەوە دەردەچواند و(فخرالدین بن شیخ الشیوخ)ی كرد بە سەرلەشكر و هەڵسوڕێنەری كاروبارەكان تا تۆرانشاهی زڕكوڕی لە حوصنكێفاوە دەگات و دەستبەكار دەبێت.

میر ئەبوعەلیی هەدبانی جێگر و دەمڕاستی(الملك الصالح) بوو، دەیزانی(شجر الدُر)و مەملوكە توركەكان بەتەمان دەسەڵات بگرنە دەست، بۆیە دەمودەست نێردەی ناردە حوصنكێفا تا هەرچی زووە تۆرانشاه بگاتە مصر و شوێنی بابی بگرێتەوە، ئەویش لە ترسی (بدرالدین لؤلؤ) و ئەیوبییەی حەلەب، نەوێرا لەو ناوچانەوە بهێت و ڕێگای عێراقی گرتەبەر و گەهیشتە شاری عانە و لە فورات پەڕیەوە و خۆی گەیاندە قاهیرە.

---

(١) ابن المستوفي، تأريخ أربل، ٢/٢٢٣، ٢٧٣.

(٢) ابن واصل، مفرج الكروب، ٦/٨٢–٨٣.

تۆرانشاه به پێچەوانەی باوکیەوە، کەسایەتیەکی زیرەك و وریا نەبوو و شایەنی ئەو پۆستە نەبوو، پاشماوەی میرە کوردەکانی باوکیی لەخۆ رەنجاند و دووری خستنەوە[1]، سەرئەنجام تەنها پاش هەشتا رۆژێك لە حوکمکردنی مصر، لە سەرەتای ساڵی٦٤٨ك /١٢٥٠ز بە دەستی مەملوکە تورکەکان کوژرا و بەمەش ئەیوبییەی مصر لەناو چوو[2].

(الملك الناصر) یوسفی نەوەی سوڵتان صلاح الدین و میری حەلەب، دوای کوژرانی تۆرانشاهی ئامۆزای و لەدەستدانی مصر، بەدەنگ داخوازیی کوردە قەیمورییەکانەوە چوو و بە رێخۆشکەری و پشتیوانیی ئەوانەوە دیمەشقی گرت و نەیهێشت وەك قاهیرە بکەوێتە دەست تورکان، ئەمجا هێرشی کردە سەر مصر بە ئومێدی گرتنەوەی قاهیرە، بەڵام لە شەڕێکی سەختدا لە عەباسە[3]بە هۆی پشتلێکردنی بەندە تورکەکان و پەیوەندیکردنیان بە لەشکری مصرەوە، سوپای ئەیوبی تێکشکا و ژمارەیەك کەڵەمیری کورد لە هۆزەکانی قەیموری و زەرزاری و حەمیدی کوژران و بەدیل گیران، (الملك الناصر)یش کشایەوە دیمەشق و تا ساڵی٦٥٨ك/١٢٦٠ز دیمەشق و حەلەب و زۆربەی ناوچەکانی دیی شامی بەدەستەوە بوو، لە کاتێکدا تا دەهات هەڕەشە و پەلاماری مەغۆل لە لایەك و هەژموون و دەسەڵاتی بەندە تورکەکان زیادی دەکرد و لە ئەنجامدا و لە ماوەی ساڵانی٦٥٨ـ٦٦٠ك/١٢٦٠ـ١٢٦٢ز بنەماڵە دەسەڵاتدارە ئەیوبییەکان یەك لەدوای یەك لەناو بران و وڵاتی شام کەوتە دەست تورکەکان، تەنها شاری حەماـ حماە بەدەست بنەماڵەیەکی ئەیوبییەوە مایەوە لە نەوەی شاهانشای کوڕی ئەیوب، هەرچەند ئەویش هەر سەر بە دەسەڵاتی مەملوکیی تورکی بوو، هەروەها کوڕ و نەوەکانی (الملك الصالح)ئەیوب تا ساڵی٨٦٦ك/١٤٦٢ز فەرمانڕەوای حوصنکێفا بوون[4].

---

(١) الکتبي، عیون التواریخ، ٢٠/٤٣–٤٤.

(٢) مفرج الکروب، ٦/١٠٦، ١١٦، ١٢٧–١٣٠.

(٣) العباسة: یەکەم قۆناخی رێگای شام بەرەو قاهیرەیە و بە ناوی عەبباسەی کچی ئەحمەدی کوڕی تۆلۆنی میر مصرەوە ناونراوە، دەمێك کۆشکێکی تیا بنیادنا و دواتر بووە ئاوەدانی. معجم البلدان، ٣/٢٩١.

(٤) بۆ پتر پێزانین دەربارەی ئەیوبییەی حوصنکێفا، بڕوانە : القبائل والزعامات القبلیة الکُردیة، ص١٩٠–٢٠٠.

# بەشی هەشتەم

# کوردستان و هێرشەکانی مەغۆل

# (٦١٧_٦٥٦ك/١٢٢٠_١٢٥٨ز)

## ١٨ـ نەژادی مەغۆل و دەرکەوتنی جەنگیزخان:

بنەماڵەی جەنگیزخانی بناخەدارێژی دەوڵەتی مەغۆل، لە خێڵی قورلاسی سەربە هۆزی قۆنقوراتن لە گەلی قییات، قییاتیش یەکێکە لە سەدان هۆز و گەل و میللەت و هاوپەیمانیی خێڵەکیی تورکی و مەغۆلی دانیشتووی تورکستان و مەنگۆلیا کە گەورەترینیان بریتین لە: کرایت، مرگیت، تنگقوت، تاتار، نایمان، قەرغیز، قونقورات، ئەویرات...، وەلێ زۆر ئەستەمە مەغۆلە راستەقینە و رەسەنەکان لەو میللەتە تورکانەی دی جودا بکرێنەوە کە دووی جەنگیزخان و مەغۆل کەوتن و تێکەڵ بەیەکدی بوون[١].

نشینگە و هەواری ئەم میللەت و نەتەوە تورکی و مەغۆلیانە، دەکەوتە نێوان هەردوو زنجیرە کێوەکانی تیان شان و ئاڵتای لە باکوری رۆژئاوا و هیمالایا لە باشور، مێژوونوسێك بە رەنگێکی ورد و قوول جوگرافیا و تۆبۆگرافیای تورکستان و مەنگۆلیای شیکردۆتەوە و رۆڵ و کاریگەریی ژینگە و سروشت و ئاووهەوای ئەم وڵاتەی لە سەر هەڵسوکەوت و خووڕەوشت و کەلتوری تورك و مەغۆل لێکداوەتەوە[٢].

هەمەدانی(م:٧١٨ك/١٣١٨ز) مێژوونوسی دەرباری خانەکانی مەغۆل و شارەزا لە سەربوردە و بەسەرهاتییان، لە چوارچێوەیەکی ئەفسانەییەوە دەنووسێت: مەغۆل و تورك خۆیان بە نەوەی یافس(یافث)ی کوڕی نوح دەزانن، تورکی باپیرەگەورەی تورکان و منسکی باپیرەگەورەی مەغۆل بران و کوڕی یافسن، مەغۆل یافس بە ئەبوبجەخان ناودەبەن و منسکیش بە دیب یاقوخان[٣].

یەسوکای بەهادری باوکی تیمۆجین- جەنگیزخان، سەرداری میللەتی قییات بوو و لە ناوەڕاستی سەدەی ٦ك/١٢ز قەوارەیەکی خێڵەکی بنیاتنا و دەستی بەسەر هۆز و تیرە

---

(١) همدانی، جامع التواریخ، ص٢٥–١٦٠، قزوینی، تأریخ گزیده، ص٥٦٢، ٥٦٨–٥٨٠.

(٢) بڕوانە: السید الباز العریني، المغول(بـیروت: ١٩٦٧)، ص٥–٢٠.

(٣) جامع التواریخ، ص٣٠– ٣١، تأریخ گزیده، ص٥٦٢.

مەغۆلەکانی دەرهاوسێیدا دەڕۆیشت و هەمووان لە قسەی دەرناچوون و بە براگەورەو سەرۆکی خۆیان دادەنا، تەنانەت شاهی چین لێی دەسڵەمیەوە[1].

یەسوکای لە یەکێك لە شەڕەکانیدا ساڵی٥٤٩ك/١١٥٤ز، بەسەر تیمۆجینی نەیاری سەرسەختی سەرکەوت و لەناوی برد، کە گەڕایەوە ماڵەوە زانیی کوڕێکیان بووە و گوتی ئەم نەوزادە مزگێنیی خۆشی و سەرکەوتنە و ناوی نا تیمۆجین کە دوایی بە جەنگیزخان ناسرا.

تیمۆجین نۆبەرەی دایکی بوو و هێشتا هەرزەکار بوو باوکی ساڵی ٥٦٢ك/١١٦٧ز مرد و دەسەڵاتە خێڵەکیەکەی هەڵوەشایەوە و هۆز و تیرە و بنەماڵە هاوپەیمانەکان دەستبەرداری بوون و لێی هەڵگەرانەوە و ئاستەنگ و گرفتیان بۆ نایەوە و توشی دەردەسەریان کرد[2].

تیمۆجین لە تافی لاویدا، گەلێك نەهامەتی و کۆسپ و تەگەرەی هاتە رێگا و گەرما و سەرما و برسێتی و نەبوونی و چەرمەسەری بەرۆکیان بەر نەدا و بێ سنور ئازاری چێشت وەك هەمەدانی دەیان گێڕێتەوە، ئەم دۆخە نالەبارەی وایان گۆشکرد، مرۆڤێکی جەربەزە و پتەو و لەشساخ و چاوقایمی لێدەرکەوێت و بەرگەی رەوشی ئاڵۆز و تەنگەژە بگرێت[3].

ئەوەبوو رێبەرایەتی خێڵەکیی خۆی بە زنجیرەیەك شەڕ و بەربەرەکانێ لەگەڵ هۆز و میللەتە مەغۆلەکاندا دەستپێکرد و لە زۆربەی شەڕەکاندا سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا، ساڵی٥٩٩ك/١٢٠٢ز دا ئونکخانی سەرداری هۆزی کرایتی تێکشکاند کە ترسناکترین رکابەری بوو و کوشتی و سەروەت و خاکیی بەتاڵان برد، مێژوونوسانی مەغۆل ئەم رووداوە بە دەستپێکی دەسەڵات وەرگرتنی تیمۆجین دادەنێن[4]، ئەم سەرکەوتنە مەزنە، پایەی تیمۆجینی بەرزتر کرد و وەرەی پێبەخشی و لە ماوەیەکی

---

(١) الصیاد، المغول في التأریخ، ص٢٣٩.

(٢) جوینی، تأریخ جهانگشای، ١/٢٦-٢٧، تأریخ گزیده، ص٥٨١.

(٣) الباز العریني، المغول، ص٤٤.

(٤) تأریخ جهانگشای، ١/٢٧، جامع التواریخ، ص٢٩٠-٢٩٢، تأریخ گزیده، ص٥٨١.

کورتدا توانیی بەسەر هۆزە نەیارەکانی دیشدا زاڵ ببێت لە نایمان و مرگیت و تنکقوت، ئەمەش پاڵی نا بە هۆزەکانی دیەوە سەری بۆ دابنەوێنن و بچنە ژێر رکێفیەوە، ئەم هۆزانە لە کەژاوەیەکدا تیمۆجینیان کرد بە شاهی خۆیان و ناسناوی جەنگیزخان یان بەسەردا دابڕی بە مانای شاهی مەزن، شاهی شاهان، ئیمپراتۆری جیهان(١).

جەنگیزخان بەردەوام بوو لە فراوانخوازی و پەلهاوێشتن و شکستی بە هەموو هۆزە هەڤرکەکانی هێنا و دەستی گرت بەسەر ناوچەکانیاندا و ساڵی ٦١٢ک/١٢١٥ز شاری پەکینی پایتەختی مەملەکەتی چینی داگیر کرد(٢).

لە سەرەتای سەدەی حەفتەمی کۆچی/سێزدەهەمی زایینی دا، دەوڵەتی خەوارزمی (٤٩١ـ٦٢٨ک/١٠٩٨ـ١٢٣١ز) گەورەترین قەوارەی سیاسیی ئیسلامی بوو و زۆربەی هەرێمەکانی رۆژهەلاتی بەدەستەوە بوو و لە عێراقەوە تا ئەوپەڕی رۆژهەلات و تورکستانی دەگرتەوە و هاوسنوری دەوڵەتە مەغۆلی و تورکییەکان بوو، رۆڵی پەرژین و بەربەستی دەگێڕا لە بەردەم قەوارەی گەشەکردووی مەغۆلدا.

علاء الدین خەوارزمشاە(٥٩٦ـ٦١٧ک/١٢٠٠ـ١٢٢٠ز) درکی بە شەڕانگێزیی مەغۆل نەکرد و مەترسیی راستەقینەی جەنگیزخانی بەهەند وەرنەگرت و لە خۆی هاری کرد، ساڵی ٦١٦ک/١٢١٩ز جێگری خەوارزمشاە لە شاری ئەتـراری تورکستان، پێنجسەد بازرگانی تورك و مەغۆلی پاکتاو کرد کە گوایە جەنگیزخان بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و کڕینی پۆشاك رەوانەی سەمەرقەند و بوخارای کردبوون و هەرچی کەلوپەل و شتومەکیان هەبوو بەتاڵان برد و بۆ خەوارزمشای نارد، بە پاساوی ئەوەی سیخوڕی جەنگیزخانن و بۆ رێبزری جلی بازرگانانیان پۆشیوە، ئەمجا نێردەی جەنگیزخانی کوشت و پەیامێکی پڕ لە هەڕەشەو گوڕەشەی بۆ نارد و بەم کارەی مەغۆلی لە خۆی وروژاند، سەرەنجام پاش زنجیرەیەك شەڕ و رووبەڕووبونەوە، جەنگیزخان لە دوا مانگی

---

(١) جامع التواریخ، ص٣٠٢-٣١١، الصیاد، المغول في التأریخ، ص٤٨.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی شەڕو لەشکرکێشیەکانی جەنگیزخان، بڕوانە: تأریخ جهانگشای، ٦٣/١-١٣٣، الباز العریني، المغول، ص٤٨- ٦٦، المغول في التأریخ، ص٤٩-٥٧.

ساڵی٦١٦ك/شوباتی١٢٢٠ز سەمەرقەندی داگیر کرد و مەغۆل کەوتنە کوشتن و بڕین و سوتاندن و تاڵانکردن[١].

جەنگیزخان بەوەندە رانەوەستا و گەرەکی بوو یەکجارەکی خەوارزمشاه لەناو ببات و خەوارزمییەکان ریشەکێش بکات و بناغەی دەوڵەتەکەیان هەڵتەکێنێت، ئەوەبوو یەکسەر لە سەمەرقەندەوە بیست هەزار سوارەی تەیار و سازدا و وەك باس دەکرێت پێی گوتن: بکەونە شوێن خەوارزمشاه و ئەگەر خۆی بە ئاسمانەوەش هەڵواسیبێت راوی بنێن و بیگرن، خەوارزمشاهی چاوشکاو و ترس لێنشتوو لە هیچ گۆشەیەك ئۆقرەی ناگرت، بۆ رێبزری لە مازندەرانەوە هەڵهات بۆ رەی و هەمەدان و لەوێوەش گەڕایەوە مازندەران و رووی کردە دەریای خەزەر-قەزوێن و لە قەڵای ئابسکونی هەڵکەوتوو لە نێو دەریا خۆی حەشاردا و لەوێ شوێنبزر بوو و دەنگوباسی جۆربەجۆر هەن لەمەڕ چۆنیەتی کۆتاهاتنی ژیانی[٢].

لە مێژەوە پرسی شاڵاوەکانی مەغۆل بۆسەر جیهانی ئیسلامی، بووەتە بابەتی دەیان کتێب و لێکۆڵینەوەی زانستی، ئێمە لێرە تەنها باسی ئەو رووداوانە دەکەین کە راستەوخۆ گرێدراون بە کوردستانەوە و ناچینە سەر وردەکاریی هێرشەکانی مەغۆل بۆسەر هەرێمەکانی رۆژهەڵاتی ئیسلامی و داگیرگرتنی بەغدا و لەناوبردنی خیلافەی ئیسلامی[٣].

---

(١) النسوي، سيرة جلال الدين، ص٨٥– ٨٦، ابن نظيف الحموي، التأريخ المنصوري، ص٧٣–٧٥. بۆ پتر زانیاری دەربارەی دەوڵەتی خەوارزمی، بڕوانە: توفيق نافع العبود، الدولة الخوارزمية، مطبعة النجاح(بغداد:١٩٧٨).

(٢) بڕوانە: ابن الأثير، الكامل، ٦٨٢/٩–٦٨٩، النسوي، سيرة جلال الدين، ص١٠٤–١٠٨، قزويني، تأريخ گزيده، ص٤٩٣–٤٩٤.

(٣) بۆ پتر پێزانین بڕوانە: حسن الأمين، الغزو المغولي، دار التعارف (بيروت:١٩٧٦)..

## ٢.٨ـ كوردستان و بەرایی هێرشەکانی مەغول(٦١٧ـ٦٣٣ك/١٢٢٠ـ١٢٣٥ز):

ناوچە کوردنشینەکان، هاوشێوەی سەرتاپێی هەرێمەکانی رۆژهەلاتی ئیسلامی کەوتنە بەر تەکان و دەستدرێژیەکانی مەغۆل و هەر لە سەرەتاوە هەولێر و شارەزور و داقوق کرانە ئامانج و مەبەستی سەرەکیی خانەکانی مەغۆل و زیاتر لە جاریك پەلامار دران و بوونە رێڕەوی لەشکرکێشی بەرەو بەغدای پایتەخت.

حەشامەتی مەغۆل لە ماوەیەکی کورتدا هەرێمەکانی خوراسان و چییا و ئازەربیجان و شێروان و گورجستان و ئەرمینیایان تەنیوە، (ابن الأثیر)کە بەخۆی هاودەمی ئەم نەهامەتیەیە، سەرسوڕمانی خۆی نەشاردۆتەوە لەوەی کە چۆن لە ماوەی کەمتر لە سالێك، لە توخیبی چین و تورکستانەوە توانییان ئەم پانتاییە بەرفراوانە ببڕن و کاولی بکەن و دەلێت هەر کەسێك بەچاوی خۆی ئەم راستیەی نەدیتبێت ئاستەمە بڕوای پێبکات[1].

جەنگاوەرانی مەغۆل بەدەم راونانی خەوارزمشاوە، گەهیشتنە شارەکانی رەی و هەمەدان و زنجان و قەزوێن، وەلێ سەرماوسۆلەی بەفر و باهۆزی زستان تەنگاوی کردن و بە ناچاری چییاکانیان چۆلکرد و روویان کردە ئازەربیجان و موقان و لە کەنارەکانی دەریای قەزوێن لەنگەریان گرت، ئەوان عەودالی جێگای گەرمەسێر و لەوەڕگا بوون بۆ مەڕ و مالاتیان، پاشان ملیان نا بە ولاتی گورج- گورجستانەوە.

سالی٦١٨ك/١٢٢١ز لە گورجستانەوە داکشانەوە و شاری مەراغەیان گرت و تالانیان کرد وکەوتنە رەشەکوژی[2]، ئەوجا بەنیازی گرتنی هەولێر رووەو ناوجەرگەری کوردستان هاتن، میری هەولێر گوکبوری یەکسەر خەلیفە عەباسی و (بدرالدین لؤلؤ)ی لە نزیکبوونەوەی مەغۆل بەئاگا هێنایەوە و داوای کۆمەك و پشتیوانیی لێکردن، خەلیفەش گەورە نۆکەری خۆی جمال الدین قەشتەمری راسپارد بە هێزێکی هەشتسەد سوارەوە بە

---

(١) الکامل، ٩/٦٨١-٦٩٣.

(٢) بڕوانـە: نجـم الـدین رازی (ت:٦٥٤هـ/١٢٥٦م)، مرصـاد العبـاد مـن المبـدأ الی المعـاد، مطبعة مجلس(تهران:١٣٥٢هـ)، ص١٠-١٢، نوسەر دەلێت لە هەمەدان دەرچووە و بە رێگای ئەڕبیل- هەولێر یان بە رێگای ئەڕدەبیل دا رووی کردۆتە مەلاتیە.

هاوار گوگبوری یەوە بچێت و لە هەمووانی خواست لە داقوق گرد ببنەوە، داوای لە(الملك الأشرف)موسای ئەیوبییش کرد بەدەنگیانەوە بێت و هاریکارییان بکات، شاهی ئەیوبی نەدەشیا بەدەنگ خەلیفەوە بێت، چونکە دەگەڵ (الملك الكامل) محەمەدی برایدا سەرقاڵی خۆئامادەکردن بوون بۆ بەرپەچدانەوەی فەرەنجە خاجهەڵگرەکان[1].

گوگبوری دڵنیابوو لەوەی کە لە شیانیدا نیە بەر بە لێشاوی مەغۆل بگرێت، ئەوانیش نەیان دەویست زیاتر پێشرەوی بکەن و کاتێك بە گردبوونەوەکەی داقوقیان زانی گەڕانە دواوە و پەلاماری هەمەدان و ئەردەبیل و بەیلەقانیان دا و کەوتنە گیانی دانیشتوان و بە هەزاران خەڵکیان کوشت و سەدان گوند و دێهاتیان سوتاند[2].

لە سەرەتای ساڵی٦٢١ك/١٢٢٤ز دا، کۆمەڵێکی دیی مەغۆل بە بڕیاری جەنگیزخان، هاتنەوە ناوچەکە و گەهیشتنە هەمەدان و لەوێوەش پێشڕەوییان کرد و کێوەکانی کوردستانیان بڕی و ئاوەدیوی هەولێر بوون، هەرچەند لە هەواڵێکدا وا دەردەکەوێت لە هەمەدان بەملاوە نەهاتوون[3].

شەپۆلێکی دیی مەغۆل ساڵی٦٢٨ك/١٢٣١ز لە تەوەری مەراغەوە گەهیشتنە کوردستان، جلال الدين منکەبرتی کە لە دەشتاییەکانی ئورمێ و شنۆ بارگەی خستبوو، ئارامی لەبەر بڕا و پەنای بردە بەر شاری خەلات و خۆی گەیاندە لای جێگری(الملك الأشرف)ی ئەیوبی لە شارەکە، مەغۆلیش بە هەزاران هەر بەدووییەوە بوون و دێ بە دێ و بازێڕ بە بازێڕ راویان دەنا و دەیانویست بە دەردی خەوارزمشاهی باوکی ببەن و بیکوژن، لە ئاکامی ئەم لەشکرکێشیە دیهات و ئاوەدانیەکانی ئامەد، ئەرزن، میافارقین، سێرت، تەنزە، ماردین، نەصیبین، شنگار، خەلات، بەرگیری، ئەرگیش، یەکە یەکە بەر هێرشی کوشندەی لەشکری بێشوماری مەغۆل کەوتن و دانیشتوان دووچاری کوشتن و تالانکردن و دەردەسەری هاتن و ستەم و بێدادیی لەرادەبەدەریان دەرحەق ئەنجامدرا، مەغۆل رەشەکوژییان دەکرد و سڵیان لە هیچ ناکردەوە، بازرگانێك کە شیابوو لە

(١) الكامل، ٩/٦٩٥.

(٢) الكامل، ٩/٦٩٧-٦٩٨.

(٣) الكامل، ٩/٧٢٧.

شمشێری مەغۆل خۆی قوتار بکات، گوتبووی کە تەنها لە ئامەد زیاتر لە پازدە هەزار لاشەیان ژماردووە، خەڵکەکە بە شێوەیەك ورەیان روخابوو، زاتیان نەدەکرد بـهێنە دەنگ و دەست بکەنەوە، چیرۆك و بەسەرهاتی وا دەماودەم دەگێڕدرانەوە کە هەر کەسێك گوێبـیستی بوایە لەوانەیە بە هەڵبەستراوی دابنایە[١].

تەنها کوردە قورەیشییەکان[٢] دانیشتوی دۆڵی قورەیشیەی نێوان جەزیرەی بۆتان و تەنزە لە لەشکریانی مەغۆل هاتنەدەست و گەلی و تەنگەبەرەکانیان لێگرتن و نەیانهێشت بچنەپێش و ژمارەیەکیان لێکوشتن و پاشەکشێیان پێکردن[٣].

جلال الدین منکەبرتییش بەلەسە و سەرگەردان دەسوڕایەوە و ماوەیەك سەرنگوون بوو، سەرئەنجام لە چییایەکی میافارقین لەلایەن کوردێکەوە کوژرا، هەواڵەکان ناکۆکن لەمەڕ هۆکاری دروست وچۆنێتی کوشتنەکەی[٤]، نەسەوی(م:٦٤٧ك/١٢٤٩ز)، منکەبرتیی بە نەڕەشێر چوواندووە و کوردانی بکوژیشی بە رێوی "کان هلاك الأسد الغالب على أيدي الثعالب"، ئەمە تاکە نموونەیەکی روانینی مێژوونوسانی ماستاوچیە بەرانبەر بە کورد[٥].

لە کۆتایی هەمان ساڵدا، رەوەیەکی دیی مەغۆل لە ئازەربـیجانەوە ئاوەدیوی وڵاتی هەولێر بوون و وەك نەریتی نەگۆڕیان بەدەم رێگاوە کەوتنە وێزەی خەڵکی و بەتاڵانبردنی ماڵ و سامانیان و ژمارەیەك لە تورکمانی ئەیوائی و کوردی گۆران[٦]یان کوشت[٧]و لە سەرەتای ساڵی پاشتردا بە شارەزور و گەرمیاندا بڵاوبوونەوە و هەواڵی

---

(١) الكامل، ٩/٧٩٣-٧٩٧.

(٢) قورەیشی هۆزێکی کوردن بە ناوی ئەو دۆڵە ناسراون کە تێیدا نیشتەجێ بوون و پەیوەندییان بە هۆزی قورەیشی عەرەبەوە نیە.

(٣) الكامل، ٩/٧٩٥.

(٤) بڕوانە: ابن شداد، الأعلاق الخطيرة، ٣/٤٦٢-٤٦٣، ابن العبري، تأريخ الزمان، ص٢٧٧، مؤلف مجهول، تأريخ دولة الأكراد، ص٣٨٩.

(٥) سيرة جلال الدين، ص٣٨١-٣٨٢.

(٦) گۆران لەم دەقە دا بە واتای کوردانی دێهاتی، گوندنشین دێت، نەك هۆزی گۆران.

(٧) الكامل، ٩/٧٩٧.

هاتنیان گەهیشتە بەغدا، گوگبوری لای خۆیەوە داوای کۆمەکی و پشتگیریی لە خەلیفە (المستنصر) کرد، خەلیفەش بانگەوازی جیهادی بۆ گشت لایەنەکان کرد و تکای خۆئامادەکردنی لێکردن و هێزێکی بەهانای گوگبورییەوە نارد، سەرەنجام لەشکر لە نزیك کەرخینی- کەرکوك خڕبووەوە و بۆ چەند مانگێك مایەوە، لەم کاتەدا بڕێك لە مەغۆلەکان بایاندایەوە بەلای شارەزوردا و شاخە سەخت و توشەکانی دەربەندیان[1] بڕی و تا سامیان هاتن[2]، گوگبوری و یاوەرانی لە کەرکوکەوە بەڕێ کەوتن و گەهیشتنە شوێنێك بە ناوی(الأکراد)[3]، ئەمجا رێگای شارەزوریان گرتەبەر و گەهیشتنە گوندی موغان[4].

لەم کاتەدا گوگبوری نەخۆش کەوت و گوندی موغانیش لەبەر بێئاوی بۆ حەوانەوەو پشوودان دەستی نادا، بۆیە هەمووان رێککەوتن کە بە ئاسپاهی و بێ دەهۆڵ کوتان و مۆم هەڵکردن بکێشنەوە شەهری کورد(شهرکُرد-الأكراد) و لەوێ سەنگەر لێبدەن و لە ئامادەباشی دابن[5].

---

(١) چەندین دەربەند لە کوردستان هەبوون و لێرە مەبەست لە دەربەندی مەزنە کە دەکەوێتە سەر رێگای هەولێر-ئازەربیجان، بڕوانە: قزوینی، نزهة القلوب، ص١٦٣، العمري، مسالك الأبصار، ٢٦٥/٣. دووریش نیە مەبەست دەربەندێکی دی بێت.

(٢) رەنگە سامیان هەر السامغان- الصامغان بێت کە لە رۆژگاری فتوحاتەوە ناوی هاتووە.

(٣) ناوی ئەم شوێنە لە کتێبی (الحوادث) جارێك بە(الأکراد) و جاریکی دی بە (شهرکرد) ناوی هاتووە و بێگومان هەرمەبەست شەهرکورد- شاری کوردە، کە گوندێك بوو لە نزیك کەرکوك بە ئاڕاستەی داقوقدا و لە سەرچاوە سریانی و عەرەبیەکاندا ناوی هاتووە، یاقوتی حەمەوی بە (شاقرد) ناساندوویەتی و پەسنی هەنجیرەکەی دەکات، معجم البلدان، ١١٥/٣.خوتبەخوێنی کەرخینی- کەرکوك: عبدالواحدی کوڕی بەدری کەرخینی خەڵکی ئەم گوندە بوو و دواتر بووە مـوڵکی کابرایـەکی عـەرەبی ئومـەوی. ابـن المستوفي، تأريخ أربل، ٢٥٢/٥، ابن الشعار، قلائد الجمان، ١٥٢/٤، ١٧٥/٦.

(٤) بۆمان ساخ نەبووەوە موغان کوێیە و رەنگە هەر گوندی موان بێت کە دەکەوێتە دەستەڕاستی رێگای عەربەت- سید صادق لە پارێزگای سلێمانی و دەبێت موغان سوابێت بۆ موان.

(٥) مؤلف مجهول، کتاب الحوادث، ص٤٨-٥٠.

هەروەها لە تێکهەڵچوونێکدا، لە مانگی شەوالی ساڵی٦٣١ك/تەمووزی١٢٣٣ز لە گەورەدێی مەرتی نزیك ئورمیٚ[1]، خەڵکێکی زۆریان کوشت، لەوانەش فەرمودەناس و شاعیری کەرکوکی:(عبدالرحمن البلخي الكرخيني) و هاوسەر و کوڕێکیشیان دەستگیر کرد[2].

ئەم هێرشانەی مەغۆل کە بیٚ بەرنامە و هەڕەمکی بوون، پێدەچێت زیاتر مەبەستیان تاقیکردنەوەی وزە و شیانی خۆیان و چاوترساندنی بەرانبەریان بووبێت، بۆ ئەوەش بوو تا بزانن ئایا چ کەس و لایەنێك هەیە دەکارێت پێشیان لیٚ بگرێت و هێز و توانای لەشکری و گیانی بەرەڤانیی دەوڵەتانی ئیسلامی چەندە و تاچ رادەیەك تاقەتی بەرگرییان ماوە،بۆیە ئەمجارەش ئەوندە نەمانەوە و گەڕانەوە ئازەربیجان، لەشکرەکەی شەهرکوردیش هەڵپەیان نەکرد و چیدی نەچوونە پێش، نەبادە گیرۆدەی داوی مەغۆل ببن و دوای وردە تێکهەڵچوونێك بە بیٚ شەڕ بڵاوەیان لێکرد[3].

## ٣_٨ـ گەمارۆدانی هەولێر ساڵی٦٣٤ك/١٢٣٦ز:

وەك لە بەشی شەشەم ئاماژەی پێدرا، هەولێر و دەوروبەری لەسەر راسپاردەی گوگبوری، دوای مردنی لە ساڵی٦٣٠ك/١٢٣٣ز رادەستی خەلیفەی عەباسی کرا و بووە پێگا و سەنگەری پێشەوەی خیلافە لە بەرانبەر مەغۆل، بەمەش خرایە ناو بازنەی ئامانجە دیاریکراوەکانی مەغۆل و چڕتر لە جاران پەلاماریان دەدا، ساڵی٦٣٣ك/ ١٢٣٥ز هێزێکیان لە چییاکانەوە شۆڕبوونەوە و هێرشیان هێنایە سەر دەڤەرەکانی هەولێر و کرملیس و موصلیٚ و تا شنگار نەوەستانەوە و تەنها لە هەولێر رووبەڕووی بەرگری بوونەوە و لە هەردوو لا ژمارەیەك کوژران و بریندار بوون، لە شنگاریش پێشیان بە کاروانێکی چەند سەد کەسی گرت و روتاندیانەوە، بەگوێرەی خەمڵاندنی(ابن العبري

---

(١) یاقوت ئەم گوندەی ناساندووە و دەڵێت گەورە و باخ و بێستان دارە و خەڵکەکەی ئازا و یەککگرتوون، معجم البلدان، ٢٤٣/٤.

(٢) تأريخ أربل، ٣٠٢/٥_٣٠٥، قلائد الجمان، ٣٣٨/٣.

(٣) ابن العبري، تأريخ الزمان، ص٢٧٨، كتاب الحوادث، ص٥٢.

:م٦٨٥ك/١٢٨٦ز)كۆی كاروانيان چوارسەد و حەفتا كەس بوون و سەرپاكيان بەكوشت چوون و والی(معين الدين إبن مهاجر)كە دەروازەی شاری لێ گرتبوون هاتەكوشتن[١].

هەر لە ئاكامی ئەم هێرشانەدا، قورئانخوێن و شاعير و واعيزی شنگاری(يعقوب بن عبدالملك الأسدي) لە گوندی بارمولی نزيك شنگار بەركەوت و هاتە كوشتن[٢].

شايانی ئامازەيە، ئەم هێرشەشيان هەر بۆ خۆتاقيكردنەوە و نانەوەی ترس و دڵەڕاوكێ بوو لە ناو خەڵكيدا و ئەوەندەی نەبرد كشانەوە و كۆمەكی خەليفەش لە بەغداوە درەنگوەخت گەهيشتە دەربەند[٣].

تا دەهات گوشاری مەغۆل بۆسەر هەولێر بەگوڕتر دەبوو، بە تايبەت دوای ئەوەی مەراغە و زۆربەی شارەكانی ديكەی ئازەربـيجانيان كەوتەدەست و دەيانويست بە هەر بەهايەك بـێت ئەم بەربەستەی سەر ڕێگايان تەخت بكەن و پانتاييەكی گرنگ لە جەستەی خيلافە دابڕن و هێندەی دی لە بەغدا نزيك ببنەوە، ئەمە لە كاتێكدا(بدرالدين لؤلؤ) بەڵێنی هاوكاری و هاوئاهەنگی پێ دابوون[٤].

لە مانگی شەوالی ساڵی٦٣٤ك/حوزەيرانی١٢٣٦ز و بە فرمانی بايجۆنۆيان-بايجۆنۆينی مەزنە فەرماندەيان، هێزێكی تۆكمە هەولێريان خستە نێو بازنەی گەمارۆيەكی توندەوە، خەڵكی شاريش ناچار سەركەوتنە سەر قەلاَ و خۆيان قايمكرد و دەروازەكانيان كليلدا و كەوتنە بەرگری، هێرشبەرانيش كەلەبەرێكيان خستە شورای دەرەوەی شار و چوونە ژوورەوە و بەتەما بوون قەلاَش بگرن و لە هەر چوار لاوە مەنجەنيقيان دابەست و دورپێچيان كرد، (بدرالدين لؤلؤ)يش كە هەردەم ناحەزی ئەتابەگەكانی هەولێر بوو، ئەم پێشهاتەی لەلا خۆشهات وخواردن و كەلوپەل و چەك و ئامێری جەنگی بۆ دەناردن.

ڕۆژ بە ڕۆژ بازنەی گەمارۆ تەنگ دەبووەوە و گەمارۆدراوانی نێو قەلاَش ورەيان بەرنەدا و خۆيان نەدا بەدەستەوە و هەرچەند بە سەدانيان لە تينوێتيدا خنكان و هەر كەسێك

---

(١) تأريخ الزمان، ص٢٨٢، سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ص٧٨٣، الذهبي، تأريخ الإسلام، ٤٦/ ١٣-١٤.

(٢) ابن الفوطي، مجمع الأداب، ٥/٤٤٨.

(٣) كتاب الحوادث، ص١١٣.

(٤) جامع التواريخ، ص٥٧٦.

بمردایه کەلەخی دەسوتێنرا، چونکه نه جێگا و کاتی شاردنەوەی هەبوو و نەدەشوێران فرێی بدەنه خوارەوه نەبادا خەندەکی دەورەی قەلاّ پڕ ببێتەوه(؟)، ئەم کارەساته چل ڕۆژێکی خایاند و مەغۆل تەقسیریان نەکرد له کوشتن و سوتاندن و کاولکردن.

هەرچەند هاوارنامەی کاربەدەستانی شار دەمودەست به باڵندەیەکدا گەهێندرایه بەغدا، کەچی دوای نزیکەی پەنجا ڕۆژ(١٧شوال-٦ذي الحجة) ئەمجا هیمدادی خیلافه گەیشت، ئەو کاتەی تەڕ و وشك سوتابوو. ئەمەیش بەڵگەی زیندووی ئەو ڕاستیەیه که خەلیفه و دارودەستەکەی له ئاست پرسه گرنگەکاندا چەند خاو و خەمسارد بوون و تا چ ڕادەیەك ئەرك و فرمانەکانی سەرشانیان پشتگوێ خستبوو[1].

سەرەنجام شاری هەولێر زیانێکی گەورەی مادیی پێکەوت و چەند شوێنێکی شوراکەی دەوروبەری روخێنران و کەلێنی قەبەی تێکەوت و گەلێك خانوو و باڵەخانه خاپورکران و دامەرزاوەکانی شار زیانی قورسیان بەرکەوت، بێ گومان سەدان کەسیش بوونه قوربانیی ئەم کارەساته، تەنها له توێژی روناکبیر و خوێندەوار دا چەند کەسێك کوژران، لەوانه:

- صۆفی(مجدالدين عمر بن ابو بكر البغدادي)[2].
- ئەدیب و شاعیر و زمانەوان(إسحاق بن مروان الموصلي العروضي).
- پیاوچاك و شاعیر(يونس بن سعيد الخراط الأربلي) که دەنێو مزگەوتی مەزندا کوژرا.
- ئەدەبدۆست(أحمد بن ملاعب الأربلي)[3].

ئەدیب و مێژوونوس(ابن المستوفي)یش بەرکەوت و له قەلاّ گیری خوارد و هەرچۆنێك بێت قوتار بوو، بەڵام مخابن وا دیاره چەند بەرگێکی مێژووەکەی لەمەڕ هەولێری لەم سەروبەندەدا فەوتاوه[4].

---

(١) جامع التواريخ، ص٥٧٥، كتاب الحوادث، ص١٢٧-١٢٨.

(٢) مجمع الآداب، ٤٨٢/٤.

(٣) ابن الشعار، قلائد الجمان، ٣٢٧/١، ٣٦٣، ٣٢٥/١٠.

(٤) قلائد الجمان، ٣٦/٦.

خەلیفەی عەباسی دەبوو هاوڕ لە هەولێر بداتەوە و بایەخی پێبدات و دامودەزگاکانی ڕێك بخاتەوە، چونکە هەرسات هێرشهێنانەوەی مەغۆل چاوەڕوانکراو بوو، ئەوەبوو(ابن الصلایا العلوي)ی بە والیی هەولێر دامەزراند و رایسپارد شوراکەی بنیات بنێتەوە و شوێنە روخاو وکەلەبەرەکانی نۆژەن بکاتەوە و میر فخر الدین عیسای کوڕی ئەبولفەتحی کوڕی هیندیی[1]کردە دەمڕاست و هاریکاری[2]، هەروەها میر فتح الدین حەسەنی کوڕی کوڕ(ابن کُر) کرا بە لێپرسراوی لەشکری و تۆکەر(کرکر الناصري) کرا بە پارێزگاری قەلاّ و تۆکەر (آیدمر الأشقر) کرا بە سوپاسالار، هەر لەمیانەی بایەخدان بە رەوشی هەولێر، بەرپرسانی لەشکری و کارگێریی شارەکە:(آیدمر الأشقر وابن غزالة وفراس الواسطي) ساڵی٦٣٧ك/١٢٣٩ز بۆ لێپیچینەوە گاز کرانە بەغدا و دەستگیر کران و تۆکەر مەکلبا کرایە بەرپرس، پاش ساڵێك بەهۆی بەدڕەفتاری و لێنەهاتوویییەوە مەکلباش لە بەرپرسارێتی لابردرا و ئاقسونقری ناصری لە جێگای دانرا[3].

## ٤ـ٨ هێرشەکانی مەغۆل لە ماوەی (٦٣٥ـ٦٥٠ك/١٢٣٧ـ١٢٥٢ز):

خانەکانی مەغۆل: ئۆگتایی کوڕی جەنگیزخان(٦٢٤ ـ٦٣٩ك/١٢٢٧ـ١٢٤١ز)و کیوکی کوڕی ئۆگتای(٦٤٤ـ٦٤٧ك/١٢٤٦ز ـ١٢٤٩ز)و مەنگۆقائانی کوڕی تولۆیی کوڕی جەنگیزخان(٦٤٧ـ٦٥٨ك/١٢٤٩ـ١٢٦٠ز) پیادەی هەمان سیاسەتی جەنگیز خانیان دەکرد و هەرگاڤ فرمانیان دەدا گوشار بخرێتە سەر سنورەکانی خیلافەی عەباسی و ناوچەکانی سەر بە ئەیوبـییەکان و ئەتابەگەکانی موصلێ و ماردین لە هەرێمی جەزیرە و

(١) فخر الدین عیسا باوکی ئەدیب و نوسەر بهاء الدین عەلی(م:٦٩٢ك/١٢٩٣ز)یە کە وەك لە بابەتی کورد و شیعە لە فەسڵی سێهەم باسکرا، کوردی وڵاتی هەکاری بوو و کەس گومانی لە کوردبوونی نەبوو، کەچی لەم دەقەدا عیسای بابی گەڕێنراوەتەوە بۆ هۆزی شەیبانیی عەرەب، دیارە ئەمە وانیە و رەنگە لەوەوە هاتبێت کە زووتر مەوالیی عەرەبی شەیبانی بووبن یان پاش بەشیعەبوون کراون بە عەرەب.

(٢) مجمع الآداب، ٣/١٠١ـ١٠٢، ٥٥١ـ٥٥٢.

(٣) كتاب الحوادث، ص١٣٩، ١٧٠، جامع التواريخ، ص٥٧٧.

سەربازانی مەغۆلیان رادەسپارد، ترس و لەرز بخەنە ناودڵی خەڵکییەوە و دەسەڵاتداران هەراسان بکەن و تەنگەژە و ئاریشەیان بۆ بنێنەوە، بۆیە بەیناوبەین گێچەڵی مەغۆل سەری هەڵدەدایەوە و هێمنی و ئارامییان دەشڵەژاند و هەرجارە ناوچەیەکیان دەکردە ئامانج و ساڵ بە ساڵ فشاریان پەرەی دەسەند و هێرشەکانیان توندتر و فراوانتر دەبوو. جگە لە تەوەری مەراغە- هەولێر، تەوەری کرماشان- دەرەتەنگ - خانەقین بەرەو بەغداشیان تاقی کردەوە و لێرەوە مەترسیان کاریگەرتر بوو بەوپێیەی راستەوخۆ بەغدا دەبووە مەبەست.

لە مانگی صەفەری ساڵی٦٣٥ك/تشرینی یەکەمی١٢٣٧ز دا شەپۆلێکی دیی مەغۆل سەرلەنوێ هاتنەوە سەر هەولێر، خەڵکەکە زانییان خۆحەشاردان لە قەڵا دادیان نادات و شاریان چۆل کرد و شمس الدین باتکین هێزەکانی هێنایە دەرەوە و لە چواردەورەی قەڵا سەنگری لێگرتن، خۆشبەختانە ئەم شەپۆلەیان هەولێریان بوارد و زیاتر مەبەستیان داقوق و دەڤەرەکانی نزیك بەغدا بوو، ئەوەبوو داقوقیان تالاّن کرد و لە نزیك کێوی حەمرین گیرسانەوە و خەڵکی داقوق بە هەڵەداوان دادی خۆیان گەیاندە بەغدا.

لە بەغدا بانگەوازی جیهاد لە بڵندگۆکان خوێندرایەوە و خەڵکی شپرزە بوون و ترسیان لێ نیشت، خەلیفە(المستنصر) گەورە سەرکردە و بەرپرسانی کۆکردەوە و راوێژی پێکردن، بڕیاردرا سوپایەك بنێرن بەرسینگی مەغۆل بگرێت، عماد الدین زەنگیی خودانی شارەزوریش بە هێزێکەوە ئامادەبوو و بە هەموان لە مەغۆل هاتنەدەست و توانیان لە نزیك حەمرین پێشڕەوییان پەکبخەن و بڕێکیان لێبکوژن و سامان و دەواریان تالاّن بکەن و دیلەکانی هەولێر و داقوقیان لەچنگ دەربهێنن و پەرتەوازەیان بکەن[1].

سەرباری ئەم شکستە، خانەکانی مەغۆل سووربوون لەسەر هەراسانکردنی خەلیفە و وازیان لە جموجۆڵ نەهێنا و دەستبەرداری سیاسەتی هێرشبردن و کشانەوە نەبوون و کتوپڕ پەلاماری ناوچەیەکیان دەدا و لەگەڵ گەهیشتنی هێز لە بەغداوە بە تالاّن و دەستکەوتەوە دەکشانە دواوە، هەر دوای بڵاوەلێکردنی سوپای بەغداش، سەرلەنوێ شالاّویان دەهێنایەوە، ئەوەبوو دوای کشانەوە لە حەمرین ئەوەندەی نەبرد نزیکەی

(١) تأريخ الزمان، ص٢٨٥، جامع التواريخ، ٥٧٥-٥٧٦، كتاب الحوادث، ص١٣٧-١٣٩.

پازده هەزاریان لە تەوەری خانەقینەوە دزەیان کرد و لە بەغدا نزیك بوونەوە و کۆمەڵێکیان لە شارەزووردا بڵاوبوونەوە. خەلیفەش بانگەوازی بۆ فەرمانڕەوایان کرد و پەیامی بۆ ناردن، ئەوەبوو سێ میری ئەیوبی فریاکەوتن و بەسەدان سوارەوە بە هاوارەوە هاتن، لە رووبەڕووبونەوەیەکدا لە گەلییەکی نزیك خانەقین سوپای بەغدا کەوتە بۆسەی مەغۆلەوە و زیانێکی مەزنیان بەرکەوت و زۆربەیان لەبەر برسێتی و تێنوویەتی مردن و ژمارەیەك فەرماندەی لەشکری کوژران کە یەکێکیان میر بهاء الدین عەلیی هەولێری بوو و خەڵکی مەندەلی و رێگای خوراسان ماڵوێران و دەربەدەر بوون و هێزەکەی مەغۆلیش بە دەستکەوتەوە کشانەوە[1].

ساڵی٦٤٧ك/١٢٤٩ز کۆمەڵێکیان لە بەرزاییەکانی کرماشان و حلوانەوە شۆڕبوونەوە و دزەیان کردە ئەیوانی خانەقین، ئەمجا بەرەو زانگاوا- زەنگاباد[2]رۆیشتن و چوون بەگژ خەڵکی بێتاواندا و سەروەت و سامانیان تالآن کردن و بێدەربەستانە لە رێگای دەرەتەنگەوە گەڕانەوە، ساڵی٦٥٠ك/١٢٥٢ز برێکی دیی مەغۆل کوتوپڕ پەلاماری کوردانی چیپاکانیان دا و هەندەی پێیان کرا سڵیان لە کوشتن و گرتن و شەلاندن و رفاندن نەکردەوە، پاشان بە هەمان شێوە کشانەوە پایەگاکانیان لە ئازەربیجان[3].

## ٥_٨ هێرشەکانی مەغۆل بۆسەر هەرێمی جەزیرە:

هەر لە سەردەمی سوڵتان صەلاحەدینەوە، ئەیوبییەکان سنوری قەڵەمڕەوییان بۆ شارەکانی جەزیرە و ئەرمینیا درێژ کردەوە و ژمارەیەك شار و باژێر و قەلآیان لە چنگ ئەراتیقە و ئەتابەگە تورکەکان دەرهێنا و لکاندیان بە دەوڵەتەکەیانەوە، لە رۆژگاری شالآوەکانی مەغۆلدا دوو بنەماڵەی ئەیوبی لە کوڕ و نەوەی(الملك العادل)محەمەدی

(١) تأريخ الزمان، ص٢٨٥، جامع التواريخ، ص٦٠٦، كتاب الحوادث، ١٣٩-١٤٢.

(٢) ناوی ئەم شوێنە لە (كتاب الحوادث، ص٢٨٥) بە رانكاو- زانكاوا؟ هاتووە و لای (ابن العبري، تأريخ الزمان، ص٢٨٥) بە زەنگاباد و لە (نزهة القلوب، ص٨٣) بە زەنگیاباد هاتووە و مەبەست زەنگابادە، زانكاوە نزیكە لە شێوە كوردییەكەی زەنگاواد.

(٣) "وقتلوا وأسروا ونهبوا وسبوا"، كتاب الحوادث، ص٢٨٥-٢٨٦، ٣٠٤، جامع التواريخ، ص٦٠٦.

کوڕی ئەیوب، فەرمانڕەوای ناوچەگەلێکی هەرێمی جەزیرە بوون و زۆربەی شارە کوردنشینەکان بەدەست ئەم دوو بنەماڵەیەوە بوون:

- میافارقین و حانی و ئەرزن بە دەست شهاب الدین غازیی کوڕی محەمەدی ئەیوبـیەوە بوو.

- حوصنکێفا بە دەست تۆرانشاهی کوڕی(الملك الصالح) نجم الدین ئەیوبەوە بوو.

هەروەها پاش لاوازبوونی ئەرتوقیەکان و پوکانەوەی دەسەڵاتیان و لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەیوبـی دا، چەند نیمچە میرنشینێك زیندوو بوونەوە و هەریەکەیان پتر لە قەڵایەکی بەدەستەوە بوو:

- بەشنەوییەکان لە قەڵاکانی فەنەك و بەشیری و برقە و شاروا- شێرەوە و (الجدیدة) و(حصن الهیثم).

- بوختییەکان لە قەڵاکانی حزدەقیل-گورگێل و ئاتێل و علوس و(باز الحمراء).

- قەیمورییەکان لە قەڵای قەیموری هەڵکەوتوو لە نێوان سعرت و جەزیرەی بۆتان.

کەچی خودی جەزیرەی بۆتان و شنگار و قەڵاکانی ئەڕوخ، ئەلقی، بەرخو، باخوخە، کەنگاوەر، نێروە بەدەست جێگرەکانی(بدرالدین لؤلؤ)وە بوون[1].

- ماردین هەر بەدەست ئەرتوقیەکانەوە مابوو.

هەرێمی جەزیرەش وەك هەولێر و شارەزور و داقوق لە هەڕەشە و گوڕەشەی خانەکانی مەغۆل بەدوور نەبوو، چ بە پەیامی پڕ گەف و هەڕەشە و چ بە پەلاماری لەشکری، ئەرتوقیەکانی ماردین و ئەیوبـییەکانیان هەراسان کردبوو و دەیانویست بە راشکاوی پێیان بڵێن کە هەرگیز هزر لە پشتیوانیی خەلیفەی عەباسی نەکەنەوە و هەرچی زووە ملکەچی خۆیان رابگەهێنن، نەخاسمە دوای ئەوەی (بدرالدین لؤلؤ) بە یەکجاری خۆی یەکلا کردەوە و ئامادەیی خۆیی بۆ نیشاندان بە هەموو شێوەیەك هاوکارییان بکات[2].

---

(١) معجم البلدان، ١/١٣٤، ١٩٨، ٢٥٣، ٢٩٧، ٤/١٥٥، ٤٢٢.

(٢) دەربارەی هەڵوێستی(بدر الدین لؤلؤ) بەرانبەر مەغۆل، بڕوانە: علاء محمود خلیل، المغـول في الموصل و الجزیرة، أطروحة ماجستیر(جامعة الموصل: ١٩٨٥)، ص٤٢-٤٥.

سەرانی مەغۆل لە رێگای بەکرێگرتە و سیخوڕە نهێنیەکانیانەوە بە هەلومەرجی سیاسی ناوچەکە ئاشنا بوون و پەیتا پەیتا هەواڵ و زانیاریی وردیان پێدەگەیشت و دڵنیابوون لەوەی یەکبەرەیی و هاوئاهەنگیی راستەقینە موسڵمانان کۆناکاتەوە و هیچ بەرنامەو هاوهەڵوێستیەك لە نێوانیاندا نیە و هیچ رێوشوێنێك نەگیراوەتەبەر پێش بە تەکانی بەگوڕ و فرەبەرەییان بگرێت، بۆیە بـێباکانە خواست و مەرجەکانیان دەسەپاند، ئۆگتای خان ساڵی٦٣٨ك/١٢٤٠ز نێردەیەکی ناردە میافارقین تا هۆشداری بداتە شهاب الدین غازی و دەسەلأتدارانی دیی ناوچەکە کە پێویستە هەموو لایەکیان سەری بۆ دانەوێنن و گوێڕایەڵیی خۆیان بۆ دەرببڕن و دان بنێن بەوەدا کە ئەو شاە و خاقانی رۆژهەلأت و رۆژئاوایە[1].

بگرە فرمانی دابوو کە دەبـێت شهاب الدین غازی هەڵبستێت بە روخاندنی هەرچی شورا و دیواربەندی مەملەکەتەکەی هەیە، گوایە دەبنە کۆسپ و بەربەست لە بەردەم پێشڤەچوونیدا، میری ئەیوبیـیش تەنها ئەوەندەی لەدەست هات بڵێت کە من تەنها یەکێکم لە شاهەکان و مەملەکەتەکەی من شتێکی وا نیە لەچاو وڵأتانی رووم و شام و ئەم داخوازیە ئاڕاستەی ئەوانیش بکە، ئەگەر ئەوان بەم کارە رابوون ئەوا منیش پێی رادەبم، ئەمەو زێدەباری بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی چەواشەکاری لەسەر روخسار و شێوەی دەموچاوی جەنگاوەرانی مەغۆل[2].

مەغۆل دەیانویست بە کردەوەیش هەڵوێستی نەگۆڕیان بە گوێی هەمواندا بدەن و کاردانەوەی توندیان لە ئاست گوێنەدانی شهاب الدین غازی هەبـێت، ئەو هێزە مەغۆلیەی کەوا نەشیا ساڵی ٦٤٢ك/١٢٤٥ز حەلەب داگیر بکات، بۆ جاری دووهەم هەڵیان کوتایە سەر ئەرمینیا و جەزیرە و شاری خەلاتیان گرت و لە پێدەشتەکانی موش بۆ حەسانەوە بارگەیان خست، میری ئەیوبی پێشوەخت میافارقینی قایمکرد و خواردەمەنی و کەلوپەل و پێداویسیتەکانی بەرگریی ئامادە کرد و ئەرکی بەرهەڵستیی

(١) "من نائب رب السماء وماسح وجه الأرض ملك الشرق والغرب خاقان"، سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ص٨٠٨.

(٢) مرآة الزمان، ص٨٠٨، الذهبي، تأريخ الإسلام، ٤٧/٤٠-٤١.

خسته ئەستۆی جێگرەکەیو بە خۆی و خێزانیەوە هەڵهاتن بۆ نەصیبین[١]، بە ئومێدی هاواربردن بۆ خەلیفەی عەباسی یان ئامۆزاکانی لە شام، خەلیفە لە خۆپارێزیی خۆی داماو و دەستەوەستان بوو چ جای بە فریای کەسی دی بکەوێت، ئەمجا رووی کردە حەڕان کە سەربە(الملك الناصر)یوسفی خاوەندی حەلەب(٦٣٤ـ٦٥٨ك/١٢٣٦ـ١٢٦٠ز) بوو، مەغۆلیش میافارقینیان دورپێچ کرد، جێگرەکەی شهاب الدین غازی بە دانوستاندن و پارەبەخشین لەگەڵیانا رێك کەوت و رازیی کردن[٢].

## ٦٨ـ دەستپێکردنەوەی مەترسیی مەغۆل و چوونی(الملك الكامل) بۆ لای مەنگۆقائان:

هەرچەند شاهەکانی ئەیوبی و ئەتابەگە تورکەکان، بەتایبەت(الملك الناصر)یوسف ساڵانە بڕێکی زۆری پارە و دیارییان بە ناچاری و زۆرەملێ دەدایە خانەکانی مەغۆل، کەچی بیانوو و داواکارییان بەکۆتا ناهات، سەرکردەی مەغۆلی بایجۆنویان ساڵی ٦٤٩ك/١٢٥١ز بە بازرگانان دا یارلیغی[٣] نارد بۆ یەکە یەکەی شاهەکانی ئەیوبی و ئەتابەگە تورکەکان تا هەرکەس و بڕە پارەی دیاریکراو ئامادە بکات بەم شێوەیە:

ـ (الملك الناصر) یوسف و عزالدین کەیکاوسی سەلجوقی(٦٤٧ـ٦٥٥ك/١٢٤٩ـ١٢٥٧ز)، هەریەکەو دووسەد هەزار دینار.

ـ (بدرالدین لؤلؤ) و نجم الدین ئیلغازیی ئەرتوقی خاوەندی ماردین(٦٣٦ـ٦٥٩ك /١٢٣٨ـ١٢٦١ز) و(الملك الكامل)ی کوڕی شهاب الدین غازیی خاوەندی میافارقین و ئەرزن، هەریەکەو سەدهەزار دینار.

ـ (الملك الموحد) عەبدوڵای کوڕی تۆرانشاه خاوەندی حوصنکێفا، پەنجا هەزار دینار[٤].

---

(١) لە نەصیبین برازایەکی کوڕێکی کوشت کە هەردوکیان هەرزەکاربوون.

(٢) مرآة الزمان، ص٨١٧، إبن شداد، الأعلاق الخطيرة، ٣/٤٧٢ـ٤٧٣.

(٣) یارلیغ: واتا بڕیار و فرمانی خانە مەزنەکانی مەغۆل.

(٤) ابن شداد، الأعلاق الخطيرة، ٣/٢٣٧.

ئەم بڕە پارانە درابێتن یان نا، ئەوا هیچ لەو راستیەی ناگۆڕی کە مەغۆل لە هێرشبردن و داگیرکردن سارد نابوونەوە، بۆ ساڵی دواتر سەرکردەی مەغۆلی بایجۆنویان بە لەشکرێکەوە رووەو هەرێمی جەزیرە کشا، سەربازانی مەغۆل لە کۆکوژی و کاولکاری سلّیان ناکردەوە و بە هەزارانیان لە خەڵکی میافارقین و حەڕان و (رأس العين) و سروج و لە کاروانیان و رێبواران کوشت، بازرگانێك تەنها لەبان پردێکی نێوان (رأس العين)و حەڕان دا سێسەد و هەشتا مرۆڤی کوژراوی ژماردبوو[1].

مەغۆل لەم هێرشانەیاندا، زیاتر مەبەستیان ئەیوبییەی میافارقین بوو کە دیارترین و بەهێزترین دەسەڵاتی ناوچەکە بوو و بە کۆسپ و رێگریان دادەنا لەبەردەمیان، (الملك الكامل) کە بە نزیکبونەوەیانی زانی، دڵنیابوو لەوەی کە لەم ساتەدا بەرهەڵستیی تاکەکەسی بێسودە و زیانبەخشە و پەنای بردە بەر(الملك الموحد)ی ئامۆزای لە حوصنکێفا و لەوێوە کەوتەخۆ و لە پێناو پاراستنی میافارقین لە گێچەڵی مەغۆل، ئەوەبوو برایەکی ناردە کن باتۆخانی کوڕی جوخی کوڕی جەنگیزخان(٦٢٤ـ٦٥٤ك /١٢٢٧ـ١٢٥٦ز) خانی دەشتی قەفجاق تا تکای لێبکات کارێکی وابکات بایجۆنوین دەست لە گەمارۆی میافارقین هەڵبگرێت، باتۆخانیش داواکاریەکەی پەسەند کرد بەو مەرجەی دوای کشانەوەی مەغۆل ئەو بەخۆی لە لای بەرهەڤبێت تا رەوانەی دەرباری مەنگۆقائانی بکات و فرماننامەیەکی بە براکەیدا نارد بۆ میافارقین، کە گەیشتەجێ، بایجۆنوین پاش یازدە رۆژ گەمارۆدان، ناوەڕۆکی فرماننامەکەی جێبەجێ کرد، (الملك الكامل) محەمەدیش راستەوخۆ گەڕایەوە میافارقین و ئەو مەملوکە تورکمان و خەوارزمییانەی سزادا کە هاتنی مەغۆل و دوورکەوتنەوەی خاوەندەکەیان بە هەل زانیبوو و بەنیاز بوون دەست بەسەر شار دا بگرن[2].

شاهی ئەیوبی دەیویست ئەو پەیمانەی کە بە باتۆخانی دابوو بیباتەسەر، نەبادا بیانوو بکەوێتە دەستی مەغۆل و بە بەهانەی پاشگەزبوونەوەیەوە دوبارە پەلاماری میافارقین بدەنەوە، بۆیە لە کۆتاهی ساڵی٦٥٠ك/١٢٥٢ز بە بەرتیل و دیاریی هەژیەوە

---

(١) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ص٨٤٣.

(٢) الأعلاق الخطيرة، ٣/٤٧٦ـ٤٧٨.

چووە دەرباری مەنگۆقائان، دەرهاوسێکانیشی هەمان پێنگاڤیان هاوێشت، (بدرالدين لؤلؤ) و نجم الدين ئیلغازی و هیسومی ئەرمەنی خاوەندی مەملەکەتی ئەرمەن، هەریەکەو کوڕێکی خۆی بە دیاریی گرانبەهاوە ناردە خزمەت خانی مەزنی مەغۆل و هەمووان ملکەچی و پابەندیی خۆیان بۆ نوێکردەوە، ئەویش پەیامێکی بۆ نوسین تا بـیبەن و بیدەنە هۆلاکۆی برای تا چاوی لێیان بـێت و دەستدرێژی نەکاتە سەر مەملەکەتەکانیان، دیارە سوێندی ئەوەشی پێ خواردبوون کە ئاستەنگ و گرفت بۆ هولاکۆ نەخوڵقێنن، بەڵکو بە هەموو توانایان پشتگیریی لێبکەن و هاریکار و ڕێخۆشکەری پێشڤەچوونی بن، لەمەش زیاتر خانی مەغۆل بڕوای بە دڵسۆزی و گوێڕایەڵیی شاهی ئەیوبی و میوانەکانی دیی نەبوو، بۆیە کوڕێکی بەناوی(الملك الجواد)وەك بارمتە لای خۆی گلدایەوە[1].

## ٧.٨ـ کوردستان ڕێڕەوی هۆلاکۆ بەرەو بەغدا:

لە دەستپێکی ساڵی ٦٥٥ك/ئازاری١٢٥٧ز، هۆلاکۆ دوای ئەوەی سەرجەم قەلاَ و بارەگاکانی ئیسماعیلییەکانی تەخت کرد، لە قەزوێنەوە بە سوپایەکی لە ژمارە نەهاتووەوە و بە هەڤاڵبەندی ژمارەیەك سەرلەشکر و گەورە فەرماندە بەرەو هەمەدان کەوتەڕێ، سەرلەشکر بایجۆنوینی ڕاسپارد لە سنوری ئازەربـیجانەوە ڕووبکاتە جەزیرە و وڵاتی ڕووم، بە خۆیشی لە مێرگوزارێکی کوردستان لە نزیك هەمەدان ڕاوەستا بۆ پشوودان و خۆسازدان و دانانی پلانی هێرشبردنە سەر بەغدا، ئەوەبوو دوای مانگێك گەهیشتە دینەوەر، بەڵام هەر زوو کشایەوە بۆ هەمەدان. ئەوجا سەرکردە کەتبوغای ڕاسپارد بە کێومالکردنی کوردستان و پاککردنەوەی لە نەیارانی لە کورد و تورکمان[2].

لە لایەکی دیەوە، ئەو وەفدە باڵایەی کە خەلیفە(المستعصم:٦٤٠ـ٦٥٦ك /١٢٤٢ـ١٢٥٨ز) بە نەوازش و دیاریەوە ڕەوانەی کن هۆلاکۆی کردبوون، مایەپوچ بوون و بە نائومێدی گەڕانەوە بەغدا، هۆلاکۆ سوور بوو لەسەر پەلاماردانی بەغدا و دەستی کرد بە ڕێکخستنەوەی هێزەکانی و دانانی دوا ئامادەکاری و ڕۆژ بە ڕۆژ نزیك دەبووەوە تا

---

(١) الأعلاق الخطيرة، ٤٨١/٣، همدانى، جامع التواريخ، ص٧٢٧، الذهبي، تأريخ الإسلام، ٢٥/٤٨.

(٢) ابن العميد، أخبار الأيوبيين، ص١٦٥، قزوينى، تأريخ گزيده، ص٥٨٩.

گەهیشتە دەرەتەنگ، سەرەتا کێوە بڵند و سەختەکانی کوردستانی کونترۆڵ کرد و ئەمجا لە کرماشان راوەستا و پلانی هێرشەکەی دارشت و لە مانگی شەوال دا لەشکری بێئەندازەی مەغۆڵ بەرەو بەغدا بزافت[١].

نەصیرەدینی توسی[٢] کە بە خۆی لەم لەشکرکێشیە ئامادە و بەشدار بوو، بەم چەشنە پلانی هۆلاکۆ دەخاتەروو:

- سوغونجاق نوین و بایجۆنوین کەوتنە پێش بە ئاراستەی هەولێر و سەرکردایەتی هێزەکانی دەستەراستیان کرد بەرەو شارەزور و داقوق.

- کیتبوقا نوین و ئنکیانوین سەرکردایەتی هێزەکانی دەستەچەپیان کرد بەرەو کریت- قەلأیەکە لە لورستانی بچووك- و بەیات.

- خودی هۆلاکۆ راستەوخۆ سەرپەرشتیی بەرەکانی دەکرد و لە کرماشانەوە بەرەو حلوان جولا و لە دوا مانگی هەمان ساڵدا و بۆ دوو هەفتەیەك لە چاوەروانیی ئەنجامی شەرەکان، لە کەناری چەمی ئەلوەند مۆڵی دا[٣].

هێزەکەی قۆڵی یەکەم، کاتێك لە قەڵای هەولێر نزیکبوونەوە، بەرپرسانی قەڵا وەك (إبن العمید:م٦٧٢ك/١٢٧٣ز)دەڵێت بۆ خۆپاراستن، پەیامی خۆ بەدەستەوەدان و ملکەچییان بۆ سەرانی مەغۆل نارد تا بزانن بارودۆخەکە چۆن دەشکێتەوە و چارەنوسی بەغدا بەکویێ دەگات [٤].

خیلافەی عەباسی لە ئەنجامی بەهێزبوونەوە وگورتێکەوتنەوەی دا، توانیبووی سەروەریی خۆی بگەرێنێتەوە بۆ ناوچەگەلێکی کوردستان لە وێنەی حلوان و خانەقین و دەرەتەنگ کە دەکەوتنە تەنیشت بەغدا و لەوپەری گرنگی و پرپایەخی دا بوون و

---

(١) جامع التواریخ، ص٦٩٧-٧٠٥.

(٢) وەزیر و فەیلەسوف و زانا و گەردونناسی ناودار (نصیرالدین محمد بن محمد الطوسي: م٦٧٢ك/١٢٧٣ز).

(٣) ذیل کتاب جهانگشای، ٣/٢٨٢-٢٨٣.

(٤) أخبار الأیوبیین، ص١٦٧.

دەروازەی بەغدا بوون بە رووی رۆژهەڵاتدا، ئەرکی نۆبەداری و ئێشکگریی ئەم ناوچانەی خستبووە ئەستۆی کوردانی ناوچەکە[١].

حسام الدين عەکە(؟) کە ئەو دەمانە بەرپرسی دەرەتەنگ بوو و وا دیارە لە سەردارانی هۆزی گۆران بووە[٢]، دەبـێت رۆڵێکی بەرچاوی گێڕابـێت لە پێشگرتن و بەرپەچدانەوەی لەشکرکێشیێکانی مەغول، بۆیە هۆلاکۆ کەوتە ترساندن و هەڕەشە لێکردنی و ناردی بە شوێنیدا تا خۆی بدات بەدەستەوە، ئەمیش ناچار چووە خزمەتی و سەعدی کوڕی لەجێگای خۆی بەجێهێشت و پابەندی و گوێڕایەڵی و تاعەتی خۆی بۆ راگەیاند، هۆلاکۆش لێی خۆشبوو و بە قسەی هەمەدانی لە سۆز و بەزەیی خۆی بـێبەشی نەکرد و رێگایدا بگەڕێتەوە بارەگای خۆی، بگرە چەند قەڵایەکیشی پیٚ بەخشی، ئەویش کە گەڕایەوە بیٚ سیٚودوو هێزی ناردە سەر قەڵا و شورا و پێگاکانی ناوچەکە و هەمووی گرتن و خستنیە ژێر رکێفی خۆیەوە[٣].

سەرەڕای ئەم هەڵوێستەی وا هۆلاکۆ نواندی بەرانبەر میری دەرتەنگ، بەڵام ئەو لە نیاز و مەبەستی هۆلاکۆ دڵنیانەبوو و دەیزانی جێی متمانە و باوڕ نیە و ناکرێت پشتی پیٚ ببەسترێت، هەروەها نەیدەویست دڵی خەلیفەی لیٚ برەنجێت و لە پەیوەندیکردنی بە هۆلاکۆوە زویر و دڵگیر ببـێت، بۆیە هاوکات نامەی بۆ (ابن الصلايا العلوي) نارد تا لە گەڵ خەلیفە پێکی بهێنێتەوە و داوای لێکرد بەزمانی ئەوەوە بە خەلیفە رابگەهێنێت کە:

"توانا و لێهاتوویی هۆلاکۆم مەزەندە کردووە، هەرچی توندوتیژی و هەڕەشە و گوڕەشەی هەیە لای من بەهیچ ناچێت، ئەگەر خەلیفە لەشکرێکی سوارەم بۆ بنێرێت، ئەوا من لەلای خۆمەوە نزیکەی سەد هەزار پیادەم لە کورد و تورکمان کۆدەکردەوە و هەموو رێڕەو و کەلێنێکم بە رووی هۆلاکۆدا دەگرت و نەمدەهێشت یەك مەغۆلی توخنی بەغدا بکەوێت و بچێتە ناو شارەوە".

---

(١) ابن واصل، مفرج الكروب، ٢١٥/٦، تأريخ الإسلام، ٥٣٥/٤٨.

(٢) بڕوانە: العمري، مسالك الأبصار، ٢٦٠/٣.

(٣) جامع التواريخ، ص٧٠٥.

میری دەرەتەنگ بەم کارەی خۆی خستە نێو هەڵویستێکی ئالۆز و ترسناکەوە و گران لە سەری کەوت و بووە مایەی کوژرانی خۆی و لەناوچوونی موڵك و سامان و دەسەلأتی، لە لایەك خەلیفە هیچ پیتەیەکی بە داواکارییەکەی نەدا و پشتگوێی خست و لە لایەکی دیەوەش بووە ئەگەری توڕەیی و دوڕدۆنگی هۆلاکۆ و وروژاندنی رق و کینەی کۆنی بەرانبەریو یەکسەر کیتوبوقای راسپارد و بە سیٚ هەزار مەغۆلەوە ناردیە سەری، لە ئەنجامدا خۆی و هەموو چەکداران و داروەدەستەی بە فرمانی هۆلاکۆ بەکوشت چوون و زۆربەی باژێر و قەلأو شورا و پێگاکانی کاول کران[1]، تەنانەت شاری مەزن و دێرینی حلوانیش لە وێرانکردن و کوێربوونەوە بەدەر نەبوو[2].

سەعدی کوڕی حسام الدین، پاش کوژرانی باوکی و کاولکردن و روخاندنی قەلأکانی دەرەتەنگ، خۆی نەدا بە دەستەوە و لە قەلأیەك لەگەلٚ چەکداران و یاوەرانی خۆی توند قایمکرد، بە پێچەوانەی باوکی بە پەیمانی ساختە و بەلێنی درۆی هۆلاکۆ و فەرماندەکانی، چارەنووسی خۆی تەسلیم نەکردن و بە فرۆفێلیان فریوی نەخوارد و لە چییاکان درێژەی بە بەرهەلستی دا، چەند ترساندیان و هەڕەشەیان لێکرد تا دەستخەڕۆی بکەن و بیخەنە داوەوە و قەلأکەیان رادەستبکات، کەچی پێی دەگوتن "پەیمان و بەلێنتان درۆیە و بڕوای پێناکەم"، سەعد ماوەیەك لە هەردەکانی حلوان و دەرەتەنگ مایەوە و پاشان ناچار چووە بەغدا و خەلیفە بە گەرمی پێشوازیی لێکرد و رێزی لێگرت و لە جێگای باوکی داینا، تا سالٚی٦٥٦ك/١٢٥٨ز لە سەروبەندی داگیر کردنی بەغدا کوژرا[3].

شایانی باسە، لە سەرچاوە شامیەکان دا هاتووە کە خەلیفەی عەباسی بە دوای ناردنی (شرف الدین ابن الجوزي) و وەفدەکەی یاوەری، نزیکەی سەد کەسی ناردە دیار ئەو دەربەندەی کەوا مەغۆل پێیدا تێدەپەڕین بەرەو عێراق تا چاودێرییان بکەن و زانیاریان لەسەر کۆبکەنەوە، کەچی چوون و نەگەڕانەوە و سەرنگومبوون، گوایە وەك

---

(١) همداني، جامع التواريخ، ص٧٠٥-٧٠٦.

(٢) القزويني، آثار البلاد، ص٣٥٧.

(٣) جامع التواريخ، ص٧٠٦.

دەڵێن کوردە ئێشکگرەکانی سەر بە خەلیفە مەغۆلیان لێ ئاگادار کردوونەتەوە و بەگرتیان داون و هەموویان بەکوشت داون[1]. کەچی نە نوسەری(کتاب الحوادث)کە پڕە لە زانیاریی وورد و دەگمەن دەربارەی گرتنی بەغدا و نە مێژوونوسانی مەغۆل ئاماژەیان بە روداوی لەو بابەتە داوە.

وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، هاوکات دەگەڵ بوژانەوەی خیلافەی عەباسی، دەیان میر و سەرکردەی کورد لە ریزەکانی سوپای عەباسی خزمەتیان دەکرد و پلەوپایەی بڵندیان گرتەدەست، لە کاتی گرتنی بەغداش- ساڵی٦٥٦ك/١٢٥٨ز- دا، رۆڵی بەرچاویان هەبوو لە بەرپەچدانەوەی مەغۆل، نەخاسمە میری هەولێری فتح الدین حەسەنی کوڕی کوڕ کە خاوەندی پلەوپایەی سوپایی باڵا بوو و رۆڵی هەرەمەزنی هەبوو لە هاندانی خەلیفە، خەزنەداری (م:پاش ٧٠٨ك/١٣٠٨ز)دەقی گفتوگۆ و مشتومڕی نێوانیانی تۆمارکردووە و دەرکەوێت کە چەند هەوڵی داوە بیانوو بە خەلیفە نەهێڵێت و رازیی بکات لە بەردەم مەغۆل چۆکدانەدات و هەڵنەهێت[2] و بە خۆیشی لە شەڕی دوجەیل لە سەرەتای ساڵی٦٥٦ك/١٢٥٨ز کوژرا، مێژوونوسان ستایشی ئەم میرە کوردەیان کردووە و ئازایەتی و دڵسۆزیان خستوتەڕوو، هەروەها میر عماد الدین محەمەدیش لە ماڵباتی وەرام-بەهرام لە کوردە گاوانیەکان کوژرا[3].

### ٨.٨- داگیرکردنی هەولێر و کوژرانی(ابن الصلایا)و سەلاری گەلاڵی:

#### أ- داگیرکردنی هەولێر:

لە دوا ساڵەکانی سەردەمی خیلافەی عەباسی و رۆژگاری دژواربوونی هێرشەکانی مەغۆل، هەرچەند هەولێر و بازێڕەکانی: ئاکرێ، خوفتییان- هاودیان، خوفتیدەکان، شنۆ، هەریر، سیدەکان لە لایەن نۆکەر و بەندە تورکەکانی سەر بە خەلیفەوە بەڕێوە دەبران، بەڵام روداوەکانی ساڵانی٦٣٠ك/١٢٣٣ز و ٦٥٦ك/١٢٥٨ز ی هەولێر ئەو

(١) ابن واصل، مفرج الكروب، ٢١٥/٦، اليونيني، ذيل مرآة الزمان، ٨٧/١، تأريخ الإسلام، ٣٥/٤٢.

(٢) مجموع النوادر، ص١٥٥-١٦٦.

(٣) الكازروني، مختصر التأريخ، ص٢٧١.

راستیەیان سەلماند کە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی راستەقینە هەر بۆ میر و سەردارە کوردەکان دەگەڕێتەوە، سەرۆك هۆزەکانی: هەدبانی، زەرزاری، گەلاڵی، سەهرانی- سۆرانی، زێباری، خشنانی(؟)-خۆشناو، مازنجانی- خێڵێکە لە هۆزی حەمیدی-، تەواو باڵادەست بوون و خودان دەستەی چەکداریی تایبەت بە خۆیان بوون و هەریەکەیان لە شییانیدا هەبوو سەدان جەنگاوەر لە سوارە و پیادە پڕچەك بکات و ساز و ئامادەی بەرەکانی شەڕیان بکات، مێژوونوسێك لە میانەی ناساندنی هۆزەکانی کوردستان(جبال الأکراد) بەوردی نەخشەی خێڵەکیی وڵاتی هەولێری خستۆتەڕوو[1]، دەکرێت دووان لەمانە بە نیمچە میرنشین دا بنێین:

- مبارزالدین کەك- کاك کوڕی میر سیف الدین محەمەدی مازنجانی، خاوەندی ئاکرێ و شوش و مازنجان.

- شرف الدین سەلار یان کوڕی سەلاری گەلاڵی، خودانی شنۆ[2].

هەولێر وەك بۆمان دەرکەوت، هەر لە سەرەتاوە بووە خاڵێکی چاوتێبڕینی مەغۆل و هەرگاڤ دەخرایە نێو بازنەی ئامانجە سەرەکیەکانیانەوە و بگرە لەم رووەوە لە دوای بەغداوە دەهات، بەو حیسابەی قەڵایەکی سەختە[3] و لە جێگایەکی گرنگ هەڵکەوتووە و ناوەندی هەرێمێکی پانوپۆڕی بایەخدارە کە هاوتوخیب و درێژبوونەوەی بەغدایە، بۆیە هۆلاکۆ لەپاڵ خەریکبوونی بە بەغداوە، فرمانی بە ئەرقیونۆیان- ئەرقتونۆیان دا هەڵمەت بباتە سەر هەولێر و دورپێچی بکات و مەنجەنیقی بۆ بخاتەگەڕ.

---

(١) العمري، مسالك الأبصار، ٣/٢٦١-٢٦٣.

(٢) لە دەستنوسی(أخبار الأيوبيين) دانراوی (ابن العميد: م٦٧٢ك/١٢٧٣ز)، هاتووە "شرف الدين الكُردي صاحب (شنيأ)" کە بێگومان هەر شنۆیە و ساخکەرەوەی دەستوسەکە لە نەشارەزاییەوە کردوویە بە "شرف الدين الكُردي صاحب آني"، ئانی شارێکی ناوداری ئەرمینیایە.

(٣) هەمەدانی بە مەبەستی راگەیاندنی ئەوەی گوایە چ شوێنێك چەند سەخت و توشیش بێت لە چنگی مەغۆل قوتار نابێت و بۆ نیشاندانی وزە و توانای مەغۆل، بە زیادەڕۆییەوە وەصفی بەرزی و قایمیی قەڵای هەولێری دەکات و دەڵێت هاوشێوەی نیە لە چارەکی ئاوەدانی گۆی زەوی"در ربع مسکون نظیر نیست"، جامع التواريخ، ص٧١٦.

کوردانی هەولێر یان بە گوتەی هەمەدانی"پیاوە ئازاکانی قەڵا"چۆکیان دانەدا و لێیان هاتنەدەست، بەڵام(ابن الصلایا العلوي)بە نواڕینی ئەوان ئەرکی سەرشانی بەجێ هێنا و خۆی بەدەستەوەدا بە هیوای ئەوەی لەکۆڵێ ببنەوە، کەچی ئەرقیۆنۆیان تێی گەیاند: "بەڵگەی راستگۆییت بەدەستەوەدانی قەڵایە"، ئەویش لە دەروازەکانی قەڵاوە تکای لە کوردان کرد تا بهێنە ژێربارەوە و لە قەڵا بهێنە خوارێ و رادەستی ئۆردوی مەغۆلی بکەن و لە مەترسیی کاردانەوەی هۆلاکۆ هۆشیاری کردنەوە، بەڵام سوودی نەبوو و گەڕاندیانەوە لای ئەرقیۆنۆیان و ئەویش رەوانەی لای هۆلاکۆی کرد[1]، بەڵکو شەوێکیان لەناکاو لە قەڵاوە دزەیان کرد و پڕیاندایە مۆڵگاکانی مەغۆل و غافڵگیریان کردن و ئەوەی بەرچنگیان کەوت کوشتیان و مەنجەنیقەکانیان سوتاند[2].

لێرە بەدواوە، سەرچاوەکان زانیاریی لێکجیا بەدەستەوە دەدەن لەمەڕ چۆنیەتی داگیرکردنی قەڵای هەولێر و لایەنگیری کاری لە مێژوونوسان کردووە و لە هەواڵەکانیان دا رەنگی داوەتەوە، هەمەدانی بەو پێوەرەی کە دیرۆکنوسی مەغۆلە، دەیەوێت رۆڵی دوژمنانی مەغۆل پشتگوێ بخات و ئەم سەرکەوتنە بداتە پاڵ(بدرالدین لؤلؤ)ی هەوادارایان و دەڵێت ئەرقیۆنۆیان گەهیشتە ئەو بڕوایەی ئاستەمە بەچەك پەی بە قەڵا ببات و ناچار پەنای بردە بەر رێگاچارەی سیاسی و بانگهێشتی بەدرەدینی کرد و راوێژی پێکرد و دەیزانی ئەو دنیادیدە و بەئەزموونە.

ئەویش بەرسڤی دایەوە و گوتی: قەڵا لەوپەڕی قایمی دایە و بە ئۆین و تەڵەکە نەبێت ناهێتەگرتن، هەنوکەش کەشوهەوا لەبارە و کوردەکان کەلوپەل و ئازوقەی تەواویان پاشەکەوت کردووە، رام وایە تا هاوین خۆت بگریت و داگیرکردنی قەڵا دوا بخەیت، ئەو دەمە بەرگەی گەرما ناگرن و بەخۆیان بەرەو کوێستانەکان هەڵدەکشێن، سەرئەنجام ئەم تاکتیکە سەری گرت و ئامانجی پێکا و سوپای مەغۆل بە سانایی قەڵایان داگیر کرد و رادەستی بەدرەدینیان کرد، ئەویش شوراکانی روخاند[3].

---

(١) جامع التواريخ، ص٧١٦.

(٢) أخبار الأيوبيين، ص١٦٧.

(٣) جامع التواريخ، ص٧١٦.

ئەمە لە کاتێکدا بەگوێرەی هەواڵێکی دی کە لە راستیەوە نزیکە، دوای نیو ساڵ گەمارۆ، ئەرقیۆنۆیان و سەربازانی مەغۆل پەکیان کەوت و تەواو بـێزار و جاڕست بوون، گەرماش تاوی سەند و تەنگاوی کردن و گەلێکی لیٚ لەناو بردن، شرف الدین سەلاری گەلاڵی کە پەیوەندیی بە مەغۆلەوە کردبوو، پێشنیاری ئەوەی بۆ ئەرقیۆنۆیان کرد کە پاشماوەی هێزەکانی لە هەولێر بکشێنێتەوە نەك ئەوانیش بە هیلاك بچن و دڵنیای کرد کە بەخۆی لەگەڵ کوردەکان رێکدەکەوێت و دەچێتە ناو قەلاَوە و دەیڕوخێنێت، کاتێك ئەرقیۆنۆیان چواردەورەی قەلاَی چۆل کرد، خەڵکە گیرخواردووەکە بە ژن و ماڵ و منداڵەوە لە قەلاَ هاتنەخوارەوە و دەرباز بوون[١].

کەچی(ابن العبري) دەڵێت بەدرەدین قەلاَی بە حەفتا هەزار دینار لە مەغۆل کڕیەوە و دوای دوورکەوتنەوەیان، جێگر و نوێنەرانی خۆی تێدا دامەزراند، سەلاری گەلاڵی کە ناحەز و دوژمنی بەدرەدین بوو، لای خۆش نەهات هەولێر بکەوێتە دەست دوژمنەکەی و بە رەزامەندیی هۆلاکۆ هەولێری گرتەوە و دەستوپەیوەندەکانی بەدرەدینی وەدەرنا و بەخۆی حوکمی قەلاَی گرتەدەست[٢] و بە شاهـ شەرەفەدینی خودانی هەولێر ناسرا[٣].

هۆلاکۆ بەخۆیشی دوای وێرانکردنی بەغدا[٤]، بە کوێستانەکانی کوردستان دا کشایەوە ئازەربـیجان و مەراغەی کردە بارەگا و فرمانیدا سەرپاکی دەستکەوتەکان لە باڵەخانەیەکی توش و قایمدا حەشار بدرێت کە تایبەت بۆ ئەم مەبەستە لەبان چیایەکی تەنیشت دەریاچەی ئورمیٚ ئاوا و ئامادە کرابوو، دیارە مەغۆل لەم لەشکرکێشیە بەربلاَو و فرەبەرەییەدا، بڕێکی زۆری زێڕ و زیو و خشڵ و گەوهەریان خڕکردبۆوە کە لە میانەی بەتالاَنبردنی ئیسماعیلیەکان و رووم و گورج و ئەرمەن و لوڕ و کورد دا دەستیان خستبوو[٥].

---

(١) ابن العميد، أخبار الأيوبيين، ص١٦٧.

(٢)تأريخ الزمان، ص٣٠٨-٣٠٩.

(٣) العمري، مسالك الأبصار، ٢٦١/٣.

(٤) سەبارەت بە داگیرکردنی بەغدا، بڕوانە: كتاب الحوادث، ص٣٥٤-٣٦٠، الكازروني، مختصر التأريخ، ص٢٧٤.

(٥) جامع التواريخ، ص٧١٦-٧١٧.

**ب- کوژرانی (ابن الصلایا)ی عەلەوی و سەلاری گەلاڵی:**

هەر لە مەراغە، هۆلاکۆ پێشوازیی لە(بدرالدین لؤلؤ) و بەرپرسانی دیی ناوچەکە کرد کە بۆ پیرۆزبایی لێکردنی بە بۆنەی داگیرکردنی بەغداوە خۆیان گەیاندبووە خزمەتی، پاش هەفتەیەك میوانداری، بەدرەدینی ناردەوە موصلْ، هاوکات(إبن الصلایا)ی والیی هەولێریش گەهیشت، ئەم نەك بۆ پیرۆزبایی، بەڵکو بە بەندکراوی پەلکێش کرابوو تا چارەنوسی دەستنیشان بکرێت.

هەمەدانی دەڵێت دادگایی کرا و دەرکەوت تاوانبارە و کوشتییان[1]، کەچی بە گوتەی مێژوونوسانی شام، هۆلاکۆ سەرەتا بەتەما بووە لێی خۆشبێت، بەلاَم (بدرالدین لؤلؤ) پەشیمانی کردبووەوە و گاڵی دابووەوە بیکوژێت، گوایە تێی گەیاندووە کە شەریفی عەلەوییە و لە ئالی بەیتە و کێشە و گرفتی بۆ دەنێتەوە و لەوانەیە کۆشش بکات تا ببێتە خەلیفە و جەماوەری دینداری موسڵمانان بەدووی دەکەون، ئەویش قەناعەتی هێناوە فرمانی کوشتنی دا و لە چیای سیاهکۆ هاتەکوشتن، وێڕای زمانلێدانی (بدرالدین لؤلؤ)، دوورنیە هۆلاکۆ بەوەیشی زانیبێت کە چۆن(إبن الصلایا) خەلیفەی هاندەدا بەرگریی پەلاماری مەغۆل بکات[2].

بەپێی هەواڵێکی دی، هۆلاکۆ لەبەر ئەوە کوشتوویەتی، چونکە بە هەڵە تێگەهێنرابوو کە ئەو بووە لە قەلاَی هەولێر یاخی بووە و رادەستی ئارقیۆنۆیانی نەکردووە[3].

(بدر الدین لؤلؤ)ی نەیاری کوردان، سەلاری گەلاَڵیشی بە هەمان دەرد برد و گەرەکی بوو بە چ شێوازیك بێت قەلاَ بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە و تۆڵە لە کوردان بکاتەوە، کاتێك میری گەلاَڵی لە ئۆردوی مەغول بەشداریی هێرشی سەر جۆلەمێرگی دەکرد،

---

(١) جامع التواریخ، ص٧١٦.

(٢) مفرج الکروب، ٢٤٢/٦-٢٤٥، الیونیني، ذیل مرآة الزمان، ٩١/١.

(٣) ابن العمید، أخبار الأیوبیین، ص١٦٧.

کوردێکی کرێگرتە و دەستخەڕۆکراو پڕی دایێ و کوشتیی[1]، بە گوێرەی هەواڵێکی دی کابرایەك لە کافرەکان واتا مەغۆل ئەم کارەی ئەنجامدا[2].

## ٩ـ٨ـ داگیرکردنی چیاکانی هەکاری و زۆزان و بۆتان:

دەڤەرە شاخاوییەکانی هەکاری و زۆزان و بۆتان، بە چەشنی ولاتی هەولێر لە مێژووەوە بە دەست میرە کوردەکانەوە بوو، هەرچەند ئەتابەگەکانی بنەماڵەی زەنگی و ئەرتوقی ژمارەیەك قەلا و بازێریان لێ زەوت کردبوون.

لە کۆتایی رۆژگاری خیلافەی عەباسییەوە، خودانی جۆلەمێرگ و گەڤەر و بەرازگر مەزنترین میری ناوخۆیی کوردستان بوو و دەیان قەلا و شورا و بازێر و شارۆچکەی بەدەستەوە بوو، سەرجەم میر و سەردارە کوردەکان بە نوێنەر و دەمڕاست و براگەورەی خۆیان دەژمارد و هەرگیز لە قسەی دەرناچوون و گوێبیست و پێگیری بڕیارەکانی دەبوون، میر سیف الدین مەنگلانی کوڕی موجەللای هەکاری، یەکەم خودانی ناسراوی جۆلەمێرگە و هاودەمی هێرشەکانی هۆلاکۆیە و دوای کوژرانی، أسد الدین موسای کوڕی شوێنی گرتەوە.

سەرەڕای جۆلەمێرگ چەند نیمچە مێرنشینێکی دی هەبوون وەك بوختی، قەیموری، بەشنەوی.

چیاکانی هەکاری و زۆزان لە دوا چارەکی ساڵی٦٥٧ك/١٢٥٩ز کەوتنە بەر پەلاماری ئەو سوپا دەیان هەزارییەی مەغۆل کەوا بە سەرپەرشتی راستەوخۆی هۆلاکۆ لە ئازەربیجانەوە بەرەو ولاتی شام ملی دەنا، ئەرقیۆنۆیانیش لە هەولێرەوە هات و لە ولاتی داسنەوە گەهیشتە جولەمێرگ و لە دوو قۆڵەوە کەوتنە کۆکوژی و رەشبگیری، چونکە ئەم چیایانە ناوەند و پایتەختی گەورەترین دەسەلاتداریی کوردی بوو و کرابوونە دوا نەوا و هەتوانی کورد یان وەك هەمەدانی دەڵێت"کرابووە بارەگا و پەناگای کوردە

(١) ابن العبري، تأريخ الزمان، ص٣٠٩.

(٢) العمري، مسالك الأبصار، ٣/٢٦١.

گومڕاکان"، میر مەنگلانی هەکاری لەگەڵ کوڕ و گەورە میرانی دوای ماوەیەك بەرگری و بەرپەچدانەوەی مەغۆل ئاوارەی دیمەشق بوون[1].

هەر لەمیانەی ئەم شاڵاوە بەربڵاوە، جەزیرەی بۆتان و قەڵاکانی فەنەك و قەیمور و حزدەقیل- گورگیل و سەرپاکی قەڵا و شوراکانی میرە کوردەکان داگیر کران و زیانێکی گیانی وماڵیی گەورە بەر هۆزەکانی هەکاری و بوختی و بەشنەوی و قەیموری و میهرانی کەوت.

میر عماد الدین عەلی(م:٦٨١ك/١٢٨٢ز) نەوەی میر موسەکی قەیموری، لە باب و باپیرانیەوە قەلاّی قەیموری بە میرات بۆ مابۆوە، تا مەغۆل هاتن و قەلاّکەیان لێستاند، ئەویش خۆی گەیاندە لای مام و ئامۆزاکانی لە دیمەشق[2]و (الملك الأوحد)عەبدولاّی کوڕی تۆرانشاهی ئەیوبی بە دەستوری میری قەیموری، حوصنکێفای بۆ مەغۆل بەجێهێشت و لە سەرەتای ساڵی٦٥٩ك/١٢٦١ز بە کۆمەڵێك دیاریەوە چووە کن هۆلاکۆ لە وڵاتی شام و ناسنامە و سەرگوزشتەی خۆی بۆ ئاشکرا کرد و ئەویش بە شێوەیەکی چاوەڕەوان نەکراو حوصنکێفای بۆ گەڕاندەوە[3].

### ٨-١٠- داگیرکردنی میافارقین و ئامەد و ئەرزن:

#### أ- هەوڵەکانی (الملك الكامل):

(الملك الكامل)محەمەدی ئەیوبی دوای سێ چوار ساڵێك مانەوە لە خزمەتی مەنگۆقائان، لە سەرەتای ساڵی٦٥٥ك/١٢٥٧ز گەڕایەوە میافارقین[4]. لەو ماوەیەدا، لە نزیکەوە ئاشنای سیاسەت و هەڵسوکەوت و سروشتی شەڕانگێزانەی خانەکانی مەغۆل

---

(١) جامع التواريخ، ص٧١٩، تأريخ الزمان، ص٣٠٩.

(٢) اليونيني، ذيل مرآة الزمان، ١٧٤/٤.

(٣) ابن شداد، الأعلاق الخطيرة، ٥٣٥/٣.

(٤) ابن شداد لە شوێنێك دەڵێت (الملك الكامل) لە دوا مانگەکانی ساڵی ٦٥٠ك/١٢٥٢ز ڕۆیشت بۆ دەرباری مەنگوقائان و لە شوێنێکی دی مێژووی ڕۆیشتنی دوادەخات بۆ ساڵی ٦٥٢ك/١٢٥٤ز، الأعلاق الخطيرة، ٤٧٩/٣، ٥٥٩–٥٦٠.

بوو و بەتەواوی گەهیشتە ئەو قەناعەتەی کە ئەوان هەرگیز گوێ بە پەیمان و بەڵێن نادەن و تەنها زمانی جەنگ و کوشتار تێدەگەن و بە چ شێوەیەك بێت و هەلومەرج چۆن بێت، سڵ لە کوشتن و بڕین و داگیرکردن و کاولکردن ناکەنەوە و ملکەچکردن و خۆبەدەستەوەدان لە بەرانبەریاندا، دادی هیچ کەس و لایەنێك نادات، بۆیە دوای گەڕانەوەی کەوتەخۆ و بەم کارانە هەڵستا:

- لە خانی مەغۆل هەڵگەڕایەوە و پابەندیی خۆی هەڵوەشاندەوە و نوێنەران و بەرپرسانی مەغۆلی لە ناوچەکە وەدەرنا یان بەندی کردن، تەنانەت هەڵستا بە کوشتنی ئەو قەشە سریانییەی کەوا یارلیغی خانی مەزنی مەغۆلی بۆ هێنابوو[1].

- (الملك المشمر)ی ئامۆزایی نارده سەر ئامەد و گرتی و جێگرانی سەلجوقییەکانی روومی لێ وەدەرنا، چونکە (بدرالدین لؤلؤ) لە کۆششی ئەوەدا بوو ئامەد بگرێت و بە نهێنی پەیوەندیی بە یەکێك لە گەورە بەرپرسانی شارەکەوە کردبوو و پەیمانی پاداشت و ئیمتیازاتی پێدابوو، ئەگەر هاریکاری و پشتیوانیی بکات لە گرتنیدا. (الملك الكامل) کە لەم پیلانە ئاگادار بووەوە، دەستپێشخەریی کرد و ئامەدی گرت کە پێشتریش بە دەستی باوکیەوە بوو و میر سیف الدین دڵی کوڕی موجەللای کوردی بە جێگری خۆی تیایدا دامەزراند، نەوەك (بدرالدین لؤلؤ) دەستی خۆی بوەشێنێت و ئامەد بگرێت و پشتی لێبگرێت و مەغۆلی لێ هانبدات و ئاسانکارییان بۆ بکات، هۆلاکۆ ئەم رەفتارەی میری ئەیوبیی بە سەرپێچی و لاساری دانا و داوای لێکرد یەکسەر شوراکانی ئامەد وێران بکات و بیداتەوە بە سەلجوقییەکان، کەچی شاهی ئەیوبی گوێی بەم گەفە نەدا[2].

- هۆلاکۆ لە دەمی هێرشبردنە سەر بەغدا، داوای لە شاهی ئەیوبی کردبوو بە خۆیی و براکانیەوە و بە سوپا و کەلوپەل و پێداویستیی سوپایی و سامانی داراییەوە ئامادە بن و بەشداریی شەڕی خەلیفە و داگیرکردنی بەغدا بکەن، کەچی ئەو ئەم داخوازیەشی رەت کردەوە و پشتگوێی خست[3].

---

(١) الأعلاق الخطيرة، ٤٨٤/٣، ابن العبري، تأريخ الزمان، ص٣١٤.

(٢) الأعلاق الخطيرة، ٥٢٥/٣.

(٣) الأعلاق الخطيرة، ٥٠٥/٣.

- شاهی ئەیوبی سووربوو لەسەر دژایەتیکردنی هۆلاکۆ و پێداگیری لەسەر بەرهەڵستی و خۆبەدەستەوەنەدان و خۆئامادەکردن و ڕێکخستنی هێز و توانای ئەندامانی بنەماڵەی ئەیوبی و یەکخستنی هەڵوێستیان و پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو، بۆ ئەم مەبەستە خۆی گەیاندە لای(الملك الناصر)یوسفی میری حەلەب و دیمەشق و گەورەترین شاهی ئەیوبی و سوڵتانی میر و شاهە ئەیوبییەکان و بە ڕاشکاوی سیاسەتی دوژمنکارانە و نەگۆڕی مەغۆلی بۆ روون کردەوە و پێی راگەیاند کە:

"سازشکردن و خۆگونجاندن لەگەڵ مەغۆل بێسودە و دادی هیچ کەسی نەداوە و نەرمی نواندن و پارەدان پاشگەزیان ناکاتەوە و کار ناکاتە سەر زەبروزەنگ و توندوتیژییان، ئەوەتانێ تۆ لە ساڵی٦٤٢ك/١٢٤٤ز یەوە بەردەوام پارە و دیارییان بۆ دەنێریت، کوا هیچ کەڵکی دایت؟ دڵسۆزیی تۆیان لەبەرچاو گرت؟ تۆ بە قسەی ناحەزان مەکە لە چەشنی (بدرالدين لؤلؤ) و(الزين الحافظي)[1]، و هەندێك لە دەستوپەیوەندەکانت کە بەتەمان فریوت بدەن و لەخشتەت بەرن تا موڵك و سامانت بۆ خۆیان بەرن، تا کەنگی چاوەڕوانی و خۆدواخستن؟ ئەوەتا پەلاماری بەغدایان داوە، تکات لێدەکەم بەرژەوەندیی موسڵمانان لەوەدایە کە بە لەشکرەوە بهێتە مەیدان و بچیت بە هاواری خەلیفەی موسڵمانانەوە و بەر بە شاڵاوی مەغۆل بگرێت، منیش لە خزمەتت دەبم"[2].

سوڵتانی ئەیوبی لە دۆخێکی ئاوەها نەبوو بتوانێت بەم کارە ئەستەمە هەڵبستێت و مەترسیی دەرەکی چواردەورەیان دابوو و شپرزەیان کردبوو و گەفیان لە چارەنوسی

---

(١) الزين الحافظي: ناوی( زين الدين سليمان بن المؤيد العقرباني)یە، خەڵکی گوندی عەقربای غۆتەی دیمەشق و نوژداری (الملك الحافظ نورالدين ئەرسەلان:م٦٣٩ك/١٢٤١ز)ی خاوەندی قەلای جەعبەر بوو، بۆیە بە (الزين الحافظي) دەناسرا، نوێنەری(الملك الناصر)یوسف بوو بۆ لای هۆلاکۆ، کەچی ژێربەژێر پەیوەست بوو بە هۆلاکۆوە و سیخوڕیی بۆ دەکرد و هانی دەدا هێرش بکاتە سەر شام و هۆلاکۆ ساڵی ٦٦٢ك/١٢٦٤ز کوشتی. مفرج الكروب، ٦/٢٤٥، جامع التواريخ، ص٧١٨-٧٢٠، تأريخ الإسلام، ٤٨/٨٢، ٤٩/٩٨-٩٩.

(٢) الأعلاق الخطيرة، ٣/٤٨٤-٤٨٦.

دەوڵەتەکەی دەکرد، کێشە و ململانێی ناوخۆییش کەم نەبوو، میرە کوردەکان و مەملوکە تورکەکانی نێو سوپاکەی پێکەوە نەدەگونجان و رقیان لە چارەی یەکدی دەبووەوە، مەملوکەکان هەوادار و هاوسۆزی مەملوکە هاوڕەگەزەکانیان بوون لە مصر.

بەڵکو تا ئەو رادەیە بێدەسەڵات و دەستەوەستان بوو کە هەر لە سەرەتاوە دوودڵ و راڕا بوو لەوەی پێشوازی لە (الملك الكامل)ی ئامۆزای بکات یان نا؟ ئەوەبوو پرسوڕای بە رایەدارانی دەوڵەت کرد و هەمووان پێیان باشبوو بڕوات بەپیریەوە و بەدەنگیەوە بچێت، تەنها(الزين الحافظي) نەبێت کە پێی گوت دیدار و کۆبوونەوەت لەگەڵیدا پاساو دەداتە هۆلاکۆ و پەلاماری وڵاتەکەت دەدات و بەرژەوەندی لەوەدایە داوای لێبوردنی لێبکەیت و بینێریتەوە میافارقین، دوو میری ئەیوبیش هاوڕای بوون، سوڵتانی ئەیوبی بە نابەدڵی و لە ژێر فشاری خەڵکەکە پێشوازی و مێوانداریی لە میری ئامۆزای کرد، وەلێ تەنها ئەوەندەی لەدەست هات کە ئەگەر حەز بکات نێردەیەکی لەگەڵدا دەنێرێتە لای هۆلاکۆ تا لیێ خۆش ببێت، کە(الملك الكامل)بێ سێودوو ئەم بیرۆکەیەی رەت کردەوە، ئەوجا بەڵێنی دا ئەگەر مەغۆل هاتنە سەر میافارقین ئەوا هێزی بۆ دەنێرێت تا پشتیوانیی لێبکەن[1].

## ب- داگیرکردنی میافارقین و کوژرانی (الملك الكامل):

بەم شێوەیە میری ئەیوبی بە نائومێدی و دڵشکاوی گەڕایەوە میافارقین و تا دەهات هەڕەشە و مەترسیی مەغۆل توندتر دەبوو، لەم ماوەیەدا هۆلاکۆ بەغدا و هەولێر و ئازەربیجان و هەکاری و زۆزان و بۆتانی داگیر کرد و یەشموتی کوڕی و سۆنتای نۆیان و ئیلکانۆیان و کهدایی ناردە سەر میافارقین، بەخۆیشی چووە سەر روها و نەصیبین و حەڕان، میری ئەیوبییش کە زانیی کەس بەدەنگیەوە ناهێت و دەبێت بە تەنها بەربەرەکانێی مەغۆل بکات، دەستی کرد بە ئامادەکاری و قایمکردنی سەنگەر و شوراکانی میافارقین و ماڵ و منداڵەکانی بردە قەڵای (اليمانية) و بەخۆیشی چووە ئامەد و دەیویست لەوێوە پێشیان لێبگرێت و بەتەمابوو لەناکاو پڕپداتە هێزەکەی کهدای کە

---

(١) الأعلاق الخطيرة، ٣/٧٨٦-٤٨٧، ذيل مرآة الزمان، ١/٩١، ٢/٧٦.

لێیان نزیکبووەوە، زانیی لە شیاندانیە بەم کارە رابێت، بۆ بەیانیەکەی یەشموت بە ئۆردوی مەغۆلەوە گەهیشت.

میری ئەیوبی بەپەلە گەڕایەوە میافارقین و خۆی بۆ بەرهەڤ کرد، ئەو تەواو بە پێچەوانەی دەسەلاتدارانی هاوچەرخی خۆی بوو، ئازا و جوامێر و کەڵەمێرد و کوڕی رۆژی تەنگانە بوو، لە کاتێکدا خەلیفەی عەباسی و ئەتابەگە تورکەکان و(الملك الناصر) یوسفی ئەیوبی لە ترسی هۆلاکۆ چۆکیان شکابوو و ترس و لەرزیان لێنیشتبوو و ئۆقرەیان بەخۆ ناگرت، ئەو هیچ دەربەست ناهات و باکی بە هەڕەشە و گەفی هۆلاکۆ نەبوو، هێزی گەورە و گرانیان تۆزقالێك کاریان لێنەکرد و ورەی بەرز و بڕوای پتەویان خاو نەکرەوە، بەتوندی بەرسڤی نێردەی کهدای دایەوە کە داوای لێکردبوو بە دیارییەوە بچێتە پێشوازی یەشموت و میوانداریی بکات و بەندەیی خۆی رابگەیێنێت و تێی گەیاندن:

" ئێوە ئاسنی سارد دەکوتن و چاوەڕێی کارێکی نەکردەن، من هیچ بڕوام بە بەڵێنی ئێوە نیە و بە ئاخافتنی شیرین و هەنگوینیی ئێوە فریو ناخۆم، لە سوپای مەغۆل ناترسم و تالە ژیاندا مابم بە شیرەکەم دەجەنگم، چۆن بڕوا بە کوڕی کابرایەك- واتا هۆلاکۆ-بکەم کە لە بەڵێنەکانی لەگەڵ رکن الدین خورشاهی ئیسماعیلی خاوەندی قەڵای ئەلەمۆت و خەلیفە و حسام الدین عەکە و (ابن الصلایا)ی والیی هەولێر پاشگەز بووەوە، (الملك الناصر) هەرچەندە بەپێی بەڵێنی گیانپارێزیی ئێوە هاتە لاتان، چی بە چاوی خۆی دی، ئەگەر بە قسەتان بکەم منیش وەك ئەوانم بەسەر دەهێت".

ئەمجا دڵی خەڵکی شاری دایەوە و قەناعەتی پێهێنان لەسەر بەرگری و پێی گوتن ئەو دەستکراوەیە و وەك خەلیفەی عەباسی پولپەرست نیە و هەرچیەکی لە گەنجینەکان هەڵگرتووە هەمووی بەسەریانا دابەش دەکات[1].

ئۆردوی مەغۆلی شێلگیرانە چواردەوری شارییان تەنیەوە و خەڵکی شار نکۆلیان لەوە دەکرد کە(الملك الكامل)یان لەگەڵدا بێت، گەمارۆ و شەڕی دەستەویاخە سێ چوار مانگ درێژەی کێشا(ذی القعدة٦٥٦-صفر٦٥٧ك)، هەمەدانی نەشیاوە ئازایەتی و

(١) همدانی، جامع التواریخ، ص٧٢٥-٧٢٦.

لەخۆبوردەیی(الملك الكامل) و هەڤاڵانی بشارێتەوە كە چۆن دڵسۆزانە بەرەڤانییان دەكرد، لە لایەكی دیەوە كۆمەك و هیمدادی لە موصڵ و ماردینەوە گەهیشتە یەشموت و دوو كوڕی (بدرالدین لؤلؤ) و كوڕێكی قەرە ئەرسەلانی ئەرتوقی بە هێز و مەنجەنیقەوە ئامادە بوون و خەندەكێكیان بەدەوری شاردا هەڵكەند و مەنجەنیقیان دابەست[1].

لە سەرەتای ساڵی٦٥٧ك/١٢٥٩ز، (عزالدین ابن شداد:م٦٨٤ك/١٢٨٥ز) بە ئومێدی هێوركردنەوەی رەوشی ئاڵۆزی میافارقین و رازیكردنی یەشموت بە دەستهەڵگرتن لە گەمارۆ، وەك نوێنەری سوڵتانی ئەیوبی بە دیاریی گرانبەهاوە كە بریتیبوو لە پێنجسەد دینار و هەیاسەیەكی زێڕین و شیرێكی گەوهەرڕێژ، لە دیمشقەوە بەرێ كەوت و دوای مانگێك گەهیشتەجێ، ئەمەو سەرباری گەیاندنی هەڵوێستی سوڵتان كە تەنها ئەوەندەی پێكرابوو لە نامەیەكدا بۆ یەشموت وێڕای پیرۆزبایی سەركەوتن و بەخێرهاتن لە گەهیشتنیان بە ناوچەكە، سكاڵای خۆی دەربڕێت لەمەڕ پەلاماردانی هەرێمی جەزیرە و ئەنجامدانی كاری كوشتن و بڕین دەرهەق خەڵكی و گازندە و نیگەرانیی خۆی نیشان بدات لەوەی كە ئەوە ماوەی بیست ساڵە ملكەچی و پابەندیی خۆی بۆ راگەیاندوون و ساڵانە دیاری و پارەیان بۆ دەنێرێت، كەچی بەو شێوەیە چاكەی دەدەنەوە، هەرچۆنێك بێت هەوڵ و رایەڵەی(ابن شداد) سەری گرت و لەگەڵ مەغۆلدا پێكهاتن لەسەر: دانی سەد هەزار دیناری سوڵتانی[2] و شەش هەزار نیودیناری[3] و دانی سی هوشتر و سی بارگیر و پەنجا ئەسپ، یەشموتیش لای خۆیەوە هێزەكانی بكشێنێتەوە[4].

لەو ساتەی سەركردەكانی مەغۆل بەتەما بوون ناوچەكە چۆل بكەن و خەریكی خۆپێچانەوە بوون، پەیامی بەپەلەی (بدرالدین لؤلؤ)یان پێگەهیشت سەبارەت بەوەی

---

(١) ابن شداد، الأعلاق الخطيرة، ٣/٤٨٩– ٤٩٠، ابن واصل، مفرج الكروب، ٦/٢٤٧، جامع التواريخ، ص٧٢٦.

(٢) واتا ئەوانەی ناوی (الملك الناصر) یوسفی لەسەر نەخشێنرا بوو.

(٣) واتا ئەوانەی لە میافارقین لە قالب درابوون.

(٤) الأعلاق الخطيرة، ٣/٤٩٦.

که کورده شارەزوریەکان و میرانی صالحی[1] و (الملك المُغیث)ی خاوەندی کەرەك له (الملك الناصر) هەڵگەڕاونەتەوە و سولّتان بەنیازە شام بەجێ بهێڵێت، ئەوانیش دەمودەست رێککەوتنەکەیان پێشێل کرد و بۆ مانگێکی دی درێژەیان بە گەمارۆ دا تا سەرما و بەفر و باران تەنگی پێهەڵ چنین و پەتاش کەوتە ناو ئەسپەکانیانەوە، یەشموتیش تەنگاوبوو و هێزەکانی کشاندەوە و سۆنتاییی بە سێ هەزار پیادەوە هێشتەوە، نەوەکو شاهی ئەیوبی دەلیڤەی هەڵهاتنی بۆ هەڵبکەوێت، یەشموت تا بڕانەوەی وەرزی سەرماوسۆڵە نەهاتەوە، خەڵکی شار لەو ماوەیەدا شورایان نۆژەن کردەوە و خەندەکێکی دییان لێدا و جۆگەی ئاویان بۆ راکێشا وخۆیان بۆ گەڕێکی دیی بەرەنگاربوونەوە سازکرد[2].

یەشموت ئەمجارەیان بە گوڕوتینێکی زۆرترەوە هاتبۆوە و مکوڕ بوو کە دەبێت ئامانج بپێکێت و گەمارۆدراوانیش سەرسەختانە بەرهەڵستییان دەکرد و گەمارۆ پتر لە ساڵێکی خایاند و خەڵکی لە رادەبەدەر تووشی ناخۆشی و ناسۆری هاتن و بێئەندازە ئازار و مەینەتییان چێشت و گەلێکیان لێ کوژرا و گرانی و برسیەتی و قاتوقڕی پەیدا بوو و پەتا و نەخۆشی تەشەنەی کرد، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵیان نەدا و درێغییان نەکرد و چەند جار پەلاماری مەغۆلیان تێکشکاند و سەدانیان لێ کوشتن، مەغۆل لە ئاست بەرەڤانی خەڵکەکە هیچیان بۆ نەکرا و نەکارین پەی بە شورای قایم و پتەوی شار ببەن.

سەرئەنجام پاش بیست مانگ بەرهەڵستیی بێوێنە، لە مانگی(ربیع الآخر)ی ساڵی ٦٥٨ك/بەهاری١٢٦٠ز میافارقین داگیر کرا، ئەوەش بەهۆی دوو مەملوکەوە کە لە خاوەندەکەیان رەنجا بوون و لە کەربا پەیوەندییان بە مەغۆلەوە کرد و بەدزییەوە پەیژەیان بۆ شۆڕکردنەوە و ژمارەیەکی زۆری مەغۆل دزەیان کرد و هەڵگژانە سەرقەلاّ، میر حسام الدینی کوڕی رەش لێیان هاتەدەست و جەنگا تا حەفتا و دوو تیری بەرکەوت

---

(١) واتا ئەوانەی کاتی خۆی لە خزمەت (الملك الصالح)نجم الدین ئەیوب بوون.

(٢) الأعلاق الخطیرة، ٣/٤٩٧–٥٠٠.

و كوژرا، ئەمجا هێرشیان کردە سەر ئەو بورجەی وا سەنگەری(الملك الكامل)بوو، ئەویش تا بەدیلگرتنی جەنگا و زۆربەی هێرشبەرانی کوشت[1].

مەغۆل وەك کەلتور و نەریتێکی خێڵەکییان، هەر دوژمن و نەیارێکیان بگرتایە، دەیان بردە بەردەم خانی مەزن یان بەرپرسی یەکەمیان لە ناوچەکە تا بەخۆی لێپرسینەوەی دەگەڵ بکات و بڕیار لە چارەنووسی بدات، بۆیە یەکسەر (الملك الكامل) و(الملك الأشرف) موسای برای برانە بازێری سروج بۆ بەردەست هۆلاکۆ کە لە لەشکرکێشیی شامەوە دەگەڕایەوە، ئەویش سەرەتا لێپرسینەوەی لەگەڵ (الملك الأشرف) موسادا کرد و بڕیاریدا لە ملی بدرێت بە بیانووی ئەوەی لە گەرمەی شەڕدا ریزی ئەوانی بەرداوە و چۆتەوە لای براکەیی و نەهاتۆتە پێشوازیی یەشموتی کوڕی، ئەمجا گازی(الملك الكامل)ی کرد و پێی گوت:

"تۆ دەزانیت ئێمەمانان پێگیری بە یاسایەك[2]دەکەین دەڵێت هەر کەسێك سێ جار کەتن بکات دەبوردرێت و لە چوارەمدا دەکوژرێت"، پاشان یەکە یەکە کەتن و تاوانەکانی بۆ ژمارد.

سەرانی مەغۆل، کاردانەوە و بەرەنگاربوونەوە و داکۆکی لەخۆکردنی نەیارانانیان یان جێبەجێ نەکردنی داخوازییەکانیان و بەدەنگەوە نەچوونی یاسا و فرمانەکانیان بە سەرپێچی و لاساری و زێدەگافی دادەنا و بە کەتن دەژمێردرا و دەبوو سزای خۆی هەبێت، سزاش لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هەر کوشتن و لەتلەتکردن بوو، هەر کەسێك بە خواست وئارەزووی ئەوان نەجولایەتەوە دەخرایە خانەی تاوانبارانەوە، ئەگەر گەرەکیان بووایە نەیارێکی بێتاوان بکوژن، ئەوا ریزێك تاوانیان بۆ هەڵدەبەست، ئەو کارانەی وا بە تاوان لەقەڵەم دران و ئاڕاستەی(الملك الكامل) کران لەم چەشنە بوون.

شاهی ئەیوبی لێرەش بوێری و جەربەزەیی خۆی سەلماند و رووبەرووی هۆلاکۆ هاتەکۆ: "تۆ چیت تا من زەحمەت بکێشم و بێمە دیدەنت، تۆ نە بەڵێن و نە ئایینت

---

(١) الأعلاق الخطيرة، ٣/٥٠٣-٥٠٤.

(٢) یاسا: جەنگیزخان چەند بڕیارێکی دەرکرد کە دەبوو مەغۆل پەیڕەوی بکەن، ئەم بڕیارانە بە یاسا ناسران، پەیڤی یاسای کوردی هەمان پەیڤی یاسای مەغۆلیە.

هەیە، من لە تۆ چێترم، هۆلاکۆ لێی پرسی تۆ بە چ شتێك لە من چێتری؟، لە وەڵامدا گوتی: من باوڕم بە خودا و پێغەمبەر هەیە و دیندار و دەستپاکم... ئێمە ڕۆژگارێك لە عەدەنەوە تا تەوریز بەدەستمانەوە بوو، کەچی لە دەستماندا...".

هۆلاکۆ هیچی بۆ نەمایەوە ئەوەندە نەبـێت بڵێت تۆ ئاخافتنت لەخۆت گەورەترە چونکە تۆ لە سوڵتانە بچووکەکانی، ئەمجا شیرەکەی دەرهێنا و زگی هەڵدڕی و بە فرمانی ئەو سونجق ملی پەراند[1].

لە راستیدا هیچ شارێك، نە بەغدا و هەولێر و نە حەلەب و دیمەشق، بەقەد میافارقین بەرگریی نەکرد و مەغۆلی بەخۆیەوە خەریك نەکرد و کەم کەسیش بە رادەی (الملك الكامل) دژی مەغۆل راوەستا و زیانی پێگەیاندن، بۆیە لە داخانا کەلەسەریان خستە سەر رمێك و بە ستران و دەهۆڵەوە شاراو شار: حەلەب، حمص، حەماە، بەعلبەگ گێڕایان تا گەیاندیانە دیمەشق و لەسەر دیواری (باب الفراديس) هەڵیان واسی، ئەم کردەوەیەیان بۆ ئەوەش بوو ترس و دڵەڕاوکێ بخەنە ناوەوە و خەڵکی تێ بگەهێنن کە کەس نیە لە چنگیان دەرباز ببـێت و هەرکەس لێیان هەڵبەگرێتەوە چارەنووسی ئەوها دەبـێت[2].

---

(١) الأعلاق الخطيرة، ٣/٥٠٤– ٥٠٦، جامع التواريخ، ص٧٢٧، الذهبي، تأريخ الإسلام، ٤٨/٣٦٦–٣٦٨.

(٢) ابن واصل، مفرج الكروب، ٦/٢٧٦، اليونيني، ذيل مرآة الزمان، ١/٣٥٩–٣٦٠، ٢/ ٧٦، تـأريخ الإسلام، ٤٨/٥٥. شاعیرێك ئەم کارەساتە بەوەی ئیمام حوسێن دەچوێنێت:

ابن غاز غزا وجاهد قوماً      أثخنوا في العراق والمشرقين
ظـــاهراً غالباً ومات شهيداً      بعد صبر عليهم عامين
لم يشنه أن طيف بالرأس منه      فله أسوة برأس الحسين
وافق السبط في الشهادة والحم      ل لقد حاز أجره مرتين
جمع الله حسن ذي الشهدي      ن على فتح ذينك القلعتين
ثم واروا في مشهد الرأس ذلك ال      رأس فاستعجبوا من الحالين
وارتجوا أنه يجئ لدى البع      ث رفيق الحسين في الجنتين. ذيل مرآة الزمان، ١/٣٥٩.

هاودەم لەگەڵ گەمارۆی میافارقین دا، هۆلاکۆ گازی سیف الدین دڵی کوڕی موجەللای کرد کە جێگری(الملك الكامل) بوو و ئامەدی لێسەند و دای بە سەلجوقییەکانی رووم کە هاوپەیمان و هاوکاری بوون و میافارقین و ئەرزنیشی رادەستی (شرف الدين اللاوي) کرد کە میرئاخوڕی شهاب الدين غازی بوو، وەلێ نێوانی دەگەڵ (الملك الكامل) دا ناخۆشبوو و پەیوەندی کردبوو بە یەشموتەوە[1].

### ١١.٨ـ کاریگەریی داگیرکاریی مەغۆل:

گومانی تێد انیه کە هەر شار و دێهاتێك و هەر دەڤەر و ناوچەیەك، دەمێك دەکەوتە بەر پەلامار یان دەبووە رێڕەوی کشان و رایەڵەی مەغول، بـێڕادە زیانی ماڵی و گیانیی لێدەکەوت و ئەو کەسەی بەردەکەوت دەکوژرا یان ئازار دەدرا و بەند دەکرا، ئەوەییش فریا بکەوتایە و دەلیڤەی هەڵهاتنی بۆ بلوایە، هەڵدەهات و ئاوارە و پەراگەندەی وڵاتان دەبوو، ئەم رەوش و کاودانە زۆربەی ئاوەدانییەکانی کوردستانی گرتەوە و پتر لە کەرەتێك بوونە ئامانج یان رێبازی ئۆردوی مەغۆل و تالآن و ێران کران و ژێرخانی ئابوریی کوردستان داڕما، شاری ئاوەدان و بەبزافتی حلوان بە یەکجاری کوێربووەوە و دینەوەر بووە شارۆچکەیەك و داهاتی ولایەتی کوردستان بووە دەیەك و لە دووسەد تومانەوە داکەوت بۆ بیست تومان[2] و شورا و زۆربەی خانوەکانی هەولێر و میافارقین کاول کران.

نوسەرانی دەرباری مەغۆل دەگمەن سەبارەت بەم بابەتە ئاخەفتوون و تەنها بە شانوباڵی خانەکاندا هەڵدەدەن، مێژوونوسانی عێراقیش لە خەمی نسکۆی بەغدای پایتەخت و چارەنوسی خیلافە دان و شیوەنی بۆ دەکەن و کەمتر پرژاونەتە سەر روماڵکردنی دەنگوباسی شوێنەکانی دی، بۆیە هەرگیز ناکرێت رادەی ئەو زیانانە بزانرێت کە بەر کوردستان کەوتن، مێژوونوسانی ئەیوبی و مەملوکیش(إبن العميد، إبن شداد، إبن واصل، اليونيني...) بە هۆی دوورییانەوە و بواری کاریانەوە تەنها سەربوردەی ئەو

---

(١) الأعلاق الخطيرة، ٣/٤٨٨، ٥١٠، ٥٤١.

(٢) نزهة القلوب، ٨٠، ١٦٢–١٦٣.

سەردار و میرە کوردانەیان باسکردووە کە سەرگەردان و دەربەدەری ولأتی شام بوون، بە خوێندنەوەی یاداشتەکانیان تێدەگەین چ کارەسات و نەهامەتیەك دووچاری دانیشتوانی کوردستان هاتووە:

- سێ هەزار کوردی شارەزوری لە هەردوو هۆزی باپیری و لاوێنی[1] بە ژن و منداڵ و خاووخێزانەوە نیشتمانی خۆیان بەجێ هێشت و دەربەدەری ولأتی شام بوون و پەیوەندییان بە (الملك الناصر) یوسفی ئەیوبـییەوە کرد. لە سەرەتای سەردەمی مەملوکیدا کوردە شارەزوریەکان رۆڵی گرنگیان لە روداوەکاندا هەبوو[2]، هاوکات ژمارەیەك میری کورد بە دەیان و سەدان سوارەوە ئاوارەبوون:

- میر علم الدین ئەبوعەلی لە میرانی زەرزا- زەرزاری.

- میر جمال الدین خۆشترین.

- میرێکی دی[3].

هەروەها لە ساڵانی٦٥٩-٦٦٠ك/١٢٦١-١٢٦٢ز کۆمەڵێکی دی لانەواز بوون:

- میر سیف الدین مەنگلانی هەکاری، هاوڕێ دەگەڵ کوڕ و کوڕەزا و پسمامەکانی بە سێسەد سوارەوە.

- پیاوچاك شێخ عیسای کوڕی شێخ حەسەنی ناسراو بە(شیخ الأکراد)ی کوڕی شێخ عەدیی دووەم بە ژن و منداڵ و خێزانەوە.

- میر تاج الدین شێروانی برای میر شرف الدین سەلاری گەلاڵی و میر رکن الدینی برازایان بە حەفتا سوارەوە.

هەروەها میر و سەرۆك هۆزی وەها هەبوون سەرەتا خۆیان لەگەڵ مەغۆل گونجاند و بەرپرسیارێتیان وەرگرت، پاشان بارگەی زەبروزەنگیان نەگرت و هەڵگەڕانەوە و کەوتنە دژایەتی کردنیان:

---

(١) ناوی ئەم دوو هۆزە لە سەرچاوەکانا بە شێواوی هاتووە.

(٢) ابن العمید، أخبار الأیوبیین، ص١٦٨، مسالك الأبصار، ٣/٢٦١.

(٣) (ابن شداد) ناوی ئەم میرەی بە سپێتی هێلاوەتەوە و ناوی جمال الدین خوشترین بۆتە جمال الدین حشیش.

- میر نور الدین بوزغکی کوڕی میر عزالدین موسای کیکانی- کیکی لەگەڵ مەغۆلدا پێکهات و کردیانە زێرەڤانی ریگاوبانەکانی نێوان مەراغە و هەولێر و دیارە زیاتر نەشیاوە لەگەڵیاندا هەڵبکات و بە حەفتا سوارەوە پەیوەندیی کرد بە دەسەلاتدارانی مەملوکیەوە، دوای ئەوەی چەند جارێك هەڵی کوتایە سەریان و هەراسانی کردن، برایەك و خالێکیشی بە پەنجا سوارەوە گەهیشتن.

- میر مجدالدین موسای کوڕی مەندۆی هەدبانی لەماڵباتی قازیەکانی مێرگ- المرج، ئەویش سەرەتا زێرەڤان و نۆبەداری رێگاکان بوو، پاش ماوەیەك بە ژن و منداڵ و پانزدە سوارەوە پەیوەندیی کرد بە دەسەلاتدارانی مەملوکیەوە(1).

میر سیف الدین مەنگلانی هەکاری هەندە لە دیمەشق نەمایەوە، هەرچەند سوڵتان بێبەرسی مەملوکی(٦٥٨-٦٧٦ك/١٢٦٠-١٢٧٧ز) موچە و پلەوپایەی باڵای بۆ تەرخان کرد و سەرپشکی کرد لە نێوان مانەوە و گەڕانەوە بۆ کوردستان، ئەو گەڕانەوەی هەڵبژارد و هاوڕێ لە گەڵ میر علم الدینی زەرزاری و میر جمال الدین خۆشترین و میرێکی دی هاتنەوە ناوچەکانی هەولێر و هەکاری و ناوبەناو پەلاماری ئۆردوگا و بارەگاکانی مەغۆلیان دەدا و زیانیان پێ دەگەیاندن و تالانیان دەکردن، تا میر مەنگلان لە تێکهەڵچونێکدا کوژرا و أسد الدین موسای کوڕی جێگای گرتەوە و هەرچی قەلا و پایەگای دەڤەری هەکاری هەبوو بە شەڕ لە مەغۆلی سەندەوە و ناچاری ئاگربەستی کردن(2).

قرتایی خەزنەداری لە روداوێکی چیرۆکئامێزدا لە سێ کوردی ئازا دەدوێت کە چۆن لە چیای الجوز- گوندی گوێزێ- لە ولاتی هەکاری پاش ئەوەی چەند جارێك پڕیان داوەتە سەر مەغۆل و ئەسپ و کەلوپەلیان لێ رفاندوون و چوونەتە مصر و شاه بێبەرس خەلاتی کردوون و ئیقتاعی دەهەزار درهەمیی بۆ هەر یەکێکیان دابین کردووە و ئەمجا رەوانەی رۆژهەلاتی- مەبەست کوردستانە- کردوونەتەوە، تا هەر یەکەو شەڕی خانێکی مەغۆل بکەن و سەرئەنجام هەر کوردە و سەرکردەی مەغۆلیی دەستنیشانکراوی

---

(١) ابن شداد، تأريخ الملك الظاهر، ص٣٣٢-٣٣٣، ابن عبدالظاهر، الروض الزاهر، ص٨٧-٨٨.

(٢) تأريخ الملك الظاهر، ص٣٣٢-٣٣٣، بڕوانە: تأريخ الزمان، ص٣٠٤، ٣٢١.

کوشتووه و پاشان خۆشیان کوژراون، ڕەنگە پاڵەوانی ئەم چیرۆکە میر مەنگەلانی هەکاری و هەڤالآنی بن[1].

داسنییەکانیش لە کۆکوژی و ڕەشبگیریی مەغۆل ڕزگار نەبوون و دەربەدەر و ماڵوێران بوون و میری داسنی بە ماڵ و کەسوکارییەوە سەری خۆی هەڵگرت[2].

خدری کوڕی جەعفەرزادە لە خێزانێکی داسنییەکان بوو و زاوای بنەماڵەی مەودودیی تورکمان بوو، گرفتاری دەستی مەغۆل بوو، هۆلاکۆ سەرەتا گیانی پاراست و کردیە یاوەری خۆی و دواتر لێی توڕە بوو و لە قەڵای ئەلەموت کوشتی و منداڵە وردەکانی هەڕاج کرد، عومەریان: جمال الدین عومەری کوڕی خدری داسنی(٦٦١-٧٤٨ك /١٢٦٣-١٣٤٧ز) لە نەوجوانییەوە بەهرەی هونەری لێدەرکەوت و لە جڤات و کۆڕ و کۆبوونەوەی بەرپرساندا لە بەغدا و شام و مصر وەك ئاوازدانەر و ئامێرژەنێك ناوی دەرکرد و بوو بە یەکێك لە مامۆستایانی کارامەی ستران و مۆزیك و بە (الجمال المشرقي) ناودار بوو و دانەری کتێبی (الكنز المطلوب في الدوائر والضروب)ە دەربارەی ئاواز و مۆزیك.

بوختی- بۆتانی کە هۆزێکی هەرەدێرینی کوردستانە و لە دەیان خێڵ و تیرە و بەرەباب پێکدەهات، زیانی کوشندەیان بەرکەوت و سەروماڵیان لەدەست دا و کوانوویان خامۆشکرا و سەروەران و ناودارانیان کوژران و دەربەدەر کران و پاشماوەیان بەناو میللەتاندا پەرتەوازە بوون[3].

نسکۆی بوختییەکان بەوەندە نەبڕایەوە، بەڵکو خودی هۆلاکۆ بڕیاری کوشتنی دوو میریانی دەرکرد، أسد الدینی بوختی و حسام الدین عەزیزی بوختی و میر ئەیوبی میهرانی و دەیان میر و سەرکردەی دی، بە یاوەری(الملك المظفر) قەرەئەرسەلانی ئەرتوقی (٦٥٨-٦٩١ك/١٢٦٠-١٢٩٢ز) خودانی ماردین لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٦٥٩ك/ئابی ١٢٦١ز چوونە خزمەت هۆلاکۆ لە نزیك سەلماس، ئەویش دوای پێشوازی، ڕێگای بە میری ئەرتوقی دا بگەڕێتەوە ماردین، کەچی ئەو حەفتا میرە بێتاوانەی

(١) مجموع النوادر، ص١٩٧-٢٠٠.

(٢) العمري، مسالك الأبصار، ٣/٢٧٢.

(٣) مسالك الأبصار، ٣/٢٧٢.

یاوەری کوشتن، نەوەك رابین قەرەئەرسەلانی مێردمندالێ و بێدەسەلاتی لێ هەڵبگەڕێننەوە و تا "پەڕوباڵی میری ئەرتوقیش بقرتێنێت"[١].

میافارقین بە چەشنی هەولێر، تووشی کارەساتێکی راستەقینە هات و بە تەواوی وێران کرا و شوراکەی تەخت کرا و دانیشتوانەکەی دووچاری کۆمەڵکوژی هاتن، (عزالدین إبن شداد) شاهیدحاڵی کارەساتەکە بەخۆی چاوی بە دۆڵێکی پڕ لاشە کەوت که مەغۆل بۆ چاوترساندنی بردبوویانە دیاری و دەڵێت پاش داگیرکردنی میافارقین، تەنها شەست و سێ کەس لە خەڵکی شارەکە و چل و دوو کەس لە هێزی لەشکری لە شمشێری مەغۆل رزگار بوون و بەوردی لەو گرانی و رۆژەڕەشە دوواوە کە رزگاربووەکان گیرۆدەی بووبوون[٢]، هەمەدانییش هەرچەند لایەنگری دڵسۆزی مەغۆلە و لە گێڕانەوەی وردەکاریی داگیرکردنی میافارقین دا جیاوازە لە (ابن شداد) و بە شانوباڵی سەرانی مەغۆل هەڵدەدات، بەڵام هاوڕایەتی سەبارەت بە پیشاندانی بوێری و چاونەترسیی(الملك الكامل)و هەڤاڵانی و خستنەڕووی چەند دیمەنێکی کارەساتەکە و دەڵێت: کاتێك مەغۆل چوونە ناو شارەوە تەنها حەفتا کەسی نیوە گیانی تێدا مابوو[٣].

بە مردنی هۆلاکۆساڵی ٦٦٣ك/١٢٦٥ز، کوڕەوی و دەربەدەر بوون نەبڕایەوە و لە حەفتەی یەکەمی ساڵی٦٧٢ك/١٢٧٣ز شاە بـێبەرسی مەملوکی لە خانەی داد رۆنیشت بۆ پێشوازی لەو کوردانەی لە رۆژهەڵاتەوە هاتبوون[٤].

هۆلاکۆ و سەرکردە لەشکریەکانی مەغۆل، چەندیان کرد و کۆشییان، نەکارین بەشەڕ ناوچە شاخاویەکانی کوردستان داگیربکەن و بەرهەڵستی دانیشتوانەکەی کپ بکەن و بە شەڕ و کوشتار هەڵوێست بە بەرژەوەندی خۆیان ببڕیننەوە و ویست و دەسەڵاتی خۆیان بەسەردا بسەپێنن، ناچار ملیان بۆ ئاشتیدا و دەگەڵ کوردان

---

(١) ابن شداد، الأعلاق الخطيرة، ٣/٥٦٩–٥٧٠، الخزنداري، تأريخ مجموع النوادر، ص١٩٦.

(٢) الأعلاق الخطيرة، ٣/٤٩٥، ٥٠٧–٥١٠.

(٣) جامع التواريخ، ص٧٢٧.

(٤) تأريخ الملك الظاهر، ص٧٠، اليونيني، ذيل مرآة الزمان، ٣/٣٠.

رێککەوتن، لەم بارەیەوە (العمري) ڕاستیەك ئاشکرا دەکات کە پێدەچێت لە حەکیم و نوژدار شمس الدینی کوڕی ساعدی سنجاری(م:٧٤٩ك/١٣٤٨ز)وە بیستبێتی:

"کاتێك کافرەکان- واتا مەغۆل- دڵنیا بوون دەستیان بە چییاکان دا ڕاناگات و هەرگیز بە شەڕ و هێز ناتوانن دانیشتوانەکەی واتا کوردەکان- دەستەمۆ بکەن، دەستبەرداری پەلاماردان بوون و ڕازی بوون باج و خەراجیان لێوەرگرن"[(١)] و ناچار بوون دەگەڵ نوێنەر و ڕێبەرانی کورددا ئاگربەست رابگەهێنن و دانبنێن بە دەسەڵاتیان دا و دەسەڵاتی فراوانتر ببەخشنە هەریەك لە میر مبارز الدین کەکی مازنجانی خاوەندی ئاکرێ و شوش و میر أسد الدین موسای هەکاری خاوەندی جۆلەمێرگ و قەڵاکانی دەوروبەری.

میر کەك- کاکی مازنجانی لە تەرەف خیلافەی عەباسییەوە موچە و ئیمتیازاتی میر سیف الدین محەمەدی باوکی پێدرایەوە و ناسناوی(مبارز الدین)ی پێبەخشرا و لەتەك دەسەڵاتی سیاسیی، پلە و پایەیەکی ئایینی و جڤاکیی باڵایشی هەبوو، وەك شێخ و پیاوچاکێکی شکۆدار و دەستڕۆیشتوو، جەماوەرێکی زۆری لە بڕواداران و لایەنگران هەبوو، دەمێکیش مەغۆل کوردستانیان داگیر کرد، دەستیان لە کاروباری دینی و دنیاییی وەرنەدا، بەڵکو ڕێزیان لێینا و هەولێر و هەریر و گردی خەفتونیان[(٢)] بۆ دابڕی و خستیانە سەر مەملەکەتەکەی و ڕێگایان پێدا پێنچسەد سوارەیەکی هەبێت و بایزەیەکیان پێبەخشی[(٣)].

---

(١) مسالك الأبصار، ٣/٢٦٣-٢٦٤.

(٢) ئەم شوێنە دەکەوێتە دەڤەری ناوکوڕ و چیای مەقلوبەوە.

(٣) بایزە: تابلۆیەکی زێڕین یان زێوین یان دارینە بە قەبارەی ناولەپ و لە شێوەی میدالیایە لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا، ناوی خوداوەندی مەغۆلەکان و ناوی ئەو خانەی کە دەری دەچواند و هێما و نیشانی تایبەت بە خۆی لەسەر دەنەخشێنرا و بەرزترین پلەی بە وێنەی شێر جوان دەکرا و بەو کەسانە دەبەخشرا کە جێگای باوڕی مەغۆل بوون یان ئەوانەی لە گەورە پیاوانی دەوڵەت بوون، هەڵگری بایزە ماف و ئیمتیازاتی تایبەتی هەبوو و جۆری بایزەکە بەپێی پلەوپایەی کەسی ڕێزلێگیراو دەستنیشان دەکرا. جامع التواریخ، ص٧٢٧، لێدوانەکانی

به هەمان سیاسەت رەفتار و سەرەدەرییان لەگەڵ میر أسد الدین موسای هەکارییش کرد، دوای ئەوەی سەرلەبەری هێرشەکانیان بۆ سەر چییا سەرکەشەکانی هەکاری شکستی هێنا و لەگەڵیدا رێك کەوتن لەسەر ئەوەی نە ئەمان چیدی لەشکرکێشیی بۆ بکەن نە ئەویش پەلاماری بارەگا و سەربازگاکانیان بدات و ئاریشە و ئاستەنگیان بۆ بنێتەوە و بایزەیەکیان بە ئەویش بەخشی[1].

---


(یحیی الخشاب)وەرگێری جامع التواریخ بۆ زمانی عەرەبی، جامع التواریخ، خلفاء جنگیزخان(بیروت:١٩٨٣)، ص٨، هامش(١).

(١) مسالك الأبصار، ٣/٢٦٤- ٢٦٨.


# نەخشە و پاشکۆکان

## پاشكۆی (١)

## أ- نەخشەی هەرێمی چییاكان لای (إبن حوقل:م٣٦٧ك/٩٧٨ز)



ب– نەخشەی هەرێمەکانی ئازەربیجان و ئەرمینیا و ئاران



## پاشكۆی (٢)

## عەكبەری كورد لە ڕێگریەوە بۆ صۆفیگەری


قيل أن بشر الحافي[١] - رضي الله عنه- قال، "رأيت يوماً عكبر الكُردي فقلت له، "ما كان سبب توبتك"؟ قال، "كنت اقطع الطريق ومعي رجال تحت يدي فجيت يوماً إلى مكان، وقد راحوا رجالي على عادتهم فيه ثلاث نخلات، واحدة ما عليها شيء من الثمر، واثنتان حاملات رطب، فجلست تحتهم أستريح وصرت أنظر فيهم، واذا عصفور يحمل من الحاملات الرطب إلى التي ليس فيه شيء، وصار ينقل على تلك الحالة مراراً. فقلت في نفسي: "هذا عجيب، الرطب ليس هو مأكول أفراخ العصافير، ولا يزقوه لأولادهم، وهذا العصفور ينقل الى هذه الرطب فلا بد لهذا شأن". فقمت وطلعت في الشجرة إلى رأسها واذا حية عمياء في مكان في رأس تلك النخلة والعصفور ينقل الرطب إليها ويطعمها، فلمّا أبصرت هذا الأمر تحيّرت في أمري وبكيت وقلت، "سيدي، هذه حية أمرنا نبيك بقتلها وهي عمياء أقمت لها هذا العصفور يأتيها برزقها ولم تنساها وأنت الرزّاق، وأنا عبد أقرّ بأنّك واحد أحد، رزقتني من قطع الطريق حراماً"، ثم إني كسرت سيفي ووضعت التراب على رأسي وصحت:"يا مولاي الإقالة الإقالة"، واذا بهاتف يقول:"قد أقلناك" ثم إن رفاقي اتوني وجدوني على تلك الحالة قالوا:"ما بك؟" قلت: "قد كنت مهجور وقد صالحت مولاي." فقالوا :"ونحن معك" فرمينا ثيابنا وما كان معنا كلّه وخرجنا طالبين باب الله تعالى، فما زلنا على هذه الحالة ثلاثة أيام، ونحن سكارى حيارى، فورد بنا اليوم الثالث على قرية وإذا امرأة عمياء تقول: "بالله أفيكم عكبر الكُردي؟" قلنا، "نعم" قالت:"لي ثلث ليالي أرى النبي - صلى الله عليه وسلم - في النوم وهو يقول : "اعطي عكبر الكُردي ما خلفه ابنك، فكان ستين ثوباً من الخام، قال "فأخذناها واتّزرنا ببعضها واخذنا الباقي ودخلنا الى البادية الى أن وصلنا الى مكة-شرفها الله تعالى-وأقمنا بها""[٢].

---

(١) صۆفی وپیاوچاكی ناودار (بشر بن الحارث الحافي:م٢٢٧ك/٨٤٢ز).


(٢) إبن صصري، الدرة المضيئة، ص٢٣١-٢٣٢.

## بەرەبابی ڕەوادی – ڕەوەندی
## (٣٤٣-٥١٠ك/٩٥٤-١١١٦ز)




## پەرەبابی شەدادی


## (٣٤٣-٤٦٨ك/٩٥٤-١٠٧٥ز)



## بنەماڵەی حەسەنۆی بەرزەکانی (٣٤٨ـ ٤٠٦ك/٩٥٩ـ١٠١٥ز)




## بەرەبابی عەننازی شادنجان[(١)]





---

(١) بەراوردی بكە لەگەڵ: النقشبندي، الكُرد في الدينور، ص٣٥٤.

## ماڵباتی دۆستەکی- مەروانی



## هەدەبانیەکانی هەولێر



## پاشكۆى (٣)

## هۆشيارى و دوربـينيى ميرێكى كورد

وحدثني الأمير فضل بن أبـي الهيجاء، صاحب أربل قال: حدثني أبـي ابوالهيجاء[١] قال: بعثني السلطان ملك شاه، لما وصل إلى الشام، إلى الأمير ابن مروان[٢]، صاحب دياربكر، يقول: أريد ثلاثين ألف دينار. فاجتمعت به وأعدت عليه الرسالة. فقال: تستريح ونتحدث. واصبح أمر ان يدخلوني الحمام. ونفّذ آلة الحمام جميعها فضة، ونفّذ لي بدلة ثياب وقالوا لفرّاشي: كل آلة الحمام لكم. فلما خرجت لبست ثيابـي، ورددت جميع الحوائج. فتركني أياماً، ثم أمر لي بالحمام. وما أنكر ردَّ الحوائج. وحملوا معي آلة الحمام أفضل من الآلة الأوّلى، وبدلة ثياب أفضل من البدلة الأوّلى. وقال الفرّاش لفراشي كما قال أولاً. فلما خرجت لبست ثيابـي ورددت الحوائج والثياب. فتركني ثلاثة أربعة أيام، ثم عاد أدخلني الحمّام، وحملوا معي آلات فضة أفضل من الأوّلى، وبدلة ثياب أفضل من الأوّلى.

فلما حضرت عند الأمير قال لي: يا ولدي! نفّذت إليك ثياباً، وآلة الحمّام ما قبلتها، ورَدَدْتَها. أي شيء سبب هذا؟ قلت: يا مولاي! جئت برسالة السلطان في شغل ما انقضى. أقبل ما تفضلت به، وأرجع، وما انقضى شغل السلطان" فكأني ما جئت إلا في حاجتي؟.

قال: يا ولدي! ما رأيتَ عمارة بلادي وكثرة خيرها وبساتينهان وكثرة فلاحيها، وعمارة ضياعها، أتراني كنت أتلف هذه كله من أجل ثلاثين ألف دينار؟ والله إن الذهب قد كيّسته من يوم وصولك. وإنما انتظرت أن يتجاوز السلطان بلادي، وتلحقه بالمال، خوفاً من أن استقبله بالذي طلب، فيطلب مني إذا دنا من بلادي أضعافه! فلا تشغل قلبك. فشغلك قد انقضى. ثم نفّذ لي الثلاث بدلات التي كان نفذّها لي ورددتُها، مع جميع حوائج الحمّام التي نفذتها لي في الثلاث دخلات، فقبلتها. ولما تجاوز السلطان ديار بكر أعطاني المال فحملته ولحقت به السلطان"[٣].

---

(١) مير ( الحسين بن ابوعلي بن موسى بن جكو الهذباني).

(٢) مير (نظام الدين نصر بن نصرالدولة أحمد:٤٥٣-٤٧٢ك/١٠٦١-١٠٧٩ز).

(٣) أسامة بن منقذ، كتاب الإعتبار، ص١٦٥-١٦٦.

## پاشكۆی (٤)

## وێنەیەكی ستەم و دڵڕەقیی بەندە توركەكان

كان أتابك-عمادالدين زنكي- يقول لي:" ثلاثة غلمان: أحدهم يخاف الله تعالى ولا يخافني يعني زين الدين علي كوجك رحمه الله، والآخر يخافني وما يخاف الله تعالى يعني نصيرالدين جقر رحمه الله والآخر ما يخاف الله ولا يخافني يعني صلاح الدين محمد بن أيوب الغسياني رحمه الله".

وشهدت منه تجاوز الله عنه، ما يحقق قول أتابك، وذلك أنا زحفنا يوماً على حمص،

...وحضرته مرة أخرى بعد ما وصلنا من مصاف بغداد، وأتابك يجتهد يظهر تجلداً وقوة وقد أمر صلاح الدين بالمسير إلى الأمير قفجاق يكبسه، فسرنا من الموصل ستة أيام ونحن في غاية الضعف، فوصلنا موضعه وجدناه قد تعلق في جبال كوهستان، فنزلنا على حصن يقال له : ماسر ونزلنا عليه طلوع الشمس، وامرأة طلعت من الحصن وقالت: معكم خام؟قلنا : "أي وقت هذا للبيع والشراء"؟قالت: " نريد الخام نكفنكم به، فإلى خمسة أيام تمتون كلكم". تريد ان ذلك الموضع وخم.

فنزل ورتب الزحف من بكرة وأمر النقابين الدخول تحت البرج من تلك البراج، والحصن كله معمور بالطين، والرجال الذين فيه من الفلاحين، فزحفنا إليه وطلعنا إلى التلة، ونقب الخرسانية برجاً فوقع وعليه إثنان، أما الواحد فمات أما الآخر فأخذوه أصحابنا وجاءوا به إلى صلاح الدين قال: "وسطوه".قلت:" يا مولاي هذا شهر رمضان، وهذا رجلاً مسلم لا نتقلد إثمه" قال "وسطوه حتى يسلموا الحصن"، قلت:"يا مولاي الحصن تمتلكه."قال: "وسطوه"، ولج فيه، فوسطوه، وأخذنا الحصن في ساعة تلك، فجاء إلى الباب يريد النزول من الحصن، فكان معه جماعة وغلبة.

فوكل به قوماً من أصحابه ومضى نزل في خيمته لحظة، بقدر ما تفرق العسكر الذي كان معه، ثم ركب وقال لي: "اركب" فركبنا وطلعنا إلى الحصن، فجلس وأحضر ناطور الحصن يعرفه بما فيه، وأحضر بين يديه نساء وصبيان نصارى ويهود.

فحضرت عجوز كردية فقالت لذلك الناطور: " رأيت ابني فلاناً؟" قال : "قتل ضربته نشابة".قالت: "فابني فلان ؟"قال: " وسَطهُ الأمير"، فصاحت وكشفت رأسها وشعرها

كالقطنة المندوفة، فقال لها الناطور: "اسكتي لأجل الأمير".قالت :"وأي شيء بقي للأمير يعمل بي، كان لي ولدان قتلهما "، فدفعوها.

ومضى الناطور فاحضر شيخاً كبيراً مليح الشيبة يمشي على عصاتين، سلم على صلاح الدين قال :"أي شيء هو هذا الشيخ؟"قال:"إمام الحصن".قال :"تقدم يا شيخ تقدم تقدم"، حتى جلس بين يديه، فمد يده قبض لحيته وأخرج سكينة مشدودة في بند قبائه وقطع لحيته من حكمته، فبقيت في يده مثل البرجم، فقال له ذلك الشيخ: " يا مولاي بأي شيء أستوجب ان تفعل بي هذا الفعل؟ "قال :"بعصيانك على السلطان".قال : "والله ما علمت بوصولكم حتى جاء الناطور الساعة اعلمني واستدعاني".

ثم رحلنا ونزلنا على حصن آخر للأمير قفجاق يقال له: الكرخيني أخذناه، فوجدوا فيه خزانة ملأى بالثياب خام مخيطة صدقة لفقراء مكة، وسبى من كان في الحصن من النصارى واليهود المعاهدين، ونهب ما فيها نهب الروم، فالله سبحانه يتجاوز عنه[1].

---

(١) أسامة بن منقذ، كتاب الاعتبار، ص٢٥٢-٢٥٦.

## پاشكۆی (٥)

## پەیامی خەلیفەی عەباسی(القائم بأمرالله) بۆ میر(نصرالدولة) ئەحمەدی كوڕی مەروان

ما تزال الأيام تبدي من قربات الأمير التي تضاهي الشمس في الضياء والإشراق، ويغدو ذكره أرج الندى وسم الرفاق، ما يوجبه ولاؤه المسكون إلى صفائه، وإخلاصه الموثوق بتقدمه فيه على المجارين وإيفافه، واقتضائه كونه من شيوخ الدولة العباسية المنصورة وأعضادها, والمنتهي في طاعتها إلى الحد العائد عليه باستدرار صوب اقسام المنح الغر واستمدادها. وبحسب هذه الحال اختصاصه من الإيجاب الكريم بالمنزلة التي تمطيه غوارب الفخر، وتعديه على نوائب الدهر, واكتسابه من الحضوة ووجاهة المحل، من الآراء الشريفة, وتأثل الرتبة ما يتجاوز أمل الآمل, ويضفي عليه جلباب الجلال السابغ الكامل، والله تعالى يحرس هذه الموهبة التي كملت لديه صروف المفاخر، وجعلت له خير الأول والآخر، وآذنته بسعود يتواصل إليه مددها، ويتضاعف عنده عددها بمنه.

ووصل فلان وفلان وأوصلا ما صحبهما من الخدم الأبقة بما ينطوي عليه من المشايعة الصافية من الأقذاء مناهلها، والمخالصة الوافية شواهدها ودلائلها، فوق ذلك الموقع المقصود، وحل المحل المشكور المحمود،وصادف شريف التقبل المألوف المعهود، واعتد بما توخاه من تكميل القربات المرعية وتأكيدها, واستئناف المساعي المرضية وتجديدها، وعرف من الرسولين ما أفرحه من الأغراض في كل ما يعود بوفاقه، ويؤول إلى اطراد كل ما يراعيه على السداد واتساقه، وأجرى الأمر في ذلك كله على أوفى ما أثره، وأدعى الأسباب إلى ما يضاعف معالمه ومآثره، وتقدم في جمعه بما تبين به الأيام نتيجته وتبدي أثره، وحبي من التشريفات بكل ما يدل على شريف المعتقد فيه، ويبشره بإدراك مطالبه ومباريه، وتخيب ظن مساجله في فضل الإختصاص ومباريه، وأنيل كل منحة أرجة النسيم، مدرعة للفخار الجسيم، كفاء ما تقتضيه موافقه في نصرة الدولة العباسية القاهرة القائمية التي تفرد بجلالها، وتجرد فيها يتبوأ منه مجال السعود ويتفيأ بظلالها، وغدا فيها العلم الفذ, المتوصل في خدمتها إلى كل ما قطع آجال العدى وجذ، واعتمد فيما يخص الأمير فلانا كل ما أشار اليه ورآه، وأوجبه حكم النصح واقتضاه تجديد النعمة عنده،

واختصاصا بكل ما يعلي جده، ويمضي في الطاعة الإمامية القائمية حده، وأعيد فلان بنجيح المساعي ظافرا بما ينبىء عن تمهد الأسباب في بلوغ المرام ووفور الدواعي، وسيوضح فلان ما شاهده من ذاك وعلمه وتحققه وفهمه،وهذه مواهب قد خص الله تعالى فيها بما هو أجل العدد والذخائر، وأدل الأشياء على اقتران السعادة بالموارد بمنه والمصادر، وحقيق به تلقيها بالشكر الحافظ لنظامها والنشر العائد بإيضاح أعلامها، والتوفر على كل ما يكسب قواعدها استحكاما، وشمل الصلاح بمكانها اجتماعا والتئاما. والأمير ولي أمر يراه من تصور هذه الجملة وتوفيتها حقها من الجذل والمسرة، ويضاعف السكون إلى ماله من الجناب الأشرف النبوي ـ نوره الله تعالى ـ من المحل الزائد في امتداد باعه الكافل بتخييمه في ذرى العز ويفاعه، والإيعاز بالمواصلة المتضمنة من أخبار حضرته ما يتطلع نحوه ويرتاح، الحاوية من إستقامة الأمور بحوزته ما يعتد به من المنح المشرقة الغرر والأوضاح إن شاء الله تعالى[1].

---

(١) رسائل ابن الموصلايا، ص٤٢٩-٤٣٠.

## پاشكۆی (٦)


**شاعیری كورد یوسفی بەشنەوی ناودار بە(النجیب)دەردی دڵی خۆی هەڵدەڕێژێ كە چۆن دەسەڵاتدارانی تورك دەستی راست و پێی چەپیان بڕیوەتەوە**

مَــزَجَ النــجيـبُ دُمُــوعَـهُ بدمَائـه          وَبكـى وَبكـى الناس من بَلـوَائـه
لحُلُـول حَـادثـــة جَـرت وَقَضيــةَ          حَكَـمَ الإلَـهُ عَلَيــه لاَ بخَطَـــائـه
بَانَــت يَميـــنٌ منـــهُ ثُــم شمَــالُــهُ          من رجلَـه فَغَـدا اسيــرَ شَقَـائـه
يَالَيـتَ مَـن يَبغــي لصَاحـب اُسـرَة          لَـكن وَحَـر النـــار في احشَـائـه
هَـون عَلَى المَظلُـومَ بَعــضَ بَلاَئـه          ان كُنتَ يَا ذَا العَذلَ من نُصحَائه
لَــو كُنـتَ تَعلَــمُ مَاَ يُجـــنُ جَنَانُــهُ          لَعَلمتَ انَ العَـذلَ مـــن إغـرائـه
لَعـــبَ الغَــرَامُ بقَلبــه فَــأَذَابـه          من حَيـثُ كَانَ دَوَاؤُهُ مــن دَائـه
فــي مَــاء مقـلَتـــه ونَـار فُـؤَاده          عَجب الأنَـامُ بنَـاره وبمَـــائـه
هَـل مُسعَـدٌ لأخــــي غَـرامُ بَـدلَـت          سَـراؤُهُ بالهَـم مـن ضَــرائـه
سَـل الزمَـانُ علَيــه سَيفــاً قَاطعــاً          فَجَـلاَهُ واستَجـلاَهُ يَـومَ جَــلاَئه
يَاقَلــبُ صَـبراً إن دَهـــركَ هَكَذَا          ابـداً يَشُــوبُ نَعيمَـهُ بشَقَـائـــه
كُنــتُ الجَليـدَ لحَمل كُــل مُـلمـة          هَاضَ الزمَـانُ تَجَـلدي بدَهَائـــه
قَـل الحَيَــاءُ مَـعَ الوفَـاء فَلَـن ارَى          مُتـخـلقـــاً بحَيَـائـه ووَفَـائـــه
إلاَ ابـا البَركـات ذَا الطَـــول الَذي          غَمَـر الأنَـامَ بفَضـله وعَطَـائـــه
مَن قُــس فــي اقـوَالـه مَـن اكــثمٌ          فــي لَفظة وايـاسُ عنـدَ ذَكـائـــه
...............................          .................. .(١)

(١) ابن الشعار، قلائد الجمان، ١٠/٢٠٤–٢٠٦.

## پاشكۆی(٧)

## نموونەی دراوەكانی میر دەیسەمی كوڕی ئیبراهیم شادكۆیە



# سەرچاوەکان

**یەکەم: بە زمانی عەرەبی:**

- الآبي، أبوسعد منصور بن الحسين الرازي (ت:٤٢١هـ/١٠٣٠م).
- نثر الدر في المحاضرات، دار الكتب العلمية (بيروت:٢٠٠٤).
- ابن أبي حاتم، عبد الرحمن بن محمد بن إدريس الرازي(ت: ٣٢٧هـ/٩٣٩م).
- تفسير القرآن العظيم، تحقيق: أسعد محمد الطيب(السعودية: ١٤١٩هـ).
- إبن أبي شيبة، أبو بكر عبد الله بن محمد بن إبراهيم العبسي (ت: ٢٣٥هـ/٨٥٠م).
- مصنف ابن أبي شيبة، ت: كمال يوسف الحوت، مكتبة الرشد (الرياض:١٤٠٩هـ).
- أبن أبـي الهيجاء، عزالدين بن أبـي الهيجاء الهذباني (ت: ٧٠٠هـ/١٣٠٠م).
- تاريخ ابن أبـي الهيجاء، طبع مع تاريخ القضاعي، دار الكتب العربية (بـيروت: ٢٠٠٤).
- أبو نعيم الأصبهاني، أحمد بن عبد الله بن أحمد (ت: ٤٣٠هـ/١٠٣٨م).
- معرفة الصحابة، تحقيق: عادل بن يوسف العزازي، دار الوطن (الرياض:١٩٩٨).
- أبو يوسف، القاضي يعقوب بن إبراهيم الأنصاري(ت: ١٨٢هـ/٧٩٨م).
- كتاب الخراج، المكتبة الأزهرية للتراث(القاهرة:بلا).
- ابن الأثير، عزالدين علي بن محمد الشيباني (ت: ٦٣٠هـ/١٢٣٣م).
- أسد الغابة في معرفة الصحابة، دار الكتب العلمية(بيروت:١٩٩٤).
- التاريخ الباهر في الدولة الأتابكية، دار الكتب الحديثة (القاهرة: ١٩٦٣).
- الكامل في التاريخ، دار المعرفة (بـيروت: ٢٠٠٧).
- الأربلي، عبدالرحمن سنبط بن قنيتو(ت: ٧١٧هـ/١٣١٧م).
- خلاصة الذهب المسبوك، تحقيق: مكي السيد جاسم، ط٢ (بغداد :١٩٦٤).
- الأربلي، علي بن عيسى بن أبى الفتح(ت:٦٩٢هـ/١٢٩٣م).
- كشف الغمة في معرفة الأئمة، دار المرتضى (بيروت:٢٠٠٦).
- الأزدي، ابو زكريا يزيد بن محمد بن أياس (ت: ٣٣٤هـ/٩٤٦م).
- تأريخ الموصل، تحقيق علي حبـيبة، لجنة أحياء التراث (القاهرة: ١٩٦٧).
- أسامة بن منقذ، أسامة بن مرشد بن علي الشيزري(ت:٥٨٤هـ/١١٨٨م).
- كتاب الإعتبار، المكتب الإسلامي (دمشق: ٢٠٠٣).

- الأسفراييني، عبدالقهار بن طاهر البغدادي(ت: ٤٢٩هـ/١٠٣٨م).
- الفرق بـين الفرق، دار الآفاق الجديدة (بـيروت:١٩٧٧).
- الإصطخري، إبراهيم بن محمد الفارسي (ت:بعد ٣٤٠هـ/٩٥١م).
- المسالك والممالك، وزراة الثقافة والإرشاد القومي (القاهرة :١٩٦١).
- الإنطاكي، يحيي بن سعيد بن يحيى (ت: ٤٥٨هـ/١٠٦٥م).
- تاريخ الإنطاكي، المعروف بصلة تاريخ أوتيخا، جروس برس(طرابلس: ١٩٩٠).
- إيليا برشينايا (ت:٤٣٨هـ/١٠٤٦م).
- تاريخ إيليا برشينايا، عربه: يوسف حبـي، مطبعة الأديب(بغداد: ١٩٧٥).
- البخاري، محمد بن إسماعيل بن إبراهيم (ت: ٢٥٦هـ/٨٧٠م).
- التأريخ الكبير، دائرة المعارف العثمانية(حيدر آباد–الدكن:بلا).
- صحيح البخاري، دار الشعب(القاهرة:١٩٨٧).
- البدليسي، الأمير شرفخان بن شمس الدين الروژكي(ت:١٦٠١هـ/١٦٠٩م).
- شرفنامه، الترجمة العربية، مؤسسة موكرياني(أربيل:٢٠٠١).
- ابن بشكوال، ابوالقاسم خلف بن عبدالملك (ت: ٥٧٨هـ/١١٨٢م).
- كتاب الصلة، المكتبة العصرية (بـيروت:٢٠٠٩).
- البلاذري، ابوالحسن أحمد بن يحيى بن جابر (ت:٢٧٩هـ/٨٩٢م).
- أنساب الأشراف، دار الفكر (بـيروت:١٩٩٦).
- فتوح البلدان، دار الكتب العلمية (بـيروت: ١٩٧٨).
- البـيروني، ابو ريحان محمد بن أحمد (ت:٤٤٠هـ/١٠٤٨م).
- الجماهر في الجواهر، تحقيق: يوسف الهادي (تهران: ١٩٩٥).
- ابن البـيطار، ضياء الدين عبدالله بن أحمد المالقي(ت: ٦٤٦هـ/١٢٤٨م).
- الجامع لمفردات الأدوية والأغذية، دار الكتب العلمية (بـيروت: ٢٠٠١)
- البـيهقي، ابو بكر أحمد بن الحسين بن علي(ت:٤٥٨هـ/١٠٦٦م).
- دلائل النبوة، دارالكتب العلمية(بيروت:١٤٠٥هـ).
- سنن البـيهقي الكبرى، ت: محمد عبد القادر عطا، دار الباز (مكة المكرمة:١٩٩٤).
- التنوخي، المحسن بن علي بن محمد(ت: ٣٨٤هـ/٩٩٤م).
- الفرج بعد الشدة، ت: عبود الشالجي، دار صادر( بيروت:١٩٧٨).
- نشوار المحاضرة وأخبار المذاكرة، ت: عبود الشالجي، دار صادر (بيروت:١٩٧١).
- التنوخي، همام بن الفضل بن جعفر (ت:٣٨٧هـ/٩٩٧م).

– تاريخ هُمام، نشر د, إحسان عباس ضمن كتاب شذرات مفقودة في التأريخ، دار الغرب الإسلامي (بيروت: ١٩٨٨).
– الجوزجاني، سعيد بن منصور بن شعبة الخراساني (ت: ٢٢٧هـ/٨٤٢م).
– سنن سعيد بن منصور الجوزجاني، دار الكتب العلمية (بيروت:١٩٨٥).
– ابن الجوزي، ابوالفرج عبدالرحمن بن علي (ت:٥٩٧هـ/١٢٠٠م).
– المنتظم في تأريخ الملوك والأمم، دار الكتب العلمية(بـيروت:١٩٩٥).
– الجهشياري، ابو عبدالله محمد بن عبدوس(ت: ٣٣١هـ/٩٤٣م).
– الوزراء والكتاب، مطبعة مصطفى البابي الحلبي (القاهرة: ١٩٣٨).
– الجوهري، أبو بكر أحمد بن عبد العزيز البصري (ت:٣٢٣هـ/٩٣٥م).
– السقيفة وفدك برواية ابن أبي الحديد، شركة الكتبي للطباعة والنشر (بيروت: بلا).
– الحازمي، محمد بن موسى بن عثمان الهمذاني (ت: ٥٨٤هـ/١١٨٨م).
– كتاب الأماكن أو ما أتفق لفظه وإفترق مسماه، دار اليمامة (الرياض :١٤١٥هـ).
– ابن حبان، ابوحاتم محمد بن حبان بن أحمد(ت: ٣٥٤هـ/٩٦٥م).
– الثقاة، دار الفكر (بـيروت: ١٩٧٥).
– صحيح ابن حبان، مؤسسة الرسالة(بـيروت: ١٩٩٣).
– ابن حبيب، أبوجعفر محمد بن حبيب(ت:٢٤٥هـ/٨٦٠م).
– أسماء المغتالين من الأشراف، نوادر المخطوطات، مج٦ (القاهرة:١٣٧٤هـ).
– ابن حجر العسقلاني، شهاب الدين أحمد بن علي(ت: ٨٥٢هـ/١٤٤٨م).
– الإصابة في تمييز الصحابة، دار الكتب العلمية(بيروت: ١٤١٥هـ).
– تهذيب التهذيب، دار الفكر(بـيروت: ١٩٨٤).
– الحربي، أبو إسحاق إبراهيم بن إسحاق(ت:٢٨٥هـ/٨٩٨م).
– غريب الحديث، تحقيق: د.سليمان إبراهيم العايد(مكة المكرمة:١٤٠٥هـ).
– ابن حزم، علي بن أحمد بن سعيد الأندلسي (ت: ٤٥٦هـ/١٠٦٤م).
– جمهرة أنساب العرب، دار الكتب العلمية (بيروت:١٩٨٣).
– الحسيني، صدر الدين علي بن ناصر (ت: بعد٦٢٢هـ/١٢٢٥م).
– زبدة التواريخ، تحقيق: د.محمد نور الدين، دار أقرأ(بـيروت: ١٩٨٦).
– ابن حمدون، بهاء الدين محمد بن الحسن(ت: ٥٦٣هـ/١١٦٧م).
– التذكرة الحمدونية، دار صادر(بيروت: ١٩٩٦).
– الحميري، نشوان بن سعيد (ت:٥٧٣هـ/١١٧٧م).

– الحور العين، تحقيق: كمال مصطفى (طهران: ١٩٧٢).
– ابن حنبل، الإمام أحمد بن حنبل الشيباني(ت:٢٤١هـ/٨٥٦م).
– الزهد، تحقيق يحيى بن محمد سوس، دار ابن رجب( القاهرة:٢٠٠٣).
– العلل ومعرفة الرجال، دار الخاني، ط٢(الرياض:٢٠٠١).
– مسند أحمد بن حنبل، مؤسسة قرطبة (القاهرة: (د.ت)).
– ابن حوقل، ابوالقاسم بن حوقل النصيبي (ت:٣٦٧هـ/٩٧٨م).
– صورة الأرض، دار مكتبة الحياة (بيروت: ١٩٧٩).
– ابن خرداذبه، ابوالقاسم عبيدالله بن عبدالله (ت:٢٨٠هـ/٨٩٣م).
– المسالك والممالك، دار أحياء التراث العربي (بيروت: ١٩٨٨).
– الخزرجي، أبي دلف مسعر بن المهلهل (ت:٣٩٠هـ/١٠٠٠م).
– الرسالة الثانية، نشرها ف.مينورسكي، مطبعة جامعة القاهرة(القاهرة: ١٩٥٥).
– الخزنداري، قرطاي العزي (ت:بعد٧٠٨هـ/١٣٠٨م).
– تاريخ مجموع النوادر، المكتبة العصرية(بيروت: ٢٠٠٥).
– الخطيب البغدادي، ابوبكر أحمد بن علي (ت:٤٦٣هـ/١٠٧٠م).
– تاريخ بغداد، دار الفكر(بيروت:(د.ت)).
– ابن خلكان، شمس الدين أحمد بن محمد الأربلي (ت:٦٨١هـ/١٢٨٢م).
– وفيات الاعيان، تحقيق: إحسان عباس، دار صادر(بيروت: ١٩٧٧).
– خليفة بن خياط الليثي العصفري(ت:٢٤٠هـ/٨٥٥م).
– تاريخ خليفة بن خياط، تحقيق سهيل زكار، دار الفكر (دمشق: ١٩٦٨).
– ابن خميس الموصلي، الحسين بن نصر بن محمد (ت: ٥٥٢هـ/١١٥٧م).
– مناقب الأبرار ومحاسن الأخيار، دار الكتب العلمية (بيروت: ٢٠٠٦).
– الدارقطني، أبوالحسن علي بن عمر البغدادي (ت:٣٨٥هـ/٩٩٥م).
– سنن الدارقطني، دار المعرفة (بيروت:١٩٦٦م).
–المؤتلف والمختلف، دار الغرب الإسلامي(بيروت:١٩٨٦).
– ابن دحية، ابوالخطاب عمر بن أبي علي الحسن(ت: ٦٣٣هـ/١٢٣٥م).
– النبراس في تاريخ خلفاء بني العباس، مطبعة المعارف (بغداد: ١٩٤٦).
– الدينوري، ابوحنيفة أحمد بن داود بن ونند(ت:٢٨٢هـ/٨٩٥م).
– الأخبار الطوال، دار الأرقم بن أبي الأرقم (بيروت: ١٩٩٥).
– الذهبي، شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان(ت:٧٤٨هـ/١٣٤٧م).

- تاريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، دار الكتاب العربي (بيروت:٢٠٠٢).
- ميزان الإعتدال في نقد الرجال، دار الكتب العلمية(بيروت:١٩٩٥).
- الرازي، ابوحاتم عبدالرحمن بن محمد بن إدريس (ت: ٣٢٧هـ/٩٣٩م).
- الجرح والتعديل، دار أحياء التراث العربي (بيروت: ١٩٥٢).
- ابن رجب، زين الدين عبد الرحمن بن أحمد (ت:٧٩٥هـ/١٣٩٣م).
- ذيل طبقات الحنابلة، مكتبة العبيكان(الرياض: ٢٠٠٥).
- ابن رستة، علي بن عمر(ت: ٢٩٠هـ/٩٠٣م).
- الأعلاق النفيسة، دار أحياء التراث العربي(بيروت: ١٩٨٨).
- الروذراوري، الوزير ابوشجاع محمد بن الحسين(ت:٤٨٨هـ/١٠٩٥م).
- ذيل تجارب الأمم(ج٦ من تجارب الأمم)، دار الكتب العلمية(بيروت: ٢٠٠٣).
- الرهاوي المجهول (ت:٦٣٢هـ/١٢٣٤م).
- تاريخ الرهاوي المجهول، عربه: ألبير أبونا، مطبعة شفيق (بغداد: ١٩٨٦).
- الزهري، ابو عبيدالله محمد بن ابو بكر(توفي أواسط القرن ٦هـ/١٢م).
- كتاب الجغرافية، مكتبة الثقافة الدينية (القاهرة: (د.ت)).
- ابن الساعي الخازن، علي بن أنجب البغدادي (ت: ٦٧٤هـ/١٢٧٥م).
- الجامع المختصر، ج٩، تحقيق مصطفى جواد، المطبعة السريانية (بغداد: ١٩٣٤).
- سبط ابن الجوزي، شمس الدين يوسف بن قزأوغلي(ت: ٦٥٤هـ/١٢٥٦م).
- مرآة الزمان في تاريخ الأعيان، سنوات (٣٩٥-٤١١هـ) (دمشق: ٢٠٠٥).
- الحوادث الخاصة بتاريخ السلاجقة، حوادث (٤٤٨-٤٧٩هـ) (أنقرة: ١٩٦٨).
- الجزء الثامن، حوادث(٤٩٥-٦٥٤هـ)، نشر ضمن تأريخ دمشق(دمشق: ٢٠٠٧).
- السري الرفاء، السري بن أحمد الموصلي(ت٣٦٢هـ/٩٧٣م).
- ديوان السري بن الرفاء، مكتبة القدسي(القاهرة:١٣٥٥هـ).
- ابن سعد، محمد بن سعد الواقدي(ت: ٢٣٠هـ/٨٤٥م).
- الطبقات الكبرى، تحقيق: إحسان عباس، دار صادر(بيروت: ١٩٦٨).
- الشابشتي، ابوالحسن علي بن محمد(ت:٣٨٨هـ/٩٩٨م).
- الديارات، تحقيق: كوركيس عواد، مطبعة المعارف(بغداد:١٩٦٦).
- ابو شامة، عبدالرحمن بن إسماعيل المقدسي(ت:٦٦٥هـ/١٢٦٧م).
- الروضتين في أخبار الدولتين وذيله، دار الكتب العلمية(بيروت: ٢٠٠٢).
- ابن شاهنشاه، محمد بن تقي الدين عمر الأيوبي (ت:٦١٧هـ/١٢٢٠م).

– مضمار الحقائق وسر الخلائق، عالم الكتب (القاهرة: ١٩٦٨).
– ابن شداد، عزالدين محمد بن علي بن إبراهيم (ت:٦٨٤هـ/١٢٨٥م).
– الأعلاق الخطيرة، ت: يحيى عبارة، ج١(دمشق: ١٩٩١)، ج٣(دمشق: ١٩٧٨).
– تأريخ الملك الظاهر، ت: أحمد حطيط، مركز الطباعة الحديثة (بـيروت: ١٩٨٣).
– ابن شداد، بهاء الدين يوسف بن رافع بن تميم (ت:٦٣٢هـ/١٢٣٤م).
– النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية، دار الأوائل(دمشق: ٢٠٠٣).
– ابن الشعار، المبارك بن أحمد بن حمدان الموصلي(ت: ٦٥٤هـ/١٢٥٦م).
– قلائد الجمان في فرائد شعراء هذا الزمان، دار الكتب العلمية(بيروت: ٢٠٠٥).
– الشهرستاني، ابو الفتح محمد بن عبدالكريم (ت:٥٤٨هـ/١١٥٣م).
– الملل والنحل، مطبعة حجازي(القاهرة:(د.ت)).
– الصابيء، إبراهيم بن هلال بن زهرون (ت:٣٨٤هـ/٩٩٤م).
–المختار من رسائل الصابيء، الدار التقدمية (لبنان:٢٠١٠).
– الصابـيء، ابوالحسين هلال بن محسن بن إبراهيم(ت:٤٤٨هـ/١٠٥٦م).
– تاريخ هلال الصابـيء، دار الكتب العلمية(بـيروت:٢٠٠٣).
– الصاحب إسماعيل بن عباد بن عباس(ت: ٣٨٥هـ/٩٩٥م).
– رسائل الصاحب بن عباد، دار الفكر العربي (القاهرة:١٣٦٦هـ).
– ابن صصري، محمد بن محمد(ت:٧٩٩هـ/١٣٩٧م).
– الدرة المضيئة في الدولة الظاهرية، جامعة كليفورنيا(بـيركلي: (د.ت)).
– الصفدي، صلاح الدين خليل بن أيبك(ت: ٧٦٤هـ/١٣٦٣م).
– تحفة ذوي الألباب، دار صادر، ط٢ (بـيروت: ١٩٩٩).
– نكث الهميان في نكت العميان، دار الكتب العلمية(بيروت:٢٠٠٧).
– الوافي بالوفيات، دار فرانس شتاينر(شتوتغارت:١٩٨٢–١٩٩١).
– الصولي، ابو بكر محمد بن يحيى بن عبدالله(ت:٣٣٥هـ/٩٤٧م).
– أخبار الراضي بالله والمتقي بالله، دار المسيرة (بـيروت: ١٩٧٩).
– الطبراني، ابو القاسم سليمان بن أحمد(ت:٣٦٠هـ/٩٧١م).
– المعجم الأوسط، دار الحرمين(القاهرة: ١٤١٤هـ).
–الطبري، ابو جعفر محمد بن جرير(ت:٣١٠هـ/٩٢٣م).
– تاريخ الطبري(تاريخ الرسل والملوك)، دارالمعارف(القاهرة:١٩٧٩–١٩٨٢).
– تفسير الطبري، دار الفكر(بـيروت:١٤٠٥هـ).

- ابن الطقطقى، محمد بن علي بن طباطبا(ت:٧٠٩هـ/١٣٠٩م).
- الفخري في الآداب السلطانية، دار صادر(بـيروت: ١٩٦٠).
- ابن الطوير، المرتضى عبدالسلام بن الحسن القيسراني (ت: ٦١٧هـ/١٢٢٠م).
- نزهة المُقلتين في أخبار الدولتين، دار صادر(بـيروت: ١٩٩٢).
- ابن العبري، ابوالفرج غريغوريوس بن هارون الملطي(ت:٦٨٦هـ/١٢٨٧م).
- تاريخ الزمان، ترجمة الأب إسحاق أرملة، دار المشرق(بـيروت: ١٩٩١).
- ابن العديم، كمال الدين عمر بن هبة الله أحمد(ت: ٦٦٠هـ/١٢٦٢م).
- بغية الطلب في تاريخ حلب، دار الفكر (بـيروت: ١٩٨٨).
--------- زبدة الحلب من تاريخ حلب(بـيروت:١٩٥١-١٩٦٨).
- ابن عساكر، أبوالقاسم علي بن الحسن (ت:٥٧١هـ/١١٧٥م).
- تاريخ دمشق الكبـير، دار الفكر (بـيروت:١٩٩٥).
- العسقلاني، نصر بن عبدالله بن نصر(ت: ٨هـ/١٤م).
- النور السافر في مناقب سيدي عدي بن مسافر، دار الكتب العلمية(بيروت:٢٠٠٨).
- العُظيمي، محمد بن علي الحلبـي(ت:٥٥٦هـ/١١٦١م).
- تاريخ حلب (تاريخ العظيمي)، تحقيق إبراهيم زعرور(دمشق: ١٩٨٤).
- العماد الأصفهاني، ابوحامد محمد بن محمد(ت:٥٩٧هـ/١٢٠٠م).
- البستان الجامع (منسوب إليه)، المكتبة العصرية(بـيروت: ٢٠٠٢).
- زبدة النصرة ونخبة العصرة، إختصار الفتح بن علي البنداري(ليدن: ١٨٩٩).
- خريدة القصر وجريدة العصر، القسم العراقي، ج١-٢(بغداد:١٩٥٥-١٩٦٤)، قسم شعراء الشام، المطبعة الهاشمية (دمشق: ١٩٥٩).
- العمري، شهاب الدين أحمد بن يحيى بن فضل الله(ت: ٧٤٩هـ/١٣٤٨م).
- التعريف بالمصطلح الشريف، دار الكتب العلمية(بـيروت:١٩٨٨).
- مسالك الأبصار وممالك الأمصار، السفر الثالث، المجمع الثقافي (ابوظبـي: ٢٠٠٣)، السفر الثامن، المجمع الثقافي (ابوظبـي: ٢٠٠٠).
- ابن العميد، المكين جرجيس بن العميد (ت:٦٧٢هـ/١٢٧٣ م).
- أخبار الأيوبـيين، منشورات المعهد الفرنسي (دمشق: ١٩٥٨).
- الغساني، الملك الأشرف إسماعيل بن العباس (ت:٨٠٣هـ/١٤٠٠م).
- العسجد المسبوك والجوهر المحكوك، دار البـيان(بغداد :١٩٧٥)
- الفارقي، أحمد بن يوسف علي بن الازرق(توفى بعد٥٧٧هـ/١١٨١م).

– تاريخ ميافارقين، تحقيق كريم الخولي ويوسف بالوكن، نوبهار(إستانبول: ٢٠١٤).
– أبوالفداء، الملك المؤيد إسماعيل بن علي(ت: ٧٣٢هـ/١٣٣٢م).
– تاريخ ابوالفداء، دارالكتب العلمية(بـيروت:١٩٩٧).
– أبوالفرج الأصفهاني، علي بن الحسين(ت: ٣٥٦هـ/٩٦٧م).
– مقاتل الطالبيين، تحقيق: كاظم المظفر، ط٢(؟:١٩٦٥).
– ابن الفقيه، ابوبكر بن محمد(ت: ٣٤٠هـ/٩٥١م).
– مختصر كتاب البلدان، دار أحياء التراث العربـي (بـيروت: ١٩٨٨).
– ابن الفوطي، كمال الدين عبدالرزاق بن أحمد (ت: ٧٢٣هـ/١٣٢٣م).
– مجمع الآداب في معجم الألقاب، تحقيق: محمد الكاظم (طهران: ١٤١٦هـ).
– القاضي عياض، أبو الفضل عياض بن موسى(ت:٥٤٤هـ/١١٤٩م).
– الغنية، فهرست شيوخ القاضي عياض، دار الغرب (بـيروت: ١٩٨٢).
– قدامة بن جعفر، ابوالفرج قدامة بن جعفر بن قدامة (ت:٣٣٧هـ/٩٤٩م).
– الخراج وصناعة الكتابة، دار الحرية للطباعة (بغداد: ١٩٨١).
– القرطبـي، عريب بن سعيد(ت:٣٦٦هـ/٩٧٧م).
– صلة تاريخ الطبري، دار المعارف (القاهرة:١٩٨٢).
– القزويني، زكريا بن محمد بن محمود(ت:٦٨٢هـ/١٢٨٣م).
– آثار البلاد وأخبار العباد، دار صادر (بـيروت: (د.ت)).
– القشيري، ابو القاسم عبدالكريم بن هوزان (ت:٤٦٥هـ/١٠٧٣م).
– الرسالة القشيرية في علم التصوف، دار التربـية (بغداد: (د.ت)).
– القضاعي، ابو عبدالله محمد بن سلامة بن جعفر (ت:٤٥٤هـ/١٠٦٢م).
– تاريخ القضاعي، دار الكتب العلمية (بـيروت: ٢٠٠٤).
– القلانسي، ابو يعلى حمزة بن أسد التميمي (ت:٥٥٥هـ/١١٦٠م).
– ذيل تاريخ دمشق، نشر ضمن تاريخ دمشق (دمشق: ٢٠٠٧).
– الكازروني، ظهير الدين علي بن محمد البغدادي (ت:٦٩٧هـ/١٢٩٨م).
– مختصر التأريخ، تحقيق: د.مصطفى جواد، مطبعة الحكومة (بغداد: ١٩٧٠).
– الكتبـي، محمد بن شاكر(ت: ٧٦٤هـ/١٣٦٣م).
– عيون التواريخ، ج٢٠-٢١، دار الرشيد للطباعة (بغداد: ١٩٨٠-١٩٨٤)، ج٢٣، مطبعة أسعد(بغداد:١٩٩١).
– فوات الوفيات والذيل عليها، دار صادر (بـيروت: بلا).

– الكليني، محمد بن يعقوب بن إسحاق الرازي (ت: ٣٢٩هـ/٩٤١م).
– الأصول من الكافي، دار الكتب الاسلامية (تهران :١٣٨٨هـ).
– كيكاوس بن أسكندر بن قابوس(ت:٤٦٢هـ/١٠٧٠م).
– قابوسنامه(كتاب النصيحة)، الترجمة العربية (القاهرة:١٩٥٨).
– ابن ماكولا، علي بن هبة الله (ت:٤٧٥هـ/١٠٨٢م).
– الإكمال في رفع الإرتياب، دار الكتب العلمية (بيروت: ١٩٩٠).
– الماوردي، أبو الحسن علي بن محمد (ت: ٤٥٠هـ/١٠٥٨ن).
– الأحكام السلطانية، دار الحديث (القاهرة: (د.ت)).
– متى الرهاوي (ت:٥٤٣هـ/١١٤٨م).
– تأريخ متى الرهاوي، الترجمة العربية، مؤسسة حمادة(أربد–الأردن:٢٠١١).
– مجاهد، مجاهد بن جبر التابعي المخزومي (ت: ١٠٤هـ/٧٢٢م).
– تفسير مجاهد، دار الفكر الإسلامي الحديثة (مصر:١٩٨٩).
– المزي، يوسف بن الزكي عبدالرحمن (ت:٧٤٢هـ/١٣٤١م).
– تهذيب الكمال في أسماء الرجال، مؤسسة الرسالة (بيروت: ١٩٨٠).
– ابن المستوفي، شرف الدين المبارك بن أحمد الأربلي(ت:٦٣٧هـ/١٢٣٩م).
– تاريخ أربل، ج٢، دار الرشيد للنشر(بغداد: ١٩٨٠).
– تاريخ أربل، ج٥، دار الغرب الإسلامي (تونس:٢٠١٣).
– المسعودي، ابو الحسن علي بن الحسين بن علي (ت:٣٤٦هـ/٩٥٧م).
– التنبيه والأشراف، مكتبة خياط (بيروت: ١٩٦٥).
– مروج الذهب ومعادن الجوهر، دار الأندلس (بيروت:١٩٨١).
– مسكويه، ابو علي أحمد بن محمد بن يعقوب (ت: ٤٢١هـ/١٠٣٠م).
– تجارب الأمم، دار الكتب العلمية(بيروت: ٢٠٠٣).
– المقدسي، مطهر بن طاهر(ت: ٣٥٥هـ/٩٦٦م).
– البدء والتأريخ، ج٥–٦، نشرة كليمان هوار (باريس: ١٩١٦–١٩١٩).
– المقريزي، تقي الدين أحمد بن علي(ت:٨٤٥هـ/١٤٤١م).
– الخطط المقريزية، دار الكتب العلمية (بيروت: ١٩٩٨).
– المقفى الكبير، دار الغرب الإسلامي (بيروت:١٩٩١).
– المنذري، زكي الدين عبدالعظيم بن عبدالقوي (ت:٦٥٦هـ/١٢٥٨م).
– التكملة لوفيات النقلة، مؤسسة الرسالة، ط٤ (بيروت: ١٩٨٨).

- مؤلف مجهول (القرن ٣هـ/٩م).
- أخبار الدولة العباسية، دار الطليعة (بـيروت: ١٩٧١).
- مؤلف مجهول.
- أخبار مجموعة في فتح الأندلس، دار الكتاب المصري (القاهرة: ١٩٨١).
- مؤلف مجهول(ألف كتابه سنة ٣٧٢هـ/٩٨٢م).
- حدود العالم، تحقيق يوسف الهادي، الدار الثقافية للنشر(القاهرة:١٩٩٩).
- مؤلف مجهول(القرن ٧هـ/١٣م).
- تأريخ دولة الأكراد، تحقيق د.موسى مصطفى الهسنياني(دهوك: ٢٠١٠).
- مؤلف مجهول، العيون والحدائق في أخبار الحقائق، ج٤، ق٢، (دمشق: ١٩٧٣).
- مؤلف مجهول(ألف كتابه حوالي عام ٤٩٨هـ/١١٠٥م).
- فصول من تأريخ الباب و شروان، نشرها ف. مينورسكي(كامبريج:١٩٥٨).
- مؤلف مجهول(القرن٨هـ/١٤م).
- كتاب الحوداث، دار الغرب الإسلامي(بـيروت: ١٩٩٧).
- ابن الموصلايا، العلاء بن الحسن بن وهب الكاتب (ت:٤٩٧هـ/١١٠٣م).
- رسائل ابن الموصلايا، مركز زايد للتراث والتاريخ (العين:٢٠٠٣).
- ميخائيل السرياني، مار ميخائيل بن القس إيليا(ت:٥٩٦هـ/١١٩٩م).
- تاريخ مار ميخائيل السرياني، عربه صليبا شمعون (حلب: ١٩٩٦).
- ناصر خسرو، ناصري خسرو القبادياني المروزي(ت:٤٨١هـ/١٠٨٨م).
- سفرنامه، رحلة ناصرى خسرو، ترجمة د.يحيى الخشاب(بيروت: ١٩٧٠).
- ابن ناصر الدين، محمد بن عبد الله الدمشقي(ت: ٨٤٢هـ/١٤٣٨م).
- توضيح المشتبه، ت: محمد نعيم العرقسوسي، مؤسسة الرسالة(بيروت:١٩٩٣).
- ابن نباتة السعدي، ابو نصر عبدالعزيز بن نباتة(ت:٤٠٥هـ/١٠١٤م).
- ديوان ابن نباتة السعدي، وزارة الثقافة والأعلام (بغداد: ١٩٧٨).
- ابن النديم، ابو الفرج محمد بن إسحق النديم (ت:٣٨٣هـ/٩٩٣م).
- الفهرست، دار المعرفة (بـيروت: ١٩٧٨).
- نظام الملك، ابوعلي الحسن بن علي الطوسي(ت:٤٨٥هـ/١٠٩٢م).
- سيرالملوك (سياست نامه)، ترجمة: د.يوسف بكار(أربد: ٢٠٠٧).
- ابن نظيف الحموي، محمد بن علي(توفى في حدود ٦٤٠هـ/١٢٤٢م).
- التأريخ المنصوري، تحقيق ابو العيد دودو، مطبعة الحجاز(دمشق: ١٩٨١).

- النسوي، محمد بن أحمد(ت:٦٤٧هـ/١٢٤٩م).
- سيرة جلال الدين منكبرتي، دار الفكر العربي(القاهرة: ١٩٥٣).
- النويري، شهاب الدين أحمد بن عبدالوهاب(ت:٧٣٣هـ/١٣٣٣م).
- نهاية الأرب في فنون الأدب، دار الكتب العلمية(بيروت: ٢٠٠٤).
- الهمداني، الحسن بن أحمد بن يعقوب(ت:٣٣٤هـ/٩٤٦م).
- صفة جزيرة العرب، تحقيق محمد بن علي الأكوع (صنعاء:١٩٨٣).
- ابن واصل، جمال الدين محمد بن سالم(ت:٦٩٧هـ/١٢٩٨م).
- مفرج الكروب في أخبار بني أيوب، ج١-٥(القاهرة: ١٩٥٣-١٩٧٥)، الجزء السادس، المكتبة العصرية(بيروت:٢٠٠٤).
- وكيع، القاضي ابو بكر محمد بن خلف بن حيان (ت:٣٠٦هـ/٩١٩م).
- أخبار القضاة، تحقيق: عصمت الله عنايت الله (إسلام آباد:(د.ت)).
- ياقوت الحموي، ياقوت بن عبدالله الرومي(ت:٦٢٦هـ/١٢٢٩م).
- معجم البلدان، دار أحياء التراث العربي(بيروت:(د.ت)).
- اليعقوبي، أحمد بن إسحاق بن جعفر (توفى بعد٢٩٣هـ/٩٠٦م).
- تاريخ اليعقوبي، مطبعة شريعت (قم المقدسة: ١٤٢٥هـ).
- كتاب البلدان، دار أحياء التراث العربي(بيروت: ١٩٨٨).
- يوحنا بن كلدون(القرن العاشر الميلادي).
- تاريخ يوسف بوسنايا، ترجمة يوحنان جولاغ، مطبعة المشرق(بغداد: ١٩٨٤).
- اليونيني، قطب الدين موسى بن محمد(ت:٧٢٦هـ/١٣٢٦م).
- ذيل مرآة الزمان، ط٢، دار الكتاب الإسلامي (القاهرة:١٩٩٢).

دووهەم: به زمانى فارسى:

- جامى، نورالدين عبدالرحمن(ت: ٨٩٨هـ/١٤٩٣م).
- نفحات الانس، إنتشارات إطلاعات(تهران: ١٣٨٢هـ.ش).
- جوينى، علاء الدين عطاملك بن بهاء الدين محمد(ت:٦٨١هـ/١٢٨٢م).
- تأريخ جهانگشاى، چاپ مشعل آزادى(تهران: ١٣٧٨هـ.ش).
- الراوندى، محمد بن علي بن سليمان(ت: بعد٦٠٣هـ/١٢٠٦م).
- راحة الصدور وآية السرور در تاريخ آل سلجوق(تهران: ١٣٦٣هـ.ش).
- عتبى، محمد بن عبدالجبار(ت:٤٣١هـ/١٠٣٩م).
- تاريخ يمينى، مترجم: ناصح بن مظفر جريادقانى(تهران: ١٣٨٢هـ.ش).

– القاشاني، ابوالقاسم عبد الله بن محمد(ت:٧٣٨هـ/١٣٣٧م).
– تأريخ أولجايتو، به إهتمام مهين همبلى(تهران: ١٣٨٤هـ.ش).
– قاضى أحمد غفارى قزوينى(ت:٩٧٥هـ/١٥٦٧م).
– تاريخ جهان آرا، كتابفروشي حافظ(تهران: ١٣٤٣هـ.ش).
– قزوينى، حمدالله بن أبـي بكر مستوفى(ت:٧٥٠هـ/١٣٤٩م).
– تاريخ گزيده، إنتشارات أمير كبـير(تهران: ١٣٨١هـ.ش).
– نزهة القلوب، إنتشارات حديث أمروز (قزوين: ١٣٨١هـ.ش).
– قطران تبريزى، حكيم قطران بن منصور(ت: بعد٤٦٥هـ/١٠٧٢م).
– ديوان حكيم قطران تبريزى، إنتشارات ققنوس(تهران:١٣٦٢هـ.ش).
– محمد عوفى، محمد بن محمد بن يحيى البخاري(ت:٦٣٠هـ/١٢٣٣م).
– لباب الألباب، كتابفروشى فخر رازى(تهران:١٣٨١هـ.ش).
– مؤلف مجهول(قرن پنجم هجرى/يازدهم ميلادى).
– تاريخ سيستان، نشر مركز(تهران: ١٣٨٢هـ.ش).
– مؤلف ناشناخته(تأليف سال ٥٢٠هـ/١١٢٦م).
– مجمل التواريخ والقصص، چاپخانه خاور(تهران: ١٣١٨هـ.ش).
– هروى، أبو إسماعيل عبدالله أنصارى(ت: ٤٨١هـ/١٠٨٨م).
– طبقات الصوفية، إنتشارات توس(تهران: ١٣٦٢هـ.ش)
– همدانى، رشيد الدين فضل الله(ت: ٧١٨هـ/١٣١٨م).
– جامع التواريخ، تصحيح بهمن كريمى، چاپ إقبال(تهران:١٣٦٢هـ.ش).

سێهەم: ژێدەرە عەرەبییەکان:

– آرام تيرغيفونديان، دراسات إستشراقية حول العلاقات الأرمنيةـ العربيـة، ترجمة: ألكسندر كشيشيان، دار النهج(حلب: ٢٠٠٧).
– آرشاك بولاديان، الأكراد في حقبة الخلافة العباسية في القرنين ١٠ـ١١م، ترجمة: ألكسندر كشيشيان، الدار الوطنية الجديدة(بـيروت: ٢٠٠٩).
–ألكساندر خاچادوريان، ديوان النقوش العربية في أرمينية، ترجمة شوكت يوسف، دار سلام(دمشق: ١٩٩٣).
– بدري محمد فهد، تاريخ العراق في العصر العباسي الأخير، مطبعة الإرشاد (بغداد :١٩٧٣).
– حمدان عبد الرزاق منصور، دراسة النقوش العربية في المتحف الإسلامي بالقدس (عمان: ١٩٩٥).

**– دائرة المعارف الإسلامية، الترجمة العربـية، دار الفكر(بـيروت:(د.ت))، مادة آتا، ج١، مادة التصوف، ج٥.**

**– الديوهجي، سعيد، الموصل في العهد الأتابكي، مطبعة شفيق (بغداد ١٩٥٨).**

**– زامباور، إدوارد، معجم الأنساب والأسرات الحاكمة، دار الرائد العربي(بـيروت: ١٩٨٠).**

**– الزيباري، د.محمد صالح طيب، سلاجقة الروم في آسيا الصغرى، دار دجلة (عمان:٢٠٠٧).**

**– السيد الباز العريني، المغول، دار النهضة العربـية(بـيروت: ١٩٦٧).**

**– الصياد، فؤاد عبدالمعطي، المغول في التاريخ، دار النهضة العربـية (بـيروت: ١٩٨٠).**

**– عبد الرحمن بن يحيى اليماني، الأنوار الكاشفة لما في كتاب"أضواء على السنة" من الزلل والتضليل والمجازفة، عالم الكتب (بيروت:١٩٨٦).**

**– عبدالرقيب يوسف، الدولة الدوستكية، ج١، مطبعة اللواء(بغداد: ١٩٧٢)، ج٢، القسم الحضاري ، دار ئاراس (أربـيل: ٢٠٠١).**

**– على بـيومي، قيام الدولة الأيوبـية في مصر، دار الفكر الحديث(القاهرة: ١٩٥٢).**

**– عماد الدين خليل، عماد الدين زنكي، مطبعة الزهراء(الموصل: ١٩٨٥).**

**– فائزة محمد عزت، الكُرد في إقليم الجزيرة وشهرزور، مطبعة خاني(دهوك:(د.ت)).**

**– فاروق عمر فوزي، الخلافة العباسية، دار الشروق(عمان: ٢٠٠٣).**

**– أ. ڤازليف، العرب والروم، ترجمة محمد عبدالهادي، دار الوراق(لندن:٢٠١٧).**

**– قادر محمد حسن، الإمارات الكُردية في العهد البويهي، مؤسسة موكرياني للنشر (أربيل: ٢٠١١).**

**– كاروان عبدالعزيز محمد علي، الكُرد المهرانية، دورهم السياسي والحضاري (دهوك: ٢٠١٣).**

**– محسن محمد حسين، أربـيل في العهد الأتابكي، مطبعة أسعد(بغداد: ١٩٧٦).**

**– النقشبندي، حسام الدين علي غالب، آذربـيجان في العصر السلجوقي، المركز الأكاديمي للأبحاث (بيروت: ٢٠١٣).**

**– الكُرد في الدينور وشهرزور، رسالة ماجستير، جامعة بغداد(بغداد: ١٩٧٥).**

**–نيكولسون، رينولد، في التصوف الإسلامي وتأريخه، لجنة التأليف(القاهرة: ١٩٦٩).**

**– هاملتون جب، صلاح الدين الأيوبـي، المؤسسة العربية للدراسات(بـيروت: ١٩٧٣).**

**چوارەم: ژێدەرە فارسی و کوردییەکان:**

**– أحمد كسروى، شهرياران گُمنام، مؤسسه نگاه(تهران:١٣٨٥هـ.ش).**

**– رضا قوليخان هيدايت(م:١٨٧١)، مجمع الفصحاء، باهتمام مظاهر مصفا، جلد (١)، إنتشارات أمير كبير(تهران:١٣٨١هـ.ش).**

– محمد أمين زكي، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان, چاپخانەی دار السلام (بەغدا:١٩٣١).
– مینورسکی، فلادمیر فیودورفیچ، پژوهشهایی درتاریخ قفقاز، ترجمە:محسن خادم (تهران:١٣٧٥هـ.ش).

**پێنجەم: سەرچاوە ئەوروپییەکان:**

**-Bibliotheque Historique Armenienne, Chronique de Matthieu D'Edesse (962-1156) ,par M. Edouar Dulaurier (Paris:1852).**

**–Stefan Heidemann, A New Ruler of Marvanid Emirate in 401/1010, Aram 9–10(1997–1998)..**

**–Tim Wilkes, Islamic Coins and Their Values (London :2015)**

## ناوەڕۆك


- پێشەکی ........................................ ١

بەشی یەکەم ٥

کوردستان لە ڕۆژگاری فتوحاتی ئیسلامی و شوێنی لە

سیستەمی کارگێڕیی خیلافەی ئیسلامی

١-١- کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامی........................ ٧

أ-گەهیشتنی عەرەبە فاتحەکان بە کوردستان........................ ٧

ب- شەڕی جەلەولا و دەستپێکی فەتحی کوردستان........................ ١٣

ج - گرتنی حلوان و ماسبدان و شارەزور و گەرمیان........................ ١٦

د- شەڕی نەهاوەند(فتح الفتوح) و گرتنی هەرێمی چییا........................ ١٩

ه- گرتنی لوڕستان و خوزستان(الأهواز)........................ ٢٣

و- گرتنی داسن و هەکاری و هەولێر........................ ٢٥

ز- گرتنی هەرێمی جەزیرە........................ ٢٦

ح- گرتنی هەرێمی ئازەربیجان........................ ٢٨

ط- ئەنجام و دەستکەوتی فەتحی کوردستان........................ ٣٠

١-٢ کوردستان لە سیستەمی کارگێڕیی ئیسلامی........................ ٣٦

أ- هەرێمی چییا- کوێستان و شارەزور........................ ٣٧

ب- هەرێمیجەزیرە........................................ ٤٠
ج- هەرێمەکانی ئازەربیجان و ئەرمینیا و ئاران........................ ٤٣
د- هەرێمی خوزستان(الأهوان)................................ ٤٤
١- ٣ - دەرکەوتنی پەیڤی کوردستان و دانانی هەرێمی کوردستان............. ٤٥
أ -نیشتمانی کورد(بلاد الكُرد- بلاد الأكراد)........................ ٤٦
ب- چییاکانی کوردان(جبال الأكراد)............................ ٤٧
ج-دەرکەوتنی پەیڤی کوردستان................................ ٤٨
د- دانانی هەرێمی کوردستان.................................. ٥٠
١-٤- کورد لە دەرەوەی کوردستان................................ ٥١

## بەشی دووەم

کورد و کوردستان لە سەردەمی ئومەوی ٥٥
٢- ١ - کورد و کێشە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی ئومەوی......................... ٥٧
٢- ٢- چالاکیی خەوارج لە دەڤەرە کوردنشینەکان......................... ٦٠
٢-٣- کورد و بانگەشەی عەباسی................................ ٦٥
٢-٤- نیشتەجێبوونی عەرەب لە کوردستان............................ ٦٩
٢- ٥- مەوالیانی کورد و زانستەکانی فەرموودە: ........................ ٧٨
أ- (جابان الكُردي) صەحابی نیە، مەولایەکی تابعی یە...................... ٧٨
ب- ئەبوبەصیر مەیموونی کوڕی جاوان............................ ٨٢
ج- مەهدیی کوڕی مەیموونی کورد.............................. ٨٣
د- چەند مەولایێکی دی................................... ٨٤

## بەشی سێهەم


کورد و کوردستان لە سەردەمی عەباسیی یەکەم و دووەم 87

- پێشەکی................................................ 89

٣ - ١- بزاڤ و چالاکیی چەکداری:.......................................... 91

أ - بزاڤی جەعفەری کوڕی میرخۆشی داسنی.................................. 92

ب- بزاڤی کوردانی چیبیا ساڵی٢٣١ك/٨٤٦ز... ............................ 95

ج- بزاڤەکانی نیوەی دووەمی سەدەی٣ك/٩ز.................................. 95

د- بزاڤەکانی سەردەمی خەلیفە(المُقتدر)...................................... 99

٣- ٢- بەشداری لە بزاڤە ئاینیە- سیاسیە بەرهەڵستەکان.......................... 101

أ- لە بزاڤەکانی خەوارج.............................................. 102

ب- لە بزاڤە شیعییەکان.............................................. 109

ج- لە بزاڤی بابەکی خوڕەمی.... ........................................ 113

٣- ٣- کەسایەتیە کوردەکان لە دامودەزگاکانی خیلافە.......................... 117

٣-٤- دەستپێکی رابوونی سیاسیی کورد........................................ 120

٣-٥- کورد لە زەرادەشتیەوە بۆ ئیسلام...................................... 125

٣-٦- کورد و صوفیگەری................................................ 129


## بەشی چوارەم


کوردستان لە سەردەمی بوەیهی (رۆژگاری میرنشینە کوردەکان) 135

٤- ١- بوەیهییەکان، دەرکەوتن ودامەزراندنی دەوڵەت.......................... 137

٤-٢- رەوادییەکان................................................ 142

أ-دەرکەوتنی هۆزی هەدبانی.............................................. 142

ب- نەژادی ماڵباتی ڕەوادی................................. ١٤٥
ج- دامەزراندنی میرنشین و میری دامەزرێنەر.......................... ١٥٠
د- وەهسودانی کوڕی مەملان.............................. ١٥٣
هـ-هەدبانییەکانی ئورمێ.................................. ١٥٤
و- هێرشی تورکە غوزەکان بۆ سەر ئازەربیجان.......................... ١٥٦
٤-٣- شەدادییەکان لە گەنجە و دوێن.............................. ١٥٨
أ- محەمەدی کوڕی شەدادی ڕەوادی.............................. ١٥٨
ب- شەدادییەکان دوای مردنی میری دامەزرێنەر......................... ١٦٢
ج- میر فەزڵونی کوڕی محەمەد.............................. ١٦٤
د- لەشکریی کوڕی مووسا.............................. ١٦٧
هـ- شاووری کوڕی فەزڵون.............................. ١٦٨
٤-٤- هەدبانییەکانی هەولێر.............................. ١٧٠
أ- ابوالهیجاء موسەکی کوڕی چەکۆ و سەرەتای دەسەلاَت.............................. ١٧٠
ب- میر أبو الهیجائی دووەم حوسین.............................. ١٧٣
ج- مردنی أبو الهیجاء و لەناوچوونی دەسەڵاتی هەدبانییەکان.................. ١٧٥
٤-٥- حەسەنۆییەکان لە چییاکان و شارەزور.............................. ١٧٦
أ- حەسەنۆی بەرزەکانی و چەسپاندنی دەسەلاَت.............................. ١٧٦
ب-میر بەدری کوڕی حەسەنۆ.............................. ١٧٩
ج- سیاسەتی ناوخۆیی میر بەدر.............................. ١٨٢
د- ناکۆکی ناوخۆیی و کوژرانی میر بەدر.............................. ١٨٦
هـ- کوژرانی هیلال و تاهیری کوڕی هیلال.............................. ١٩٠
٤-٦- عەننازییەکان لە حلوان و شارەزور.............................. ١٩٢
أ- هۆزی شادنجان و(ابوالشوك الكُردي).............................. ١٩٢

ب- میر عەنناز(عناز إبن ابوالشوك الكُردي)........................................ ١٩٤
ج- محەمەدی کوڕی عەنناز........................................ ١٩٦
د- فارسی کوڕی محەمەد........................................ ١٩٨
هـ- لاوازبوونی میرنشین و تەکانی غوزە تورکەکان........................................ ٢٠٠
و- موهەلهەلی کوڕی محەمەدی کوڕی عەنناز........................................ ٢٠٣
ز- بەدری کوڕی موهەلهەل........................................ ٢٠٦
ح- سورخابی کوڕی بەدر........................................ ٢٠٨
٤- ٧- مەروانییەکان لە هەرێمی جەزیرە........................................ ٢١٢
أ- بادی کوڕی دۆستەکی چواربوختی و جێگیرکردنی دەسەلآت........................................ ٢١٢
ب- کوژرانی باد و گواستنەوەی دەسەلآت بۆ خوشکەزاکانی........................................ ٢١٨
ج- میر ئەبوعەلی........................................ ٢٢١
د- میر سەعید........................................ ٢٢٤
هـ- میر(نصرالدولة) ئەحمەد........................................ ٢٢٧
و- سیاسەتی ناوخۆیی (نصر الدولة)........................................ ٢٣٠
ز- سیاسەتی دەرەکیی(نصالدولة)........................................ ٢٣٤
ح- مەروانییەکان پاش(نصر الدولة)........................................ ٢٣٧
٤-٨- میرنشینە بچووکەکان........................................ ٢٤٠
أ- نیوچە میرنشینەکانی هەکاری و داسن........................................ ٢٤١
ب- نیوچە میرنشینەکانی زۆزان و بۆتان........................................ ٢٤٥
ج- نیوچە میرنشینی چوپی (الجوبية)........................................ ٢٤٩

## بەشی پێنجەم


کوردستان لە سەردەمی سەلجوقی و ئەتابەگی ٢٥١
٥-١-سەلجوقییەکان: دەرکەوتن و دامەزراندنی دەوڵەت........................... ٢٥٣
٥-٢-دەوڵەتی سەلجوقی و میرنشینەکانی کوردستان:.......................... ٢٥٦
أ - توغرلبەگ و میرانی کورد.............................................. ٢٥٨
ب - ئەلب ئەرسەلان و مەلیکشاه و لەناوبردنی میرنشینەکان..................... ٢٦١
٥-٣- کورد لە سوپای سەلجوقی................................................ ٢٦٧
٥-٤- لاوازبوونی دەوڵەتی سەلجوقی و دەرکەوتنی ئەتابەگەکان...................... ٢٧١
١- ئەتابەگییەی ئەرتوقی................................................. ٢٧٣
٢-ئەتابەگییەی ئیلدگزی................................................. ٢٧٧
٣-ئەتابەگییەی زەنگی لە موصلۆ:......................................... ٢٨٠
٤-عماد الدین زەنگی.................................................... ٢٨٢
٥-٥- کوردستان و ئیقتاعی سەلجوقی ......................................... ٢٨٩
٥-٦- بڵاوبوونەوە و نیشتەجێبوونی تورکمان لە کوردستان... ................... ٢٩٥

## بەشی شەشەم

## کورد و کوردستان لە کۆتایی سەردەمی عەباسی

(٥٧٥–٦٥٦ك/١١٧٩–١٢٥٨ز) ٣٠٥

٦–١– بوژانەوەی خیلافەی عەباسی.......................... ٣٠٧

٦–٢– مظفرالدین گوگبوری میری هەولێر.......................... ٣٠٩

٦–٣– خیلافەی عەباسی و گرتنەوەی هەولێر و شارەزور.......................... ٣١٣

٦–٤– کورد لە سوپای عەباسی.......................... ٣١٦

٦–٥– دەرکەوتنی وەچەی دووەمی میرنشینەکانی کوردستان.......................... ٣٢٢

أ– فەزڵەوی لە لوڕستانی گەورە.......................... ٣٢٤

ب– خاوەندی دەربەند- دەرەتەنگ.......................... ٣٢٩

ج– نیمچە میرنشینەکانی هەکاری.......................... ٣٣٠

د– کوردە عەدەوییەکان.......................... ٣٣٣

هـ– چەند نیمچە میرنشینێکی دی.......................... ٣٣٦

٦–٦– ڕۆڵی کەسایەتیە کوردەکان لە وڵاتی شام و مصر.......................... ٣٣٨

## بەشی حەفتەم: ئەیوبییەکان

٣٤٥

٧–١– نەژادی ئەیوبییەکان و کۆچکردنیان بۆ عێراق.......................... ٣٤٧

٧–٢– پەیوەندیکردن بە زەنگی یەوە و ڕۆلیان لە گرتنی دیمەشق و قاهیرە...... ٣٥٣

٧–٣– صلاح الدین یوسف و دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی.......................... ٣٥٥

٧–٤– گەیشتنی ئەیوبییەکان بە کوردستان.......................... ٣٥٩

٧–٥– ئەیوبییەکان پاش صلاح الدین.......................... ٣٦١

٧–٦– کورد لە سوپای ئەیوبی.......................... ٣٦٤

٧–٧– لەناوچوونی دەوڵەتی ئەیوبی:.......................... ٣٧١

## بەشی هەشتەم

## کوردستان و هێرشەکانی مەغۆل


(٦١٧-٦٥٦ك/١٢٢٠-١٢٥٨ز) ٢٧٣

٨-١- نەژادی مەغۆل و دەرکەوتنی جەنگیزخان.................................. ٣٧٥

٨-٢- کوردستان و بەرایی هێرشەکانی مەغول.................................. ٣٧٩

٨-٣- گەمارۆدانی هەولێر- ساڵی ٦٣٤ك/١٢٣٦ز. .................................. ٣٨٣

٨-٤- هێرشەکانی مەغۆل لە ماوەی(٦٣٥-٦٥٠ك/١٢٣٧-١٢٥٢ز)............. ٣٨٦

٨-٥- هێرشەکانی مەغۆل بۆ سەر هەرێمی جەزیرە.................................. ٣٨٨

٨-٦- دەستپێکردنەوەی مەترسیی مەغۆل و چوونی (الملك الكامل)............. ٣٩١

٨-٧- کوردستان رێڕەوی هۆلاکۆ بەرەو بەغدا.................................. ٣٩٣

٨-٨- داگیرکردنی هەولێر و کوژرانی(ابن الصلايا)و سەلاری گەڵاڵی............. ٣٩٧

أ- داگیرکردنی هەولێر.................................. ٣٩٧

ب- کوژرانی (ابن الصلايا)ی عەلەوی و سەلاری گەڵاڵی.................................. ٤٠١

٨-٩- داگیرکردنی چییاکانی هەکاری و زۆزان و بۆتان.. .................................. ٤٠٢

٨-١٠- داگیرکردنی میافارقین و ئامەد و ئەرزن... .................................. ٤٠٣

أ- هەوڵەکانی(الملك الكامل).................................. ٤٠٣

ب- داگیرکردنی میافارقین و کوژرانی(الملك الكامل).................................. ٤٠٦

٨-١١- کاریگەریی داگیرکاریی مەغۆل.................................. ٤١٢

- نەخشە و پاشکۆکان .................................. ٤١٩

- سەرچاوەکان.................................. ٤٣٧